خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
ئەرسەلان حەسەن    بابان ئەنوەر



# لیبڕالیزم و نیۆلیبڕالیزم

وەرگێڕانی:
هاوار محەمەد - بابان ئەنوەر - ئارام مەحمود
2018

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

5

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# لیبڕالیزم و نیۆلیبڕالیزم

بابەت: فکری
وەرگێڕانی: هاوار محەمەد - بابان ئەنوەر - ئارام مەحموود
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر- زریان رەحیم
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2018
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 6000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 266 )

www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07705996990 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1177 )ی ساڵی2018ی پێدراوە

دەیڤد هارڤەی
ئێرنست مەندڵ
کریس هارمەن
دانیال بنسەعید
دۆمۆنیکۆ لۆسۆردۆ
کاترین ئۆدارد
کوجین کاراتانی



# لیبڕالیزم و نیۆلیبڕالیزم

وەرگێڕانی:
هاوار محەمەد - بابان ئەنوەر - ئارام مەحمود
2018

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

5

# پێڕست


یەک: لیبڕالیزم و نیۆلیبڕالیزم................................... (کاترین ئۆدارد) ............9
دوو: ئازادی تەنیا وشەیەکی دیکەیە..................... (دەیڤد هارڤەی) .............53
سێ: سۆسیالیزم یان نیۆلیبڕالیزم.......................... (ئێرنست مەندڵ) .........133
چوار: نیۆلیبڕالیزم و بەتایبەتیکردنی جیهان.........(کریس هارمەن) ..........157
پێنج: لێبوردەیی و ئازادی لە ڕوانگەی لیبڕالیزمەوە ..................................195
شەش: تیۆرێک و دوو ڕەخنە ..............................(موراد دیانی) ...............243
حەوت: لیبڕالیزم و لە-شوێن دەرپەڕاندن .......... (فەرهاد موراد) ............311
هەشت: قۆناغە مێژوویییەکانی سەرمایەداری........(کوجین کاراتانی).......325
نۆ: چۆن جیهانی سێهەم دەستەمۆ دەکرێت؟ ....... (ڕەمزی زەکی) .........343
دە: لیبڕالیزم و مارکس ................................... (دۆمینیکۆ لۆسۆردۆ) ........355
یانزە: حەسوودی لە سەردەمی نیۆلیبڕالیزمدا .......... (ماری ڕین) ..........381
دوانزە: دژایەتیی لیبڕالیزم..................................(دانیال بنسەعید)...............403
سیانزە: نیۆلیبڕالیزم و سوبێکتی ژنانە ............. (یوهانا ئۆکسالا) ...............413
چواردە: لە لیبڕالیزمەوە بۆ کۆمەڵگەی بەکاربەر.... (ئەشرەف مەنسوور) ...431

## پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

پڕۆژەیەکی نوێی دەزگـای ئایدیایە و خۆی لە زنجیرە کتێبێکی گەورەدا دەبینێتەوە، هەر کتێبێک تایبەتە بە چەمکێک، هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکە دەخـاتـەڕوو و لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پێناسەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دەنووسرێت یان وەردەگێڕدرێت و ڕاڤە و شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت. پاڵنەری ئەم پڕۆژەیە هەر بەتەنها ئەو بۆشاییە فکرییە گەورەیە نییە کە لەناو کایەی فەرهەنگی و فەلسەفیی کوردییدا هەیە، بەڵکو هەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی هەڵە بۆیان، پاڵنەرێکی گەورەتری ئەم پڕۆژەیەیە.

ئەگەر تەماشای مێژووی هاتنی چەمک و زاراوەکان بکەین بۆناو زمانی کوردی، ڕەنگە بە باشی هەست بەوە بکەین کە هەریەکێکیان لە سەرەتادا بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تاڕادەیەک جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیەوە هاتووە، بەڵکو بەشی زۆریان بەدووریش نەبوون لە شێواندن و هەڵەتێگەیشتن و بەهەڵە بەکارهێنان، کە هەموو ئەم لادانانەش بەهۆی کاریگەرییە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئـابـووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریانهەڵداوە. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەتاوەکو ئێستا بەهەڵە و نەشارەزایی بە شان و باڵی هەندێک چەمکدا هەڵدەدرێت و هێرشی بێ بنەماش دەکرێتە سەر هەندێک چەمکی دیکە.

ئەوەی زیاتر بۆتە مەیدانی ئەم شێواندن و هەڵەخوێندنەوەیە، ناوەندە ‹ئەکادیمی و فەرهەنگی›یەکانن. ساڵانە دەیان خوێندکار

بەشەکانی فەلسەفە و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووری و ...هتد تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی مێژووی هزری مرۆڤایەتی؛ نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستەی خۆیان پسپۆڕن تێیدا، بەڵکو بە هەڵە ئەو چەمکانەیان وەرگرتووە کە گوایە چەند ساڵێک خوێندویانە و کاریان لەسەر کردووە و توێژینەوەیان لەسەر نووسیوە. لەڕاستیدا دەبوو ئێستا خوێندنەوەی جیاواز و لێکدژ و تازە بۆ ئەم چەمکانە بکرایە و کۆڕی ڕەخنەیی و نووسینی زانستیی بەپێزیان لەسەر بنووسرایە و قۆناغی ناساندنیان تێبپەڕاندایە؛ بەڵام بەداخەوە هێشتا لە قۆناغێکداین کە دەبێت دەیان کتێبیان لەسەر بنووسین و وەربگێڕین، هەتاوەکو ئەو چەمکانەدەناسێنین.

دەزگای ئایدیا وەک هەمیشە چاوی بۆ کەلێنەکانی کایەی فکری و فەلسەفیی ناو زمانی کوردی گێڕاوە، لەئێستاشدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆشاییەی لەسەرەوە باسکرا، ئایدیا پڕۆژەیەکی نوێ ڕادەگەیەنێت بۆ دووبارە ناساندنەوەی ئەم چەمکانە و دروستکردنی مشتومڕی فکری لەبارەیانەوە. ئەم پڕۆژەیە لە دۆخێکی قەیراناوییدا لەدایکدەبێت و دەیەوێت دۆخێکی قەیراناویی چارەسەر بکات؛ بەو مانایەی لەدایکبووی ئەم دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەی کوردستانە، هاوکات دەیەوێت کەمێک چارەی دۆخێکی قەیراناوییش بکات، کە بریتییە لە دۆخێکی لاوازی دونیای فکر و فەلسەفە.

# (یەك)
# لیبڕالیزم و نیۆلیبڕالیزم

**کاترین ئۆدارد**

*«پێویستە حیکمەتێکی نوێ بۆ قۆناغێکی نوێ دابهێنین».*
***جۆن مابنارد کینز- 1925***

*«لەبەرئەوەی لیبڕالیزم بایەخێکی زۆر بە ئەزموون دەدات، ئەمە بۆتە مایەی هەڵسەنگاندنی بەردەوامیی ئایدیای تاکەکەس و ئازادی، ئەم ئایدیایانە بە توندوتۆڵی بەستراونەتە بەو گۆڕانکارییانەوە، کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە».*

**جۆن دیووی، دەربارەی داهاتووی لیبڕالیزم، 1935**

# (1)
# پەرەسەندنی مێژوویی
# لیبڕالیزمی کلاسیك

لەنێوان سالانی 1920،1880دا، ڕووداوێکی گەورە لە مێـــژووی هـــزرە سیاســـییەکاندا ڕووی دا، کە دەشـــێت پەندێک بێت بۆ قەیرانی هاوچەرخ، بەشدارییەک بێت لە تەفســـیرکردنی ئەو شکســـتانەدا، کە دوچـــاری ئایـــدیا لیبڕالیستییەکان بوون. لە ڕاستیدا، باوەڕبوون بە چالاکی و کارایی بازاڕەکان، بەرەبەرە لەژێر کاریگەریی قەیرانە بانکییەکانی سالی 2008دا کەم بوونەوە. بەڵام ئایا ئەمە هەمیشە ڕەگەزی سەرەکی و بەردی بناغەی لیبڕالیزمە یان نا؟

لیبڕالیزمـــی کلاســـیک، لە کۆتـــایی ســـەدەی حەڤـــدەدا، قەیرانێکی گەورەی لەمەڕ ئەم قەیرانەی بەسەردا هات وا ئێســـتا ئـــێمە تێیـــدا دەژیـــن. وەک ئەوەی ئێســـتا هەیە، وا دەردەکەوێـــت ئایـــدیا لیبڕالیســـتییەکان، کە حکـــوومەتە کۆنزەرڤەتیڤەکان بڵاویان دەکەنەوە، کورتیان دەکەنەوە و دەیـانخەنە چوارچێـوەیەکی دیـاریکراوەوە، پەیوەسـتن بە بەرگریکردن لە میکانیزمەکانی بازاڕ و سیاسەتی "لێگەڕێ کار بکات" (Laisser-faire)ـەوە، ئەمانە ناتوانن هاوکار بن بـــــۆ چارەســـــەرکردنی ئەو کێشـــــە ئـــــابووری و کۆمەڵایەتییـــــانەی، کە (وا دەردەکەوێـــــت) خۆیـــــان بەشداربوون لە دروستکردنیاندا. هەر وەکو ئێستا، ئەو

بـــاوەڕە بـــڵاو دەبێـــتەوە، کە گـــوایە تـــاکە ئەڵتەرنـــاتیڤی بەردەســـــت، دەســـــتوەردانی حکوومەتەکـــانە لە ژیـــانی ئابوورییەوە لەسەر حسابی ئازادی.

بەڵام ئەوەی لە مەســـەلەکەدا گـــرنگە، ئەوەیە لەبـــری هەڵوەشـــانەوەی لیبرالیـــزم لەژێـــر ئەو هێرشـــانەدا، کە دەکـــرانە ســـەری، لیبرالیـــزم لەنێـــوان ســـاڵانی (1880-1920)دا، دووبـــارە پەیـــکەری خـــۆی داڕشـــتەوە، بەدوای چارەســـــەرێکەوە بـــــوو، بـــــۆ قەیـــــرانە ئـــــابووریی و کۆمەڵایەتییەکەی شۆڕشی دووەمی پیشەسازی. کاتێک بە وردی لە مێژووی لیبرالیزم ورد دەبینەوە، ئەوەی شایەنی تێـڕوانینە ئەوەیە، کە بەبـێ ئەوەی لیبرالیـزم لە ئـازادیی بازاڕەکاندا کورت بکرێتەوە، بیرمەندانی لیبرالیزمی "نوێ"، دیســـــانیش پەیـــــکەری ئەم بیروبـــــاوەڕە سیاســـــییانە دادەڕێژینەوە و پتەوتری دەکەن، لە سەرووی ئەمەیشـەوە ئەو بنەمایـانە بەهێـز دەکەن، دەگشـتێنن کە پەیوەسـتن بە ئـــــازادیی تاکەکەســـــی و بەهاکـــــانی بەرپرســـــیارێتیی کـۆمەڵایەتی و یەکگرتـوویی و یەکسـانی و بەرژەوەنـدییە گشتییەکانەوە، هەر لە ئەورووپاوە تـا دەگـات بە ویـلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا. ئـــێمە هەوڵ دەدەیـــن، ئەم تـوێژینەوەیە تەرخـان بکەیـن بـۆ پشـکنینی ئەم پـارادایمە لیبـڕالییە، ئەو وانە پۆزەتیڤـانەیش دەخەیـنە بەرچـاو، کە دەشـێت لێیەوە فێری ببین. جا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە توانـای لیبرالیـزم بـۆ گـۆڕان و پەرەسـەندن وزە لە هەسـتی ڕەخنەیـی و ئەزمـوونی کـردەییەوە وەردەگرێـت، ڕێک وەکو فەلسـەفەی ئازادی لە هیـچ چوارچێوەیەکدا لە

قاڵب نادرێت، دەتوانین گرەو لەسەر ئیمکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆڕمی نوێی لیبڕالیزم بکەین، یان ئومێدمان پێیی هەبێت، بەرهەمهێنانەوەی فۆڕمێک، کە دووربێت لە بانگەشە و پروپاگەندەکانی نیۆلیبڕالیزم، وەکو ئەو بەهەڵەداچوونە مێژوویی و دۆگماییانەی، کە سۆسیالیزمی هاوچەرخ لە ئەوروپا پەرەیان پێدەدات.

**قەیرانەکان: پاشەکشەی لیبڕالیزمی کلاسیك**

«نەنگی سەرەکی لیبڕالیزم ئەوەیە، کە ناتوانێت دەوری ڕێژەگەرایی مێژوویی بگرێت (...). تاکەکەس گوزارشتە لە ئەتۆمێک (بەپێی چەمکی نیووتن)، گوزارشتە لە پەیوەندییەکی دەرەکی لەگەڵ تاکەکەسانی تردا (...)، ئەم فۆڕمەی لیبڕالیزم گۆڕانی بەسەردا هات و لیبڕالیزمی ساختە (Pseudo-libéralisme)ی بەرهەمهێنا (...)، تاوەکو بەمە ببێتە فەلسەفەی "لێگەڕێ کار بکات"، لێرەیشەوە گوزارشت لە لۆژیک و یاسای سروشتی بکات». ( John Dewey، Liberalism and Social Action، 1935 ).

ئەم وتەیەی فەیلەسوفی ئەمریکی "جۆن دیوی"، بە باشی وەسفی پەرەسەندنی ئایدیا لیبڕالییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەممان بۆ دەکات. لە نیووەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، لیبڕالیزم وەک هێزی سیاسی خاوەن هەژموون لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا دەرکەوت. لە ئینگلتەرا لەگەڵ یاسای چاکسازیی ساڵی 1832 (Reform Act، 1832)دا کە مافی دەنگدانی بەرفراوان کرد، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە سەرەتای ساڵی 1939ەوە، بزووتنەوەی

مۆدێرن پشتیوانی ئازادیی بازرگانی (Libre-échangiste) چینی سیاسی ئینگلیزی تێکشکاند، لەمەیشدا پشتی بە چینەکانی ناوەڕاست، چینە بازرگانی و پیشەسازییە دژە-ئۆرستۆکراتەکانی زەویوزار قایم بوو، هەروەها لەلایەن کەنیسە پرۆتستانتییە ناکۆنزەرڤەتیڤەکانەوە پشتیوانی لێکرا. فەرەنساش، لە سەرەتای ساڵی 1930ەوە، لەگەڵ "گیزۆ" (Guizot)دا، دەستیکرد بە پەیڕەویکردن، لە ڕوانگە ئینگلیزییەکەی موڵکایەتی دەستووری، هەمان شت لە ئەڵمانیایش ڕوویدا، بەتایبەت دوای ئەوەی حزبی لیبڕالی پێشکەوت و باڵی کێشا بەسەر کۆمەڵگەدا. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆدەنگی لەسەر لیبڕالیزم لەنێوان هەردوو حزبە گەورەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویی سەرکەوتنی لینکۆڵن لە ساڵی 1861و کۆتایی جەنگی جوداخوازی، لەو کاتەشەوە واقیعەکە نەگۆڕاوە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، هەندێک گۆڕان بەسەر ڕەوشەکەدا هات. لیبڕالیزمی کلاسیک کەوتە نێو ماوەی پاشەکشە و سەرەولێژبوونەوەوە، بە جۆرێکی وەها تووشی ئەمە بوو، کە دەتگووت کێشەکانی بێ چارەسەرن. لە ساڵی 1880ـەوە، ڕوون بوویەوە، کە حزبە لیبڕالییەکان لەگەڵ حەقیقەتی کۆمەڵگەی مۆدێرندا ناگونجێن و ویکنایەنەوە. بۆیە حزبی لیبڕالیستی ئینگلیزی، کە باڵادەستترین حزب بوو، تووشی دابەشبوونێکی گەورە بوو، لەلایەک لیبڕالیستە "کۆنزەرڤەتیڤەکان" یان ویگز (Whigs)، شوێنکەوتووانی قوتابخانەی مانچستەر ئۆرسۆدۆکسی ئازادیی بازرگانی و ئیمپریالیزمی

کۆلۆنیالیستی، لەلایەکی دیکەیشەوە، لیبڕالیستە "میانڕەوەکان"، لیبڕالیستە "ڕادیکاڵەکان"، یان ئەو ڕیفۆرمیستانەی، کە پشتیوانیان لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی 1906 دەکرد، کە بەپشتیوانی کرێکاران و حکوومەتە لیبڕالییەکەی لوید جۆرج دەرچوو بوون. حزبی کرێکاری، کە لە ساڵی 1893 دامەزرا، لە سەرەتادا هاوپەیمانی لیبڕالیستەکان بوو، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گەیشتە ترۆپک بەوەش، بەدرێژایی سەدەی بیست، بووە دووەمین ڕێکخراوی سیاسی لە شانشینەکەدا. وا پێدەچوو لە دوای ساڵی 1918ەوە، سۆسیالیزم تاکە ئایدیۆلۆژیای سیاسی بێت، کە ئومێدی بە داهاتوویەکی مژدەبەخش تێدا بوو.

**پاشەکشەی لیبڕالیزمی کلاسیك، سەرهەڵدانی نیۆلیبڕالیزم**

لە سەرەتادا، لیبڕالیزمی کلاسیک ڕووبەڕووی دیموکراسییەتی هەڵبژادن بوویەوە، هەروەها لە زۆربەی دیموکراسییەتە ڕۆژئاواییە گەورەکاندا ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی لەسەرخۆی دەنگدانی گشتی بوویەوە، ئەمەش تەحەدایەکی تایبەت بوو بۆی، ئەویش گومانێکی تەقلیدیی لە دیموکراسییەت هەبوو. بەتایبەتیش لیبڕالیزم دووچاری گۆڕانە پیشەسازییەکانی سەرمایە و چەوساندنەوەی توندوتیژانەی چینی کرێکار هاتبوو. ئەمانە کۆمەڵێک گۆڕانکاری بوون، کە دواجار بووە مایەی ئەوەی بە تەواوەتی دژ بەوەی یەکەمجار خۆی ڕێک بخاتەوە. لیبڕالیزمی کلاسیک، ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبوو

مامەڵە لەگەڵ حاڵەتی تازە پەیدابووی ململانێی چینایەتیدا بکات، چونکە خۆی لە بنەڕەتدا وەها وێنای کۆمەڵگەی کردبوو، کە تۆڕێکی پێکەوەبەستراوە و بەندە بە هاریکاریی ئاشتییانە و ئاڵوگۆڕەوە، کە لە بەرژەوەندیی هەموانە. هەلومەرجە نوێیە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی سەرمایەداریی سەدەی بیستەم، ئەو وەحشییەت و ستەمەی، کە لەگەڵ شۆڕشی دووەمی پیشەسازیدا هاتە ئاراوە، نەبوونی لایەنیکەمی بنەمای مرۆیی لە هەلومەرجە نوێیەکانی کاردا، وەک ویلیەم بلەیک وەسفیکردووە (Satanic Mills- Fabrique du diable، William Blake)، هەتابێت زیاتر لە دیکتاتۆرییەت نزیک بوویەوە، نەک لە ئایدیاڵیزمی جیهانی ئاشتەوا و سەقامگیری بازرگانیەوە (Le doux Commerce)، کە بووە سەرچاوەی ئیلهام و سروشی لیبڕالیستەکانی سەدەی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە.

لە قۆناغی سەرەتادا، واتە لە نێوان سالانی 1880–1920دا، لیبڕالیزم لە ئینگلتەرا، وزەی بەم وێنە ئایدیاڵییەی سەرمایەداری و وەزیفەی سەرمایەداری دەبەخشی، بەهەمان میتۆدیی تاکەکەسیش، شیکاریی ئەو کۆمەڵگە نوێیەی دەکرد، کە بە بەرچاوییەوە لە دروستبووندابوو. لیبڕالیزم دەرکی بە سروشتی مەترسیداری ئەو گوشارانە نەکرد، کە کۆمپانیا فرەڕەگەزە گەورەکان و کۆمەڵگەی سەرمایەداریی کێبەرکێکاری مومارەسەیان دەکرد، واتە لەوێدا کە کار لەخۆیدا بووە کاڵا، هەروەها درکی بە گەشەسەندنی ململانێ چینایەتییەکان نەدەکرد. لیبڕالیزم

بـــایەخی دەدا بە دابینکردنـــی چـــاودێریی (welfare) چینـــی کرێکــــــار، دەســــــتوەردانی لەو کەرتــــــانەدا دەکــــــرد، کە تــــایبەتبوون بە کــــاری تــــایبەتی خێرخــــوازییەوە. دەبــــوو چارەسەر و کاردانەوەی دەستووبردی بۆ ئەو تەحەدایانە هەبێت، کە مارکسیزم و سۆسیالیزم دەیانخستە ڕوو.

**جۆن ستیوارت میل، لیبڕالیست و ئیلهام بەخشی نیۆلیبڕالیزم**

بە پارادۆکسەوە، لەوێدا کە وا پێدەچوو لیبڕالیزم لەنێو قەیرانێکـی بـێ ئاسـۆدا خـاوەنی هێـزێکە، لە ڕابـردووەوە، لیبڕالیزم لە دیووێکی دیکەوە گۆڕانێکی ڕیشـەیی بەسـەردا هـات. لە دوایـین کێبیـدا لەبـارەی "سۆسیالیزم"ـەوە، جۆن سـتیوارت میـل ئـاوڕی لە مافەکـانی ژن، لە حکـوومەتی نـــوێنەرایەتی (Gouvernement representative) داوەتەوە، هەروەها ئاوڕی لە فەلسەفەکەی خۆی داوەتەوە دەبـارەی "گەشـەپێدانی خـودی" و پێشـکەوتنی کـۆمەڵایەتی، لەوێـدا سـەرچاوەکانی پـارادایمێکی نـوێ بـۆ لیبڕالیـزم دەبینـین (Nouveau paragidme).

**میل و تاکگەرایی**

سـەرەتای گۆڕانکـاری لای میـل، لەگەڵ پەرەسـەندن و گـۆڕانی چەمکـی تـاکگەرایی لە تـاکگەرایی ئەبسـتراکت (Lindividualisme abstrait)، چەمکی تاکەکەسی نەگۆڕ و ئەتـــۆمیەوە بـــۆ تـــاکگەرایی دینـــامیکی و مێژوویـــی و کـــۆمەڵایەتی دەســــتی پێکـــرد، ئەمەیـــش بەرەنجـــامی پەرەسـەندن و صـیرورەی پێکهـاتن و توانسـت بـوو. ئەم

چەمکە دوو ڕەهەندی هەبوو، یەکەمیان، تاکگەرایی (individualité) زیاتر ئامانج و پرۆژەیە نەک دۆخێکی جێگیر [نەگۆڕ]، ئەویش پرۆژەی دروستکردنی خودە (دەربارەی ئازادی 1859). میل پێی وایە تاکەکەس بوونەوەرێکە لە پێشکەوتن و گۆڕانی هەمیشەییدا ( être de progress).

ڕەهەندی دووەم ئەوەیە کە تاکەکەس بۆ ئەوەی پەرەبستێنێت و گوزارشت لە خۆی بکات، بە ناچاری پێویستی بە "ئەویتر"ە، بۆیە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. بەپێچەوانەی تاکگەرایی کلاسیکی، چەمکە نوێیەکە ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ ئەویتردا، (تاکەکەس و دامەزراوەکان) دەخاتە نێو دڵی چەمکی "تاکەکەس"ەوە، بەمەش دەرفەتی پەرەسەندنی بۆ دەڕەخسێنێت. بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی حەتمی و میکانیکی و کوێرانە نییە. لێرەدا کۆمەڵگە بەگوێرەی مۆدێلی پەرەسەندنی تاکەکەسی تێدەگەیشترێت، پەیکەر و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەرەنجامی بەیەکگەیشتن و هاوسەنگین، وەکو ململانێی نێوان پرۆژە مرۆییەکان (بە سروشتە مرۆییەکەیانەوە)، پرۆژە ئاشکراکان، کە وێڕای ڕوونی و ئاشکراییەکەیشیان هێشتا پێشبینی ناکرێن. بەلای میلەوە، هیچ شتێکی میکانیکی و "سروشتی" لە "پێشکەوتن"دا نییە. پێشکەوتن ڕەوتێکی بێ گەڕانەوە و ئاڕاستەگرتنێکی یەکسەریی نییە بەرەو یەک ئامانجی دیاریکراو، بەڵکو بەرەنجامی بڕیارە مرۆییە ئاڵۆزەکانە.

**میل و ئازادی**

میل چەمکی لیبڕالیزمی کلاسیکیشی گۆڕی بە ئازادی. بەلای ئەوەوە، کۆتووبەندەکانی بەردەم "ئازادی" تەنیا لە ڕێگەی ئەو کۆتوبەندانەوە دانانرێت، کە ڕاستەوخۆ لە "ئەویتر"ەوە دێت، هەروەها بەهۆی پەیوەندیی نێوان خودی تاکەکەسان یان تەنیا بەهۆی خراپە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە نییە، بەڵکو بەجۆریکی شاراوە و نادیار، هۆکارەکانی ئەم کۆتوبەندانە لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی بوونی تاکەکەس خۆیدایە، هەروەها لە نایەکسانی دەسەڵاتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندایە. کەواتە ئازادی، گریمانەی زانینی ئەم ڕەگەز و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە دەکات. کۆمەڵناسی، کە تازە لە دایک بووبوو، مێژووناسیشی خستە خزمەتی ڕزگاریی مرۆییەوە. ئیدی "ئازادی"، وەها تەفسیر نەدەکرا، کە سیفەتێکی "سروشتی"ی تاکەکەسە (بوونێکی پێش-کۆمەڵایەتی)، بەڵکو میل ئەم چەمکەی گۆڕی بە چەمکێکی پەیوەندیکاریی و کۆمەڵایەتی و پۆزەتیڤی، کە کەرەستەکان و ئازادی جووڵەشی دەگرتەوە، هەروەها مانای دەستڕاگەیشتنیش بوو بە سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەبێ ئەمانە تاکەکەس ناتوانیت خۆی وەدیی بهێنێت. کەواتە میل ئازادیی تاکەکەس لە ئازادی بازاڕەکاندا، یان تەنیا لە ئازادیی بازاڕدا کورت ناکاتەوە، بەڵکو داوای دەستوەردانی دەسەڵاتە گشتییەکان دەکات، بۆ هاوکاریکردنی پەراوێزخراوان، ئەو چوارچێوانەش قبوڵ دەکات، کە مافە موڵکایەتییەکان بەگوێرەی دانانی

سنوور و دیسپلینەکان ڕێک دەخات، داوای سەپاندنی باج دەکات بەسەر میراتدا، لەمەشەوە هاوکاریی جووڵەی تازەپەیدابووی هەرەوەزیی دەکات.

**میل لە دیموکراسی و سۆسیالیزمدا**

ئەو گۆڕانەی، کە میل خستییە نێو چەمکی لیبڕالیی ئازادیی تاکەکەسییەوە، بنەڕەتێک پێکدەهێنێت، بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیەکی هێندەکی دیموکراسی، وەک کۆمەڵگەیەک کە لە ڕەهەندە ئەخلاقییەکەیدا بەرەو چاکەی گشتی و بەختەوەریی هەموان دەڕوات. کۆمەڵگا ڕێگە بە گەشەکردنێکی باشتری وزەی هەموو تاکەکەسێک دەدات، لە ڕێگەی ڕێزگرتنی یەکسانی لە هەلدا، لە ڕێگەی بنەمای دیموکراسییەوە، کە لەسەر بنچینەی شایستەیی دامەزراوە. بەو مەرجەی ئازادی دووبارە پێناسە بکرێتەوە، نەک وەک ئەوەی تەنیا مافە و هیچیتر، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی گەیشتن بە بەختەوەری بە ئامانجی وەدیهێنانی خوود و تاکگەرایی، وەک وەدیهاتنی کۆمەڵایەتی تاکەکەس، دیموکراسییەتیش دەبێتە ڕژێمێکی گونجاوتر، بۆ وەدیهاتن و گوزارشتکردن لە بەها لیبڕالییەکان.

کەواتە، فیکری کۆمەڵایەتی میل و هاوبەندی و گونجاوی فیکری، کۆتایی ژیانی میل لەگەڵ سۆسیالیزمدا و بەرگریکردنی ئەو لە بزووتنەوەی هەرەوەزی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر نیۆلیبڕالیستەکان هەبوو. نووسینەکانی میل لەبارەی سۆسیالیزمەوە ئەوە

دەســـەلمێنن، کە بەرەبەرە کەوتـــۆتە ژێـــر کـــاریگەریی پەرەســـــەندنی سۆســـــیالیزمەوە، یـــــان زەروررەتـــــی دامەزرانــــــدنی نیۆلیبڕالیزمیــــــان دەرخســــــتووە، واتە لیبڕالیزمێکی کۆمەڵایەتیتر، لیبڕالیزمێک کە هۆشیارتر بێت، لە پێویســتییەکانی هاوبەنــدی و هاوپشــتی و عەدالەت و یەکســـانی لە جیهـــانێکی گـــۆڕاو دا، لە جیهانێکـــدا کە نایەکسانی تێیدا باڵادەستە، هاوکاریی و هەرەوەزی تێیدا بـــۆتە شـــتێکی مەحـــاڵ و هەژاریـــش بەردەوام لە زیادبوونـــدایە. بەڵام ئەمە چـــۆن دەکرێـــت بەبـــێ دەســتوەردانێکی گەورەی دەوڵەت لە بــوونی تاکەکەســی، شتێک کە بۆ نەریتە لیبڕالیستییەکان نەفرەت بوو؟

«ئەو کێشـــەیەی، کە پێویســـتە چارەســـەری بـــۆ بــدۆزرێتەوە، سروشــتێکی ئــاوارتەی هەیە و زۆریــش هەستیارە، چۆن دەتوانین ئەوپەڕی هاوکاری پێشکەش بکەیـن، کەچـی کەمتـرین ئاسـتی شـوێنکەوتەیی بـۆ ئەم هاوکـــارییەیش دروســـت بکەیـــن؟» (میـــل، دەربـــارەی بنەماکانی ئابووریی سیاسی، کتێبی 5، بەشی 6). وێڕای ئەوەی میل هۆشـیار بـووە بەرامـبەر کێشـەکە و دەرکـی پێکـردووە، بەڵام پرسـیارەکانی بەبـێ وەڵام مـاونەتەوە، بەرپرســیارێتی و تەحەدای پێکهێنــانی مــۆدێلێکی نــوێی یەکگرتـــوو و ڕازیکەریــش دەکەوێــتە ســـەر ئەســـتۆی شوێنکەوتووەکانی دواتری.

## (2)

## له ليبڕاليزمی پارتەکانەوە بۆ ليبڕاليزمی ئايدياکان

ئەم گۆڕانە لەنێو خودی ليبڕاليزمدا، بە چ ئاڕاستەيەکدا دەڕوات؟ بەر لە هەمـوو شـتێک گۆڕەپـانی جەنـگەکە لە چوارچێـوەی مومارەسـەی سياسـييەوە گواسـترايەوە بـۆ چوارچێـوەی ئايـدياکان. ليبڕاليـزم لە هێزێکـی سياسـييەوە بـوو، بە هێزێکـی فيکـری و ئەخلاقـی و لە قەبـارەی نـوێنەرايەتييە سياسـييەکەی خـۆی دەرچـوو. ڕاسـتە لە سـاڵی 1848ـەوە، چيتـر هێزێکـی سياسـيی زۆر گرنـگ نەبوو، بەڵام هێشتاش لە سەرانسەری ئەوروپا و ويلايەتە يەکگرتووەکانـدا، هەر وزەی بە حـزبە چەپ و ڕاسـتە ميانڕەوەکـان دەبەخشـی. ئـاڵای ڕەوتە تـازەگەرييەکە، کۆمەڵێـک تيۆريسـيەن و نووسـەر و ئەکاديميسـت هەڵيانگرتبوو کە هەنديکيان سياسەتمەداريش بوون. بەڵام بەگشتی، هەر لەبەرەی ئۆپۆزسيۆندا مانەوە، وەفايان بۆ وەزيفەی دژايەتيکردنی ليبڕاليزم هەبوو.

### ليبڕاليزمی ئەخلاقی: ئينگلتەرا

لە ئينگلـتەرا، ڕێککەوتنـی سياسـی نێـوان ليبڕاليـزم و سۆسـياليزم، لەهەر شـوێنێک زيـاتر بـڕی کـرد، خايانـدی. سۆسـياليزمی ئينگليـزی سـەرچاوە ئەخلاقييەکـانی خـۆی زيـاتر لە ليبڕاليزمـی ميـانڕەو، لە پرۆتسـتانتيزمی ليبڕاليسـتييەو، بە ديـاريکراويش لە ميتۆدلۆژيـای

پرۆتســتانتیزمی لیبــڕالییەوە (یــان ئەوەی پێیانــدەوترێت میتۆدۆلـۆژیزم، کە دەسـتەیەکی مەسـیحی پرۆتسـتانتین و لە سەدەی هەژدەدا، لە شانشینی یەکگرتوو، لەلایەن جۆن ویــزڵییەوە دامەزرا) وەرگرتبــوو نەک لە مارکســیزمەوە، هەر لەبەرئەمەشــە، کە زاراوەی سۆسـیالیزم نـاکۆک نیـیە لەگەڵ لیبڕالیزمدا، هەروەها تەفسیری ئەوەیش دەکات، کە بـۆچی لیبڕالیزمــی "کـۆمەڵایەتی" لەگەڵیـدا نـاکۆک نیـیە. لیبڕالیزمــی نــوێ بەرەنجــامی کــاری فەیلەســوفەکان و ئابووریناسەکانە، بۆیە هاوبەندیی و پێکەوەسازانی نێوان شایستەیی ئابووریی و چاکسازییە کۆمەلایەتییەکان، خاڵی بەیەکگەیشتنی هاوبەشی هەردووکیانە.

بەناوبــانگترین بیرمەنــدی لیبڕالیزمــی نــوێ، بێگومــان تۆمـاس هیـل گـرین (Thomas Hill Green)ــە، لە زانکـۆی ئۆکسفۆرد، چونکە ڕێنمایی و پێشنیارەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسـەر هەمـوو دەسـتەوتاقمە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە هەبـووە، بەبێ ئەوەی کینـز خۆیشـی لەبیر بکەین، کە ئەویش لە هزرەکـانی ئەوەوە پەیـام وەردەگرێت، بەڵام هەرگیزیش باسی نەکردووە. گرین، پەرەیدا بە ئایدیاکانی "میـل"، بەڵام لەویـش سەرسـەختتر سـەرکۆنەی سـتەمی "ئازادیی پەیمانی کۆمەڵایەتی"، ئازادیی ئابووریی کـردووە، تێـــزەکەی ئەو دەربـــارەی سروشـــتی کـــۆمەڵایەتی تاکەکەسان، زۆر نزیکە لە تێزی "دۆرکهایم" (Durkheim)ی هــاوچەرخییەوە. ئەو جەخـت لەســەر ئەوە دەکــاتەوە، کە هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەو پەیمان و گرێبەسـتە کـــۆمەڵایەتییەوە دروســـت نابێـــت، کە جـــۆن لـــۆک

باسـیکردووە، لە ڕێـگەی سوودگەراییشـەوە نابێـت بەو جـۆرەی، کە جێرمـی بنتـام باسـی کـردووە، بەڵکـو بەرەنجـامی دانپێـدانانێکی دوولایەنەیە بە "ئەویتـر"دا وەک ئامـانج لە خۆیـدا، بەوپێـیەی بەرژەوەنـدیی ئەوانیتـر تەواوکەر و پێکهێـنەری بەرژەوەنـدیی کەسـی و خـودییە. گـرین ڕەخـنەی لە تـاکگەرایی ئەتـۆمیی سـەدەی هەژدە گرتـووە، ڕوانـگەکەی "میل"یشـی سـەبارەت بە تـاکگەرایی گۆڕیـووە بـۆ تـاکگەراییەک، کە بەهـۆی بەشـداریی بەردەوامی "ئەویتر"ەوە پەرە دەسـتێنێت و بەرز دەبێتەوە. بـۆ مـافی تـاکەکەس، بەرامـبەر ئەو کـۆمەڵگەیەی، کە کەرەستە و پۆتێنشیەڵی خۆ-وەدیهێنان دەخاتە بەردەست تاکەکەسـەکە، لێکـۆڵینەوەیەکی بنچینەیـی و پێویسـتی بـۆ خۆشـگوزەرایی و پێشـکەوتنی هەمـوان دامەزرانـدووە. دوای ئەرستۆ و هیگڵ، "گرین" زاراوەی "چاکەی هـاوبەش" (Bien commun) بەسـەر کـارلێکی نێـوان بەرژەوەنـدی تاکەکەسی و بەرژەوەندیی هـاوبەش و بنچینەی "ئەخـلاق و ئیلتیزامی سیاسی"دا دەبڕێت.

"گـرین" سـەرچاوەی سـەرەکیی زۆرێـک لە داهێنراوەکانی بەرنامەی لیبڕالییە. یەکەمجار، بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ ئازادیی "نێگەتیڤ"ی لیبڕالیزمی "کۆن"ی، کە بەندە بە مـافە تاکەکەسـییەکانەوە، لە ئـازادیی "پۆزەتیڤ"ـی لیبڕالیزمی "نوێ"، کە پەیوەستە بە مافە وەلامدراوەکان و ئەو کەرەسـتە ئـابووری و کۆمەلایەتییـانەوە، کە پێویسـتە کۆمەڵگە بۆ تاکەکەسی دابین بکات، تاوەکو بتوانێت پەرە بەخۆی بدات و خۆی وەدیی بهێنێت، لێک جودا دەکاتەوە.

گــرین پەرەی داوە بە مشــتومڕی ئــازادیی پۆزەتیــڤ و ئــازادیی نێگەتیــڤ، واتە هەمــان ئەو بــابەتەی، کە بــووە مەسەلەیەکی سەنترالّ لە ئایدیۆلۆژیای لیبڕالیزمی سەدەی بیســـتەمدا. ئەو دیســـانیش جەختـــی لەســـەر سروشـــتی کـــــۆمەڵایەتیی تـــــاکەکەس کـــــردۆتەوە، تـــــاوەکو پەرەسەندنەکەی پەیوەست بێت بەوانیتر و کۆمەڵگەوە و بەوشـــتانەوە، کە ئەم دوولایەنە دەیـــخەنە بەردەســـتی. دواجار، گرین ڕەخنەیەکی فراوانتر لە لیبڕالیزمی ئابووری دەگرێــت، جەختــی لەســەر ئەوە کــردۆتەوە، کە بــازاڕ دامەزراوەیەکـــــی کـــــۆمەڵایەتییە وەک هەمـــــوو ئەو دامەزراوانەی دیکە، کە پێویستە ڕێک بخرێت و یاسای بۆ دابنرێـت تـاوەکو بەجۆرێـک کـار بکـات، کە بەرژەوەنـدی هەموانی تێدا بێت نەک لە بەرژەوەندیی کەمینەیەکدا بێت. لە فیکــری ڕەخنەیــی کــۆمەڵایەتیی خۆیشــیدا هەنگــاوی دوورتری هەڵگرت و گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە ڕەوایەتـی بـداتە دەسـتوەردانی دەوڵەت، بـۆیە ئەو بە مـافی دەوڵەتـی دەزانێت، کە یاسـا و ڕێنماییەکـان لە بارەکـانی فێرکـردن و تەندروستیی گشتی، موڵکایەتیی تـایبەت و یاسـای کـار بـۆ کەمکـــردنەوەی کـــاریگەرییە نەرێنییەکـــانی ئـــازادیی تاکەکەسی دابنێت.

لە سەروبەندی سەرقاڵییەکانی گریندا بە مەسـەلەکەوە، لیۆنــارد ت. هۆبهــۆز، (Leonard T. Hobhouse)ــیش، کە چــووە پــاڵ حزبــی کرێکــاران، لیبڕالیزمــی ئــابووریی ســەرکۆنە کـرد، لەو ڕوانـگەوە کە ئەم جـۆرە لە لیبڕالیـزم دەبێـتە مـایەی فراوانبـوونی کەلێنـی نێـوان دەوڵەمەنـدان و هەژاران، بـۆیە پێشـنیاری ئەوە دەکـات، بـاجێکی قـورس

بخرێته سەر قازانجی کۆمپانیاکان. هەروەها بەرگریی لەو ڕۆڵەی دەوڵەت کردووە، کە پێویستە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێک بخات، پشتیوانی لەو ئایدیایەیش کردووە کە دەڵێت، ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ڕێز و پلەی و پایە تاکەکەسدا دەگونجێن. هاووڵاتیبوونی نوێ پێویستە مافە کۆمەڵایەتییەکانیش بگرێتەوە، نەک تەنیا مافە سیاسییەکان. بەرەبەرە لە فەزای کرێکاری و ئایدیاکانی کۆمەڵەی فابی (Fabian Society) نزیک بوویەوە، ئەمەیان کۆمەڵەیەکی ئینگلیزی بوو، کە لە ساڵی 1884دا دامەزرا، ئەندامەکانی هەوڵیان دا بنەما سۆشیالیستییەکان، بە کەرەستە ئاشتیخوازەکان بڵاو بکەنەوە، ناوەکەشی لەناوی "فابیوس کۆنکتاتورد"ەوە وەرگرتووە و هەتا ئێستایش ئەم کۆمەڵەیە هەر هەیە.

بێگومان ئەم بزووتنەوە فیکرییە جیاواز بوو لەو سیاسەتانەی، کە حزبە لیبڕالییەکەی لوید جۆرج و چەرچل پشتیوانی و پەیڕەویان دەکرد، بەڵکو وێڕای ئەوەش کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبوو. لەنێوان ساڵانی 1906-1911دا، لەژێر فشاری نوێنەرانی حزبی کرێکاریدا، حکوومەتەی لوید جۆرج، بەرپرسیارێتیی یەکەمین ڕێکارە کۆمەڵایەتییەکانی لە ئینگلتەرا کەوتە ئەستۆ، هەروەها بەرپرسیار بوو لە سیستەمی خانەنشینکردنی بەساڵداچووە هەژارەکان (1908)، دەستەبەریی دژ بە بێکاریی کرێکارانی کشتوکاڵی هەژارتر (1911)، بەمەش تۆوی دەوڵەتی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتییان لە لیبڕالیزمی نوێدا چاند، نەک لە سۆسیالیزمدا.

**لیبڕالیزمی "کۆماری" فەرەنسا**

لە فەرەنسا، لیبڕالیزمی نوێ سیفەت و سیمای جیاوازتری هەبوو، چونکە فەرەنسا خاوەنی میراتی ڕادیکاڵی شۆڕشی فەرەنسی بوو، لەولایشەوە لیبڕالیزم لە ساڵی 1848دا شکستی هێنابوو، ڕژێمە دیکتاتۆری و پۆزەتیڤە مۆدێرنەکانی دامودەزگاکانی ئازادیش بەدوای یەکدا هاتبوون، کە مێژووەکەی تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری سێیەم. ئەم لیبڕالیزمەی فەرەنسا، هەرگیز بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون خۆی وەک لیبڕالیزم نەناساند، بەڵکو خۆی وەک "ڕادیکاڵیزم" یان "سۆسیالیزمی مرۆیی"، شتی لەم بابەتە ناساند. لەکاتێکدا ڕەوتی کۆماری لیبڕالیی لەو ماوەیەدا لە فەرەنسا و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپای ڕۆژئاوایشدا هەبوو.

لیبڕالیزمی کلاسیک لە فەرەنسا، لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا گەشەی کرد، یەکەمین ئەزموونی خۆشی لەکاتی موڵکایەتی دەستووریی ساڵی 1814 هەتا ساڵی 1848دا تاقی کردەوە، واتە لە هزرەکانی پاپ سییەس، (Labbé Sieyès) (1748–1836)، بنیامین کۆنستان (Benjamin Constant) (1767–1830)، گیزۆ (Guizot) (1787–1836)، تۆکڤیل (Tocqueville) (1805–1859)دا بەرجەستە بوو. ئەم پەرەسەندنە پەیوەستبوو بە هەڵکشانی چینە پیشەسازی و بازرگانییەکانی ناوەڕاستەوە، کە بەرگرییان لە ئازادیی بازاڕەکان و دەوڵەتی یاسای و یەکسانی لە هەلدا دەکرد، بەڵام بەناوی بەرپرسیارێتیی تاکەکەسییەوە ڕۆڵی دەوڵەتیان وەک ئامرازی دووبارە دابەشکردنەوەی سامان، ڕەت کردەوە.

لیبڕالیستە فەرەنسییەکان، زۆر لەوە زیاتر، کە ئێمە بۆی دەچین، گەمەی بازاڕ و سیاسەتیان قبووڵ بوو، بەڵام ئەمە لە ماوەیەکی مێژوویی کورتخایەندا بوو. بێگومان ئەوانیش دژ بە دەسەڵاتی ستەمکار و سەنتراڵ بوون، دژ بە یەعقوبیزم (Jacobinisme)، ئەو کۆنزەرڤەتیڤانەیش بوون، کە ئاواتەخوازی گەڕانەوەی دیکتاتۆریی پاشایەتی بوون. بەڵام بە زوویی ناچار کران هاوپەیمانی لەگەل دووژمندا ببەستن، وەک هاوپەیمانیەکەی گیزۆ و توندڕەوەکان، لە ساڵی 1848یشەوە، دەبن بە ناوەندە کۆمارییەکان و دەوڵەتی سەنتراڵ و ستەمکار، لە بەها لیبڕالیستییەکان دووردەکەونەوە. دواتر، لە کۆماری سێیەمدا، تەوژمێکی لیبڕالی و کۆمەڵایەتی لێکچووی تەوژمی لیبڕالیزمی نوێ لە ئینگلتەرا، پەرە دەستێنێت و سەرەتاکانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی لە کاری حزبی ڕادیکاڵی (کۆماری و لیبڕالی)یەوە، لە فەلسەفە هاوپشتیخواز(Solidarisme)ەکەیەوە، پەرە دەستێنێت. بەڵام لە ساڵی 1910ەوە، تەوژمی ڕادیکاڵی بەرەو ڕاستڕەوی لای دا، ئیدی دژایەتی و ناکۆکی کەوتە نێوان هزرە لیبڕالییەکان و سۆسیالیزمەوە، (کە ببووە هێزی سیاسی دەستڕۆیشتوو).

### لیبڕالیزمی "پێشکەوتنخواز" ویلایەتە یەکگرتووەکان

قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بوونە مایەی ئەوەی لیبڕالییەکان چاو بگێڕنەوە بە چەمکەکانی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیدا و هەوڵ بدەن

بزووتنەوەیەکـــــــی پێشـــــــکەوتنخواز (Progressivism) دابمەزرێنن، بزووتنەوەیەک، کە دەستەبژێری ڕۆشنبیریی و سیاســـی، بەر لە جەنگـــی یەکەمـــی جیهـــانی لە دەوری کۆبـوونەوە. ئەم بـزووتنەوەیە پێـداچوونەوەی بە قـووڵایی ئەو شـێوە لیبڕالیـزمە کلاسـیکییەدا کـرد، کە لە ئەوروپـا هەبوو.

بەڵام گرنگترین نوێنەری پێشکەوتنخوازیی ئەمریکی و لیبڕالیزمـــی نــوێ و ئەخلاقگەرایـــی نــوێی دیمــوکراتی و دادپەروەری، جۆن دیوی فەیلەسوف بوو، (1859–1952). هەڵـبەت دەبێـت نـاوی هێـربەر کرولـی (Herbert Croly)، (1869–1930)ـــیش بهێنرێــت، کە دامەزرێــنەری ڕەوتـــی "کۆماریخوازیی نوێ" بوو لەنێو بزووتنەوەکەدا، هەروەها پێویستە ناوی واڵتەر لیپمـان (Walter Lippmann) (1889–1974)ـیش بهێنرێـت، کە پڕوپاگەنـدەی بـۆ بـزووتنەوەکە دەکرد. دواجار، هەموان ئایدیاکانیان لە فەلسـەفەی ویلیەم جـــیمس (William James) (1842–1910)ــــەوە هەڵهێنجـــا بوو. زۆر ئاشکرا دیاربوو دیووی لەسەر چەپی لیبڕالیستە نـــوێیە ئینگلیزەکـــانی، وەکـــو کۆمـــارییە لیبڕالیســـتییە فەرەنســـییەکان گیرســـایەوە، بە تونـــدی ڕەخـــنەی لە لیبڕالیزمی کلاسیک گرت. لیبڕالیزمـی کلاسیک پێـی وابـوو دەوڵەت دووژمنیەتـــی، لە کاتێکـــدا دەوڵەت زەروورە بـــۆ دەســـتەبەرکردنی ئـــازادیی تاکەکەســـی و دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتی.

جـۆن دیـوی بەنـاوی بەرپرسـیارێتی کـۆمەڵایەتییەوە چـــووە نێـــو جەنگـــێکەوە دژ بە تـــاکگەرایی ئەتـــۆمی.

کاریگەریی دیووی لەسەر کتێبی "کۆمەڵگەی گەورە"ی لینۆدن جۆنسۆن (Lyndon Johnson) ئێجگار گرنگە، شرۆڤەی ئەوە دەکات، کە بۆچی چەمکی "لیبڕالیزم" لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەو کاتە بەداوە، بووە هاومانای "سۆسیالیزم". ڕیچارد ڕۆرتی (Richard Rorty)ی فەیلەسوف (1931–2007)، لە پێشەنگانی لایەنگرانی پێشکەوتنخوازیی نوێیە "وەک چیرۆکێکی نیشتمانی"ی نوێ و گەورەی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

ڕەوتی پێشکەوتنخوازیی ئەمریکی، هیچ نەبوو جگە لە حەقیقەت و واقیعێک بۆ بیرمەندەکان، سەرکەوتنەکەشی پەیوەستبوو، بە پشتیوانی گەورە سیاسەتمەدارەکانەوە. هەڵبژاردنی یەکێک لەم گەورە ڕۆشنبیرانە، واتە "تۆمار ویدرۆ ویڵسن" (Thomas Woodrow Wilson)، (1856–1924)، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی برینستۆن، بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، دابڕانێکی لە مێژوویی لیبڕالیزمدا تۆمار کرد. ویڵسن، لەژێر کاریگەریی ئەڵمانیا و پسمارکدا، پێی وابوو کاتی ئەوە هاتووە دەستبەرداری چوارچێوەی دەستووری و فەلسەفەی هەڵاواردنی* دەسەڵاتەکان ببین، لە بری ئەوە بیکەین بە ئیدارەیەکی چالاک و سەربەخۆ لە دەسەڵاتی یاسادانان، بۆ خزمەتی خۆشگوزەرانی هەموان و هەڵدان و گەشەکردنی ئابووری. "ڕێککەوتنی نوێ" (New Deal)، کە بابەتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی حزبی دیموکرات لە ساڵی 1932دا، هەڵبژاردنی فرانکلین ڕۆزفێڵت بوو لە ساڵی

*هەڵاواردن: لێکجوداکردنەوە.

1933دا، بە ڕوون و ئاشـکرا ئامـانجی ئەوە بـوو ئایـدیا "پێشکەوتنخوازییەکان"، ئایدیاکانی ویڵسن جێبەجێ بکات، ئەویـش ڕۆڵـی نـوێی کـۆمەڵایەتیی دەوڵەت بـوو، کە خزمەتکردنـی چـاکەی گشـتی بـوو. بەرنـامەکەی سـاڵی 1944ی ڕۆزفێلـت هـیچ نەبـوو جگە لە نـوێنەرایەتیکردنی بەرنامەی لیبڕالیزمی "کۆمەڵایەتی"، "پێشکەوتنخوازی"، کە دەوڵەتـی خۆشـبژێویی کـۆمەڵایەتی و بەگژداچـوونەوەی هەژاری، دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە.

**لیبەریزم و سۆسیالیزمی لیبڕالی: ئیتاڵیا**

بێگومـان دۆخـی ئیتاڵیـا گونجـاوترە، باشـتر لەگەڵ مشـتومرە هاوچەرخەکانـدا دەڕوات. مشـتوومری نێـوان بیندیتۆ کرۆچە (Benedetto Croce)، لویچی ئینۆدی ( Luigi Einaudi) سـەبارەت بە جیـاوازیی نێـوان لیبڕالیـزم (Libéralisme) و لیبڕالیزمـی ئـابووریی (liberismo)، ئەو زانیارییە نوێیەی، کە "سۆسیالیزمی لیبڕالی"ـی لیبڕالیزمـی "نـوێ" هەڵیـدەگرێت، هێشـتا مشـتومڕێکی هەنـووکەیی و بەردەوامە.

کۆتایی ساڵی 1920ـەوە هەتا ساڵی 1930، فەیلەسوفی ئیتاڵی بیندیتۆ کرۆچە (1866–1952)، دامەزرێنەری حزبی لیبڕالیسـتی ئیتـاڵی، ئابوورینـاس لـویجی ئینـۆدی (1874–1961)، کە دواتر دەبێتە حاکمی بانکی ناوەندیی ئیتاڵی، لە سـاڵی 1948ـشدا دەبێـتە سـەرۆک کۆمـار، کۆمەڵێـک بیروڕایان گۆڕیووەتەوە، مشتوومڕی فیکرییـان دەربـارەی چەمکەکانی لیبڕالیـزم و لیبڕالیزمـی ئـابووریی (لیبەریسـم)،

لەگەڵ یەکدیدا کردووە. بەلای لویجییەوە، لیبەریستەکان، ئەوانەن، کە پێیانوایە بنەمای "لێگەڕێ کار بکات، لێگەڕێ بڕوات" بنەمایەکی جیهانییە، ئەگەرچی ئەم بنەمایە هیچ پەیوەندییەکی بە زانستە ئابوورییەکانەوە نییە. لیبەریستەکان، هەروەکو لیبڕالیستە دژە-دەوڵەتەکان، گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی، کە دەڵێت، قەیرانی 1929 بەرەنجامی ڕاستەوخۆی زێدە-دەستوەردانی دەوڵەت بوو! بەڵام لەبەرئەوەی جیاوازییەکە لەنێوان هەردووکیاندا ڕوون بوویەوە، لیبڕالیزم ڕەهەندە ئەخلاقی و سیاسییەکانی خۆی بەدەستهێنایەوە، لەمڕۆیشدا، زۆربەی هەرە زۆری حزبە ئیتاڵییە چەپڕەوە ناوەڕاستەکان و ڕاستڕەوە ناوەڕاستەکان، خۆیان وەک حزبی لیبڕالی نەک لیبەریستی پیشان دەدەن. ئێمە پشتمان بەست بە چەمکی ئابووریگەرایی لیبەریسم، کە دەمانباتەوە سەر تیۆری ئابووریگەرایی ئۆرسۆدۆکسی و ڕوانگەی ئەم تیۆرە بۆ بازاڕ و میکانیزمەکانی بازاڕ. لیبڕالیزم ڕۆڵی ڕێکخەرانەی دەوڵەتی پێ پەسەندە، لە کاتێکدا لیبەریسم پێی وایە بازاڕ خۆی ڕێک دەخات، دەتوانێت هاوسەنگییەکی باشتر دروست بکات، بێگومان هەر دەستوەردانێکی دەسەڵاتی گشتیش کارێکی خراپە.

لە ئیتاڵیا، ئەو تەوژمەی کە بە توندی دژی لیبەریسم بوو، ڕەوتی سۆسیالیزمی لیبڕالی بوو. دامەزرینەری ئەم فەلسەفییە سیاسییە، کارلۆ ڕۆسێلی (Carlo Rosselli) بوو، دژە فاشیزمێک، کە دەیویست «دووبارە بزووتنەوەی سۆسیالیزم بباتەوە سەر بنەماکانی یەکەمجاری و

بنەڕەتە مێژوویی و دەروونییەکانی، دەیویست ئەوەیش بسەلمێنێت، کە دواجار، سۆسیالیزم فەلسەفەی ئازادییە»، ڕۆسێللی، کە کۆمەڵەی بەرەنگاریکەرانی عەدالەت و ئازادی (Giustinzia e Libertà) دامەزراند، دژایەتیی مارکسیزمی کرد، لە زانستەوە دیووە زانستی و ئابوورییەکەی مارکسیزمی ڕەت کردەوە، جەختیشی لەوە کردووە، کە لە ڕاستیدا سۆسیالیزم «گەشەکردنی لۆژیکییانەی بنەمای ئازادییە تاوەکو دوایین سنوورەکانی خۆی. سۆسیالیزم بەگوێرەی مانا جەوهەرییەکەی و دەرەنجامەکانی (وەک بزووتنەوەی شێلگیری ڕزگاریی پرۆلیتاریا)، لیبڕالیزمی بزووتنەوە (یان دینامیکی)ـیە، ئەمەیش ئەو ئازادییەیە، کە دەشێت کەسە هەرە هەژارەکانیش هەیانبێت». پێویستە ئازادی چیتر بەهایەک نەبێت تەنیا دەستەبژێر هەیبێت، بەڵکو پێویستە «بتوانێت بگاتە نێو ژیانی هەژارانیش».

## (3)

# چەمکە نوێیەکانی لیبڕالیزم

دەرەنجامەکانی ئەو گۆڕانانە چین، کە لەنێوان ساڵانی 1880، 1920دا، بەسەر فیکری لیبڕالیدا هات؟ دەرکەوتنی چەمکی نوێی تاک و کۆمەڵگە.

گۆڕانکاریی یەکەم، پەیوەستە بە ئاگایی "سروشتی کۆمەڵایەتی"ی تاکەکەسانەوە، ئەوەیش لەژێر کاریگەریی کۆمەڵناسیی تازە دامەزراودا. بەرەبەرە دابڕان لە وێناکردنە ئەبستراکتەکان سەبارەت بە تاکەکەس و چەمکی مافە سروشتییە "پێش کۆمەڵایەتییەکان" دروست دەبێت. لەژێر کاریگەریی هیگڵدا، ئەو ئایدیایە گەشە دەکات کە دەڵێت: حەقیقەتی کۆمەڵایەتی، حەقیقەتی ئەخلاقییە، کە تێیدا ڕۆحی تاکەکەس تێکەڵ بە ڕۆحی کۆمەڵ دەبێت. لە گرنگترین وانەکانی "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح"، ئەوەیە، کە مەحاڵە گەشەسەندنی تاکەکەسی لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی جودا بکرێتەوە. لێرەدا حەتمیەتی کۆمەڵایەتی هەمان ئەو فۆڕمە میکانیکی و ماتریالی و ساکاربوونەوەیە وەرناگرێت، کە لا مارکس دەیبینین. کاریگەریی هیگڵ بەرپرسە لەو مێژووگەراییەیش وا لیبڕالیزمی نوێی پێ دەناسرێتەوە. لە ڕاستیدا، توێژینەوەی پەرەسەندنی مێژوویی لیبڕالیزم، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە پەیوەندیی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگە. لە ڕووی مێژووییەوە، مافەکانی تاکەکان وەک پێدراوێکی کۆمەڵایەتی پێک هاتووە، نەک وەک

موڵکـــایەتییەکی تاکەکەســـی یـــان سروشـــتی "پـــێش-کـۆمەڵایەتی". ئەم مافـانە بە یەکجـار بە چەقبەسـتوویی و نەگـۆڕی، بـۆ هەمیشـە لە سروشـتی مرۆییـدا نـین، بەڵکـو بەرەنجام و کۆی دەستکەوتی سیاسییە.

**چەمکێکی نوێی پۆزەتیڤ بۆ ئازادی**

لەمەوە "تۆماس هیل گرین"، جیاکارییە بەناوبانگەکەی لەنێوان *"ئازادی بۆ"* (freedom from)، *"ئازادی لە"* (freedom to)ی ڕوون کردەوە. یەکەمیان ئازادی وەک سەربەخۆیی لە کۆتووبەندەکان، دووەمیان ئازادی وەک سەربەخۆیی و دەســتکراوەیی بــۆ کــردە و جــووڵە، وێنــا دەکــات. ئەم جیاکـارییە جیاکـارییەکی یەکلایـیکەرەوە و وردە، چـونکە ئەو کۆتووبەنـدانەی دێـنە سـەر ڕێـی ئـازادی، لە هەردوو حـــاڵەتەکەدا وەکـــو یەک نـــین. لە حـــاڵەتی یەکەمیانـــدا، کۆسـپەکانی بەردەم ئـازادی لە دەسـەڵاتی سـتەمکاری و دەســـەڵاتی سیاســـی و ئـــایینییەوە دێـــت، بەگشـــتی لە کۆتوبەنـدەکانەوە. لە حـاڵەتی دووەمیانـدا ئاسـتەنگەکە لە غیـــابی کەرەســـتەکانی کـــردە توانســـتی خۆبەدیهێنـــان، ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانەدایە وا تـاکەکەس لە ژیانی خۆیدا بە ئامـانج گرتـوونی. تـاکەکەس دەتوانێت لە چوارچێـوەی دامەزراوەکـانی ئازادیـدا بـژی، بەڵام بەدەسـت نەبـوونی ئازادی یان بەدەست بەرتەسکی ئـازادییەوە بناڵێنێت، لەو کاتـــانەدا کە هەلـــومەرجە پێویســـتەکانی کـــۆمەڵایەتی و ئـابووری بۆ پەرەسـەندنی ئـازادی لە ئـارادا نەبـن، وەکـو پەروەردە، تەندروسـتی، نیشـتەجێبوون، کرێـی شایسـتە و

هیتر. ئازادی لە مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، هەر وەکو ئازادییە کەسی و سیاسییەکان، زۆر گرینگە. «ئازادی نابێتە مافێک لە مافەکانی تاکەکەس، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە پەیوەست بێت بە کۆمەڵگەوە» (هۆبهۆز، 1911). بە دیاریکراوی لەبارەی ئەم خاڵەوە، مشتومڕی توند و ڕەق لەگەڵ لیبڕالیزمی نوێدا بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەرپابوو، نیۆلیبڕالیزمی هایک (Hayek) لە کتێبی "ڕێگای کۆیلایەتی" (La Route de la servitude، 1944 )ـدا، مەترسییەکانی لیبڕالیزمی نوێ ڕادەگەیەنێت، لەوێدا هایک دەپرسێت: کەواتە جیاوازی ئەمەی کۆتاییان و سۆسیالیزم چییە؟

**چەمکی نوێی چاودێریی دیموکراسی**

گۆڕانی سێیەم، پەیوەستە بە دیموکراسییەتەوە، چونکە جوولەیەکی دوولایەنە ڕوو دەدات: «دیموکراتیزەکردن"ـی لیبڕالیزم و "بەلیبڕالکردن"ی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی. دەبێت ئەوە بیر بهێنینەوە، کە گومان لە "دەسەڵاتی سیاسی"، جا لە پاشایەتی ڕەهاوە سەرچاوەی گرتبێت، یان لە گەلەوە، بنچینەیەکی سەرەکی و بەردی بناغەی لیبڕالیزمە. لە لیبڕالیزمدا مەیلێک هەیە، بۆ بینینی مەترسییەکی شاراوە لە دیموکراسییەتدا و خۆپاراستن لێی، نەک بینینی ئەو پەرەسەندنەی، کە بەسەر ئازادییەکاندا هاتووە. نەبوونی دژە-دەسەڵاتەکان، کە ئازادییە تاکەکەسییەکان دەپارێزێت، بووە مایەی لادانەکان لە شۆڕشی فەرەنسیدا، ئەمەش، بەگوێرەی وەسفی میل، هەڕەشەیەک بوو، بۆ سەر دیموکراسییەت

لەلایەن "ستەمی زۆرینەکان"ـەوە. میل و تۆکڤێل دەرکیان بەوە کردبــوو، کە ناشــێت پەرەســەندنی پــرۆژەی دیمــوکراتیزەکردنی کـۆمەڵگە و دامەزراوە سیاســییەکان، فۆرمــولە بکرێــت. کەواتە دیمــوکراتیزەکردنی لیبڕالیــزم ئەرکــی ئاییـنــدەیە. دیموکراســیەت لە ڕێــگەی گــۆڕینی ئامانجەکانیەوە، خۆی لە تیۆری لیبڕالیزم ڕزگار دەکات، کە چیتر حوکمی گەل نییە *"لەلایەن"* گەلەوە، بەڵکو حوکمی گەلە *"لەپێناو"* گەلـدا. بەم جۆرە دەشـێت، دیموکراسـییەت "لیبڕالیــزە" بکرێــت، بەوەی لە ڕەهەنــدە پۆپۆلیســتی و دیماگۆژییەکـانی پـاک بکـرێتەوە، بە کەرەسـتەیەکی شـیاو دابنرێت بۆ وەدیهێنانی بەها لیبڕالیستییەکان، بەرگریکردن لە تــاکەکەس و لە مــافی تــاکەکەس بــۆ ژیــانێکی بەخـتەوەرانە، جـوداکردنەوەی پانتـایی تـایبەت لە پانتـایی سیاســی، دانــانی دیســپلینەکانی دەســەڵاتی سیاســی، دەرخســتنی بەرپرســیارێتیی ســەرکردەکان بەرامــبەر دەنگدەرانیان، ئازادیی بازرگانی و بازاڕ و هیتر. ئێستا بۆ لیبڕالییەکان ئاسانە وەڵامی داخوازییە نوێیەکانی کرێکاران بــدەنەوە، لەبــارەی یەکســانی و مــافە کــۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـانەوە، ئەوەیـش لە چوارچێـوەی ڕێزگـرتن، لە بنەماکانی حوکمی دەستووریدا، لەهەمان کاتیشـدا دەتـوانن بەرەنگـاری ئەو هەڕەشـە مەترسـیدار و ڕیـزپەڕانە ببـنەوە کە، لەلایەکەوە، سۆســیالیزم و کۆمــۆنیزم، لەلایەکــی دیکەیشـەوە کۆنزەرڤەتیڤەکـان دروسـتی دەکەن. لێرەیشـدا میــل، لە ڕێــگەی هەوڵــدان بــۆ لێکگرێــدانی لیبڕالیــزم و ســوودگەرایی (utilitarisme)ــــەوە، هێــڵ و بنچیــنەی لیبڕالیزمــی "نــوێ" دادەنێــت، کە چــوار پاســاو بــۆ

دیموکراسییەت دەدۆزێتەوە. بەر لە هەموو شتیک، لیبرالیزم پاساوێکی ئەخلاقییە بۆ بەرگریکردن لە دیموکراسییەت. تاکە سیستەمێکیشە کە، هەر کاتێک هەلومەرج بڕەخسێت، دەتوانێت ئەوپەڕی بەختەوەریی بۆ هەموان بەبێ ئاوارتە [و جیاوازی] بەدیی بهێنێت (بینتام)، چونکە سیستەمێکی زۆر گشتگیرە و پێویستی بە ڕەزامەندیی هەموانیشە. یەکەم و پێش هەموو شتێک دیموکراسییەت بە شێوازێکی نادەسەلاتخوازانە، گونجاو لەگەڵ مافەکانی تاکەکەسدا، دەرفەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی پرسی کۆمەلایەتیی لێکدژیی بەرژەوەندییەکان دەرەخسێنێت. لە کاتێکدا ئازادی، مرۆڤەکان پۆلین دەکات، چونکە ڕێگا بەوە دەدات بەهرەمەندییەکان بەشێوەیەکی نایەکسان گەشە بکەن، ئەمەش نایەکسانی کۆمەلایەتی قووڵ دەکاتەوە، لەکاتێکدا بەختەوەری، بە واتا بەرفراوانەکەی هیچ نییە جگە لە یەکێتی. دیموکراسییەت تاکە سیستەمێکە، کە وێنای چاکەی گشتی دەکات، وەک ڕازیکردن و دابینکردنی پەرژەوەندییەکانی هەموان، نەک وەک وەدیهێنانی چاکەی بالای دەرە چاودێری. لە کۆتاییدا، ئەگەر تاکەکان خۆیان تاکە پێودانگی مەودا و ئاستی بەختەوەریی خۆیان بن، ئەوا زیاتر گرنگی بە دامەزراوەکانیان دەدەن، ئەگەریش ئەم دامەزراوانە خۆشگوزەرانییان بۆ دابین بکەن، تاکەکان ئینتیمای زیاتریان بۆیان دەبێت، بەلام لە هەمان کاتیشدا سوورن لەسەریان، لە نزیکەوە چاودێرییان دەکەن. ئەم چەمکی چاودێرییەی دیموکراسییەت، ئەم چەمکەی، کە ڕاستکراوەتەوە و پەرەی پێدراوە، بیرمەندە

لیبڕالیستییەکانی گەیاند ئەو باوەڕەی، کە پێداچوونەوە لە حوکمەکـــانی خۆیانـــدا بـــکەن، ئاشـــتەوایی لەگەڵ ئەو دیموکراسییەتەدا بەرپا بکەن، کە پەیوەستە بە یەکسانی و یەکگرتووییەوە. ئایدیالۆژیای چاودێری و پاراستن، لەژێر کـاریگەریی زانسـتە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانـدا، ئەو شتەیە، کە لیبڕالیزم دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی دان بە چاکە و لایەنە ئەرێنییەکـــانی دیموکراســـییەتدا بنێـــت. ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە بزانین داخۆ لیبڕالیزم هەڵە دەکـات، ئایـا زێـدەڕەویی لە گەشـبینیدا دەکـات، چارەسـەرە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان لە چارەسـەرە سیاسیی و دەستوورییە کلاسیکییەکان بە باشتر دەزانێت؟ واتە: خۆشگوزەرانی زیاتر، بڵاوبوونەوەی زیاتری سامان و خاوەنداریێتی و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، بەرامبەر لادان و مەترسـییەکانی دیموکراسـییە. کەواتە لێـردا، ئەو بـاوەڕە دەکەوێـتە کێشـەوە، کە پێـی وایە خۆشـبژێویی ئـــابووری و دیموکراســـییەت، شـــان بەشـــانی یەک و هاوتەریب دەڕۆن.

### لە یەکسانیی مافەکانەوە بۆ یەکسانیی هەلەکان

کەواتە لە چ چوارچێـوە و دەلالەتێکـدا، لیبڕالیـزم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بووە، لیبڕالیزمێکی دیموکراسی و پاشـانیش بـووە لیبڕالیزمێکـی یەکسـانیخوازی؟ بەلای لیبڕالیسـتە کلاسـیکییەکانەوە، یەکسـانی لە مافەکانـدا و یەکسـانی لەبەردەم یاسـادا، ئەو چەمکە سـەرەکییەیە، کە پارێزگاری لە تاک دەکات "وەک کەسێکی یاسایی" (sujet de droit)، کەسیک لەبەردەم یاسادا، کە خاوەنی مافەکانی

خۆیشـــیەتی. لیبڕالیزمـــی نـــوێ ئەم چەمـــکە یاســـاییە دەوڵەمەند دەکات و گۆڕانیشی بەسەردا دەهێنێت، پێشتر ئەمە چەمکێکی فۆرماڵ و جێگیری یەکسانی بوو. چەمکە ســـەرەکییەکە پەیوەســـت بـــۆتەوە بە "یەکســـانی لە هەلەکان"ــدا، ئەمەیـش واتـای یەکسـانییە بـۆ گەیشـتن بە ســەرچاوەکان (égalité daccès aux ressources). ئەوە سیاسـەتێکە، کە لە داهـاتوو دەڕوانێت، دەیەویت پنتەکانی دەستپێکردن لە ژیاندا ڕاست بکاتەوە، بەو مەبەستەی لە پرۆسەی کێبەرکێی بەهرەکان و توانا خودیەکاندا، ئازادی بە تاکەکـــان بـــدات، نەک لە دواتـــردا دەرەنجامەکـــانی بڕیارەکانی تاکەکەسان و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و چارەسەرکردنی نایەکسانیەک، کە هەڵوەشاوەتەوە ڕاست بکاتەوە، وەکو ئەوەی لە سۆسیالیزمدا هەیەک، کە ئایدیای بەرپرســـیارێتیی تاکەکەســـی فەرامـــۆش دەکـات. چەمکـی یەکسانی لە هەلدا، لەو پێناسـەیەوە سـەرچاوەی گرتووە، کە میـل خســـتوویەتییە نێـو ئـــازادییەوە، وەک "ئـــازادیی پەرەپێــدان و گەشـــەپێدانی خـــود" وەســـفی کـــردووە. لەم ڕوانگەیەوە چیتر تاکەکەسێتی و گەشـەپێدانی خـود، لەگەڵ کـــــۆمەڵگەدا نـــــاکۆک و ناتەبـــــا نیـــــیە، کە ڕەگەزە پێویستییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی تاکەکەسی دابین دەکـات، وەکـو ئەوەی هـاوپشـتیی فەرەنسـی ( solidarisme français) گوزارشتی لێکردووە، بۆ نموونە ڕەگەزی وەکو: پەروەردە، بەشداری، پاراستنی کۆمەڵایەتی و هیتر. چیتر شکســتی تاکەکەســی بەو جـۆرە نیـیە، کە لە ســەردەمی ڤیکتۆریدا هەبوو، لەو سـەردەمەدا شکستی تاکەکەسـی بە مانای نەبوونی خاسیەتی "کەسێتی" بوو، نەبوونی نیـاز و

ویستی تاکەکەسی بوو، بەڵام لەم ڕوانگە نوێیەدا، ئەم شکستە بەڵگەبوو لەسەر ڕێکخستنی خراپی کۆمەڵایەتی، کە دەشێت لە ڕێگەی بەرزرکردنەوەی ڕۆحیەتی هاوپشتی و هاوبەندییەوە چارەسەر بکرێت، وەک "لیۆن بۆرگۆ" دەڵێت، لێرەدا هاوکاریی کۆمەڵایەتی دەکرێتە مافێک لە مافەکانی تاکەکەس. کەواتە یاساکانی بەگژداچوونەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، نایەکسانییەک کە پەیوەستە بە لەدایکبوون و بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و بە خێزانەوە، چاوی لە یەکسانیی هەلومەرج و دەرفەتەکان نەبڕیوە، بەڵکو ئامانجی ڕزگارکردنی بەهرە و لێهاتووییە کەسییەکانە، یارمەتیدانی کەسەکەیە بۆ ئەوەی لە پێناو چاکەی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی گشتیدا پەرە بەخۆی بدات. کەواتە ئەم سیاسەتانە لەگەڵ لیبڕالیزمدا کۆک و تەبا و گونجاوە. پێویستە خەبات دژ بە نایەکسانی، ڕووبەڕووی ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتییەکانی لەدایکبوون و شوێن و سەرمایەی بۆماوە ببێتەوە، پێویستە برەو بە ئایدیای بزاوتی کۆمەڵایەتی بەرەو سەرەوە بدات، بە سایەی هەوڵی تاکەکەسی و کاری گونجاو و بوێری و تایبەتمەندییە کەسییەکانەوە، دیسانیش ئەوە پەیوەندییە لەگەڵ ئەفسانەی لیبڕالیزمی کلاسیکیدا. کەواتە لیبڕالیزمی "نوێ" هەر لیبڕالیزمە نەک نوسخەیەکی ڕاستکراوەی لیبڕالیزمی سۆشیالیستی. ئەمیش هەر چەمکێکی نوێی دەوڵەتە، بەڵام گۆڕانە زۆر سەنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەرەکانی ئایدیا لیبرڵیستییەکان پەیوەستە بە دەوڵەتەوە. لە ڕاستیدا لەگەڵ لیبڕالیزمی "نوێ"دا، بناغەیەک لە بناغەکانی لیبڕالیزمی کلاسیک

هەرەس دەهێنێـــــت، ئەویـــــش بەرەنگـــــارییە بەڕووی دەستوەردانی دەوڵەتدا، لێرەدا دەوڵەت دەبێتە یاریکەرێکی ئابووری، کە مایەی نیگەرانییە. ئەگەر لیبڕالیزمی کلاسیک، بایەخێکی زۆر تایبەتی دابێت بە پاراستنی تاکەکەکان دژ بە دەســتوەردانە نــابەجێ و میزاجییەکــانی دەوڵەت، ئەوا لەبەرامبەردا، لیبڕالیزمی نوێ گرەو لەسەر توانای دەوڵەت دەکات، بۆ هەڵسوکەوت لە بەرژەوەندی هەموان. دەوڵەت لە کیانێکی مەترسیدارەوە لەسەر تاکەکەسان بوو بەهێز و توانــای چــاکە، ڕۆڵــی دەوڵەتـیش گـۆڕا، ئەم ڕۆڵەش پـێش هەموو شتێک دابینکردنی پێداویستیەکانی هاوولاتییەکانی بــوو، بــۆیە خۆشــگوزەرانی دەبیــتە بەرپرســیارێتیی حکــوومەت. لێــرەدا دەبینــین لیبڕالیزمــی نــوێ بــاوکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییە. ئێستا چوارچێوەی کــاری دەوڵەت ئەوەنــدە فــراوان بــووە، کە هەمــوو ئەو کەرتــــانەش بگـــــرێتەوە وا لە دەرەوەی دەســـــەڵاتە دادوەرییەکــانیەوەن. لیبڕالیزمــی نــوێ داوای لە دەوڵەت دەکات دەست لە ئابووری وەربدات تاوەکو زێدەڕەویی نەرێنیــی ســەرمایە و بــازاڕ جــڵەو بکــات. چیتــر ئەرکــی دەوڵەت لە پاراستنی تاکەکان و ڕێگرتن، لە پێشێلکردنی مافەکانیانــدا کــورت نــابێتەوە، بەڵکــو ئەرکەکەی بــۆتە وەدیهێنــانی بەخــتەوەری تاکەکــان، لە ڕێــگەی کــاری بەهێزکردنــی ســەقامگیری ئــابووری و دیســپلینکردنی بــازاڕی جیهــانییەوە. لێرەدا زۆربەی ئایدیاکانی "کینز" لە لیبڕالیزمــی نوێــووە ئیلهامیــان وەرگرتــووە. هەروەهــا دەســـــتوەردانەکان لە بـــواری تـــایبەتی و کـــۆمەڵگەی مەدەنییەوە، بوون بە کاری قبوڵکراو، خێزان (سیاسـەتە

دیمۆگرافییەکـــان)، تەندروســـتی و فێرکـــاری، بێکـــاری، کۆمپانیاکـــــان و پەیوەنـــدییەکانی کـــار و ســـــەندیکا کرێکارییەکــان، هیتــر... بە پشتبەســتن بەمە ئەم چەمــکە نـــوێیەی دەوڵەت وەک پاســـاودانەوەیەک بـــۆ بـــوونی کەرەستە نوێیەکانی وەزیفەی دەوڵەتی کارگێڕی ( LEtat administrative) ســەریهەڵدا. ئەمەیــش واتە پەرەســەندنی کارمەندە پسپۆڕە هەڵنەبژێردراوەکان بۆ چارەسەکردنی کێشــە کــۆمەڵایەتی و ئابوورییەکــان. کەواتە ئێســتا لەو دۆکتــرینە لیبــڕالییە دوور کەوتــووینەتەوە، کە بنەمــای ڕاســپاردنی دەســـەڵاتەکان ڕەتــدەکاتەوە، کە ڕێگــا بە دەرکەوتنی کارمەندە ئیدارییە سەربەخۆکان دەدات، (وەکو دەســتەبەریی کــۆمەڵایەتی لە هەریەکێــک لە فەرەنســا و ئینگلتەرا و دامەزراوەکانی کارگێڕی و ڕێکخستنی بازاڕە داراییەکان، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). ئەوەیش پەیوەســـتە بە دەســـەڵاتە هەڵنەبژێردراوەکـــانەوە، کە دەکەوێتە ژێر کارگێڕیی دەسەڵاتی جێبەجێکرنەوە، بەبێ ئەوەی نوێنەرەکـــان دەســـەڵاتی ئەوەیـــان هەبێـــت هەڵیبسەنگێنن، مەگەر لە حاڵەتی قەیرانەکاندا. زیادبوون و گەشـــەکردنی قەبـــارە و کـــاریگەریی بیرۆکراتییەکـــانی دەوڵەتێک، کە لە بەرامبەر هاووڵاتییەکانیدا بەرپرسیارێتی هەڵناگرێـــت، بە تەریبـــی لەگەڵ زیـــادبوونی گەورەی بیرۆکراتیەتـــدا دەڕوات لە یەکێتییەکـــان و کۆمپانیـــا فرەڕەگەزە زەبەلاحەکاندا، ئەمەیش سەرلەنوی هەڕەشەیە بۆ سەر لیبڕالیزم.

## (4)
# کاریگەرییەکان و پێشهاتە تیۆرییەکان

کاریگەریی لیبڕالیزمی "نوێ" هەمیشە زۆر گرنگ بووە، ئەگەرچی هیچ کات دان بەمەدا نەنراوە، باسیش نەکراوە.

**کینز و لیبڕالیزمی نوێ**

سەرەتا، وێڕای ئەوەی کینز لەژێر کاریگەریی لیبڕالیزمی "نوێ"دا بووە، بەڵام هەر وەک کەسێکی لیبڕالی مایەوە. هەڵەیەکی مێژووییە کینز بە دژە لیبڕالیزمی ئابووریی دابنێین، هەر تەنیا بەهۆی ئەوەی پشتیوانی لە سیاسەتەکانی دەستێوەردان کردووە. ئەگەرچی ئەو دژایەتیی هەندیک ڤێرژنی لیبڕالیزم دەکات، لەوانە لیبڕالیزمی دۆگماتیکی و کۆنزەرڤەتیڤ، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سەر بە قوتابخانەی مانچستەر و حزبی لیبڕالی بوو، یان دژایەتیی ئاراستەی ئابووریی "ئەرسۆدۆکسی"ی سندووقە داراییەکان دەکات (کە ململانێی زۆری لەسەر کراوە)، بەڵام بێگومان دژایەتیی لیبڕالیزمی نوێی نەکردووە، بەڵکو کامڵی کردووە.

لە سەرەتادا دەتوانین بڵێین، کینز پارادایمی لیبڕالیزمی نوێی کامڵ کردووە، لەمەیشدا دوایین پاساوی داوە بە دەوڵەت، پاساوێک کە دەوڵەت زۆر پێویستی پێی بوو: ئەزموون و پسپۆڕێتیی ئابووریی نەک تەنیا کۆمەڵایەتی، وەکو دەوڵەتە کۆمەڵایەتییەکەی پسمارک لە ئەڵمانیا، یان ویدرۆ وێڵسن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەبڕوای کینز،

هۆكاری هەژاری و كێشە كۆمەڵایەتییەكان دەگەڕێتەوە بۆ حكوومەتی ئابووریی خراپ و لاوازیی تواناكان و خراپ بەڕێـــوەبردنی ئـــابووری لەلایەن حكوومەتەكـــانەوە، زۆرجاریش بە "گەمژەییەكانیان" ناوی دەبات، لەمەیشدا ئامـــاژە بە هەنـــدیك لەو كێشـــانە دەكـــات، كە لەگەڵ بەرپرسـانی سـندووقی داهاتەكـان، لەگەڵ پشـتیوانان و لایەنگرانـی بـازاڕ و ئـازادیی بارزگانیـدا، بە هەر نرخێـك بووە، ڕووبەڕوویان بۆتەوە. ئابووریناسیی نوێ، زەمینەی چارەســەری كێشــە ئابوورییەكــان ڕێــك دەخــات و گۆڕاوەكـان دەگۆڕێـت، ئەوەیـش لە ڕێـگەی داخـوازی پێشكەشـكردن، لە ڕێـگەی قەرزكـردنەوە، لەم پێناوەیشـدا پێـی وایە بـۆ جێبەجێكردنـی ئەمە پێویسـتە دەوڵەت، لە ڕێـــگەی سیاســـەتەكانییەوە بـــۆ پشـــتیوانیكردن و جێبەجێكردنـــی پـــڕۆژە گەورەكـــان، لە ڕێـــگەی ئیلهـــاموەرگرتنەوە لە ئابووریناســـە ئەمـــریكییە نائەرسۆدۆكسـییەكانی پـێش كینزیشـەوە، دەسـتوەردان بكات.

ئەوەی كینـز كـردی، پڕۆسـەی تەواوكردنـی لیبڕالیزمـی نوێ بوو، نەك گۆڕینی لیبڕالیزمی نوێ، ئامانجی لەم كارە ئەوە بوو ئایدیای نوێ بهێنێتە ناوەوە، وەكو مەترسییەكان و نادیار و پێشبینی و هەژماركردنی ئەگەرەكان، نەخاسمە گرنگیـی دیـاردە مـاكر-ئابوورییەكـان. هەروەهـا كینـز (بە هەندی غرورەوە) ئاوڕ لە لێكچوونی نێوان تیۆری ڕێژەیی ئەنیشـتاین و تیـۆری گشـتی دەداتەوە، تیـۆری ڕێژەیـی

هاوکێشـەکانی نیـووتن وەک دیـاردەیەکی نـاوازە لە خـۆ دەگرێـت، کە بـۆ ئەو خێراییـانە دەگـونجێن وا لە خێرایـی ڕۆشـنایی کەمتـرن، تیـۆری گشـتیش چەمـکە کلاسـیکی و نیـو-کلاسـیکییەکانی ئـابووریی لیبڕالـی وەک دۆخە ناوازەکان لەخۆ دەگرێت.

دەتـوانین سـەرنج لەوە بـدەین، کە بە ئەنجـامگیرییە واقیعییەکەی و ئاڕاستە زانستی و ئەزموونگەرییەکەیەوە، بەوپەڕی فەخـرەوە ڕایـدەگەیەنێت: «کاتێـک واقیعەکـان دەگـۆڕێن، ڕوانـگەی خـۆم دەگـۆڕم». لەبەرئەوە، کینـز بەدواداچوون، بۆ پەرەسەندنەکانی لیبڕالیزمی نوێ دەکات (وەک ئەڵتەرنـاتیڤی سیاسـەتی پاراسـتن، کە بەشـێکی ڕاسـتڕەوەکان پشـتیوانیی لێـدەکەن، هەروەهـا وەک ئەڵتەرنـاتیڤی سیاسـەتەکانی دەسـتوەردان و دووبـارە دابەشکردنەوەی سامان، کە چەپ پشتیوانیی لێ دەکات)، پەرەسـەندنێک کە بەرهەمـی بەرەوپێشـچوونەکانە لە تەحەکـومکردن بە خـولە ئـابووری و سیاسـییەکانی "کار"ەوە، لەهەمان کاتیشدا، هانی گەشەسەندنی ئابووری دەدات. کینـز، فـاکتەری سـەقامگیریی ئـابووریی گشـتیش دەخـاتە سـەر بەرنـامەی لیبڕالیـی پـێش جەنـگ، تـاوەکو بیخـاتە پـێش هەمـوو شـتێکی دیـکەوە. بەلای ئەوەوە، سـەقامگیریی کورتخـایەنی سـەرمایەداری، خـۆی لە نایەکسانی درێژخایەنی خراپ دابەشکردنی سامانەکان و داهاتەکان، مەترسیدارترە. گەورەترین هۆکار و نەخۆشیی ئابووری، ڕیسک و نادیار و گومان و مەعریفەی لاوازە.

ڕۆڵــی دەوڵەت ئەوەیە لە ڕێــگەی سیاســەتەکانی دراو، وەبەرهێنان لە پرۆژە گەورەکان و ژێرخانی کۆمەڵایەتی و هیتــرەوە، ئەم مەترســیانە کەم بکــاتەوە. کینــز کێشــەی عەدالەتــی کــۆمەڵایەتی لە ئاســتی میکــرۆ-ئــابوورییەوە گواستەوە بۆ ئاستی ماکرۆ-ئابووری. ستەم و فرتووفێڵی کۆمەڵایەتی بۆتە کێشەی مەترسییەکانی داهاتوو، نەبوونی توانـــــای پێشـــــبینیکردن، عەدالەت بـــــۆتە پڕۆســـــەی پێشــبینیکردنی پێشــوەختە. بەپــێچەوانەی ئەوەی بەگشــتی بڕوامـــان پێیەتـــی، ڕەگەزی دووبـــارە دابەشـــکردنەوەی ســامان، ڕۆڵێکــی بچــووکی لە فەلســەفەی کــۆمەڵایەتیی کینــزدا هەیە، لەوێیشــدا دەبێــتە ئــامڕازی ســەقامگیریی مـــاکرۆ-ئـــابووری نەک ئامڕازێـــک لەپێنـــاو ئامـــانجە ئایدیاڵییەکاندا.

**بەرەنگارییەکانی پاش 1970: (هایك و ڕاوڵز)**

به درێژایی سی ساڵی سەرکەوتنی لیبڕالزمی نوێ، ئەم فۆڕمە لیبـڕالییە کەمتازۆرێک بـابەتی کۆدەنگی بـوو. کۆ دەنگی لەبـارەی دەوڵەتـی خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەیـش بە ڕێگـایەکی نـا ڕاسـتەوخۆ کـاریگەریی لەسـەر هەمــوو حزبــی سیاســییە میانڕەوەکــان هەبــوو. بەڵام لە ســەرەتای ســاڵی 1970ــەوە، لیبیراڵیزمــی نــوێ کەوتە بەرهێرشــی ڕەخنەیەکــی دوولایەنە، کە ئەمە تەحەدایەکــی ڕاستەقینەبوو بە ڕوویدا.

له سییەکانەوە، فریدریک هایک دژایەتیی چەمکە ئابوورییەکانی کینز دەکات. بەم دژایەتیکردنە، دژایەتیی بیرۆکەی پێکەوەسازانی نێوان لیبڕالیزم و سۆسیالیزم دەکات. کتێبە بەناوبانگەکەی (ڕێگای کۆیلایەتی، 1944)، بەشێوەیەکی ڕازیکەر، مەترسییەکانی دەستوەردانی دەوڵەت، لە کارگێڕیی ئابوورییەوە پیشان دەدات، لە کاتێکدا دەوڵەت کەرەستەکانی تێگەیشتن، زانینی ئەم مەترسییانەیان نییە، چونکە ئەم ئاڕاستەیە پێویستی بە دەسەڵاتێکی مەترسیدار هەیە، ڕژێمە کۆمۆنیستییەکانیش باشترین نموونەی ئەم مەترسییەن. لەلایەن لیبڕالیزمەوە، سڵکردنەوە و ترسێکی تەقلیدی لە دەسەڵاتی سیاسی هەیە، بەلای هایکەوە، لیبڕالیزمی نوێ نەیتوانیووە ڕێک لە ئایدیا گەورە سەرەکییەکانی خۆی بگرێت. قەیرانی ئابووریی لە کۆتایی حەفتاکاندا و ڕووخانی دیواری بەرلین، دەرفەتی دەرکەوتنی فۆرمە نوێیەکانی لیبڕالیزم دەڕەخسێنن، "نیۆلیبڕالیزم"ی هایک، لیبڕالیزمی میڵتۆن فریدمان، لیبڕالیزمی ڕۆبێرت نۆزێک (Robert Nozick)، هەر هەمووو لەسەر ئەوە کۆکن سەرزەنشتی زێدەڕەوییەکان و پشێوییەکان و شکستەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بکەن، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، ئەوەیش بە گەڕانەوە بۆ ڕێبازی شیکاریی کلاسیکی تاکەکەسی. کتێبی "تیۆری عەدالەت" (théorie de la justice) (ساڵی 1971)ی "جۆن ڕاوڵز"یش، لە قوتابخانەی سیاسیی جیاوازەوە، سەرکۆنەی چەمکی

سوودگەرایی و چاودێریکەرانەی دیموکراسی کرد، کە جێگای ئافەرینی لیبڕالیزمی نوێ بوو. لەسەر ئاستی سیاسی، لیبڕالیزمی نوێ هەڕەشەیەک بوو بۆسەر ئازادییە بنچینەییەکان، چونکە ئەو دەسەلاتانەی، کە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی چاولێبڕاو (بەختەوەری و دەوڵەتی خۆشگوزەران) بەخشراونەتە دەوڵەت، نکوڵی لە ئایدیای فرەئامانجی، ئازادیی تاکەکان لە هەڵبژاردنی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەکەن. لەسەر ئاستی ئابووری، سیاسەتی دووبارە دابەشکردنەوەی سامان بەشێوەیەکی سوودگەرانە، کە تەنیا ئاستی گشتی یان تێکڕای ناوەندی چاکەی گشتی و خۆشگوزەرانی لەبەرچاو دەگرێت، بەبێ ڕاستکردنەوەی خێچی و نایەکسانییە بوونیادییەکانی کۆمەڵگەیە. ڕاوڵز خوێندنەوەیەکی نوێی لیبڕالیزمی کلاسیک بۆ، ئەو لیبڕالیزمە چاودێریکەرییە پێشکەش دەکات، خوێندنەوەیەک، کە ڕێز لە ئایدیاڵە دیموکراسییەکان دەگرێت و غەمەکانی پەیوەست بە عەدالەتی کۆمەلایەتی لەخۆ دەگرێت.

#### فەلسەفەی ئازادی

لیبڕالیزمی نوێ لە سەدەی بیستەمدا چالاکی و زیندوویەتیەکی فیکریی زۆر گرنگی بەخۆیەوە بینی، ئەمەیش یارمەتیدا تاوەکو کەم تا زۆر وەڵامی هەندێک لە تەحەداکانی سەردەمەکەی بداتەوە. کەواتە چۆن دەشێت،

لە سەدەی بیست و یەکدا، دژ بە لادانەکانی نیۆلیبڕالیزم، دووبارە ڕۆح بکرێتەوە بە بەر ئەم لیبڕالیزمەدا، بە قەولی ماکس ڤێبەر، لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نوێ و هاوچەرخەکاندا؟

با بە وشەی ئومێد کۆتایی پێ بهێنین. دەرهەق بە ئایدیا سیاسییە کێبەرکێکارەکان، وەک سیاسەتی سۆشیالیستی یان کۆنزەرڤەتیڤ، لیبڕالیزم بەوە دەناسرێتەوە، کە توانایەکی بەرزی هەیە بۆ هێشتنەوەی بوونیادە چەمکییە جێگیرەکان (توانای لێبووردەیی بوونیادی/ ئەم زاراوەیە شیکارییە نایابە لە مایکڵ فریدن-ـەوە دەخوازین)، لە گۆڕان و گۆڕینەکانیدا. لە ڕاستیدا، بوونیادیی چەمکییانەی لیبڕالزم، هەر وەکو خۆی بەبێ هیچ گۆڕانێک مایەوە. وەک فەیلەسوفی ئەمریکی "ڕۆناڵد دۆرکین" دەڵێت: «لیبڕالیزم لە ئەخلاقێکی سیاسی بنیاتنەرانە پێک هاتووە، کە بە درێژایی مێژوو نەگۆڕاوە، کاریگەرییەکانیشتی هەر لە سەر سیاسەت بەردەوامە». لە لیبڕالیزمی نوێدا چەمکی سەرەکی دەربارەی سەروەریی تاکەکەس، ئازادیی خەڵکانی هاوچەرخ، دەوڵەتی یاسا دەبینین، بەڵام ئەم بوونیادە گۆڕاوە، چونکە پەیوەندیی نێوان چەمکە سەرەکییەکان، چەمکە وەرگیراو و لکاوەکان بە دیموکراسییەتەوە، وەکو یەکسانی و دەوڵەت و چاکەی گشتی، کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر ئەم چەمکە جەوهەرییە بنچینەییانە هەیە. لە کۆتاییدا، ئەم بەها سەرەکییانە (ئازادیی تاکەکەس، ئازادیی بازرگانی،

ڕەتکـــــردنەوەی نەزم و دۆگمـــــاتیزم، توانـــــای خـــۆ-ڕەخنەکـردن،...) سـەرچاوەی ئیلهـام بـوون، بـۆ شـێواز و فـۆڕمێکی کولتـووریی دیـاریکراو و تـایبەت، کە نەرمـی و کرانەوەیەکـی ئەوتۆیـان بەم پێـڕە چەمـکە داوە، ئەمەیـش تایبەتمەنـدییەکە کە لە ئایـدیۆلۆژییەکانی دیـکە جیایـان دەکـــاتەوە. لە ڕوانگەیەکـــی دوورمەوداوە، ئەگەر "مـــاڵی لیبڕالیـزم" بە مـاڵە فیکرییەکـانی دیـکە بەراوورد بکەیـن، دەبینـین ئەم مـاڵە چەنـدین دەرگـا و پەنـجەرەی گەورەی هەیە، کە بەسەر جیهاندا ئاوەڵا و کراوەن.

فەلســەفەی ئــازادی چــی دەڵێــت؟ ئەگەر بێتــوو ئەم پـڕۆژەیە هاوبەنـد و گونجـاو بێـت لەگەڵ دۆگمــاتیزم و لەگەڵ ڕۆحــی سیســتەمێکدا، کە بەگشــتی دەدرێــتە پــاڵ ئایدیۆلۆژیا سیاسـییەکان؟ بە حـوکمی پێناسـەکەی خـۆی، لیبڕالیزم ناتوانێت فەلسەفەی دۆگماتیکی و تائیفی و حزبی بە واتــــا بەرتەســـــکەکەیان، بەرهەم بهێنێـــت. لەبەرئەوە، زێـدەڕەویی لە لیبڕالیزمـدا، بـۆ نمـوونە ئەوەی میڵتـۆن فریـــدمان دەیکـــات، یـــان ئەو فـــۆڕمە لیبڕالیـــزمەی، کە حکوومەتەکـانی تـاتچەر و ڕەیگـان پەیڕەوییـان لێـدەکرد، ئەسـتەمە لە مـاڵی لیبڕالیزمـدا جێگـای ببێـتەوە، چـونکە بەخێرایـــی دەگۆڕێـــت و دەبێـــتە تەوژم و هزرێکـــــی کۆنزەرڤەتیڤ، لەلایەکەوە لەبەر کۆمەڵێک پاساوی فۆرماڵ (کە زۆرجار دۆگمایی و پەڕگیرن) لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ناوەڕۆکی هزرەکانی. لەبەرامبەردا، ئەگەر چەمکی "توانای لێبـوردەیی"، بەشـێوازە ڕاوڵـزییەکەی، بەسـەر هەمـان

فەلسەفەدا پراکتیزە بکەین، ئەوا لیبڕالیزم لە نێو یەک دنیا ئایدیا و بەهادا دەردەکەوێت، کە ئەگەرچی جەوهەرێکی نەگۆڕیان هەیە، کەچی هێشتا شیاوی ڕێکخستنەوەیەکی نوێی جیاوازن، وەکو جۆن ستیوارت میل، یان هەر نووسەرێکی دیکەی لیبڕالیزمی نوێ لەوانەی لەسەرەوە باسمان کردن، کردوویەتی.

هەڵبەت دەتوانین پەلپ بە ئایدیای نەرمی و بژاردەکاریی بەرفراوان بگرین ئەگەر بێت و لە ڕووی سیاسییەوە جێگای قبوڵکردن نەبێت، یان نیشانەکانی لاوازیی بخاتەسەر ئاستی گشتیی کولتوور. لە ڕاستیدا، ئەوە خاڵی بەهێزی ئایدیۆلۆژیای سیاسییە، کە توانای تازەبوونەوە و تێکەڵبوون بە هەلومەرج و ڕەوشە نوێیەکانی هەیە، دەتوانێت هاریکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکاندا بکات. بەڵام ئەوەی بەلای تەوژمێکی کولتوورییەوە مومکینە، مەرج نییە بەلای حزبێکی سیاسییشەوە مومکین بێت. لەبەرئەوە، تیشکدانەوەی لیبڕالیزمی نوێ، زیاتر لە بزووتنەوە کولتوورییەکانەوە دێت، نەک لە پرۆگرامە حزبییەکانەوە. بەوەیش لیبڕالیزم هەر وەکو سەرچاوەیی سروش و ئیلهامی بەشێکی زۆری ئەو توێژەرانە دەمێنێتەوە، کە بەدوای وەڵامی تەحەدا نوێیەکانی جیهاندا دەگەڕێن، ئەو جیهانەی کە دوور لە قاڵبە چەقبەستوو و دۆگماییەکان، خۆی دەردەخات.

## سەرچاوەکان

https://www.lebanese-forces.com/2013/07/03/

## پەراوێزەکان

LEconomie politique، FRANCE، No44-2009
www.leconomiepolitique.fr
Rédacteur en Chef adjoint: M. Christian Chavagneux
Catherine Audard: Quest-ce que le libéralisme? Ethique، Politique، Société-Paris، Gallimard-2009.

## (دوو)

# ئازادی تەنیا
# وشەیەکی دیکەیە

**دەیڤد هارڤەی**

بۆ ئەوەی هەر شێوازێکی بیرکردنەوە ببێتە شێوازێکی باو، پێویستە دامودەزگای چەمکییانەی کاملّی هەبێت؛ پێویستە بە پەیگیری و پاڵنەر و بەها و ئارەزووەوە تاکەکەسییەکانەوە حکوم بدات، و لەگەڵ توانستە ڕەسەنەکانمان، لەو جیهانە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژین. ئەگەر ئەم دامودەزگایە سەرکەوتوو بێت، ئەوا لە جەرگەی عەقڵی سەلیم و ڕای دروستدا بە جۆرێک ڕەگ دادەکوتێت، کە بەڵگەنەویستانە هەرهەمووی وەردەگیرێت و چیتر بۆ پرسیارلێکردن و ڕەتکردنەوە ناشێت. دامەزرێنەرانی فکری نیۆلیبڕالیزم کەرامەتی مرۆیی و ئازادیی تاکەکەسییان کردووە بە دوو ئایدیاڵیی سیاسیی سەرەکی، کە دامودەزگا چەمکییەکەیان لە دەوری تەوەرە دەبەستن و بە دوو "بەهای سەنتراڵی شارستانێتی"ـیان دادەنێن. هەڵبژاردنەکەیان دروست و حەکیمانەیە، ئەم دوو ئایدیاڵە ئەوەندە سەرنجڕاکێشن و توانای قەناعەتپێهێنانیان هەیە کە بە کردەیی ناکرێت بەرپەرچبدرێنەوە؛ ئەوان وایانداناوە ئەم دوو بەهایە نەک تەنیا فاشیزم و کۆمۆنیزم و دیکتاتۆرییەتی جیاواز هەڕەشەیان لێدەکەن، بەڵکو هەموو فۆڕم و شێوازەکانی دەستێوەردانی دەوڵەتیش دەبنە هەڕەشە بۆیان، چونکە بەم کارە [بەم دەستتێوەردانە] حوکمە دەستەجەمعییەکان دەخەنە بری ئازادیی تاکەکان بۆ هەڵبژاردن.

چەمکی کەرامەت و ئازادیی تاکەکەس، لە خۆیاندا بالادەستی و سەرنجڕاکێشییەکی زۆریان هەیە، هەردووکیان بەر لە کۆتایی جەنگی سارد، هانی هێزە

ئۆپۆزسیۆنەکان و بزووتنەوە جوداخوازەکانیان داوە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یەکێتیی سۆڤیەت و ڕەوایەتییان پێبەخشیون؛ هەردووکیان لە پشت جووڵانەوەی خوێندکارانەوە بوون لە گۆڕەپانی "تیانمێن" لە پەکینی پایتەختی چین، بەر لەوەیش لە ساڵی 1968دا، بزووتنەوە خوێندکارییەکان کە جیهانیان گرتەوە –هەر لە پاریسەوە تاوەکو شیکاگۆ و بانکۆک و مەکسیکۆ- بە شێوەیەکی بەشەکی هەمان هەوڵیاندا بۆ وەدیهێنانی بڕێکی زیاتر لە ئازادیی ڕادەربڕین و هەڵبژاردنی تاکەکەسی. دەتوانین بە گشتی بڵێین: ئەم دوو ئایدیاڵە هەموو ئەو تاکەکەسانە بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشێن کە توانای بڕیاردان لەلایەن خۆیانەوە زۆر دەنرخێنن.

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئایدیای ئازادی، کە لە بنەڕەتدا لە قووڵایی نەریتە ئەمریکییەکاندا ڕەگی داکوتاوە، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە ژیانی هاوچەرخی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. زۆرێک لە ئەمریکییەکان یەکسەر ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەریان وەها لێکدایەوە کە هێرشە بۆ سەر ئازادی. بۆ نموونە سەرۆک (بۆش) لە ساڵیادی ئەو ڕۆژە شوومەدا نووسیویەتی: "*ئاشتی باڵ بەسەر جیهانەکەماندا دەکێشێت و ئازادیی تێیدا گەشەدەسەنێت، ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی ئەمریکا دەکات و بەردەوامێتی ئایدیاڵی جێگیریی ئەمریکی دەنوێنێتەوە و هاوپەیمانانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهاندا یەکدەخات*". "*مرۆڤایەتی لەمرۆدا هەلی ئەوەی لە دەستی خۆیدا هەڵگرتووە کە*

*دەرفەتــی ســەرکەوتن و بەدەســتهێنانی ئــازادی، بەســەر دوژمــنە کۆنەکانیــدا ببەخشــێت*". بــۆش گوتــارەکەی ئــاوا تەواو دەکــات: "*ویــلایەتە یەکگرتووەکــان پێشــوازی لەو بەرپرســیارێتییانە دەکــات کە بــۆ هەڵگرتنــی ئەم پەیــامە مەزنە خــراوەتە ئەســتۆی*". مــاوەیەکی کەم دوای ئەوە، بەڵگەنــامەی "***ســتراتیژی بەرگریــی نەتەوەیــی ویــلایەتە یەکگرتووەکــان***" دەرچــوو، هەمــان زمــانی هەبــوو، پاشــان بۆش دواتر گوتی: '*ئــازادی خەڵاتــی خــودای بەتوانــایە بــۆ هەر پیاو و ژنێک لەم جیهانەدا*"، ئەوەش دەڵێت: "*ویلایەتە یەکگرتووەکــان وەک گەورەتــرین هێــزی ســەر ڕووی زەوی، ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئازادیی لە ئەستۆیە*"[1].

کاتێک کەموکورتییەکانی هەموو هۆکارەکانی تر بۆ پاساودانەوەی جەنگی پێشوەختە بۆ سەر عێراق سەلمان، سەرۆک دەستی گرت بەو ئایدیایەوە کە ئەو ئازادییەی دراوە بە عێراق، لە خۆیدا پاساوێکی کافی بوو بۆ جەنگ: عێراقییەکان ئازاد بوون، ئەوان تەنیا ئەمەیان بۆ گرنگ بوو. بەڵام جۆری ئەو "ئازادی"ـیە چییە کە لێرەدا وێنا دەکرێت و باسدەکرێت، گوایە "ئازادی"، وەک ڕەخنەگری کولتووری (ماتیۆ ئارنۆڵد) بە تیژبینییەوە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا سەرنجی لێداوە، '*ئەســپێکی نایــابە کە*

1G. W. Bush, 'President Addresses the Nation in Prime Time Press Conference', 13 Apr. 2004; http://www.whitehouse.gov/news/releases/ 2004/0420040413–20.html

*تاویدەدەین، بەڵام بە شێوەیەکی دیاریکراو تاویدەدەین*"[2].
داخۆ بە چی شێوەیەک دەکرێت گەلی عێراقی ئەو ئەسپی ئازادییە تاو بدەن کە بە هێزی چەک پێیان بەخشراوە؟

لە 19ی سێتێمبەری 2013دا، ئیدارەی بۆش وەڵامی خۆیان خستنەڕوو، ئەو کات (پۆڵ بریمەر)، سەرۆکی کاتیی دەسەڵاتی هاوپەیمانی لە عێراق، چوار فەرمانی دەرکرد، لەنێویاندا "بەتایبەتکردنی تەواوەتیی هەموو پرۆژە گشتییەکان لە عێراقدا، پێدانی مافی تەواو بە کۆمپانیاکان بۆ خاوەنداریێتیکردنی پرۆژە و کارەکانیان لە عێراق، ئازادی تەواو بۆ گواستنەوەی قازانجەکانیان لە دەرەوەی عێراق، هەروەها کردنەوەی بانکە عێراقییەکان بە ڕووی باڵادەستیو هەژموونی بیانیدا، یەکسانی تەواو لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا نیشتمانی و بیانییەکاندا، هەروەها لابردنی زۆربەی هەرە زۆری کۆسپەکان لە بەردەم ئازادیی بازرگانیدا [لەبەردەم بازرگانیی ئازاددا]"[3].
ئەم حوکمانە بەسەر بوارە ئابوورییەکاندا پراکتیزە دەکرێن، بە کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و خزمەتگوزاریی دارایی و پیشەسازی و گواستنەوە و خانووبەرە و میدیایشەوە. تەنیا کەرتی نەوت لەم حوکمانە بەخشرا (ڕەنگە لەبەر گرنگییە جیۆپۆلەتیکییەکەی و پێگە تایبەتییەکەی وەک بەرهەمی ڕاستەقینەی داهاتی

---

[2] Matthew Arnold is cited in R. Williams, Culture and Society, 1780–1850 (London: Chatto & Windus, 1958), 118

[3] A. Juhasz, 'Ambitions of Empire: The Bush Administration Economic Plan for Iraq (and Beyond)', Left Turn Magazine, 12 (Feb./Mar. 2004), 27–32.

نەتەوەیـی بێـت، کە توانیـویەتی تێچـوون و خەرجییەکـانی جەنـگ دابـین بکـات). لە بەرامـبەردا، کۆتوبەنـدی تونـد بەسەر بازاڕی کاردا سەپێندرا، بە کردەنییش مانگرتنەکان لە هەموو کەرتە کلیلییەکانی ئابووریی عێراقدا قەدەغەکرا، مافەکـانی بە ئەنـدامبوونیش لە سـەندیکا کرێکارییەکانـدا یەکخرا. هەروەها سیستەمێکی باجی سەربەرەو خوار تا ئەوپەڕی ڕادە سـەپێنرا (بـۆ جێبەجێکردنـی پلانێـک کە دەیویست چاکسازیی لە باجدا بکات، ئەمەش شتێک بوو کە کۆنزەرڤەتیڤەکـان لە خـودی ویلایەکگرتووەکـانیش هەمیشە داوایان کردووە).

هەنـدێک لەوان مشـتومڕی ئەوەیـان کـرد کە ئەم حوکمـانە بەندەکانی ڕێکەوتننـامەی "جنێڤ" و "هێگ"یـان پێشێل کردووە، چونکە دەسەڵاتی داگیرکەر ڕاسپێردراوە بۆ پاراستن نەک فرۆشتنی ژێرخـان و سامانەکانی وڵاتە داگیرکـراوەکە[4]. هەنـدێک لە عێراقییەکـان ڕووبەڕووی سـەپاندنی ئەو شـتە بوونەوە کە گۆڤـاری ئیکۆنۆمیسـتی ناوینا سیستەمی "خەونی سەرمایەداری" بەسەر عێراقدا. یەکێک لە ئەندامەکانی دەسەڵاتی کـاتیی هاوپەیمـانی، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دایمەزراند، ڕەخنەی لە سەپاندنی "بنچینەکـانی بـازاڕی ئـازاد" گـرت و وەهـای دایە قەڵەم "لۆژیکێکی هەڵەیە کە مێژوو فەرامۆش دەکات"[5]. لەڕاستیدا گەر فەرمانەکـانی پـۆڵ بـریمەر لەلایەن دەسـەڵاتی

---

[4] N. Klein, 'Of Course the White House Fears Free Elections in Iraq', Guardian, 24 Jan. 2004, 18.

[5] T. Crampton, 'Iraqi Official Urges Caution on Imposing Free Market', New York Times, 14 Oct. 2003, C5.

داگیرکەرەوە سەپێنرابان ناشەرعی دەبوون، بەڵام ئەگەر لەلایەن حکومەتی "خاوەن سەروەری"یەوە بسەلمێنرێن و ڕاستاندنیان بۆ بکرێن (موسادەقە بکرێن) ئەوا دەبنە فەرمانی شەرعی. دواتر حکومەتی کاتی (انتقالي)، کە ئەویش هەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دایمەزراند و لە کۆتایی یونیۆی 2004دا جڵەوی دەسەڵاتی لە حکومەتی هاوپەیمانیی نیشتمانی وەرگرت، ڕایگەیاند کە خاوەنی "سەروەری"یە، بەڵام دەسەڵاتەکەی هەر لەوەدا کورت بووبووەوە کە یاسا هەبووەکان بچەسپێنێت. بەر لە ڕادەستکردنی دەسەڵات بە حکومەتی کاتی، (پۆل بریمەر) هەندێک یاسای تایبەتی بە سیفەت و ڕێساکانی بازاڕی ئازاد و ئازادیی بازرگانی لە عێراقدا، بەوپەڕی وردەکارییەوە لاواز کرد (وەکو دۆزە پڕ وردەکارییەکانی پەیوەست بە یاساکانی مافی بڵاوکردنەوە و نووسین و مافی خاوەنداریێتیی فیکری)، ئومێدەوار بوو کە ئەم ڕێکخستنە دامەزراوەییانە "گوڕ و ژیانێکی خودی"ی وەربگرێت، بە جۆرێک ئەستەم بێت پێچەوانە بکرێتەوە و ئاڕاستەکەی بگۆڕدرێت[6].

بە گوێرەی تیۆری نیۆلیبڕالیزم، ئەو جۆرە ڕێکار و ڕێوشوێنانەی کە بریمەر سەپاندنی، زەروری و کافی بوون بۆ دروستکردنی سامان، پاشانیش بۆ چاکسازیی گشتی لە بەرژەوەندیی هەموو گەلی عێراق. گریمانەکردنی ئەوەی کە ئازادییە تاکەکەسییەکان بە ئازادیی بازاڕ و ئازادیی بازرگانی بەهێز دەبێت و پشتیوانیی لێدەکرێت،

---

[6] . Juhasz, ‘Ambitions of Empire’, 29.

ڕووخساری سەرەکیی بیرکردنەوەی نیۆلیبڕالیزمە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ هەژموونی بەسەر هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی دیکەی جیهانیشدا هەبوو[7]. بەڵام ئەمریکا هەوڵیدا بە هێز لە عێراقدا بیسەپێنێت، ئەمەش بە ڕوونی هێنانەبوونی دامودەزگای دەوڵەتێک بوو، کە ئەرکە سەرەکییەکەی دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بوو بۆ ئاسانکردنی کەڵەکەبوونی سەرمایەداریی قازانجویست، هەم هی لۆکاڵی و هەم هی بیانی پێکەوە. ناو لەم دەوڵەتە دەنێم دەوڵەتی نیۆلیبڕالیزم، کە بەوەدا دەناسرێتەوە ئەو ئازادییانەی فەراهەمیان دەکات، بەرژەوەندیی خاوەندارانی تایبەت و بسنزمانەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و سەرمایەداریی وەبەرهێنەرانە دەینوێننەوە. بە کورتی، بریمەر عێراقییەکانی بۆ ئەوە بانگهێشت کرد کە ئەسپی ئازادی ڕاستەوخۆ بەرەو مێرگی نیۆلیبڕالیزم تاو بدەن.

شایەنی باسە، یەکەمین ئەزمونی پێکهێنانی دەوڵەتی نیولیبڕالیستی لە چیللی بوو، دوای کودەتاکەی (ژەنەراڵ بینۆشییە) لە "11ی سێتپێمبەری بچووک"یساڵی 1973دا (واتە نزیکەی سی ساڵ بەر لەوەی بریمەر سروشتی ئەو ڕژێمە ڕابگەیەنێت کە لە عێراق دایدەمەزرێنێت). کودەتاکەی بینۆشییە بەسەر حکومەتی (سالڤادۆر ئەلیندی)دا کە بە ڕێگایەکی دیموکراسییانە هەڵبژێردرابوو،

[7] G. W. Bush, 'Securing Freedom's Triumph', New York Times, 11 Sept. 2002, A33. The National Security Strategy of the United State of America can be found on the website: www.whitehouse.gov/nsc/nss.

به هاندانی دەستەبژێری پارەوپول و بزنسە لۆکاڵییەکان بوو، چونکە کە ئەلیندی بەرەو سۆسیالیزم هەنگاوی دەنا بەرژەوەندییەکانی ئەوان کەوتبووە بەردەم مەترسی، هەروەها بە پاڵشتیی کۆمپانیا گەورە ئەمریکییەکان و ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکی (CIA) و خودی (هێنری کیسنجەری) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو. کودەتاکە بەوپەڕی زەبروزەنگەوە هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و رێکخراوە سیاسییە چەپەکانی سەرکوت کرد، هەموو فۆرم و شێوازە رێکخستنە میللەکانی لەبەریەک هەڵدەوەشاندەوە (وەکو سەنتەرە بەکۆمەڵەکانی چاودێریی تەندروستی لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا)؛ بازاڕی کاری لە هەموو دیسپلین و کۆتوبەندە دامەزراوەییەکان (بۆ نموونە وەکو دەسەڵاتی سەندیکای کرێکاران) "ئازاد" کرد. بەڵام کێشەکە لەسەر ئەوە بوو چۆن ئابوورییەک ببوژێنرێتەوە کە بە تەواوەتی لەسەر کار وەستاوە، بۆیە سیاسەتەکانی قەرەبووکردنی هاوردەکردن (بە چاودێریی کۆمپانیا نیشتمانییەکان، لە رێگەی پشتیوانیی راستەوخۆی حکومەتەوە یان پاراستنی گومرگییەوە) شکستیان هێنا، ئینجا لە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی ئابووری هەژموونی لەسەر هەوڵەکانی ئەمریکای لاتین کرد، بەتایبەتیش لە چیللی، ئەم سیاسەتانە ناوبانگیان بەخراپ رۆیشت، چونکە چیتر بە باشی و بەو جۆرەی لێیاندەخوازرا کاریان نەدەکرد؛ لەگەڵ توندبوونەوەی قەیرانی داکشانی ئابووریشدا، کە

لەو کاتەوە جیهانی تێکەوتبوو، دەبوو شێوازێکی مامەڵەی نوێ بدۆزرێتەوە.

کۆمەڵێـــک ئابووریناســـاس بانگهێشـــت کـــران –کە بە "نەوەکانی شیکاگۆ" ناوزەدکران، بەهۆی پەیوەستبوونی ئەم ئابووریناســـانەوە بە تیـــۆرە نیولیبراڵیســـتییەکانی (میلتۆن فریدمان)ەوە، کە لە زانکۆی شیکاگۆ توێژینەوەی لە ئـــابووریی دەکـــرد–، داوا لەم ئابووریناســـانە کـــرا هاوکاربن لە دووبارە دارشتنەوەی هەیکەلی ئابووریی چیللی. چیرۆکی هەڵبژاردنی ئەمانە ئەوەندە سەرنجڕاکێشە کە شایەنی باسکردنە. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی پەنجاکـــانی ســـەدەی بیســـتەمەوە تێچـــوونی ڕاهێنـــانی ئابووریی چیللی لە زانکۆی شیکاگۆ دابین دەکرد، ئەوەیش لە چوارچێـــوەی بەرنامەیەکـــدا بـــوو ئامـــانجی بەرەنگاربوونەوەی ئاراستە چەپەکان بوو لە ئەمریکای لاتـــین لە کـــاتی جەنگـــی ســـارددا. ئابووریناســـە مەشقپێکراوەکان لە شیکاگۆ هەژموونیان بەسەر زانکۆی کاتۆلیکیی تایبەت لە سانتیاگۆی پایتەختدا هەبوو، چونکە دەســـتەبژێری کـــار و بســـنزمانەکان بەرەنگـــاربوونەوەی سیاســـەتەکانی ئەلینـــدییان لە ســـەرەتای حەفتاکانـــدا ڕێکخست، ئەویش لە ڕێگەی گەلەکۆمەیەکەوە کە ناونرا "یـــانەی دوو". بســـنزمانەکان تێچـــوونی لێکـــۆڵینەوە ئابوورییەکانی چەند پەیمانگایەکی لێکۆڵینەوەیان دابین کرد، لەنێوان ئەم دوو لایەنەشدا پەیوەندییەکی بەهێزی کـــار دامەزرا. ســـاڵی 1975 و دوای لەســـەرکارلابردنی (ژەنەڕاڵ گۆســـتافۆلی)، کێبەرکێکـــاری بینۆشـــیە لەســـەر

دەسەڵات و یەکێک لە شوێنکەوتووانی قوتابخانەی کینزی لە ئابووریدا، بینۆشیە ئابووریناسەکانی شیکاگۆی بردە نێو حکومەتەکەیەوە، ئەرکی لەپێشینەیشیان دانوستان بوو لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا بۆ وەرگرتنی قەرز. ئابووریناسانی شیکاگۆ لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەڵەتیدا کاریان کرد کە دووبارە هەیکەلی ئابووریی چیللی بە گوێرەی تیۆری خۆیان دابڕێژنەوە. هەموو پرۆسەکانی خۆماڵیکردنیان پێچەوانە کردەوە. بناغە گشتییەکانیان بەش بەش و تایبەت کرد، سامانە سروشتییەکانیان لەبەردەم وەبەرهێنانە تایبەتییەکان کردەوە (ڕاوە ماسی و تەختە و ...هیتر)، خستیانە بەردەم بەکارهێنانێکی کراوە و بێ کۆتوبەند (زۆرکات بەوپەڕی دڵڕەقییەوە مامەڵەیان لەگەڵ داواکاریی دانیشتووانە ئەسڵییەکەدا دەکرد)، پاشان کەرتی بیمەی کۆمەڵایەتییان تایبەت کرد، ئاسانکارییان کرد بۆ خستنەگەڕی سەرمایەگوزارییە بیانییە ڕاستەوخۆکان وەدیهێنانی گەورەترین ئازادیی بازرگانی. هەروەها دەوڵەت مافی کۆمپانیا بیانییەکانی زامن کرد بۆ ناردنی قازانجەکانیان لە کار و پرۆژەکانی چیللییەوە بۆ دەرەوە، سیاسەتێکی گەشەپێدان گیرایە بەر کە پشتی بەستبوو بە ناردن نەک بە هاوردەکرد یان قەرەبووکردنەوە. وەکو چۆن لە عێراقدا تەنیا نەوت لە دەستی حکومەتدا مابوو، لە چیللیش تەنیا یەک کەرت هەبوو کە دەوڵەت خاوەندارێتیی لێدەکرد، ئەویش مس بوو، مس سەروەتێکی سروشتی کلیلی بوو لە چیللیدا. سەنترالێتیی ئەم کەرتە بۆ زیندووێتی بودجەی دەوڵەت

سـەلمێنرا، چـونکە داهاتەکـانی فرۆشـتنی مـس بە تەواوی دەچـووە خـەزێـنەی دەوڵەت. بەڵام بـووژانەوەی کتـوپڕی ئـــابووریی چیللـــی لە ڕووی تێکـــڕای گەشەســـەندن و کەڵەکەبـــوونی ســـامان و ڕێـــژەی بەرزی داهاتەکـــانی وەبەرهێنانە بیانییەکان، ماوەیەکی کەمی خایاند و زۆری نەبـرد بە تەواوی کەوتە نێـو قەیرانـی ئەو قەرزانەوە کە هەر لە سـاڵی 1982ـەوەوە، ئەمریکـای لاتـین تێیـدا دەژی. بەرەنجامەکە پەیڕەوکردن بوو لە میتۆدێکی پراگمـاتیتر و کەمتـــر ئایـــدیۆلۆژی لە پراکتیزەکردنـــی سیاســـەتە نیولیبڕالییەکـان لە سـاڵانی دواتـردا. هەمـوو ئەمـانە، بە ئاستی بەرزیـی پراگماتیزمیشـەوە، بەڵگەی بەسـوودبوون کە کـارایی و گرنگیـی خۆیـان سـەلماند بۆ پشـتیوانیکردنی گۆڕانی دواتـر بەرەو نیۆلیبڕالیزم لە هەریەکە لە بەریتـانیا (لەژێر حوکمی تاتچەر) و ویـلایەتە یەکگرتووەکـان (لەژێر حوکمی ڕەیگان) لە هەشتاکاندا. ئەمە یەکەمجـاریش نەبـوو ئەزمـــوونێکی دڕنـــدانە لە دەوروبەر [پەراوێزەکـــان]ـــدا جێبەجێبکرێـت و پاشـــان بگۆڕدرێـت بە پارادایمێـک بـۆ پێکهێنـان و داڕشـتنی سیاسـەتەکان لە سـەنتەردا (ڕێـک وەکـــو ئەزمـــوونی سیســـتەمی بـــاجی جێگیـــر، کە مەرسومەکانی بریمەر لە عێراق پێشنیاری کردبوو)[8].

[8] M. Fourcade-Gourinchas and S. Babb, 'The Rebirth of the Liberal Creed: Paths to Neoliberalism in Four Countries', American Journal of Sociology, 108 (2002), 542–9; J. Valdez, Pinochet's Economists: The Chicago School in Chile (New York: Cambridge University Press, 1995); R. Luders, 'The Success and Failure of the State-Owned Enterprise Divestitures in a

حەقیقەتـــی ڕوودانـــی هەردوو پرۆســـەی دووبـــارە دارڕشـتنەوەی هەیکەلـی دەزگـای دەوڵەت، لە دوو زەمەنـی جیاواز و لە دوو شوێنی دوور لە یەکدا، بەڵام تاڕادەیەک بە هەمان شێواز، لە هەموو دۆخێکیشدا لەژێر کاریگەریی زۆرەملێی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئاماژە بەوە دەدات کە ڕەنگە هێزی دڵڕەقانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە پشـتی بڵاوبـــــوونەوەی خێـــــرای شـــــێوازەکانی دەوڵەتـــــی نیۆلیبڕالیزمەوە بێت بە هەموو جیهاندا، هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە هەتـاوەکو ئێسـتا. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەگەرچـی بێ هـیچ گومانێـک لە مـاوەی سـی سـاڵی ڕابـردوودا ئەم مەسەلەیە چەندین جار ڕوویداوە، وەکو ئەوەی ڕەهەندە لۆکـاڵییەکەی گـۆڕانی چیللـی بـۆ نیـۆلیبڕالیزم ئامـاژەی پێدەدات. کەچـی ئەوە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان نەبـوو کە مارگرێـت تـاتچەی ناچـارکرد ئەو ڕێـڕەوی پێشـەوایەتییە بگـــرێتە بەر کە لە ســـاڵی 1979دا لە پشـــتیوانیکردنی نیۆلیبڕالیزمدا گرتیەبەر؛ هەروەها ویـلایەتە یەکگرتووەکـان ساڵی 1978 چینی ناچار نەکرد ڕێڕەوە لیبڕالییەکە بگرێتە بەر. هەروەهـا نـاتوانین بە ئاسـانی وڵاتە بچووکەکـان بە ئاڕاستەی نیۆلیبڕالیزم لە ساڵانی هەشتاکاندا لە هیندسـتان و لە نەوەدەکانـدا لە سـوید، بـدەینە پـاڵ دەسـتی درێـژی هێـزی ئیمپریـالیزمی ئەمریکـی. بێگومـان پەرەسـەندنی ناهاوتـا و نـاڕێکخراوی نیـۆلیبڕالیزم لەسـەر شـانۆی جیهـانی، پرۆسـەیەکی ئێجگـار ئـاڵۆز بـوو، پێویسـتی بە

Developing Country: The Case of Chile’, Journal of World Business (1993), 98–121.

چەندین حوکم و بڕیاری جۆراوجۆر هەبوو، چەندین فەوزا و گرژیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. کەواتە، بۆچی گۆڕان بەرەو نیۆلیبڕالیزم ڕوویدا و ئەو هێزانە کامانەن کە وایان لێکرد تا ئەم ڕادەیە لەنێو سەرمایەداریی جیهانیدا هەژموون بکات؟

**وەرچەرخان بەرەو نیۆلیبڕالیزم؟**

دووبارە داڕشتنەوەی هەیکەلی دەوڵەت و فۆڕمەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، نەخشەی بەتایبەتیکردنی داڕشت تاوەکو بەر بە گەڕانەوە بۆ نێو ئەو دۆخە کارەساتهێنانە بگرێت کە تا ئاستێکی مەترسیدار، لە ڕێگەی ماوەی داتەپینی گەورەی سالانی سییەکانەوە، هەڕەشەی لە سیستەمی سەرمایەداریی کرد. هەروەها نەخشەی داڕشت بۆ ڕێگریکردن لە سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەی کێبەرکێی جیۆسیاسییەکان لەنێوان دەوڵەتاندا، چونکە ئەو کێبەرکێیانە بە کردەیی بوونە مایەی هەڵگیرسانی جەنگ. لەسەر ئاستی ناوخۆیی، دەبوو جۆرێک یەکسانکردنەوەی چینایەتی لەنێوان سەرمایە و هێزی کاردا بهێنرێتە گۆڕێ، تاوەکو ئارامی و ئاشتیی لۆکاڵی مسۆگەر بکرێت. ڕەنگە باشترین نموونە بۆ شێوازی بیرکردنەوەی باوی ئەو کات، دەقێکی زۆر گرنگ و کاریگەر بێت کە ساڵی 1953 دوو کۆمەڵناسی بەناوبانگ "ڕۆبێرت داهل و چارلز لیندبلوم" بڵاویان کردەوە و تێیدا مشتومڕی ئەوەیان کرد کە سەرمایەداری و کۆمۆنیزم، بە هەردوو شێوازە

ئەسڵییەکەیانەوە بە تەواوەتی شکستیان هێناوە، تاکە چارەسەریی داهاتووش لە دۆزینەوەی ئاویتەیەکی گونجاوی دامەزراوەکانی دەوڵەت و بازاڕی ئابووریی و پەیکەرە دیموکراسییەکاندایە، کە ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانیی بۆ هەمووان دابینبکات[9]. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، نەزمی نوێی جیهانی لە میانەی "ڕێککەوتنەکانی بریتۆن وودز" و لە ڕێگەی دامەزراندنی دامەزراوە نێودەوڵەتییە جیاوازەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و بانکی هاوتا نێودەوڵەتییەکان لە شاری پازل، دامەزرا. هەموو ئەم دامەزراوانە هەوڵیاندا هاوکاربن لە سەقامگیریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. نەزمی نوێ هانی ئازادیی بازرگانیکردنی بە کالاّ و شمەکەکانەوە دا، بە گوێرەی سیستەمێکی نەختینەیی کە پشت ببەستێت بە تێکڕاکانی نەختە جێگیرەکان، سیستەمێک کە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو ئەگەرە دامەزراوە کە دۆلاری ئەمریکی بە نرخی جێگیر بگۆڕێت بە ئاڵتوون. جا لەبەرئەوەی تێکڕاکانی نەختی جێگیر لەگەڵ ئازادیی لێشاوی سەرمایەدا ناگونجێت و ڕوونە کە چار نییە و دەبێت لەژێر کۆنترۆڵدا بهێڵدرێتەوە، دەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگە بدات لێشاوی دۆلار لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە بە ئازادی بێت، تاوەکو وەک دراوی

[9]R. Dahl and C. Lindblom, Politics, Economy and Welfare: Planning and Politico-Economic Systems Resolved into Basic Social Processes (New York: Harper, 1953)

یەدەگی نەختینەیی جیهانی وەزیفەی خۆی جێبەجێ بکات. وەک دەزانین سەرجەمی ئەم سیستەمە لەژێر سایەی پاراستنی سەربازیی ئەمریکیدا دامەزرا و تەنیا یەکێتیی سۆڤیەت و جەنگی سارد بوو کە سنوورێکی بۆ درێژبوونەوە جیهانییەکەی دانا.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە ئەوروپا کۆمەڵێک ڕژێمی هەمەجۆری سۆسیال دیموکراتی و دیموکرات مەسیحییەکان و دەوڵەتانی ئابووریی بەرچاو سەریانهەڵدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش خۆی گۆڕی بۆ شێوازی دەوڵەتی لیبراڵ دیموکراسی، لە کاتێکدا ژاپۆن، لەژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، دەزگایەکی دەوڵەتیی دامەزراند کە لە ڕووی فۆرماڵەوە دیموکراسی بوو، بەڵام بە کردەیی بیرۆکراسییەتێکی بەرزی هەبوو، دەسەڵاتی سەرپەرشتیارییش ڕایسپارد بۆ پرۆسەی دووبارە بیناکردنەوەی دەوڵەت. هەموو ئەم دەوڵەتە هەمەجۆرانە، کۆلکەیەکی هاووبەشیان هەبوو. ئەویش قبوڵکردنی ئەوە بوو کە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، ئەرکی دەوڵەت هەوڵدانە بۆ وەدیهێنانی کرێگرتەییە تەواوەتییەکان و گەشەسەندنی ئابووری و چاودێریی کۆمەڵایەتی هەموو هاووڵاتیەکانی، وێرای ئەرکی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت بە ئازادی، چ بۆ کارکردن لەپاڵ پرۆسەکانی بازاڕی ئابوورییەوە، چ بۆ دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاری ئەو بازاڕانەوە و بگرە ئەگەر پێویست بکات جێگیرتنەوەشیان. هەر بە کردەییش سیاسەتە دارایی و

نەختینەییەکان لە بازنەیەکی بەرفراواندا بەکارهێنران بۆ کەمکـــردنەوەی خێرایـــی ســـووڕە ئابوورییەکـــان و دەســتەبەرکردنی ڕادەی شــیاو لە کرێگرتەیــی تەواوەتــی. ئەمەش ئەو شتەیە کە ناوی لێنراوە قوتابخانەی ئابووریی "کینزی". هەروەها "هاوتایی چینایەتی"ـی گشتیی لەنێوان ســەرمایە و کــاردا خــرایەڕوو، وەک دەســتەبەرییەکی کلیلییانە بۆ ئاشتی و سەقامگیریی لۆکاڵی، بۆیە دەوڵەت بە چالاکییەوە دەستیوەردایە سیاسەتی پیشەسازییەوە و لە ڕێــگەی دامەزرانــدنی دامەزراوە هەمەجۆرەکــانی خوشــگوزەرانی و چــاودێریی کــۆمەڵایەتییەوە (وەکــو چاودێریی تەندروســتی و فێرکــردن و شــتی لەم بــابەتە) پێوەرەکانی کرێی کۆمەڵایەتی سەپاند.

لە ئێســتادا، ئەم شــێوازە ڕێکخســتنە سیاســی کۆمەڵایەتییە بە نـاوی "لیبڕالیزمـی چەسـپاو" (Embedded) ناسـراوە، وەک ئاماژەیەک بەوەی کە ژینگەیەکی ڕێکخەر و تۆڕێک کۆتوبەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە تەوقی پرسەکانی بازاڕی ئابووریی و چالاکییەکانی کۆمپانیاکان و بیســنزمانە ئابوورییەکــان دەدات، جــاری وا هەیە جڵەویـان دەکـات و جـاری واش هەیە لەنێو سـتراتیژێکی پیشەسازی و ئـابووریی پێشـەنگدا پێشڕەوییان دەکات[10].

بۆ نموونە وا باو نەبوو دەوڵەت سەرپەرشتیی پرۆسەی پلاندانانی ئـابووری بکـات و لە هەنـدێک حاڵەتدا (وەکو لە

[10] S. Krasner (ed.), International Regimes (Ithaca, NY: Cornell University Press, 1983); M. Blyth, Great Transformations: Economic Ideas and Institutional Change in the Twentieth Century (Cambridge: Cambridge University Press, 2002).

بەریتایا و فەرەنسا و ئیتاڵیا) کەرتە ئابوورییە کلیلییەکانی لەدەستدابێت (وەکو خەڵوز و ئاسن و پیشەسازیی ئۆتۆمبێل). پرۆژەی نیولیبڕالیستی بە دیاریکراوی هەوڵ بۆ پچڕانی پەیوەندیی سەرمایە بەم تۆڕەی پەیوەندییە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانەوە دەدات و دەیەوێت سەرمایە لە کۆتوبەندەکانیان ڕزگار بکات.

لە ماوەی پەنجاکان و شەستەکاندا، لیبڕالیزمی چەسپاو تێکڕای بەرزی گەشەسەندنی ئابووریی لە دەوڵەتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا بەدیهێنا[11]. بەشێکی هۆکاری ئەمە بەهۆی دەستکراوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئامادەییەکەی بوو بۆ بەرگەگرتنی کورتهێنانی دارایی لە بوجەکەیدا لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا و وەرگرتنی هەر زێدە-بەرهەمهێنانێک لەنێو سنوورەکانیدا. هەروەها سیستەمی لیبڕالی سوودی زۆری وەدیهێنا، وەکو بەرفراوانکردنی بازاڕەکانی ناردنی کەلوپەل (ڕوونتر لە حاڵەتی ژاپۆندا دەردەکەوێت، بەڵام بە ناهاوسەنگییش لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا). بەڵام هەوڵەکانی ناردنی "گەشەسەندن" بۆ زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهان، بە گشتی سنووردار و ناکارا بوو. لە زۆر ناوچەی جیهانی سێیەمدا بە گشتی، بە تایبەتیش لە ئەفریقا، لیبڕالیزمی چەسپاو هەر وەکو خەونێکی نا-واقیعی و دوورەدەست

[11]P. Armstrong, A. Glynn, and J. Harrison, Capitalism Since World War II: The Making and Breaking of the Long Boom (Oxford: Basil Blackwell, 1991).

مایەوە. هەروەها گۆڕانی دواتر بەرەو نیۆلیبڕالیزم دوای ماوەی هەشتاکان، گۆڕانێکی مادیی گەورەی لە دۆخە ناهەموارەکەیدا دروست نەکرد. بەڵام لە دەوڵەتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری، سیاسەتەکانی یەکسانی و دووبارە دابەشکردنەوە (بە وەدیهێنانی هەندێک تەواوکاریی سیاسیشەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سەندیکا کرێکارییەکان و چینی کارکەر و پشتیوانیی میکانیزمەکانی لە سازشی کۆمەڵایەتیدا بۆ گەیشتن بە مافەکانی) و سەپاندنی کۆتوبەند بەسەر جموجوڵی سەرمایەدا (بە جڵەوکردنی سامانە داراییەکان تاڕادەیەک لە ڕێگەی دیسپلینە سەپێنراوەکان بەسەر ئازادیی جووڵەی سەرمایەدا)، بووە مایەی بەفراوانکردنی تێچوونی گشتی و، بونیادنانی دەوڵەتی خۆشگوزەران و چاودێریی کۆمەڵایەتی و، زۆربوونی دەستێوەردانی کارا و کاریگەری دەوڵەت لە ئابووریی؛ وەدیهێنانی تێکڕای گەشەسەندنێکی نەختێک بەرزیش هاوڕێ بوو لەگەڵ ئاستێکی پلاندانانەدا بۆ پرۆسەی پەرەسەندن و گەشەپێدان. لە ڕێگەی سیاسەتە دارایی و نەختینەییە کینزییەکانەوە، بە سەرکەوتوویی کۆنترۆڵی سوورە ئابوورییەکان کرا، بۆیە ئابوورییەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی (هەندێکات هەستێکی بەهێزی شوناسی نەتەوەیی پاڵپشتی بوو) دامەزرا کە چالاکیەکانی دەستێوەردانی دەوڵەت چاودێریی دەکرد. دەوڵەت بە کردەیی بووە بواری هێزێک کە پەیوەندییە چینایەتییەکانی بردەوە ناوخۆی و دامەزراوەکانی چینی کرێکار، وەکو

سەندیکاکان و حزبە سیاسییە چەپەکان، لەنێو دەزگای دەوڵەتدا خاوەنی هێز و کاریگەریی ڕاستەقینە بوون.

لە کۆتایی شەستەکاندا لیبڕالیزمی چەسپاو بەرەو دارمان هەنگاوی نا، هەم لەسەر ئاستی جیهانی و هەمیش لەنێو ئابوورییە لۆکاڵییەکاندا. لە زۆربەی هەرە زۆری شوێنەکان ئاماژەی ڕوون لەسەر بوونی قەیرانی کەڵەکەبوونی سامانی ترسناکی دارایی دەرکەوتن، تێکڕاکانی هەڵاوسان و بێکاریی بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەموو دەوڵەتاندا بەرزبوونەوە، ئەمەیش ئابووریی جیهانی خستە قۆناغی "داتەپینی هەڵاوسانئاسا"وە کە بەدرێژایی زۆربەی ساڵانی دەیەی حەفتاکان بەردەوام بوو. هەروەها نزمبوونەوەی داهاتەکانی باج و بەرزبوونەوەی تێچوونەکانی خەرجیی کۆمەڵایەتی بوونە مایەی قەیرانی دارایی لە وڵاتانی جیاوازدا (بۆ نموونە ساڵی 1975–1976 بەریتانیا ناچار بوو پەنا بیاتە بەر سندووقی داهاتی نێودەوڵەتی تاوەکو دەربازی بکات)، بە ڕوونی دەرکەوت سیاسەتە کینزییەکان چیدی سوودبەخش نین. تەنانەت بەر لە جەنگی عەرەبی–ئیسرائیل و قەدەغەی نەوت کە لە ساڵی 1973دا ڕێکخراوی ئۆپیک سەپاندی، سیستەمی "بریتۆن وودز" تازە بە تازە کەوتبووە نێو فەوزاوە، لەگەڵیدا تێکڕا جێگیرەکانی نەختیش کە یەدەگی ئاڵتوون پشتیوانیان بوو، کەوتبوونە نێو هەمان فەوزاوە، چونکە باڵادەستیی سنوورەکانی دەوڵەت و دزەکردنی خووڕییەکانی سەرمایە بەنێویاندا، فشاری گەورەیان خستە سەر

سیستەمی تێکڕا جێگیرەکانی نەخت، بە جۆرێک دۆلارە ئەمریکییەکان بازاڕی جیهانییان تەنییەوە و لە کۆتوبەند و دیسپلینە لۆکاڵییە ئەمریکییەکان دەرچوون، چونکە لەلایەن بانکە ئەوروپییەکانەوە مامەڵەیان پێوە دەکرا. لەبەرئەمە لە ساڵی 1971دا واز لە تێکڕاکانی نەختی جێگیر هێنرا، چیتر ئاڵتوون نەیدەتوانی وەزیفەکەی خۆی وەک بنچینەی ماددیی سیستەمی دارایی جیهانی جێبەجێ بکات و، ڕێگە بە نۆرماڵکردنەوەی تێکڕاکانی نەخت درا و هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم تێکڕایانە وەستان. بەم جۆرە ڕوونبوویەوە لیبڕالیزمی چەسپاو، کە تێکڕای گەشەسەندنی بەرزی وەدیهێنا، لایەنێکەم لە دەوڵەتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکاندا دوای ساڵی 1945، گەیشتە ڕادەی نابوودبوون و چیتر بە باشی کاری نەکرد. بۆ سەرکەوتن بەسەر قەیرانەکەدا دەبوو ئەڵتەرناتیڤیک بدۆزرێتەوە.

یەکێک لە چارەسەرە پێشنیارکراوەکان قووڵکردنەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت و ڕێکخستنی ئابووری بوو لە ڕێگەی ستراتیژیەتەکانی سیاسەتی بەشداریی گشتییەوە (بە لەخۆگرتنی هەندێ خواستی بزووتنەوە کرێکاری و میللیەکانیشەوە لە ڕێگەی ڕێوشوێنی دەستپێوەگرتن [تەقەشوف] و سیاسەتەکانی باج و تەنانەت سەپاندنی کۆتوبەند بەسەر مووچە و نرخەکاندا، ئەگەر پێویست بکات). حزبە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان لە ئەورووپا ئەم وەڵامەیان پێشکەش کرد، ئومێدەکانی خۆیان بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی حوکم و بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک

هەرێــم و نــاچەدا هەڵواســی، لەوانە "پۆلۆنــای ســوور" کە کۆمۆنیســـتەکان لە ئیتاڵیــا خســـتبوویانە ژێــر دەســـتی خۆیـانەوە؛ یـان "گـۆڕانی شۆڕشگێڕی"ـی لە پورتوگـال لە ســـەروەختی ڕووخـــانی فاشــیزمدا، یــان گـــۆڕان بەرەو سۆســیالیزمی بــازاڕی کـراوە و هزرەکـانی "کۆمـۆنیزمی ئەوروپـــی"، بە تـــایبەتیش لە ئیتاڵیـــا (بە ڕێبەرایەتـــی بیرلینگوێر) و لە ئیسپانیا (لەژێر کاریگەری کاریللۆ)؛ یان فراوانکردنـــی نەریتەکـــانی سۆســـیالیزمی دیمـــوکراتیی بەهێـــزی دەوڵەتـــی چـــاودێریی کـــۆمەڵایەتی لە دەوڵەتە ئەسکەندەناڤییەکان. چەپ تـوانی هێـزی میللـی بەرچـاو لە پشتی ئەم بەرنامەیەوە کۆبکاتەوە و لە ئیتاڵیا لە دەسەڵات نزیکبـــوویەوە، لە پورتوگـــال و فەرەنســـا و ئیســـپانیا و بەریتـــانییش بە کردەیـــی بەدەســـتی هێنـــا، لە کاتێکـــدا لە دەوڵەتە ئەسـکەندەناڤییەکان دەســەڵاتی خـۆیی هێشـتەوە. تەنـــانەت لە ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان، کـــۆنگرێس کە دیموکراتەکـــان لەنێویـــدا باڵادەســـتبوون، لە ســـەرەتای حەفتاکانـدا کۆمەڵێـک چاکسـازیی گەورەی لە چاکسـازییە ڕێکخستنکارییەکان پەسەند کرد (کە دواتر بوونە یاسا بۆ جێبەجێکـــردن، دوای ئەوەی ســـەرۆک لە کۆمارییەکـــان، ڕیچـــارد نیکســـۆن، واژووری لەســـەر کـــردن و لە کـــاتی پرۆسەکەیشدا وتی: "ئێستا هەمووان بووینەتە کینزی")، کە بە جۆرێـک لە جۆرەکـان هەمـوو شـتێکی گرتەوە، هەر لە پاراستنی ژینگەوە تا ڕێساکانی تەندروسـتی و سـەلامەتیی پیشـــەیی و مـــافە مەدەنییەکـــان و پاراســـتنی بەکـــاربەر[12].

---

[12] G. Eley, Forging Democracy: The History of the Left in

بەڵام چەپ شکستی هێنا لە تێپەڕاندنی چارەسەرە نەریتییەکانی سیاسەتە گشتی و سۆشیال-دیموکراتییەکان، کە لە ناوەڕساتی حەفتاکاندا دژیەکیی خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی کەڵەکەکردنی سەرمایەدا سەلماند. دەرەنجامەکە جەمسەرگیرییەکی ڕوولەزیاد بوو لە گفتوگۆی نێوان، لەلایەکەوە، لایەنگرانی سیستەمی سۆشیال-دیموکرات و پلانی ناوەندی (زۆرجار ئەمانە کە دەگەیشتنە دەسەڵات، لەبەر هەندێ هۆکاری پراگماتی هەوڵیاندەدا خولیا و خواستی دەنگدەرانیان سەرکوت بکەن، وەکو ئەوەی لە حاڵەتی حزبی کرێکاری بەریتانیدا هەبوو)، لەلایەکی دیکەوە بەرژەوەندیی ئەوانەی هەوڵیاندەدا بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵاتی پارە و کارەکان لە کۆنترۆڵی سیاسەتە گشتییەکان و، دووبارە گەڕانەوە بۆ ئازادیی بازاڕی کراوە. لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، بە ڕوونی بەرژەوەندییەکانی ئەم توێژەی دووەمیان هاتە پێشەوەی شانۆکە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە ئەو کات خۆی خستەڕوو ئەمە بوو: چۆن دەکرێت هەلومەرجی لەبار بۆ بەدواداچوونی کەڵەکەبوونی کارا و چالاکانەی سەرمایە بەدەست بهێنرێتەوە؟

جەوهەری ئەو کێشەیەی کە دەبوو چارەسەر بکرێت لەوەدا بوو بزانرێت چۆن و بۆچی نیۆلیبڕالیزم، لە جەنگەکەیدا بە جۆرێک سەرکەوتوو بوو وەک بڵێی تاکە وەڵامێک بوو بۆ ئەم پرسیارە، هەڵبەت بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو وەک وەڵامێکی حەتمی و ڕوون

Europe, 1850–2000 (Oxford: Oxford University Press, 2000).

دەردەکەوت. بەڵام بە بڕوای من، پێویستە بە ئینسافەوە بڵێین هیچ کەس لەو کاتەدا بە تەواوی نەیدەزانی چۆنییەتی و چییەتی ئەو وەڵامەی چی دەبێت کە دواتر کەڵکی خۆی دەسەلمێنێت. جیهانی سەرمایەداری لە ڕێڕەوی خۆیدا گەیشت بە دۆزینەوەی وەڵامی نیۆلیبڕالیزم، ئەویش لە ڕێگەی زنجیرەیەک سووڕ و ئەزموونی ئەنارشییەوە، کە تەنیا لە حەفتاکاندا و دوای دارشتنی ئەو شتەی کە بە ناوی "کۆدەنگیی واشنتن" ناسراوە، ئەم سووڕ و ئەزموونانە بەیەکگەیشتن و یەکترییان بڕی. لە دەستپێکی ئەو مێژووەدا کلینتۆن و بلێر، بە پێچەوانەی قسەکەی پێشووی نیکسۆنەوە، دەیانتوانی هەر بە سادەیی بڵێین: "ئێستا هەموومان بووینەتە نیۆلیبڕالیست". پەرەسەندنی جوگرافیی نا-لێکچوو و ناڕێکخراوی نیۆلیبڕالیزم، هەندێکاتیش جێبەجێکردنی بەشەکی و نا-هاوتای ئەم سیاسەتە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە و لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەڵگەن لەسەر هەنووکەیی چارەسەرە نیۆلیبڕالییەکان و دووبارەکردنەوەیان و بێ کۆتابوونیان. ئەم دوو هۆکارەیش ئەو ڕێگا ئاڵۆزانە دەردەخەن کە سەرجەم هێزە سیاسییەکان و نەریتییە مێژووییەکان و ڕیزبەندییە دامەزراوەییە باوەکان کاریان لەسەریان کردوون بۆ دارشتنی هۆکارەکانی دامەزران و چۆنیەتی ڕوودانی پرۆسەی نیو-لیبراڵیزم لەسەر ئەرزی واقیع.

لەگەڵ ئەوەیشـــدا، ڕەگەزێـــک لەم گـــۆڕانەدا هەیە کە شایەنی بایەخ پێدانە. لە حەفتاکاندا قەیرانی کەڵەکەکردنی سەرمایە شوێنەواری خۆی لەسەر هەمووان بەجێهێشت، لە ڕێگەی ئاوێتەیەکی لێکدراو لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و خێرایی ڕێژەی هەڵئاوسان (بڕوانە شێوەی 1). ئەو کـــات داتەپـــین ســـەرجەم لایەنەکـــانی جیهـــانی سەرمایەداریی پێشکەوتووی گرتەوە، دەریشکەوت کە یەکگرتنی کرێکاران لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە شـــارەکاندا ئامـــاژەیە بـــۆ دەرکەوتنـــی ئەڵتەرنـــاتیڤێکی سۆشیالیستی بۆ هاوسەنگکردنەوەی نێوان سەرمایە و کـــار، ئەم هاوســـەنگکرتنەوە بە ســـەرکەوتنێکی زۆرەوە زەمینەی گونجاوی بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە لە ماوەی دوای جەنگـــدا ڕەخســـاند. حـــزبە کۆمۆنیســـت و سۆشیالیســـتەکان لە بەشـــێکی گەورەی ئەوروپـــا ئەگەر دەسەڵاتیشـــیان بە کردەیـــی نەگـــرتبێتە دەســـت ئەوا پێشکەوتنێکی بەرچاون بەدەست هێنا. تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزە میللییەکان توانیان شەقام بجوڵێنن و داوای چاکسازیی بەرفراوان و دەستێوەردانی دەوڵەت لە سەرجەم بوارەکان بکەن، ئەمەیش لە خۆیدا هەڕەشەیەکی سیاسیی ڕوون بوو لەسەر دەستەبژێ ئابووری و چینە فەرمانڕەواکـــان لە هەمـــوو شـــوێنێک، چ لە نێـــو دەوڵەتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان (وەک ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئیســـپانیا و پورتوگـــال) و چ لە چەنـــدین دەوڵەتـــی تازەگەشەسەندوو (وەکو چیللی و مەکسیک و ئەرژەنتین). بۆ نموونە لە سوید، ئەو پلانەی کە ناسراوە بە ڕیهین-

میدنەر بە کردەیی هەوڵیدا بۆ کڕینی پشکی خاوەندارەکان لە کـار و پـرۆژە تایبەتییەکانـدا، ئینجـا گـۆڕینی دەوڵەتـی سـویدی بە کردەیـی بـۆ دیموکراسـیییەتی کرێکار/پشـکدار. لەسـەر ئاسـتێکی دوورتـر، هەڕەشـەی ئـابووریی لەسـەر دۆخـی دەسـتەبژێر و چینـی فەرمـانڕەوا ئێسـتا بـۆتە واقیعێکی کردەیی.




**شێوەی 1.1: قەیرانی ئابووریی لە حەفتاکاندا: تێکڕاکانی هەڵئاوسان و بێکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا، 1960–1987.**

**سـەرچاوە: Source: Harvey, The Condition of Postmodernity**

یەکێک لە مەرجەکانی یەکسانکردنەوەی لە قۆناغی دوای جەنگ، لە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا، سنوورێک بوو لە هێزی ئابووریی چینەکانی خوارەوە و پێدانی پشکی زۆر زیاتری کێکە ئابوورییە نەتەوەییەکە بوو بە دەستی کار. بۆ نموونە، پشکی 1%ی خاوەن دەرامەتەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە دەرامەتی نەتەوەیی ئەمریکیدا لە 15%ەوە لە پێش جەنگ دابەزی بۆ 8% لە کۆتایی جەنگدا، بۆ ماوەی سی ساڵیش ڕێژەکە نزیک لەم ئاستە مایەوە. کاتێک گەشەسەندنی ئابووریی بەهێز بوو، ئەم دابەزینە هێندەیش گرنگ نەبوو وەک دەردەکەوێت، پاراستنی پشکی جێگیر لە کێکە ئابوورییە نەتەوەییەکە کە بە بەردەوامی گەشەی دەکرد، دەستکەوتێکی قبوڵکراو بوو. بەڵام کاتێک تێکڕای گەشەسەندن لە حەفتاکاندا داڕما و تێکڕاکانی سوودی ڕاستەقینە نەرێنی کەوتنەوە، داهات و قازانجە زۆر کەمەکان بوونە شتانێکی ئاسایی، چینەکانی سەرەوە لە هەموو شوێنێک هەستیان بە هەڕەشە و مەترسی دەکرد. بە درێژایی سەدەی بیستەم، ئاماژدەری سامانی (بەرامبەر دەستکەوت) 1%ی توێژی باڵای گەلی ئەمریکی تاڕادەیەک سەقامگیر مایەوە، بەڵام لە حەفتاکاندا بە خێرایی دابەزی (شێوەی 2). لەگەڵ داڕمانی بەهای بنەڕەتەکاندا (پشکەکان، سەنەدەکان، موڵکەکان، پاشەکەوتکراوەکان)، دەبوو چینەکانی سەرەوە بە شێوەیەکی خۆپارێزانە و یەکلاکەرەوانە بجووڵێنەوە تاوەکو خۆیان لە تیاچوونی سیاسی و ئابووریی بپارێزن.




**شـێوەی 2.1: دارمـانی سـامان لە حەفتاکانـدا: بەشـی ئەو سەرچاوانەی 1% هەرە دەوڵەمەندترینەکانی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیانبووە، 1922–1998.**

**سەرچاوە: Duménil and Lévy, Capital Resurgent.**

یەکێـک لە چارەسـەرە پێشـنیارکراوەکان کودەتـاکەی چیللـی و دەسـتگرتنی سـەرباز بەسـەر دەسـەڵاتدا لە ئەرژەنتـین، بە دنەی چینـە لۆکـاڵییە باڵاکـان و پاڵپشـتی ویلایەتە یەکگرتووەکـان، خسـتیانەڕوو. دواتـر ئەزمـوونی نیـۆلیبراڵیزم لە چیللـی دەریخسـت کە بـوژانەوەی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەداری لە سـایەی بەتـایبەتکردنی زۆرەملێـدا سـوود و قـازانجی گەورەی لێـدەکەوێتەوە، چـونکە دەوڵەت و دەسـتەبژێرە فەرمـانڕەواکەی، بە پـاڵ وەبەرهێـنەرە بیانییەکـانەوە، لە قۆناغەکـانی سـەرەتادا کەڵکێکـی زۆریـان وەرگـرت. ناهاوتـایی بەرچـاوی

کۆمەڵایەتی و شوێنەوارەکانی دووبارە دابەشکردنەوەی سامان، دوو خواستنی دیار و هەمیشەیی ئەو ئەزموونە بوون، بە جۆرێک کە دەشێت بە دوو سیمای بونیادئاسای پرۆژەی نیۆلیبڕالی دابنرێن. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە جیرار دومینیل و دۆمینیک لیڤی پێیگەیشتوون دوای ئەوەی شیکاریی داتا و پێدراوە بەردەستەکانیان کردوو و دووبارە بە وردی پەیکەرەکەیان دارشتۆتەوە. بە بڕوای ئەوان نیۆلیبڕالیزم هەر لە سەرەتاوە پرۆژەیەک بوو بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی چینایەتی. دوای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی نیۆلیبڕالیزم لە کۆتایی حەفتاکاندا، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێژەی داهاتی خاوەن داهاتە باڵاکان لە 1% بوو، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەرزبوویەوە بۆ15% ی سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی ئەمریکی (ئەمەیش زۆر نزیکبوو لە ڕێژەکەی پێش جەنگی دووەمی جیهانییەوە)؛ لە ساڵی 1978ـەوە داهاتی ئەم خاوەن داهاتە باڵایانە لە 1.0%ـەوە بەرزبوویەوە و لە سەرەتای ساڵی 1999دا گەیشتە 6%ی سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی ئەمریکی. لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو قەرەبووە ناوەندییانەی کە درابوونە کرێکاران، بەراورد بە مووچەی بەڕێوەبەرە جێبەجێکارە گەورەکان، لە 30 بۆ 1 یان کەمێک زیاتر لە ساڵی 1970، بەرزبوویەوە بۆ 500 بۆ 1 لە ساڵی 2000دا (شێوەی 1.3، 1.4). لەگەڵ بەردەوامیی کاریگەریی چاکسازییە باجییەکاندا کە ئیدارەکەی بۆش بڕیاری لێدا، تاڕادەیەکی زۆر سەلمێنرابوو کە لە ئێستادا دابەشکردنەوەی سامان و داهات بە زۆری هەر لەنێو توێژە باڵاکانی کۆمەڵگەدا

دەگوزەرێت، چونکە باجی موڵکەکان (باج لەسەر سامان) لە ئێستادا قۆناغ بە قۆناغ دەچێتە پێش، بە هەمان شێوە بەرەبەرە باج لەسەر دەستکەوتی داهاتەکان لە وەربەهێنان و قازانجەکانی سەرمایەیش لا دەبرێت، لە کاتێکدا باج لەسەر کرێ و مووچە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە[13].

ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم کۆنتێکستەدا حاڵەتێکی تاقانە نییە، لە بەریتانیایش بەشی خاوەن داهاتە باڵاکان لە سەرجەمی داهاتی نەتەوەییدا لە 1%ـەوە دووقات بوویەوە، بە جۆرێک لە ساڵی 1982وە لە 6.5%ـەوە بۆ 13% بەرزبوویەوە. ئەگەر لەم کۆنتێکستەدا لە مەودایەکی دوورتریش بڕوانین ئەوا لە هەموو شوێنێکی جیهان تێبینی تەرکیزێکی ئاوارتەی سەروەت و دەسەڵات دەکەین. لە ڕوسیا چینی وردە ئۆلیگارشی زۆر بەهێز و کاریگەر، لە دوای "چارەسەری شۆک"ـی نیۆلیبڕالیزم لە حەفتاکاندا، دەرکەوت؛ نا-هاوتایی گەورەیش لە سامان و سەروەتدا بەدیار کەوتن، دوای ئەوەی چین لە مومارەسە ئابوورییەکانیدا دەستیکرد بە پەیڕەوکردن لە ئاراستەکانی بازاڕی ئازاد. ساڵی 1992 لە مەکسیک، تەوژمی

[13] G. Duménil and D. Lévy, 'Neoliberal Dynamics: Towards A New Phase?', in K. van der Pijl, L. Assassi, and D. Wigan (eds.), Global Regulation: Managing Crises after the Imperial Turn (New York: Palgrave Macmillan, 2004) 41–63. See also Task Force on Inequality and American Democracy, American Democracy in an Age of Rising Inequality (American Political Science Association, 2004); T. Piketty and E. Saez, 'Income Inequality in the United States, 1913–1998', Quarterly Journal of Economics, 118 (2003), 1–39.

بەتایبەتکردن بەختی هەندێک کەسی هەڵگێڕایەوە (وەکو کارلۆس سەلیم)، لە شەووڕۆژێکدا فڕێیدایە سەر لیستی گۆڤاری "فۆرچن"ـی دەوڵەمەنترین دەوڵەمەندانی جیهان؛ دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی کۆمۆنویڵسی دەوڵەتە سەربەخۆکان (CIS) هەندێک لە گەرەترین زیادبوونی ڕێژەکانی نا-هاوتایی کۆمەڵایەتییان لە مێژووی خۆیاندا تۆمار کرد.. دەوڵەتانی ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەسەندنی ئابووریی (OECD) لە دوای هەشتاکانەوە زیادبوونی گەورەی هاوشێوەیان تۆمار کرد؛ لە کاتێکدا کەلێنی داهات لەنێوان پێنج لە سەدی دانیشتووانی جیهان لە دەوڵەمەنترینی دەوڵەتان و هەژارترینی دەوڵەتاندا لە 30 بۆ 1 لە ساڵی 1960دا، بەرزبووەوە بۆ 60 بۆ 1 لە ساڵی 1990دا، تاوەکو دەگاتە 74 بۆ 1 لە ساڵی 1997دا[14]. ئەگەرچی لەم ئاراستەدا هەندێک ئاوارتە هەبوون (چەندین دەوڵەتی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا توانیویانە تا ئێستا ناهاوتاییەکانی داهات لە سنوورێکی شیاودا ڕابگرن، وەکو ئەوە لە فەرەنسایش هەیە. بڕوانە شێوەی 3.1)، کەچی بەڵگەکان بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدەن گۆڕانی نیۆلیبڕالیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوڕێیە لەگەڵ بەدەستهێنانەوە یان دووبارە دارشتنەوەی پەیکەری دەسەڵات و باڵادەستیی دەستەبژێری ئابووری.

[14] United Nations Development Program, Human Development Report, 1999 (New York: Oxford University Press, 1999), 3.




**شێوەی 3.1: بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی چینایەتی: بەرکەوتەی داهاتی نەتەوەیی کە 0.1% دەوڵەمەنترین دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەرەنسا هەیانبووە. 1913–1998.**

**سەرچاوە: Task Force on Inequality and American Democracy, American Democracy in an Age of Rising Inequality.**

کەواتە دەتوانین وەها تەفسیری نیۆلیبڕالیزم بکەین پرۆژەیەکی یۆتۆپییە، ئامانجی وەدیهێنانی نەخشەڕێگایەکی تیۆرییە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سەرمایەداریی جیهانی، یان پرۆژەیەکی سیاسییە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی هەلومەرجە گونجاوەکان بۆ

کەڵەکەکردنــی ســەرمایە و بەدەســتهێنانەوەی دەســەڵاتی دەستەبژێری ئابووری. دواتر مشتومڕی ئەوە دەکەم کە پرۆژەی دووەم پرۆژەی هەژموونداره، بۆیە نیۆلیبڕالیزم هێنــدەیش توانــای نەبــوو کە بتوانێــت کەڵەکەکردنــی ســەرمایەی جیهــانی دووبــارە چــالاک بکــاتەوە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانەوە، یان لە هەنــدێ حالەتــدا (وەکــو ڕوســیا و چــین) پێکهێنــانی دەســەڵاتی دەســتەبژێری ئــابووری. ئەو دەرەنجــامەی پوختی دەکەمەوە ئەوەیە کە یۆتۆپیزمی تیۆری لە تێزی نیۆلیبڕالیزمدا، بە پلەی یەکەم، وەک سیستەمێکی پاسادان و ڕەوایەتییدان بە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستبووە بکرێن بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کاری کردووە. هەروەها بەڵگەکان ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەن کە کاتێک بنەماکــانی نیــۆلیبڕالیزم لەگەڵ پێداویســتییەکانی بەدەســتهێنانەوە یــان تــۆکمەکردنەوە و بەردەوامێتــی دەســەڵاتی دەستەبژێردا لێکدژ دەبن، ئەوا زۆرجار ئەو بنەمایانە پشتگوێ دەخرێن یان ئەوەندە کاڵ دەکرینەوە کە ئەستەمە بیانناسینەوە. ئەمە بە هیچ جۆرێک نکوڵی لە توانای ئایدیاکان ناکات بۆ کارکردن وەک هێزی بکەر بۆ دروستکردنی گۆڕانی مێژوویی-جوگرافی، بەڵام ئاماژە بە هاتنوچوونێکی داهێنەرانەدا دەدات لەنێوان هێزی ئایدیا نیۆلیبڕالیستییەکان و پراکتیکە کردەییەکانی نیۆلیبڕالیزمدا، کە ڕێگاکانی کاری سەرمایەداریی جیهانیی لە سێ دەیەی ڕابرووودا گۆڕیوە.




سێ چەماوەکەی یەکەم کرێی بەڕێوەبەرە جێبەجێکارییەکان دەردەخات بە گوێرەی پلەکەیان لە هیرارشیەتی قەرەبووەکان و کرێکاندا. پلەی دەیەم و پلەی پەنجا و پلەی سەد.

چەماوەکەی دیکەیان (.....) بەرزبوونەوەی ناوەندی کرێی دە بەرزترین بەڕێوەبەرانی جێبەجێکردن دەردەخات لە هیرارشیەتی قەرەبووەکاندا. سەرنج بدە 1000 واتە هەزار ئەوەندەی ناوەندی کرێکاران لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.




**(شێوەی ژمارە 4.1: کۆبوونەوەی سامان و داهات لە ویلایەتە یەکگرتووەکان: قەرەبووەکانی بەڕێوەبەرە جێبەجێکارییە گەورەکان بەرامبەر ناوەندی کرێکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، 1970–2003. بەشی دەوڵەمەندترین بنەماڵەکان لە سامانی نەتەوەییدا، 1982–2002.**

**سەرچاوە: Duménil and Lévy, 'Neoliberal Income Trends'.**

**هەڵکشانی تیۆری نیولیبڕالی:**

نیۆلیبڕالیزم ماوەیەکی زۆر لە ژێر باڵ و لۆچەکانی سیاسەتی گشتیدا مایەوە، هۆشبەر و هێورکەرەوەیەکی گریمانکراو بوو بۆ ئەو هەڕەشانەی کە نەزمی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریی دووچاری دەبوویەوە، بە گشتی چارەسەرێک بوو بۆ کێشەکانی سەرمایەداری. لە

ساڵی 1947دا، گروپێکی دەستەبژێری بچووکی لایەنگرانی بە جۆشوخرۆش –هەموویان ئەکادیمیستی ئابووری و مێژوونووس و فەیلەسوف بوون- لە دەوری فەیلەسوفی سیاسیی نەمسایی بە ناوبانگ "فریدریک ڤۆن هایک" کۆبوونەوە، بە ئامانجی دامەزراندنی "کۆمەڵەی مۆنت بیلیران" (کە ناوی پەناگەیەکی سویسری هەڵگرتبوو کە لەوێدا بۆ یەکەمجار، لەنێو لیستێکدا پێگەدارانی وەکو لودڤیگ ڤۆن میسز و، میلتۆن فریدمانی ئابووریناس و، تەنانەت فەیلەسوفی بەناوبانگ کارل پۆپەریش بۆ ماوەیەک پێکگەیشتن و کۆبوونەوە). ڕاگەیاندنی دامەزرانی کۆمەڵەکە ئاوا دەڵێت:

"بەها سەنتراڵەکانی شارستانییەت لە مەترسیدان، بەم دواییانە هەلومەرجە جەوهەرییەکانی ئازادی و کەرامەتی مرۆیی، لە چەندین مەودای بەرفراوانی سەر گۆی زەویدا، لە بەرچاوان نەماون، لە چەندین ناوچەی دیکەیش تووشی هەڕەشەی هەمیشەیی پەرەسەندنی ناکۆکییە باوەکان لە سیاسەتی ئێستادا هاتوون. دۆخی خۆویستانەی تاکەکەس و کۆمەڵ بە بەردەوامی لەلایەن درێژبوونەوە قەرەقوشییەکانی دەسەڵاتەوە بەرتەسک دەبێتەوە. تەنانەت ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، کە باڵاترین شتێکە مرۆڤی ڕۆژئاوایی هەیبێت، بڵاوبوونەوەی ئەو بیروباوەڕانە هەڕەشەی لێدەکەن کە کاتێک لە پێگەی کەمینەدا بانگەشە بۆ فەزیلەتی لێبووردەیی دەکەن، لە کاتێکدا بە ڕاستی تەنیا ئامانجیان گەیشتنە بە پێگەی دەسەڵات، کە ئیدی دەتوانن هەموو بۆچوونەکانی دیکەی

جگە لە بۆچوونی خۆیان سەرکوت بکەن و ڕەتی بکەنەوە.

کۆمەڵە بڕوای وایە ئەم پەرەسەندنانە لە سایەی گەشەکردنی چەمێکێکی مێژووەوە دامەزراوە کە نکوڵی لە هەموو پێوەرە ئەخلاقییە ڕەهاکان دەکات، لە سایەی زیادبوونی تیۆرەکانی گومانگەرییەوە بۆ گومانکردن لە کەڵک و سەنگی حوکمی یاسا. هەروەها بڕوای وایە ئەم خواست و کەڵکەڵانە لە سایەی دارمانی باوەڕ بە موڵکایەتی تاکەکەسی و بازاڕی کێبەرکێکارییەوە گەشەیان کردووە: بە بێ بڵاوبوونەوەی توانست و دەستپێشخەریی پەیوەست بەم دوو دامەزراوەیەوە [موڵکایەتی تایبەت و کێبەرکێی بازاڕ]، ئەستەمە خەیاڵی کۆمەڵگەیەک بکەین کە بشێت تێیدا بە کردەیی ئازادی تازەبکرێتەوە و بپارێزرێت[15].

ئەندامانی کۆمەڵەکە خۆیان بە "لیبراڵیست" دادەنا (بە چەمکە تەقلیدییە ئەوروپییەکەی)، بەهۆی ئیتیزامە بنەڕەتییەکەیانەوە بە ئایدیاڵی ئازادیی کەسییەوە، ناونانیشیان بە نیۆلیبراڵیست ئاماژەیە بە وەلا و پەیوەستبوونیان بە بنەماکانی بازاڕی ئازادەوە لە ئابووریی نوێی کلاسیکیدا، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت (بەهۆی کارەکانی ئەلفرێد مارشاڵ، ولیەم ستانلی دژیفۆنز، لیۆن ویلراس-ەوە)، کە تیۆرە کلاسیکییەکانی ئادەم سمیس و دیڤید ڕیکاردۆ و هەڵبەت

---

[15] See the website http://www.montpelerin.org/aboutmps.html.

کـــارل مارکسیشـــیان وەلانـــا. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـــدا دەسـتیانگرت بەو بۆچوونەی ئادەم سمیسـەوە کە پێیوایە دەسـتی شـاراوەی بـازاڕ هەر وەکـو ئـامرازی ئایـدیالّیی تەنـــانەت کۆمەڵێــک غەریــزەی هەرە نزمـــی مرۆڤـــایەتی دەمێنێتەوە، وەکـو تەمـاح و ناوبانـگ و شـەهوەتی مـاڵ و سـامان تـاوەکو بخـرێنە خزمەتـی گشـتییەوە. لەبەرئەمە، دۆکترینـــی نیۆلیبرالیســـتی دوژمنێکـــی سەرســـەختی دەسـتوەردانی دەوڵەت بـوو [لە بـازاڕ]، وەکـو تیـۆرەکەی جـۆرن مانیـار کینـز، کە لە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەمدا دەرکەوت تـاوەکو بەرپەرچـی قەیرانـی بێبـازاڕیی گەورە بـداتەوە. زۆرێـک لە دروسـتکارانی سیاسـەت لە مـاوەی دوای جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا، پەنـادەبەنە بەر تیـۆری کینزی وەک ڕێنیشاندەری کار تاوەکو یارمەتییان بدات بۆ کۆنترۆڵکردنی داتەپینی ئابووری و بەڕێوەبردنی سـووڕی کار. هەروەها نیۆلیبرالیسـتەکان بە توونـدییەکی زیـاترەوە، ڕووبەڕووی تیۆرەکانی پلانی ناوەندیی دەوڵەت بـوونەوە، وەکـــو ئەوەی کە ئۆســـکار لانگـــی نزیـــک لە نەریتـــی مارکســـیزم [پـــارا مارکســـیزم] خســـتبوویە ڕوو. نیۆلیبرالیســـتەکان ئەو ئەرگومێنتەیـــان هێنـــایەوە کە بڕیارەکـــانی دەوڵەت هەمیشـــە لە ڕووی سیاســـییەوە لایەنگیرانەیە، بە گوێرەی ڕادەی هێزی کۆمەڵەکانی فشـار و بەرژەوەنـــدییە خوازراوەکـــان (وەکـــو ســـەندیکاکانی کرێکـاران، ژینگەپـارێزان، گـۆمەڵە بازرگانییەکـانی فشـار)، هەروەها بڕیارەکانی لەبارەی وەبەرهێنان و کەڵەکەکردنـی سـامانەوە هەمیشـە هەڵەیە، چـونکە ئەو زانیارییـانەی بە

دەوڵەت دەدرێن، ناتوانێت کێبەرکێی ئەو زانیارییانە بکات کە لە ئاماژەکانی بازاڕە ئابوورییەکاندا هەن.

کەســــانێکی زۆر لەوانەی لەم بــــارەیەوە دواون، ئەم چوارچێــوە تیــۆرییە، بە گشــتێکی لــۆژیکی و هاوبەنــد دانانێن[16]. تۆکمەیی زانستیی ئابوورییە نیو-کلاسیکییەکە و پەیوەســـتبوونی نیــۆلیبڕالیزم بە ئایــدیاڵی ئــازادیی تاکەکەســەوە بە ئاســانی پــێکەوە هەڵنــاکەن؛ گومــانە گریمـانکراوەکەی ئابووریناسـیی نیـو-کلاسـیک لە هەمـوو فۆرمەکـانی دەسـەڵاتی دەوڵەت گونجـاو نـایەتەوە لەگەڵ پێویسـبووندا بە دەوڵەتێکـی بەهێـزدا (بگـرە هەنـدێ کـاتی پێویســت دەوڵەتێکــی زۆردار) کە بەرگــری لە مافەکــانی موڵکــایەتی تــایبەت و ئــازادییە کەســییەکان و ئــازادیی داهێنــان و ڕیســکی بازرگــانیی بکــات. هەروەهــا فــێڵە یاساییەکەیشـــی، وەک کۆمپانیـــای گەورە بە ســـیفەتی تــاکەکەس لەبەردەم دادگــادا، لایەنگیــری و نیهــادەکەی دەردەخــات، تــا ئەو ڕادەیەی بەر لە هەر شــتێکی دیــکە "بەهای باڵای تاکەکەس" -ئەوەیش دۆکترینی کەسییانەی جون د. ڕوکفلەرە کە لەسەر بەردێکی بەنرخ لە سەنتەری ڕۆکفلەر لە شـاری نیویـۆرک هەڵکۆڵراوە- دەگۆڕێت بـۆ پارادۆکسـێکی گاڵتەجـاڕ. وەک دواتـر دەبینـین، لێکـدژیی

[16] A judicious review can be found in H.-J. Chang, Globalisation, Economic Development and the Role of the State (London: Zed Books, 2003). But as Peck, 'Geography and Public Policy', points out, neoliberalism has often absorbed other elements within its frame so that it is hard to conceive of it as a 'pure' theory.

زۆری دیکه له هەڵوێستی نیۆلیبڕالیزمدا هەیە کە دەبنە مایەی ئەوەی پراکتیکەکانی ئەم تیۆری (لە دۆزەکانی وەکو دەسەڵاتی مۆنۆپۆل و شکستەکانی بازاڕدا) دووربن لەو پاکژێتییە ڕووکەشییەی دۆکترینی نیۆلیبڕالیزم پیشانی دەدات. لەبەرئەوە، پێویستە ئاگامان لەو دڕدۆنگییە بێت کە لەنێوان تیۆری نیۆلیبڕالیزم و سوودگەرایی پراکتیکە کردەییەکەی لەسەر ئەرزی واقیعدا، هەیە.

ڤۆن هایک، دانەری دەستووری ئازادی و دەقە کلیلییەکانی دیکەی فیکری نیۆلیبڕالیزم، بە حیکمەت و وردبینییەکی ئاشکراوە، ئەرگومێنتی ئەوە دێنێتەوە کە جەنگ لەسەر ئایدیاکان جەنگی بنچینەیی و وبنەڕەتییە، سەرکەوتن تێیدا لایەنیکەم یەک نەوە دەخایەنێت، لەم ماوەیەدا لیبڕالیزم تەنیا لەگەڵ مارکسیزمدا ناجەنگێت، بەڵکو دژ بە سۆسیالیزم، پلانی ناوەندیی دەوڵەت، دەستوەردانی کینزییانەیش دەجەنگێت. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، کۆمەڵەی مۆنت بیلیران پاڵپشتێکی دارایی و سیاسی گەورەیان بەدەستهێنا، بە تایبەتیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، گروپێک لە دەوڵەمەندان و سەرۆک کۆمپانیاکان، کە تا سەر ئێسک دژ بە دەستوەردانی دەوڵەت و ڕێکخستن و بگرە هاوکاریی نێو دەولەتی بوون، کاریان کرد بۆ دامەزراندنی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراو بەرامبەر بەو شتەی کەوا دەردەکەوت کۆدەنگییە لەسەر هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی تێکەڵ. لە ترسی مەترسییەکانی ئەو شوێنەوارە سیاسیانەی کە ئاکامی هاوپەیمانیبوون لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ئاکامی

ئـــابووریی ئاراســـتەکراو بـــوون کە لەنێـــو ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان لە مـــاوەی جەنگـــی دووەمـــی جیهانیـــدا دامەزرا، ئامـــادە بـــوو هەر شـــتێک قبـــوڵ بکـــات، هەر لە مەکـــارتیزمەوە تـــاوەکو دامەزراوەکـــانی لێکـــۆڵینەوەی نیـۆلیبڕالیزم، تـاوەکو دەسـەڵاتی خـۆی لە قۆنـاغی دوای جەنگـدا بپارێزێـت و قـاییمی بکـات. لەگەڵ ئەوەیشـدا، ئەم بـــزووتنەوەیە لە پەراوێـــزی کـــاریگەریی سیاســـی و ئەکادیمیـدا مـایەوە، تـاوەکو سـاڵانی نیگەرانـی و پشـێویی سـاڵانی حەفتاکـان هـاتە پێشـێ. ئەو کـاتە بـزووتنەوەکە بەرەو سـەنتەری ڕووداوەکـان جـوولا، بە تـایبەتیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا، بە چاودێری چەندین سـەنتەری لێکـۆڵینەوە کە پـارە و خـەرجییەکی باشـیان لە بەردەسـتدا بـوو (زۆربەیـان لقـی کـۆمەڵەی مۆنـت بیلیـران بـوون، وەکـو پەیمانگـای کاروبـارە ئابوورییەکـان The Institute of Economic Affairs لە لەنـدن، دامەزراوەی کەلەپور The Heritage Foundaton، لە واشنتن)، لە ڕێگای زیـــــــادبوونی کـــــــاریگەرییەکەیەوە لە دامەزراوە ئەکادیمییەکانـدا و بەتـایبەتیش لە زانکـۆی شـیکاگۆ، کە لەوی میلتۆن فریدمان کەسایەتیی خاوەن هەژموون بـوو. دوای ئەوەی ڤـۆن هایـک لە سـاڵی 1974 و فریـدمان لە سـاڵی 1976دا خەڵاتـی نۆبلیـان وەرگـرت، تیـۆری نیۆلیبڕالیزم ڕێزێکی بەرفراوانی ئەکادیمی بۆ دروسـتبوو. ئەگەرچـی ئەم خەڵاتە خەرمـانەیەکی گەورەی وەکـو نـاوی نۆبڵ دەوریداوە، کەچی پەیوەندیی بە خەڵاتەکانی دیکەی نۆبڵەوە نییە کە ئەکادیمیای سویدی دەیبەخشێت، بەڵکو

دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵێکی توندی دەستەبژێری خاوەن بانکە سویدییەکانەوە. بە هەرحاڵ، لێرەوە تیۆری نیۆلیبڕالیزم بە کردەیی چەندین بواری سیاسەتی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بە تایبەت لە دەرکەوتە نەختییەکانیدا بە کردەیی مومارەسەی ئەم کاریگەرییەی کرد. بۆ نموونە، لەمیانەی سەرۆکایەتی کارتەردا، کاتیگۆری ڕزگارکردنی ئابووری لە کۆتوبەند و دیسپلینە ڕێکخەرییەکان وەک یەکێک لە چارەسەرەکان دەرکەوت بۆ حاڵەتی "داتەپینی هەڵاوئنئاسا"ی ماوە درێژ، کە بە درێژایی حەفتاکان ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتەوە. بەڵام بەهێزکردنی دراماتیکیی هێزی نیۆلیبڕالیزم وەک دۆکترینێکی ئابووریی ڕێکخەری سیاسەتی گشتی، لەسەر ئاستی دەوڵەت لە جیهانی سەرمایەداریدا، بە کردەیی لە ساڵی 1979دا لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان هاتە ئاراوە.

لە مانگی ئایار/مایۆی ئەو ساڵەدا، مارگرێت تاتچەر لە بەریتانیا، بە دەسەڵاتێکی بەهێزەوە بۆ چاکسازیی ئابووری، هەڵبژێردرا. لەژێر کاریگەریی "کیت جۆزیف"یشدا –کەسایەتیەکی زۆر چالاک و بەدەمولەبز و شارەزای مولتەزیم لەبارەی کاروبارە گشتییەکانەوە، پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ "پەیمانگای کاروبارە ئابوورییەکان"دا هەبوو کە ئاراستەی نیولیبڕالیستییان هەبوو–، تاتچەر ڕایگەیاند کە پێویستە واز لە کینزیزم بهێنرێت و پێویست بەوە دەکات چارەسەرە نەختییەکانی "لایەنی خستنەڕوو" پشت بە چارەیەکی ڕیشەیی حاڵەتی

"داتەپینــــی هەڵوسانئاســـــا" ببەســـتێن، قەیرانێـــک کە لە حەفتاکانـدا بەسـەر ئـابووریی بەریتانیـدا هـاتبوو. تـاتچەر دەرکـی بەوە کـرد کە ئەمە واتە شۆڕشـێکی ڕاسـتەقینە لە سیاسـەتە دارایـی و کۆمەڵایەتییەکاندا، پەلەیکرد لە دانـانی نەخشـــەیەکی توونـــد بـــۆ کۆتاییهێنـــان بە دامەزراوە و سیاسەتەکانی دەوڵەتی سۆسیال-دیموکراسی، کە لە دوای سـاڵی 1945ــەوە لە بەریتانیـا دامەزرێنرابـوو. ئەمەیـش بـووە مـایەی ڕووبەڕووبـوونەوەی دەسـەڵاتی سـەندیکا کرێکارییەکـان، هێـرش بـۆ سـەر هەمـوو فۆڕمەکـانی هاوبەنـدیی کـۆمەڵایەتی کە ئاسـتەنگ بـوون لەبەردەم نەرمیـی کێبەرکێکاریـدا (وەکـو ئەوەی لە ڕێـگەی ئیـدارەی خۆجێییەوە گوزارشتی لێدەکرێت، بە دەسـەڵاتی زۆرێک لە کەس و کــۆمەڵە پیشەییەکانیشـــەوە)؛ هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەتـی خۆشـگوزەرانی و چـاودێریی کـۆمەڵایەتی یـان کەمکــردنەوەی پەیوەســتبوون پێــیەوە؛ بەشبەشــکردنی پـــرۆژە گشـــتییەکان (بە پـــرۆژە کۆمەڵایەتییەکـــانی نیشتەجێبوونیشـەوە)؛ کەمکردنەوەی باجەکـان؛ هانـدان بۆ دەستپێشـــخەریی لە بـــواری بازرگـــانی و کارەکانـــدا، دۆزینەوەی ژینگەیەکی لەبـاری کـار بۆ ڕاکێشـانی بڕێکی زۆری ســـەرمایەگوزارییە بیانییەکـــان (بەتـــایبەت لە ژاپۆنەوە). تاتچەر بە دەربڕینە بەناوبانگەکەی خۆی گوتی: "هـیچ شـتێک نییە نـاوی کـۆمەڵگە بێت، تەنیـا پیـاو و ژنە تاکەکەســەکان هەن و هیچیتــر"- پاشــان دواتــر وتــی: "هەروەهـا خێزانەکانیشـیان". لەبەرئەوە پێویسـتە هەمـوو شـــێواز و فۆڕمەکـــانی هاوبەنـــدیی کـــۆمەڵایەتی لە

بەرژەوەندی تاکگەرایی، موڵکایەتی تایبەت، بەرپرسیارێتی کەسیدا هەڵبوەشێنەوە. بەهاکانی خێزان، ئەو هێرشە ئایدیۆلۆژییەی کە لە گوتاری تاتچەرییەوە لە هەموو ئەم سەنگەرانەوە دەستی پێکردبوو، هێرشێکی توند و بەرپەرچنەدراو بوو[17]، تاتچەر وتی: "ئابووری ڕێگایە، بەڵام ئامانجەکە گۆڕینی ڕۆحە"، توانیشی بیگۆڕێت، ئەگەرچی بە هەندێ شێواز ئەم گۆڕانەی ئەنجامدا کە بە هیچ پێوەرێک گشتگیر و کامڵ نەبوو، ئەمە جگە لە باجە سیاسییە گەورەکەی.

لە مانگی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ساڵی 1979دا، پۆل ڤۆلکەر، سەرۆکی بانکیی یەدەگی فیدراڵیی ئەمریکی لە سەردەمی حوکمی کارتەردا، ئەندازەی گۆڕانێکی زۆرەملێیانەی لە سیاسەتی نەختینەی ئەمریکیدا کێشا[18]، تێیدا دەوڵەتی دیموکرات-لیبراڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، وازی لە پابەستبوونە دوورمەداکانی خۆی بە بنەماکانی "ئابووریی نوێ"وە هێنا. بە گشتی ئەمەیش واتە وازهێنان لە سیاسەتە نەختیی و داراییە کینزییەکان، کە هەوڵ دەدات بۆ وەدیهێنانی کرێگرتەییەکی تەواو وەک ئامانجێکی دەروازەیی؛ ئەمەیش بە واتای پەیڕەویکردن

---

[17] The story of Thatcher’s path to neoliberalism is outlined in D. Yergin and J. Stanislaw, The Commanding Heights: The Battle Between Government and Market Place that is Remaking the Modern World (New York: Simon & Schuster, 1999)

[18] L. Panitch and S. Gindin, ‘Finance and American Empire’, in The Empire Reloaded: Socialist Register 2005 (London: Merlin Press, 2005) 46–81.

بـــــوو لە سیاســـــەتی ئەڵتەرنـــــاتیڤ کە بـــــۆ ئەوە نەخشەڕێژکرابوو بە هەر نرخێک بووبێت هەڵاوسان لەنێو ببـــات، بە بـــێ ڕوانـــین لە ئاکـــام و دەرەنجامەکـــانی بـــۆ کرێکـاران. بە فەرمـانێکی بـانکی یەدەگی فیـدراڵی، تێکڕای ســوودی ڕاســتەقینە خــرایە لایەنــی ئەرێنیــیەوە، کەچــی هەندێ کات لە میانەی حەفتاکانـدا لەلایەنـی نەرێنیدا بـوو، واتە ئەو کـاتەی کە ڕێـژەی هەڵاوســان گەیشـتە ژمـارەی دووانییەکـان (شـێوەی 5.1). لە شــەو و ڕۆژێکـدا ڕێـژەی نـــاوەکیی تێکڕاکـــانی ســـوود بەرزبـــوونەوە، دوای چەنـــد هەڵگەڕانەوە و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیەک، لە مـانگی تەموز/یۆلیـۆی ســاڵی 1981دا لە نزیکــی ڕێـژەی 20%دا جێگیـر بـوو. بەمجۆرە "داتەپینە درێژخـایەن و قـووڵەکەی ئـابووری دەسـتیپێکرد، کە کارگەکـانی خـاڵی کـردەوە و، دەســـەڵاتی ســـەندیکاکانی لە ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان تێکشـــکاند و دەوڵەتە مەدەنییەکـــانی گەیانـــدە لێـــواری مایەپووچی و، ئینجا سـەردەمی خۆگونجانی درێژخـایەنی بونیـادی دەسـتی پێکـرد"[19]. ڤـۆلکەر ئەرگـومێنتی ئەوەی هێناوەتەوە ئەوە تاکە ڕێگە بـوو بۆ دەرچوون لە قەیرانـی "داتەپینی هەڵاوسانئاسا"ی وێرانکەر، کە بە درێژایی سـاڵی حەفتاکـان، وەک زریـان، دابـووی لە ئـابووریی ئەمریکـی و بەشێکی گەورەی ئابووریی جیهانی.

---

[19] D. Henwood, After the New Economy (New York: New Press, 2003), 208.




**شێوەی 5.1: "شۆکی فۆلکەر": جوڵەکانی تێکڕای سوودی ڕاستەقینە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و فەرەنسا، 1960–2001.**
**سەرچاوە: Duménil and Lévy, Capital Resurgent**

"شۆکەکەی ڤۆڵکەر"، کە لەو کاتەوە وای پێدەوترا، ئەگەر مەرجێکی پێرفێکتیش نەبووبێت ئەوا پێویستە وەک مەرجێکی پێویست لەبەرچاو بگرێت بۆ هەڵکشانی نیۆلیبڕالیزم. زۆرێک لە بانکە ناوەندییەکان بۆ ماوەیەکی درێژی ڕابردوو جەختیان لەسەر ئەوە کردبوویەوە کە پێویستە هەندێ سیاسەتی دارایی بگیرێتە بەر کە بە تەنگ بە چارەسەرکردنی هەڵاوسانەوە بن و نزیکترین بن لە تیۆری نەختینەییەوە نەک دۆکترینی کینزی، بە تایبەتیش لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

ئەو سیاسەتانە لە یادەوەرییە مێژووییە ئازاراوییەکانی قەیرانی هەڵاوسانی ساڵانی بیستەکانەوە سەریانهەڵدا، قەیرانێک کە لە دەستی خاوەن عەقڵەکانی دەرچوو و کۆماری ڤایماری ویران کرد (ڕێگایشی بۆ هەڵکشانی فاشیزم خۆشکرد)، پاشانیش قەیرانی هەڵئاوسانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی کە بەقەد قەیرانەکەی پێشتر مەترسیدار بوو. هەروەها سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، بۆ ماوەیەکی درێژ، خۆی تەرخانکرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زێدەڕەویی لە قەرزکردن و هۆکاری دروستبوونی قەیرانی قەرزەکان، بۆیە داوای کرد کۆتوبەندی دارایی و دەستپێوەگرتن (تەقەشوف) لە بودجەدا لەسەر دەوڵەتانی کرێگرتە دابنرێت -ئەگەر نەسەپێنرێتیش-. لەگەڵ ئەوەیشدا، لە هەموو حاڵەتەکاندا، سیاسەتی نەختینەیی هاوڕێ بوو لەگەڵ قبوڵکردنی تەریبایەتی دەسەڵاتی سەندیکا کرێکارییە بەهێزەکان و، پەیوەستبوونی سیاسی بە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەران و چاودێریی کۆمەڵایەتی بەهێزیشەوە. بەم جۆرە، گۆڕان بەرەو نیۆلیبڕالیزم تەنیا پشتی بە پەیڕەکردن لە تیۆری نەختینەیی نەبەست، بەڵکو پشتی بەست بە فراوانکردنی سیاسەتە حکومییەکانیشەوە لە چەندین بواری دیکەدا.

ئەگەرچی کارتەر بە نابەدڵ بایدایەوە بەلای سیاسەتی هەڵگرتنی کۆتوبەندەکان و دیسپلینە ڕێکخەرییەکاندا (بۆ نموونە لە کەرتەکانی گواستنەوەی وشکانی و

کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانیدا) وەک نیمچە چارەسەرێکی قەیرانی داتەپینی هەڵاوسانئاسا، کەچی سەرکەوتنی ڕەیگان بەسەر کارتەردا زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوە بوو. ڕاوێژکارەکانی ڕەیگان بە تەواوی بڕوایان بە ڕاستی و دروستی ئەو "چارەسەر"ە نەختینەییە هەبوو کە ڤۆڵکەر بۆ بوژاندنەوەی ئابووریی نەخۆشیی داتەپیوو وەسفی کردبوو, پشتیوانییان کرد و دووبارە ڤۆڵکەریان لە پۆستی سەرۆکی بانکی یەدەگی فیدراڵیدا دامەزراندەوە. پاشان ئیدارەی ڕەیگان پشتیوانیی سیاسیی پێویستی خستە بەردەست، ئەویش بە ڕێگەی ئازادکردنی زیاتری ئابووری و هەڵگرتنی کۆتوبەندە ڕێکخەرییەکان و کەمکردنەوەی باج و کەمکردنەوەی بودجە و هێرشی دووبارە بۆ سەر دەسەڵاتی سەندیکا و دامەزراوە پیشەییەکان. ڕەیگان تەحەدای مانگرتنە سەخت و درێژەکەی ساڵی 1981ی سەندیکای کرێکارانی چاودێریی جووڵەی ئاسمانی (PATCO)ی کرد. ئەمەیش ئاماژەی هێرش بوو بۆ سەر هەموو جۆرە دەسەڵاتەکانی کاری ڕێکخراو، بە تایبەتیش لە ماوەی داتەپینی ئابووری کە لە بەرهەمی سیاسەتەکانی ڤۆڵکنەر بوون، ئەمەیش بووە مایەی ڕێژەیەکی بەرزی بێکاری (گەیشتە 10% و زیاتر). وەک دەزانین سەندیکای چاودێرانی جووڵەی ئاسمانی سەندیکایەکی کرێکاریی ئاسایی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵەیەکی پیشەیی لێهاتووی یەخە سپی بوون، پاشان مۆدێلێکی ڕێکخستنی سەندیکایی چینە ناوەندییەکان بوو نەک چینی

کرێکار. شوێنەوارەکان لەسەر دۆخی کار و کرێکار لە هەموو شوێنێک دراماتیکی بوون، باشترین نموونە لەسەر ئەم ڕاستییە ڕەنگە لایەنی کەمیی فیدراڵیی کرێکان بێت، کە لەساڵی 1980دا هاوتای هێڵی هەژاری بوو. لە ساڵی 1990دا بە ڕێژەی 30% لەو ئاستەیش دابەزی. بە کردەیی نزمبوونەوەیەکی توند و درێژ لە ئاستی کرێ ڕاستەقینەکاندا دەستی پێکرد.




**شێوەی 6.1: هێرش بۆسەر هێزە کارکەرەکان: بەرهەمهێنی و کرێی ڕاستەقینە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، 1960–2000.**

**سەرچاوە: Pollin, Contours of Descent**

هەڵـمەت دژ بە حکـومەتی گەورە بەرە بەرە گەیشـتە ئاستە بەرزەکان، بە تایبەت ئەو کاتەی ڕەیگان کۆمەڵێک بەرپرسـی مەسـەلە گرنگەکـانی وەکـو تەندروسـتی و ساغڵەمیی پیشـەیی و ڕێکخسـتنی ژینگەیـی، لە پێگەکـانی دەسـەڵاتدا دامەزرانـد. ئـازادکردنی هەمـوو شـتێکیش لە کۆتوبەنـد و دیسـپلینەکان، هەر لە کۆمپانیاکـانی هێڵـی ئاسمانی و پەیوەندییەکانەوە و تا کەرتەکانی دابینکردنی خەرجی، بووە مایەی کردنەوەی هەرێم و ئاسۆی نوێ لە بەردەم قەڵەمـڕەوی و بەرژەوەنـدیی کۆمپانیـا گەورە و بەهێزەکانـدا لە بـازاڕی ئـابووریی تەواو ئـازاد و بێ هـیچ بەربەسـتێک. بە کردەیـی، کەمکـردنەوەی باجەکـان بـووە پشـتیوانی وەبەرهێنـانی جـووڵەی سـەرمایە، دوور لە دەسەڵاتی سەندیکاکان لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوای ناوەڕاسـتی ئەمریکـادا، ئینجـا سـەرمایەی گواسـتەوە بـۆ ناوچەکـانی بـاکوور و ڕۆژئـاوا، ئەو ناوچـانەی کە ڕێکخسـتنێکی کەمیـان هەبـوو و دووریـش بـوون لە دەسـەڵاتی سـەندیکاکان. سـەرمایەی دارایـی هەتـابێ زیـاتر چـاوی لە دەرەوە بڕیبـوو، بەدوای تێکـڕای بەرزتری قازانجدا دەگەڕا. لە بـازنەیەکی زۆر بەفراوانتـردا هەڵوەشـانەوەی پیشەسـازییەکان لە نـاوەوە دەسـتیپێکرد، ئیدی سـەرجەمی پرۆسـەی بەرهەمهێنـان بە کردەیـی ڕایە دەرەوەی سـنوورەکانی ویـلایەتە یەکگرتووەکـان. بـازاڕی ئـابووری، کە لە ڕووی ئایـدیۆلۆژییەوە بە تـاکە ڕێـگەی چـاودێریی کێبەرکێکـاری و داهێنـانی ئـابووری وەسـف دەکرا، بـووە ئامرازی بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی مۆنۆپۆلی.

باجەکـــان لەســـەر کۆمپانیـــا گەورەکـــان بەشـــێوەیەکی دراماتیکی کەم بوونەوە، تێکڕای باجی سەرانەی توێژی خاوەن داهاتە باڵاکانیش لە 70%ـەوە بۆ 28% دابەزی، ئەمەیــش بە "گەورەتــرین دابەزانــدنی بــاج لە مێــژوودا" دادەنرێت (وێنەی 7.1).

بەم جـــۆرە گـــۆڕانە یەکـــلاکەرەوەکە بەرەو بڕێکـــی گەورەتـــــری نایەکســـــانیی کـــــۆمەڵایەتی و بەرەو وەرگــرتنەوەی هێــزی ئــابووریی لەلایەن چینــی بــاڵاوە، دەستی پێکرد.




**شێوەی 7.1: شۆڕشی باجدەرانەی چینی باڵا: تێکڕای باجەکان بۆ هەردوو گروپی بەرز و گروپی نزم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان 2003–1913.**

**سەرچاوە: Dumenil and Levy, (neoliberal Income Trends)**

گـۆڕانێکی دیـکەی هاوتـایش هەبـوو کە لە حەفتاکانـدا بـووە پـاڵهێز بەرەو نیـۆلیبڕالیزم. بەرزبـوونەوەی زۆری نرخــی نەوت، لەو کــاتەی ڕێکخــراوی ئۆپیــک لە ســاڵی 1973دا بــاری قەدەغەی ســەپاند، بڕێکــی یەکجــار زۆری هێـزی دارایــی پێکهێنــا، ئەویــش بە هەڵسـوکەوتی چەنـد دەوڵەتێکی هەناردەکەری نەوت لە ناوچەی کەنداودا. ئێمە ئێستا، لە ڕاپـۆرتە هەواڵگریەکانی بەریتانیـاوە دەزانـین کە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان لە سـاڵی 1973دا بە جـدییەتەوە ئامـــادەبوو بـــۆ داگیرکردنـــی ئەو دەوڵەتـــانە، تـــاوەکو هەڵقـولانی نەوت و کەمکــردنەوەی نرخەکــانی بەدەســت بهێنێـتەوە. دەیشـزانین ئەو وەخـت ئەو دەوڵەتـانە، گەر بە زەبری هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و کراوەیش نەبووبێت ئەوا لەژێر فشاری سەربازیی ئەمریکادا، ڕازیبوون بە دووبارە ســـووڕانەوەی هەمـــوو دۆلارە نەوتییەکانیـــان بەنێـــو بانکەکـانی وەربەرهێنانـدا لە شـاری نیویـۆرک[20]. لە ناکـاو ئەو بانکانە بینییان دەستیانگرتووە بەسەر پارەیەکی مۆڵی زۆروزەبەنـددا کە لەنێـو خرابـوونە بانکەکـانەوە. دەبـوو بـــازاڕی خســـتنەگەڕی قـــازانکەرانە بـــۆ وەبەرهێنانیـــان بدۆزرێتەوە. بـژاردەی وەبەرهێنـان لەنێو خـۆی ویـلایەتە یەکگرتووەکانــدا ســوودبەخش نەبــوو بەهــۆی حــاڵەتی داتەپینـی ئـابووری سـالانی حەفتاکـان و دابەزینـی تێکـڕای

[20] L. Alvarez, 'Britain Says U.S. Planned to Seize Oil in '73 Crisis', New York Times, 4 Jan. 2004, A6. On the Saudi agreement to recycle petrodollars through the US see P. Gowan, The Global Gamble: Washington's Faustian Bid for World Dominance (London: Verso, 1999), 20.

دەستکەوت لە قازانجەکان. دەبوو بەدوای هەلی قازانجی زیاتردا لە دەرەوە بگەڕێن. وەبەرهێنان لە دەوڵەت و حکومەتەکاندا ئەمانەتی زیاتری تێدابوو، چونکە وەک واڵتەر ڕیسۆنی سەرۆکی "سیتی بانک" لە قسە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: "دەوڵەت و حکومەتەکان هەر دەمێنن و ناجولێن". لە جیهانی سێیەمدا حکومەتی زۆر هەبوون عەودالی قەرز بوون، بەڵام بۆ ڕوودانی ئەمە پێویست بوو بە ئازادییەوە دەرفەتی چوونە ناوەوە هەبێت و ڕادەی پێویستی ڕەوشی سەقامگیر وەدیی بهێنرێت. لەبەرئەمە، بانکەکانی وەبەرهێنان لە نیویۆرک پەنایان بردە بەر نەریتەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە بەکارهێنانی هێزدا، بۆ کردنەوەی هەلی وەبەرهێنانی نوێ و پاراستنی پرۆسە و پرۆژە دەرەکییەکانی وەبەرهێنان.

نەریتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی ماوەیەکی زۆربوو لە دروستبووندا بوو، تارڕادەیەکی زۆر هەوڵیدەدا شوناسی خۆی بە نەریتەکانی ئیمپریالیزمی فەرەنسی و بەریتانی و هۆڵەندی و دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە ئەوروپییەکانی دیکە بەراورد بکات[21]. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆی لادا لە ئەزموونەکانی داگیرکاریی کۆلۆنیالی، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا

[21] D. Harvey, The New Imperialism (Oxford: Oxford University Press, 2003); N. Smith, American Empire, Roosevelt's Geographer and the Prelude to Globalization (Berkeley: University of California Press, 2003); N. Smith, The Endgame of Globalization (New York: Routledge, 2005). 22. Panitch and Gindin, 'Finance and American Empire'

سیستەمێکی ئیمپریالیی کراوەتری بە بێ کۆلۆنیالەکان پێکهێنا. لە نیکاراگوا، لە بیستەکان و سییەکاندا، کاتێک هێزەکانی مارێنز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمریکییەکان تێیدا بڵاوبوونەوە، دۆخێکی نموونەیی هێنرایە کایەوە، بەڵام بینی گلاوە لە جەنگێکی سەخت و درێژی پارتیزانییەوە لەگەڵ بزووتنەوەی یاخیبووندا بە سەرکردایەتی ساندینۆ. چارەسەرەکە دۆزینەوەی پیاوێکی لۆکاڵیی بەهێز بوو –کە لەم مەسەلەیەی نیکاراگوادا ئەو پیاوە سۆمۆزا بوو–، هەروەها پێشکەشکردنی یارمەتیی ئابووریی و پشتیوانیی سەربازی بە خۆی و بنەماڵەکەی و هاوپەیمانە نزیکەکانی، تاوەکو بتوانن برێکی شیاو لە سامان و دەسەڵات بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، ئەوجا دواتر دەتوانن ئۆپۆزسیۆن سەرکوت بکەن یان بیکڕن. لە بەرامبەر ئەمەیشدا، لەسەر ئەوانە بەڵێن بدەن وڵاتەکەیان بە بەردەوامی بە کراوەیی لەبەردەم پرۆسەکانی سەرمایەی ئەمریکیدا بهێڵنەوە و، پشتیوانیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بن، یان بەرگری لێبکەن و بەهێزی بکەن چ لە نێو دەوڵەتدا یان لە هەموو ناوچەکەدا (لە حاڵەتی نیکاراگوا لە ناوچەی ئەمریکای لاتیندا)، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەم ئامانجە پێویست بە بەکارهێنانی هێزیش بکات. ئەم مۆدێلە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە پشتی پێبەستراوە و گشتێنراوە، واتە لە ماوەی قۆناغی پاکتاوی کۆلۆنیالیزمی جیهانیدا کە بە پێداگری ئەمریکا لەسەر هێزە ئەوروپییەکان سەپێنرا. بۆ نموونە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکی، ئەندازەی

ئەو کودەتـــایەی دارشـــت کە بەســـەر حکـــومەتە بە دیموکراسـی هەڵبژێردراوەکەی موسـەدەقدا ئەنجام درا و شای ئێران خرایە شوێنی، کە گرێبەستەکانی وەبەرهێنانی نەوتـــی بەخشـــی بە کۆمپانیـــا ئەمریکییەکـــان (ئەو سـەرچاوانەی بۆ نەگەڕاندەوە کە موسـەدەق دابـووی بە کۆمپانیا بەریتانییەکان) و، بووە یەکێک لە پاسـەوانەکانی بەرژەوەندییە سـەرەکییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی خاوەن نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا، بە تەکتیکی لەم جۆرە، بەشی هەرە زۆری جیهانی نا-کۆمۆنیستی لە بەردەم هەژمـوونی ئەمریکیـدا ئـاوەڵا و تەخت بوو. ئەمە بووە ڕێگەیەکی هەڵبژێردراویش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترســیی کۆمــۆنیزم و بزووتنەوەکــانی یــاخیبوون و شـــۆڕش، ئەمەیـــش بـــووە مـــایەی ئەوەی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـان پشـت بە سـتراتیژییەتی دژە-دیموکراسـی ببەسـتێت (بگـرە دوژمنـایەتی زیـاتری ڕژێمە جەمـاوەریی سۆشیالیستی/کۆمۆنیسـتییەکانیش)، ئەمەیـش بەرەو بەرەو خسـتییە هاوپەیمـانییەوە لەگەڵ دیکتـاتۆرییە سـەربازییە سـەرکوتکەرەکان و ڕژێمە ستەمکاندا (ئەمە بە ڕوونترین شێوە لە لایەنە جیاوازەکانی ئەمریکای لاتینیدا دەرکەوت). ئەو چیرۆکـــانەی جـــۆن بیرکینـــز لە کتێبەکەیـــدا "دانپێـــدانانەکانی ئـــابووریکوژێکی بەکرێگیـــراو"دا دەیانگێڕێتەوە، کە پڕیەتی لە وردەکانی بۆگەن و قێزەون، چـــۆنیەتی ڕوودانـــی ئەو هاوپەیمـــانییە و دڕدۆنگیـــیە دووبـارەکەی دەردەخەن. لە دواتـر، بەرژەوەنـدییەکانی

ویــلایەتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا لە ململانێــی لەگەڵ کۆمۆنیزمی جیهانیدا، زیاتر –نەک کەمتر- کەوتنە بەردەم مەترسـی. جـا کاتێـک ویـلایەتە یەکگرتووەکـانبە ئاسـانی تـوانی ڕەزامەنـدیی دەسـتەبژێرە فەرمـانڕەوا لۆکاڵییەکـان بکڕێت، ئەوا پێویستبوون بە سـەرکوتکردن و ناچارکردنی ئۆپۆزســـــیۆن یــــان بـــــزووتنەوە دیمـــــوکراتییە سۆشیالیستییەکان (وەک بزووتنەوەی ئەلیندی لە چیللی) ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەستەوە بە مێژوویەکی درێژی توونـدوتیژی شـاراوەوە دژ بە بـزووتنەوە میللییەکـان لە زۆربەی بەشەکانی جیهانی تازەگەشەکردوو.

ئەو زێـدە-دارایـیەی وا لە بانکەکـانی وەبەرهێنانـدا لە نیویـۆرک لە سـووڕانەوە و دەستاودەسـتکردندا بـوو، لە زۆربەی لایەنەکانی جیهاندا لەم بوارانەدا بەفیڕۆ درا. بەر لە سـاڵی 1973، زۆربەی ئەو وەبەرهێنـانەی ڕاسـتەوخۆ هـی ئەمریکـا بوون، لە بنەڕەتـدا گرنگییـان بە قۆسـتنەوەی مـادە و سـامانە خاوەکـان (نەوت و کانزاکـان و بەرهەمە کشـتوکاڵییەکان و مـادەی خـاو) یـان چـاودێری بـازاڕە ئـابوورییە دیاریکراوەکـان (لە کەرتـی پەیوەنـدییەکان یـان پیشەسـازیی ئۆتۆمبێـل و..هیتـر) لە ئەوروپـا و ئەمریکـای لاتین. بانکە وەبەرهێنەرەکان نیویۆرک بەردەوام لە ڕووی جیهـانییەوە هەر چـالاک بـوون. بەڵام دوای سـاڵی 1973 چالاکتر و کاراتر بوون و زۆر زیاتر لە جاران تەرکیزیان لەسـەر قەرزی سـەرمایە بە حکومەتە بیانییەکـان بـوو[22].

[22] Panitch and Gindin, 'Finance and American Empire'.

ئەمە پێویستی بە ئازادکردنی بازاڕە داراییەکان و پشتبەستنە نێودەوڵەتییەکان بوو، لە حەفتاکاندا بە کردەیی حکومەتی ئەمریکی دەستی کرد بە پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی ئەم ستراتیژییەتە لەسە ئاستی جیهانی. پاشان هانی دەوڵەتە گرفتارەکان درا کە بە چڕوپڕی قەرز بکەن، ئەگەرچی بە نرخی سوودی دەستکەوتووی خاوەن بانکەکانی نیویۆرکیش بێت[23]. جا لەبەرئەوەی تەرخانکردنی قەرزەکان بە دراوی ئەمریکی بوو، ئەوا بەرزبوونەوەیەکی کەم، چما بەرزبوونەوە زۆرەکان لە تێکڕای سوودی ئەمریکیدا، بە ئاسانی دەیتوانی دەوڵەتە لاوازەکان تا ئاستێک پاڵ بنێ کە نەتوانن قەرزەکان بگەڕێننەوە، ئینجا لەمەیشەوە بانکەکانی وەبەرهێنان لە نیویۆرک تووشی زیانی گەورە ببن.

یەکەم حاڵەتی تاقیکردنەوەی سەرەکیی لەم جۆرە لە دوای "شۆکی ڤۆلکەر" سەریهەڵدا، کە مەکسیک لە ساڵی 1982 و 1985دا لە گەڕاندنەوەی قەرزەکانی دواکەوت. ئیدارەی ڕەیگان، کە لە ساڵی یەکەمیدا بە جددی بیری لەوە کردەوە پشتیوانییەکانی خۆی لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بکشێنێتەوە، توانی ڕێگایەک بدۆزێتەوە کە دەسەڵاتەکانی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە تێیدا کۆبوونەوە، ئەوەیش بە دووبارە داڕشتنەوەی خشتەی

---

[23] The many debt crises of the 1980s are covered extensively in Gowan, The Global Gamble.

قەرزەکـــان هاوکـــات لەگەڵ ئەنجامـــدانی چاکســـازییە نیۆلیبراڵیســتییەکاندا. ئەم ڕێگـا چـارە پێـوانەییە بـووە ئەو شـــتەی کە ســـتیگڵتز لە ســـاڵی 1982دا نـــاوی لێنـــا "پـاکژکردنەوە"ی سـندووقی دراوی نێـودەوڵەتی لە هەمـوو شــوێنەوارە کینزییەکــان. دواتــر، ســندووقی دراوی نێــو دەوڵەتی و بانکی جیهانی گۆڕانیان بەسەردا هات و بوون بە ناوەندی برەودان و پشتیوانیکردنی "بنچینەکانی بازاڕی ئـــازاد" و دۆکترینـــی نیـــۆلیبراڵیزم، کە هاوکـــات لەگەڵ دووبــارە دارشــتنەوەی خشــتەی قەرزەکانــدا، لە دەوڵەتە قەزروەرگرەکان داوا دەکرا چاکسـازیی دامەزراوە بـکەن، چاکسازی وەک: تایبەتکردن، کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە کاروبارەکـانی چـاودێریی کـۆمەڵایەتی، دانـانی یاسـا نەرمەکـــان بـــۆ بـــازاڕی کـــار. بەم جـــۆرە گـــوزارەی "خۆگونجاندنی بونیادییانەی ئـابووری" داهێنـرا، مەکسـیک یەکێک بوو لەو دەوڵەتانەی سەرەتا کە ڕاکێشرایە نێو ئەو شـتەوە کە مـاوەیەکی کەمـی دواتـر، لە هەمـوو جیهانـدا، دەبــووە تــابوورێکی درێژخــایەنی دەزگاکــانی دەوڵەتــانی نیۆلیبراڵی[24].

بەڵام حـــاڵەتەکەی مەکســـیک بە ڕوونـــی نـــاکۆکییەکی سەرەکیی لەنێوان مومارەسـەی لیبراڵیـزم و نیۆلیبراڵیزمـدا دەرخســت. قەرزدەرە لیبراڵییەکـان ئەو زیانـانە هەڵـدەگرن کە لە بڕیــارە هەڵەکـــانی وەبەرهێنـــانەوە دەکەونەوە، لە کاتێکـدا نیۆلیبراڵیسـتەکان دەسـەڵاتەکانی دەوڵەت و هێـزە

---

[24]J. Stiglitz, Globalization and its Discontents (New York: Norton, 2002).

جیهانییەکانی بەکاردەهێنن تاوەکو قەرزوەرگرەکان ناچار بکەن تێچوونی دانەوەی قەرزەکە بگرنە ئەستۆ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی دەرەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی بژێوی و چۆنیەتی دۆخی دانیشتووانە لۆکاڵییەکان. ئەگەر ئەمە پێویستی بەوە بووبێت سەرچاوەکان بە کەمترین نرخ ڕادەستی کۆمپانیا بیانییەکان بکرێت، ئەوا قەینا با وابێت، ئەگەرچی ئەمە لە ڕواڵەتدا لێکدژە لەگەڵ تیۆری نیۆلیبڕالیزمیشدا. وەک دۆمینیل و لیڤی (لە شێوەی 8.1 و 9.1)دا پیشانی دەدەن[25]، یەکێک لە بەرەنجامەکان ڕەخساندنی هەل و دەرفەت بوو، لەبەردەم خاوەن سەرمایە ئەمریکییەکاندا، لە ساڵی هەشتاکان و نەوەردەکاندا، بۆ لێسەندنی تێکڕای دەستکەوتە بەرزەکان لە دەوڵەتانی دیکەی جیهان، بەجۆرێک دەکرێت بووترێت بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی دەستەبژێری ئابووریی یان چینی باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و شوێنەکانی دیکە لە جیهانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا، بەشێوەیەکی گەورە پشتی بەستبوو بەو زیادە داراییانەی کە لە ڕێگەی خۆگونجاندنی بوونیادی و هەڵقولانە داراییە نێودەوڵەتییەکانەوە، لە دەوڵەتانی دیکەی جیهان دەسەنرا.

[25] G. Duménil and D. Lévy, 'The Economics of U.S. Imperialism at the Turn of the 21st Century', Review of International Political Economy, 11/ 4 (2004), 657–76.




**شـــێوەی 8.1: چنیـــنەوەی زیادەکـــان لە دەرەوە: تێکـــڕای دەستکەوتەکان لە وەبەرهێنانە دەرەکی و لۆکاڵییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، 1960–2002.**

**سەرچاوە: Duménil and Lévy, 'The Economics of US Imperialism'.**




**شـــێوەی 9.1 هەڵقـــوڵانی دەســـتکەوتەکانی بـــۆ ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان: قـــازانج و دەســـتکەوتەکانی ســـەرمایە لە بـــاقی دەوڵەتانی جیهاندا بەرامبەر قازانجە لۆکاڵییەکان.**

**سەرچاوە: Duménil and Lévy, 'Neoliberal Dynamics: Towards A New Phase?'**

**واتای دەسەڵاتی چینایەتی:**

لەم کۆنتێکستەدا بە وردی مەبەست لە گوزارەی "چین" چییە؟ ئەمە هەمیشە چەمکێکی تەمومژاوی بووە (بگرە وەک هەندێک دەڵێن جێگای گومانیشە). بەڵام لە هەموو دۆخێکدا نیۆلیبڕالیزم ئەو پێویستییە دێنێتە پێش کە دووبارە چەمکی "چین" پێناسە بکرێتەوە، ئەمەیش کێشەیەکی سەخت دەوروژێنێت. ئەگەر نیۆلیبڕالیزم ئامرازێک بێت بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی چینایەتی، ئەوا دەبێت بتوانین ئەو هێزە چینایەتیانە دیاریی بکەین کە لە پشتەوەی دەوەستن و لێی سوودمەند دەبن، جا کاتێک "چین" شێوازێکی کۆمەڵایەتیی جێگیر نەبێت، ئیدی دژوارە ئەو کارە بکرێت. لە هەندێ بارودۆخدا، چینە نەریتییەکان توانیویانە پەیوەستبوون بە بناغەی دەسەڵاتێکی تۆکمە و هاوبەندەوە (هەندێ کات لە ڕێگەی خیزان و پەیوەندییەکانی نزیکایەتییەوە ڕێکخراوە)، بەڵام لە بارودۆخەکانی دیکەدا نیۆلیبڕالیزم هاوڕێ بووە لەگەڵ دووبارە داڕشتنەوەی ئەو پێکهاتانەدا کە چینی باڵا پێکدەهێنن. بۆ نموونە مارگرێت تاتچەر هێرشی کردە سەر هەندێ فۆڕمی دەسەڵاتی چینایەتی وەها کە لە بەریتانیادا ڕەگیان داکوتابوو؛ ئەو دژ بە نەریتە ئەرستۆکراسییەکان وەستایەوە کە هەژموونیان لەسەر سوپا و دادگا کردبوو، هەروەها دژ بە دەستەبژێری ئابووریی لە بازاڕی دارایی و کار و بیسنز لە بۆرسەی لەندەن و لە بوارەکانی پیشەسازیدا وەستایەوە، لەگەڵ دەوڵەمەندە نوێیەکان و پارەداران و

خاوەنکـارە سەرکێشـەکاندا چـووە هاوپەیمـانییەوە، واتە لەگەڵ ئەوانەدا کە بەهـرەی زرنگیـی بـاوی ئینگللیزیـان نەبـوو. تـاتچەر لەلایەن ئەم چینە نـوێیەی خاوەنکـارانەوە پشـتیوانیی لێکرا (لەوانە ڕیچارد برانسـۆن، لۆرد هانسـن، جـۆرج سـوروس)، ئەویـش لای خـۆیەوە زۆربەی کـات پشـتوانی لێکـردن و تـووڕەیی بـاڵی تەقلیـدیی نێـو حیـزبە کۆنزەرڤاتیڤەکەیی وروژاند. هەروەها هەڵکشانی بەرچاوی هێـز و بـایەخی پسـپۆڕە داراییەکـان و، بەڕێـوەبەرە جێبەجێکارییە پایەدارەکان لە کۆمپانیا گەورەکاندا و، ئینجا هەڵچـوونە لەخۆگیراوەکـان لە کەرتە ئـابوورییە تەواو نوێیەکانـدا (وەکـو کۆمپیـوتەر و ئینتەرنێـت و میـدیا و.. هیتـر)دا، بوونە مـایەی گۆڕینێکی گرنگی پێگە و بونیادی هێزی ئابووریی چینی باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. بە واتایەکی تر، لە کاتێکدا نیۆلیبڕالیزم چڕ دەبێتەوە لەسەر بەدەسـتهێنانەوەی دەسـەڵاتی چینـایەتی، ئەوا مەرج نیـیە مانای وا بێت هێزی ئابووری دەخرێتەوە دەست هەمان ئەو گروپە کەسانەی پێشتر.

گـوزارەی "چـین" لە شـوێنی جیـاوازدا مانـای جیـاواز دەگەیەنێت، دۆخە لێکدژەکەی ویـلایەتە یەکگرتووەکـان و بەریتانیـا ئەمەمـان بۆ ڕوون دەکـاتەوە؛ بگـرە زۆرجـار لە هەندێ حاڵەتدا (بۆ نموونە لەنێو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا) بـڕوا وایە کە ئەو چەمـکە هەرگیـز هـیچ مانـایەکی نیـیە. سـەرەڕای ئەوەیش، تەوژمـی جیاکـاریی بەهێز لە چەمکـی چینـــدا هەیە، لە ڕووی شـــێوەگرتن و دووبـــارە شـــێوەگرتنەوەی شوناســـی چینـــایەتییەوە لە بەشـــە

جیاوازەکانی جیهاندا. بۆ نموونە، هێزی ئابووری لە ئەندۆنیزیا و مالیزیا و فیلیپین، لە دەستی چینێکی بچووکی کەمینەی ئێتنیکی چینیدا کۆبۆتەوە، ڕێگای بەدەستهێنانی ئەو هێزە ئابوورییە (کە بە چڕوپڕی خۆی لە چالاکییە ئابوورییەکاندا کۆکردۆتەوە و پەیڕەوی لە پرۆسەکانی گەمارۆدانی بازاڕ دەکات[26]) بە تەواوەتی جیاوازە لە هەمان چین لە ئوستورالیا یان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەروەها حەوت ئۆلیگارشییەکە هێزی ئابووریی خۆیان لە ڕوسیا، لە شێوازە تەواو نوێی و تاقانەکەی کۆی ئەو ڕەوشانەوە بەدەستهێنا کە بەهۆی دارمانی یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتنەتە کایەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، ئاراستە و کەڵکەڵەی گشتی ئەوتۆن هەن دەکرێت دەستنیشانیان بکەین: یەکەم، ئاوێتەکردنی ئیمیتازاتەکانی کارگێڕی و موڵکایەتی پرۆژە سەرمایەدارییەکان –کە بەشێوەیەکی تەقلیدیی لە یەکتری جودا کرابوونەوە–، ئەوەیش دوای قەرەبووەکانی گەورە بەڕێوەبەرە جێبەجێکارییەکان (کارگێڕی) بەهۆی بژاردەکانی کڕینی پشکەکان بە نرخی کەم (مافەکانی موڵکایەتی). لە دواتر بەهای پشک و سەنەدەکان، نەک بەرهەمهێنانی کردەیی، دەبێتە ئەو ڕێنیشاندەرەی کە چالاکییە ئابوورییەکان لەسەری دەڕۆن، وەک دواتریش ڕوون بوویەوە لەگەڵ دارمانی کۆمپانیاکانی وەکو

[26] A. Chua, World on Fire: How Exporting Free Market Democracy Breeds Ethnic Hatred and Global Instability (New York: Doubleday, 2003), provides examples.

"ئینرۆن"دا، ئیغراکانی چەرچێتی لە کاتی ئەمەدا، ئەوەندە فریوودەر بوون کە ئەستەم بوو بەرگەیان بگیرێت. کەڵکەڵەی دووەم، کەمکردنەوەی کەلێنی مێژوویی، بەشێوەیەکی دراماتیکی، لەنێوان سوود و دەستەکەوتی قازانجەکانی سەرمایەی دارایی لەلایەک و، سەرمایەی بەرهەمهێن یان پیشەسازی یان بازرگانی، کە هەوڵیدەدا قازانج بەدەست بهێنێت لەلایەکی دیکە. وەک دەزانین ئەم جیاکردنەوەیە لە ماوەکانی ڕابردوودا، ببووە مایەی ململانێی توند لەنێوان دابینکەرانی پارە و بەرهەمهێنەران و بازرگانەکاندا. بۆ نموونە لە بەریتانیا، سیاسەتی حکومەت لە شەستەکاندا، بە پلەی یەکەم هەوڵی دەدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پارەدەران لە بۆرسەی لەندەن، ئەمە لە زۆر کاتدا بە زیان بۆ بەرژەوەندیی پیشەسازییە لۆکاڵییەکان دەشکایەوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە ماوەی شەستەکاندا، چەندینجار ناکۆکی لەنێوان کۆمپانیاکانی پارەدان و کۆمپانیا پیشەسازییەکاندا دەرکەوت. لە ماوەی حەفتاکاندا، زۆربەی ئەو ململانێیانە نەمان یان فۆڕمی نوێیان وەرگرت، چونکە کۆمپانیا گەورەکان تا دەهات زیاتر ئاراستەی پارەدانیان دەگرتە بەر، تەنانەت کاتێک هێشتایش بایەخیان بە بەرهەمهێنان دەدا، وەکو لە کەرتی پیشەسازیی ئۆتۆمبێلەکاندا. کەموزۆر لە هەشتاکانەوە، چیتر وەها باو نەبوو کۆمپانیاکان زیانی خۆیان لە بەرهەمهێنان ڕابگەیەنن، چونکە قازانجی پرۆسە داراییەکان قەرەبووی بۆ دەکرنەوە (کە بە نزیکەیی هەموو شتێکی گرتەوە، هەر لە

پرۆسەکانی قەرزدان و کریدیتەوە تاوەکو چەرچێتی بە نرخی دراوە ناجێگرەکان و بازاڕی پشکەکان و شمەکی تازە دەستکەوتووەوە). پرۆسەکانی ئاویتەکردن، لە سەرجەم کەرتەکاندا، چالاکییەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی و پارەدان و بەڵێندەرایەتی زەویوزار و موڵکە جێگیرەکانی یەکخست و بەشێوەی نوێ کۆمپانیا و گەلەکۆمپانیا هەمەجۆرەکانی خزمەتگوزارییەکان هاتنە کایە. کاتێک کۆمپانیای (U.S. STILL) ("ئاسنی ویلایەتە یەگگرتووەکان") ناوی خۆی گۆڕی بە (USX) (ویلایەتە یەکگرتووەکان X) و وەبەرهێنانی گەورەی لە کەرتی کریدیتدا کرد، لە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕییەکەی "جەیمز ڕۆدریک"یان پرسی: "واتای حەرفی X چییە؟"، بە سادەیی وتی: "X واتە پارە"[27].

هەموو ئەمانە پەیوەستبوون بە هەڵچوونێکی بەهێزەوە لە چالاکی و باڵادەستی پارەدا. لەگەڵ ڕزگاربوونی زیاتری بەرچاوی پارە لە کۆتوبەند و ئاستەنگە ڕێکخەرەکانی، کە تا ئەو کات بوار و سنووری کارەکەیان بۆ دیاریی کردبوو، چالاکییە داراییەکان بەشێوەیەکی بێ پێشینە گەشانەوە و لە دواییدا هەموو بوارەکانیان گرتەوە. شەپۆلی داهێنانەکان سەرجەم فۆڕمەکانی خزمەتگوزاریی داراییان گرتەوە، لەمەیشەوە نەک تەنیا سیستەمی پەیوەندیگیرییە ناوەکییە هەرە پێشکەوتووەکان لەسەر ئاستی جیهان، هاتە بەرهەم، بەڵکو جۆری نوێی بازاڕی داراییش هاتە کایە کە بەندبوو لەسەر

---

[27]Cited in Harvey, Condition of Postmodernity, 158.

دەستەبەریی قەرزەکان و سەرچاوە و موشتەقاتەکان و سەرجەم جۆرە بازرگانییە درێژخایەنەکان. بە کورتی، مانای نیۆلیبڕالیزم بووە ئەمە: دابینکردنی پارە بۆ هەموو شتێک. وەک ڕاندی ماریتن دەریخستووە[28] ئەمەیش بالادەستی و کۆنترۆڵی پارەی لەسەر هەموو بواری ئابوورییەکان و دەزگای دەوڵەت و لەسەر ژیانی ڕۆژانەیش، قووڵ کردەوە. هەروەها نیۆلیبڕالیزم خێرایی زیاتری خستە نێو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییەکانی هەموو لایەنی جیهانەوە. بێگومان، گۆڕانێک لە هاوسەنگیی هێزەکاندا هەبوو لە جیهانی بەرهەمهێنانەوە بۆ جیهانی پارە، چیتر زیادبوونی توانای پیشەسازی، بە زەرورەت واتای زیادبوونی تێکڕای داهاتی تاکەکەس نەبوو، وەکو ئەوەی لە زیادبوونی تەرکیز و چڕیی خزمەتگوزارییە داراییەکاندا هەبوو. لەبەرئەوە پشتیوانی لە دامەزراوە داراییەکان و چەسپاندنی متمانە بە سیستەمی دارایی، بووە کاری گرنگ و سەنتراڵ بۆ کۆی دەوڵەتە نیۆلیبڕالیستییەکان (وەکو ئەو کۆمەڵەیەی کە دەوڵەمەنترین دەوڵەتانی جیهان تێیدا ئەندام بوون و بە ناوی "حەوت ئەندامەکە" ناسراوە). لە حاڵەتی ڕوودانی ناکۆکییەکانی گریمانەکراودا لەنێوان شەقامی دراو لە "وۆڵ ستریت" و شەقامی پیشەسازی و کار لە "مین ستریت"، هەمیشە سەنگ و قورسایی زیاتر بۆ یەکەمیان دەبوو. ئەمەیش واتە ئەگەریکی ڕاستەقینە لەوەدا کە

---

[28] . R. Martin, The Financialization of Daily Life (Philadelphia: Temple University Press, 2002).

بارودۆخی دراو لە وۆڵ ستریت باش دەڕوات، لە کاتێکدا لە کەرتە ئابوورییەکانی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان (و دەوڵەتـــانی دیـــکەی جیهانیش)ـــدا، ڕوو لە تێکچـــوون و دارمـانە. ئەمەیـش ڕێـک ئەو شـتەیە کە لە چەنـد سـاڵێکدا ڕوویدا، بە تایبەتیش لە نەوەدەکاندا. ئەو دروشـمەی کە بە زۆری لە شەسـتەکاندا بەرزکـرایەوە: "تەنیـا ئەوە گـرنگە وۆڵ ستریت قازانج بکات".

کەواتە دەتـــوانین بڵێـــین، یەکێـــک لە ســـەنتەرە سەرەکییەکانی گەشانەوەی دەسەڵاتی چینایەتی لە سایەی نیۆلیبراڵیزمـدا، لە دەرکەوتنـی ڕۆڵـی گەورە بەڕێـوەبەرە جێبەجێکارەکانـدا بەرجەسـتە دەبێـت، ئەمـانە بـکەری ســەرەکیین لە ئەنجــومەنە کارگێڕییەکــانی کۆمپانیـــا گەورەکانـــدا، پێشـــەوای دەزگـــا دارایـــی و تەکنیکـــی و یاســـاییەکانن، کە بە حەرەمێکـــی نـــاوەکیی چـــالاکییە سـەرمایەدارییەکان دەورە دراون[29]. بە پـاڵ ئەمەیشـەوە، تـاڕادەیەک هێـزی خـاوەنە ڕاسـتەقینەکانی سـەرمایە و خاوەن پشکەکان کەم بوویەوە، چونکە نەیانتوانی ئەوەندە دەنگی پێویستی خاوەن بەرژەوەندییەکان بەدەست بهێنن کە بەس بێـت بـۆ کاریگەریـدانان لەسـەر سیاسـەتی کۆمپانیاکـان. خـاوەن پشـکە ڕاسـتەقینەکان، بەهـۆی فێڵـی گەورە بەڕێـــوەبەرە جێبەجێکارەکـــان و ڕاوێژکـــارە داراییەکانیانەوە، ملیۆنـان دەنگیـان لەدەسـتدا. قازانجەکـانی چەرچێتیـیش توانـای کـۆکردنەوەی سـامانێکی ئێجگـار

[29] This is the exclusive definition favoured in the works of Duménil and Lévy for example.

زۆری لە ماوەیەکی کورتدا ڕەخساند (نموونەی زۆر بۆ ئەمە هەیە، لەوانە وۆرن بەفیت و جۆرج سۆرۆس).

بەڵام هەڵەیە ئایدیای چینی باڵا تەنیا لەم توێژ (یان گروپ)ـەدا کورت بکەینەوە؛ کردنەوەی هەلی داهێنانی ئابووریی و سەرکێشی لە بواری دارایی و کاردا و، دابینکردنی پەیکەری نوێ بۆ پەیوەندییە بازرگانییەکان، دەرفەتیان لە بەردەم دەرکەوتنی قۆناغ و پرۆسەی شێوەگرتنی چینایەتی تەواو نوێدا کردەوە. سامانێکی زۆر لە کەرتە ئابوورییە نوێیەکانی وەکو تەکنۆلۆژیای بایۆلۆژی و تەکنۆلۆژیای زانیاریدا کۆکرایەوە (بۆ نموونە بیل گەیتس و پۆل ئالەن)، پەیوەندییە نوێیەکانی بازاڕ ئیمکانی بەرفراوانیان کردەوە بۆ کڕینی شمەکەکان بە نرخی هەرزان و فرۆشتنیان بە نرخی گران، ئەمە ئەگەر بە کردەیی گەمارۆدانی تەواوی بازاڕیش نەبووبێت بە ڕێگای ئەوتۆ کە ڕێگە بە کۆکردنەوەی سامانی زۆر بدات و ئاسۆییانە درێژ ببێتەوە (وەک ئەوەی لە ئیمپراتۆریەتی میدیایی جیهانی ڕۆبەرت میردۆکدا هەیە) و لە سەرجەم بوارەکانی کاردا هەجۆر ببێت، هەر لە بەرهەمهێنان و دەرهێنانی مادەکان و سامانەکانەوە تا دەگات بە خزمەتگوزارییە بانکییەکان و بەڵێدەرایەتی و پەرەدان بە کەرتی زەویوزار و بازرگانی پارچەیی. ئەمە چەندینجار بە پاڵ دامەزراندنی پەیوەندییە تایبەتییەکانییەوە بووە لەگەڵ دەسەڵات و دەزگاکانی دەوڵەتدا، کە ئەمەیش ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو. بۆ نموونە، دوو خاوەنکاری

نزیک لە سۆهارتۆ لە ئەندۆنیسیا، هەردووکیان سوودێکی گەورەیان بە بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەی خاوەن دارایی سۆهارتۆ گەیاند، بەڵام سوودیان لە پەیوەندیی خۆیان بە دەزگای دەوڵەتەوە وەرگرت بۆ کۆکردنەوەی سامانی زۆروزەبەند. دەڵێن: یەکێکیان "کۆمەڵەی سەلیم"، لە ساڵی 1997دا بووە "گەورەترین کۆمەڵەی بازرگانی کە موڵکی کەسانی چینی بوو، نرخی سەرچاوەکانی دەگەیشتە 20 بلیۆن دۆلار و نزیکەی پێنج سەد کۆمپانیا". کۆمەڵەکە بە کۆمپانیایەکی نەختێ بچووکی وەبەرهێنان دەستی پێکرد، کارلۆس سەلیم توانی کۆنترۆڵی سیستەمی پەیوەندییەکان بکات کە تازە لە مەکسیک بە تایبەتکرابوو، ئیدی کۆمپانیاکەی کرد بە ئیمپراتۆریەتێکی زەبەلاح، کە کۆمەڵێک کۆمپانیای لەخۆ دەگرت، ئەمانە تەنیا کۆنترۆڵی توێژێکی گەورەی و ئابووریی مەکسیکیان نەکردبوو، بەڵکو بەرژەوەندییەکان ئەوەندە درێژ بووبوویەوە کە کەرتێکی گرنگی بازرگانیی پارچەیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی سێرک سیتی و پارنز و نۆبڵەوە) و سەرجەم بەشەکانی ئەمریکای لاتین دەگرتە خۆ[30]. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش، کە کۆمپانیای "وۆڵ مارت"دا بووە پێشەنگ لە بازرگانیی پارچەی ئەمریکیدا، بنەماڵەی والتۆن بەشێوەیەکی زۆر دەوڵەمەند بوون، بەڵام ئەمە کاتێک گەیشتە لوتکە کە لەگەڵ هێڵەکانی

---

[30]Chua, World on Fire.

بەرهەمهێنـانی چینـی و شـوێنەکانی فرۆشـتنی پـارچە لە جیهانـدا، یەکیـانگرت. بێگومـان، پەیوەنـدیی ڕوون هەبـوو لەنێـوان جـۆری ئەم چالاکیـانە و جیهـانی پـارەدا، بەڵام توانـای سـەروو ئاسـایی –نەک تەنیـا بـۆ کـۆکردنەوەی سامانە زەبەلاحە کەسییەکان، بەڵکو توانای حوکمکردن لە کەرتە بەرفـــراوانە ئابوورییەکانیشـــدا–، دەســـەڵاتێکی گەورەی ئابووری بەخشیە ئەم چەند کەسە کە وایلێکردن کاریگەرییـــان لەســـەر پرۆســـە سیاســـییەکان هەبێـــت. لەبەرئەوە، سەیر نییە کە بەهـای پەتیی سامانەکانی 358 دەوڵەمەنـدترین کەسـانی جیهـان لە سـاڵی 1996دا "بەقەد کـۆی داهـاتی 45%ی هەژارتـرین دانیشـتواننی جیهـان – واتە 2.3 ملیـار کەس- بێـت". لەمەیـش خراپتـر، "سـامانی پـوختی200 دەوڵەمەنـدترین کەس لە جیهانـدا، لە نێـوان سـاڵانی 1994-1998 دوو قـاتبوویەوە، تـاوەکو گەیشـتە زیـــاتر لە یەک تریلیـــۆن دۆلار، لە کاتێکـــدا بەهـــای سەرچاوەکان کە سێ دەوڵەمەنترین ملیاردێر لە جیهاندا (ئەو کـاتە) هەیـانبوو، زیـاتر بـوو لە کـۆی بەرهەمـی نەتەوەیی هەژارترین دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووی جیهان، کە ڕێـژەی دانیشـتووانەکانیان دەگەیشـتە 600 ملیـۆن کەس"[31].

[31] United Nations Development Program, Human Development Report, 1996 (New York: Oxford University Press, 1996), 2, and United Nations Development Program, Human Development Report, 1999, 3.

مەتەڵێکــی دیــکە هەیە پێویســـتە لە کــاری ڕیشـــەیی دووبـــارە پێکهێنـــانەوەی پەیوەنـــدییە چینایەتییەکانـــدا، لەبەرچاو بگیرێت. ئەویش ئەوەیە ئایا دەبێت ئەو شـێوازە چینایەتییە نوێیە بە نێونەتەوەیی [ئینتەرناسیۆنال] دابنێین یــان هێشــتایش دەشــێت وەک شــتێکی قەتیســماو لەنێــو چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەدا لێی تێبگەین؟ ئەم پرسـیارە چەنـدینجار خـراوەتەڕوو و مشـتومڕی زۆریشـی لەسـەر کراوە[32]؛ هەڵوێستی منیش لەم بارەیەوە بە کورتی ئەمەیە: بانگەشـەکردن بـۆ ئەوەی گـوایە چینـی باڵادەسـت لە هەر شـوێنێکی جیهـان، کارەکـانی خـۆی تەنیا لە یەک دەوڵەت-نەتەوەدا قەتـیس دەکـات و، وەلای خـۆی تەنیـا دەلکێنێـت بەو دەوڵەتەوە، قســـــــەیەکە لە ڕووی مێـــــــژووییەوە زێــدەڕەویی زۆری تێــدایە. قســـەکردن لەبــارەی چینــی سەرمایەداریی ئەمریکییەوە بەرامبەر چینی سـەرمایەداری بەریتانی یان فەرەنسی یان ئەڵمانی یـان کـۆری، مانـایەکی ئەوتۆی نییە، چونکە پەیوەستییە نێودەوڵەتییەکان هەمیشە پتەو و گرنگ بوون، بە تایبەتیش لەنێو چالاکییە کۆلۆنیالی و نیـــو-کۆلۆنیالیزمییەکانـــدا، هەروەهـــا پەیوەســـتییە نێونەتەوەییەکانیش، کە لایەنیکەم دەگەڕێنەوە بـۆ سـەدەی نۆزدە، بەهەمان شێوە گرنگـی خۆیـان هەبووە. بەڵام ئەمە

[32] W. Robinson, A Theory of Global Capitalism: Production, Class, and State in a Transnational World (Baltimore: Johns Hopkins University Press, 2004), makes an outstanding case for this argument.

واتای ئەوە نییە ڕابەرە تاکەکەسییەکان لەنێو ئەم چینەدا خۆیان بە دەزگای دیاریکراوی دەوڵەتەوە نالکێنن، تاوەکو لە ڕێگەی دەوڵەتەوە ئیمتیاز بەدەست بهێنن و بپارێزرێن. ئەو شوێنە دیاریکراوەی کە پێیەوە پەیوەست دەبن گرنگە، بەڵکو لەو چالاکییە سەرمایەدارییانەی پێیانەوە خەریک دەبن جێگیرتر و سەقامگیرتر نین. بۆ نموونە، ڕۆبێرت میردۆک ژیانی خۆی لە ئوسترالیا دەست پێکرد، پاشان کارەکانی خۆی لە بەریتانیا چڕکردەوە، بەر لەوەی بە یەکجاری بچێتە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ببێتە خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەمریکی (بە دڵنیاییەوە قۆناغەکانی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی بۆ خێرا کرابوو). میردۆک ناکەوێتە سەروو یان دەرەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراو، بەڵام بە هەمان ئەندازە لە ڕێگەی بەرژەوەندییە میدیاییەکانییەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئوسترالیا، لە سەر ئاستێکی جیهانی، کاریگەریی سیاسی دادەنێت. ڕەنگە لەبەرئەمە بووبێت کە هەموو بەڕێوەبەرانی نووسین لە ڕۆژنامەکانی لە جیهاندا، کە ژمارەیان دەگەیشتە 247 کەس و بەحیساب کەسانی سەربەخۆبوون، هاوڕابوون لەسەر پشتیوانیکردن لە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە! بە گشتی، دەشێت بەشێوازێک قسە لەبارەی بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەداریی ئەمریکی یان بەریتانی یان کۆرییەوە بکەین، کە لە لایەنێکدا کورتی بکەینەوە، چونکە بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا گەورە یەکگرتووەکان، وەک

کۆمپانیاکانی میردۆک یان کارلۆس سەلیم یان کۆمەڵەی سەلیم، وزە لە دەزگای دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە وەردەگرن و هاوکات ئەم دەوڵەتە دەشیانپارێزێت. بەڵام هاوکات هەریەکێکیان دەتوانن مومارەسەی دەسەڵاتی چینایەتی لە چەندین دەوڵەتی تردا بکەن، هەر ئەمەیشە دەیکاتە چینێکی نموونەیی.

لە کاتێکدا ئەم کۆمەڵە کەسە پەرتوبڵاوە، کە ڕیشەیان لە کۆمپانیا یەکگرتووەکان و جیهانی بازرگانی و پارە و بەڵندەرایەتیدا داکوتاوە، مەرج نییە وەک چینێک ڕێککەوتبن؛ بۆیە کاتێک دڕۆدۆنگی دووبارە لەنێوان تاکەکەسانیدا دەردەکەوێت، سنوورێکی دیاریکراویان لە لێکجووتی بەرژەوەندییەکانیاندا هەیە کە بەگشتی وایان لێدەکات دەرک بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان بکەن [وەک چینێک] (لە ئێستایشدا دەرک بە هەندێ مەترسی بکەن) کە دەرەنجامی جیهانگیرین. بەهۆی ڕێکخراوەکانی وەکو کۆڕبەندی ئابووریی جیهانییەوە لە داڤۆس، لەمڕۆدا بۆ ئەم کەسانە ڕێگای گۆڕینەوە بۆچوون و ڕاوێژ و ڕێکەوتن لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکاندا ڕەخساوە، بە جۆرێکی وەها کە ئەمانە کاریگەرییەکی گەورەیان لە سەر کاروبارە جیهانییەکان هەیە و، ئەوەندە بە ئازادی دەتوانن بجوڵێن و بگەڕێن کە هاونیشتمانییەکی ئاسایی ناتوانێت وا بێت.

**هەلی ئازادی:**

بایەخی مێژووی هەنووکەی نیۆلیبڕالیزم و پێکهاتنی چینایەتی و قبوڵکردنی بەرچاوی بیرۆکەکانی کۆمەڵەی مۆن بیلیران، کاتێک لە باکگراوندی ئەو ئەرگۆمێنتانەدا دەیانخوێنینەوە کە کارل پۆلانێ لە ساڵی 1944دا خستوونییەتە ڕوو (واتە ماوەیەکی کەم بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مۆن بیلیران)، هەتا بێ زیاتر دەبێت و وەک هزری باڵادەست لە سەردەمە هاوچەرخەکەماندا قبوڵ دەکرێت. پۆلانێ ئاماژەی بەوە کردووە واتای ئازادی لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزدا، پڕ دەبێت لە لێکدژی، تا ئەو ڕادەیەی پاڵنەرەکانی کردە لەو کۆمەڵگەیەدا ڕازیکەر و سەرنجڕاکێش دەبێت. پاشان پۆلانێ دەڵێت: دوو جۆری ئازادی هەیە، باش و خراپ. لەو نموونانەی پۆلانێ سەبارەت بە جۆری دووەمیان باسی کردووە شتی لەم بابەتەیە: "ئازادیی بەکارهێنانی ئەویتر، یان ئازادی وروژاندن بە داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکان و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بۆ بەرژەوەندیی گشتی، یان ئازادیی قازانجویستان لە پشتەوەی بەڵا و کارەساتەکان کە بە شاراوەیی پلانیان بۆ دادەڕێژرێت و بە خاتری دەستکەوتی بەرژەوەندیی تایبەتی هەڵدەگیرسێنرێن"، بەڵام، پۆلانێ ئەوەیش دەڵێت، وا پێدەچێت "ئابووریی بازاڕ، کە لە سایەیدا ئەم ئازادییانە گەشەیان کردووە، هەندێ ئازادی ئەوتۆیشمان بۆ دەستەبەر دەکات کە نرخێکی بەرزیان هەیە، وەک ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی

ڕادەربڕین، ئازادیی کۆبوونەوە، ئازادیی پێکهێنانی حزب و کۆمەڵەکان، ئازادیی هەڵبژاردنی کار"، لە کاتێکدا وەها بەم ئازادییانەوە دەلکێین کە لە خۆیاندا ئامانجن –زۆربەمان هێشتایش هەر وایـن- ئەوا تـاڕادەیەکی زۆر "بەرهەمهێنـرازی لاوەکیـی دامەزرانـدنی سیسـتەمی ئـابووری خـۆیەتی، کە ئۆبـاڵی ئـازادییە خراپەکانیشـی دەکەوێـتە ئەسـتۆ"[33]. وەڵامەکەی پـۆلانی بـۆ ئەم دوولایەنییە، خوێندنەوەیەکی سەیر دەخاتە بەردەست، بەو مەرجەی هەژموونی ئێستای بیرکردنەوەی نیۆلیبڕالیستی بە هەند وەربگرین.

گۆڕان بەرەو ئابووریی بازاڕ هەلی زۆر دەڕەخسێنێت. دەتوانێـت ببێـتە دەسـتپێکی سـەردەمێکی نـوێ کە بەشـێوەیەکی بـێ پێشـینە ئـازادیی تێیـدا فەراهەم بێـت؛ دەشـێت ئـازادییە یاسـایی و کردەییەکـان لە هەر کـاتێکی ڕابردوو بەرفراوان و بڵاو بکاتەوە؛ سیسـتەم و دیسـپلینە نوێیەکـان دەتـوانن ئـازادیی بە دیبهێـنن، نەک تەنیـا بـۆ کەمینە بەڵکو بۆ هەمـووان –نەک ئـازادی وەک مـافێکی سـنووورداری پاشـکۆی ئیمتیـاز و سـامان، کە هەر لە سـەرچاوەیەکەوە لـیخن کـراوە، بەڵکـو وەک مافێـک کە ئەرکییەتـی قۆنـاغ بە قۆنـاغی چوارچێـوە بەرتەسـکەکانی جیهانی سیاسەت تێپەڕێنێت و بچێتە نێو جەرگەی خودی پرۆسـەی ڕێکخسـتنی کۆمەڵگەوە. بەم جۆرە پەسـەندەی

[33] K. Polanyi, The Great Transformation (Boston: Beacon Press, 1954 edn.).

ئــازادیی نــوێ دەچێــتە ســەر خەرمــانی مــافە مەدەنیــیە دێرینەکـــــان؛ ئەم ئازادییـــــانە نوێیـــــانەیش بەرهەمــــــی خۆشگوزەرانی و دڵنیـاییین، کە کۆمەڵگەی پیشەسـازی بۆ هەمووان دابینیان دەکات. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەتوانێت لە یەک کاتدا هەم دادپەروەر و هەمیش ئازاد بێت[34].

پـــۆلانێ ئامـــاژە بەوە دەدات بەداخەوە "ئاســـــتەنگی ئەخلاقی"ــی یۆتۆپیـای لیبڕالـی دەبێـتە لەمـپەر لە بەردەم گەیشتن بەم داهـاتووە (زیـاد لە جارێک پۆلانێ کۆتەیشـن لە قسەکانی هایک دێنێتەوە و بە نموونەیەکی ئایـدیاڵی ئەم نەریتە یۆتۆپییەیان دادەنێت):

"لەمڕۆدا هێرش دەکرێتە سـەر پـلان و ڕێکخسـتن و بە نکـوڵیکردن لە ئـازادی لەقەڵەم دەدرێـن؛ وا ڕادەگەیەنرێـت ئازادیی کاری بازرگانی و موڵکـایەتی تـایبەت دوو بنەمـای جەوهەرییـن بۆ ئازادی؛ دەوترێت هەر کۆمەڵگەیەک لەسـەر ئەم دوو بنچیـــنەیە دانەمەزرابێـــت شـــایەنی ئەوە نیــیە بە کۆمەڵگەی ئـازاد وەسـف بکرێـت؛ لە کاتێکدا ئەو ئـازادییە سەرکۆنە دەکرێت کە ڕێکخستن وەک نا-ئازادی دەیهێنێتە ئـاراوە؛ عەدالەت و لیبڕالیـزم و چـاککردنی بارودۆخەکـان، کە ڕێکخســـتنی دەســـتەبەریان دەکـــات، تەنیــا وەک فێڵـــی کۆیلایەتی سـەرکۆنە دەکرێن"[35].

بەم جۆرە ئایدیای ئـازادی "دادەبەزێنرێت" بۆ ئاسـتێک کە "تەنیا دەبێتە بەرگریکردن بە ئازادیی کاری بازرگانی"،

---

[34] Ibid. 256–8.
[35] Ibid.

کە بە کردەیی هیچ واتایەکی نییە جگە لە بەرگریکردن لە "ئـــازایی تەواوی ئەوانەی کە داهـــات و خۆشـــگوزەرنی و ئارامییـــان پێویســـتی بە پاڵپشـــتی نیـــیە، پاشـــماوەی ئازادییەکـانیش دەدرێـن لە سـەرجەم مرۆڤەکـانی تـر، کە هەوڵدەدەن بێهوودە مافە دیموکراسییەکانیان بۆ گەیشتن بە پەناگەیەکی وا لە دەسەڵاتی خاوەندارەکان بیانپارێزێت، بەکـاردەهێنن". بەڵام، وەک هەمیشـە، ئەگەر "کـۆمەڵگە بە بێ دەسـەڵات و زۆرەملێ دامەزرێت و هـیچ جیهانێک بە بـێ دەســـەڵات بـــوونی نەبێـــت"، وەک هایـــک جەختـــی لێـدەکاتەوە، ئەوا تـاکە ڕێـگەی وەدیهێنـان و چەسـپاندنی ڕوانگەی پۆتۆپیی لیبڕالیستی وا لە هێز و توونـدوتیژی و ستەمکاریدا. بە بۆچوونی پۆلانێ، یۆتۆپیای لیبڕالیزم یان نیـــۆلیبڕالیزم، مەحکـــومە بە قەدەری ســـتەمکاری یـــان تەنانەت فاشیزمی ئاشکرا کە تووشی داڕمانی دەکات[36]، کاتێـک ئـازادییە باشـەکان لەدەسـت دەدرێـن، ئـازادییە خراپەکان جێگایان دەگرنەوە.

وا دەردەکەوێـــت دەستنیشـــانکردنەکەی پـــۆلانێ بەشـــێوەیەکی ســـەیر بـــۆ بـــارودۆخە هـــاوچەرخە نەخۆشانەکەمان دەگونجێت و دروستە، چونکە پێگەیەکی سـتراتیژی لەبـار دەخـاتە بەردەسـت بـۆ تێگەیشـتن لە نیازەکانی سەرۆک بۆش، لەوێدا کە جەخت لەوە دەکاتەوە "لەســـەرمان ئەرکە [ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان] وەک

[36] Ibid.

گەورەتـــرین هێـــزی ســـەرزەوی، کـــار بکەیـــن بـــۆ بڵاوکـردنەوەی ئـازادی". هەروەهـا بۆچـوونەکەی پـۆلانی یارمەتیمـان دەدات بـۆ تەفسـیرکردنی ئەو هۆکـارانەی کە وایانکردووە نیۆلیبڕالیزم بگاتە ئەم ئاستە دەسەڵاتخوازی و ســـتەمکاری و ســـەرکوتکاری و دژە-دیموکراســـی، لە هەمـان ئەو چرکەسـاتە مێژووییەدا کە "مرۆڤـایەتی هەلـی ئەوەی لەدەســـتدایە دەرفەتـــی ســـەرکەوتنێکی ڕوون و ئاشـکرا بەسـەر دوژمـنە دێرنەکـانی ئازادیـدا، بە ئـازادی ببەخشـــێت"[37]. هەروەهـــا یارمەتیمـــان دەدات بـــۆ تەرکیزخستنە سەر چۆنییەتی گەیشتنی ئەم ژمارە زۆرەی کۆمپانیـا یەکگرتووەکـان بە قـازانجە خەیاڵییەکـان لەدوای بەکارهێنـــانی بەرەنجـــامە تەکنۆلۆژییەکـــان (وەکـــو دەرمانەکـانی ئایـدز) و قەدەغەکردنـی بەکارهێنانیـان لە بواری گشتیدا، وێرای قۆستنەوەی کارەساتەکانی جەنگ (وەکـو حـاڵەتی کۆمپانیـای هـالبێرتۆن) و برسـێتی و کارەساتە ژینگەییەکان. هەروەها تووشـی ترسـمان دەکات لە ئەگەری ئەوەی ئەم شکسـت یـان نیمچە شکسـتانە (بـۆ نمـوونە پێشـبڕکێکانی خـۆپڕچەککردن و پێویسـتیی ڕووبەڕووبـوونەوەی دوژمـنە ڕاستەقینە و وەهمییەکـان)، لە بەرژەوەنـدی ئەو کۆمپانیـا گەورانە، بە شـاراوەیی ڕێکخـرابن و داڕێـژرابن. هۆکـاری ئەوەیشـمان بـۆ ڕوون

---

[37] Bush, 'Securing Freedom's Triumph'; see also F. Zakaria, The Future of Freedom: Illiberal Democracy at Home and Abroad (New York: Norton, 2003).

دەکاتەوە کە بۆچی خاوەن سامان و دەسەڵاتەکان تا ئەم ڕادەیە عەودالّی پشتیوانیکردنن لە هەندێ چەمکی مافەکان و ئازادییەکان، لەو کاتەی هەوڵدەدەن قەناعەتمان پێبهێنن کە ئەوان کەسانی باشن و بایەخ بە کاروبارە هەرە دوورەکانی گەردوون دەدەن. سی ساڵ لە ئازادییەکانی نیۆلیبڕالیزم، تەنیا نەبۆتە مایەی دووبارە گێڕانەوە دەسەڵات بۆ چینێکی کەمی سەرمایەدار، بەڵکو چڕێتییەکی زۆروزەندی دەسەڵات و هێزی کۆمپانیا یەکگرتووەکانیشی لە بوارەکانی وزە و میدیا و گواستنەوە و پیشەسازیی دەرمان و بازرگانیی پارچە (Retail business)دا (بۆ نموونە کۆمپانیای وۆڵ مارت) بەرهەمهێناوە. بە جۆرێک کە وا دەردەکەوێت ئازادیی بازار، کە بۆش بە ترۆپکی خواستی مرۆڤایەتی دەزانێت، لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە کەرەستە و ئامرازی گونجاو بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی مۆنۆپۆل و کولتووری کۆکا کۆلا لە هەموو شوێنێک و بە بێ مەرج و ڕێگری. سەرەڕای ئەمەیش، کاریگەرییە نابەرامبەرەکەی لەسەر دەزگاکانی میدیا و پرۆسەی سیاسی (بە سەرکردایەتی کۆمپانیاکانی ڕۆبەرت میردۆک و کۆمپانیای فۆکس نیوز)، ئەوەندە هێز و هاندەر بەم چینە دەبەخشێت کە بتوانن قەناعەتمان پێبکەن بەوەی، لە سایەی ئازادییە نیۆلیبڕالییەکاندا، هەمووان ئێستا لە دۆخێکی باشتر لە ڕابردوودایین. لە ڕاستیدا، پێویستە جیهان شوێنێکی باشتر بێت بۆ دەستەبژێرێک کە خەریکی ژیانی شاد و

خۆشـگوزەرانی خـۆیەتی لەنێـو گیتـۆ ڕازاوەکانیـدا. وەک پـــۆلانێ دەڵێـــت، نیـــۆلیبرالیزم مـــافی و ئـــازادی بەوانە دەبەخشـــێت کە "داهـــات و خۆشـــگوزەرانی و ئارامییـــان پێویستی بە پاڵپشت نییە" و پاشماوەکەیش بۆ ئەوانەمان جێـــدەهێڵێت وا مـــاوینەوە. کەواتە چـــۆن "ئەوانەمـــان کە مـاوینەتەوە" (سـەرجەمی خەڵـک و چینەکـانی دیـکە)، بەو ئاسانییە ملمان بەم دۆخە داوە؟

**سەرچاوە:**


ديفيـد هـارفي: الليبراليـة الجديـدة (مـوجز تـأريخي)، ترجمـة: مجـاب الإمـام، الناشـر: العبيكـان، الريـاض 2008، صص: 17-69.

# (سێ)

# سۆسیالیزم یان نیۆلیبڕالیزم

**ئێرنست مەندڵ**

لە ناوەڕاستی دەیەی 1970 بەدواوە سەرمایەداری هێرشێکی جیهانیی دژی چینی کرێکار و هەژار دەستپێکردووە. ئەم هێرشە ئاماژەیە بۆ لەناوچوونی پەیوەندیی نێوان هێزەکان و باجەکەشی دەبێت کرێکاران بیدەن. ئەم هێرشە لە لایەکەوە سەرچاوەی ئاشکرا و واقیعی هەیە و لە لایەکی تریشەوە سەرچاوەی فکریی و شاراوە.

سەرچاوە واقیعییەکانی لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە وڵاتانی ئیمپریالیستی دەبینرێت، کە لە 10 ملیۆوە بۆ 50 ملیۆن و زیاتریش بەرزبووەتەوە. ئامارە ڕەسمییەکانی سەرجەمیان ئاماری حکومەتەکانن و سەرجەمیان ساختەن. لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لانی کەم 500 ملیۆن بێکار بوونیان هەیە. بۆ یەکەمجار دوای شەڕی جیهانی دووەم لە وڵاتانی بیرۆکراسی پۆست سەرمایەداریش ڕووی لە زیادبوون کردووە.

سەرچاوە فکرییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی چینی کرێکار و بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشە سەرمایەدارییەکان. لە زۆربەی وڵاتان سەندیکا کرێکارییەکانیش ڕابەرایەتییان لە دەستدا بووە. فەڕەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا و ڤەنزوێلا تەنیا چەند نموونەیەکن لەو وڵاتانە. ئەمەش بێگومان بەرگری دژی هێرشی سەرمایەداری ئەستەم کردووە.

لەگەڵ هەموو ئەم وردەکارییانەدا نابێت کاریگەریی دیاری سیاسەتە ئابوورییە نیمچە لیراڵییەکان، کە لە ڕاستیدا موحافیزکاری نوێیە (نیو کۆنسێرڤاتیڤ)، لە

پێشخستنی جیهاندا بە کەم دابنرێت. ئەم سیاسەتانە بەپێی یاساکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی ڕێکخراون و نموونەی دیاریش دەوڵەتی تاچەر و ڕیگان و زۆرێک لەو وڵاتانی لاساییکەرەوەی ئەوانن لە جیهانی سێیەمدا، کە بوونە هۆی مەینەتیی زۆر.

لەژێر ناوی گرنگی سەقامگیریی داراییدا، بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوسان و دروستکردنی هاوسەنگی لە بودجەدا، بودجەی خەرجیی کۆمەڵایەتی و بنەڕەتیی وڵات بێبەزەییانە دەبڕدرێت. ئەمەش بووەتە هۆی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، هەژاری، نەخۆشی و زیانگەیاندن بە ژینگە. لە دیدی ئابووریی گشتییەوە ئەم سیاسەتە دژی بەرهەم بووە و نالۆژیکییە. لە دیدی کۆمەڵایەتییەوە هیچ پاساوێکی نییە و سیاسەتێکی نەفرەتلێکراوە. دەرەنجامە نامرۆییەکەی هەڕەشە لە نەژادی مرۆڤایەتی دەکات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم لە لەڕاستیدا هێرشە ئایدۆلۆژییەکانی موحافیزکارە نوێیەکان لەگەڵ سیاسەتە ئابوورییەکانی موحافیزکاران بە کردار دەستیان لەناو دەستی یەک ناوە. موحافیزکارە نوێیەکان دەڵێن کە دەیانەوێت خەرجییەکانی دەوڵەت زۆر کەم بکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا خەرجییەکانی دەوڵەت هەرگیز لە ڕابردوودا بەو شێوەیە زیادیان نەکردووە. بە درێژایی دەیەی 1980 و سەرەتای دەیەی 1990 خەرجییەکانی دەوڵەتە موحافیزکارە نوێیەکان بەرزترین ئاستیان تۆمارکردووە. ئەوەی ڕوویدا لەڕاستیدا کەمکردنەوەی خەرجیی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی خەرجیی سەربازی بوو، کە

گەیشـتە سـێ ترلیـۆن دۆلار و بـێجگە لەوەش یـارمەتیی دارایی بۆ کۆمپانیاکان دەچووە سەر ئەم خەرجیانە، وەک ڕزگـارکردنی کۆمپانیـا شکسـتخواردووەکان، یـان ئەوانەی لە شکست نزیک بوون، لە ڕێگەی پێدانی قەرزەوە پێیـان. وەک بانکەکانی پاشەکەوت و قەرزدەر لە ئەمەریکا.

موحـافیزکـــارە نوێیەکـــان بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە بەرگـــری لە مافەکـــانی مـــرۆڤ دەکەن لە جیهانـــدا، بەڵام لەڕاسـتیدا بە سـەرنجدانە کـاردانەوەی جەمـاوەر دژی ئەم سیاســـەتانە، دەوڵەتە موحـافیزکـــارە نوێیەکـــان بەردەوام بەهـــای کەمیـــان بـــۆ ئـــازادییە دیموکراســـییەکان دانـــاوە و هێرشـــیان کـــردوونەتە ســـەر. ئـــازادییە دیموکراســـییەکانی وەک مـــافی هەبـــوونی ســـەندیکای کرێکـــاران، مـــافی لەبـــاربردی منـــداڵ، ئـــازادیی ڕادەربـــڕین، مـــافی ســـەفەر و گەشـــت. ئەوان دۆخێکـــی گونجاویـــان بـــۆ ژیـــانی ڕاســـتە تونـــــدڕەوەکان، وەک ڕاســـــیزم و فاشـــــیزمی نـــــوێ ڕەخساندووە.

**هەژاری لە جیهانی سێیەمدا**

گەشـــەی هەژاری لە جیهانـــدا کارەســـاتە. لە جیهـــانی سـێیەمدا هەژاری بـۆتە بەدبەختییەکـی مێژوویـی. بەپێـی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنێوان ساڵانی 1980 تـا 1990، نـزیکەی 60 وڵاتـی جیهـان بە ژمـارەی دانیشـتوانی 800 ملیـــۆن کەســـەوە، کەمبـــوونەوەی بەرچاویـــان لە ســـەرمایەی بەرهەمهێنـــانی نـــاوخۆدا هەبـــووە. لە وڵاتـــانی هەژار ئەم کەمبـوونەوەیە لەنێـوان 30%  تـا 50% بـووە.

ئاستی هەژاری لەناو چینە هەژارەکانی ئەم کۆمەڵگەیانەدا بە ڕێـــژەی 50% زیـــادی کـــردووە. ســـەرمایەکانی بەرهەمهێنـانی نـاوخۆی وڵاتـانی ئەمەریکـای لاتـین سـاڵی 1950 بە ڕیـژەی 45% سـەرمایەی ئیمپریالیسـتی بـووە. ساڵی 1988 ئەم سەرمایانە بۆ 29.7% کەمیان کردووە.

یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان کە دوای چەند دەیەیەک لە خەباتی کرێکاران بەدەستهاتبوو، لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە تەواوی نەمـان، وڵاتـی پیـرۆ نمـوونەی بەرجەسـتە و ڕوونە. بەپێی ڕاپـۆرتی نیویـۆرک تـایمز زیـاتر لە 60%ی هاووڵاتیـانی پیـرۆ کەمـی خۆراکیـان هەیە و 70%ی هاووڵاتیـان لە ژێر هێڵـی هەژارییـەوەن، واتـا بە داهـاتێکی 40 دۆلاریی لە مانگێکدا ژیان بەسەردەبەن. ئەوانەشی کە ئاسـتی خوێنـدنی زانکۆیـان تەواوکـردووە، داهـاتی مانگانەیـان 85 دۆلارە. ئەم داهـاتە بەشـی پـارککردنی ئۆتۆمبێل لە مانگێکدا لەو وڵاتە ناکات.

ئەگەر لە جیـاوازیی چینـایەتی نـاو وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم بڕوانین، تێبینی ئەوە دەکەین کە دۆخەکە لەوەش خراپتـرە. ڕێـژەی خـۆراکی هەژارتـرین وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم یەکسـانە بەو خۆراکەی لە ئۆردوگا زۆرەملێکـانی نازییەکـان لە دەیەی 1940دا هەبـووە. لە ڕاپۆرتێکـدا کە ڕێکخراوی تەندروستیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆنفرانسـێکی سـاڵی 1992 ئامـادەی کردبـوو، بـاس لەوە دەکات کە نزیکەی نیو ملیۆن مرۆڤ لە جیهاندا بە هۆی برسـێتیی بەردەوامەوە دەنـاڵێنن، جـگە لەوەش سـەدان ملیۆنی تر هەن کە بە هۆی برسێتیی وەرزییەوە دەناڵێنن.

نـزیکەی 800 ملیـۆن کەس لە جیهـانی سـێیەمدا بە هـۆی برسـێتییەوە دەنـاڵێنن. ئەگەر ئەم ژمـارەیە بـۆ ژمـارەی برسـییەکانی پۆسـت سـەرمایەداری و ئیمپریـالیزم زیـاد بکەیـن، بەو ئەنجـامە دەگەیـن کە ئەمـڕۆ ملیارێـک مـرۆڤ لەسەر ئاستی جیهـان برسین. ئەمەش لە هەلومەرجێکدایە کە لە وڵاتـانی پیشەسـازییدا زیـادەی بەرهەمـی خـۆراکی هەیە.

لە بـاکووری بەڕازیـل نەژادێکـی نـوێ لە کورتەباڵاکـان دروسـتبوون، کە بە شـێوەیەکی مامناوەنـد 35 سـانتیمەتر لەو بەڕازیلییـانە کـورتترن کە درێژییەکـی مامناوەنـدیان هەیە. شـــێوازی بەرکەوتنـــی بـــۆرژوازی ئەم وڵاتە و تیۆرسـینەکانیان لەگەڵ هاووڵاتیـان ئەوەیە کە ئەوان بە (مشک) ناودەبەن. ئەمەش لە واقیعدا نامرۆڤانەیە.

بەدخـۆراکی واتـا نەگەیشـتنی ڤیتـامین و خوێیەکـان و پرۆتینـی ئۆرگـانیی تەواو بـۆ جەسـتە. ژنـان و منـداڵان بەتـایبەتی توشـی ئەم کەمبـوونەوەیە دەبـن. لە ئەنجامـدا منـداڵانی وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم 20 ئەوەنـدی منـداڵانی وڵاتـــانی ئیمپریالیســـتی لە مەرگ یـــان نەخۆشـــییە کوشندەکانەوە نزیکن.

چارەنووســی منــداڵان لە وڵاتــانی جیهــانی ســێیەم نیشــانەی گەشــەی (بەربەریــزم)ــە و پەیوەنــدیی بە داهـاتووەوە نیـیە. بەپێـی ڕاپـۆرتی ڕێکخـراوی جیهـانیی منـــداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکـــان (UNICEF) 16 ملیـــۆن منداڵ بە هۆی برسێتی یان ئەو نەخۆشییانەی دەتوانرێت چارەسەر بکرێن، دەمرن. ئەم ژمارەیە ئێمە ڕووبەڕووی

ئەو واقـیعە دەکـاتەوە کە هەمـوو چـوار سـاڵێک مردنـی منـداڵان یەکسـان دەبێـت لەگەڵ کـۆی ژمـارەی مـرۆڤە لەناوچووەکـان لە جەنگـی جیهـانیی دووەم، کوشـتاری (ئاوشـڤیتز)، بۆردومـانی هێرۆشـیما، کوشـتاری (بەنگـال): هەموو چوار ساڵ جارێک شەڕێکی جیهانی دژی منداڵان ڕوودەدات! ئەمەیە واقیعییەتـی جەوهەری ئیمپریـالیزم و سیسـتمی سـەرمایەداری. نمـوونەیەکی تـر باشـووری ئاسـیایە، کە 20%ی منـداڵانی کـچ لە خـوار تەمەنـی پێـنج سـاڵی و 25%ی کچـانی خـوار تەمەن 15 سـاڵ دەمـرن. ڕیشەکێشـکردنی منـداڵان سـاڵانە ڕوو لە زیـادبوونە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ناچارکردنیان بە کارکردن لە دۆخێکی نەگونجاودا، وەک نیمچە کۆیلەیەک.

**گەشەی نایەکسانییەکان**

کـاریگەریی کارەسـاتباری سیاسـەتە ئابوورییەکـانی موحافیزکارە نوێیەکان، تەنیا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم یـان دۆخـی ژیـانی دانیشـتوانی وڵاتـانی پۆسـت سـەرمایەداری کۆتـایی نـایەت. ئەم کارەسـاتە خەریـکە وردەوردە -بەڵام بە شـێوەیەکی واقیعـی- وڵاتـانی ئیمپریالیستییش دەگرێتەوە. لەم وڵاتانەدا، لەسەر بنەمای ئەوەی سوود لە کام سەرچاوە وەردەگرن، لەنێوان 55 تا 70 ملیـۆن کەس لە ژێـر هێڵـی هەژاریـدا دەژیـن. کـۆمەڵگەیەکی دووانـی لە گەشـەکردندایە و تێیـدا ڕۆژانە ژمارەی ئەوانەی کەمتر و کەمتر سوود لە دڵنیایی یان یـارمەتییە سۆشـیالەکان وەردەگـرن، یـان لەو یارمەتیانە

بێبەشــن، ڕوویــان لە زیــادبوونە. بێکــاری، وەرگرتنــی سۆشیال، ئەو دایکە تەنیایانە ناچارن سەرپەرشتیی چەند منـداڵێک بـکەن، لەنـاوبردنی کەسـایەتیی ئەو کەسـانەی تـاوانی بچووکیـان ئەنجامـداوە، سـەرجەمیان نمـوونەن بۆ ژێردەستەیی.

نمـــوونەی دواتـــر نمـــوونەیەکە خـــۆی دەدوێـــت، نمـــوونەیەکی غەمگینـــانەیە. لە ناوەڕاســـتی پـــاریس کە پێشینەیەکی شۆڕشگێڕیی مێژوویی هەیە، شارێک کە تێیدا پێنج شۆڕشی گەورە دەستیانپێکردووە، لە ئێستادا ڕۆژانە هەزاران پەنـابەر، کرێکـار بڵاودەبـنەوە و بە دوای کـاردا دەگەڕێـن، هەنـدێکجار کـار هەیە و هەنـدێکجاریش نیـیە. ئەوانە هـیچ سۆشـیالێکیان نیـیە و مـافی پەنابەرێتییـان پێـنەدراوە بـۆ ئەوەی لەو وڵاتە بمێنـنەوە. ئەوان لەگەڵ یەکتـردا بـۆ بەدەسـتهێنانی کـار کێبڕکـێ دەکەن. لەگەڵ ئەوەی حەقدەستەکایان زۆر کەمە، بەڵام ئەوەی دەسـتیان دەکەوێـــت لەوە زیـــاترە کە لە وڵاتەکەی خۆیـــان دەستیاندەکەوێت.

دۆخی ئەمەریکاش نموونەیەکی ئاسایی ئەم بزاوتەیە. بێکـاری لەنـاو گەنجـان دەگـاتە 40% و زۆرێکـیش لەو گەنجـانە هـیچ ئومێـدێکیان بـۆ بەدەسـتهێنانی کـار لە داهـاتوودا نییە. هەمـان دیاردە بەڵام کەمێک سنوردار لە وڵاتـانی ئەوروپیـی و باشـووری ئەورووپـا و بەریتانیـانش بەرچـاو دەکەوێـت. کەرتـی تـایبەت یـارمەتی ئەو بـزاڤەی داوە.

لە کاتێکدا لە ئەمەریکا کرێی ڕاستەقینە کەم بووەتەوە، ژمارەی ئەوانەی داهاتی ساڵانەیان ملیۆنێک دۆلارە، 60 ئەوەندە زیادیکردووە. ئەوانەی کە داهاتی ساڵانەیان لەنێوان 60 هەزار دۆلار تا ملیۆنێک دۆلار بووە، ئێستا بۆ 78 ملیۆن دۆلار تا دوو ملیار دۆلار زیادی کردووە، بەڵام لە ناویاندا تەنیا کرێکارێک نابینرێت.

**دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن**

کاریگەرییە خراپەکانی سیاسەتە ئابوورییەکانی موحافیزکارە نوێیەکان لەسەر جیهان بە هەمان شێوە ئاشکرایە. گەشەکردنی هەژاری لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و بە جیهانی سێیەم کردنی چەند بەشێک لە کۆمەڵگە ئیمپریالیستییەکان هەردووکیان بەشێکن لە هۆکارە سەرەکییەکان و دروستکردنی لەمپەڕ لە بەردەم گەشەسەندنی بەرچاوی ئابووریی جیهانیدا.

قەرزداریی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ئەنجامی گەشەی لەناوبەر و نائاسایی تۆڕی گواستنەوەی ئابووری لە باشوورەوە بۆ باکوورە، هەژارترین بەشەکانی وڵاتانی هەژار، داهاتی دەوڵەمەندترین بەشەکانی وڵاتانی دەوڵەمەند دابیندەکەن، گوایە سەرمایەداری واتا ئەمە. لەگەڵ ئەو شیکارەی کە دەتوانرێت لە سەدەی بیستەمدا بەم قەبارەیە و بەم ڕێژەیە بوترێت بیۆێنەیە.

لەبەرئەوە ئەو پرسیارە دێتەپێش، کە ئایا ئێمە پێویستیمان بە جێگرەوەیەکی بنەڕەتی نییە؟ جێگرەوەیەک کە نەک تەنیا لە بەرامبەر سیاسەتە نیمچە لیبراڵەکان،

بەڵکو ببێتە جێگرەوەیەک لە بەرامبەر تێکڕای سیستمی سەرمایەداری بە سەرجەم فۆڕمەکانییەوە بۆ ئەوەی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە دروستبکات کە بتوانێت بەهایەکی باڵاتر لەوەی ئەمڕۆ هەیە ببەخشێتە ژیانی مرۆڤەکان. وەڵامی من بۆ ئەمە "بەڵێ" دەبێت. لەبەرئەوە ئێمە پێویستیمان بە سۆسیالیزمە و لەبەرئەوەیە کە من سۆسیالیستکم و هەرواش دەمێنمەوە.

مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی هەڕەشەی تۆقێنەر بووەتەوە کە ژیانی مرۆڤایەتی خستووەتە مەترسییەوە، بۆ نموونە ئامڕازەکانی شەڕی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژی، شەڕە جەماوەرییە نەریتییەکان کە دەتوانن بۆ شەڕی ناوەکی بگۆڕێن، ئەگەر ناوەندە ناوەکییەکان بە چەکە کۆنەکان بکرێنە ئامانج، ژینگە لەناو دەچێت، بە هۆی گازە ژەهراوییەکان و چینی ئۆزۆن، لەناوچوونی دارستانەکان، لەناوچوونی چەند بەشێکی بەرفراوانی ئەفەریقا و ئاسیا و کاریگەرییە کارەساتبارەکانی زیاتر دەبن.

زۆرێکیش ئەو پرسیارەیان خستووەتەڕوو: ئایا زۆر درەنگ نەبووە؟ ئایا ڕۆژی دوایی بمانەوێت یان نەمانەوێت نزیک نەبووەتەوە؟ ئایا مرۆڤایەتی دەتوانێت لە پەنجا ساڵی داهاتوودا ژیان بەسەرببات؟ ئێمە پێمان وایە مرۆڤایەتی نەفرەتی لێنەکراوە و ئەم بڕوایە لەسەر بنەمای خەیاڵێکی خۆش یان شتێک نییە کە دروستکراوی خۆمانە، ڕاستییەکی پشت بەستووە بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەردەوام لە پێشکەوتندایە.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر نموونەیەک. بۆ نموونە بڕیارێکی گرنگ سەرنجی لێدراوە بۆ گۆڕینی دۆخی جوگرافی ئەفەریقا لە بیابانەوە بۆ کشتوکاڵی. بە واتایەکی تر بڕیار وایە ئاوی بیابانەکان، ئەو زەویانە دەوڵەمەند بکات و بیانکات بە کشتوکاڵی و ئەو توانایە بەو ناوچانە بدات کە وەک 1500 ساڵ بەر لە ئێستا خواردەمەنییان تێدا بەرهەمبێت و دانیشتوانی ئەو ناوچانە ڕابهێنرێن لەسەر شێوازی جوتیاری بۆ پاراستنی ژینگە، لە جیاتی بەرهەمی بازرگانی، ئەو بەرهەمانە پەروەردە بکەن کە بتوانن لە ڕێگەیانەوە هاوولاتیانی ئەفەریقا خواردنی تەندروست بەدەستبێنن. ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لەو کیشوەرە سەرنجڕاکێش دەبێت، بەلام لەمپەڕ و ڕێگرێک بوونی هەیە، کە سەرچاوەی کۆمەلایەتیی هەیە نەک تەکنەلۆژی، سروشتی یان کولتووری. واتا بۆ ئەوەی شێوازی نوێ بەکاربهێنرێت و پیادە بکرێت ئێمە پێویستیمان بەو سیستمە کۆمەلایەتییە هەیە کە تێیدا مەیل بۆ کۆکردنەوەی سەرمایەی تایبەت دەتوانێت زیان بە سەرجەم دۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەڵگە بگەیەنێت یان ڕێگەچارەت کورت مەودا لە جیاتی ڕێگەچارەی بنچینەیی درێژ مەودا بگیرێتەبەر. ئێمە پێویستمان بەوەیە کە دەسەلات بدەینە دەستی ئەو هێزە کۆمەلایەتییانە، کە دژی تاکەکان، چینەکان و یەکە چینایەتییەکان بوەستنەوە و ڕێگەیان پێنەدەن مەیل و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. پێویستە دەسەلات لە دەستی زەحمەتکێشاندا بێت بۆ

ئەوەی پشتیوانی و هاوکاریی کۆمەڵگە لە ڕێگەی بەرنامە دیموکراتییەکانەوە بەدەستبێت و بەسەر خۆویستیی و کورتبینی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتیدا زاڵ بێت.

بابەتەکە لەسەر بەئاگابوون نییە. دەوڵەمەندان و سەرمایەداران و دەسەڵاتداران نەزان نین و زۆرێک لەوانە بە باشی لە مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە تێگەیشتوون و سەرنجیان لێدەدەن و بەرنامە ئابوورییەکانی خۆیان لەسەر ئەو ڕاستیانە دادەڕێژن. بەڵام بە هۆی یاسای کێبڕکێ لە سیستمی سەرمایەداریدا لە کۆتاییدا ناچار دەبن چاوپۆشی لەو بابەتانە بکەن.

ژمارەیەک دەڵێن کە زانست و تەکنەلۆژیا لۆژیکی خۆیان هەیە و چارەسەرکردنیان مەحاڵە و مرۆڤایەتییان گەیاندووەتە سەر لێواری لەناوچوون. بەڵام ئەم تێڕوانینە ڕاست نییە. ئەم جۆرە بەرکەوتنە لە فەلسەفەی مارکسیزمدا (بە زنراوە ناواقیعییەکان) بەناوبانگە. لەم تێڕوانینەدا زانست و تەکنەلۆژیا ئەو هێزەن کە بە تەواوی سەربەخۆن لەو مرۆڤانەی کۆنترۆڵیان دەکەن. ئەم تێڕوانینە ناڕاستە.

**دیموکراسیی کرێکاری**

گەورەترین مەترسیی بە جیهانی سێیەم کردنی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، کە نەخۆشییە مەترسیدارەکانی سەرچاوەگرتوو لە هەژاری وەک پەتا و سیل، کە پێدەچوو لەناوبرابن، دوبارە دەگەڕێنەوە. نەخۆشی (ئایدز)یش نەخۆشیی هەژارەکانە.

ئەم بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێکخراوی کولتووری یـان نەتەوەیـیـەوە نەبـووە، بەڵکـو تەنیـا پەیوەنـدیی بە نەبوونی ئاگایی تەواو و شێوازی ڕێگریی لە منداڵبوون و لایەنـی تەندروسـتییەوە هەیە. لەو کـاتەوەی نەخۆشـیی ئایـدز بڵاوبـووەتەوە تـا ئێسـتا حەوت ملیـار دۆلار بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی ئەم نەخۆشـییە تەرخـان کـراوە. بەڵام تەنیا 3%ی ئەم بڕە بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم تەرخـان کـراوە، شـوێنێک کە 85%ی توشـبووانی ئەم نەخۆشـییە لەوێ دەژین.

بە دڵنیاییەوە خۆکوژییە ئەگەر باوەڕمان وابێت چینی سـەرمایەداریی وڵاتـانی ئیمپریالیسـتی لەو نەخۆشـییە پارێزراو دەبن و ئایدز دزە ناکاتە ناو ئەو وڵاتانەوە. لەو بارودۆخەدا داواکاریی پاپا بۆ سنورداركردنی بەرەنگاریی نەخۆشیی ئایـدز و داواکـاری بـۆ ئەوەی تاکەکـان خۆیـان کـۆنترۆڵی خۆیـان بـکەن و پـاک داوێـن بـن، دژایەتیـی ئامرازەکانی ڕێگریی لە منداڵبوون (بۆ پیاو و ژن) کـارێکی تەواو نابەرپرسـیارانە بـووە. سیاسـەتی موحافیزکـارە نوێیەکـان کە لە بـودجەی وەزارەتەکـانی پەروەردە و تەندروسـتی کەمـدەکەنەوە، لە هەمـوو شـوێنێک فـۆڕم و بەرکەوتنێکی نابەرپرسیارانە بووە. بە گشـتی کـاریگەریی ئـابووریی ئەم سیاسـەتانە بە ڕادەی سیاسـەتە کۆمەڵایەتییەکان جێی نارەزایەتییە.

**ئابووریی بازاڕ**

لە سەرجەم بەشەکانی زانکۆ و لە بوارەکانی گەشە و پێشکەوتندا لە سەرجەم وڵاتانی جیهان، پڕبەرهەمترین بواری وەگەڕخستنی سەرمایە، بواری پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و سەرجەم بوارە ژێرخانییەکانی ترە، بەڵام کاتێک بە بواری تایبەت بە پسپۆڕیی گشتی لە ئابووریدا دەگەین، لەناکاو فێردەبین کە هەبوونی هاوسەنگی لە بودجەدا گرنگترە لە وەگەڕخستنی سەرمایە لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و هاوشێوەکانیان. بێجگە لەوە بۆ ڕێگری لە هەڵاوسان پێویستە بێبەزەییانە تێکڕای بودجەی ئەو بوارانە کەمبکرێتەوە.

لێرەدا بە پشتبەستن بەم واقیعیەتە ئەم جۆرە سیاسەتە نیمچە لیبراڵ و موحافیزکارە نوێیە لە چوارچێوەی سەرمایەداریی باڵادەستی جیهان سوودی لێوەربگیرێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە دوو ڕاستیی بنچینەیی ژیان بەدەستبێت:

یەکەم: زۆرێک لەو وتە پوچانەی لە بارەی بانگەشەی باڵادەستیی ئابووریی بازاڕەوە دەکرێت، تەنیا وتەن.

دووەم: هەر جۆرە ئەلتەرناتیڤێک لە سیاسەتی ئابووریدا کە لە هەمان چوارچێوەدا بەکاربهێنرێت، وەک سیاسەتی (کینزییە نوێیەکان) کە ئەمڕۆ لەلایەن ژمارەیەک پەیمانگەی نێودەوڵەتی و سەرمایەدارە گەورەکانەوە پێشنیار دەکرێت، هیچ جۆرە گۆڕانێکی بنچینەیی دروستناکات.

زانست و تەکنەلۆژیاش بێ بوونی چینەکانی کۆمەڵگە، کە دۆزەرەوە و داهێنەری زانستن، خۆیان لە خۆیاندا واتایەکیان نییە. ئەوە چینەکان بوون سوودیان لێوەرگرتن و ئەوانیان بە شێوەیەک گۆڕی کە بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن. خاڵی کلیلی لێرەدا ئەوەیە کە پێویستە لە چوارچێوەی کۆنترۆڵێکی ئاگایانەدا سوود لە زانست و تەکنەلۆژیا وەربگیرێت، بە شێوەیەک کە تێیدا بەرژەوەندیی گشتیی جەماوەر دیموکراسیانە لەبەرچاو گیرابێت و ئەوان لە خۆبەدەستەوەدان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی کە دەبێتە هۆی سوودوەرگرتنی خراپ لێیان و دژی بەرژوەندییە درێژمەوداکانی نەوەی مرۆڤایەتییە، بپارێزێت و ڕێگری لێبکات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕێکخراو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی بگۆڕێت و لەژێر کۆنترۆڵی ئاگایانە و دیموکراسیدا بێت.

لە کۆتاشیکاردا سۆسیالیزم واتا سەرکەوتنی زۆرینەی مرۆڤایەتی بەسەر چارەنووسی خۆیاندا لە سەرجەم بەشە سەرەکییەکانی ژیاندا، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە بە کرێ کاردەکەن و لەژێر فشاری ئابووریدان و ناچارن هێزی کاری خۆیان بۆ دابینکردنی بژێوی بفرۆشن. لە ئەمرۆدا بەشێکی زۆری جەماوەری سەر ڕووی زەوی لەم ئاستەدان و ژمارەیان لە ڕووی مێژووییەوە بێ وێنەیە. لە ئەمڕۆدا زیاتر لە ملیارێک کەس لە جیهاندا موچەخۆرن.

ئەوانەی کەمینەیەکن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، لەوپەڕی ئەم ئازادییەدا (واتا مافی بڕیاردانی

دیموکراسی و دیاریکردنی مافی پێشکەوتن لە جۆری بەرهەمدا، شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کاڵا لە ڕێگەی موچەخۆرانەوە) فەرمانڕەوایی بکەن، هەروەها ئەوانەی کە لە بەرامبەر یاساکانی بازاڕ (کە یاسای دەوڵەمەندان و پسپۆڕان، یاساکانی کڵێسا و دەوڵەت و حزبەکەیەتی) ئەم ئازادییە دەخەنە ئاستی دووەمەوە، لوتبەرزانانە باوەڕیان بەبێ کەموکورتی و باڵابوونی زانست و هەستی خۆیان هەیە و تواناکانی جەماوەر و بەدەستهێنانی دەسەڵات لەبەرچاو ناگرن.

ئێمە هاوڕای بیری مارکسین، کە دەڵێت پەروەردەکاران بە نۆبەی خۆیان پێویستە فێربن و ئەمەش تەنیا بە هۆی چالاکییە خۆویست و ڕێکخراو و دیموکراسییەکانی جەماوەرەوە دەبێت. سۆسیالیزم سیستمێکی کۆمەڵایەتییە تێیدا جەماوەر لە هەلومەرجێکی ئازادانەدا چارەنووسی خۆیان دیاریدەکەن.

بە مەبەستی ڕوانینێک لە جیهان، وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە پێویستە ئێمە لەو دیدەوە لێی بڕوانین کە ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا دەیخوێنینەوە یان لە تەلەفزیۆندا دەیبینین جیاوازە. خەڵکی شەڕکردنیان دەستپێکردووە. لە ئۆرۆگوای هاووڵاتیان لە ڕیفراندۆمێکدا کە بۆ بەتایبەتیکردنی کۆمپانیای تەلەفۆن ئەنجامدرا، بە 74%ی دەنگەکان ڕەتکرایەوە. ئەوانەی لە کانە خەڵوزەکانی بەریتانیا کاریان دەکرد، بەتایبەتی کرێکارانی ئیتالیا بەرامبەر سیاسەتە بێبەزەییەکانی دەوڵەتی خۆیان کە وەک چەقۆ فشار دەخاتە سەر گەردنی کرێکاران،

کاردانەوەی توندیان نواند و لە ڕێگەی مانگرتنەوە ناڕازی بـــوونی خۆیـــان دەربـــڕی. لە ئەڵمانیـــا ئـــێمە بیـــنەری کاردانەوەیەکی ڕادیکاڵ بووین، کە زۆر بەهێز و خرۆشـاو بـــوو، گەنجـــان بە تونـــدی ڕووبەڕووی بـــزووتنەوە دژە بێگانە و ڕاسیست و فاشیستە نوێیەکان بوونەوە.

ئەم جـــوڵەیە بە تەواوی لەوەی لە کۆتاییەکـــانی دەیەی 1920 و ســـەرەتاکانی دەیەی 1930 ڕوویـــدا، جیـــاوازە. لەو ســـــەردەمەدا نازییەکـــــان خوێنـــــدنگەی دواناوەنـــــدی و زانکۆکانیـان کۆنترۆڵ کردبوو. واتـا بەر لەوەی دەسـەڵات بگـرنە دەسـت، کۆنترۆڵی گەنجانیـان کردبـوو. لە ئەمـڕۆدا گەنجان دژی دژایەتی بێگانە و ڕاسیزم و فاشـیزمی نوێ لە جـــوڵەدان، ئەمەش لە کاتێکـــدایە کە حزبەکـــان بەرەو ڕاست دەڕۆن.

گەورەتـــرین نمـــوونە بەڕازیـــلە، جـــێگەیەک کە چینـــی کرێکـــار لە بەرەنگاریـــدایە دژی دەوڵەتێکـــی تاوانبـــار و دواکەوتـــوو. مـــن تـــا ڕادەیەک ڕەشـــبینم و پێمـــوانییە ســـەرکەوتوو بـــن، بەڵام فشارخســـتنە ســـەر دەســـەڵاتی بۆرژوایی حەوتەمین ولاتـی گەورەی جیهـان (ولاتێـک کە ژمـارەی کرێکـارانی پیشەسـازی لە ژمـارەی کرێکـارانی پیشەسازی ئەڵمانیای ساڵی 1918 زیاترە) جێگەی پێزانینە. لەگەڵ ئەوەشــــدا ئەو تێـــــڕوانینەی ئـــــێمە بـــــۆ ئەم بزووتنەوانەمان هەیە خاڵێکی جێ سـەرنجی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆرێک لەوانە زیاتر لەسەر بابەتێکی تـایبەتی و کـــاتیی بـــوون و هۆکارەکەشـــی نەبـــوونی جێگـــرەوەی سیستمی کۆمەڵایەتییە.

**سۆسیالیزم**

تێکــڕای بــزووتنەوەی جیهــانیی چینــی کرێکــاران لە قەیراندایە و کرێکاران هیچ متمانەیەکیان بە ستالینیزم و پۆست ستالینیزم و ماویزم و کۆمۆنیزمی ئەوروپایی و سۆسیال دیموکراسی نییە.

لەم بارودۆخەدا هیچ یەکێک لە دوو چینی کۆمەڵایەتی، سەرمایە و کار، توانای کورت مەودا یان درێژ مەودایان نییە بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگەچارەی مێژوویی خۆیان بۆ چارەســــەری قەیــــرانەکە لە جیهانــــدا پیــــادە بــــکەن. ســەرمایەدارەکان لە توانایاندا نییە ئەو گرفتە چارەســەر بکەن، چونکە هۆکارێکی بابەتی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە چینی کرێکاران زیاد لە پێویست بەهێزن. چینی کرێکارانی جیهــانی لە ئەمــڕۆدا بە بەراورد لەگەڵ دەیەی 1930 زۆر بەهێزترن، بەڵام توانای چارەسەری ئەو کێشەیەیان نییە، چــونکە باوەڕیــان بەو سیســتمە کــۆمەڵایەتییە نیــیە کە پێویستە جێی سەرمایەداری بگرێتەوە.

لەبەرئەوە ئــێمە ڕووبەڕووی قەیرانێکــی گشــتگیر دەبینەوە و دەرەنجامی لاوەکی ئەو دیار نییە، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە شەڕ بکەین کە لە بەرژەوەنــدیی چینــی کرێکــاران و سۆســیالیزم و مرۆڤایەتییە، چونکە لە ئەمڕۆدا ئەمە تاکە ڕێگەی واقیعییە. بــابەتەکە لەســەر هەڵبــژاردن لەنێــوان سۆســیالیزم و بەربەریزمدا نییە، بەڵکو هەڵبژاردن لەنێوان سۆسیالیزم و لەناوبردنی واقیعی نەژادی مرۆڤایەتی بە گشتییە.

من ئەرکەکانی ئێمەی سۆسیالیست لە سێ قۆناغدا دەبینمەوە:

یەکەم: بەرگری بێ مەرج لە تێکڕای خواستەکانی جەماوەر لە جیهاندا کە پەیوەندیدارن بە پێویستییە هەنوکەییەکانی ئەوانەوە، ئەو پێویستیانەی خۆیان دیاری دەکەن، بێ ئەوەی ئەو پێویستیانە لە بەرامبەر پێویستییە سیاسییەکان یان دەسەڵاتی سیاسی بە پلەی دووەم هەژماریان بکات. بگەڕێینەوە بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی کۆتاییەکانی دەیەی 1880 تا شەوی بەر لە دەستپێکی شەڕی جیهانی یەکەم. لەو کاتەدا سۆسیالیستەکان دوو ئامانجی سەرەکییان هەبوو: یەکێکیان هەشت کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا و ئەوی تر ڕزگاریی جیهانی. بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجانەش ئەوان سەرەتا نەیانپرسی لە کوێوە دەستپێبکەین؟ یان بە چی شێوازێک دژی حکومەت یان دەسەڵات بوەستنەوە؟ ئەوان وتیان ئەمانە پێویستی واقیعی مرۆڤەکانە و ئێمە بۆ بەدەستهێنانیان شەڕ دەکەین و بۆ بە واقیعی کردنی ئەو خواستانەمان سوود لە سەرجەم تواناکانمان وەردەگرین.

لە ژمارەیەک وڵات بەدەستهێنانی هەشت کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا تەنیا بە مانگرتنی گشتی هاتەدی، لە ژمارەیەک وڵاتی تر ئەم خواستانە لەلایەن دەوڵەتەوە کە دەتوانرێت بە جۆرێک دەوڵەتی کرێکاری ناو ببرێت، پیادەکرا. لە سەرجەم وڵاتاندا لە ڕێگەی سازشی بۆرژوازییەوە لەگەڵ چینی کرێکار ئەنجامدرا بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕاپەڕین بگیرێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وەک

چۆن مـاركس و ئەنگلـس وتیـان هەشـت كـاتژمێر كـار ئامانجێـك بـوو لەلایەن كرێكـارانەوە دیـاریكرا. لەبەرئەوە ئەم داواكارییە نەدەبوو لە بەرامبەر سەرجەم خواستەكان لە پلەی دووەمی گرنگیدا دابنرایە.

بە وتەی نـاپلیۆن پۆناپـارت سـەرەتا بەرەنگـاری دەستپێبكە، دواتر ببینە بە كویێ دەگات! گرنگیی بابەتەكە لە دەسـتپێكی بەرەنگـارییەكەدایە. دوای ئەوە ئەوەی ڕوودەدات گرێـدراوە بە هاوسـەنگیی نێـوان هێزەكـانەوە. بەڵام خودی بەرەنگاری ئەو پەیوەندییە و هاوسەنگییەكە دەگۆڕێت.

دووەم: ئەركـی دووەمـی سۆسیالیسـت و كۆمۆنیسـتەكانی ئەمـڕۆ بەدەسـتهێنانی سۆسـیالیزمی زانسـتی و بانگەشـە كـردنە بـۆی. نەوەی مرۆڤـایەتی بە پـارێزراوی نـامێنێتەوە ئەگەر سیسـتمی كـۆمەڵایەتی نەگۆڕێت و لە جیـاتی ئەو سیسـتمێكی نـوێی كـۆمەڵایەتی دابمەزرێت، كە لە بنەڕەت و بنچینەوە لە سیستمی ئێستا جیـاواز بێـت. نـاوەكەی هەرچییـەک بێـت بـا ببێـت، بەڵام جەوهەری ئەو سیسـتەمە پێویسـتە سۆسیالیسـتی بێـت و خواسـتی جەمـاوەر بێنێـتەدی. دوای كارەسـاتی سۆسـیال دیموكراسـی و سـتالینیزم و پۆسـت سـتالینیزم، پێویسـتە سۆسـیالیزمی ئەمـڕۆ ئەو چوارچێـوەیە لەخۆبگرێـت: بە ڕەهـایی ڕادیكـاڵ كە فیمینیزمـی ڕادیكـاڵیش دەگـرێتەوە. بەرگریی ڕادیكاڵ لە ژینگە، ئاگایی ڕادیكاڵی دژ بە شـەڕ، سیاسەتی گشتگیری پەیوەندیدار بە مافەكانی مرۆڤەوە بێ هیچ هەڵاواردنێك.

سێیەم: بەدەستهێنانی سەرلەنوێی متمانە بۆ سۆسیالیزم لە بەرامبەر قەیرانی یاسایی کە چەمکەکەی ئەوی داپۆشیوە، هەروەها زیندوکردنەوەی سەرلەنوێی یەکێتیی نێوان سۆسیالیزم و ئازادی. بۆرژوازی بە خستنەڕووی مافەکانی مرۆڤ، توشی هەڵەیەکی گەورە و کارەساتبار بووە. چونکە هەر کاتێک بێت ئەگەر تف لە ئاسمان بکەیت ڕووی خۆت دەگرێتەوە. بە درێژایی دەیەی 1920 هۆنراوەی سوننەتی بزووتنەوەی کرێکاریی ئیتالیا ئەم وشە جوانانە بوون: هەر زیندوو بێت کۆمۆنیزم و ئازادی.

یەکێک لە هەڵە گەورەکانی ستالینیزم و پۆست ستالینیزم و سۆسیال دیموکراسی ئەوە بوو کە هەوڵیاندا ئەو دوو بەهایە لە یەکتر جیابکەنەوە. ئێستا ئێمە پێویستە ئەو پەیوەندییە بەدەستبێنینەوە. لە ئەمەریکا بە درێژایی دەیەی 1920 دوو کەسی ئانارشیستی دژە کۆمۆنیست کە هیچ هاودەردییەکیان لەگەڵ کۆمۆنیزم نەبوو بە ناوەکانی (ساکۆ) و (وانزتی) لەسەر فەرمانی دەوڵەتی بۆرژوازی و ڕابردوو پەرست لەسێدارە دران. ئەم کارە لە ڕێگەی حزبی کۆمۆنیستی ئەمەریکاوە برایە بەردەم کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی ئەوان دژی کۆمۆنیزم بوون. لێرەدا بە شانازییەوە باسی (جەیمز کانون) دەکەمەوە کە بۆ ئەو مەبەستە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ڕێکخستنی کەمپینی نێودەوڵەتی هەبوو.

ئەمە سوننەتێکە پێویستە ئێمە بۆی بگەڕێینەوە. هەموو کەسێک بە هەر ناوێکەوە سنوری مافەکانی مرۆڤ

تێپەڕێنێــــت، پێویســـــتە لە ڕێـــگەی سۆسیالیســـــت و کۆمۆنیستەکانەوە مەحکوم بکرێت. ئەمە مەرجی یەکەمە بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەی جەماوەر بە سۆسیالیزم، چونکە ئەو کاتەی ئەم متمانەیە بەدەستدێتەوە، ئێمە خاوەنی هێزی مەعنەوی، متمانەیەکی مەعنەوی دەبین و ئەمە دەیـــان ئەوەنـــدەی تێکـــڕای ئەو چەکـــانەی سەرمایەداران هەیانە، بەهێزترە.

**بەرگری لە مارکسیزم**

مـن لێـرەدا بە ســەرجەم هاوڕێیـانم لە قوتابخـانەی مارکسیســـتی دەڵـــێم؛ ئەوان کـــارێکی زۆر ڕاســـتیان ئەنجامداوە کە بەرگرییان لە مارکسیزم کردووە.

بە درێژایی 150 ساڵی ڕابوردوو، مارکسیزم باشترین شتە کە بۆ بیر و کاری کۆمەڵایەتی هاتۆتەئاراوە. ئەوانەی ئینکاری ئەو ڕاستییە دەکەن و مارکسیزم بە بەرپرسیار لە هاتنە سەر حوکمی ستالینیزم و سۆسیال دیموکراسی یـان شـەڕی داگیرکـاری دەزانـن، یـان نەزانـن یـان بە مەبەست ئەو هەڵوێستە وەردەگرن. مارکسیزم ڕێڕەوی بنچینەیی سەرکەوتنی نیشانی مرۆڤایەتی داوە و پێویستە ئێمە بە دڵنیایی و متمانەوە بەرگری لێبکەین و باوەڕمان وابێت کە ئەم کارە بەسوودە.

مارکســـیزم زانســـتی کـــۆمەڵگەیە. تێگەیشـــتنێکە لە بەرامبەر زانستی پشتبەستوو بە ئەزموون و نازانستی 200 ســاڵی ڕابــوردوو، ڕێــگەی لە بەردەم مرۆڤایەتیـدا کـــردووەتەوە. بەرلەوە زانیـــنە کۆمەڵایەتییەکـــان تەنیـــا

بەرهەمــی ئەزمــوون بــووە و هــیچ جــۆرە بەهــایەکی بــۆ زانستی کۆمەڵایەتی نەبوو.

ئـێمە لە بـارەی داهـاتووەوە پێشـبینی نـاکەین. تەنیـا فــۆڕمی زانســتیی مارکســیزم، فــۆڕمی کــراوەی ئەوە. مارکسیزم وەک چۆن مـارکس خـۆی وتـویەتی لە گومـانە بنیاتنەرەکـانەوە دروسـتبووە. هەمـوو شـتێک دەتوانرێـت لەبەرچاوبگیرێـــت، بەو مەرجەی لەســـەر بنەمـــای ڕاســتییەکان بێــت. ئەوانەی نابەرپرســیارانە هەڵوێســت وەردەگرن و سـەرنج لە ڕاسـتییەکان نـادەن، یـان ئەوانەی کە ئەم ئـــامرازە گەورەیەی تێگەیشـــتن و درکـــی ڕاســتییەکانی جیهــان لەبەرچاونــاگرن و لە جیــاتی ئەوە تەنیا ڕوودەکەنە چەمکە گوماناوی و نامەعقول و شارەوە و مێتافیزیکیەکان، کە هیچ ئامانجێکی ئەرێنی دابین نـاکەن، لە تێگەیشتنی زانستی و واقیعی بەدوورن.

بە هەمـــان ئەو ڕێـــژەیەی مارکســـیزم لە ڕووی زانسـتییەوە جێـی گرنگیپێـدانە، لایەنێکـی تـری مارکسـیزم هەیە کە بە هەمـــان ڕێـــژە گـــرنگە و ئەویـــش لایەنـــی دەروونیی ئەخلاقییە. مـارکس ئەم بابەتەی بە شـێوەیەکی زۆر ڕادیکاڵ لە گەنجی خۆیەوە تا مردن فۆرمۆڵە کردووە و بەکاریهێنـا و هەرگیـز لەو چەمـکە لایـنەدا کە خـۆی بە "کـاری بەکـۆمەڵ" ناویـدەبرد، ئەوە بەرەنگـاری بـووە دژی هەر جـــۆرە هەلومەرجێـــک کە بەهـــۆیەوە مرۆڤەکـــان نەفرەتیان لێکراوە، بە بێگانە کـراون و چەوسـێندراونەتەوە و سـەرکوتکراون، یـان سـوکایەتی بە جەوهەری مرۆییـان کراوە. هۆکاری بەکارهێنانی ئەمە هەرچییەک بێت بە ڕەوا

هەژمـار نەكـراوە و پێـداگرى لەسـەر ئەوە كـردووە كە لە ژیانـدا هـیچ شـتێک بەچێژتـر نیـیە لە بەرەنگـاربوونەوە لەپێناو ئەو ڕێگەیە و دانانى ژیان لەپێناو بەرگرى لە مافى مـرۆڤ، بەرگـرى لە چەوسـاوەكان و سـەركوتكراوەكان و داگیركراوەكـان. هـیچ ڕێگەیەكـى باشـتر لە قوربـانیكردنى ژیان لەم ڕێگە مەزنەدا بۆ مرۆڤێكى بـاش لە جیهانـدا نییە. لەبەرئەوە داهاتوو بۆ ماركسیزمە.

**سەرچاوە:**

https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1993/socializm-neoliberalizm.htm

# (چوار)

# نیۆلیبڕالیزم و
# بەتایبەتیکردنی جیهان

کریس هارمەن

**پێشەکی**

ئامانجەکانی بزووتنەوەی دژە سەرمایەداری، لەپێناو ڕاگرتنی وێرانبوونی ژیانی ملیۆنان کەس و ئەو کاولکارییەی زیاتر و زیاتر ڕووبەڕووی دانیشتوانی ئەم ئەستێرەیە دەبێتەوە کە لە سەری دەژین، بەرەوپێشچوونی زۆریان بەخۆوەدیوە.

بە مەبەستی خۆپیشاندانی گەورە لە نۆڤەمبەری ١٩٩٩، هەزاران کەس لە جەماوەری شاری "سیاتڵ" و گەلێک شوێنی دیکەی جیهان ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەم خۆپیشاندانانە سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی کردە بابەتی پرسەکە و تیشکی خستە سەر سروشتی ئەم سیاسەتانە. خۆپشاندانی جەماوەر بۆیە ئەو دەزگایانەی کردە ئامانج، چونکە جۆرە سیاسەتێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەر دەوڵەتاندا دەسەپێنن کە جگە لە وێرانە و کاولکاری هیچی دیکە بە دوای خۆیدا ناهێنێت.

ئەو کاریگەریانەی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراو لەنێو جەماوەری گەلێک وڵاتدا خولقاندویەتی ئازاراویی و کارەساتئامێزە. هەموو ڕۆژێک (١٩٠٠٠) منداڵ لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دەمرن، چونکە ئەو پارەیەی کە دەکرا بۆ چاودێریی تەندروستی لەو وڵاتانەدا خەرجبکرایە، لەبری ئەوە دەڕوات بۆ پڕکردنەوەی قەرزەکان. هەریەکە لە سندوق و بانک هەڵدەستن بە سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی پڕۆگرامی گونجاندنی بونیادی (کە بەرپرسە لە مردنی ڕۆژانەی ١٩٠٠٠ منداڵ، وەک ئەوەی لولەی تفەنگ لەسەر

سەری منداڵەکان ڕابگریت و پاشان گوللەیەکیان پێوەبنێیت).

ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (W.T.O)ش، یەکێکە لە بازرگانەکانی مەرگ، ڕێساگەلێک بەسەر وڵاتانی (گەشە لاواز)دا دەسەپێنێت کە بە ڕووکەش ڕێسای بێتاوانن سەبارەت بە "مافی خاوەنداریێتیی فکری"، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو وڵاتانە نەتوانن سوود لە بەرهەمی دەرمانە ئامادەکراوەکان ببینن تا بەپێی توانا بە نرخی هەرزان بە هاووڵاتییانیان بیفرۆش، هەتاوەکو "ڕێگەپێدان" لە کۆمپانیا جیهانییە خۆرئاواییەکان وەرنەگرن، هەربۆیە دیاریکردنی نرخی ئەو دەرمانانە زۆرینەی هاووڵاتیان لە بەدەستهێنانیان بێبەشدەکات.

دەرئەنجامی ئەوەش بریتییە لە مردنی ملیۆنان کەس لە ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین بەهۆی نەخۆشییەکەوە کە دەکرێت چارەسەربکرێت، وەک کۆلێرا و مەلاریا و نەخۆشیی کەمیی بەرگریی لەش (H.I.V)، ئەوانەشی هێشتا نەمردوون ناتوانن ئەو دەرمانانە دەستبخەن کە دەتوانێت لەژیاندا بیانهێڵێتەوە.

ئەم بابەتە ئامانجی نیشاندانی ئەوەیە کە بۆچی پێویستە بزووتنەوەیەکی دژ بە بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراو دروستبکەین، هەروەها گرنگیی لێدانی سیستەمی سەرمایەداری بە شێوەیەکی گشتی، ئەم سیستەمە بەتەواوی مانای وشەکە ژیانی ملیۆنان مرۆڤ دەکاتە قوربانی، تەنها لەپێناو زیادکردنی قازانجەکانیدا.

# (1)

# پرسیار و وەڵام

## خاوەن بانکەکان

## سەرچاوەی نەهامەتییەکانن

دەزگای "ئۆکسفام" بۆ هاریکاریی مرۆیی ڕایگەیاند کە (١٠ ملیۆن) کەس لە جیهاندا بە دەست کەمیی خۆراکەوە گیرۆدەن. قەیرانی کەمیی خۆراک بە ڕێژەی گەورە لە وڵاتانی قوچەکی ئەفریقیی هەیە، کە ئەریتیریا و ئەسیوپیا دەگرێتەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی وڵاتانی قوچەکی ئەفریقیدا هاتووە:

-نیوەی دانیشتوانی ئەم دەوڵەتانە تەنها بە (٦٦ کالۆری) لە ڕۆژێکدا دەژین.

-سێیەکی دانیشتوان گیرۆدەی نەخوێندەوارییین.

-نزیکەی (٧٠%)ی دانیشتوان بە دەست نەخۆشیی بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن.

-(٥٠%)ی منداڵانی خوار تەمەن ٥ ساڵ گیرۆدەی لاوازیی و وشکبوونەوە و کەمیی کێش هاتوون، تێکڕای مردن لەم تەمەنەدا ساڵانە دەگاتە نیو ملیۆن منداڵ.

-بە تەنها ئەسیوپیا هەموو هەفتەیەک (٢،١ ملیۆن دۆلار) دەداتە خاوەن بانکەکان وەک سوودی (١٠ملیۆن دۆلار) کە قەبارەی قەرزەکانیەتی.

**سندوقی دراوی نێودەوڵەتی چییە؟**

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٤٤، بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی بازاڕی ئازاد و سەرپەرشتیکردنی ئابووریی جیهان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندیی وڵاتە دەوڵەمەندەکان هاوشانی بانکی نێودەوڵەتی دامەزرا.

مافی دەنگدان لەناو سندوقی دراوی نێودەوڵەتییدا (I.F.M) پەیوەستە بە قەبارەی ئابووریی دەوڵەتانی ئەندام، کە ئەم مافەی پێدەبەخشێت، نەک پەیوەستبێت بە قەبارەی پێویستییەکانی ئەو دەوڵەتانە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ناگاتە (٥%)ی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، خاوەنی (١٧%)ی مافی دەنگەکانە لەنێو سندوقەکەدا، بە گشتی حەوت دەوڵەتە گەورەکە خاوەنی (٤٥%)ی دەنگەکانن، ئەمەش ئاسانکارییەکی گەورەیە تا بتوانن ئەو سیاسەتانە تێپەڕێنن کە دەیخوازن.

**بانکی نێودەوڵەتی چییە؟**

بانکی نێودەوڵەتی دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتییە، هەڵدەستێت بە پێدانی قەرز بۆ پڕۆژە بونیادییە گەورەکان (وەک دروستکردنی ڕێگەوبان، بەنداو، بەرهەمهێنانی وزە)، لە سەرەتای هەشتاکانەوە بانکی نێودەوڵەتی هەڵدەستێت بە پێدانی قەرز بۆ جێبەجێکردنی پڕۆگرامی گونجاندنی بونیادی بە هاوبەشی لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی.

زۆرینەی قەرزەکانی ئێستا (لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم) بریتییە لە سوودی قەرزە کۆنەکان کە بانک لە ماوەکانی ڕابردوودا پێشکەشیکردوون، هەریەک لە بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراو ئەو پارانەی لە دەوڵەتە قەرزدارەکانەوە وەریدەگرن، زۆر زیاترە لە قەرزەکانی ئێستا و بریتییە لە سوودی قەرزە کۆنەکانی پێشوو.

**ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی چییە؟**

ڕێکخراویی بازرگانیی جیهانی ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە، هەڵدەستێت بە سەپاندنی ڕێسای ڕێکخستنی بازاڕی بازرگانیی ئازاد لەسەر ئاستی جیهان، ئەم ڕێکخراوە چەندین دادگای نێودەوڵەتیی تایبەت بە خۆی لەپشتە و دەسەڵاتی واژۆکردنی سزای هەیە بەسەر ئەو دەوڵەتانەی هەر چالاکییەکی پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانە بکەن کە ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی داینـاون، لەو چوارچێوەیەشدا جێگەی بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتە سەرمایدارە گەورەکان کردۆتەوە.

**پرۆگرامی گونجاندنی بونیادی چییە ( Structural adjustment programmes)؟**

هیچ یەکێک لە دەوڵەتە هەژارەکان ناتوانێت قەرز لە بانکی نێودەوڵەتی یاخود لە سندوقی دراو بەدەستبهێنێت، ئەگەر ڕەزامەند نەبێت لەسەر جێبەجێکردنی پرۆگرامی گونجاندنی بونیادی بۆ ئابوورییەکەی.

ئەم پڕۆگــرامە، ئــابووریی دەوڵەتـــان بــۆ کۆمپانیـــا نێودەوڵەتییەکــان ئامادەدەکــات، کۆمپانیـــا دەوڵەتییەکـــان بەتایبەتیـدەکات، کەمکـردنەوەی مـافی کرێکاران، کرێکـان، مەرجەکـــانی کـــارکردن، ئیجبـــارکردن بـــۆ دابەزانـــدنی خەرجیـــی گشـــتی لە بـــوارە ســـەرەکییەکانی ژیانـــدا، جێبەجێنەکردنی ئەم سیاسەتانە، واتە ڕاوەستانی سندوقی دراو لە پێدانی قەرز.

ئەم سیاسەتانە بوونەتە مایەی سەپاندنی باجی گەورە لەسەر بوارەکانی تەندروستی و فێرکردن، هەزاران کەسی لە کارەکانیـــان دوورخســـتۆتەوە و -ڕێـــژەی بێکـــاریی بەرزکردۆتەوە- پیشەسازییە ناوخۆییەکانی لەناوبردووە.

پڕۆگرامـــی گونجانـــدنی بونیـــادی هۆکـــارێکە بـــۆ لەنـــاوچوونی چـــاودێریی تەندروســـتیی ســـەرەتایی و بەرزبـوونەوەی تێکـڕای مردنـی منـداڵان و لەدایکبـووان لەسـەر ئاسـتێکی فـراوان لە دەوڵەتـانی جیهـانی سـێیەمدا. هەر بەو هـــۆیەوە نەخۆشـــخانە گشـــتییەکان و کـــارگە حکومییەکان لە بیابانی ئەفریقیـا، ئەمریکـای لاتین و ئاسیا بوونەتە کێڵگەی نەخۆشییە گواستراوەکان.

بـۆ نمـوونە لە زیمبـابۆی، لەو دەمەی سـندوقی دراوی نێودەوڵەتی جێبەجێکردنی پڕۆگرامی گونجاندنی بونیادی بەسـەردا سـەپاندووە لە سـاڵی (١٩٩٠)، خەرجیـی گشـتیی چـــاودێریی تەندروســـتی بە ڕێـــژەی ســـێ لەســـەر یەک دابەزیـوە، ئەو لێـدەرکردنانەی کە سـندوقی دراو لەســەر بـــودجەی تەندروســـتی ســـەپاندوویەتی، بـــۆتە هـــۆی

زیادبوونی بڵاوبونەوەی پەتای ئایدز و نەخۆشیی کەمیی بەرگریی لەش لەنێو هەژارانی ئەفریقیادا.

ئیدی خویندنیش یەکێکە لەو کەرتانەی کە لە دەوڵەتە قەرزوەرگرەکاندا تەنها بۆ کەمینەیەکی خاوەن پارە دەستەبەربووە.

سیاسەتی سندوق و پرۆگرامەکەی، سەپاندنی باجی گەورەی بەسەر خویندنی قوتابخانەکاندا کردۆتە مەرج، لە هەمان کاتدا کرێ و داهاتی ڕاستەقینە زۆربەی دەوڵەتانی ئەفریقیادا بە ئاستی (٥٠% - ٦٠%) بەراورد بە (بەهاکەی) پێش سەپاندنی پرۆگرامەکەی سندوقی دراو، دابەزیوە.

ئەم کاریگەرییە کارەساتئامێزانە وەهای کردووە ناوی "گونجاندنی بونیادی" لەسەر ئاستی میللی ناوێکی بێزراو و ڕەتکراوە بێت، لەبەرئەوە بەڕێوەبەرانی سندوقی دراو هەستان بە دووبارە ناونانەوەی ئەم پرۆگرامە بە ناوی نوێی بریقەدار، وەک: کەمکردنەوەی هەژاریی، ئاسانکردنی گەشەکردن.

**ئایا سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی یارمەتیدەر دەبن بۆ گەشەسەندنی ئابووری؟**

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە دۆخی ئەو (٧٦) وڵاتەی پرۆگرامی گونجاندنی بونیادییان جێبەجێکردووە، دەبینین کە تەنها چوار وڵاتیان لە میانەی دەیەی هەشتاکاندا ئاستی ئابوورییەکەی بە شێوەیەکی بەردوام باشبووە.

- خزمەتگوزارییەکـانی قەرز (قیسـت و سـوودەکان) سێیەکی داهاتی هەناردەی ئەمریکای لاتینی لەناوبرد.
- سـەرەڕای ئەوانەش قەبـارەی قەرزە شایسـتەکانی سـەر زۆرێک لە دەوڵەتە قەرزوەرگرەکـان لە کۆتـایی ئەم دەیەیەدا زۆر زیـاترە لە قەبـارەی قەبـارەی هەمـوو ئەو قەرزانەی لە سەرەتاوە تۆمارکراون.
- زیـاتر لە ٤٠ ملیۆن هـاووڵاتی لاتینـی، واتە (٢٠%)ی دانیشـتوان، بـارودۆخی ژیانیـان دابەزیـوەتە خـوار هێڵـی هەژارییەوە.

**بەڵێنی سوککردنی قەرزەکان تا چەند ڕاستە؟**

"سـوککردنی قورسـایی قەرزەکـانی داهـاتوو"، ئەمە قسەی زۆرێک لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهان بوو پاش کۆبـوونەوەی نێـوان نـوێنەرانی دەوڵەتە پیشەسـازییە گەورەکان لە حوزەیرانی ١٩٩٩.

لەڕاسـتیدا هەشـت زلهێـزەکە بەڵێنیانـدا بە سـوککردنی قەرزەکـان -ئەم هەشـت زلهێـزە سـوودمەندبوون لەو هەڵـمەتە فـراوانەی دژ بە قەرزی دەوڵەتە هەژارەکـان ئەنجامدرا، کە ڕێکخراوی وەک (Jubilee 2000) بەشدارییان تێداکرد.

وەزیـری دارایـی ئەو کـاتی بەریتانیـا (گۆردن بـراون) وەک پاڵەوانێـک کاریـدەکرد، بەهـۆی ئەو ڕۆڵە ڕابەرایەتیـیەی کە دەبـوو لە داواکـاریی سـوککردنی قەرزەکانـدا ببیبینێـت. سـوککردنی قەرزەکـان تەنهـا بـۆ ژمـارەیەکی دیـاریکراو لە دەوڵەتـان دەکـرا. ئەمەش بەو

مەرجەی ئامادەبێــت بــۆ پەیوەســتبوون بە مەرجەکــانی بـــانکی نێـــودەوڵەتی و ســـندوقی دراو و ڕێکخـــراوی بازرگانیی جیهانییەوە.

لەڕووی تیۆرییەوە و بە قسـە ئەم کـارە بێ مەبەسـت بـوو و ئامـانجەکەی تەنهـا سـووککردنی قەرزەکـان بـوو، بەڵام زیاتر لە ١٢ مانگ تێپەڕی بەبێ ئەوەی یەک فلس لە قەرزە تۆمارکراوەکــانی ســـەر هەر یەکێـــک لە دەوڵەتە قەرزوەرگرەکان دابشکێنرێت،

زی ئۆریلیۆ (Zie Arlyo) ڕایگەیاند کە "دەستپێشـخەریی سـوککردنی قەرزەکـان بـوو بە کەیسـە ئابڕووبەرانەکـانی سەدەی ٢١، تەنها گوزارشتە لە فریودانێک".

# (2)
# کارەساتی نیۆلیبرالیزم

ڕووداوێک لە دورگەی هایتی:

١.هەریەکە لە بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراو:

- بەرزنەکردنەوەی ئاستی هەرە نزمی کرێکانیان سەپاند.

- داواکاریی بۆ بەتایبەتیکردنی ئەو کۆمپانیایانەی توانای بەدەستهێنانی قازانجیان هەیە، کە ئەرکیان دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە بۆ هاووڵاتییان.

- جەختکردنەوە لە دابەزاندنی بودجەی تەرخانکراوی حکومەت بۆ دابینکردنی خەرجیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ ئاستی نیوە.

- ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێو هاووڵاتیانی هایتیدا گەیشتۆتە (٥%)، هەروەک چۆن تێکڕای مردنی منداڵ گەیشتۆتە (١٠%)، ناوەندی تەمەنی ڕەگەزی نێر دابەزیوە بۆ ٤٩ ساڵ، هەروەها ڕەگەزی مێ بۆ ٥٣ ساڵ.

ئەو سیاسـەتە ئابوورییـانەی بـانکی نێـودەوڵەتی و سـندوقی دراو دەیسـەپێنن لە ئایـدیایەکەوە سـەرچاوە دەگـرن کە نـاوی "لیبرالیزمـی نـوێ"یە، ئەم ئایـدیایە بە درێژکـراوەی ئەو سیاسـەتە دراوینەییـانە دادەنرێـت کە لە حەفتاکانـدا لەژێـر نـاوی ڕێبـازی (دراوگەریـی Monetarism)دا پیـادەدەکرا، هەروەهـا لە هەشـتاکانیش لەژێر ناوی "تاتچەریزم" و "ڕیگانیزم"دا.

ئەو ئایـدیا سـەرەکییەی ئەم سیاسـەتانەی لەسـەر ڕاوەسـتاوە -بە نـاوە جیاوازەکـانییەوە- بـریتییە لە دەسـتوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروبـاری ئـابووری، نیۆلیبرالیستەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕۆڵی دەوڵەت کۆتاییپێهاتووە لە فەراهەمکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خـۆراک و وزە، هەروەهـا گواسـتنەوەی پـڕۆژە بە بەنیشتیمانیکراوەکان، کە دەوڵەت خاوەنیانە، بۆ پڕۆژەی تـایبەت کە خاوەنـدارێتییەکەی بگەڕێـتەوە بـۆ تاکەکـان و دەزگـا تایبەتییەکـان، هەروەهـا بـاس لە پێویسـتیی دابەزانـدنی بـاجی سـەر کۆمپانیاکـان و داهـات و کـاری بیناسـازی دەکەن، هەروەهـا بەپێویسـتی دەزانـن-لە ڕوانگەی خۆیانەوە- کە دەوڵەتە لاوازەکـان دەستهەڵگرن لە سیستەمی پارێزگـاریی گـومرگیی کە خـراوەتە بەردەم هاوردەکراوەکـان لە دەوڵەتە بەهێـزە ئابوورییەکـانەوە و پێویستە هانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان-فرە ڕەگەزەکان- بـدرێت بـۆ بەشـدارییکردن لە پـڕۆژە خزمەتگـوزارییە سەرەکییەکان، وەک ئاو، تەندروستی و فێرکردن.

نیۆلیبرالیسـتەکان جەخـت لەوە دەکەنەوە کە جێبەجێکردنی گشت ئەم هەنگاوانە، دەتوانێت تەنانەت لە

وڵاتە هەرە هەژارەکانیشدا وەبەرهێنانی بیانی ڕاکێشبکات و گەشەی ئابووری بەدیبهێنێت.

بەپێی بانگەشەکانیان بێت، دەکرێت دەوڵەتێکی دیاریکراو لە ڕێگەی گەشەپێدانی پیشەسازییە هاوردەکراوە نوێیەکانییەوە قەرزەکانی پڕبکاتەوە، هەروەها دەتوانێت هەلی کاری زیاتر بۆ دانیشتوانەکەی برەخسێنێت، ئیدی بەو جۆرە هەلومەرجێکی گەلێک باشتری ژیان بۆ گشت تاکەکانی بەدەستبهێنێت.

نیۆلیبڕالیستەکان دان بەوەدا دەنێن کە دەکرێت ئەم سیاسەتانە لە سەرەتادا ببێتە هۆی زیاتر دەوڵەمەندکردنی دەوڵەمەندەکان و هەژارکردنی زیاتری هەژارەکان، بەڵام ئەم ئەنجامە-وەک خۆیان دەڵێن- بەهایەکە دەکرێت لەپێناویدا ببەخشین، دواتر هەلی کاری نوێ دەبێتە هۆی بە پلەپلە دابەشکردنەوەی سامان.

هەروەها نیۆلیبڕالیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تر بۆ ئەم سیاسەتانە نییە، ئێمە لە سایەی ئابوورییەکی "بەجیهانیبوودا" دەژین، گەر وڵاتێک هەبێت و نەخوازێت "کۆتوبەندی سەر وەبەرهێنانەکان، وەک باج و گومرگ و (مەرجەکانی کارکردن) و ...هتد"[38] دابەزێنێت. بەسادەیی؛ وەبەرهێنان ڕوو لە جێیەکی تر دەکات کە زۆرینەی وڵاتە هەژارەکان هەژارتر بکات.

---

[38] نیۆلیبرالیزم پێیوایە دڵنیایی یاسایی کار، وەک پەیمانی هەمیشەیی تەندروستی، مووچە، مۆڵەتی کارکردن و مۆڵەتی ساڵانە، هەروەها پارێزگاری لە لەکاردوورخستنەوەی زۆرەملێیانە یان داخستنی شوێنی کار، وەک کێماسییەکی تر وایە لەسەر سەرمایە، هەربۆیە پێویستە خۆی لێ ڕزگار بکات یاخود کەمی بکاتەوە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان. (و. عەرەبی).

**نیۆلیبرالیزم نابێتە هۆی "پلەبەپلە دابەشکردنەوەی سامان"**

تـــوێژەری ئـــابووری (Reham Shahban) چـــاودێریی بارودۆخی ٧٦ دەوڵەتی کردووە کە پرۆگرامی گونجاندنی بونیادییـــان جێبەجێکـــردووە، کە ســـندوقی دراو و بـــانکی نێودەوڵەتی دەیسەپێنن، ئەنجامە شیکارییەکان دەریدەخەن کە تەنها ژمـارەیەکی دیارییکراوی ئەو وڵاتـانە توانیویـانە تێکـــڕای گەشـــەکردنی باشـــتر بەدەســـتبهێنن و تێکـــڕای هەڵاوسان بەراورد بە پێشتر کەمبکەنەوە.

تـــاکە شـــتێک کە پرۆگرامـــی گونجانـــدنی بونیـــادی بەدەســـــتیهێنابێت بـــــریتییە لە زیـــــاتر دەوڵەمەنـــدکردنی دەوڵەمەنـدەکان و دابینکردنـی پـارە و قـازانج بـۆ خـاوەن بانکەکـان لە گۆشـت و خـوێنی مـرۆڤەوە، بەڵام ئەوەی بـۆ زۆرینەی خەڵک بەدیهێنـاوە بـریتییە لە زیـاتر خراپکردنـی بارودۆخیان، بەڕێوبەری ئەوروپای سندوقی دراو فیلمینگ لارانس (Flemming Larsen) لە دیبەیتێکدا لەگەڵ سـۆزان جۆرج (Susan Gorg) لە کـانونی دووەمـی سـاڵی ٢٠٠٠ دان بەمەدا دەنێت:

"زۆرێـــــک لە دەوڵەتە هەرە هەژارەکـــــان دارمـــــانێکی ڕاســـتەقینەیان بەخـــۆوەبینی لە دوو ســـاڵی ڕابـــردوودا، ترسی ئەوە هەیە ئەو کەلێنە گەورەیەی لەئێستادا لەنێوان دەوڵەمەنـــدەکان و هەژارەکانـــدا هەیە ڕوو لە زیـــادبوون بکات".

**تۆماری کارەکانی نیۆلیبڕالیزم:**

وەهــا بــاوە کە ئــابووریی ویــلایەتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکا لەلایەن گشت دەوڵەتەکانی ترەوە وەک مۆدێلێک تەماشــــا بکرێــــت، بەڵام جێبەجێکردنــــی نیــــۆلیبڕالیزم یارمەتیدەر نییە بۆ باشبوونی بارودۆخ. بەرەوپێشچوونە ئابوورییەکــــانی ئەم ســــاڵانەی دوایــــی ویــــلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆتە هۆی گەشەسەندن، بەراورد بە تێکڕاکــــانی ٣٠ ســــاڵی ڕابــــردوو -داهاتەکــــانی ئەم گەشەسەندنە گەلێک جیاوازە لەوەی ساڵانی ڕابردوو- لەو ماوەیەی لە چلەکانەوە درێژدەبێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان داهاتی خێزانی ئەمریکی زیادیکردووە، بەڵام لە ناوەڕاســــتی حەفتاکــــانەوە هەتــــاوەکو ســــەرەتای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی نیۆلیبڕالیزم (٦٠%)ی خێزانە ئەمریکییەکــــان هــــیچ زیــــادبوونێکی ڕاســــتەقینەیان لە داهاتەکانیان بەخۆوە نەدی، سەرەڕای زیادبوونی (١٦٠ کاتژمێر کارکردنی زیادە/ واتە مانگێک کارکردنی تەواو) لە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن لە ساڵێکدا:

ئێستا یەک کەس لەنێو هەشت کەسی ئەمریکییدا لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژیت، هەروەها نزیکەی ٤٥ ملیۆن هــــاووڵاتیی ئەمریکــــی چــــاودێریی تەندروســــتییان بــــۆ دابیننەکراوە، ئاستی کرێ بە ڕێژەی (٢٢%) لەچاو ساڵی ١٩٦٨ دابەزیــــوە، بەپــــێچەوانەوە داهــــاتی بەڕێــــوەبەر و سەرۆکی کۆمپانیا گەورەکان بەرزبوەتەوە. ساڵی ١٩٨٠ ئاستی هەرە کەمی داهاتیان بریتیبوو لە ٢٢ ئەوەندەی ســــاڵی ١٩٦٨. بەپێــــی ئەوەی ڕۆژنــــامەی (بــــزنس ویــــک)

بڵاویکـــردۆتەوە ســـاڵی ١٩٩٠ ئەو داهـــاتە ٨٥ هێنـــدە زیـادیکردووە، سـاڵی (١٩٩٨) ٤١٩ هێنـدەی سـاڵی ١٩٦٨ داهاتیان زیادیکردووە.

ئەم وێـنەیە لە ئینگلـتەرا جیـاوازییەکی ئەوتـۆی لەگەڵ ئەمریکادا نییە، هەتاوەکو ئێستاش کاتژمێرەکانی کارکردن کە ئینگگـتەرا بەرزتـرین کـاتژمێری کـارکردنن لە گشـت ئەوروپـای خۆرئـاوادا، سـێیەکی منـداڵانی ئینگلـتەرا لە خێزانێکـــدا گەورەدەبـــن کە ژیانیـــان لەژێـــر هێڵـــی هەژارییەوەیە.

## (3)

# شکستی ئەزموونەکە
# لە ڕۆژهەڵات

### ئاوی جیهان

ناڕەزایەتییەکـان لە پۆلیڤیـا سـەرکەوتوو بـوون لە ڕێگریکردن لە هەوڵی بەتایبەتیکردنی ئاوی خواردنەوە، کە لەپشـت ئەمەوە کۆمپانیـای (Bechtel)ی فـرەڕەگەز هەبوو.

ڕێکخەری ناڕەزایەتییەکان (ئۆسکار ئۆلیڤێرا) دەڵێت:

تاکەشت کە تائێستا بەدەستمانەوە مابێت بریتییە لە ئاو و هەواکەمان، کارێکی ئاسانیش نییە لە یەک کاتدا دژ بە حکومەتەکەمـان و دژ بە بـانکی نێـودەوڵەتی شـەڕبکەین. ئەوەی هەیە بـریتییە لەوەی لەو ترسـە ڕزگارمـان بێت. ئێمە گەلێکـی هەژاریـن و ڕووبەڕووی کۆمپانیای (Bechtel)ی زەبەلاح دەبینەوە، هەروەک چۆن (داوود) ڕووبەڕووی (مارد جولیا) دەبێتەوە.

سەرکردەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێیانوایە هەلـی گەورەیـان بـۆ خۆسـەپاندنیان بەسـەر ئـابووریی جیهانییدا هاوشانە لەگەڵ هەرەسی سیستمی ئەوروپای خـۆرهەڵاتی لە سـاڵانی ١٩٨٩ بـۆ ١٩٩١. ئەو ڕەوتە ئۆپۆزسـیۆنە دیموکراسـییانەی لەو وڵاتـانە دەرکەوتـن، دەریخست کە بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێن بۆ دەرچوون لە ئاستی داتەپیوی بژێوی و هەلومەرجە نالەبارەکانی ژیان.

لە هەمان کاتدا کە گەلێک لە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان و سیاسییە کۆنەکان پێیان وابوو کە پێویستە سیاسەتێکی نویێ بونیادبنرێت کە بتوانێت ئیمتیازاتەکانیان بپارێزێت.

هەموو ئەمانە وەک عیسای مەسیح لە نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراو و ئابوورییناسە نیۆلیبراڵیستەکانیان دەڕوانی کە بێن و ڕزگاریان بکەن، ئەم دەزگایانە بوون کە پرۆگرامی گونجاندنی بونیادییان هێنایە وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتی و ڕوسیا و زۆربەی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو کە پشت دەبەستێت بە "چارەسەر بە شۆک"، هەروەها دەزگا ڕاگەیاندنە خۆرئاواییەکان بە حەماسەوە بانگەشەیان بۆ ئەمە دەکرد کە "ئێمە لە سەروبەندی ڕوودانی پەرجوویەکی ئابووریداین" بەڵام ئەوەی ڕوویدا ڕێک پێچەوانەی ئەمە بوو.

تێکڕای بەرهەمهێنان لە گشت شوێنێک دابەزی- لە ڕووسیا، گەورەترین وڵات کە ئەزموونی نیۆلیبڕالیزمی تاقیکردەوە، بەرهەمهێنان بە نزیکەی نیوە دابەزی، هەمان شت لە ئۆکرانیا، بەلگراد، ڕۆمانیا، ئەلبانیا، جۆرجیا، ئەرمینیا و ئازەربایجانیش ڕوویدا، هەر بەتەنها پیشەسازی گیرۆدەی کاریگەرییەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتە نیۆلیبڕالیستییەکان نەبوو لەو وڵاتانە.

کشتوکاڵیش زۆر بە بەهێزی کاریگەر بوو، بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە ڕوسیا بۆ نیوە دابەزی، لە ئۆکرانیاش بۆ (٢٤%) لە ساڵی ١٩٩٣، تاکە ئامراز کە خێزانەکان بتوانن منداڵەکانیان بژێنن و خواردنی پێویست لە وەرزی زستاندا بەدەستبهێنن، بریتییە لەوەی کە هەستن بە عەمبارکردنی بەشێک لە سەوزە و میوەی کێڵگەکانیان.

ژمـــــارەی ئەو هـــــاووڵاتییە ڕووســــــییانەی کە بە کـولەمەرگی لە ژیانـدا مـاونەتەوە گەیشـتۆتە ٦٠ ملیـۆن، نەخۆشـــی و پەتـــای وەک (T.B.) و تەنـــانەت کـــۆلیراش لەنێویانـدا بڵاوبـۆتەوە، ناوەنـدی تەمەنـی پیـاوان لە ٦٥ ساڵەوە دابەزیوە بۆ ٥٧ ساڵ.

لە مێـژوودا هـیچ هەرەسـێکی ئـابووری بەم گەورەیـیە ڕوویـــنەداوە، مەگەر تەنهـــا لە دۆخـــی جەنـــگ یـــاخود کارەساتی سروشتی گەورەدا.

بەرپرسـیاریەتیی سـندوقی دراو و بـانکی نێـودەوڵەتی تەنهـا ئەوە نییە کە چارەسـەرێک پێشکەشبکەن تـا لانـی بـکەم ببێـتە هیـوایەکی درۆزنـانە، بەڵکـو بە سـووربوون لەســـەر پێشکەشــکردنی زێـــدەتر لەهەمـــان چارەســـەر، هەروەک پزیشـکێکی سـەدەکانی ناوەڕاسـت کاتێـک داوای چارەســـەرکردنی نەخۆشـــێکی لێـــدەکرا کە گرفتـــاری خوێنبەربـــوون بـــوو، چارەســـەرەکەی ئەوەبـــوو کە هەر بەردەوامبێت لەسەر خوێنلێڕۆیشتن، زیاتر و زیاتر خوێنی لێبڕوات هەتاوەکو دەمرێت.

**دۆزەخی کارگە عارەقچۆڕێنەکان**

ئەو سیاســـەتانەی ســـندوقی دراوی نێـــودەوڵەتی دەیانســـەپێنێت، بەزەروری مەرجـــی کـــارکردنی تـــۆقێنەر دەهێننەئاراوە. ئەو دەوڵەتانەی کەوتونەتە چنگی سندوقی دراو و بـانکی نێـودەوڵەتییەوە تەنهـا کەمێکیـان دەتـوانن فراوانبوونی خێراتـر و بەهێزتـر بەخـۆوە ببینن بەجۆرێک کە ببێـتە هـۆی پڕکـردنەوەی قەرزەکـان و سـوودەکان. هانیاندەدەن بۆ بونیادنانی ناوچەی بازرگانی ئازاد یاخود "نـاوچەی وەبەرهێنـان" و هێنـانی وەرشـەی کۆکردنەوەی

فرەڕەگەز و هەڵدەستن بە دروستکردنی کاڵا بە ئامانجی فرۆشتنی لە گشت جیهاندا.

هەمان شت لە کارگەکانی وڵاتانی وەک ئەندۆنیسیا و تایلەند و سلڤادۆر ڕوودەدات کە کچ و ژنی گەنج ڕۆژانە ١٢ بۆ ١٤ سەعات کاری تێدا دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی جلوبەرگ و پێڵاوی کۆمپانیاکانی (Nike, Jap, Adidas) بە هەمان شێوە لە مەکسیکیش، ئەو کارگانەی لە دەوروبەریدا دروستکراون هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی بەشێک لە بەرهەمە ئەمریکییە فرەڕەگەزەکان.

بە حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە و هاوشێوەکانیان گوتراوە کە ئەگەر نەتوانن کۆمپانیاکان ڕاکێشبکەن، ئەوا پێویستە "ڕێسا یاسایی و سیستماتیکەکان" کەمبکەنەوە بۆ نزمترین ئاست، ئەمەش بەو مانایەی هیچ چاودێرییەک لەسەر کات و ماوەی کارکردن نەبێت، هەروەها هیچ جۆرە کۆتێکی توند لەسەر کارکردنی منداڵان نەبێت، هیچ جۆرە دەستتێوەردانێک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ کاروباری یەکێتییە بازرگانییەکان نەبێت، هاوکات مەرجەکانی خۆپاراستنی بەرهەمهێنان تایبەت بە ئاگرکەوتنەوە سوکبکرێت، ئەمە لەکاتێکدا لەو وڵاتانە وەها باوە کە ژنانی کارکەری هیلاک لە شوێنی کارکردنیان بنوون دوای کۆتاییهاتنی نۆرەی کارکردنیان، بۆیە ئەگەر زۆرە ڕووداوی مردن ڕووبدات لە کاتی کەوتنەوەی ئاگری لەناکاودا.

هەروەک نەبوونی دووکەڵکێشی گاز و دوکەڵەکان لەو کارگانەدا کە ملکەچی ڕێسا ستانداردەکانی ڕێکخستن نەبوون، دەکرێت ببێتەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیسبوون بە ئاستێکی گەورەتر لەوەی ئێستا هەیە لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا.

# (4)
# مۆتەکەی ژینگە

جێبەجێکردنـــــی سیاســـــەتەکانی ســـــندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە کەرتی کشتوکاڵیی وڵاتانی جیهانی سێدا، بۆتە مایەی ڕوودانی کارەساتی ژینگەیی و دیمۆگرافی (دانیشـــتوان). لە ئەنجـــامی هەنگاونـــان بە ئاڕاســـتەی کشـتوکاڵی بەروبـوومە هەناردەکارییەکانـدا، دەسـتکرا بە هانـدانی —و پشتبەسـتن بە- تـاکە بەرهەمێـک، کە بشـێت زۆر بەخێرایـی و بە کەمتـرین تێچـوو بچێنـدرێت، ئەوەش لەپێنـــاو پڕکـــردنەوەی پێداویســـتییەکانی کۆمپانیـــا زەبەلاحەکانی خۆراک.

ئەم پســـپۆڕیی وەرگـــرتنە تـــاکلایەنەیە، ئەگەری بڵاوبوونەوەی مێروو و میکرۆبی ناو کێڵگە و مەزراکان زیاددەکــات، کە وەک نەخۆشــییەک لە بەروبوومەکـــان دەدەن و بەرهەمە کشـتوکاڵییەکان لەنـاودەبەن، هاوکـات بەکارهێنـانی پەینـی ئەنـدامیی هەرزانبەهـا بۆ بەپیتکردنـی زەوی، بەڵام لەگەڵ خواســـت و ویســـتی ئەو کۆمپانیـــا نێودەوڵەتییـانەدا دەگونجێـت کە لە بـواری پیشەسـازییە کشـتوکاڵییەکاندا کـاردەکەن، بەجۆرێک کە تۆو و پەیـن و سەمادی کشـتوکاڵیی و قڕکەری مێرووەکان بە زۆرتـرین بـڕ بفرۆشـن. هاوکـات حکومەتەکـان و کشـتکارەکان بە ئاڕاسـتەی بەکارهێنـانی بەروبـوومی ژێنەتیـک گـۆڕاودا ببرێن، بەڵام سروشت هێندە سەقامگیر نییە بۆ ئەنجامدانی پڕۆســەی گــۆڕینی ژێنەتیــک، ئەنجامەکــانیش ئەوەمــان

پێـــدەڵێن کە ڕەنـــگە ئەو پڕۆســـەیە زۆر بە ئاســـانی کاریگەریی و لێکەوتەی لاوەکیی هەبێت (بۆ نموونە وەک خراپکردنی بەرهەمەکانی دیکە و لەناوبردنی باڵندەکانی ناو سروشت) لەگەڵ ئەوەشدا دەردە کشتوکاڵییەکان و مێرووە کشتوکاڵییەکان لەناودەبات.

هەمان میتۆدە پسپۆڕییە تاکلایەنەکان، لە بەرهەمهێنانی دەریاییشـــدا جێبەجێـــدەکرێن؛ بەردەوامبـــوون لەســـەر بەرفراوانکردنـی بـازنەی هەنـاردەکردن لە وڵاتـانی وەک ئیکوادۆر، هیندستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، واتە ڕاوەستانی سەرجەم ناوچە کەنارییەکان لە بەخێوکردن و بەرهەمهێنانی ڕۆبیان، ئەمە وێڕای ئەوەی دەبێتە مایەی وێرانکردنـی ژینگەی سروشـتی و سـەرچاوەی ژیـانی زۆرێک لە دانیشتوانی ناوخۆیی ناوچە لۆکاڵییەکان.

کەشـتیگەلە گەورەکـان جـێگەی ڕاوچییـە بچوکەکـان دەگرنەوە و سامانی ماسی تەفروتونا دەکەن و دەیکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان. خەڵکی وڵاتـانی جیهـانی سـێ، کە پسـپۆڕییەکی تاکلایەنەیـان وەرگرتـووە –بەشـێکی کەمیـان نەبێـت- هـیچ سـوود و کەڵکێکیـان لەم پسـپۆڕبوونە وەرنەگرتـووە، تەنـانەت لە چوارچێـــوەی بەدەســـتهێنانی قـــازانج لە تـــالانکردن و بەفیڕۆدانیشـــییەوە. هەریەکە لە بـــانکی نێـــودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتییش فشار دەخەنە سەر وڵاتانی جیهـانی سـێ و پاڵیـان دەنـێن بەرەو ئەم ئاڕاسـتەیە، لەو دەمەی وڵاتـــانی دیـــکە بڕێکـــی زۆرتـــر لە هەمـــان ئەو

بەرهەمانە لە دەریاکان دەردەهێنن و پاشان ناچاردەبن بە نرخێکی هەرزان بیفرۆشن.

زیاتر لە سەدەیەک لە پسپۆڕیی تاکلایەنە لە ئەفریقیا، بووە مایەی دابەزینی –نەک زیادکردنی- داهاتی هەناردەکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، ئێستاش ئیدی ئەفریقییەکان پەلەیانە لەوەی بگەڕێنەوە بۆ شێوازە باوەکان.

**ئیکوادۆر:**

دانەوەی قیستی قەرزەکانی سەر ئیکوادۆر لە ساڵی 2000، نزیکەی نیوەی بودجەی ئەو ساڵەی وڵاتەکەی برد بۆخۆی. پێویستبوو هەر هاووڵاتییەکی ئیکوادۆریی باری گرانی دانەوەی 3 دۆلار لە هەموو هەفتەیەکدا و بەدرێژایی ساڵی 1999 بخاتە سەر شانی خۆی، تەنها لەپێناو دانەوەی قەرزەکانی سەر وڵاتەکە. لەکاتێکدا نیوەی دانیشتوانی وڵاتەکە خۆیان داهاتی هەفتانەیان کەمتر لە دوو دۆلارە.

ئەو خێزانانەی نەخۆشی ئایدزیان هەیە لە نەخۆشخانەی "نیفۆرن Neforn" لە ئیکوادۆر، ووردە وردە ژیانیان تواوەوە بەهۆی خراپیی جۆری خۆراکەوە. لە مانگی ئۆگۆستی ساڵی 2000دا دەستیانکرد بە نارەزایەتی دژ بە کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت بۆ لەئەستۆگرتنی خەرجیی چارەسەری نەخۆشییەکانیان، مێردمنداڵێکی تەمەن 13 ساڵ بە ناوی (کارلیتۆ) بەم شێوەیە دەدوێت: "لە برسا بمرین باشترە لەوەی بە بەرچاوی خۆمانەوە ئایدز جەستەمان بخوات"، کارلیتۆ بەهۆی وەرگرتنی

خـوێنی پیسـەوە لە کەسـێکی دیـکە مـاوەی شـەش سـاڵە تووشـی نەخۆشـیی ئایـدز بـووە. هەمـوو ئەمـانە لەکاتێکدا نـزیکەی (40%)ی نەخۆشـخانە و کۆگاکـانی وەرزارەتـی تەندروسـتیی ئیکـوادۆر ئازارشـکێن و مـاددەی سڕکەریان تێدا نییە.

**هیچ شتێك بێبەرامبەر نییە؛ چەکدارکردن و هاوکاری**

سـەرانی وڵاتە پیشەسـازییە پێشـکەوتووەکان خەریکـی گەمەیەکـــی گەورەن، ئەویـــش ئەو هاریکـــارییەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن پێشکەشی وڵاتە گەشە لاوازەکانی دەکەن. بەڵام ئەوەی ئەو سـەرۆکانە باسـی نـاکەن ئەوەیە کە هاریکارییەکە بەخۆڕایی و بێبەرامبەر نییە.

هەریەکە لە سـندوقی دراو و بـانکی نێـودەوڵەتی لەگەڵ هەر یارمەتیدانێکـدا چەنـدین مەرج دەسـەپێنن، کە خـاڵی سـەرەکیی ئەو مەرجـانە لەنـاوبردن و نەهێشـتن و پوکـانەوەی کەرتـی گشـتیی و دەوڵەتیـیە، دواتـر بەتـایبەتکردنی ئەو کەرتە گشـتییانە، حکـومەتە قەرزدەرەکـان سـوورن لەسـەر ئەوەی یـارمەتییە پێشکەشـکراوەکە، یـارمەتییەکی مەرجـدار بێـت؛ دەوڵەتە لاوازەکـان بەهـیچ جۆرێـک نـاتوانن یـارمەتی بەدەسـتبهێنن ئەگەر لەبەرامـبەردا پەیوەسـت نەبـن بە کڕینـی کـاڵا و خزمتگوزارییەکان لە وڵاتە قەرزدەرەکان.

یەکێـک لە نمـوونە دیارەکـان لەم بـارەیەوە بەنـداوی (پێرژوا)یە لە مالیزیا، کە حکومەتەکەی مارگرێت تـاتچەر قەرزێکـی 234 ملیـۆن دۆلاریـی دەداتە وڵاتەکە بـۆ

دروستکردنی بەنداوەکە. ئەم بڕە پارەیە چووە گیرفانی دوو کۆمپانیای ئینگلیزییەوە کە لە ڕێگەی عەقارات و مامەڵەی بازرگانیی خانووبەرەوە کاریان دەکرد، کۆمپانیای "بیلفۆریتی" و "سیمنشەن" (کە کوڕەکەی تاتچەر وەک ڕاوێژکار لەمەی دواییان کاری دەکرد).

نموونەیەکی دیکە بریتییە لە بەنداوی "ITisu" لە تورکیا، کە بڕیار وابوو لە جێگەیەکدا بونیادبنرێت کە گرنگییەکی ئارکیلۆژیی زۆری هەبوو، کە بونیادنانی ئەو بەنداوە دەبووە مایەی لەشوێنهەڵکەندن و جێهێشتنی ماڵ و حاڵی نزیکەی 25000 کەس لە دانیشتوانی کوردی ناوچەکە، هەروەها کاریگەریی نێگەتیڤیشی دەبێت لەسەر بڕی ئاوی ڕۆیشتوو بۆ وڵاتانی دراوسێی تورکیا (وەک سوریا و عێراق)، لەگەڵ ئەوانەشدا بە گەرمییەکی زۆرەوە حکومەتی نیۆلیبڕالیستیی ئینگلیزی یارمەتییان پێشکەش دەکرد بۆ دروستکردن و تەواوکردنی. هاوکات پێشکەشکردنی هاریکاری بۆ وڵاتانی جیهانی سێ مەرجدارە بەوەی چەک و تەقەمەنیشیان بۆ هەناردە بکەن.

هاوکارییەکانی حکومەتی بەریتانیا تایبەت بە دروستکردنی بەنداوی "پێرژوا"، پەیوەست بوو بە ڕێککەوتنێکی نهێنیی لەگەڵ حکومەتی مالیزیا، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە حکومەتی مالیزیا چەک لە کۆمپانیا بەریتانییەکان دەکڕێت.

پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا ئەم ڕاستییەی تۆمارکردووە: ئەو دەوڵەتانەی زۆرترین پارەیان لە بواری چەکدارکردندا

خەرجکـــردووە، دوو هێنـــدە و نیـــوی ئەو دەوڵەتـــانەی پـــارەیەکی کەمتریـــان لە کڕینـــی چەکـــدا خەرجکـــردووە، هاوکاری و یارمەتییان پێدەگات.

ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا لە مـــاوەی دەیەی نەوەدەکانـــدا، گرنگییەکـــی زۆری داوە بە بەرزکـــردنەوەی قازانجی ئەو کۆمپانیایانەی لە بواری سیستەمی بەرگریی سەربازییدا کاردەکەن، ئەوەش لە ڕێگەی هاندانیانەوە بۆ هەنـاردەکردنی چەک و کەرەسـتەی سـەربازی، دەوڵەتـانی "جیهـانی سـێ"ش کەوتـوونەتە نـاو داوی کڕینـی چەکێکـی زۆرتـرەوە و ڕێژەی فرۆشـی چەکی ئەمریکی بە وڵاتـانی جیهـانی سـێ، کە سـاڵی 1991 (49%) بـووە، لە سـاڵی 1993دا بووە بە (75%). حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەریتانیـا، کرێکـاران و پارێزگارەکـان، چەک و ئـامێر و ئـامرازی ئەشـکەنجەدانیان بە (سـۆهارتۆ)ی دیکتـاتۆری ئەندۆنیسـیا فرۆشـتووە، هەتـاوەکو دژ بە گەلـی تەیمـوری خۆرهەڵات بەکاریبهێنێت.

ئەوەی لە دەوروبەرمـان ڕوودەدات شـێتییەکی تەواوە، بەخەرجدانی پارە لە کڕینی چەکدا قورسـایی قەرزەکانی حکومەتەکـانی جیهـانی سـێیان زیـاتر کـردووە. ئەمەش پاساوێک دەدات بە دەست سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بـــانکی نێـــودەوڵەتییەوە کە پرۆگرامەکـــانی گونجانـــدنی بونیـــادی بنێـــرێتە نـــاو ئەو وڵاتـــانەوە. ئەنجامەکەشـــی پاڵپێوەنانی دەوڵەتانە بەرەو جەنگ و کڕینی چەکی زیـاتر. وڵاتـــانی وەک (ئەنگـــۆلا، ســـۆماڵ، کۆمـــاری کۆنگـــۆی دیمـوکرات، لیبریـا، سـیرالیۆن) لەنـاو شـیوەن و زاریـی خۆیاندا بەجێهێڵدراون.

# (5)
# کێ پەتی بوکەڵەکان دەجوڵێنێت؟

لەپشــــت بــــانکی نێــــودەوڵەتی و ســــندوقی دراوی نێــــودەوڵەتییەوە، هێــــزە پــــارەدار و دەســــەڵاتدارەکان ڕاوەستاون. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا گۆڤاری "Forbes" لیستی بلیۆنێرەکانی جیهانی بڵاوکردەوە و لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە:

ساڵی (1999) حەڤدە بلیۆنێری نوێ دەرکەوتوون، بەوەش ژمارەی بلیۆنێرەکانی جیهان لەو دەمەدا بوو بە 482 بلیۆنێر.

نزیکەی 200 لە بلیۆنێرەکان سەروەت و سامانیان بە 1.10 بلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، گەورەترین سێ بلیۆنێریشــــیان ســــەروەت و ســــامانیان یەکســــانە بە بــــودجەی 48 دەوڵەت لە دەوڵەتە هەرە هەژارەکــــان، سامانی ئەو سێ کەسەش بەستراوەتەوە بە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانەوە.

نزیکەی 200 کۆمپانیا لە کۆمپانیا جیهانییە هەرە گەورەکــــان، لەلایەن نــــزیکەی 15000 کەســــی دەوڵەمەنــــدەوە بەڕێــــوەدەبرێن، ســــەرمایەی ئەو کۆمپانیایانە نزیکەی 25%ی کۆی بەرهەمی جیهان دەگــــرێتەوە. چەنــــدین کۆمپانیــــای جیهــــانیی هەن کە قەبارەی ئابوورییەکەیان لە ئابووریی زۆرێک لە وڵاتە هەژارەکان گەورەترە، گەورەترین پێنج کۆمپانیا لەلایەن تەنها 40 کەســی هەرە دەوڵەمەنــدەوە بەڕێــوەدبرێن،

داهاتی بەرهەمەکانیشیان لە داهاتی سەرجەم ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە، و هەموو داهاتی باشووری ئاسیا، گەورەترە. ئەم چەند کەسە ژمارە دیاریکراوە خاوەنی بڕیارن لەسەر ئاستی جیهانی، بڕیار لەسەر جۆر و قەبارەی بەرهەمەکان دەدەن، بڕیار لەوە دەدەن کێ کاری هەبێت و پارە بۆ کوێ بچێت و کێش هەژار بکرێت.

ڕەگەزنامەی 168 کۆمپانیا لەو کۆمپانیایانە، بەستراوەتەوە بە دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانەوە، بنکەی بەڕێوەبردنی سەرەکیشییان بریتییە لە ئەمریکا و ژاپۆن و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا. ئەوانی دیکەش ڕەگەزنامەیان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی وەک ئیتاڵیا، سوید، سویسرا و هۆڵەندا. هەموو ئەم دەوڵەتانەن کە هەژموونیان بەسەر سندوقی دراوی نێودەولەتی و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییدا سەپاندووە.

ئەو کۆمپانیا ناوبراوانە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەگەڕدەخەن هەتاوەکو هەژموونێکی یەکلاکەرەوە بۆ وڵاتەکانیان بەدەستبهێنن لەناو ئەو قەوارانەدا (بانکی نێودەوڵەتی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی. ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی). لە ساڵانی کۆتایی نەوەدەکاندا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان قەوارەی نوێیان دامەزراند، وەک: "کۆڕی ئەورووپیی بۆ پیشەسازی"، کە پێکهاتووە لە سەرۆک و بەڕێوەبەری کۆمپانیا ئەورووپییەکان، هەروەها "دیالۆگی بازرگانیی ئەتلانتیک"، کە پێکهاتبوو لە سەرجەم

سەرۆک کۆمپانیاکانی دەوڵەتانی سەر زەریای ئەتلانتیک، لەگەڵ "ئەنجومەنی جیهانیی ئاو"، کە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتیی ڕێکخراوی بەگەڕخست لەپێناو بەتایبەتیکردنی دەرامەتی ئاو لە سەرجەم جیهاندا. ئەو کەسانەی بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەری ئەو دەستە و ئەنجومەنانەن، هیچ کەسێک هەڵینەبژاردوون و ناکەونە ژێر هیچ چاودێرییەکی (جەماوەر و ئەو گەلانەی بەر کاریگەرییەکانی بڕیارەکانیان دەکەون).

ڕێکخراوی دیالۆگی بازرگانیی ئەتلانتیک ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دانانی ئەجێندایەکی ڕێکخراو، هاوکات پەیوەندییەکی بەتینی هەیە بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و کۆڕی ئەوروپیی بۆ پیشەسازی. ئەو ئەجێندایەی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەسەر جیهاندا دەیسەپێنن، بریتییە لە ئەجێندای دووسەد بلیۆنێرەکە، کە هەزاران ملیۆنێریشیان لەگەڵدایە، کە لەهەوڵدان تا ئەوانیش ببنە بلیۆنێر.

کاتێک هەریەک لەم ڕێکخراوانە دەربارەی پلانەکانی گونجاندنی بونیادی دەدوێن، مەبەستیان لە گونجاندنە لەگەڵ بەرژەوەندیی کۆمپانیا نێودەولەتییەکان و خاوەنە بلیۆنێرەکانیاندا، کاتێکیش باس لە بازرگانیی ئازاد دەکەن، ئەوا لەڕاستیدا باس لە ئازادیی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەکەن بۆ چوون و هاتنیان بۆ هەر دەوڵەتێک بەپێی خواستی خۆیان. ئەم ڕێکخراوانە کۆمەڵە هاوپەیمانێکیان بۆخۆیان دروستکردووە تا لە وڵاتانی وەک ئاسیا و ئەفەریقیا و ئەمریکای لاتین قازانجیان بۆ مسۆگەر بکەن،

ئەو دۆست و هاوپیەمانانە هەموو ئاواتیان ئەوەیە ببنە بەشێک لەو چینەی بە فرۆکە گەشت بە چواردەوری جیهاندا دەکەن، وەک ئەندامێکی کەمپینی جیهانیی دژ بە جیهانگیری (سۆزان جۆرج) ئاماژەی پێدەدات:

"هەموو خەمێکی ئەو دۆست و هاوپەیمانانە ئەوەیە زیاتر و زیاتر ببنە بەشێک لەو دەستەبژێرە بەجیهانیبووە و لە هەمان گۆڕەپان و هەمان یانەدا یاری بکەن، هاوشێوەی هاوبەشەکانیان لە نیویۆرک و لەندەن و پاریس".

**دەستی نادیاری پشت سندوقی دراوی نێودەوڵەتی**

بەرگریکارانی سیستەمی نیۆلیبڕالیزم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سیاسەتەکانیان ئاشتیی جیهان پتەوتر دەکات و زیاتر هانیدەدات. هەروەها پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە هەموو جیهان بگەڕێیت دوو وڵات نادۆزیتەوە لەو وڵاتانەی لقێکی چێستخانەکانی (ماکدۆناڵدز)ی لێیە، لەگەڵ یەکدا کەوتبنە شەڕەوە و دژایەتیی یەکتر بکەن. بەڵام لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس لەوە بکرێت کە ئەو دەوڵەتانەی دەستیان بەسەر بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییدا گرتووە، ئەو دەوڵەتانەن کە بەرزترین ئاستی چەکدارکردن و میلیتاریزەکردنیان هەیە لە جیهان. وەک چۆن حکومەتی ئەمریکا هێزێکی بەهەژموونی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتییە، بە هەمان شێوە ئیدارەی پنتاگۆنیش هێزێکی بەهەژموونە لەناو پەیمانی

نـــاتۆدا. هێـــزە هاوپەیمـــانە ســـەرەکییەکانی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا لەنـــاو نـــاتۆدا، بـــریتیین لە: (بەریتانیـا، ئەڵمانیـا، فەڕەنسـا، ئیتاڵیـا)، کە لەڕووی توانـای ســـەربازییەوە توانایـــان لە ئەمریکـــا لاوازتـــرە. بەڵام هەتـاوەکو ئێسـتاش لە هەمـوو وڵاتـانی جیهـان بەهێزتـرن جـگە لە چـین و ڕوسـیا، ئەم وڵاتـانە لە مـاوەی دەیەی کۆتـایی سـەدەی بیسـتدا دووجـار چـوونەتە نـاو جەنگـی گەورەوە؛ جەنگی دژ بە عێراق لە ساڵی 1991 و هەڵمەتـی موشـەکبارانی یۆگسـلاڤیای جـاران لە سـاڵی 1999. ئەو سـەرۆکانەی جەنگەکانیـان هەڵگیرسـاندووە و موشـەکیان نـاوە بە وڵاتـانی دیـکەوە، بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە ئەم کارەیـان بـۆ پاراسـتنی مافەکـانی مـرۆڤە لە بەرامـبەر دیکتاتۆرە بێ ڕەحمەکاندا.

ئەم ســەرۆک و دەســەڵاتدارانە هەتــاوەکو ئێســتاش پـــــڕۆژەی هاوبەشـــــیان هەیە لەگەڵ سیســـــتەمە داپڵۆســـێنەرەکانی سەرتاســـەری جیهانـــدا. لە ســـاڵانی هەشـتاکاندا سـندوقی دراوی نێـودەوڵەتی بـڕە پـارەیەکی زۆری وەک قەرز دایە (مۆبۆتـۆ)ی دیکتـاتۆری کۆنگـۆ- زائیر، تەنها لەبەرئەوەی دۆسـتی ویلایەتە یەکگرتووەکـان بـوو، سـەرەڕای ئەوەی لە دوای سـاڵی 1982ـەوە بـاش دەزانـــرا کە ئەم قەرزانە ڕاســـتەوخۆ دەچـــنە گیرفـــانی خـۆیەوە. خەڵکـی دامـاوی ئەم وڵاتە ئەفـریقییە هەژارەش هەتـاوەکو ئێسـتاش پێویسـتە بە هەر ڕێـگەیەک بێـت ئەو قەرزانە بداتەوە.

هەتاوەکو ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووش بەڕازیل لەژێر سایەی حکومەیکی دیکتاتۆرییدا دەژیا، بەڵام سەربازان و سوپای ئەو وڵاتە قەرزێکی زۆریان وەردەگرت.

کاتێکیش ئەندۆنیسیا لە کۆتایی نەوەدەکاندا ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری بووەوە، ئاستی بژێوی بەجارێک دارما و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە درێژایی 20 ساڵ تووشی ئیفلیجبوون بووەوە بەهۆی باری گرانی قەرزەکانەوە، دواتر سندوقی دراوی نێودەوڵەتی گۆژمەیەک قەرزی پێدا بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، بەمەش وڵاتەکەی ڕاکێشایە ناو قەرزێکی زۆرەوە کە هەمووی لە ئەستۆی حکومەتەکەی (سۆهارتۆ)ی دیکتاتۆر بوو، زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئەندۆنیسیا بەهۆی قەیرانەوە ئاستی ژیان و بژێوییان دابەزییە ژێر هێڵی هەژارییەوە، بەڵام سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەهیچ جۆرێک دەستکاریی مەرجەکانی نەکرد و لەسەری سووک نەکرد.

سەرانی خۆرئاوا هەتاوەکو هاوینی ساڵی 1990ش هاوکارییان پێشکەش بە (سەدام حسێن) دەکرد. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا پێیان وابوو (میلۆسۆڤیچ) لە یۆگسلاڤیا سەرۆکێکە دەتوانرێت کاری هاوبەشی لەگەڵدا بکرێت.

(تۆماس فریدمان)ی ڕۆژنامەنووسی نزیک لە ئیدارەی ئەمریکاوە، شیکارییەکی پێشکەشکردووە بۆ هۆکارەکانی پەنابردن بۆ کردەی سەربازی. فریدمان دەڵێت: "دەستە

نادیارەکـانی بـازاڕ بەبـێ دەسـتی نادیـاری ماکدۆناڵـدز هەرگیـز نـاتوانن کـاربکەن؛ بەبـێ بـوونی "دروسـتکەرێکی چەک" (ماکدۆناڵدز دۆگلاس) هەرگیز ناتوانن بگەشێنەوە و پەرە بە خۆیـان بـدەن. ئەو دەسـتە نادیـارەی کـۆمەڵە مەرجێکـی جیهـانیی مسـۆگەری بـۆ بەرەوپێشـچوونی تەکنەلۆژیـای سـلیکۆن بەدیهێنـاوە، بـریتییە لە سـوپای ئەمریکا".

لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دوو حکومەت بـوونی نیـیە، کە بـۆ نمـوونە دانەیەکیـان بە فەرمـانی بانکلەنـاو ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـادا دوو حکـومەت بـوونی نیـیە، کە بـۆ نمـوونە دانەیەکیـان بە فەرمـانی بـانکی نێـودەوڵەتی و کۆمپانیـا فـرەڕەگەز و سنووربەزێنەکان جیهان تـالان بکات، یەکێکی دیکەشیان هەسـت بە نیگەرانیـی بکـات بەرامـبەر مافەکـانی مـرۆڤ؛ نەخێـر، تەنهـا یەک حکـومەتی ئەمریکـی هەیە و دامەزراوە نێودەوڵتییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدیهێنانی هەمـان ئامـانج بەکاردەهێنێـت، کە ئەویـش فەراهەمکردنـی کـۆمەڵە مەرجێکی سەقامگیریی جیهانییە بۆ چالاکیی کۆمپانیاکان:

ئەم ئامانجە، واتا ئامـانجی تـالانکردنی جیهـان، هەندێک جـار دەبێـتە مـایەی ڕوودانـی نـاکۆکی لەگەڵ دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی دیکەدا، بۆ نموونە: ئەوەی لە ئەفریقیـا ڕوودەدات لەنێـوان ئەو هێـزانەی کە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا پشـتیوانییان دەکـات، لەگەڵ ئەو هێزە ئەفریقییانەی دیکە کە فەڕەنسا پشتیوانییان دەکات، بەڵام کاتێـک بـابەتەکە پەیوەسـت دەبێـت بە هێنانەپێشـی

لیبڕالیزمی نوێ، کە ئامانج لێی کردنەوەی سەرجەم دەرگاکانی جیهانە لەبەردەم سەرمایەگوزاریی کۆمپانیاکاندا، ئەوا هەردوولایان لە یەک سەنگەردا دەوەستن.

ئەنجامی ئەوانە بریتی نییە لە ئاشتی، بەڵکو بریتییە لە جەنگە یەک لەدوای یەکەکان، کە بریتین لە چەندین جەنگ و چەند جەنگێکی بچوک لەنێوان ئەو وڵاتانەی (چێشتخانەکانی ماکدۆناڵدز)یان تێدایە. لە میانەی دەیەی نەوەدەکاندا هەریەکە لە وڵاتانی (کرواتیا، هیندستان، پاکستان، ئیکوادۆر، پیرۆ، هێزەکانی ناتۆ و یۆگسلاڤیا، لێشاوی جەنگە ناوخۆییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و ئەفغانستان) ڕووبەڕووی ئەو سیناریۆیانە بوونەوە کە لەسەرەوە باسمان کردن.

## (6)
## دەتوانین چی بکەین؟

بزووتنەوەی نارەزایەتی دژ بە بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دووژمنەکەی بە "جیهانگیریی نیۆلیبرالیزم" و "حکومی کۆمپانیا جیهانییەکان" و "دەسەڵاتە فرەڕەگەزەکان" ناودەبات. بەڵام لەڕاستیدا هەموو ئەو وەسفانە دەستنیشانکردنی جیاجیان بۆ ئەو سیستەمە مێژووییەی بە سەرمایەداری ناودەبرێت، هەژموون و دەسەڵاتی چینایەتی لە ڕێگەی کەمینەیەکی بچووکی دەوڵەمەندە گەورەکانەوە جێکەوتدەکرێت، ئەو دەوڵەمەندانەی خاوەنی ئامراز و ئامێری بەرهەمهێنان و خەڵکی هەژار تەنها لەپێناو ڕاگرتنی بژێویی ژیانی خۆیاندا بەکاریدەهێنن.

ئەو چینەی جیهان بەڕێوەدەبات، هەوڵدەدات هەژموونی خۆی بەسەر فۆڕمی ژیانماندا بسەپێنێت، ئەندامەکانی ئەو چینە هەموو یەک تاکە خوا دەپەرستن ئەویش قازانجە، هەربۆیە هەموو شتێکی چواردەورمان، هەر لەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، تا دەگات بە جەستەی مرۆڤ، هەمووی دەگۆڕن بە کاڵایەک کە کڕین و فرۆشتنی پێوەبکرێت.

لە سەرەتاکاندا سەرمایەداری تەنها لە چەدن بەشێکی ئەورقپای خۆرئاوادا هەبوو، بەڵام ئێستا بۆتە سیستەمێکی جیهانی لە ژیانی کرێکارانی شارەکان و هەژارانی گوند و لادێکاندا، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لە باکوور و باشوور،

له هەمــوو جــێگەیەک دەســت و جێــپەنجەی سیســتەمی ســەرمایەداری دەبینــین. ئەوەی بە جیهــانگیری یــاخود لیبرالیزمــی نــوێ ناودەبرێــت، بــریتییە لە شــێوازێک کە لە ڕێــگەیەوە چینــی فەرمــانڕەوای ڕۆژئــاوایی هەوڵــدەدات خواست و ئیرادەی خۆی بەسەر هەموو تاکێک و هەموو جێیەکی جیهاندا بسەپێنێت، تا ئەو ئاستەی هیچ ناوچەیەک و هیچ گونـدێک نەمێنێتەوە کە ڕانەکێشـرابێت نـاو کـایەی چنیــنەوەی قازانجەکــانەوە. ئەوان جیهانێکیــان دەوێــت بەتەواوی بــۆ فرۆشــتن بێــت، بەڵام لەوەدا ســەرکەوتوو نــابن، بەردەوام دەبینــین بــزووتنەوەی نــاڕەزایەتیی دژە ســەرمایەداری هەیە و جەمـاوەر نایەوێت تەسـلیم بێت و سەر شۆڕ بکات لەبەردەم فشـار و ئاڕاستەکانی سندوقی دراوی نێــودەوڵەتی و بــانکی نێــودەوڵەتی و ڕێکخــراوی بازرگــانیی جیهــانی و پــلان و بەرنامەکــانی ئــابووریی نیۆلیبرالیستی. بۆ دژایەتیی ئەم ئاڕاستانەش جەمـاوەری نــاڕازی بەردەوامــن لە گردبــوونەوە و خۆپیشــاندان، هەتـاوەکو جەخـت لەوە بـکەنەوە کە پەیوەنـدییەکی بەتـین هەیە لەنێــوان چەنــدین پرســدا، وەک کەڵەکەبــوونی قەرزەکــان، پیســبوونی ژیــنگە، بەتــایبەتیکردنی خزمەتگوزارییەکــان و کەمبــوونەوەی هەلــی کــار و ناسەقامگیریی کار. هەندێک جار ڕەنگە ناڕەزایەتییەکان لە چوارچێــوەیەکی بەرتەســکدا بــن، وەک نــاڕەزایەتیی جەماوەر بەرامبەر بەتایبەتیکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، کەمکــردنەوەی ژمــارەی مامۆســتایان لە قوتابخــانە لۆکاڵییەکــان، هەوڵەکــان بــۆ لابردنــی کــاتی پشــوو لە

سەعاتەکانی کارژردندا، سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر خوێندندا، بەڵام لە هەندێک باری دیکەدا بەرەنگارییەکە بەرفراوانتر دەبێت و هەموو پنتەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە و حکومەتەکان دەخاتە لەرزە.

ساڵی 1995 ئەمە لە فەرەنسا ڕوویدا، مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکارانی کەرتی گشتییان پەککخست، کە ئەوکات حکومەتەکەی (ژۆپی JUPPE) لەسەر دەسەڵات بوو، ئەو مانگرتنانە بوونە مایەی شکستی حکومەت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەو هەڵبژاردنانەی پاش چەند مانگێک بەڕێوەچوون. لە وڵاتی ئیکوادۆریش هەمان شت ڕوویدا، کاتێک کرێکاران و کۆچبەران (کۆچبەرە فرەڕەگەزەکان) ڕاپەڕین و ڕاپەڕینەکەشیان سەرۆکی وڵاتی ناچارکرد دەست لەکاربکێشێتەوە. لە وڵاتی گواتیمالاش کاتێک حکومەت نرخی هێڵەکانی پاس و گواستنەوەی گشتیی بەرزکردەوە نارەزایەتی دەستپێکرد، نارەزایەتییەکانیش سەریانکێشا بۆ ڕوودانی کردەی ئاژاوەگێڕی لە پایتەختی وڵات و حکومەتی ناچار بە پاشەکشێ کرد. لە نەیجیریا و ئەرجەنتینیش چەندین جار مانگرتن و خۆپیشاندانی گەورە ڕوویداوە.

ئەگەر بەڕاستی ئامانجمان هێرشێکی سەرکەوتوو بێت بۆسەر هەریەکە لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی لەپشتییانەوە وەستاون، پێویستە لە قۆناغی خۆپیشاندانەکانەوە هەنگاوبنێین بۆ قۆناغی بونیادنانی بزووتنەوەیەک، کە هاوبەندییەک دروستبکات

لەنێو هەموو خەبات و تێکۆشانە لێرەولەوێکان، ئەوکات شەڕەکە تەنها لەسەر شەقامەکان نابێت، بەڵکو لە شوێنی گردبوونەوەکان و هەموو شوێنەکانی کارکردن کە خەباتی تێدا دەکەن بۆ پێکهێنانی ئەو سامانەی کە جێگە و پێگەی ئەم سیستەمە قایمتر دەکات و ڕێگەی بەردەوامبوونی بۆ خۆشدەکات. ئەم هاوبەندییە لەنێوان تێکۆشانە لێرەولەوێکان ئامانجێکە و سۆسیالیستەکان بە درێژایی مێژووی سەرمایەداری ویستویانە بەدیبهێنن. لەوەتەی سەرمایەداریی هەژموون و دەسەڵاتی هەیە بزووتنەوە جەماوەرییەکانیش بەردەوامن لە بەرپەرچدانەوەی ئەو سیستەمەی لەسەر بنەمای قازانج دامەزراوە. سۆسیالیستەکانیش چەندێک توانییێتیان تێکۆشاون بۆ ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوەیە لەم قۆناغەی سیستەمی سەرمایەدارییدا، کە بریتییە لە قۆناغی جیهانگیری، لەم قۆناغەدا زیاد لە هەر قۆناغێکی دیکە پێویستە خەباتی جەماوەر لەسەر مەودایەکی بەرفراوان بێت.

# (پێنج)
# لێبوردەیی و ئازادی لەڕوانگەی لیبڕالیزمەوە

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئایدیا**

**پێشەکی**

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان ئەوە نییە ئەو پرسیارە تاوتوێ بکەین کە ئایا لێبوردەیی و ئازادی کامیان بنەما و ڕەخسێنەری هەلومەرجی یەکترن، کامیان لێکەوتەی ئەوی دیکەیانە، بەڵکو مەبەستمان ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان و تێکەڵبوونەکانی ئەم دوو چەمکەیە لە فیکری لیبرالیزمدا. ئەگەر بڕوامان وا بێت (لێبوردەیی پێویستی بە هەلومەرجێکی ئازادە)، ئەوا لە ڕووی لۆژیکییەوە لێبوردەیی دەبێتە لێکەوتەی ئازادی، بەڵام یەکسەر ئەو پرسیارە دێت بە بیرماندا، ئەی کەواتە بنەمای ئازادی چییە؟ بەپێچەوانەوە ئەگەر لێبوردەیی ببێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان و گرووپەکان بە ئارامی مومارەسەی ئازادیی خۆیان بکەن، ئەو کات دەبێت بپرسین، ئەی چی دەبێتە پارێزەر و بەردەوامیی لێبوردەیی؟ لەمەشەوە دەکەوینە ناو دیدێکی بازنەییەوە کە هەر یەکە لەو دوو گۆڕاوەی ئێمە لەبارەیانەوە دەدوێین لەیەک کاتدا لەلایەک دەبنە (هۆکار)، لەلایەکی دیکە دەبنە (بەرەنجام)ی یەکتر. ئەمەش مانای ئەوەیە، بەتێڕوانین لەم دیدە بازنەییەوە ناتوانین بە وردی هۆکارەکانی ئەم پرسە ڕوون بکەینەوە. ئەگەر چی ئێمە ناتوانین، لە کۆنتێکستدا خۆمان لەم تەنگژە هزرییە بدزینەوە، بەڵام ئەکرێت ئەوە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ بێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەندەی بکرێت، خۆمان لەو ئاڵۆزییەی دیدی بازنەیی دەپارێزین، لە زیاتر لە دیدێکەوە پەیوەندی ئەم دوو گۆڕاوە لێک دەدەینەوە. لە دیدی "جۆن لۆک"ـەوە (ئازادی) و (لێبوردەی) مافی

سروشـــتین و هەردووکیـــان بە "یاســـای سروشـــتی" سنووردار کراون. هەر لە دیدی لۆکەوە لێبوردەیی ئایینی واجبە و مەودای ئازادیی ئایینی گرووپ و تاکەکانی دیکە فراوان دەکات. لە دیدی "جۆن ستیوارت میل"ـەوە ئازادی بـریتییە لە، (ئـازادی سیاسـی)، لێبـوردەییش ڕەگەزێکـی سـەرەکییە لە ڕەگەزەکـانی بەرجەسـتەکردنی ئـازادی. لە دیـدی "پیـتەر نیکۆڵسن)ـیشەوە (لێبـوردەیی) ئایـدیای ئەخلاقیـیە، کارێـک دەکـات کە هەڵگـری ئەم ئایـدیایە بە ئـازادییەوە مومارەسـەی لێبـوردەیی بکـات، بـێ ئەوەی هەست بە بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکەی بکات، بگرە بە ئـازادیی زیـاترەوە هەڵبژاردنەکـانی ئەنجـام دەدات. بە درێژی لەبارەی ئەم سێ دیدەوە دەدوێین.

**(1)**

## جۆن لۆك- لەبارەی لێبوردەییەوە

هەلومەرجێـک کە جـۆن لـۆک (1632- 1704) تێیـدا ژیـاوە، وای لێکـردووە کە بیـر لە لێبـوردەیی بکـاتەوە، سـتەمی کڵێســا، جەبرەکـــانی دەســەڵاتی ئـــایینی، دەسـتوەردانی دەوڵەت لە ئـازادیی تـاک، گرووپەکـان، ململانێـی ڕێبـاز و ئایینزاکـانی مەسـیحییەت (کاسـۆلیک و پرۆتستانت)، باڵادەستیی هزری ڕەهاگەری و میتافیزیکی و تـاکحەقیقەتی و پەیڕەوکـردن، لە بیـری دۆگمـاتیکی و شـەرعییەتی ئـــایینی – سیاســـی بە زەبروزەنـــگ و سـەرکوتکردن، هەلـومەرجێکی لەم جـۆرە دەکرێـت ببێـتە هـۆی بیرکـردنەوە، لە جەمسـەری دژەکەیەوە، ئەمەش

سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە هەلومەرجێک دەتوانێت بیرکردنەوە لە دژی خۆی دروست بکات. بۆیە زۆرجار هزر لەگەڵ واقیعدا ناکۆکە و بگرە دژیەکن. بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی ئازاد و هزریی فرەیی گەشە بکات هەلومەرجی ئازاد و کراوە پێشمەرجێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام هەندێکجاریش ستەمکاری و سەرکوتکردن وا لە مرۆڤ دەکات، (لایەنی کەم دەستەبژێر) کە بیر لە مۆدێلێکی تری ژیان بکەنەوە، لە خۆیان دەپرسن: (بەڕاست، تۆ بڵێیی ژیانێکی لەمە باشتر بوونی نەبێت؟). ئەفسانە و ئایین، فەلسەفە و زانست وەڵامی خۆیان بۆ ئەم پرسیارە هەیە، بەڵام سەرجەمیان نکوڵییان لە پۆتێنشیالەتی بوونی ژیانێکی ئازادتر و چاکتر نەکردووە، بگرە لە ئایدیادا دروستیان کردووە، هەوڵیان داوە لە ئایدیاوە بیگوازنەوە بۆ واقیع. لەو چوار کایەیە ڕەنگە زانست لە هەموویان کۆنسەرڤەتیڤتر بێت، بەڵام ئەویش توانای هێنانە کایەی ژیانێکی باشتری ڕەت نەکردۆتەوە. ئەمانە یان جیهانێکی ئایدیالییان دروست کردووە، یان لایەنیکەم وێنای جیهانێکیان کردووە کە لانیکەم کەرامەتی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت، جیهانێک با زۆر کامڵیش نەبێت، بەڵام نیمچە کامڵ بێت کە مرۆڤ بە ئیرادەی خۆی بوونیادی دەنێت و دەتوانێت شتێک بەختەوەریی تێدا بدۆزێتەوە.

جۆن لۆک بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە سەرجەمی مرۆڤەکان یەکسانن و مافیان هەیە، بیری کردۆتەوە کە سەرچاوەیەکی هاوبەشیان بۆ بدۆزێتەوە، یاخود خاڵێک

که هەموویـان وەکـو یەک لێـوەی هـاتبن، بـۆ هەمـوانیش وەکـو یەک بەخشـندە بووبێـت، دەسـەڵاتێک کە بە هـیچ پاسـاوێک گرووپێـک نەکـات بە فەرمـانڕەوای ئەزەلـی و ئەوانـی تـر بەژێـر فەرمـانی ئەبەدی. بـا ئەم سـەرچاوەیە خـودا بێت. خـودا؟ (ئەی مەگەر کەنیسـە ناڵێت خـودا، ئەو بەندانەی زیـاتر پـێ پەسـەندە کە چاکەکارن، بەو جۆرەی کە کەنیسـە دەیڵێـت: خەریکـی خواپەرسـتین و ملکەچـی فەرمانەکـانی کەنیسـەن، هەر بـۆیە ئەوانە لە دنیـای ئاسـمانەکان مـافی زیاتریشـیان هەیە؟) کەواتە کەنیسـە سـێبەری خـودایە لەسـەر زەوی، مـادام کەنیسـەش غەدر ئەکـات، کەواتە خـوداش غەدارە! جـۆن لـۆک، ئەگەرچـی لە سـەرەتای نـامەکەیەوە لەبـارەی لێبـووردن پێـی وایە لێبوردەیی سیمایەکە لە سیماکانی کەنیسـەی ڕاستەقینە، لێ پێدەچێت کەنیسـەی ڕاستەقینە ئیدی هەر نەبێت، بۆیە کەنیسـەکانی دیـکەی پـێ پەسـەند نیـیە، پێـی وایە خـودا بەخشـندەیەکی دادوەرە، بەڵام کەنیسـە نەک تەنیـا غەدری لە مـرۆڤ کـردووە، بەڵکـو غەدری لە خـوداش کـردووە. کەواتە خـودا نەک لە ڕێـگەی کەنیسـەوە، بەڵکـو لە ڕێگەیەکـی دیـکەوە بەخشـندەیی دادوەرانەی خـۆی بـۆ مرۆڤ ناردووە. باشە، با ئەوە سروشت بێت. خۆ ناکرێت سروشـتیش ئەو جەنـگەڵە بێـت کە هـۆبز باسـی دەکـات، لـوورەی گـورگ لە هەمـوو جێیەکییەوە دەنـگ بـداتەوە و پەلامـاری مەڕەکـان، یـان گـورگە لاوازەکـان بـدەن و سـەرەنجامیش مـانەوە بـۆ بەهێزەکـان بێـت! هەر بەمجۆرەش دەسەڵات شەرعییەت لە هێزەوە وەربگرێت.

له دیـدی لـۆکەوە، هـۆبز هەڵەی کـرد کە بەوجـۆرە لە سروشـت تێگەیشـت و حـاڵەتی سروشـیی بە جەنـگەڵ پێناسـە کـرد، چـونکە ئەگەر سروشـت جەنگەڵ بێت واتە جەنگـی هەمـوانە لەگەڵ یەکتـری، کەواتە هێزەکـانیش نایەکسـانن، چـونکە جەنـگ واتە نایەکسـانیی هێـز، بەم جۆرەش ئەبێت بڵێین سروشت یەکسان نییە، هێزەکانی بە لاسـەنگی دابەش کـردووە. ناکرێـت سروشـت ئەوەنـدە دڵڕەق بێت!

لەم غەمەوە، لـــۆک بەدوای بنەمایەکـــدا دەگەڕا کە غەدری لە تاکەکـان و گرووپەکـان نەکردبێـت، مـاف و ئەرکـی هەمـوانی وەک یەک دابەش کردبێت. لای ئەو ئەم بنەمایە سروشتە، بەڵام سروشتێکی هۆبزی و داروینی نا، بەڵکو سروشتێکی دادوەر و یەکسان. لۆک جەخت لەسەر ئەوە دەکـاتەوە کە هەمـوو کەسـێک مـافی "ئـازادیی سروشـــتی"ی هەیە. بەڵام "ئەم ئـــازادییە سروشـــتییە (مۆڵەتێک) نییە کە هەڵگرەکەی هەرچییەکی پێ خۆش بوو بیکات، بەڵکو –بە پێچەوانەوە- ئازادییەکی مەرجدارە بە ئەخلاق، یاخود بە گووتەی لۆک بە "یاسای سروشتی" . لە دیدی لۆکەوە یاسای سروشتی "یاسای ئەخلاقی"یە، واتە (واجب) و (ئیلـزام).. ئـازادی سروشـتی لەسـنووری واجبدایە.

بـۆ ئەوەی ئەم حـاڵەتە بەردەوام بێـت، ئەم مـاف و ئازادییـانە بپارێزرێن و پێک هەڵپرژان لە کۆمەڵگەدا ڕوو نەدات و بەرژەوەنـــدییەکان بەریەک نەکەون، پێویســـتە مەرجەعێک، دەستوورێک، دەسەڵاتێکی مەعنەوی دروست

بکرێـت کە تەنیـا ئەرکـی پاراسـتنی ئەم سـنوورانە بێـت، سـتەم لە هـیچ لایەک نەکـات.. سـتەم لە هەر کوێوە پەیـدا بێت، ئۆباڵی بە ملی کۆمەڵگەیە نەک سروشت. ئەمەش بە مەبەسـتنی پەیمـانێکی کـۆمەڵایەتی یەکـلا دەبێـتەوە کە هەمـوان وەک حـاڵەتی یەکسـانیی سـەرەتا، بە یەکسـانیی سازش لەسەر هەندێک ماف و ئازادیی خۆیان دەکەن، بۆ دەسـەڵاتێکی دیـکە (یـان کەسـێکی دیـکە) کە بە ویسـتی خۆیـان پەسـەندی دەکەن و پێـک هـاتووە، تەنیـا لە سازشـەکانی هەمـوان نەک ئەو مافـانەی بـۆ خۆیانیـان هێشـتۆتەوە. بـۆیە "جەنگـی هەمـوان دژ بە هەمـوان" لای هـۆبز، لە حـاڵەتی سروشـتی دا، "سازشـی هەمـوان بـۆ هەموان"ـــە، لای لـۆک، لە حـاڵەتی کۆمەڵایەتیـدا. بەم جـۆرەش دەسـەڵاتی مەدەنـی لای لـۆک پێـک هـاتووە لە سازش و لێکەوتەی سازشە نەک هێز.

کەواتە دەسـەڵاتی گشـتی "دەوڵەت" کـاری تەنیـا چـاودێریکردن و پاراسـتنی سـنوورەکانە، ڕاگرتنـی هاوسـەنگی بەرژەوەنـدییەکانە، هـیچ کەس و گـرووپ و دەسـەڵاتێک بـۆی نییە سنوورەکانی ئەوانـی تـر پێشـێل بکات، واتە مـاف و ئازادییەکان، جا ئەوە بەهەر نـاوێکەوە بێت (ئایین، چاکە، ڕێنموونی، خۆشەویستی، ڕزگاری..هتد) کە لەم کارەدا ئازاری بدات یان ناچاری بکات.

سـتەمێک کە لـۆک لەگەڵیـدا ژیـاوە و زۆر سـڵی لێـی هەبـووە، سـتەمی ئـاییـنی (کڵێسـا) بـووە. لـۆک وەک فەیلەسـووفێک جـورئەتێکی گەورەی لەبەرامبەر کڵێسـادا نوانـدووە، بەڵام هەمیشـە ترسـی لەوەبـوو کە سـتەم لە

هاونیشتمانیان بکات، ئەمەش لەڕێگای دەسەڵاتی سیاسییەوە، بۆیە بە بڕوای لۆک، بۆئەوەی کڵێسا دەوڵەت نەکات بە دەسکەلا، بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاری نەهێنێت، بۆ ئەوەی کڵێسا لە هێزی ناچارکردن ڕووت بکاتەوە، بانگەشەی لێک جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەتی کرد، واتە لێکجیاکردنەوەی کاروبارە ئایینییەکان لە کاروبارە مەدەنییەکان.

دەسەڵاتی مەدەنی، نەک تەنیا بەناوی ئایینەوە (یان هەر بیروباوەڕێکی دیکە، ستەم لەهاونیشتمانیانی خۆی ناکات، بەڵکو هانی ئازادی و پێکەوە ژیان و پێکهەڵکردن دەدات، ڕێگریشە لە بەردەم هەر دەستوەردان و زۆرە ملێیەکدا. دەسەڵاتی مەدەنی نابێت نە پەیڕەوی ئایینێک یان تاکە بیروباوەڕێکی دیاریکراو بێت، نە پەیڕەوی لە بنەما و شێوازەکانی دەسەڵاتی ئایینی بکات، بەڵکو میکانیزمێکی بۆ چاودێریکردن و پاراستنی ئازادی و ماف و ئەرکەکانی تاک لەم دنیا، ئیدی کارێکی بە ئاخیرەت نییە دەسەڵاتی مەدەنی نابێت بنەماکانی بیروباوەڕ بەهۆی یاسای مەدەنییەوە بسەپێنێت. کەواتە دەسەڵاتی مەدەنی هەڵگری هیچ بیروباوەڕێکی دیاریکراو نییە، لە دەرەوەی ئایین، یان ئایدیۆلۆژیایە، بۆیە سنوورەکانیشی لەو مەودایانەدایە کە تاکەکان بۆیان دیاری کردووە، لەم حاڵەتەدا لەجیاتی ئەوەی دەوڵەت پانتایی ئازادی و سومارەسەی تاکەکان دیاری بکات، بەپێچەوانەوە خۆی لەلایەن پەیمانی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانەوە سنووردار کراوە، بۆیە هەر کات دەوڵەت لە سنوورەکانی خۆی زیاتر جوڵایەوە

تاکەکـان بۆیـان هەیە بیگـۆڕن. لـۆک دەبێژێـت "هەمـوو دەســـەڵاتی دەوڵەت تەنیـــا پەیوەســـتە بە خێروبێـــرە مەدەنییەکانەوە، تەنیا تایبەتە بە هەڵسوڕاندنی کاروباری دوونیایی، مافی ئەوەی نییە خۆی لە قەرەی شتێک بدات کە پەیوەستە بە دنیاکەی دیکەوە".

لە دەسەڵاتێکی لەم شێوەیەدا، تاکەکان و گرووپەکان ئازادن پەیڕەوی چ بیروباوەڕێکن و دەچنە چ کلێسایەک و چ ڕێبازێـک هەڵـدەبژێرن و بە ئیـرادەی خۆیـان بڕیـار دەدەن، ئەوەی ئەم مافانە لەلایەن دەوڵەت یان کڵێسە یان هەر گرووپێکی دیکەوە بەرتەسک بکرێنەوە، "کێ، کام کلێسەی پێ باشترە با بچێتە ئەوێ". بەم جۆرە نابێت هیچ هێزێـک (جـگە لەوەی کە بـۆ فەرمـانڕەوای مەدەنـی دیاریکراوە)، بۆ ناچارکردن و زەوتکردنی تاکەکان بەکار بهێنرێت. لێرەوە کەس بۆی نییە کەسێک ناچار بکات کە بچێتە سەر بیروباوەڕی ئەو، یان نەتەوەی ئەو، تەنانەت بـۆیی نیـیە زیـان بە مـاڵ و سـامان وماڵیاتەکەیشـی بگەیەنێت "بە بیانووی ئەوەی ئەو کەسە لەسەر ئایینێکی دیکەیە یان ڕیتواڵ و پەرستشەکانی جیاوازن".

بـۆ ئەوەی ئەم حوکمـانە وەک لێبـوردەیی و هەڵکـردن دەر بـکەن، نەک وەکـو یاسـایەکی زۆردارەکـی، دەبێـت تاکەکـان لەسـەر بنەمـای یاسـای ئەخلاقی هەڵسـوکەوت بــکەن، تۆمـــاس بالـــدوین ئەم خـــاڵە بەم جـــۆرە ڕوون دەکـاتەوە، "ئـازادیی مـرۆڤ بەو مانـایەیە کە بەگـوێرەی سروشـتی تایبەتیمـان هەڵسـوکەوت بکەیـن، وەک ئەوەی بوونەوەرگەلێکی عاقڵ و خوداییـن، ئەمەش دەبێتە مایەی

ئەوەی کە ئەخلاقگەرایــی، یاســای سروشــتی ئازادیمــان بەرتەســک نەکــاتەوە، بەڵکــو پاریزگــاریی لیــدەکات و مەوداکەی فراوان دەکات". لای لۆک عەقڵ لەگەڵ یاسـای سروشـتیدا تەمـاهی دەکـات، یـان لایەنیکەم عەقڵانیـیەت و ئـازادیی سروشـتی هەرگیـز یەکتـر نـابڕن بەڵکـو تەریـب دەڕۆن. وا دەردەکەویــت لای لــۆک ئــازادی بریتــی بێـت لەوەی کە تاکەکان هەرچییان بویت و چییان پێ پەسەند بێـت هەڵیبژیـرن، هەر چیشـیان پێ خۆش بێت بـیکەن، بە مەرجێک ئەمە لە چوارچیوەی یاسای سروشـتی ئەخلاقیـدا بێت، ئەم یاسایەش لای هەموان هەیە، کەواتە لۆک ئازادی دەبەســتیتەوە بە عەقڵانیــیەتەوە. بەبــڕوای ئەو تاکەکــان ئـازاد دەبـن تـا ئەو جێـیەی عەقڵانـی بـن، واتە بەرمەبنـای یاســای ئەخلاقــی هەڵســوکەوت بــکەن. ئەم دیــدە لای ڤۆلتێریش دووبـارە بـۆتەوە، ئەوەتـا ئەویـش لە "نـامەیەک لەبــارەی لیبوردەیی"ــدا لەبــارەی یاســای سروشــتییەوە دەڵیــت: "یاســای سروشــتی ئەوەیە کە سروشــت بــۆ ســەرپاکی مرۆڤــایەتیی نەخشــاندووە. یاســای مــرۆییش ناتوانیت لەسەر هیچ بنەمایەکی تـر دابمەزرینیت جگە لەم بنەمـایە". ڤـولتیر بە یاسـای سروشـتی دەڵیـت: پرەنسـیپە مەزنەکە، بەم جـۆرەش کـورتی دەکـاتەوە، "ئەوە مەکە کە ناتەویـت لە گەڵتـدا بـیکەن". لەبـارەی عەقڵیشــەوە دەڵیـت: "عەقــڵ نەرمونیــان و مــرۆییە، میهرەبــانی هــان دەدات، پشیوی دەخنکینیت، فەزیلەت پشئەستوور دەکات، زیاتر لە هیـز وەڵامـی یاسـاکان دەداتەوە". ئەمەش دژە لەگەڵ ئەو

عەقڵە لاهووتییە تاکڕەوە توندڕەوەی کە ڤۆلتێر لە تەواوی نامەکەیدا ڕەخنەی لێ دەگرێت.

تۆماس بالدوین، لەسێ لایەنەوە دیدی لۆک بۆ ئازادی و پەیوەندیی بە لێبوردەییەوە ڕوون دەکاتەوە. بەبڕوای ئەو بۆ ئەوەی لە ئازادیی سروشتی لای لۆک تێبگەین، دەبێت لەم بوارانەوە بیخوێنینەوە، بابەتی ئازادی (کێ ئازادە؟) ئەو دیسلپینانەی کە سنوورداری دەکەن (ئەو کەسەی ئازادە، ئازادە لە...). ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت پێی بگات (ئەو کەسەی کە ئازادە، ئازادە بۆ...). هەڵبەت وەڵامی پرسیاری یەکەم، واتە بابەتی ئازادی ئەوەیە کە مرۆڤ بابەتی ئازادییە، نەک لەبەر ئەوەی کە بوونەوەرە، بەڵکو وەک ئەوەی کە بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵە، "بە ئازادی لەدایک بووین، ڕێک وەک ئەوەی بە عاقڵیش". وەڵامی پرسیاری دووەم بەپێی خوێندنەوەی بالدوین بۆ لۆک، بریتییە لەوەی کە مرۆڤ ئازادە لە دەسەڵاتی سیاسی، ئەم ئازادییە مانای ڕەهای و سەربەخۆییە. باشتر بڵێین، مرۆڤ ئازاد دەبێت ئەو کاتەی کە ڕەها بێت لە هەموو شێوەکانی دەسەڵاتی سیاسی. خۆ ئەگەر ئەمە ئەو پارادۆکسە ڕواڵەتییە دروست بکات، بۆچی تاکەکان دەسەڵاتی سیاسی دروست دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا کە لە حاڵەتی سروشتیدا لە غیابی دەسەڵاتێکی لەم جۆرەدا بوون؟ ئەوە دەبێت وا ئەمە لێک بدەینەوە کە تاکەکان ئەو کاتەی پەیڕەوی لە هەر سێ دەسەڵاتی "یاسادانان"، "جێبەجێکردن"، "دادوەری" دەکەن. وەک ئەوەیە پەیڕەوی لە دەسەڵاتی خۆیان بکەن. چونکە هەر تاکێک وا مامەڵە

دەکات کە خۆی یاسادانەر و جێبەجێکەر و دادوەریشە. وەڵامی پرسیاری سێیەمیش کە ئامانجی ئازادیی سروشتییە، ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئازادییەوە هەڵسوکەوت بکات و بیربکاتەوە و هەرچی بیەوێت بیکات، بەمەرجێک لە چوارچێوەی یاسای ئەخلاقیدا بێت. لێرەوە هەموو ئەو ڕەفتار و کردارانە دوور دەخرێنەوە کە لە دەرەوەی یاسای ئەخلاقین "ئەگەر مافی هەر یەکێکمان بێت کە ئازاد بێت، ئەوا پێویستە ئەم ئازادییە سنوورێک دابنێت کە لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەدا بیهێڵێتەوە کە خودی ئازادی قەبووڵی دەکا".

ئەرگومێنتی لۆک ئەوەیە، ئەگەر تاکەکان بە عەقڵانی مامەڵە بکەن، ئەوا مانای وایە پێوەری مافی ئازادیی ئەوانی دیکەش لەبەرچاو دەگرن و یاسای سروشتی نابەزێنن، ئەگەر ئەمە لەلایەن هەموانەوە پەیڕەو بکرێت، کەواتە تاکەکان و گرووپەکان بە ئاشتییەوە هەڵدەکەن، ئەو کەسەیشی ئەمەی نەکرد، سنووری ئازادییەکانی ئەوانی دیکەی بەزاند، یاخود دەستی وەردا لە موڵک و ماڵ و سامانیان، ئەوا فەرمانڕەوای مەدەنی کە پێک هاتووە لە دەسەڵاتی هەموو تاکەکان، ئەتوانێت ڕاستی بکاتەوە، یان سزای بدات، بەبێ ئەوەی خۆی دەست وەربداتە ئەو بوارنەوە. لەمەش زیاتر دەبێت دەسەڵات هانی ئاشتی و کاری چاکە بەرامبەر یەکتری بدات، نەک تەنیا بەرامبەر بەو کەسانەی کە لەگەڵمان چاکن و خۆشمان دەوێن، یان سەر بەو گرووپە ئایینییە- ئیتنیکییە- هزرییە- ئابوورییەن کە بەشێکین لێی، بەڵکو

بەرامبەر بەو کەسانەی کە جیاوازن یان لادەرن، ئەوەتا لۆک دەڵێت: "نە کەس ناتوانێت، جا پلە و پایەی لە کڵێسادا هەر چییەک بێت، کەسێکی تر بێ بەری بکات لەوەی بچێتە کڵێسایەکی دیکە، یان ئازادییەکەی زەوت بکات".

ڕێگرتن لە دەستوەردان لە ئازادی و کاروباری ئەوانی دیکە بەوە ناکرێت هێز بەکاربهێنرێت، چونکە دەسەڵاتی مەدەنی ناتوانێت بە زەبر و زەنگ فەرمانڕەوایی بکات، یاخود تاکە ستراتیژی پەیڕەوکراو زۆرەملێ و ناچارکردن بێت، بەڵکو دەبێت دەسەڵاتی مەدەنی لە کەشێکی لەباردا کار بکات، بۆ بڵاوکردنەوەی بیری لێبوردەیی و گیانی پێکهەڵکردن، کولتوری یەکتر قەبوڵکردن لەنێو خەڵکدا گەشە پێبدات، خەسڵەت و تایبەتمەندی و جیاوازیی هەر گرووپێک لەنێو خۆیدا، نە بە زۆرەملێ دروست دەکرێت، نە بە ناچارکردن لەناو دەبرێت. قەبوولکردنی جیاوازییەکانی یەکتر و گەشەپێدان و بەرقەراربوونی ڕۆحی پێکەوە ژیان، دەبێت، تەنیا لە دەستوور و یاسادا نەچەسپێت کە میکانیزمەکەی هێز بێت، بەڵکو دەبێت بە میکانیزمی قەناعەتپێکردن لە کولتوور و ئاگایی خەڵکیشدا بچەسپێت، "تەنیا هێز نییە تا پیاوانی کڵێسا زەبروزەنگ و تالان و بڕۆ پەیڕەو نەکەن، چونکە ئەوەی جێگرەوەی پەیامبەر بێت... ئەرکیەتی گوێگرانی ئاگادار بکاتەوە لەبارەی ئەرکەکانی ئاشتی و ئیرادەی چاکە بەرامبەر هەموو خەڵک، وەک یەک بەرامبەر بە لادەر و خاوەن بیروباوەڕی ڕاست".

لەمەوە تێــــدەگەین، دەوڵەت دەبێــــت یاســــاکانی نەرموونیان بێت دەستوەرنەداتە ژیانی تایبەتی خەڵکییەوە (چۆن دەژین، چی دەپۆشن، چی دەخۆن، لە کوێ دەژین، زمانیــان چیــیە، چ بیروباوەڕێکیــان هەیە... هتــد). چــونکە نابێت هەموو کاروبارەکان یاسایان بۆ دابنرێت، بەبڕوای لۆک دەبێت تەنیا کاروبارە گشتییەکان یاسایان هەبێت، بەم جــۆرەش تــا بکرێــت دەبێــت یاســاکان ژمــارە و سنووریان کەمتر بێت، بۆ ئەوەی کەمترین جەبر لەسەر تاکەکــان دروســت ببێــت، زۆرتــرین پانتــایی بــۆ ئــازادی فەراهەم ببێـت، "چـاودێریی دەوڵەت یـان مـافی سـەپاندنی یاساکان وا ناکات باشتر ڕێی ڕاست بدۆزێتەوە" چونکە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕێی ڕاستەقینە لەنێو ڕێگە ساختەکاندا، ڕێگە چاکەکە لەنێو خراپەکاندا ون ببێت، بەم جۆرەش فەرمانڕەوای مەدەنی ببێتە ستەمکار، چونکە هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێگایەی فەرمـانڕەوا ئەیگرێتە بەر ڕاست و دروستتر بێت، لە ڕێگای کەسانی دیکە، بەتـایبەت لە کاروبـارە ئایینییەکاندا، بۆیە نە دەبێت فەرمان بۆ کڵێسا دەبکات، بۆ ناچارکردنی کەسانێک و نە دەشبێت فەرمان لە کڵێسەوە وەربگرێت.. پاساوی لۆک بۆ ئەمە بریتییە لەم ڕێگایانە:

- نابێــت ئەو ڕێگــایەی فەرمــانڕەوا ئەیگــرێتە بەر ڕاست و دروستتر بێت لە ڕێگاکانی دیکە.

- خــــۆ ئەگەر ڕێــــگەی فەرمــــانڕەوا ڕاســــت و دروستتریش بـوو، ئەگەر لای خۆمەوە بڕوام پێی نەبێت،

ئەوا ناتوانێت من ڕزگار بکات. چونکە ڕزگاری لە ناخدایە و پڕۆسەی خودیە نەک دەرەکی و زۆردارەکی.

- پشێوی و سەرگەردانی و ئاژاوە دروست دەبێت ئەو کاتەی کە فەرمانڕەوا بەهێز خەڵک ناچار بەبڕوا و ڕێبازێک بکات.

لۆک ئەمە ناو دەنێت: "ئەرکی فەرمانڕەوا بەرامبەر بە لێبوردەیی"، ئەمەش وا دەکات فەرمانڕەوا بێلایەن بێت، سەر بە هیچ ڕێبازێک نەبێت، تەنانەت بۆی هەیە بۆ پرسێکی سیاسی، پرسێکی ئایینی، قەدەغە بکات، واتە بەرژەوەندی گشتی بخاتە پێش بەرژەوەندی گرووپەوە، بەڵام ناتوانێت بۆچوونی کەسییانەی خۆی بسەپێنێت. بەم شێوەیە سێکیولاریزم،لە کۆتاییەکانی نامەکەی لۆکدا، لە داوا کێشانی هێڵەکانی لێبوردەیی دەوڵەت، (فەرمانڕەوای مەدەنی) بەرامبەر بە گەل، تاکەکان، گرووپەکان بەرامبەر بە یەکتر ئەو سنوورانەش دیاری دەکات کە شیاوی نالێبوردەیین، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

1- نابێت فەرمانڕەوا بەرامبەر بیروباوەڕێک لێبوردەیی بنوێنێت کە زیانی بۆ کۆمەڵگە و ئاکاری چاک هەبێت و لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا نەگونجێت.

2- نالێبوردەیی بەرامبەر بەوانەی کە مافی بێبەریکردن بە خۆیان دەدەن، بە ناوی ئایین و بیروباوەڕەوە کەسانێکی تر تەکفیر دەکەن کە لێیان جیاوازن، یاخود ئەوانەی کە لێبوردە نین بەرامبەر بەو کەسانە کە لێیان جیابوونەتەوە. ئەو کەس و گرووپانەش

کە ئەم شـــەرعیەتە بە خۆیـــان دەدەن شـــیاوی لێبـــووردن نین.

3- نابێـــت فەرمـــانڕەوا بەرامـــبەر ئەو کڵێســـایەی کە بڕیاری خزمەتکردنی دەسەڵاتێکی تر یان میرێکی تری دەرەکی دەدات لێبوردە بێت، واتە بەرامبەر کەسانێک کە دژی دەوڵەتەکەی دەوەستنەوە.

4- ئەوانەی نکوڵی لە هەبوونی خوا دەکەن، ناتوانن پابەند بن بە بەڵێن و ڕێککەوتنەکانەوە، چونکە ئەمانە ڕێزییان لای خەڵکی بێباوەڕ نییە، بەم جۆرەش هەموو کارێـــک حەڵاڵ دەبێـــت، فەوزا بەرپـــا دەبێـــت. بـــۆیە ئەم کەسانە شیاوی لێبوردەی نین.

دەکرێت بڵێین، لۆک، لەمەوە وەڵامی پرسیارێکی گرنگ و ئاڵۆز دەداتەوە کە لە لێبوردەییدا ئیشکالیەت و تەنگژەی هزریی دروست کردووە، "ئایا دەکرێت لەگەڵ نا لێبوردەدا لێبوردە بین؟" ئەگەرچی وەڵامەکەی لۆک ڕازیکەر نییە، لە ئـــاڵۆزی و ڕەخـــنە بەدەر نیـــیە، نەیتوانیـــووە وەڵامێکـــی شیاوی ئەم پرسیارە بداتەوە، یاخود وەڵامەکەی جێگای ڕەخنەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا وەڵامەکەی بە کـــورتی ئەمەیە، "لێبوردەیی بنەمایەکی گشتییە، پێویستە هەموان بڕوایان پێی هەبێت، پەیڕەوی لێ بکەن، بۆیە نابێت ئەم بنەمایە لەگەڵ یەکێکـــدا جێبەجـــێ بکرێـــت کە دژی بوەســـتێتەوە، چـــونکە لەمەوە شـــەرعییەت بە دەســـتوەردان لە ئـــازادیی ئەوانی دیکە دەدات، کۆسپ لە ڕێگەیاندا دروست دەکات، بەم جۆرەش لە سنووری مومارەسەی تاکەکەسیی خۆی دەردەچـــت، دەبێـــتە هـــۆی پشـــێوی و لە فەزای گشـــتیدا،

ئەمەش واتە دەرچوون لە ئەخلاقی سروشتی و یاسا و ڕێساکان، بۆیە فەرمانڕەوای مەدەنی بۆی هەیە بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکات و سزای بدات".

بەم جۆرەش وەک، لە پەرەگرافەکانی کۆتایی نامەکەی لۆکدا دەردەکەوێت، لێبوردەیی تەنیا پەیوەست ناکرێتەوە بە ئازادییەوە، بەڵکو دەبەسترێتەوە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاشتی و متمانەیشەوە.

## (2)

## جۆن ستیوارت میل لە بارەی ئازادییەوە

وادەردەکەوێت لای جۆن لۆک، ئازادی بریتی بێت لەوەی کە تاکەکان هەرچییان بوێت و چیان پێ پەسەند بێت هەڵیبژێرن، هەر چیشیان پێ خۆش بێت بیکەن، بەمەرجێک ئەمە لە چوارچێوەی یاسای سروشتی ئەخلاقیدا بێت، ئەم یاسایەش لای هەموان هەیە، بۆیە دۆخی باو لێبوردەیی و پێکهەڵکردنە. لەمەوە ئەتوانین بڵێین لای لۆک ئازادی لە سنوورەکانی لێبوردەییدایە. لای جۆن ستیوارت میل (1806– 1873) لێبوردەیی دەبەسترێتەوە بە ئازادییەوە، بە قەولی (رافاییل کوهن– ئالماگور)، لە سەرجەمی فەیلەسووفەکان زیاتر بابەتەکانی لێبوردەیی و ئازادی پێکەوە بەستۆتەوە، لە ڕوانگەیەکی لیبڕالی– سوودگەراییەوە، لەبارەیانەوە دواوە. هەڵبەت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان لۆک و میلدا کە لێرەدا ناتوانین ئاماژەیان پێ بدەین، بەڵام خاڵی جێی سەرنج

ئەوەیە ئەگەر غەمی لۆک ئەوە بووبێت کە کاری دەوڵەت چــاودێریکردنی کاروبــارە گشــتی- مەدەنییەکــان بێــت، دەســـــتوەرنەداتە کاروبـــــاری گەلەوە (بە تـــــاک و گرووپەکانیشــەوە)، بەردەوامــی بە دۆخــی پێکهەڵکــردن بدات، ئەوا غەمی گەورەی میل پاراستنی تاکەکان و ئینجا گرووپەکانە لە زۆرەملێی دەوڵەت، کۆمەڵگە و ڕای گشتی. پرسیارەکەی میل ئەمەیە: "ئایا مافی کۆمەڵگەیە کە بەزۆر و لەڕێــی یاســاوە ئەوە بە ســەر تاکەکانیــدا بســەپێنێت کە چییان پێ خۆش بێت و ڕقیشیان لە چی بێت؟"

وێــڕای ئەوەی میــل، لە کتێبەکەیــدا جەخــت لەســەر چەندین بۆچوونی لۆک لەبارەی ئازادی و لێبوردەییەوە دەکــاتەوە، بەتــایبەت ئــازادیی مومارەســەی ئــایینی و سەربەســتی بیــروڕاو و پەیڕەونەکــردن لە زۆرە ملــێ و ناچــارکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا غەمــی میــل پاراســتنی تاکەکەســـە لە دەســـەڵاتی دەوڵەت و کـــۆمەڵگە، چـــونکە بەبــڕوای ئەو دەکرێــت لە هەر چرکەســاتێکدا دەوڵەت لەو دەســـتوور و پرەنســـیپانە دەربچێـــت کە پێشـــتر بـــۆی دیاریکراوە، خۆی دەست وەربداتە ژیانی کەسەکان، واتە لە چـــــاودێرەوە ببێـــــتە گەمەکەر، لە دادوەرەوە ببێـــــتە ستەمگەر. لۆک کێشەکەی بەم جۆرە چارەســەر دەکــرد کە هەرکــات فەرمــانڕەوای مەدەنــی لە ســنوور، ئەرکــی خــۆی دەرچوو تاکەکان ئەتوانن بیگۆڕن بە فەرمانڕەوایەکی تر. وا دیــارە لای میــل، کــارەکە بەو ئاســانییە نیــیە. وێــڕای ئەوەش لــۆک لێبوردەیی وەکــو مــافێکی سروشــتی پێناســە کــردووە، وەک بەشــێک لە سروشــتی مرۆیــی تەماشــای

کردووە، بەڵام میل بە مافێکی مەدەنی پێناسەی دەکات، پێیشی وایە نا لێبوردەیی بەشێکە لە سروشتی مرۆیی. ترسی میل، لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یان دەوڵەت لەوێووە دێت کە دەشێت زۆرینەیەک دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، بەناوی زۆرینەییەوە کەمینە و تاکەکانی دیکە بچەوسێننەوە. میل، لەژێر کاریگەریی تۆکڤیلّدا، ترسی لەوە هەیە بەناوی ڕای گشتییەوە ستەمێکی کۆمەڵایەتی ترسناکتر و خنکێنەرتر، لە چەوساندنەوەی سیاسی دروست ببێت، واتە (ستەمکاریی زۆرینە) . بۆیە دووەم پرسیار لە غەمی میلدا ئەمەیە: "چۆن بگەینە ڕێککەوتنێکی گونجاو لەنێوان سەربەخۆیی تاکەکان و دیسپلینی کۆمەڵایەتیدا؟". هەر لەبەر ئەمە لای میل «سەربەخۆیی تاک»، «ئازادیی تاک لەبەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگە و ڕای گشتی»، «ئازادی ئەوانی دیکە لەبەرامبەر زیادەڕەوییەکانی تاکدا» سەرهەڵدەدات. ئەگەر میل نایەوێت، کەمینە غەدر لە زۆرینە بکات، بەهەمان شێووە ناشیەوێت زۆرینە غەدر لە کەمینە بکات. تەنانەت میل نایەوێت تاکەکەسێکیش لە ئازادی بێبەش بکرێت، زیاتر لەوەش ئەو لەو کەسانەیە زۆر بڕوای بە جەماوەر نییە، گومانی لەوە هەبوو کە جەماوەر لە پەیامە ئاڵۆزەکان تێبگات.

بە بۆچوونی من میل، لە تەواوی کتێبەکەیدا سەرقاڵە بە ڕوونکردنەوەی ئەو سێ کەوانەیەی سەرەوە، ئەویش لەسەر یەک بنەما، میل دەڵێت: «ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە جەخت لەسەر یەک بنەمای ساکار بکاتەوە

ئەویش ئەوەیە کە پێیدەوترێت تەحەکومکردنی ڕەها، لە مامەڵەکانی کۆمەڵگەدا بە ڕەفتاری تاکەکانەوە، بە ڕێگەی زۆرە ملێ و باڵادەستی و کۆنترۆڵکردن، جا ئیتر میکانیزمەکان هێزی جەستەیی بن، یان سزا ڕێ پێدراوەکان، یان ناچارکردنی ئاکارەکی کە ڕای گشتی مومارەسەی بکات. ئەم بنەمایەش دەڵێت: ئەو تاکە ئامانجەی کە پاساو دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک  بە تاک و گرووپەکانەوە خۆ لە ئازادیی کار و ڕەفتاری هەر ئەندامێک لە ئەندامەکان هەڵقوتێن، بریتییە لە پاراستنی خودی خۆیان، واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئەو تاکە ئامانجەی تێیدا، بە ڕێگەیەکی ڕەوا دەسەڵات دژی تاک یان ئەندامێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، واتە دژی ئیرادەی، بەکار دەهێنرێت، بریتییە لە ڕێگریکردنی تاک لە زیانگەیاندن بەوانی دیکە، ئازاردانی کەسانی تر». لەم کۆدە درێژەوە تێدەگەین کە تاک لە سنوورەکانی خۆیدا لە کار و بیروباوەڕ و ئایین و گوزەرانی خۆیدا ئازاد و سەربەستە، نابێت بەهیچ بیانوویەک ناچار بکرێت دژی ویست و حەزی خۆی بجووڵێتەوە، تا ئەو کاتەی زیانی بۆ کەسانی دیکە نەبێت، دەستوەرنەداتە ئازادی و شێوازی ژیانی تاکەکانی ترەوە. تاکە پاساوێک بۆ ڕێگرتن لە ڕەفتاری کەسێک ئەوەیە کە ئەو ڕەفتارەی ئازار و زیان  و مەینەتی بۆ کەسانی دیکە بهێنێت.

لای میل، چەمکی "زیان"، چەمکێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی. زیان و زیانگەیاندن دەتوانن لە هەر چرکەساتێکدا ئازادی پووچەڵ بکەنەوە. زیانگەیاندن

تەنانەت ئەو کاتەشی کە دەتوانێت بەختەوەرییەکی کەم بۆ زیانلێدراو دابین بکات، هەر جێگای ڕەزامەندی نییە. لەبیرمان بێت لای میل زیان واتە دەستوەردان و دروستکردنی کۆسپ، لەسەر ڕێی ئارەزووەکانی تاکدا. زیانگەیاندن واتە ڕێگری لەبەردەم ئازادیی کەسانی دیکە، لەکردنی کارێکدا کە بیانەوێت ئەنجامیبدەن، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە ناڕەحەتی دنیاکەی دیکەشیان بۆ بهێنێت. کەواتە زیان کۆسپێکە کە هەمیشە لەدەرەوە دەخرێتە سەر ڕێگەمان، لە کردنی کارێکدا، ئەگەر ئەو کارە زیانیشی بۆ خۆمان هەبێت، (جگە لە خۆ بەکۆیلەکردن و خۆکوشتن)، بەو مانایەی ئەگەر تاک بە ئازادی و ویستی خۆی کارێک بکات و ئەو کارە تەنیا زیانی بۆ خۆی هەبێت، ئەوا دەشێت ئەمە ببێتە ئەزموونێک بۆ ژیانی و هاوکاری بکات لەوەی کە ئاگایی بە کارەکانی پەیدا بکات، بەڵام هەموو دەستوەردانێک، ئەگەر لە بەرژەوەندی کەسەکەیش بێت، ئەوا هەر هەڵگری تۆوی زیانە چونکە سنووری ئازادی بەرتەسک دەکاتەوە. (وندی دوونەر) ئەم خاڵە بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە، «زیانگەیاندن بەوانی دیکە، بەزاندنی ماف و ئەرکەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە گرنگەکانی ئەوانی دیکەیە و ناکرێت ڕەوایەتی پێ بدرێت و لە قورساییەکەی کەم بکرێتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی برێکی کەم بەختەوەری بۆ ئەوانی دیکە دابین دەکات». لە دیدی وندی دوونەرەوە بنەمای ئازادی لای میل، لە پەیوەندیی بە بەکارهێنانی هەردوو چەمکی زیان و بەرژەوەندی دەخرێتە ڕوو، ئەم دوو

چەمکە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پێکەوە پەیوەستن. ئەرگومێنتەکە ئەوەیە کە ئازادی بنەمایەکی عەدالەتە کە بەرژەوەندییە مرۆییەکان لە زیانی زۆرەملێی و ناچارکردنەکانی دەرەوە دەپارێزێت. ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت یان هەر گرووپێکی دیکە بۆی نییە تاکەکان ناچار بە کار، بیروباوەڕێک بکات یاخود ڕێگریی لە کار و چالاکییەک بۆ دروست بکات کە پەیوەندیی بە ژیانی تاکەکەسیی خۆیەوە هەیە.

لای میل، دەوڵەت دەبێت سنووری ئازادییەکانی تاک بپارێزێت، بەتایبەت لەو جێیانەدا کە ئەو سنوورانە تێکەڵ بەیەک دەبن، لەدوای ئەم کارە دەبێت دەوڵەت لەیادی بێت کە بە بیانووی ڕێگریکردن لە دەستووەردانی ئەوانی دیکە لە ژیانی تاکەکەس، خۆی دەستووەرنەداتە ئازادییەکانەوە، واتە نابێت گواستنەوە ڕووبدات، لە دەستوەدانی گرووپەکانەوە بۆ دەستوەردانی دەوڵەت. لای میل بوارەکانی ئازادی ئەمانەن:

- بواری هۆشیاری ناخەکی: واتە ئازادی بیروباوەڕ و هەستکردن و ئایین و ئاکار.
- ئازادیی چێژوەرگرتن: هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هەڵبژاردنی میکانیزمەکان و دانانی پلان و ئازادیی کارکردن.
- ئازادی کۆبوونەوەی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا: ئازادی یەکگرتن، هاوکاری و هەرەوەزی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی بێ زیان بۆ ئەوانی دیکە.

سەرجەمی ئەم ئازادییانە دەبێت ڕێگرییان لەبەردەمدا دروست نەکرێت، لەلایەن کۆمەڵگەوە، لەلایەن دەوڵەتەوە کۆسپ نەخرێتە بەردەمیان، چونکە لە غیابی ئەم ئازادییانەدا کۆمەڵگە ناتوانێت ئازاد بێت، بۆیە ئازادیی لای میل ئازادی نێگەتیڤە، بەپێی دابەشکردنە دوانییەکەی ئیزایا بێرلین، بۆ ئازادی، بەسەر «ئازادی پۆزەتیڤ»، «ئازادی نێگەتیڤ»دا.

لای بێرلین، ئازادی جۆری زۆرە، دەکرێت لە زۆر دیدەوە لێیبڕوانرێت، بێرلین تەنیا باسی دوو جۆریان دەکات کە پێی وایە لەوانی دیکە گرنگترن، ئەوانیش "ئازادی نێگەتیڤ" و "ئازادی پۆزەتیڤ"ـن. ئەو ئازادیی پۆزەتیڤ بەم جۆرە دیاریدەکات: «مانای پۆزەتیڤی وشەی ئازادی لە ئارەزووی تاکەوە بۆ خۆ سەروەری هەڵدەقوڵێت. من دەمەوێت لە ژیان و بڕیارەکانمدا پشت بە خۆم ببەستم، نەک هیچ هێزێکی دەرەکی". هەروەها "بەر لە هەموو شتێک دەمەوێت سەبژێکتێکی هۆشیاربم، بە خودی خۆم وەک بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ و ئیرادە و چالاکی". لەمەوە ئەوە تێدەگەین کە ئازادی پۆزەتیڤ بریتییە لە دەسەڵاتی نواندنی کردار، پانتاییە ناوەکییەکانی تاک بۆ بڕیاردان و کردنی کارێک. «من سەروەری خودی خۆمم»، «کۆیلەی هیچ کەسێک نییم»، «من ئاگایی تەواوم بە بڕیار و کردارەکانم هەیە». سەرجەمی ئەم گوزارانە گوزارشت، لە ئازادییەکی عەقڵی- ناوەکی دەکەن. بە مانایەکی تر گەڕانەوە بۆ نێو سەنگەر و قەڵا ڕۆحییەکانی خوود، "لەبیرکردن"، "فەرامۆشکردن"ی

هەموو دەسەڵاتە دەرەکییەکان. من خۆم دەزانم چیم دەوێت چی دەکەم، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لەبەرئەوەی خەڵکی جاهیلن و هۆشیارییان بەخۆیان نییە، بۆیە ناشزانن چییان دەوێت چی بۆیان باشە، بۆیە ناشتوانن "ئازادیی حەقیقی" بناسن، بەڵام "من باشتر لەوان دەزانم کە بەڕاستی پێویستیان بە چی هەیە!" لێرەوە لەوە تێدەگەین کە "خەڵکی بەناوی ئامانجێکی وەک (عەدالەت، یان تەندروستی گشتی..هتد) دەچەوسێنرێنەوە، چونکە ئەگەر ئەوان زیاتر ڕۆشنبیر بوونایە، ئەوا خۆیان هەوڵیان بۆ دەدا". لەم دیدەوە ئازادی من ئازادییەکی هۆشیارانە و ناوەکییانە و عەقڵییانەیە، هەر بۆیە (بەلای بانگەشەکەرانییەوە) ئازادییەکی حەقیقیشە. بەڵام ئەوانی تر لەبەرئەوەی جاهیلن و کەڕ و کوێرن ناشتوانن هەڵبژاردنی باش ئەنجام بدەن، بۆیە لەبەر بەرژەوەندی ئەوان، نەک بەرژەوەندی خۆم، ناچار بە ئەنجامدانی ئەو کارەیان دەکەم، بۆ ئەوەی چێژ لە ئازادی خۆیان ببینن. هەڵبەت کە ئازادییەکی لەم جۆرە بوار دەهێڵێتەوە، بۆ دەستوەردان و چەوساندنەوە لەلایەن ئەوانی دیکەوە. لە دیدی ئازادیی پۆزەتیڤەوە دەسەڵاتێک هەرچۆن دەستوەر بدات، لە ژیانی منەوە دواجار هەر ناتوانێت من ڕام بکات، چونکە ناتوانێت تەواوی ئیرادەم کۆنترۆڵ بکات، بەتایبەتیش بواری عەقڵیم، من ئەتوانم بە عەقڵم بیر بکەمەوە، وێنای ژیانێکی باشتر بکەم، ئەتوانم بە خەیاڵ زۆر شت ببینم، پلان دابنێم، دەسەڵات ناتوانێت عەقڵ و خەیاڵ و پلانەکانم لێ زەوت بکات. ئازادی پۆزەتیڤ

بڕوای بە میتافیزیکا و بەرزەپێگەیی بوونەوەریی مرۆیی هەیە، واتە ئەو پنتە ئەفسونیانەی ناو دەروون و ناخی مرۆڤ کە بە ئاسانی لەلایەن دەرەوە هەژموون ناکرێن و ڕام ناکرێن، باوەڕی بەو "درز" و "کەلێن"انە هەیە کە پێی وایە لەلایەن دەسەڵاتی دەرەوە پڕ ناکرێنەوە، بڕوای بەو ڕۆشناییانەی ناو ناخ هەیە کە تاریک و ناکرێن و ئەو دەنگانەی کە بێدەنگ ناکرێن. ئەم بۆچوونە ئازادی لەنێو ئەو کەلەبەر و درزانەدا دەبینێتەوە کە دەسەڵاتی دەرەوە دەستی پێی ناگات. ئەم پنتە سحراوییانە دەشێت لە هەر چرکەساتێکدا کە لەبەرێکی گەورە بکەنە دڵی هەر دەسەڵاتێکەوە، گەورە ببن و ببنە مایەی تێکشکاندنی هەموو دەسەڵاتەکانی تر، بە مەرجێک کە بتوانێت خەڵکیش ناچار بەو کارە بکات. بۆیە، لەم دیدەوە، من پلان و مامەڵەکانی خۆم لە سنووری ئەو ئەگەرانەدا دادەنێم کە لەو ساتەدا بۆ من کراوە و لەبارن، لەنێویاندا هەست بە ئازادی دەکەم.

لە دیدی ئازادیی پۆزەتیڤەوە، بۆ ئەوەی ناچارکردن دروست نەبێت، دەبێت سەرجەمی تاکەکان و کۆمەڵگاش عەقڵانی بن، ئەگەر ژیان بەپێی عەقڵ بڕوات ئەوا ناچارکردنیش دروست نابێت. خۆ ئەگەر عەقڵانیش نەبن دەبێت "ناچار بە عەقڵانیبوون" بکرێن، دەبێت ویست و ئارەزووە دەرەکییەکانی خۆیان وەلانێن، هەوڵ بۆ عەقڵانیبوون بدەن تا بتوانن ژیانیانی پێ ڕێک بخەن.

هەرچی "ئازادیی نێگەتیڤ"ـە، لای بێرلین، پێچەوانە و دژی ئازادیی پۆزەتیڤە، واتە دروست نەکردنی کۆسپ

لەبەردەم ئەوانی دیکەدا، دەستوەرنەدان لە ژیانیان، ناچارنەکردنیان بەبڕیارێکی دیاریکراو. واتە دەستوەرنەدان لەو سنوورانەی کە ئەوانی دیکە دەتوانن تێیدا هەڵسوکەوت بکەن، «خۆ ئەگەر لەلایەن ئەوانی دیکەوە ڕێگریم، بۆ دروست بکرێت لە ئەنجامدانی کارێک کە ئەگەر دەستوەردانی ئەوان نەبووایە، دەمتوانی ئەنجامی بدەم، ئەوا مانای وایە من ئازاد نیم». ئازادی نێگەتیڤ واتە نەبوونی ناچارکردن و جەبر و زۆرلێکردن. بێرلین دوو مانای لێکجیاوازی (ناچاری) لێک دەداتەوە کە دەتوانین ناویان بنێین (ناچاریی خودیی)، (ناچاریی دەرەکی)، ناچاریی خودی واتە بوونی ڕادەیەک لە توانای لێهاتوویی خۆم، وزە و سەلیقەی خۆم پەیوەست بە هەلومەرجێکەوە بۆ کردن یان نەکردنی کارێک لە سنوورێکی دیاریکراودا. بۆ نموونە (نموونەکان هی بێرلینن) من ناتوانم لە دە پێ زیاتر باز بدەم، یاخود حەوسەڵەم نییە 20 لاپەڕە زیاتر، لە کتێبەکانی هیگڵ بخوێنمەوە. بەڵام ناچارکردنی دەرەکی واتە بوونی جەبرێک بۆ کردن یان نەکردنی کردارێک، واتە ئەوەی کە (تۆ نەهێڵیت من کتێبەکانی هیگڵ بخوێنمەوە)، بۆیە "پێوەری چەوساندنەوە، زۆرلێکردن بریتییە لەو ڕۆڵەی کە ئەوانی دیکە (بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ)... دەیگێڕن بۆ تێکشکاندن و کەمکردنەوەی ئارەزووەکانی من". ئازادی نێگەتیڤ نەبوونی ئەم ناچارکردن و زۆرە ملێییە. بۆیە لای بێرلین ئازادی نێگەتیڤ کارێک دەکات

کە تاکەکـــان بەدڵنیـــایی، بـــێ دڵەڕاوکێـــی و بەمتمـــانەوە مومارەسەی ئارەزووەکانی خۆیان بکەن.

ئەگەرچـی دیـدی بێـرلین بـۆ ئـازادیی نێگەتیـڤ زۆر ئاڵۆزی لەخۆ دەگرێت کە خۆی هەوڵی چارەسەرکردنی هەندێکیان داوە، بەڵام ئێمە ناتوانین ئاماژەیان پێ بکەین. ئەو بـاس لەوە دەکـات کە فەیلەسـووفە ئینگلیزییەکـانی کلاسـیک ڕای جیاوازییـان هەبـووە، لە دیـاریکردنی ئەو سنوورانەدا کە دەبێت لە دەستوەردان بپارێزرێن. چونکە خۆ ناکرێت ئەو ئازادییە بێ سنوور بێت، چونکە ئەگەر وابێت ئەوە مانای وایە مرۆڤەکان هەموو دەتوانن دەست وەربدەن لە ژیانی ئەوانی دیکەوە، بەمەش ئازادی خۆی خۆی لەنێو دەبات. بەمەش کۆمەڵگە دەبێتە کەیاس، دەبێت بـارگژی و پشـێوی، بـۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات پێویسـتە دەسـەڵاتێکی گشـتی هەبێـت. لە دیـدی ئەو بیرمەنـدانەوە ئـازادی هەنـدێک لەسـەر حسـابی ئـازادی هەنـدێکی تـر دەبێـت، وەک بێـرلین دەڵێـت: «ئـازادی گورگەکـان واتە لەنێوچـــوونی ڕانەمەڕ». ئـــازادی هەنـــدێک پشـــت بە سنووردارکردنی ئازادی هەندێکی دیکە دەبەستێت، لێرەدا دەسـەڵاتێکی گشـتی پێویسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە. بەڵام دیـــاریکردنی ســـنوورەکانی ئەم دەســـەڵاتە گشـــتییەش لەبەرامبەر سنوور و ئازادییەکانی تاکدا خۆی ئیشکالێکی دیکەیە. لۆک سنوورەکانی دەسەڵات دیاریدەکات، میلیش لە دەســـەڵاتی گشـــتیی کەم کـــردەوە، بەوەی دەســـت وەرنەداتە ژیـانی تاکەکەسـییەوە، بەڵام هـۆبز لە ڕۆڵـی دەوڵەت زیاد دەکات، چەکوشێکی ئاسنینی دەداتە دەست

بـــۆ ئەوەی کۆمەڵگـــا نەبێـــتەوە جەنـــگەڵەکەی حـــاڵەتی سروشتی.

ئەگەرچــــی پێویســــته دەوڵەت هەوڵ بــــدات، بــــۆ کەمکـردنەوەی سـنوورەکانی نەزانـی و نەخوێنـدەواری و نەخۆشـی و خـواردنی خـراپ و ڕەش و ڕووتـی، دەبێـت هاوکـــاریی ئەو کەســـانە بکـــات کە پێویســـتییان بەو هاوکـارییەیە، بەڵام نابێت بەمە شـەرعییەتی دەسـتوەردان بەخـۆی بـدات، بەڵکـو دەبێـت هەلـومەرجی گونجـاو بسـازێنێت، بـۆ مومارەسـەی ئازادییەکـانی وەک ئـازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ، بەڵام بێ دەسـتوەردان و لەمەش زیـاتر ڕێگریکـرن، لە هەر دەسـتوەردانێک. بەم مانـایە ئـازادی واتە نەبـوونی دەسـتوەردان لەو سـنوورانەی کە وەک ئازادی دانیان پێدا نراوە واتە "ئازادی لە": لێبوردەیی و پێکهەڵکردن لە ئازادی نێگەتیڤدا چالاکە و گرووپەکـان و تاکەکـان سـنوورەکانی یەکتـر دەپـارێزن، دەسـتناخەنە کاروبـاری یەکتـرەوە، دەوڵەتیش ناتوانێت تاکەکـان ناچـار بە کارێـک بکـات کە خۆیـان ئارەزوویـان لێـی نەبێت، بەم مانـــایەش ســـنوورەکانی جیـــاوازی و جیـــاوازبوون دەپارێزرێت، هەورەها توانا و خەسڵەتە تاکەکەسییەکان و بیروبـاوەڕ و ڕادەربـڕین و هەڵبژاردنـی میکانیزمەکـان کە زیان بەوانـی دیکە نەگەیەنێت، بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان. بەڵام لە حاڵەتی ئازادیی پۆزەتیڤدا پێکهەڵکردن لە حاڵەتی سفردایە. "پێکهەڵکـردن لە خـاڵی سـفردا"، واتە تێکەڵبوونی سـنوورەکان و بـوونی دەسـتوەردانەکان، هەوڵـدان بـۆ زۆرلێکـردن و ناچـارکردنی کەسـانێک بە کردنـی کارێـک

بەنـــاوی بەرژەوەنـــدییەکانیانەوە، بـــوونی دەســـەڵاتی ناچارکردن و کۆسپ، بەڵام لەبیرکردنی و فەرامۆشکردنی وەک ئەوەی تەواو ئـازاد بـم، لێرەشـەوە دەتـوانم لەگەڵ دەوروبەردا هەڵــبکەم، چــونکە ئەوان هێشــتا عەقڵیـــان وەگەڕنەخستووە، منیش دەتوانم ناچار بەم کارەیان بکەم، پێویسـتە ئەوانـیش ئەو ناچـارکردنە لەبیـر بـکەن، چـونکە لەپێناوی خۆیاندایە. لەم دیدەوە ئەم دۆخە بەهۆی غیابی عەقڵەوەیە. عەقڵ کە هەمیشە یەکێتی دەخوازێت، ئەگەر لە ئـارادا بێـت و حـوکم بکـات ئەوا هەمـوان بـێ هـیچ زۆرلێکردنێک ژیانیان لەسـەر بنەمـای عەقڵ ڕێک دەخەن، بەمەش کەس ناچـار نیـیە کەس بچەوسـێنێتەوە، چـونکە هەمـوان عەقڵانین، عەقڵانیبوونیش واتە دوورکەوتنەوە لە خواست و ئارەزووە تاکەکەسییەکان، گەیشتن بە یەکێتی عەقڵ، یەکێتی شوناس.

بـا بگەڕێیـنەوە بـۆ لای میـل، ئێسـتا دەبینـین ئەو ئازادییەی کە میل بانگشەی بۆ دەکات ئازادیی نێگەتیڤە بە دیـدە بێـرلینییەکەی. ئەگەر چـی میـل ئامـاژەی بە گرنگـی بەرەوپێشبردن، گەشەپێدانی توانا عەقڵی و جەستەییەکانی تاک داوە، کەچی ئەمە ناکاتە بنەمای ئازادی. بەڵکو بوونی هەلومەرجی ئازادی دەکاتە پێشمەرج بۆ گەشەکردنی توانا عەقڵی و جەستەییەکان، ئەوەتا ئەو دەڵێت: ئەگەر هەمـوو مرۆڤـایەتی لەسـەر بۆچوونێـک کـۆک بـوون، تەنیـا یەک کەس بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو، ئەوا مرۆڤایەتی مـافی ئەوەی نییە، ئەو تاکە کەسە بێدەنگ بکات. تەنیا ئەوکـاتە دەشـێت تـاک بـێ دەنـگ بکرێت کە بەشـێک لە ڕەفتـار و

گوفتاری زیانی بۆ بەرژەوەندی و ژیانی کەسانی دیکە هەبێت.

بۆ ئەوەی بە تەواوی، لە پەیوەندیی نێوان ئازادی و لێبوردەیی لای میل تێبگەین، پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بە دوو ڕەگەز لە هزری ئەودا بدەین، ئەوانیش، هەڵەکردن و جیاوازی لە ڕا و کرداردا.

وندی دونەر هەڵەکردن، لە هزری میلدا، بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە: «میل پشتیوانی هەڵەگەراییە، لای ئەو مرۆڤ بوونەوەرگەلێکی هەڵەکەر، لە حوکمداندا بە سەهوو دەچن و هەڵە دەکەن، واتە هەر حوکم و بۆچوونێک کە دەیخەینە ڕوو، هەرچی چەندیش لە ڕاستبوونیشی دڵنیا بین، ئەوا هەر دەشێت هەڵە بێت». میل، لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا "لەبارەی ئازادییەوە"، باس لە ئازادیی ڕادەربڕین دەکات وەک کرۆکی ئازادیی بیرکردنەوە. لە دروستبوونی "ڕا"کاندا هیچ ڕایەک ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە تۆوخمی هەڵەی تێدا نییە و لە هەڵە پارێزراوە. ڕای تاکەکەس، ڕای کەمینە و ڕای زۆرینە هەرسێکیان ئەشێت بە دیوێکدا هەڵە بن، چونکە هیچ ڕایەک لە هەموو دیوەکانەوە ڕاست نییە، یان باشتر بڵێین تەواوی حەقیقەتی تێدا نییە. ترسی میل لە دۆگمابوونە لەسەر بۆچوون و قەناعەتێک. وەک ڕوونی دەکاتەوە حەقیقەت شتێک نییە کە ڕایەک بتوانێت مۆنۆپۆلی بکات، لەباتی ئەوە دەبێت "ڕا"کان بکەونە مشتوومڕ و گفتوگۆوە، هەموو بۆچوونێک لە بۆچوونی بەرامبەرەوە ملکەچی ڕەخنەلێگرتن ببێتەوە، بێ ئەوەی

ئەم بۆچوونەی دووەمیش بانگەشەی ڕەهاگەرایی بکات، چونکە ئەگەر ئەمە بکات ئەوا بانگەشەی "بێ هەڵەیی" کردووە، بەوەش ئازادیی ڕادەبڕین و بیرکردنەوە سەرکوت دەکات، بگرە لە نێوی دەبات. بۆ ئەوەی لەم دۆخە کوشندە ڕزگارمان ببێت، میل، "یەقینی ڕەها" دەگۆڕێت بە "متمانەی پێویست" بە بۆچوونێک کە هەڵگری بۆچوونەکە بە متمانەوە هەوڵ دەدات، بۆ سەلماندنی ئەرگومێنتەکانی. بەم جۆرە پێکهەڵکردنی "ڕا"کان وتوێژ و گفتوگۆ و مشتومڕ دێنێتە کایەوە، لەم دینامیکییەتەیشدا هەم ئازادی بەرقەرار دەبێت، هەم فیکر گەشە دەکات. کەواتە هیچ بۆچوونێک بۆی نییە بەناوی ئایین یان سیاسەت یان بەرژەوەندی یان حەقیقەت یان ڕای زۆرینەوە ڕایەکی تر سەرکوت بکات، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆیەکی بەردەوام و بێبڕانەوە.

دەبێت سەرنج لەوە بدەین کە ئەمە بەو مانایە نییە هەموو، "ڕا"کان وەکو یەک و بە ئەندازەی یەکتر ڕاست و دروست یان هەڵە بن. بەڵکو هەر ڕایەک کە دەکەوێتە گفتوگۆ پشت بەو بەڵگەو سەلماندنانە دەبەستێت کە لە ئەرگومێنتەکاندا دەیخاتە ڕوو، بەوەش دەکرێت ڕایەک دروست بێت، بیباتەوە، دەشێت هەڵە بێت و ڕەت بکرێتەوە، بەڵام دەشێت ئەو ڕایەی کە گەمەکەی بردۆتەوە لەلایەن ڕایەکی دیکەوە بکەوێتە بەر ڕەخنەوە. بۆیە لە بۆچوونەکاندا سێ جۆری "ڕا" هەیە: دەشێت ڕایەک هەڵە بێت، دەشێت ڕایەک ڕاست بێت، دەشێت ڕایەک دیوێکی هەڵەبێت، دیوێکشی ڕاست بێت. بەڵام

پێی وایە ئەم سێ جۆرە ڕا هیچیان ناسەلمێنرێن، ئەگەر بێتوو نەکەونە ناو گفتوگۆوە. کەواتە گفتوگۆیەکی ئازادی دوور لە هەر دەسەڵات و زۆرلێکردنێک، لە هەموو بارێکدا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکان بنەمایەکی سەرەکی و پێویستە.

هەرچی "جیاوازی"ـیە، میل لە کۆتایی بەشی دووەم، سەرەتای بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا ئاماژەی پێدەدات. ئازادیی بیرکردنەوە و دەرەنجامەکانی ئازادیی کردار لێک جیا دەکاتەوە، واتە پێی وایە ئەگەر بۆچوونێک بە ڕێگەیەکی هزریی سەلمێنرا دروستە، کەچی لە بواری پراکتیکیدا زیانی بۆ ئازادی کەسانی دیکە هەبوو ئەوا دەبێت ڕەت بکرێتەوە. لای میل "فرەیی بۆچوونەکان خراپە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی تەندروستە کە بەهۆیەوە خەڵکی دەتوانن تەواوی لایەنەکانی حەقیقەت ببینین". ئەو بانگەشە بۆ جووڵە و چالاکی لێکجیاوازی جۆریی مرۆیی دەکات، هەر لێرەشەوە ئازادی و هەڵکردن دەکاتە پێویست. مرۆڤەکان جیاوازن لە زەوق، سەلیقە و هەستکردنیان بە چێژ و ئازار و خۆشبەختی، هەروەها لە هەلومەرجی مادی و ئاکاریشدا لێک جیاوازن، ئەمەش بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و گەشەکردنی لایەنە عەقڵانی و ئەخلاقی و ئیستاتیکییەکان، پاساوی هەمەچەشنی شێوازەکانی ژیان و هەڵبژاردن دەدات. بۆیە بوونی فرەچەشنی و لێبووردەیی و پێکهەڵکردنی لایەنە جیاوازەکان بەڵگەی بوونی ئازادییە.

جیاوازی لە بۆچوونەکاندا نابێت، تەنیا بەلێبوردەیی و پێکهەڵکردن ڕووبەڕووی یەکتر بکرێنەوە، بەڵکو دەبێت پشتیوانیشیان بکرێت بۆ ئەوەی حەقیقەت ڕوون ببێتەوە. ئەوەتا میل دەڵێت: "جیاوازی لە ڕا و بۆچوونەکاندا، لە ڕەوشی هەنووکەیی عەقڵی مرۆییدا، تاکە هەلە بۆ ڕوونبوونەوەی هەموو لایەنەکانی حەقیقەت". واتە نەک دروستبوونی تاک حەقیقەتی، بەڵکو دروستبوونی کۆدەنگی. خۆ ئەگەر کەسێک لەم کۆدەنگییە لەسەر حەقیقەت دەرچوو، ئەوا هەر دەبێت گوێی لێ بگیرێت، بەوەش حەقیقەت ڕەهایی خۆی لەدەست دەدات، لە مەترسیی دۆگمابوون دەپارێزرێت. بەبڕوای من میل "جیاوازی" و "ئازادی" و "حەقیقەت" دەخاتە پەیوەندییەوە. بوونی جیاوازی و قەبووڵکردنی جیاوازی بنەمایە بۆ ئازادی و پاراستنی ئازادیش گەرەنتۆری بەردەوامیدانە بە جیاوازییەکان لە بیروڕا و کرداردا و بوونی دینامیکییەت، لەمەشەوە دەرکەوتنی حەقیقەت. لێرەشەوە ئازادی بنەمای حەقیقەتە. بۆیە لە هەر شوێنێک ئازادی فرەیی هەبوو حەققەتیش خۆی مانیفێست دەکات، پەیوەست بوونی خەڵکیش بە پرەنسیپی ئازادی ڕادەربڕینەوە دەچێتە خزمەتی حەقیقەتەوە. لەهەر شوێنێکیش ستەمکاری هەبوو ماسک و ڕووپۆش زۆر دەبن، بەوەش ساختەیی خۆی دەردەخات. پێکهەڵکردنیش پێکهەڵکردنی ماسکەکان نییە، بەڵکو پێکهەڵکردنی بۆچوون، دەنگ، ڕەنگە جیاوازەکانە و لێبوردەییە بۆ جیاوازییەکان. بۆیە «گەیشتن بە حەقیقەت پێویستی بە جیاوازیی ویستەکان هەیە.

کەواتە پێکهەڵکردن و لێبوردەیی لە حاڵەتی جیاوازی و فرەشوناسی دەدوێن، نەک لێخۆشبوون، چونکە ئەگەر رایەک هەڵە بێت، پێویستی بە لێخۆشبوون نییە، لەبەرئەوەی هەڵەبوون تاوان نییە، بگرە بەشێکە لە ئۆنتۆلۆژیای مرۆڤ، بەڵکو پێویستی بە ئازادیی و گفتوگۆیە لەگەڵ راکانی تردا. سەلماندنی راستی و هەڵەیی بۆچوونێک هەمیشە، لە بەرەنجامی گفتوگۆ و مشتومڕەکانەوە ساغ دەبێتەوە، نەک بریارێکی پێشوەخت لەلایەن زاتێکی ترانسێندتالەوە. لێرەوە میل، هەڵە لە تاوان دادەبرێت، واتە هەڵبوون تاوان نییە، چونکە هەڵە وەک ئەگەر هەمیشە لەبەردەم راکاندا ئامادەیە، ئەمەش وا دەکات هیچ رایەک یەقینی رەهای بە خۆی نەبێت و بانگەشەی یەکپارچەیی نەکات، بۆیە فرەیی و جیاوازی وەک دوو کاتیگۆریای دیکە سەرهەڵدەدەن، قەبوولکردنی ئەم جیاوازییانەش مافی هەر تاک و گرووپێکە و دەبێت بپارێزرێت.

هەڵبەت دەبێت لە تەواوی ئەم باس و خواسەدا هەمیشە رێسا گرنگەکەی میلمان لەیاد بووبێت، واتە "ئازادی تەواو بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەوانی دیکەوە زیانی پێ بگات، بێ ئەوەی زیان بە ئازادیی کەسانی دیکەش بگەیەنێت". لای میل، لە حاڵەتی زیان نەگەیاندن بەوانی دیکە، نابێت هیچ ئازادییەک رێی لێ بگیرێت تەنیا ئازادی دەستهەڵگرتن لە ئازادی نەبێت، «بنەمای ئازادی ئەوە نییە کە مرۆڤ ئازاد بێت لەوەی ئازاد نەبێت، ئەوە ئازادی نییە کە رێ بدەین مرۆڤ دەست لە ئازایی خۆی هەڵبگرێت». بەم مانایەش لێبوردەیی لەبەرامبەر دەستهەڵگرتن لە ئازادی نییە.

**(3)**

## پیتەر نیکۆڵسن- لێبوردەیی وەك ئایدیای ئەخلاقی

لە وتارێکیدا بەناوی "لێبوردەیی وەک ئایدیای ئاکاری"، پیتەر نیکۆڵسن، لێبوردەیی وەک ئایدیایەکی ئەخلاقی شی دەکاتەوە. غەمی نیکۆڵسن ئەوەیە بتوانێت سنوورەکانی لێبوردەیی دیاری بکات. ئەوەش وەک ئەوەی ئایدیایەکی ئەخلاقییە کە دەتوانێت تاکەکان وا لێبکات پەیوەست بن پێیەوە. ئەو بڕوای وایە لێبوردەیی وەک هەر ئەخلاقێکی دیکە دەبێت، سنوورەکانی خۆی دروست بکات و بپارێزێت، ئەوەش وەک ئەوەی ئەگەر سنوورەکانی لێبوردەیی دیاری نەکرێن، شتێک بەناوی لێبوردەییەوە نامێنێتەوە. هەر لەم بارەشەوە (لیۆ شتراوس) پێی وایە بانگەشەکردن بۆ لێبوردەیی ڕەها، مانای وایە لێبوردەیی خۆی دەبێتە مایەی لەبەینچوونی خۆی.

بەبڕوای نیکۆڵسن، هەر ئایدیایەکی ئەخلاقی خاوەنی کۆمەڵێک پرەنسیپ و گریمانەیە کە دەتوانێت پاساوی خۆیی پێبداتەوە، تا بتوانێت لەنێو تاکەکاندا ڕۆڵ بگێڕێت. کردنی لێبوردەیی بە ئایدیای ئەخلاقی بۆ ئەوەیە کە نیکۆڵسن پێی وایە ناکرێت بە ناچارکردن لەلایەن هەر دەسەڵاتێکەوە لێبوردەیی هەم بسەپێنرێت، هەمیش سنووردار بکرێت. ئەگەر هەموو سنوورەکانی لێبوردەیی لەلایەن دەسەڵات یان دەوڵەتەوە دیاری بکرێت مەترسی ئەوە هەیە کە دەوڵەت خۆی لە سنوورەکانی لێبوردەیی دەربچێت و ببێتە دەسەڵاتدارێکی نالێبوردە.

دیاریکردنی سنوورەکانی لێبوردەیی لەلایەن لێبوردەیی خۆیەوە، وەک ئایدیایەکی ئاکاریی بەم جۆرە ڕوون دەکرێتەوە: «ئایدیای ئاکارەکی داوای ئەوەمان لێناکات، هەموو شتێک تەحەمول بکەین، بەڵکو لەبەرامبەردا دوو سنووری سەرەکی دەگرێتەوە: یەکەمیان دەبێت هەموو ئەو شتانە ڕەت بکەینەوە کە لەگەڵ ئەو بنچینە ئاکارییەی لێبوردەیی لەسەرییەوە بەندە لێکدژە، بەتایبەتیش بنەمای ڕێزگرتن لەسەرجەم تاکەکان وەک ئەوەی میانەگیریی ئاکاریی کاملن.. هەرچی سنووری سەرەکی دووەمە، دۆخێکی تایبەتە، لە دۆخەکانی سنووری یەکەم، ئەویش بریتییە لە ڕەتکردنەوەی هەرشتێک کە لەگەڵ ئایدیای لێبوردەیی خۆیدا دژیەکە». کەواتە لەکاتی پەیڕەوکردن لە لێبوردەییدا پێویستە ئەم دوو پرەنسیپە لە زەینماندا بێت، پەیڕەوی بکەین، بۆ ئەوەی لێبوردەیی وەک ئایدیای ئەخلاقی کاریگەر بێت، ئەوانیش: پاراستنی بنچینە و پرەنسیپەکانی لێبوردەیی، لە هەرشتێک دژی بێت، دووەمیشیان پاراستنی لێبوردەیی خۆی لەوەی لەگەڵ خۆیدا بکەوێتە دژ یەکییەوە. مادام ئێمە وەک ئاکار لە لێبوردەیی بڕوانین، کەواتە پەیڕەوکردنمان لەم دوو بنچینەیە واجبە، ئەگینا ڕەنگە شتێکی دیکە نەبێت ناچار بەو کارەمان بکات. نیکۆڵسن، لە کۆتاییەکانی وتارەکەیدا زۆر بە ڕوونی گوزارشت لەمە دەکات، «ئایدیای ئاکاریی بۆ لێبوردەیی گریمانەی ئەوە دەکات کە هەموو کەسێک توانای ئەوەی هەیە لەڕووی ئاکارییەوە بەرپرس بێت.

نیکۆڵسن پێی وایە دەبێت هەموو جۆرە ئازادییەک، بەتایبەتیش ئازادیی ڕادەربڕین ڕێی پێ بدرێت، تەنانەت ئەو ڕایانەش کە ئێمە پەسەندییان ناکەین و بەلامانەوە بێزراون، بەڵام بۆئەوەی سنووری ئازادی بەرتەسک نەکەینەوە، ئەوا تەنیا ئەو کاتە ئەتوانین ڕێگر بین کە ڕایەک لەڕووی پراکتیکەوە زیانی هەبێت، واتە ئەگەر ڕایەک پراکتیزە بکرێت، زیانی هەبێت و ببێتە هۆی سەرکەوتکردن و ناچارکردن، بەوەش دژی ئازادی و لێبوردەیی بوەستێتەوە، لەم کاتەدا دەبێت ڕێ بەو کارە نەدرێت. بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین کە ئێمە ناتوانین ڕێگری لە ڕادەربڕین بکەین، نابێت ڕێگری لێ بکەین، بەڵکو تەنیا دەبێت ڕێ لە پراکتیکبوونەکەی بگرین، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕایە ڕای فاشیستێکیش بێت.

ئەو لەسەرەتای وتارکەیدا ئەو مشتومڕە وەلادەنێت کە لە دیدێکەوە وەسفێکی بێ لایەنانەی لێبوردەیی و داماڵراو لە ئەخلاق بۆ لێبوردەیی دەکات، لە دیدێکەی دیکەشیانەوە وەک ئایدیای ئاکاری ڕووت لە لێبوردەیی دەڕوانێت. هەروەها مشتوومڕێکی دیکەش ڕەتدەکاتەوە کە دیدێکیان وەک خراپە لێیدەڕوانێت، پێی وایە پێویستی بە پاساودانەوەی تەواو هەیە، دیدەکەی دیکەشیان پێوایە لێبوردەیی لە خۆیدا چاکە، یاخود بەهۆی ئەوەی بەشێکە لە چاکەیەکی گەورەتر، خۆی پاساوی خۆی دەداتەوە.ئەگەرچی ئەو وەک ئەخلاق لە لێبوردەیی دەڕوانێت، بەڵام نایەوێت بچێتە نێو ئەم مشتومڕەوە چونکە لە بنچینەوە بڕوای بەم شیکردنەوانە نییە بۆ

لێبوردەیی. ئەو پێی وایە: «وێڕای ئەوەی لێبوردەیی دوو لایەنی جیاوازی هەیە، کەچی بەناچاری دوو لایەنی لێک بەستراون"، واتە بە گوزارشتی ئەو "دوو چەمک بۆ لێبوردەیی لە ئارادا نییە، وەک ئەوەی بۆ ئازادی هەیە.

ئەگەرچی نیکۆڵسنیش، وەک چۆن ئیزایا بێرلین کە ئازادی بۆ دوو جۆر دابەش کرد، "ئازادی پۆزەتیڤ"، "ئازادی نێگەتیڤ"، لێبوردەیی بۆ "لێبوردەیی پۆزەتیڤ"، "لێبوردەیی نێگەتیڤ" دابەش دەکات، جیاوازی و ناکۆکیەکانیشیان دەردەخات، بەڵام جیاوازیی ئەو لەگەڵ بێرلیندا ئەوەیە کە نیکۆڵسن، ئەم دوو لایەنە ناکاتە دوو چەمکی پێکدژ و دابڕوا لەیەکتر. بێرلین ئەو دوو چەمکە ئازادی دەکات بەگژ یەکتریدا، تاڕادەیەکی زۆریش لە بوونی یەکێکییاندا بوونی ئەوی دیکەیان مەحاڵە، بەڵام دابەشکردنەکەی نیکۆڵسن بۆ لێبوردەی، بەپێچەوانەوە، ئەم دوولایەنە دەکاتە دوو ڕووی یەک چەمک، بۆیە ئەو لەجیاتی ئەوەی بڵێیت، دوو چەمکی لێبوردەیی، وەک چۆن بێرلین دەیگوت دوو چەمکی ئازادی، دەڵێت دوو تێزی لێبوردەیی، هەردووکیشیان لەیەک چەمکی لێبوردەییدا کۆ دەکاتەوە، «من پێم وایە جیاکردنەوەی و دابەشکردنی ئازادی بۆ ئازادی پۆزەتیڤ، ئازادی نێگەتیڤ جیاکردنەوەیەکی هەڵەیە.. هەر چۆنێک بێت دوو چەمک بۆ لێبوردەیی بوونی نییە». ئەوەی ئەو مشتومڕی لەبارەوە دەکات ئەوەیە کە لێبوردەیی بەچەمکی ئایدیای ئاکاریی، دیووی پۆزەتیڤ، دیوی نێگەتیڤیش دەگرێتەوە. بۆیە ئەو پێی وایە لێبوردەیی وەک ئاکار ئەو کاتە بە ڕێڕەوی

دروستی خۆیدا دەڕوات کە هەردوولایەنەکە لەبەرچاو بگرێت. هەندێک پێیانوایە جۆری سێیەمی لێبوردەییش هەیە، "لێبوردەیی بێلایەن"، بەڵام نیکۆڵسن لێبوردنی بێلایەنانە ڕەت دەکاتەوە.

خستنەڕووی ئەم چەمکە وەک ئایدیای ئاکاریی، پەیوەستە بەبنەما ئاکارییەکانی ناو ناخمان، ئەوانەشی کە لە پەروەردەدا لامان دەچەسپێنێت. واتە وەک فەزیلەت. لێبوردەییش وەک میانەگیری (إعتدال)، جوامێری، بەخشندەی.. هتد فەزیلەتە، بۆیە هیچ پەیوەندییەکی بە غەریزە، کەڵکەڵە، زەوق، سەلیقەی ئێمەوە نییە، بەڵکو بابەتی هەڵبژاردنی ئەخلاق و عەقڵە، نەک لەبەرچاوگرتن و پەرچەکردار لەبەرامبەر حەز و ئارەزووەکانی ئەوانی دیکەدا.

لە دیدی نیکۆڵسنەوە دەسەڵات مەرجێکی گرنگی لێبوردەییە. واتە "لێبوردن لە حاڵەتی بوونی دەسەڵاتدا". ئەگەر کەسێک دەسەڵاتی نەبێت، تا هەڵوێست و هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی خۆی دەربخات، ئەوا لێبوردەیی وەک ئەخلاق بوونی نابێت، بەم مانایە ئەگەر کۆیلەیەکی بێ دەسەڵات سەروەرەکەی خۆی قەبووڵ بێت، لەگەڵیدا هەڵبکات، دەسەڵاتی دەرچوون لەم دۆخەی نەبێت، ئەوا ئەمە بە مانای لێبوردەیی نییە، چونکە هەڵبژاردن غیابی هەیە، ناچارکردن ئامادەیە. واتە دەشێت لە بوونی دەسەڵاتدا ئەو کۆیلەیە قەبووڵی پێکهەڵکردنی نەکردایە. بە پارادۆکسیشەوە بوونی دەسەڵات، بۆ نالێبوردەیی گرنگ

نییە، بەڵکو بۆ جەختکردنەوە لەسەر لێبوردەیی گرنگە، واتە بوونی دەسەڵات بۆ لێبوردەیی. «دەسەڵات پێشمەرجە بۆ ڕەتنەکردنەوەی ئەوانی دیکە». بەم جۆرەش لێبوردەیی خاوەن بەهای خۆیەتی، هەر لێرەشەوە نیکۆڵسن ئەم دوو گۆڕاوە لێک گرێ دەداتەوە، واتە "لێبوردەی"، "بەها".حوکمی ئەخلاقی بەسەر هەر شتێکدا، یاخود تێڕوانین، لەهەر شتێک بەر مەبنای پرەسیپی ئەخلاقی واتە حوکمی بەهایی. بەها لە ئەخلاقدا ئامادەییەکی تەواوی هەیە، بۆیە نیکۆڵسن، تێڕوانین لە لێبوردەیی لە دیدگای بێ لایەنییەوە ڕەتدەکاتەوە، چونکە بێ لایەنبوون ناتوانێت سیفەتی باش و خراپ بداتە پاڵی. «لێبوردەیی وەک ئایدیای ئەخلاقی هەوڵ نادات، بۆ بێلایەنی بەهای، بۆیە دەبێت ئەم چەمکە جیا بکەینەوە، لە حوکمی وەسفییانەی لێبوردەیی». لێرەوە ئەگەر ئەو لێبوردەیی بۆ دوو چەمکی دژ بەیەکی "چەمکی نێگەتیڤی لێبوردەیی"، "چەمکی پۆزەتیڤی لێبوردەیی" دابەش نەکردووە، ئەوا لە بری ئەوە دوو چەمکی تری دژ بەیەکی دەستنیشان کردووە، ئەوانیش "چەمکە ئەخلاقی- بەهایی لێبوردەیی"، "چەمکی وەسفی- بێ لایەنانەی لێبوردەیی". هەڵبەت بەبڕوای ئەو ئەم دژیەکییە تەنیا لە ئاستی تیۆری و بانگەشەدا دروستە، ئەگینا لە جەوهەردا تەنانەت چەمکی وەسفییانەی لێبوردەییش ناتوانێت خۆی لە حوکمی بەهایی بدزێتەوە. ئەو پێی وایە لێبوردەیی چاک و باشە.

- **دوو دیوی چەمکی لێبوردەیی**

ئاماژەمان بەوە دا کە نیکۆڵسن چەمکی لێبوردەیی بۆ دوولایەنی لێک جیاواز، بەڵام لێک دانەبڕاو دابەش دەکات، (دیـــوی نێگەتیڤـــی لێبـــوردەیی) و (دیـــوی پـــۆزەتیڤی لێبوردەیی). دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم دابەشکردنە دووروو نزیک لەسەر بنەما و میتۆدی دابەشکردنە دوو چەمکییەکەی ئیزایا بێرلین بۆ ئازادی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای سنوورەکانی لێبوردەییە وەک ئاکار. ئەگەر ئیزایا بێرلین، "ئازادی نێگەتیڤ"ی پێ پەسەندتر بێت لە "ئازادی پۆزەتیڤ"، ئەوا نیکۆڵسن "دیووی پۆزەتیڤی لێبوردەیی" پێ پەسەندترە لە "دیووی نێگەتیڤ"، ئەگەرچی هەردووکیان سەر بە یەک چەمکن.

بەبـــڕوای نیکۆڵســـن "دیـــووی نێگەتیڤـــی چەمکـــی لێبـــوردەیی" بـــریتییە لەوەی کەســـێک لێبـــوردەیە، تـــا ئەو کاتەی پێی باشترە لە نا لێبوردەیی، چونکە ئەڵتەرناتیڤێکی باشـتر بـوونی نـیـیە. لەم دیـدەوە لێبـوردەیی لە حـاڵەتی (غیاب)ـی شـتێکی ئەڵتەرنـاتیڤێکی باشـتردا هەیە، یـاخود جێگەی پەسەندییە.

کاتێک کەسێک ڕووبەڕووی بۆچوون یان کردارێکی هەڵە دەبێتەوە، ئەو بۆچوون و کردارەشی پێ دروست نییە، ناشیەوێت هیچ کەسێک هەڵگریان بێت، ئەوا پێی وایە دەبێت ئەم بۆچوون و کردارە سەرکوت بکرێن یان لەنێو ببـرێن. بەڵام ئەم کـارە ناکـات چـونکە ڕەنـگە هەنـدێک بـارودۆخ یـان (غیـابی ئەڵتەرنـاتیڤێکی باشـتر)، ببێتە هـۆی ئەوەی کە ئەو بۆچـوون و کـردارە سـەرکوت نەکـات (بـۆ

نموونه ڕەنگە تێچوونی زۆری بووێت، یان سڵکردنەوەی لەکۆمەڵێک دەرەنجامی ترسناکتر، یاخود بە بەدەستهێنانی شتێکی بەنرختر، لە سەرکووتکردنی ئەو بۆچوون و کردارە). لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدا ڕەنگە یاساش نەتوانێت بۆچوون و کردارێکی تر بەسەر هەڵگری بۆچوون و کرداری یەکەمدا بسەپێنێت. بۆیە بەناچاری بیر لەوە دەکرێتەوە کە ئەم بۆچوون و کردارە تا چەندە زیانیان هەیە یان نییە بۆ کەسانی دەوروبەر و کۆمەڵگە؟ خۆ ئەگەر بەلای منیشەوە پەسەند نەبێت ئەوا دەشێت هیچ زیانێکیشیان نەبێت. بۆیە ناتوانم ڕێگرییان لێ بکەم.

کەواتە لێبوردەیی نێگەتیڤ واتە «لێبوردەیی وەک ئەنجامدانی کارێک و ڕازیبوون بەکردنی کارێک کە ئەنجامدانی نەخوازراوە». ئەمەش واتە «ڕێگەدان بە بۆچوون و کردارگەلێکی هەڵە، تا بە ڕێی خۆیاندا بچنە پێش و بەردەوام بن، ئەمەش نەک وەک ئەوەی خواستیان لەسەر بێت، جێی ڕەزامەندی بن، بەڵکو وەک ئەوەی خواست و ڕەزامەندی لەسەر نالێبوردەیی کەمترە.

لەم دیدەوە لێبوردەیی دەبێتە ڕێکخستن و ڕیزکردنی ئەولەویاتەکان، واتە ئەو هەڵوێستانەی کە دەرەنجامی باشتریان هەیە لەوانی دیکە. بۆ نموونە ئەگەر من و تۆ لە بیابانێکدا بووین، تەنیا 2 لیتر ئاومان پێیە بۆ خواردنەوە. بیرلەوە دەکەمەوە کە یان بە زۆر دەست بەسەر هەموو ئاوەکەدا بگرم و تۆی لێ بەش بکەم (نالێبوردەیی)، یاخود هەموو ئاوەکە بدەم بە تۆ و خۆمی لێ بێ بەش بکەم، (لێبوردەیی پۆزەتیڤ)، یاخود ئاوەکە پێکەوە بەش بکەین.

تـۆش ڕەنـگە لای خـۆتەوە هەمـان بیرکـردنەوەت هەبێت. بەڵێ، واباشترە ئاوەکە بەش بکەین، لەوەی لەپێناو دەست بەسـەراگرتنی هەمـوو ئـاوەکە لەگەڵت بەشـەڕبێم.. چـونکە ئەگەر بـدۆڕێم ئەوا لە تەواوی ئـاوەکە بـێ بەش دەبـم. کەواتە ئەولەویەتی من بەشـکردنی ئـاوەکەیە، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی بەواقیعی خواستم لەسـەر بەشـکردنی ئاوەکە هەیە، چونکە ڕەنگە بمەوێت هەمووی بۆخـۆم بێت، بەڵام بە ناچاری لەبەرئەوەی مەترسیی دۆڕانم هەیە، بۆیە ئەم هەڵبژرادنەیـان (واتە بەشـکردنی ئـاوەکە)، پـێش دەخەم (لێبوردەیی نێگەتیڤ).

هەرچـی ڕووی دووەمـی چەمکـی لێبـوردەییە، واتە (دیـووی پـۆزەتیڤی لێبـوردەیی)، لە دیـدی نیکۆڵسـنەوە، ڕوانیـنە لە لێبـوردەیی وەک چـاکە، وەک فەزیـلەت و بینینەوەی هۆکـارە پۆزەتیڤەکـانە بـۆ پاسـاودانەوەی، نەک هۆکـارە نێگەتیڤەکـان. ئەمەش کارێـک دەکـات کە مـن وەک ئەنجامدانی کارێکی نەخوازراو لە لێبوردەیی نەڕوانم. لەم دیـدەوە لێبـوردەیی چـاکە، ئەمەش بەدوو جـۆر: یـان لێبـوردەیی بەشـێکە لە چـاکەیەکی گەورەتـر، سـەر بە پانتاییەکی فراوانتری ئایدیایەکە. یاخود لە خۆیدا چاکە و فەزیلەتێکی سەربەخۆیە.

ڕوانـین لە لێبـوردەیی لە دیـووی پـۆزەتیڤەوە، واتە بـوونی هۆکـار گەلێکـی سـەربەخۆ کە وامـان لـێ بکـات لێبورده بین. یان بەشێکە لە چاکەیەکی تر یان خۆی لە خۆیدا چـاکە. لێبـوردەیی وەک بەشـێک لە چـاکەیەکی تـر واتـای ئەوەیە، «ئـامڕازێکی پێویسـتە بـۆ شـتێکی تـر کە

لەخۆیدا چاکە، یان بەشێکە لێی». ئەم چاکەیەی تر کە خۆی چاکە و دەشێت لێبوردەیی بەشێکی بێت، بۆ نموونە (ئازادی) و (عەدالەت) و (ڕاستگۆیی).. هتد. لێبوردەیی دەشێت مەودای ئازادی فراوان بکات و بیپارێزێت، کارێک بکات کە هەموان بە ئازادی ئەوە هەڵبژێرن کە دەیانەوێت. کەواتە ئازادی چاکەیەکی گەورەیە و لێبوردەیش یەکێکە لە میکانیزمەکان بۆ مومارەسەی ئازادی. بەم جۆرە ناکرێت لێبوردەیی وەک ئایدیایەکی ئەخلاقی لە خۆیدا پەیڕەوی لێ بکرێت، بەڵکو سنوورەکانی وان لەنێو سنوورێکی فراوانتری ئایدیایەکی ئەخلاقی تردا.

ئەو هەلومەرجەی کە تێیدا لێبوردەیی وەک ئایدیایەکی ئەخلاقی سەربەخۆ لێیدەڕوانرێت ئەوەیە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە لێبوردەیی لە خۆیدا چاکەیەکی سەربەخۆیە بەشێک نییە، لە هیچ ئایدیایەکی تر، بەڵکو لە پەیوەندیدایە لەگەڵ چاکەکانی تردا. لێرەوە تاکی ئەخلاقی وا لە بیروبۆچوون و شێوازی ژیانی ئەوانی دیکە دەڕوانێت کە شایەنی گرنگی پێدانێکی جددین. وەک چۆن ئەمیش لای خۆیەوە دەخوازێت ئەوانی دیکە گرنگی بەبیروبۆچوون و شێوازی ژیانی بدەن، چونکە ئەگەر ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕ و دەستیاوانە نەبێت، ئەوا دەبێتە کارێکی نائەخلاقی، بەوجۆرەش لێبوردەیی وەک ئایدیای ئەخلاقی بەدی نایەت. ئەگەر من بمەوێت تۆ ڕێز لە بیروبۆچوونەکانی من بگریت و بایەخیان پێ بدەیت، ئەوا ئەرکی ئەخلاقیی منیشە، کە ئاوا بم.

ڕەنگە لەم پەیوەندییەدا جارێکی دیکەش ئەو ڕاوبۆچوونانەمان بێتەوە بەردەم کە پێمان پەسەند نین

یاخود ڕقمان لێیانه، بەڵام مادام من دەمەوێت گرنگی به بیروبۆچوونەکانی ئەوانی دیکه بدەم، ئەوا دەبێت وەک بیروباوەڕێکی قووڵی شیاوی تێگەیشتن به بایەخەوە لێیان بڕوانم، هاوکاتیش هەمان شت بۆ خۆیشم دەخوازم. ئەمەش وەک نیکۆڵسن ڕوونی دەکاتەوە مانای ئەوە نییه که «کەسی لێبوردە دان بەو ڕایانەدا بنێت و پەسەندیان بکات که دەبێت گرنگیان پێ بدات، بەڵکو دەبێت ڕێز له کەسانی هەڵگری ئەم بۆچوونانه بگرێت، وەک کەسانێکی عەقڵانی و ئەخلاقی لێیان بڕوانێت که توانای مشتوومڕ لەسەرکردن و پووچەڵکردنەوەی بۆچوونەکانیان هەیه، دەتوانن بەرمەبنای عەقڵانییەت بۆچوونەکانیان بگۆڕن». لەمەشەوە تاکەکان لەڕووی عەقڵییەوە گەشه دەکەن، دەتوانن ئایدیا و بۆچوونەکانیان تاقی بکەنەوە و دەستکاری و گۆڕانکاریش له کەموکورییەکانیاندا بکەن.

کەواته له حاڵەتی تێگەیشتن له لێبوردەییدا، وەک ئایدیایەکی ئەخلاقی له خۆیدا، «ئێمه لێبوردە دەبین نەک لەبەرئەوەی ناتوانین وەلای بنێین، بەڵکو لەبەرئەوەی چاک و ویستراوە، بۆیه لەبری ئەوەی خۆمان لەگەڵیدا بگونجێنین، بەمەبەست بەدوایدا دەگەڕێین. بۆ ئەوەمان نییه به ناچاری لەپێناو ئاشتی و ئارامیدا پەیڕەویی لێ بکەین، بەڵکو لەبەرئەوەیه خۆی چاکه و پۆزەتیڤه و فەزیلەته». ئەمەش مانای ئەوەیه ئێمه لێبوردەیی لەبەرئەوە ناخوازین که لێبوردەییه، بەڵکو لەبەرئەوەیه که چاکەیه. به مانایەکی تر ئێمه خودی چاکه دەخوازین نەک خودی لێبوردەییەکە، ئەمەش دیدی (کانت)ـمان لەبارەی (چاکه)وە بیر دەخاتەوە.

- **لێبوردەیی و سنوورەکانی ئازادی**

لەدوای ڕوونکــــردنەوەی ئەم دوو دیـــوەی چەمکـــی لێبوردەیی. نیکۆڵسن پەیوەندیی نێوان لێبوردەیی و ئازادی تاوتووێ دەکات. وەک گوتمان ئەم دوولایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتـیڤەی چەمکـی لێبـوردەیی، لای نیکۆڵســن، وێـڕای هەمـــوو جیاوازییەکانیشـــیان، هەردووکیـــان هەر لەنێـــو چەمکـی لێبـوردەیی کـۆ دەبـنەوە و دەبـنەوە ڕووی یەک دراو. نیکۆڵســـن بـــاس لەوە دەکـــات کە یەکەمجـــار وا دەردەکەوێـت لێبـوردەیی ئـازادی بەرتەسـک دەکـاتەوە، چـونکە کەسـی لێبـوردە ئـازادە لەوەی لێبـوردە نەبێـت، کـــــاتێکیش ئەم دەســــەڵاتەی خــــۆی (دەســــەڵاتی لێبوردەنەبوون) بەکار ناهێنێت، مانای وایە دەستبەرداری ئەم ئـازادییەی بـووە. بەڵام وا پێـدەچێت ئەرگـومێنتەکە سەرلێشێوێنەر بێت، چونکە ئەگەر کەسی لێبوردە مـافێکی ڕەوای خـۆی بێـت کە لێبـوردە نەبێـت، بەڵام لێبـوردەیش بێـت، ئەوا دەتوانێـت دواتـر بگەڕێـتە بـۆ دەسـەڵاتەکەی خـۆی و مـافی نـالێبوردەیی بەکـار بهێنێـتەوە. بەم مانـایە لێبـوردە کەسـێکی ئـازادە وەک ئـازادیی نـالێبوردەبوون. چارەسـەری ئەم ئـاڵۆزییە چـۆن دەکرێـت؟ چـۆن دەکرێت کەسێک دەسەڵاتی نالێبوردەیی هەبێت، کەچی لێبوردەیش بێـت؟ بە دیـدی نیکۆڵســن ئەمە بەوە دەکرێـت کە وەک ئایدیای ئەخلاقی لە لێبوردەیی بڕوانرێت، بۆ ئەوەی ئەرک بخـاتە سـەر شـانمان، واتە (واجب) دروسـت بکـات، نەک (ناچـارکردن)، چـونکە لێبـوردەیی تەنیـا بە ناچـارکردنی خەڵـک لە ڕێـگەی یاسـاوە ناچەسـپێت، بگـرە لە حـاڵەتێکی

وەهـــادا یاســـا ڕووبەڕووی شکســـت دەبێـــتەوە. کەواتە «مـادام لێبـوردەیی چـاکە و باشـە کەواتە واجـبە مـرۆڤ لێبوردە بێت». بۆیە کەسی لێبوردە مافی ئەخلاقیی ئەوەی نیـیە کە نـالێبوردە بێـت، سەرپشـکیش نیـیە لەوەی کە لێبـــوردەییەکەی خـــۆی بکشـــێنێتەوە و بگەڕێـــتەوە بـــۆ نالێبوردەیی.

تێگەیشـتن و پەیڕەوکـردن لە لێبـوردەیی وەک ئەرکـی سەرشـان(واجب)، لای تـاک نـابێتە هـۆی کـاڵبوونەوە و پاشەکشـەی ئـازادییەکەی، چـونکە هەسـت ناکـات لەلایەن هێزێکـی دەرەکییەوە ناچـار بەوکـارە کـراوە، بەڵکو خـۆی وەک واجبی ئاکاری لەسەر خۆیی دەسەپێنێت، کەواتە لەم کاتەدا باسێک لە ئازادی و بەرتەسکبوونەوەی لە گۆڕێدا نیـیە. لەمەش زیـاتر ئایـدیای ئەخلاقـی کارێـک دەکـات کە مـرۆڤ بە ویسـت و ئـازادیی خـۆی ئەوە هەڵبژێرێـت کە لێبوردە بێت: «سەپاندنی کۆت و بەنـد لەلایەن مرۆڤەوە، لەسەر خۆی بەشێکی پێویستە لەوەی لێبوردە بێت، ئینجا ڕەگەزێکـی پێکهێـنەری ئازادییەکەیشـیەتی». بەتـایبەت لە دیـوە پـۆزەتیڤەکەی چەمکـی لێبوردەییـدا ئەمە بە تەواوی ڕوونە و تـاک هەسـت بەفراوانبـوونی ئـازادییەکەی دەکـات نەک بەرتەســـکبوونەوەی، چـــونکە ســـەپاندنی کـــۆت و بەنـدەکات لەسـەر خـود و سـەپاندنی کـۆت و بەنـدەکان لەلایەن خودەکـانی دیـکەوە لەسـەر خۆیـان بـریتین، لە بەشـێک لە پێکهێـنەری ئـازادی. میکـانیزمی (ناچـارکردن) مەگەر تەنیـا لە حـاڵەتی دیـووی نیگەتیڤی لێبوردەییدا بە کـاڵی کـاریگەر بێـت و تاکەکـان بخـاتە ژێـر گوشـارەوە،

چونکە دەکرێت لەو کاتەدا دەرەنجامەکانی نالێبوردەیی بۆ تاکەکان قورستر بێت، لە دەرەنجامەکانی لێبوردەیی، بۆیە تاک پەیڕەوی لێدەکات، بەڵام ناتوانێت وایان لێ بکات لەڕووی پۆزەتیڤییەوە لێبوردە بن.

بۆ ئەوەی کەسێک لەڕووی پۆزەتیڤەوە لێبوردە بێت، دەبێت لێبوردەیی وەک واجبی ئەخلاقی ببینێت و پەیڕەوی بکات، ئەمەش واتە دەسەڵاتی تاک لەسەر خۆی. ئەمەش کارێک دەکات، تەنیا ئەو کەسە هەست بە ئازادی نەکات کە لێبوردەیی لەگەڵدا نوێنراوە بەڵکو کەسی لێبوردەیش هەمان هەستی هەیە. کەسی لێبوردە و ئازادی هەیە لەوەی کە بواری مومارەسەکردنی ئازادیی خۆی لە ئارامیدا بۆ ڕەخساوە، کەسی لێبوردەیش خۆبەخشانە لێبوردە بووە و وا هەست دەکات هەڵبژاردنێکی ئەخلاقی و عەقڵانیی کردووە و دەسەڵاتی لێبوردەبوونی هەبووە، لە دەرەوە ناچارنەکراوە، بەوەش لێبوردەیی دەبێتە پێکهێنەرێک لە پێکهێنەرەکانی ئازادییەکەی.

# (شەش)

# تیۆرێك و دوو ڕەخنە

# نموونەیەك لە دادپەروەریی لیبڕالیستی

**موراد دیانی**

## ( 1 )

## عەدالەت وەك ئینساف (جۆن ڕاوڵز)

سەختە خوێنەری ڕۆژهەڵات ئەو هەموو تاسە و مشتوومڕە ببینێت، کە بڵاوبوونەوەی کتێبی "تیۆری عەدالەت"ی فەیلەسوفی ئەمریکی "جۆرن ڕاوڵز" لە ساڵی 1971دا، لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆندا بەرپای کرد. ئەم کتێبە بە یەکێک لە دانراوە فەلسەفییە هەرە خوێنراوەکانی سەدەی بیستەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دادەنرێت، ئەو وتار و نووسینە زانستیانەشی کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بۆی تەرخان کراون ئەوەندە زۆرە، کە ناتوانین بیانژمێرین و هەموویان ببینین. خۆ ئەگەر کۆنتێکستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بەپیتەکە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕابێت، بۆ پێشوازیکردنی درێژخایەن لە تیۆرەکەی ڕاوڵز، وەکو ئەوەی ئێستا لە کۆنتێکستی فیکری و زانستیدا هەیە، کە "هیچ کارێکی پێشەنگ لە فەلسەفەی سیاسیی سەدەی بیستەمدا بەوجۆرە دەرینەخست"[39]، ئەوا سەرکەوتنی "تیۆری عەدالەت وەک ئینساف"[40]، بە

---

[39]Isaiah Berlin, "La Théorie politique existe-t-elle?', Revue françoise de science politique, vol. 11, no, 2 (1961), pp.309-337.

[40]چەمکی دادپەوەری وەک ئینساف، "ئەو بیرۆکەیە دەگوازێتەوە، کە بنەماکانی عەدالەت بەرەنجامی ڕێککەوتنێکە، کە لە دۆخێکی بەراییدا پێی دەگەین، کە خۆی دادپەروەرانەیە. بەڵام ئەم چەمکە واتای ئەوە نییە، کە چەمکی عەدالەت و ئینساف، هەردووکیان هاومانان. بڕوانە:

John Rawls, A Theory of Justice (Cambridge, Mass.: Belknap Press of Harvard University Press, 1971, pp. 12-13.

پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەها خودییە دەوڵەمەند و داهێنەرییەکەی.

لە کتێبی "تیۆری عەدالەت"دا، جۆن ڕاوڵز چوارچێوەیەکی دەوڵەمەند، بۆ پێکەوەگونجاندنی ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، ئەویش بە پشت بەستن بە تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لای جۆن لۆک، جان جاک ڕۆسۆ، ئیمانوێل کانت[41]، ئینجا وەک ئەڵتەرناتیڤی نەریتی سوودخوازی لای دیڤید هیوک، ئادەم سمیس، جێرمی بێنسام، جۆن ستیوارت میل: "ئامانجم ئەوەیە بۆچوونێک بۆ عەدالەت بخەمەڕوو، کە بگشتێنرێت و بەرز ببێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر لە ئەبستراکتیزەی تیۆری باوی پەیمانی کۆمەڵایەتی [گرێبەستی کۆمەڵایەتی]، وەک ئەوەی لای ڕۆسۆ و کانت دەیبینینەوە. لەپێناو ئەمەدا، پێویست نییە وەها بیر لە پەیمانی ئەسڵی بکەینەوە، پەیمانێکە دەمانخاتە کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە، یان سەرپشکمان دەکات لە دامەزراندنی حکوومەت بەشێوەیەکی دیاریکراو. بە زۆری، ئایدیای سەرەکی تێیدا ئەوەیە، کە بنەماکانی عەدالەت بۆ بوونیادی سەرەکیی کۆمەڵگە، بابەت یان تەوەری ڕێککەوتنێکی ئەسڵییە. ئەوە ئەو بنەمایانەیە، کە لە دۆخێکی بەرای یەکسانیدا، تاکەکەسە ئازاد و عەقڵانییەکان قبوڵی دەکەن، ئەو تاکەکەسانەی، کە بەلایانەوە گرنگە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان بەو بنەمایانە دەوڵەمەند بکەن، کە

---

41 هەمان سەرچاوە، ل11.

هەلومەرجە بنچینەییەکانی کۆبوونەوەیان دەناسێنن. ئەو بنەمایانە هەموو ڕێککەوتنەکانی دواتر ڕێک دەخەن، جۆرەکانی ئەو هاریکارییە کۆمەڵایەتیە دیاری دەکەن، کە دەشێت لەنێوانیاندا ڕوبدات، ئەو فۆڕمانەی حوکم دیاریی دەکەن، کە دەشێت دابمەزرێنرێن. من ئەم ڕوانگەیە بۆ بنەماکانی عەدالەت ناو دەنێم عەدالەت وەک ئینساف [هەقبەشی]"[42].

ڕاوڵز، لە بنیاتنانی تیۆرەکەیدا، لە ڕەخنەکردنی سوودخوازییەوە دەست پێدەکات، لە ڕێگەی سێ خاڵی سەرەکییەوە. یەکەم، ڕێبازی سوودخوازی لەڕێگەی بەدیهێنانی عەدالەتەوە، بە ئامرازی گەورەکردنی سەرجەمی تێربوونە تاکەکەسییەکان، بە ناهەق ئاستی تاکەکەسی بەرەو ئاستی گشتی جێدەهێڵێت. ئەمەش گریمانەی بوونی "بینەری بێلایەن"[43] و "بارمتەی هاوسۆز" دەکات، کە دەتوانێت تێربوون و ئازارەکانی کۆمەڵی هاووڵاتیان تاقی بکاتەوە، وەک بڵێت کۆمەڵگە هیچ نییە جگە لە یەک تاکەکەس. ئەم نێوەندگیرییە کە بەبێ ئەمە ناکرێت چوارچێوەی بنەمای سوود بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی فراوان بکرێت، تەواو خەیاڵییە بەشێوەیەکی پەتی، ئەم خەیاڵەیش فرەیی تاکەکەسان و جۆری مرۆی و مافی هەر تاکەکەسێک، لە بەدواداچوون و وەدیهێنانی ئارەزووە

---

42 هەمان سەرچاوە.

[43]Adam Smith, The Theory of Moral Sentiments, Edited by D. D. Raphael and A. L. Macfie, Glasgow Edition of the Works and Correspondence of Adam smith, 1 (oxford: Clarendon Press: New York, Oxford University Press, 1976).

عەقڵانییەکانیدا فەرامۆش دەکات، "کەواتە فرەیی تاکەکەسان لەلایەنی سوودخوازییەوە بە جددی وەرنەگیراوە"[44]. لەمەش گرنگتر ئەوەیە، کە سوودخوازی "ئەو ڕێگایەی سەرجەمی تێربوونە تاکەکەسییەکانی لەنێو تاکەکەساندا پێ دابەش دەکرێت" بەهەند وەرناگرێت[45].

سووخودازی تەنیا بایەخ بە هاوسەنگیی پوختی تێربوونە کەسییەکان دەدات، دەڵێت هەموو ئامرازەکانیش بۆ ئەم ئامانجە پێوەرکارییە گونجاون. جا لەبەرئەوەی دابەشکردنی تێربوونەکان و سوودەکان گرنگ نییە، بۆیە هیچ شتێک ڕێگر نییە لەوەی بە دەستکەوتی زۆرینە پاساو بۆ زیانمەندبوونی هەندێک کەس بهێنرێتەوە، هەروەها پێویستە "بەختەوەری زیاتری کۆمەڵێکی زۆر"، بکرێتە پاساوی پێشێلکردنی ئازادی کۆمەڵێکی بچووک[46]. پاشان، لە ڕێبازی سوودگەراییدا هیچ شتێک ڕێگر نییە، لەوەی بۆ نموونە کۆمەڵگەی کۆیلە کۆمەڵگەیەکی عادل بێت، ئەگەر بێت و عەدالەت شتێکی دیکە نەبێت جگە لە دەلالەتی سوودی بەکۆمەڵ[47].

ڕاوڵز، وەک بیرمەندێکی لیبراڵی، بەشێوەیەکی بنەمای تەرکیز دەخاتە سەر ئازادی، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە

---

[44]Rawles, A Theory of Justice, p. 53.

45 هەمان سەرچاوە، ل 51.

46 هەمان سەرچاوە. ل9.

47 کەواتە لۆژیکی سوودخوازیی لۆژیکی "قوربانی"ـە، بە گوێرەی دەربڕینی جۆن پییەر دوپۆی، بڕوانە:

Jean-Pierre Dupuy, "La Théorie de la Justice: Une machine anti-sacrificielle", Critique, vol. 45, nos, 505-506. (Juin Juillet 1989), pp. 446-480.

"سنووردارکردنی ئازادی تەنیا بەناوی ئازادییەوە ڕەوایە"[48]، بەڵام ئەمە ئازادییەکی "ڕاستەقینە"یە، نەک تەنیا ئازادییەکی "فۆرماڵ" وەک ئەوەی لای فریدریک هایک دەیبینێت، بەو واتایەی ئەم ئازادییە کۆکە لەگەڵ سیمای سەرەکیی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا[49]، ئازادیی گەیشتن بەو شتەی ناوی دەنێت "بنەڕەتە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان"[50]. بابەتی بنچینەیی عەدالەت لای ڕاوڵز،

[48]Rawlsm A Theory of Justice, p. 302.

49 لێرەدا ڕاوڵز پەیڕەویی لە ڕۆسۆ دەکات کە جەخت دەکاتەوە لەسەرئەوەی کە: "لە ئازادیی هاوبەشدا، کەس مافی ئەوەی نییە ئەو کارە بکات کە ئازادیی ئەویتر لێی قەدەغە کردووە، هەرگیز ئازادیی ڕاستەقینە خۆی وێران ناکات. لەبەرئەوە ئازادیی بە بێ عەدالەت لێکدژییەکی ڕاستەقینەیە". بڕوانە:

Jean-Jacques Rousseau, "Letter écrites de la montagne", dans., Oeuvres completes sous la direction de Bernard et Marcel Raymond, bibliothéque de la Pléiade, 4 vols. (Paris: Gallimard, 1959-1964), p. 842.

50 ڕاوڵز جیاکاریی دەکات لەنێوان ئەسڵە "سروشتییە" بەراییەکان (تەندورستی و چالاکی و زیرەکی و مەلەکەی خەیاڵ..) کە ناتوانین ڕاستوخۆ تەحەکومیان پێوە بکەین؛ ئینجا ئەسڵە "کۆمەڵایەتییە" بەراییەکان، کە لە لیستی ئەو دامەزراوانەدا دیاریی دەکات کە ئەم گروپانە لەخۆ دەگرێت: ئازادییە سەرەکییەکان، هەلە پێدراوەکان بە تاکەکان، دەسەڵاتەکان و ئیمتیازاتەکان، دەستکەوت و سامان. بڕوانە.

Rawls, A Theory of…, p. 93.

ئەمە جگە لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی ڕێزگرتنی خودی کە دواتر سەرباری دەخات، بەشتێکی زۆری گرنگ لە قەڵەمی دەدات. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل440ز

ڕاوڵز پێیوایە ئەسڵە کۆمەڵایەتییە بەراییەکان، کە بە لە پێشتریان دادەنێت، لە واقیعدا سەرەکی و یەکەمینن، بە واتای ئەوەی کە "چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت مرۆڤی عەقڵانی ئارەزووی لێی هەبێت". ل93.

بــــریتییە لە بوونیـــادی ســـەرەکیی کۆمەڵگـــا، یـــان بە گوزاشتێکی وردتر، ئەو ڕێگایەی، کە بەهۆیەوە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە گەورەکان، ماف و ئەرکە بنەڕەتییەکانی پێ دابەش دەکەن، دابەشکردنی ئیمتیازاتەکانی لە هاریکاریی کۆمەڵایەتیدا پێ دیاریی دەکەن[51]. لەلایەکەوە، بوونیادی سەرەکی بوارێکە بۆ هاوکاری نەک بۆ کێبەرکێ. لەلایەکی دیکەش، دەبێت وەزیفەکەی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانە بێت، کە پەیوەستن بە سروشتەوە، بە واتای "بەختی پەتی". کەواتە بەلای ڕاوڵزەوە، کۆمەڵگەی عادل کۆمەڵگەیەکی "یەکسان" نییە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی "هەقبەش" [مونسیف]ـە، کۆمەڵگەیەکە، کە تێیدا دۆخ و هەلومەرجەکان بۆ هەموان لەبەردەستدان، سوودی ئیمتیازاتەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ هەموان. ڕاوڵز عەدالەت– لە پەیوەندییەکەیدا، بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە– بەم جۆرە پێناسە دەکات، دامەزراوە ئەو کاتە دادپەروەرە، کە لە تەرخانکردن و دابەشکردنی ماف و ئەرکەکاندا، هیچ جیاکارییەکی زۆرەملێ لەنێوان تاکەکەساندا نەکات، ئەو کاتە دادپەروەرە، کە هاوسەنگییەکی گونجاو لەنێو داواکارییەکانی کێبەرکێ لەسەر سوودەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری بکات. کەواتە ئەم عەدالەتە، عەدالەتێکی تەواو ڕێکارییە، بەو واتایەی پێوەرێکی سەربەخۆ بۆ دادپەروەری هەر نییە، بەڵکو هەر شتێک بە دەرەنجامی ڕێکاری ئینساف خۆی پێناسە بکرێت، دادپەروەرانەیە[52].

---

[51] A Theory of…, p. 7.

52 هەمان سەرچاوە، ل86.

بــۆ ڕوونکــردنەوەی ئەم واتــایە، ڕاوڵــز، ئەم نمــوونەیە دەهێنێتەوە: "با گریمانەی دۆخێکی سادەتری بەشینەوەی دادپەروەرانە بکەیــن، هەنــدێک کەس دەیانەوێــت کێکێــک بەش بــکەن. بەوپێــیەی بەشــکردنی مونســیفانە بەشــی یەکسانە، کەوایە ئەو ڕێکارە کامەیە، کە دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجـامە -ئەگەر ڕێکـار بـوونی هەبێـت-؟ ئەگەر لایەنە تەکنیکەکانی ئەم مەسـەلەیە بخەینە ئەولاوە، چارەسـەری ئاشــکرا ئەوەیە کەســێکیان ڕاســپێردرێت کــێکەکە بەش بکات، بۆ ئەوەی سەرەتا ڕێگە بەوانیتر بدات، پارچەکانی خۆیان هەڵبژێرن و خۆشی دوایین پارچەی بەربکەوێت. ئەم کەسە ڕاسپێردراوە، کێکەکە بە یەکسانی بەش دەکات، چونکە بەم ڕێگایە، ئیمکانی بەدەستهێنانی پارچە گەورەکە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات"[53]. ئەوەی ڕاوڵز، لەم بوونیادەدا مەبەســتیەتی، کــاریگەریی ڕاســتەوخۆ نیــیە لە ئاســتی خۆشــگوزەرانی کەســەکاندا، بەڵکــو وەدیهێنــانی ڕەوشــی لەباری داڕێژراوە بۆ ئەم کەسانە. مەسەلەکە لەم لۆژیکەدا پەیوەســتە بە تیــۆری ئەخلاقیــیەوە دەربــارەی عەدالەت، لەوێــدا ســەربەخۆیی تاکەکەســی لە خۆشــگوزەرانی لەپێشترە. پاشانیش ئەوە بۆ ڕاوڵز دوورەدەست نەبوو، کە بزانێـت مـاف و چـاکە کامیـان باشـترن، کامیـان پـێش کامیــانن، چــونکە ئەو مــاف دەخــاتە پــێش ســوود یــان چاکەوە. کەواتە – بە بڕوای ڕاوڵز- عەدالەتی مرۆیی، لە بنەڕەتدا دەستکردی مرۆڤە، عەدالەتی مرۆڤە بۆ مرۆڤ.

---

53 هەمان سەرچاوە، ل85.

له کتێبی "تیۆری عەدالەت"دا، ڕاوڵز، تیۆرە لیبڕالییەکەی خۆی بە تیۆرێکی گشتگیر (comprehensive Theory) وەسف دەکات، بەڵام دواتر چوارچێوەکەی بەرتەسکتر دەکاتەوە، بەتایبەتیش لە کتێبی "لیبرالزمی سیاسی"[54]دا، کە لەم کتێبەدا تیۆرەکەی چیتر گشتگیر نییە، بەڵکو تەواو سیاسییە. ڕاوڵز، ویستیوویەتی پەرە بەم ڕوانگە لیبڕالییە سیاسییە بدات، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەم * "چۆن دەکرێت خەڵکانێک، کە ڕێبازی گشتگیری جیاوازیان هەیە، ناشێت پێکەوە تەبا بکرێن، لەگەڵ یەکتردا لە چوارچێوەی یەک سیستەمی سیاسیدا بژین، هەر یەکێکیشیان بە سیستەمێکی ڕەوای دابنێین؟"[55]. سەرەڕای ئەوەی واپێدەچێت ئەم وێناکردنەی عەدالەت وێناکردنێکی سیاسیی پوخت بێت، کەچی "جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە چەمێکێکە وا وێنا دەکات هاووڵاتیان، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ئەخلاقی، ئامادەن بەگوێرەی ئەم سیستەمە کار بکەن"[56]، لەبەرخۆی و لەبەر فەزیلەتە تایبەتییەکانی، پشتوانیی لێبکەن[57]. لەبەرئەوە ئەو تەباییەی کە لەمەوە بەرهەم دێت، ڕاوڵز، ناوی لێدەنێت "تەبای بەیەکدا چوو" (overlapping consensus)، کە جیاوازە لە "یەکسانکردنەوەی کاتی" (Modus vivendi)، تێیدا تەبایی

---

[54]John Rawls, political Liberalism, John Dewey Essays in philosophy; no., 4 (New York: Columbia University Press, 1993), p,175.

55 هەمان سەرچاوە، ل12.

56 هەمان سەرچاوە، ل168ز

57 هەمان سەرچاوە، ل 147-148ز

کۆمەڵایەتی بەندە بە بەرەژەوەندییە کەسییەکان یان بە بەرژەوەندییە گرووپییەکان، یان بەندە بە دەرەنجامی دانوستانە سیاسییەکانەوە[58].

وەک توانستێک لەنێو بوونەوەری ئەخلاقیدا، "هەستی عەدالەت" ڕاگری ئەم تەباییە بەیەکداچووەیە، لەودیوی ترسەوە لە سزا و بەکارهێنانی زۆرەملێ، هەستی عەدالەت ئاماژە بە پاڵنەرێک دەکات، کە وامان لێدەکات مونسیف بین، هەر لەبەرئەوەی ئەوانیتریش هەمان شت دەکەن. ئەمەش پایەی "یۆتۆپیای ڕیالیستی"ـیە ( Realistic Utopia)[59]، ئەمەش زەرووریـیە بـۆ سـەقامگیربی "کۆمەڵگەیەکی ڕێکخستندۆست"، لەهەمان کاتدا مەرجی کارابیەکەشیەتی. بەبڕوای ڕاوڵز، هەستی عەدالەت، وەک بەرهەمی دروستکردنی ئاوەزە ئەخلاقییەکان، سروشتی مرۆیی بۆ ئازادبوون و یەکسانیمان لەگەڵ ئەوانیتردا دەنوێنێتەوە، بەمەش لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی متمانە و دۆستایەتی و خۆشەویستیدا، "بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکدیدا ئاوێزان دەبین". ئایدیای ڕاوڵز،

---

[58]"یەکسانکردنی کاتی" (modus vivendi) گوزارەیەکی لاتینییە، بە واتا حەرفییەکەی "ڕێگای ژیان". دەتوانین وەها پێناسەی بکەین، ڕێککەوتنێکە کە ڕێگا بە دوولایەنی ناکۆکییەکان دەدات هەڵوێستەکە قبوڵ بکەن، بە واتای دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندی، یان چارەسەرێک، کە سروشتێکی گواستنەوەی یان کاتییان هەبێت، پێویستە میکانیزمێکی هەمیشەی وردەکارتر جێگای بگرێتەوە. بڕوانە هەڵوێستەی ڕاوڵز، لە یەکسانکردنەوەی کاتی: هەمان سەرچاوە، ل147.

[59]John Rawls, The Law of Peoples: with, The Idea of public Reason Revisited (Cambridge, Mass: Harvard University Press, 1999), p. 6.

دەربارەی سەرهەڵدانی "هەستی عەدالەت"[60]، پەیامی لە هەندێک فەیلەسوفی سەدەی هەژدەیەمەوە وەرگرتووە، (بەتایبەتیش هیوم و ڕۆسۆ)، هەستێک کە بەلای ئەمانەوە لە سروشتەوە نایەت، بەڵکو بەشێوەیەکی دەستکرد، لە فێربوون و نەریتەکانەوە دروست دەکرێت[61].

بە بڕوای ڕاوڵز، کۆمەڵگەی ڕێکخستندۆست، لە پێناو خۆشگوزەرانیی ئەندامەکانیدا دیزاین کراوە. بەڵام ئیدی ئەو کات مەترسیی هەبوونی جیایی و ناکۆکی لەنێوان پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی تاکەکان، ڕێزگرتن لە بنەماکانی عەدالەتدا سەرهەڵدەدات. ئەمەش واتای ئەوەیە پەروەردەکرنی ئاکاری شتێکی زەرووریيە بۆ دابینکردنی هاندەرە نوقسانەکان. لە ڕوانگەی ڕاوڵزەوە، ئەو خەڵکانەی بەگوێرەی بنەماکانی عەدالەت هەڵسوکەوت دەنوێنن، هەر بەگوێرەی ئەو بنەمایانەی، کە بەشێوەیەکی باشتر سروشتەکەیان وەک بوونەوەری عەقڵانی ئازاد و یەکسان دەردەبڕێت، بە سەربەخۆیی هەڵسوکەوت دەکەن، "پەروەردەی ئەخلاقی بریتییە لە پەروەردە لەپێناو سەربەخۆیی خودیدا"[62].

---

[60]Céline Spector, Au prisme de Rousseau: Usages Politiques Contemporains, Studies on Voltaire and the Eigteenth Centuryl; 2011: 8 (Oxford: Voltaire foundation, 2011).

[61]David Hume, A Treatise of Human Nature: A Critical Edition, Edited by David Fate Norton and Mary J. Norton, Clarendon Edition of the Works of David Hume, 2 Vols. (Oxford: Clarendon Press, New York: Oxford University Press, 2007)m p. 311.

[62]Rawls, A theory of Justice, p. 516.

لەپێنــــاو چەســــپاندنی ئەم مــــامەڵە دامەزراوەیــــی و ڕێکــارییەدا، ڕاوڵــز، وەک شــتێکی ســەرەتایی دەمانخــاتە حاڵەتێکی گریمانەییەوە، کە ناوی دەنێت "دۆخی ئەسڵی"[63]، لەم دۆخەدا گریمــانەی ئەوە دەکــات، هەمــوو تاکەکــان تاکەکەســی عەقڵانــین[64]، بۆیە لایەنەکـانی ئەم کـۆمەڵگەیە دەخــاتە ژێــر "پەردەی نەزانــی و جەهل"ــەوە[65]، لێــرەدا هەمــوو خاســیەتە کەســی یــان کۆمەڵایەتییەکانیــان لــێ دەشـارێتەوە[66]، بە جۆریک کە هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو بنەمایانە بنەخشێنێت، کە خزمەت بە دۆخێکی تایبەتی یان کەسێک بکەن، بۆیە بنەماکانی عەدالەت دەبنە بەرەنجامی ئــــاڵوگۆڕێکی مونســــیفانە[67]. بەڵام بەر لە ڕوانــــین لە دەرەنجامەکــانی ئەم پڕۆســــەی دانوســــتانە گریمــانەییە، پێویســــــتە شــــــوێنەوارەکانی ئەم دۆخە ئەســــڵییە و گریمانەکانی چواردەوری و ئەو میتۆدەی دایمەزراندووە، تاوتوێ بکەین.

بە بــڕوای ڕاوڵــز، بنیاتنــان و پاســادانکردنی تیــۆری عەدالەت، بە تەواوەتی لە بنیاتنـان و پاسـاودانی تیـۆرێکی گــرامەری دەچێــت، وەک چــۆن ئەرکــی ئەم تیــۆرەی دووەمیـانە ئەو بنەمایـانە دابڕێژێـت و شـرۆڤە بکـات، کە هەســتە گرامەرییەکەمــان لەســەریانەوە دادەمەزرێــت،

63 هەمان سەرچاوە، ل12.
64 هەمان سەرچاوە، ل142.
65 هەمان سەرچاوە، ل136-142.
66 هەمان سەرچاوە، ل18 و 136-142.
67 هەمان سەرچاوە، ل12.

هەستێک کە لە خۆیدا لایەنێکی سەرەکیی "لێهاتوویی" زمانەوانی ئێمەیە[68]، هەر بەوجۆرەش ئەرکی تیۆری عەدالەتیشە، ئەو بنەمایانە دابڕێژێت و شرۆڤەی بکات، کە هەستە دادپەروەرییەکەمان لەسەری دامەزراوە، ئەمەش واتە بەشێکە لە "لێهاتوویی"ـە ئەخلاقییەکەمان[69]. ڕاوڵز، گریمانەی بوونی بنەما هاوبەشەکان دەکات لەنێو زۆرینەی خەڵکیدا، لە چوارچێوەیەکی فراواندا کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی عەقڵانییەوە پەرەیان پێدەدرێت، ئەمەیش دەبێتە مایەی زۆرتربوونی بنەماکان و ڕیزبەندییە فەلسەفییەکان. پێویستە ئەم ڕیزبەندییە فەلسەفییە– بە ناچاری- بە بنەما ئەسڵییەکان پشتئەستوور بکەن، پاشان لە ڕێگەی دووبارە دارشتنەوە و پاکسازیی بنەما ئەسڵییەکانەوە و لێکدژییە مومکینەکان دووربخەنەوە. ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت هەتا کاتێک ئەو بنەما و ڕیسایانە بەدی دێن، کە هاوبەندیی کامڵیان لێوە هەڵدەهێنجرێت. ئەم پرۆسەیەیش شوێنەواری ڕیترۆئەکتیڤانە و خاسیەتی تێهەڵکێشکردنی بیروباوەڕە ئەخلاقییە، هەرە کاریگەرەکانمانی بە سیستەمی فەلسەفی تەباکاریی هەیە، بە ئەرگومێنتی لۆژیکی پشتیوانیی لێدەکرێت، ڕاوڵز، ناو لەم پرۆسەیە دەنێت "هاوسەنگی

[68] Noam Chomsky, Aspects of the theory of Syntax, Massachusetts Institute of Technology, Research Laboratory of Electronics, Special Technical Report; no. 11 (Cambridge, MA: MIT Press, 1965), pp. 3-9.
[69] Rawls, A theory of Justice, p. 41.

ئـــاوەژوویی"[70]. بەوەش دەســـتە و تـــاقمە جیاوازەکـــانی دۆخی ئەسڵی دەگەنە ڕێککەوتن لەسەر دوو بنەمای هەر کــۆمەڵگەیەک، کە هەوڵ بــدات کــۆمەڵگەیەکی دادپەروەر بێت، کە لە ڕاستیدا دەشێت لەنێویدا سێ بنەما لێکتر جیــابکرێنەوە، چــونکە بنەمــای دووەمیــان بنەمــایەکی دوولایەنەیە.

- **بنەمای ئازادی هاوتای یەکسانی**: هەموو کەسێک مــافی یەکســانی، لە سیســتەمێکی گشــتگیرتری ئــازادییە بنچینەیــیە یەکســانەکاندا بەرامــبەر بە هەمــوان هەیە[71]، "ئازادیی سەرەکی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی ئازادیی سیاســییە (مــافی دەنگــدان، خۆپــاڵاوتن بــۆ ناوەنــدە گشــتییەکان)، لەگەڵ ئــازادیی ڕادەبــڕین و کۆبــوونەوە، ئازادیی ویـژدان و ئـازادیی فیکـر، ئـازادیی کەسـی لەگەڵ مــافی خاوەنــدارێتیی (تــایبەت)، ئــازادیی نەگیــران و دەستبەسەردانەگیران، بەوجۆرەی کە بە چەمکی حوکمی یاسا دیاری کراون. هەموو ئەم ئازادییانە دەبێت یەکسان بــن بە پێویســتیی بنەمــای یەکەم، چــونکە پێویســتە هاووڵاتیــان لە کــۆمەڵگەی دادپەروەردا، هەمــان مــافی ســەرەکییان هەبێـت"[72]. ڕاوڵـز، ئەوە ڕوون دەکـاتەوە، کە "دەبێت هەموو ئازادییە سەرەکییەکان وەک یەک سیستەم هەڵبسەنگێنین"[73].

---

70 هەمان سەرچاوە، ل38.

71 هەمان سەرچاوە، ل250 و 302.

72 Rawls, A theory of Justice, p. 61.

73 هەمان سەرچاوە، ل203 و 250.

- **بنەمـای هەلـی یەکسـان**[74]: ئەم بنەمـایە دەڵێـت: نایەکسـانی لە ئیمتیـازاتە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانـدا، تەنیا ئەو کاتە شـایەنی پاسـاودانەوەیە، کە پەیوەست بێت بەو دۆخـانەوە، کە لای هەمـوان هەلێکـی دادپەروەرانە هەبێـت بـۆ قۆسـتنەوەی ئەو دۆخـانە و داگیرکردنـی پێگەکـان، هەروەهـا هەمـوو تاکەکـانیش بەهـرەی دیاریکراویان هەبێت[75]. ئەگەر لە ڕوانگەی ڕاوڵزەوە وەک سیستەمێکی دۆخە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە بڕوانین، کە وا گریمـانە دەکرێـت هەمـوان لە مـاوەی ژیانیانـدا داگیریان بکەن، دۆخگەلێک کە لە تاکەکانەوە پێشێلکردنیان دیاری کراوە (کرێکارێکی نەشارەزا، هونەرمەند، مامۆستا، جووتیـار و..هتـد)، ئەوا هەلـی یەکسـان بـۆ گەیشـتن بە هەمـوو ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییـانە بە بەهـرەی دیـاریکراو، واتای یەکسانی نییە لە نۆبەی داگیرکردنیاندا. بۆ نموونە، ئەگەر وڵاتانێک هەبن، کە زۆربەی کات تێیدا پیاو (لەچاو ژن) ببێتە سەرۆک کۆمار، ئەوا ئەمە بە زەرورەت مانـای پێشێلکردنی بنەمای یەکسانیی مونسیفانەی هەلی یەکسـان نییـە. لەبەرئەوە نـا کە ژنـان لە بـوون بە سـەرکۆماردا لە

74 هەمان سەرچاوە، ل302.

75 گرنگە لێرەدا جەخت لەسـەر ئەوە بکەینـەوە، کە ڕاوڵـز، هەوڵـادات بـۆ وەدیهێنانی هاودەرەنجامی، بەڵکو بۆ وەدیهێنانی هەلی یەکسـان هەوڵدەدات، ئەویش بەوەی هەمووان بخاتە هەمان ئاستی "دەروازەی دەستپێکردن"ـەوە، بە دەبرینی ڕۆناڵد دۆرکین.

Ronald Dworkin, "What Is Equality?, Part 2: Equality of Resources", Philosophy and public Affairs, vol. 10, no. 4 (Autumn 1981), pp. 185-246 and 283-345.

پیـاوان کەمبەهرەتـرن، بەڵکـو دەشـێت لەبەرئەوە بێـت، کە ئـارەزووی ژن لە هـی پیـاو، بـۆ وەرگرتنـی ئەم وەزیـفەیە کەمتـر بێـت. لەم ڕوانـگەیەوە نایەکسـانی لە ئەگەرەکانـدا بەهــۆی نایەکســانییەوەیە لە تەفــزیلات و زەوقەکــان و خولیاکانــــدا، بەڵام ئەوەی نــــادادپەروەرانەیە تەنیــــا نایەکسـانییە لە "توانـای گەیشـتن بە"دا. لێـرەدا مەسـەلەکە پەیوەسـتە بەکـۆتکردنێکی گـرنگەوە، کە بنەمـای یەکسـانی مونسـیفانە لە هەلەکانـدا دەکـاتە لێکدانەوەیەکی سـاکار بـۆ یەکســانیی هەلەکــان. لەســەرووی ئەمەشــەوە، لەڕێــگەی دیــاریکردنەوە بە "بەهــرە دیاریکراوەکــان"، ئەم بنەمــایە تێدەکۆشـێت بـۆ بێلایەنکردنـی جیاوازییەکـانی نێـوان ئەو کەسـانەی کە بەهـرەی جیاوازیـان هەیە، ئەمەش–دەرهەق بە ئیمکــانی گەیشــتن بە دۆخێکــی کــۆمەڵایەتی– هەر بە ســادەیی، کــاریگەریی هەر فــاکتەرێکی دیــکەی جــگە لە بەهرەمەنـدی لەکـار دەخـات. مـاوەتەوە بنەمـای پێویسـتی هەلی یەکسان، ئەم بنەمایە گریمانەی جیاکاریی نێوان پیاو و ژن، نێـوان کـۆمەڵە نەژادیـیە جیاوازەکـان ناکـات، یـان لەســەر بنەمــای زمــانی دایــک جیاکــاری ناکــات، بەڵکــو گریمانەی دامەزراندنی سیستەمێکی فێرکاری بێبەرامبەر و ناچــاری و کــاریگەریش دەکــات، بەجۆرێــک کە لەوەدا ســەرکەوتوو بێـت، تـا دەکرێـت کاریگەرییەکـانی ئەسـڵی کــۆمەڵایەتی لە ڕێــڕەوی ئەنــدامەکانی کــۆمەڵگەدا بــێ کاریگەر بکات. هەروەها گریمانەی دامەزراندنی سیستەمی

یەکسان بۆ میراتەکان دەکات، گریمانەی سیستەمێکی مونسیفانەی جیاکاریی پۆزەتیڤ دەکات[76]. ئەم بنەمایەی دووەم، لە ڕاستیدا، تا ئەو ڕادەیە ناجێگیرە، کە خەریکە دەبێتە بنەمایەکی ناواقیعی، تەنانەت ئەگەر ئەمە بەهۆی حەقیقەتێکی سادەیشەوە بێت، کە بوونی خێزانە وەک دامەزراوەیەک کە بنەمای یەکەم دەیپارێزێت، بەتایبەتیش ئازادیی کۆمەڵگا. پاشان، لەبەرئەوەی خێزان هەیە، ئەوا هەلی ئەو تاکانەی، کە لە خێزانە جیاوازەکانەوە پێدەگەن، بەدرێژایی ژیانیان یەکسان نییە، تەنانەت لە حاڵەتی نەبوونی جیاوازی لە سامانی نێوانیشیاندا. نایەکسانی لە دابەشکردنی خەندە و سۆز و میهرەبانی و چاودێری لەنێو خێزانەکاندا ڕۆڵێکی هەیە، کە ڕەنگە بۆ چارەنووسی ئەو تاکانەی لەم ژینگە نالێکچوانەوە پێدەگەن، گرنگییەکەی کەمتر نەبێت، لە نایەکسانی لە سامانەکانیاندا.

- **بنەمای مەودای جیاوازی**[77] **(یان بنەمای ماکسیمەم**[78]**)**: دەروازەی دووەم بۆ پاساودانەوەی نایەکسانی لە ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، بریتییە لە بەشداربوون لە چاککردنی دۆخی ئەو تاکانەی

76 وردەکاری زیاتر لەبارەی ئەم ڕەهەندانەوە لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا باسکراوە.

77 Rawls, A theory of Justice, p. 76-80.

78 پێوەری ماکسمەم واتە "گەورەکردنی کەمتر" (Maximum Minimorum)، بە واتای گەورەکردنی نیشاندەرەکانی ڕیشە بەرایییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوانەی لە کۆمەڵگەدا لە دۆخی چانسی کەمتردان.

که چانسێکی کەمتریان لە کۆمەڵگەدا هەیە. ئەم بنەمایە پشت بەوشتە دەبەستێت، کە ڕاوڵز ناوی دەنێت ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و، سامان و داهات و دەسەڵاتەکان و ئیمتیازاتە پەیوەستەکان بەو دۆخە کۆمەڵایەتییانەوە، دواتر خۆشگوزەرانی دەخاتە سەر ئەوانیتر. ئەوەی پێویستە تا ئەوپەڕ ئاستێک بەرز بکرێتەوە، ئیمتیازاتە سۆسیۆ-ئابوورییە ڕاستەوخۆکان نییە، (بۆ نموونە داهات)، بەڵکو ئاسۆکان و ئومێدەکان و چاوەڕوانییەکانە. ناوەڕۆکی ئەم بنەما ئاڵۆزەی مەودای جیاواز، خۆی ملکەچی بنەمای یەکسانیی مونسیفانەیە لە هەلدا، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی چانسی کەمتریان لە کۆمەڵگەدا هەیە، دەتوانن چاوەڕوانی چارەنووسێکی باشتر بن وەک شتێکی مومکین، بەجۆرێک ئەو تاکانەی لە خراپترین دۆخدا -، کە تێیدا چاوەڕوانییەکان کەمترە-، پشکێکی نێوەندگیری باشتر لە هی ئەو کەسانە بەدەست دەهێنن، کە لەهەر فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی دیکەی مومکیندا، دۆخێکی خراپتریان هەیە. دەکرێت ئەم ئایدیا جەوهەرییە لای ڕاوڵز، بەم جۆرە سادە بکەینەوە: با گریمانەی ئەوە بکەین، کە ئێمە سامانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو تاکەکەسانیدا دابەش دەکەین. ئەگەر هەموان هەر لە پێشترەوە بزانین، سامان بەشێوەیەکی بەردەوام بەسەر هەمواندا دابەش دەکرێتەوە، تاوەکو سامانی هەموان وەکو یەک و هاوتا بێت، ئەوا زۆر ڕێی تێدەچێت تێکڕای هاندەری کار و فێربوون و وەبەرهێنان و پاشەکەوتکردن بەشێوەیەکی بەرچاو داببەزێت، دواجار

ئەوەی بۆ هەر کەسێک لەبەردەستدایە، لەوە کەمترە، کە دەشێت ئەو کەسانە لە حاڵەتی نایەکسانیدا هەیانبێت. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەوەی دەتوانێت پاساوی نایەکسانی بدات، تەنیا ئەوەیە، کە قوربانییەکان لێی سوودمەندن. ئەگەرچی ئەم ئایدیایە پارادۆکسیکاڵە، کەچی لە بنەڕەتدا ئەوەیە، کە نایەکسانی ڕەوایە ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام سوودی بۆ ئەوانە هەبێت، کە لە کۆمەڵگەدا دەستکورتن. ئەمەش واتە، ئەوانەی بەختێکی کەمتریان هەیە، ئەوانەی کە لە خراپترین دۆخی کۆمەڵایەتیدا گیریان خواردووە، دەتوانن ئومێدی باشتری مومکینیان هەبێت، جا ئایا بێ چانسییەکەیان بەهۆی ئەو خێزانەوە بێت کە تێیدا لەدایک بوونە، یان لە ژینگەیەکی دیاریکراودا یان بە بەهرەی دیاریکراوەوە، یان بەگوێرەی هەر دۆخێکی ناکاوی جۆراوجۆر بێت، کە لە ژیانیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

بنەما ڕاوڵزییەکان بەرهەمی بوونیادێکی هیرارشی یان "ئەبجەدی"[79] دامەزراون، یەکەمجار لە تەرخانکردنی ئازادییە سەرەکییە بەرابیەکانەوە، پاشان پێداگری لەسەر

79 سیستەمی "زنجیرەیی" یان "موعجەمی" ئەو سیستەمەیە، کە "لێماندەخوازێت بنەمای یەکەم،لە ڕیزبەندییەکە دابنین بکەین بەرلەوەی بتوانین بپەڕینەوە بۆ بنەمای دووەم، دووەمیش تێر بکەین بەرلەوەی بتوانین لە سێیەمەوە بڕوانین، ئیدی بەم جۆرە. هیچ بنەمایەم بەهەند وەرناگیرێت، تاوەکو هەقی تەواو بەو بنەمایانە نەدات، کە لە پێشییەوەن دەنا جێبەجێ ناکرێت. ڕیزبەندی زیجیرەیی دواتر پێویستی هاوتاکردنەوەی ڕەهای بنەماکان وەلادەنێت". بڕوانە:
Rawls, A theory of Justice, p. 43.

هەلی یەکسان[80]، بەڵام "بنەمای ماکسیمەم"، ئەوەیە، کە ئەولەویەت بە بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی گرووپە کەم-چانسترەکان لە کۆمەڵگەدا دەدات، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی، کە ئەوەندە بەسە دۆخی ئەو گرووپانە باشتر بکرێت، کە لە دۆخێکی خراپتردان، تاوەکو دۆخی کۆتایی لە دۆخی یەکەمیان دادپەروەروانەتر بێت[81]. جا لەبەرئەوەی بنەمای ڕاوڵزیی "دوولایەنە"ی دووەم، دوو مانای دیاریکراوی سەربەخۆ لەیەکتر لەخۆ دەگرێت، (مانای "بەرژەوەندی هەر کەسێک"، مانای "یەکسان بۆ هەموان")، ڕاوڵز پەنا دەباتە بەر زەقکردنەوەی چوار لایەنی مومکین بۆ لێکدانەوەی ئەم بنەمایە، ئەوەش بەخاتری ڕوونکردنەوەی زیاتر و ڕەواندنەوەی تەمومژەکانی. ئەو چوار سیستەمە گریمانەییەیش ئەمانەن:

---

80 هەمان سەرچاوە: ل250.

81 پێوەری ماکسیمەم ئەوەندەیش مونسیفانە نییە، کە ڕاوڵز بۆیچووە، چونکە تەنیا تەرکیز دەخاتە سەر چارەنووسی ئەوانەی، کە لە کۆمەڵگەدا زیاتر بێبەشن، بە تەواوی دۆخی تاکەکانی کۆمەڵەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە فەرامۆش دەکات. بۆیە دەبینین هەندێک لە بیرمەندان، لە پێش هەموویشیانەوە ئەمارتیا سین، بەرگری لە نوسخەیەکی وردەکارتر لە پێوەری ماکسیمەم دەکەن، ئەویش پێوەری "لێکسیمین" (Leximin)ـە، کە ئەولەویەت بە گرووپە هەرە بێبەشەکان دەدات، پاشان گرنگی بەوانە دەدات، کە لەچاو ئەوانیتردا بێبەش دیارن و بەمجۆرە. بۆیە دەتوانین وەها دابنێین پێوەری لیکسیمین لە تیۆرە هاوچەرخەکانی یەکسانیدا، گوزارشتێکی قووڵتر و وردترە.

**خشتەی ژمارە (1)**

**چوار لێکدانەوە بۆ بنەمای ڕاوڵزیی دووەم**[82]

| | بەرژەوەندی هەرکەسێک | |
|---|---|---|
| یەکسانی بۆ هەموان | بنەمای کارایی | بنەمای ماکسیمەم |
| یەکسانی دیاریکراو بەو وەزیفانەی بۆ بەهرەکان هەڵکەوتوون | سیستەمی ئازادیی سروشتی | ئۆرستۆکراسیەتی سروشتی |
| یەکسانیی دادپەروەرانەی هەلەکان | یەکسانیی لیبڕالیستی | یەکسانی دیموکراتیانە |

- سیستەمی ئازادیی سروشتی هاوڕێژە لەگەڵ گریمانەی بازاڕی کێبەرکێکاریدا لای ئادەم سمیس، بەگوێرەی بنەمای کارایی (لای پارێتۆ)، هیچ کەسێک لەم حاڵەتەدا ئەوە نابینێت، کە حاڵەتەکەی لە بەرژەوەندی ئەویتر دەشڵەژێت، ئەگەر لێبگەڕێین بەهرە سروشتییەکان بە ئازادییەوە، بەگوێرەی بنەمای یەکەم، گوزارشت لە دەروونی خۆیان بکەن، ئەوا کۆمەڵگە تا لە توانایدا بێت ئەوپەڕی توانستی ئابووری وەدی دەهێنێت، کە دەشێت ببێتە بەرژەوەندیی ئەو گرووپانەی لە کۆمەڵگەدا چانسێکی کەمتریان هەیە[83].

---

[82]Rawls, A theory of Justice, p. 65.

83 هەمان سەرچاوە، ل72.

- **سیستەمی یەکسانی لیبڕالی،** ئەو دۆخە دەنوێنێتەوە، کە تێیدا ئاستەنگە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هەموار دەکرێن، ئەمەش توانستی ئابووری پشتئەستوور دەکات، چونکە هەلی ئەوە بە کەم-تواناترەکان دەدات، دۆخە کاراترەکان لە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا داگیر بکەن[84].

- **سیستەمی ئەرستۆکراسییەتی سروشتی،** کە ڕاوڵز بە وردەکاری و بیرتیژییەوە تاوتووێی نەکردووە، بەڵکو بەگشتی ناساندوویەتی، ئەویش بە پشتبەستن بەو گوزارە فەرەنسییەی کە دەڵێت: "خانەدانەکان قەزاوەت دەکەن"، ئەمەش ئاماژە بۆ ئەو ئەرکە ئەخلاقییانە دەکات، کە خانەدانەکان بەرامبەر ئەوانە هەیانە، کە لە کۆمەڵگەدا چانسیان کەمترە[85].
- **سیستەمی یەکسانیی دیموکراسی،** کە تەبایە لەگەڵ هەڵوێستی ڕاوڵزییانەدا، لەبەرئەوەی بەندە بە هەلی مونسیفانەی یەکسانەوە[86].

بەگوێرەی ئەم مەنزومە ڕاوڵزییە، ئەگەر لە شڵەژانەکانی دۆخی ئازادیی سروشتییەوە بڕوانین، ئەوا هەر سیاسەتێک بۆ بەگژداچوونەوەی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا، دەتوانێت یان ئەو فۆڕمانەی نایەکسانی بپێکێت، کە "ڕیشەی سروشتی"یان هەیە، یان ئەو فۆڕمانەی نایەکسانی، کە "ڕیشەی کۆمەڵایەتی"یان هەیە، ئەمەیش لە خشتەی ژمارە (2)دا ڕوون دەکەینەوە:

---

[84]Rawls, A theory of Justice, p. 73.

85 هەمان سەرچاوە، ل74-75.

86 هەمان سەرچاوە، ل75.

## سیاسەتی بەگژداچوونەوەی نایەکسانی کە ڕیشەی سروشتی و ڕیشەی کۆمەڵایەتییان هەیە

| | | بەگژداچوونەوەی نایەکسانی کە ڕیشەی سروشتی هەیە | |
|---|---|---|---|
| | | بنەمای کارایی | بنەمای ماکسیمەم |
| بەگژداچوونەوەی نایەکسانی کە ڕیشەی کۆمەڵایەتی هەیە | یەکسانی فۆرماڵ لە هەلدا | دۆخی أ سیستەمی ئازادیی سروشی | دۆخی ب ئەرستۆکراسیەتی سروشتی |
| | یەکسانی کردەیی لە هەلدا | دۆخی ج یەکسانی لیبڕالی | دۆخی د یەکسانی دیموکراتی |

ئەگەر وا دابنێین، کە سیستەمی ئازادییە سروشتییەکان (دۆخی أ)، "دۆخی سروشتی" دەنوێنێتەوە، ئەوا سیاسەتەکانی بەگژداچوونەوەی ئەو نایەکسانییەی، کە ئەسڵی سروشتیی هەیە، لە بنەڕەتدا پێویستی بە ڕێکخستنە ئەخلاقی و خێرخوازییەکان هەیە، لە بەرژەوەندیی بێبەش، بێچانسەکانی نێو کۆمەڵگە، پاشان، ڕۆیشتن بەرەو سیستەمی ئەرستۆکراسییەتی سروشتی (دۆخی ب)، لەکاتێکدا سیاسەتەکانی بەگژداچوونەوەی ئەو نایەکسانییانەی، کە ڕیشەی کۆمەڵایەتییان هەیە، لە بنەڕەتدا پێویستی بە ڕێکخستنی دامەزراوەیی ڕێکاری هەیە بەرەو وەدیهێنانی هاوتایی و یەکسانییەکی ڕاستەقینە و ڕۆیشتن بەرەو سیستەمی یەکسانیی لیبڕالی

(دۆخــی ج). بەڵام ڕاوڵــز، پێــی وایە هەردوو سیســتەمەکە (سیستەمی سروشتی و یەکسانیی لیبڕالی) جێگیر نین[87]، تاکە سیستەمی جێگیر ئەوەیە، کە بتوانێت هەردوو بنەمای هەلــی یەکســانی کردەیــی (یــان مونســیفانە)، بنەمــای ماکســیمەم کــۆ بکــاتەوە، ئەمەیــش وا دەکــات هەمــوو سیاســەتەکانی بەگژداچــوونەوەی نایەکســانی، چ ئەوانەی ڕیشــــەی سروشــــتییان هەیە، چ ئەوانەی ڕیشــــەی کۆمەڵایەتییــــان هەیە، لە دواجــــاردا بەرەو سیســــتەمی یەکســانیی دیمــوکراتی بچــن (دۆخــی د): "لێکــدانەوەی دیموکراتی (...)، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بنەمای یەکسانیی مونسیفانەی هەلەکان و بنەمای جیاوازیدا وەدی دێت. ئەم بنەمـایەی دووەمیـان "نادیـاریکراوی" بنەمـای کـاراییی [لای پــــارێتۆ] لادەبــــات، لە ڕێــــگەی جیاکــــاریی دۆخێکــــی دیــاریکراوەوە، کە دەبێــت لە ڕێــگەیەوە حــوکم لەســەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بوونیادە سەرەکییەکە بــــدرێت. بە گریمــــانەی ئەوەی، کە چوارچێــــوەی دامەزراوەکــان پێویســتی بە ئــازادیی هاوتــا، یەکســانی مونســــیفانە هەیە لە هەلەکانــــدا، ئەوا چــــاوەڕوانییە بەرزترەکان لەوانەی کە لە دۆخێکی باشتردان، تەنیا ئەو کاتە [بە مەرجێکی دڵنیایانە] دادوەرانەیە، کە وەک بەشێک لە نەخشــەیەک کــار بکــات، کە ئەم نەخشــەیە چــاوەڕوانی ئەو تاکەکەســانەی وا لە کــۆمەڵگەدا چانســی کەمتریــان هەیە، بباتە سەرەوە[88].

---

[87] Rawls, A theory of Justice, p. 74.

[88] هەمان سەرچاوە، ل75.

ئەوەی لای ڕاوڵز سیستەمی یەکسانیی دیموکراتیی پێدەناسرێتەوە، ئەوەیە کە گریمانەی قبوڵکردنی پێشوەختەی دۆکترینی ئایینی یان فەلسەفی یان ئەخلاقی گشتی ناکات. ئەمەش واتای ئەوە نییە، کە خەڵکی بۆ نموونە، لە ڕووی یاساییەوە لێیان قەدەغە دەکرێت پاساوی ئایینی پێشکەش بکەن: "خەڵکی ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن ئەرگومێنت لە کتێبی پیرۆز بهێننەوە. بەڵام دەمەوێت ئەوەیش ببینن، کە دەبێت ئەو ئەرگومێنتانە بهێننەوە کە بشێت هەموو هاووڵاتە ئاوەزمەندەکان پەسەندی بکەن"[89]. ئەمەش واتای ئەوەیە لای هەموو هاووڵاتیان هۆکاری کردەیی هەیە، بۆ وەلانانی ئەرگومێنتی ئایینی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ئەوانیتر هیچ هۆکارێکیان نەبێت بۆ پەسەندکردنی یان قبوڵکردنی ئەم ئەرگومێنتانە[90].

[89]John Rawls, "Commonweal interview with John Rawls" in: John Rawls, Collected papers, Edited by Samuel Freeman (Cambridge, Mass: Harvard University Press, 1999), p. 620,

90 ڕەنگە خستنەڕووی پەرەسەندنی مامەڵەی خودیی، لە ڕوانگەی ئایینییەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لای نووسەری ئەمریکی بەهایەکی واتاداری هەبێت سەبارەت، بەم بۆچوونەی بۆ فرەیی کۆمەڵی، ڕاوڵز لە تەمەنی گەنجێتیدا تا ڕادەیەکی زۆر ئیماندار بوو، تا ئەو ڕادەیەی، کە لە دوای تێزەکەی لە ساڵی 1942دا، لە زانکۆی برنستۆن، بە ناونیشانی "لێکۆڵینەوەیەکی کورت لە مانای گوناهـ و ئیمان"، بیری لەوە کردەوە بڕوات، بۆ پەیمانگای تیۆلۆژی ڤێرژینیا تاوەکو لە بواری کەشیشیدا خۆی پێبگەیەنێت، بەڵام لەبری ئەمە لە سوپای ئەمریکیدا کرا بە سەرباز، بۆ ماوەی دوو ساڵ نێرردرا بۆ زەریای هێمن. ئەم ئەزموونەی لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کاریگەرییەکی زۆری لێکرد وایلێکرد واز، لە

تیۆری عەدالەتی ڕاوڵزی، لەم ڕێگەیەوە بوارێکی بێ-پێشینەی بۆ تیۆریزەکردنی پێوەرکاریانەی تیۆری عەدالەت کردەوە، لەمەیشدا زۆرێک لە تیۆرییە هاوچەرخەکانی دیکە دەربارەی یەکسانی لەگەڵیدا بەشدارییان کرد، لە پێش هەموویشیانەوە شێوازی مامەڵەی "ئەمارتیا سین" لەگەڵ یەکسانی و ئازادیی ڕاستەقینەدا.

---

ئیمانە ئاینییەکەی پێشتری بهێنێت، "چۆن دەتوانم نوێژ بکەم، داوا لە خودابکەم یارمەتی خۆم و خێزانەکەم و وڵاتەکەم و هەرشتێکی تر بدات، کە بەلامەوە ئازیزن، لە کاتێکدا خودا ملیۆنان یەهودیی لە دەستی هیتلەر ڕزگار نەکرد؟ کاتێک لینکۆڵن شەڕی ناوخۆیی ئەمریکی وەک سزای خودا بۆ گوناهی بەندەکاری و کۆیلایەتی تەفسیر کرد، وەها بە خودای دەڕوانی کارێکی دادپەروەرانەی کردووە. بەڵام ڕەنگە هۆلۆکۆست بەم جۆرە تەفسیر نەکرێت، هەموو هەوڵەکانی بۆ کارێکی لەم جۆرە، کە خوێندبێتمنەوە، هەوڵی پووچ و نابەجێن. بۆ لێکدانەوەی مێژوو وەک دەبری ویستی خودا، پێویستە ویستی خودا، لەگەڵ ئایدیا بنچینەییەکانی دادپەروەریدا، بەو جۆرەی دەیزانین، بگونجێت. ئەی بۆ چ شتێکی تر عەدالەت لەوەیش زیاتر سەرەکییە؟ لەبەرئەمە بەخێرایی ئائدیای سەروەریی ویستی خوداییم ڕەتکردەوە (...)، مانگان و ساڵانی دوای جەنگ، وایان لێکردم هەتابێت زیاتر چەندین دۆکترینی سەرەکی مەسیحی ڕەت بکەمەوە، کە هەتابێت زیاتر سەیر و نامۆ دەهاتنە بەرچاوم". بڕوانە:

John Rawls, A Brief Inquity in to the Meaning of Sin and Faith: With "On my Religion", Edited by Thomas Nagel; with Commentaries by Joshua Cohen, Thomas Nagel and Robert Merrihew Adams (Cambridge, Mass: Harvard University Press, 2009), p. 263.

## ( 2 )

# ڕەخنەی مارکسیستی لە تیۆری ڕاوڵز

لە ماوەی سی ساڵ ڕابردوودا، مشتوومڕی فیکری لەنێوان مارکسییەکان و ڕاوڵزییەکاندا، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین مشتوومڕەکان لە فەلسەفەی سیاسی نۆمۆسیدا. دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "تیۆری عەدالەت"، نووسەرە چەپەکان (بەتایبەتیش فەیلەسوفە مارکسییەکان) وایاندایە، قەڵەم ڕوانگەی ڕاوڵز وەک پێویست نەچۆتە پێشەوە، ئەمەش وایکرد بەتایبەتی بۆچوونی ئەو دەربارەی عەدالەتی بەشکاریی ببێتە تەوەری هێرشێکی توند. مارکسییە دژە ڕاوڵزییەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێشنیارە دامەزراوەییەکانی ڕاوڵز، هیچ نییە جگە لە پاساودانەی ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان، لەبەرئەوەی پێشنیارەکانی سەبارەت بە دامەزراوە دادپەروەرەکان، تەنیا بەندە لەسەر ڕێکارەکانی "دووبارە دابەشکردنەوەی داهات"، نەک "دووبارە دابەشکردنەوەی سەرمایە".

وەڵامی ڕاوڵز، لە بنەمادا ئەو قسەیە دەنوێنێتەوە، کە پڕۆژەکەی بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر بەها دادپەروەرانەکانی ئازادییە سیاسییەکان و یەکسانی دادپەروەرانە لە هەلەکان و بنەمای یەکسانی، بەجۆرێکە، کە هەوڵنادات بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی سەرمایە ئەوەندەی هەوڵدەدات، بۆ لەناوبردنی "کۆبوونەوە"ی سەرمایە لە دەستی کەمینەیەکدا. بە دیاریکراوتر، ڕاوڵز،

پێـــی وایە چەمکـــی ئەو دەربـــارەی "دیموکراســـییەتی دەستڕاگەیشــتنی هەمــوان بە خاوەنــداریێتی موڵکــایەتی"، وەڵامێکــی ڕاســـتەوخۆیە بـــۆ پەڵـــپە مارکســـییەکان لە تیۆرەکەی دەربارەی عەدالەت[91].

بەرلەوەی وردەکارییەکانی ئەم مشتوومڕە دەوڵەمەندە بخەیــنە ڕوو، ســـەرەتا گرنگتــرین کۆڵەکەکــانی تیــۆری عەدالەت، لە فیکــری مارکســیزمدا بیــر دەخەیــنەوە. بەلای مارکسـییەکانەوە، بوونیـادی دەسـەڵات لەلایەن پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـــــانەوە دیاریـــــدەکرێت، واتە لەلایەن ئەو شــێوازەی بەرهەمهێنــانەوە، کە لای خــۆیەوە چــۆنییەتی دابەشــکردنی ســامانەکان دیاریــدەکات. جــا لەبەرئەوەی سروشتی ناهاوشێوەیی پەیوەستە بەسروشتی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوا بایەخی ئەوان ئەوەندەی تەرکیز دەخـــاتە ســـەر ئەو هۆکـــارە بوونیادییـــانەی، کە ئەم ناهاوشێوەییە بەرهەم دەهێنێت، هێنـدە لەسـەر ڕێکخسـتنی ئەم ناهاوشـــێوەییانە چـــڕ نـــابێتەوە. بـــۆیە زۆرجـــار ماتریالیزمی مێژوویی وەکو بەشێوەیەکی تەواو نێگەتیڤ وەسـف دەکرێـت، بەو واتـایەی ئەوەنـدەی بەشـێوەیەکی "نێگەتیڤ"ـانە، نـاکۆک بە سـەرمایەداری پێناسـە دەکرێت، هێندە بە خاسییەتەکانی خودییەکانی خۆی (پۆزەتیڤەکـان)، پێناســە ناکرێـت. بە دەربڕینێکـی دیـکە، مارکسیسـتەکان گریمـــانەی ئەوە دەکەن، کە سۆســـیالیزم و کۆمـــۆنیزم

[91] John Rawls: Lectures on the History of political philosophy, Edited By Samuel Freeman (Cambridge, Mass,: Harvard University Press, 2007)p. 321.

بەدوای سەرمایەداریدا دێن، نەک لەبەرئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە لە سەرمایەداری خۆبژێوترن، یان لەبەرئەوەی لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەرزترن، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە عادلترن، بەڵکو لەبەرئەوەی بە عەقڵانییەوە دژ بە لێکدژییەکانی سەرمایە و بێتوانایی سەرمایەداری بۆ تێرکردنی پێداویستییە مرۆییەکان خۆیان دەسەپێنن. ئەو پرسیارەی، کە بێوەڵام ماوەتەوە، ئەمەیە: داخۆ دواتر ئەم حەتمیەتە مێژووییەی لای مارکس و مارکسیستەکان سەربەخۆیە لە حوکمە پێوانەییەکان، پاشان لە بۆچوونێکی دیاریکراودا بۆ عەدالەت، کە چەوساندنەوە و نامۆکردن و هەموو فۆڕمەکانی هەژموون ڕەت دەکاتەوە؟

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کە وێنای مارکس بۆ عەدالەت، بە تەواوی ناڕوون و لێڵە. لەلایەکەوە، مارکس سەرزەنشتی عەدالەت دەکات، وەک جۆرێک لە وەهمی ئایدیۆلۆژی، کە بۆرژوازیەت لە ڕێگەیەوە ڕەوایەتی دەبەخشێتە حوکمەکانی خۆی. لەلایەکی دیکەیشەوە، مارکس لە چەندین شوێندا، قسەی گاڵتەجاڕانە لەسەر عەدالەتی سەرمایەداری دەکات، وا دەردەکەوێت بەوە سەرمایەداری سەرزەنشت دەکات، کە ناعادلە. بەمەش دەتوانین، بەشێوەیەکی گشتی، دوو لێکدانەوەی سەرەکی بۆ بۆچوونی مارکسدا سەبارەت بە عەدالەت، لێک جیا بکەینەوە[92].

92 بە چاوپۆشی لەو هەڵوێستە شازەی، کە ئالین وود، بەری لێدەکات، دەڵێت ئایدیای مارکس ئەوەیە پەیوەندی نێوان کرێکار و سەرمایەدار

- **لێکدانەوەی یەکەم:** لای جیراڵد کوهین، جۆن ئەلیستەر و جۆن ڕاوڵز دەبینینەوە[93]. ئەم سێ فەیلەسوفە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە مارکس بەوە سەرزەنشتی سەرمایەداریی کردووە، کە ناعادلە، نەک تەنیا بە حوکمی مێژوو لێی نائومێد بووبێت، لەمەشدا پشت بە چەندین بڕگەی کتێبی "سەرمایە" دەبەستن، پشت بە تێڕوانینی مارکس دەبەستن بۆ خاوەندایەتیی تایبەتی. هەریەکە لە ڕاوڵز و ئەلیستەر کوهین ئاماژە بەو لێکدژییانە دەدەن، کە لەنێوان جەخت و پێداگرییەکانی مارکسدا هەیە، لەسەر ئەوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان بەگوێرەی پێوەرە سەرمایەدارییەکان نابەرامبەرن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە، وەسفی مارکس بۆ خاوەنداریەتی و پەیوەندییە کرێکارییەکان وەک "دزی". بۆ دەرچوون لەم لێکدژییە، هەرسێ نووسەرەکە دەگەنە ئەو ئەنجامەی، کە مارکس پێی وابووە هەر کاتێک سەرمایەداری، بەگوێرەی بۆچوونی سەرمایەدارییش دەربارەی عەدالەت دزی لە کرێکار نەکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەجۆرێکی دیکەی "گۆڕین-مێژوویی" (Transhistorical) هەر ئەم دزییەی لێ دەکات.

---

پەیوەندییەکی دادپەورەرانە بێت، مافی هیچ یەکێکیان نەخورێت، ئەم قسەیە لە مارکس دەگوازێتەوە، کە "خاڵی ئەرخەمیدس" بوونی نییە تاوەکو بکرێت لێیەوە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان هەڵسەنگێنین، هیچ ڕاگەیاندنێکی ئەخلاقییش بوونی، کە بشێت بخریتە ڕوو، بوونی نییە. بڕوانە:

Allen W. Wood, Karl Marx, arguments of the Philosophers, 2[th]ed. (New York : Routledge, 2004) p. 43.

93 زۆربەی خوێنەرەوانی مارکس هەمان ئاڕاستەیان هەیە.

بە بڕوای کوهین و ڕاوڵز و ئەلیستەر، ئەمە بنچینەکی سەرزەنشتە ئەخلاقییەکەی سەرمایەدارییە لەلایەن مارکسەوە[94].

– **لێکدانەوەی دووەم،** کە هەریەکە لە "ستیڤن لۆکس" و "ئەلین بوکانان" بەرگریی لێدەکەن، لێکدانەوەیەکی ئالۆزترە. لەلایەکەوە، هەردوو نووسەرەکە پێکەوە هێرشێکی توند دەکەنە سەر هەڵوێستی ئالین وود کە پێی وایە بەگوێرەی بۆچوونی کارل مارکس، پەیوندیی نێوان کرێکار و سەرمایەدار، پەیوەندییەکی عادلانەیە، بۆیە ئەو دوو نووسەرە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە مارکس "بە کردەیی" پێی وابووە پەیوەندیی نێوان سەرمایەدار و کرێکار ناعادلە. بەڵام وا دەردەکەوێت ئەمان بەرگری لەوە دەکەن، کە ئەم دۆخە لە بۆچوونێکی گۆڕین-مێژووییەوە بۆ عەدالەت هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو مارکس ڕەخنەی لە هەناوی سەرمایەداری گرتووە، ئەو لۆمەی پەیوەندییە سەرمایەدارییە باوەکانی کردووە، کە لەسەر بنچینەی پێوەری خودی سەرمایەداریی بۆ عەدالەت دامەزراوە[95].

---

[94] Gerald Allan Cohen: "Review of Allen Wood's Karl Marx", Mind, vol. 92, no. 367 (July 1983), pp. 440-445, and History, Labor, and Freedom: Themes from Marx (Oxford: Clarendon Press; New York : Oxford University Press, 1988), p. 301; Jon Elster, Making sense of Marx, Studies in Marxism and Social Theory (Cambridge, New York: Cambridge University Press; Paris: Editions de la Maison des sciences de l'homme, 1985), p. 225, and Rawls, Lectures on the History of political philosophy, pp. 342-344.

[95] Steven lukes, Marxism and Morality, Marxist Introductions (Oxford: Clarendon Press; Oxford University Press, 1985) and Allen B. Buchanan, Marx and Justice: The Radical Critique of

لەگەڵ ئەوەیشدا، هەردوو نووسەرەکە لەوەدا جیاوازن، کە لۆکس جەخت لەوە دەکاتەوە مارکس ڕەخنەی دەرەکی سەرمایەداریشی کردووە، لە ڕێگەی ئەمەیشەوە لە قۆناغە نزمەکانی کۆمۆنیزمی ڕوانیوە، وەک کۆمەڵگەیەکی عادلتر لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری[96]، لەکاتێکدا بوکانان، دابەشکارییەکی وەها ئاڵۆز ناخاتە ڕوو، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لە بۆچوونی مارکسدا کۆمۆنیزم دەبێتە کۆمەڵگەیەکی "سەروو عەدالەت"، چونکە سامانی زۆر لە قۆناغی کۆمۆنیزمیشدا هەر بەردەوام دەبێت، خەڵکی بەشێوەیەکی برایانە هەڵسوکەوت دەکەن و ڕەوشەکانی عەدالەت دەڕەوێنەوە[97].

ئەو نووسەرانەی، کە لای مارکس جەخت لە تیۆری عەدالەت دەکەنەوە، بەشێوەیەکی گەورە و نیمچە سنووردار پشت بە میتافۆڕی "دزی" دەبەستنەوە، (واتە دزینی ڕەنج و کاری کرێکار لەلایەن سەرمایەدارەوە)، لەکاتێکدا لە دەقەکانی دیکەدا مارکس ڕووخانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی وەک مەسەلەی یاسای پۆزەتیڤیستی دەبینێت نەک وەک ئایدیاڵێک. دواجار، کاتێک مشتومڕی ئەو بانگەشەیە دەکەین، کە مارکس عەدالەتی وەک جۆرێک وەهمی ئایدیۆلۆژیی بینیوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ تیۆرەکەی دەربارەی ئایدیۆلۆژیا، کە بەشێوەیەکی باش لە

---

Liberalism, Philosophy and Society (Tolowa; NJ: Rowman and Liulefield, 1982), p. 56; and "Exploitation, Alienation, and Injustice", Canadian Journal of Philosophy, vol. 9, no. 1 (March 1979), pp. 121-139.

[96]Lukes, p. 55.

[97]Buchanan, 56.

کتێبی "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی"دا ڕوونی کردۆتەوە[98]. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر عەدالەت وەهمێکی ئایدیۆلۆژی بێت، ئەوا ئەو کات چەمکی عەدالەت دەبێتە ڕێگایەک بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە حوکمی گرووپێکی دیاریکراو. بەم جۆرە "جۆن ئەلیستەر"، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەکرێت تیۆری مارکسیزم بۆ عەدالەت وەک تیۆرێکی هیرارشی وەسف بکرێت، لەلایەکەوە، قۆناغی سەرەتایی کۆمۆنیزم بە بنەمای بەشداری حوکم دەکات، کە دەشێت وەها گوزارشتی لێ بکرێت "هەریەکە و بەگوێرەی بەشداریی کاری خۆی، دوای ئەوەیە –لابەلا- سامانە داراییەکان بۆ وەبەرهەمهێنان و کاڵای گشتی و کریدیتە داراییەکانی ئەوانە تەرخان دەکرێت، کە ناتوانن کار بکەن،..هتد"[99]. بەگویرەی ئەلیستەر، لە قۆناغی دووەمی کۆمۆنیزمدا، دۆخی عەدالەت دەتوێتەوە. خۆ ئەگەر مارکس پشت بەم جۆرە تیۆرییە ببەستێت، ئەوا ئەلیستەر، داوای ئەوە دەکات ڕاست و چەوتێکی بەسەردا

---

98 دەشێت وەها لە چەمکی ئایدیۆلۆژیا لای مارکس تێبگەین، ئەو هزرانەیە، کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی چینی باڵادەست دەنوێنێتەوە و وەک هزر و ئایدیای گەردوونی گوزارشتی لی دەکەن. بە بڕوای مارکس، تەنیا چینی باڵادەست دەتوانێت بگات بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکری، ئەمەش ڕێگە بە ئەندامەکانی دەدات پەیوەندییە ماتریالییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو وەک باشترین پەیوەندی بخەنەڕوو. بڕوانە:
Karl Marx and Friedrich Angels, L'Idiologie allemande, (1845), disponible sur le site electronique: ‹http://www.Marxists.org/francais/marx/works/1845/kmfe1845000htm›.

99 Elster, p.230.

بهێنین، چونکه "تا ڕادەی نائومێدی، یۆتۆپیایه"[100]. لەبری ئەمە، بنەمـــای ســـەرەکیی عەدالەت لای مـــارکس، ئەم وته بەناوبـــانگەیەتی: "هەریەکەو بەگـــوێرەی تواناکـــانی خـــۆی، هەریەکەو بەگوێرەی پێداویستییەکانی خۆی"[101]. پاشـان، کۆمۆنیزم – به گویرەی خوێندنەوەی ئەلیستەر بۆ فیکری مـــارکس، ئەو کـــۆمەڵگەیه دەنـــوێنێتەوە، که تێیـــدا هەر تاکەکەســـێک خـــاوەنی ســـامانی پێویســـت دەبێـــت، بـــۆ

---

100 هەمان سەرچاوە، 231.

101 یەکەمجار ئەم دروشمه بەم شێوازە لەلایەن لوی بلانەوە، بەکارهات له کتێبەکەیدا "ڕێکخستنی کار"ن له ساڵی 1839، وەک پاکنووسێک بۆ کۆتەیشـنێکی هێنری دو سـان سیمۆن، "هەریەکە و بەگـوێرەی تواناکـانی خـۆی، هەر توانـایەکیش به گـوێرەی کارەکـانی". سـاڵی 1848، له کـاتی شۆڕشی فەرەنسیدا ئەم دروشمه برایه پێش، بەر لەوەی کارل مارکس له کتێبی ،ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا" ، ساڵی 1875, بەکاری بهێنێت. بەبروای ڤلادیمێر لینین، له کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"دا، ساڵی 1917، "دەکریت دەوڵەت به تەواوەتی بتوێتەوە، کاتێک کۆمەڵە ئەم بنەمایه وەدیی دێنێت. بەڵام ستالین و یەکێتیی سۆڤیەت ئەم دروشمەیان بەلاڕێدارد و گۆڕییان به دروشـمی "هەمـوو کەسـێک بەگـوێرەی توانـای خـۆی، بـۆ هەرکەسـێش بەگوێرەی کاری خۆی". ئەمەیش ئەو شتەیه، که لیۆن ترۆتسکی، ڕەخنەی توندی لێگرتووە و پێیوابووە ئەمه "خیانەته له شۆڕش".

دواجـار ئەلیسـتەر ئەم قسـه بەناوبـانگە، وەک بنەمـای یەکسـانی له "خـۆ-وەدیهێنان"ــد بەکاردەهێنێـت، ڤـاڵێنتین سـتۆیانیش جەخـت لەسـەر ئەمه دەکـاتەوە، پێیـوایه ئاراسـته مارکسیسـته نوێیەکـان له سـەرەتای هەزارەی سێیەمدا، تەرکیز دەخەنه سەر "خۆ-وەدیهێنان"، لەری "ڕێز له خۆ گرتن" له تیۆری ڕاوڵزیدا. بڕوانه:

Valentin Stoian, Property Owning Democracy, Socialism and Justice: Rawlsian and Marxist Perspectives on the Content of Social Justice", Paper Presented at: "in Defense of politics", (62hd political Studies association Annual International Conference, University of Ulster, Belfast, 3-5m 2012).

وەدیهێنـــانی خـــودە گشـــتییەکەی خـــۆی، ئەمەش واتە گەشـەکردنێکی کـامڵی توانـا داهێنـان کارییەکـانی مـرۆڤ. ســـەرەڕای ئەمەش، لـــۆکس لەوەدا لەگەڵ ئەلیســـتەردا هـاوڕایە، کە لایەنیکەم لە قۆنـاغی سـەرەتای کۆمۆنیزمـدا، کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بەگویرەی بنەمای بەشداری حوکم دەکرێت. تەنانەت ڕاوڵـز، خۆشـی ئامـاژەی بەوە داوە، کە مــارکس "کــۆمەڵگەی بەرهەمهێــنەران، کە بە ئــازادییەوە پێکەوە پەیوەستن" وەک ئایدیاڵی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر پێشنیار دەکـات. لە وەهـا "کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەرانـدا، کە بە ئــازادی پــێکەوە پەیوەســتن"، هەریەکە لە ئاگــایی ئایـدیۆلۆژی و نـامۆبوون و چەوسـاندنەوە نـامێنن. لەگەڵ ئەمەیشـدا، تەنیا لە دوو قۆنـاغی مێژووییەوە دەگەینە ئەم کۆمەڵگەیە، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی پێرفێکت. بە بڕوای ڕاوڵـز، سۆسـیالیزم بە بنەمـای بەشـداریی حـوکم دەکـات، بەشــێوەیەکی نایەکســان پاداشــتی تاکەکــان، هەریەکە و بەگوێرەی کاری خۆی دەداتەوە. بەڵام لە کۆمۆنیزمدا، یان لە کـــــۆمەڵگەی ڕاســـــتەقینەی بەرهەمهێنەرانـــــدا، کە بە ئــازادییەوە پــێکەوە پەیوەســتن، نایەکســانی کــۆنترۆڵ دەکرێـت، لە ڕێـگەی پاداشـتەکان و دابەشـکردنی کـارەوە کۆمەڵگە بەسـەریدا زاڵ دەبێت، بۆیە لای هەمـوو تاکەکـان داوای یەکســـــانی دەکرێـــــت، دەرهەق بە ئامرازەکــــانی بەرهەمهێنــانی کــۆمەڵگە و ســامانە سروشــتییەکان، لە ڕێـگەی نەخشـەیەکی ئـابووریی دیمـوکراتی پشـتی پـێ بەسـتراوەوە، مومارەسـەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەسـەر ئامڕازەکـان و سـامانە سروشـتییەکان دەکرێـت، زێـدە

سـامانی کـۆمەڵایەتی دەخـرێتەوە دەسـت بەرهەمهێـنەران خۆیان[102].

پێویسـتە لێـرەدا لەسـەر ئەو شـتە بوەسـتین، کە کـارل مـارکس نـاوی دەنێـت "مـرۆڤ لە گشـتێتییەکەیدا" (بەوەش ئەو ڕوانگەیەی هیگڵ پەیـڕەو دەکـات، کە دەڵێت: ئەوپەڕی پێویستی مرۆڤ بریتییە لە وەدیهێنـانی خـود). لە ڕوانـگەی ئێمەوە، ئەم بیـرۆکەیە زەقتـرین بەهـایە، کە خـرابێتە سـەر سـەراپای فیکـری مارکسیسـتی. بەڵام ڕەنـگە ئەو ئاڕاسـتە ئـابوورییەی، کە کـارل مـارکس– بە پێـچەوانەی هـیگڵەوە– دەیگـرێتەبەر، ببێـتە مـایەی ئەوەی، کە پێـوەری دروسـتی عەدالەت "هەریەکە و بەگـوێرەی توانـای خـۆی، هەریەکە بەگویرەی پێداویسـتییەکانی خۆی"، ببێتە پێوەرێکی سـەد لە سەد یۆتۆپی و هەڵە، لەسەر دوو ئاست:

– **لەلایەکەوە،** ئەگەر هەر تاکێک ئەوپەڕی وزەی خۆی سەرف بکات، ئەو کاتە ڕەنگە هەموو کـارەکەی پەیوەسـت بێـت بەوپەڕی ئاسـتی هانـدانی نـاوەکییەوە، وێـڕای (لە پەیوەندیـدا بە) هانـدانە دەرەکیـیەکەی. ئەمەیـش شـتێکی تەواو نـاواقیعییە، مەگەر ئەوەی بـۆ هونەرمەنـدێک یـان شـاعیرێک یـان سـۆفییەک ئەمە بلوێـت، ئەمەیـش یەکەم بەشی یەکەمی تیۆرە (یۆتۆپییەکەی) مـارکس بۆ عەدالەت پووچەڵ دەکاتەوە.

– **لەلایەکـــی دیـــکەوە،** هەریەکە بە گـــوێرەی پێداویســـتییەکانی، گریمـــانەی ئەوە دەکـــات، کە

[102] Rawles, Lectures on the History of Political philosophy, p. 367.

پێداویستییەکان بەلای هەموانەوە یەکسانن. ئەمەیش دیسان شتێکی تەواو ناواقیعییە، چونکە پێداویستییەکان پەیوەستن بە زەوق و سەلیقەکانەوە، بەڵام زەوق و سەلیقەی تاکەکان بە تەواوی لەیەکتر جیاوازن. ئەم کێشەیە، کە لە بنەڕەتدا بۆ زەوقە تێچوودارەکان (expensive tastes)، (بە گوێرەی سروشتی هەریەکێکیان، نەک ڕاهێنانیان)، یان زەوقە هێرشبەرەکان (offensive tastes) دەخرێتە ڕوو، کە ڕاوڵز و سین دەیکەنە پاساوی خۆیان بۆ ڕەتکردنەوەی شێوازی خۆشگوزەرانی، دەشێت بۆ پووچەڵکردنەوەی میتۆدی مارکسی "هەریەکە، بە گوێرەی پێداویستییەکانی" بهێنرێتەوە پێشەوە، چونکە ئەم پێداویستییانە پشت بە زەوقەکان دەبەستن[103]. دەشێت کێشەی ئەم زەوقە تێچووانە، بۆ نموونە، لە ڕێگای بەساڵاداچووان، خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانەوە ڕوون بکرێتەوە. گومانی تیا نییە هیچ کەسێک نایەوێت دووبارە دابەشکردنەوەی سامان، ببێتە مایەی دابینکردنی خەرجی کەشخەیەتی بۆ کەسی بەساڵداچوو، گوایە ئەم کەسە لە دامەزراوەی بەساڵداچوواندا، بەرژەوەندییەکی زۆر کەمی هەیە، کە ناگونجێت لەگەڵ زەوق و پێگە بەرزەکەیدا، لە

103 بۆ نموونە ئەگەر تاکەکەس پێیباش بێت جلەکانی گۆچی، پرادا، ڤێرساچی، یان لوی فۆیتۆن بپۆشێت لەبری پۆشاکی ئاسایی، ئایا دەبێت لەکاتی یاسادانان‌دا بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی ناڕەزایەتی بەرامبەر بەکاربردنی پۆشاکە ئاساییەکان، ئەوە بەهەند وەربگیرێت، بە واتای ڕاستکردنەوەی سوودەکەی، کە لە بەکارهێنانی پۆشاکە ئاساییەکانەوە بەدەستهاتووە، بە ڕێژەیی نزم بۆتەوە، ئەمەیش لە پێناو بڕیاردان لە یەکسانی لەگەڵ ئەوانیتردا؟

کاتێکـدا کەسـێکی دیـکەی بەسـاڵداچوو، کە زەوقێکـی مامناوەنـدیی هەیە، دەبێـت بەوە ڕازی بێـت، کە لەلایەن دامەزراوەیەکی بەسـاڵداچووی "ئاسایی"ـیەوە بـۆی دابـین دەکرێـت. بەڵگەنەویسـتە، بەختەوەریـی تـاکەکەس، خۆوەدیهێنـانەکەی بە گـوێرەی زەوقەکانیـان زۆر جیـاواز دەبن[104]، لەبەرئەوە هەر تەرخانکردنێکی سـامان، کە بەبێ لەبەرچـاوگرتنی زەوقە خودییەکـان دابـین دەکرێـت (جـا هەرچییەک بن)، بێ چەندوچوون لە خواسـتی زەوقەکـان کەمتـرن، ئەگەر بێـت و هەر لە بنەڕەتییـانەوە کـاڵ نەکـرێنەوە، ئەمەیـش لە هەمـان کاتـدا، بەشـی دووەمـی تیۆری مارکسیزم دەربارەی عەدالەت دەتوێنێتەوە.

لێرەدا، دەبینین ڕاولز، دژ بەوەیە بنەمـای "هەریەکە بە گـوێرەی تواناکـانی، هەریەکە و بە گـوێرەی پێداویستییەکانی"، بە یەکێک لە بنەماکانی عەدالەت دابنێت. ئەگەرچـی ئەمە لە تیـۆری ئەم نووسـەرە ئەمـریکییەدا دەربـارەی عەدالەت تەوەرێکـی سـەرەکی نیـیە، کەچـی ڕەهەنـدی بەرکەوتە (ئیسـتیحقاق)، هەر وەک شـتێکی بنەمـایی دەمێنێتەوە، عەدالەتـی بەرکەوتەی ڕاسـتەقینەیش ئەمەیە: "هەریەکەو بە گـوێرەی تێکۆشـانی خـۆی". بەڵام کـۆمەڵگەی کۆمۆنیسـتیی پێرفێکـت، عەدالەت پەیوەسـت ناکـاتەوە، بە هـیچ دابەشـکردنێکی دیـاریکراو یـان بە هـیچ هەلێـک یـان بە هـیچ توانـایەکەوە، کە دەشـێت تاکەکـان هەیانبێـت. لەبـری ئەمە، عەدالەت لەسـەر ئاسـتی

---

[104] James Edward Meade, The Just Economy (London: George Allen and Unwin, 1976), pp. 56-57.

ڕێکارییەکـان ورد دەکـرێتەوە: یەکسـانی لەوەی هەمـوان دەسـتیان ڕابگـات بە سـامانەکانی کۆمەڵگا و ئامرازەکـانی بەرهەمهێنـان لە ڕێـگەی بەشـداریکردنەوە لە نەخشـەی ئابووریی دیموکراتیدا[105].

لەلایەکی دیکەیشـەوە، وەک وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنە مارکسیسـتیانەی، کە پەیوەسـتن بە سروشـتی فۆرمـاڵی ئازادییە سەرەکییەکانەوە، ڕاوڵز "ئازادی"، "بەهـای ئازادی" بە یەکتر جیا دەکاتەوە: "ئازادی جیـایە لە بەهـای ئازادی، بەم شـێوەیە: ئـازادی لە سیسـتەمێکی کـاملی ئـازادییە یەکسانەکانی هاووڵاتیدا خۆی دەنوێنێت، لەکاتێکدا "بەهـای ئـازادی" بـۆ تاکەکـان و کۆمەڵەکـان، بەنـدە بە توانـای خۆیـانەوە بـۆ پێشخسـتنی ئامانجەکانیـان، لەنێـو ئەو چوارچێـوەیەدا کە سیسـتەم دیـاریی دەکـات. ئـازادی (...) خـۆی بـۆ هەمـوانە (...) بەڵام بەهـای ئـازادی بـۆ هەمـوان یەک شت نییە. هەندێک دەسـەڵات و سـامانێکی زۆرتریـان هەیە، پاشـان ئـامرازی زیاتریـان هەیە بـۆ وەدیهێنـانی ئامانجەکانیان"[106].

مـاوەتەوە ئەوەی، کە خـاڵی سـەرەکی نـاکۆکی لەنێوان ڕوانـگە ڕاوڵـزییەکە و ڕوانـگە مارکسـییەکەدا، وا لە ڕۆڵـی بازاڕ لە سیسـتەمی سیاسـی دادپەروەردا. مارکسیسـتەکان پێیان وایە بـازاڕ هەرگیـز هـیچ ڕۆڵێکـی ئەوتـۆی نییە، هەر هەبـوونی موڵکـایەتی تـایبەت، کرێکـار و بەرهەمەکەی لە یەکتری جودا دەکاتەوە، بەمەش بەشداریی لە نامۆبوون و

[105]Rawls, Lectures on the…., p.370.
[106]Rawls. A Theory of Justic, p. 204.

لەدەستدانی خۆ-وەدیهێناندا دەکات. ئەمەش لە بنەڕەتدا پێناسەی ئەوانە بۆ کۆمەڵگەیەکی نایەکسان. کۆمەڵگەی یەکسان، تەنیا دەشێت نەخشەیەکی ئابووریی دیموکراتی بەڕێوەی ببات، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە- ناکۆکە لەگەڵ "دیموکراسییەتی گەیشتنی هەموان بە خاوەنداریتی موڵکایەتی"، چونکە گریمانەی ئەوە ناکرێت، تاکەکان ئیدارەی ستراتیژی نەخشەی ئابووریی ئەو کۆمپانیایانە بەڕێوە ببەن، کە خۆیان پشکیان تێیاندا هەیە، چونکە دەتوانن بەرێوەبەرێک بەکرێ بگرن، کە بتوانن ناچار بە وازهێنانیشی بکەن- یان هاووڵاتیان ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی نەخشەی ئابووریی ناوخۆیی بکەن، چونکە دەتوانن ئەمە بسپێرنە یاسادانەران، لە کاتێکدا ڕاوڵزییەکان ڕۆلێکی گرنگ بە بازاڕ دەدەن، کە ڕۆلێکی گرنگ لە تەرخانکردنی سامانەکاندا دەگێڕێت، ئەگەرچی پێویست نییە -بە تەنیا بازاڕ- دابەشکردنەوەی کۆتایی سامانەکان دیاریی بکات. بازاڕ دەتوانێت ئەوە دەربخات، کە چ بەرهەمێک خواستی زۆرتری لەسەرە و پێویستە چی بەرهەم بهێنرێت[107].
سەرەڕای ئەوەش، بازاڕ ئێجگار گرنگە بۆ وەدیهاتنی عەدالەت، چونکە ئەو هێزە بنەڕەتییە دەنوێنێتەوە، کە ئاڕاستەی زیادەی سەرجەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کراوە. لەمەیش زیاتر، بازاڕ یارمەتیدەرە بۆ خۆ- وەدیهێنان لەمیانەی خوڵقاندنی ڕووبەڕیکی تایبەت بۆ جەختکردنەوەی لەسەر خوود و زەمینەسازکردن بۆ تاکەکان تاوەکو هەوڵ بۆ نەخشەی ژیانیان بدەن بەو جۆرەی، کە خۆیان بە گونجاوی دەزانن. لەپێناو ئەمەدا

107 هەمان سەرچاوە، ل 241.

ڕاوڵزییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە "دیموکراسییەتی گەیشتنی هەموان بە خاوەنداریێتی موڵکایەتی"، باشترە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمێناندا، چونکە چەمکە مارکسییەکە بۆچوونی خۆوەدیهێنان، لە کۆنترۆڵکردنی کارگەدا دەبینێت، بۆیە تەنیا دەتوانێت، وەها لە خۆ-وەدیهێنان تێبگات، کە یەک وەیهاتنی مومکینی ڕەوای ژیانە: ئەویش ئەوەیە کە کاری لە خۆگرتووە، لە کاتێکدا ڕاوڵزییەکان بەرگری لەوە دەکەن، کە بۆچوونەکەیان تایبەتە بە عەدالەت، ئەو دامەزراوانەی، کە پێیەوە پەیوەستن و لەنێو پرۆژە جیاوازەکانی ژیاندا بێلایەنن، پاشان بۆیە، ڕێگە بە خۆ-وەدیهێنانی ئەو تاکانە دەدات، کە کارنەکردن هەڵدەبژێرن یان، بۆ نموونە، ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ جیهانبینییەکی ئایینی یان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ.

بە کورتی، مارکسیزم مەحکوومە بە ڕەتکردنەوەی لۆژیکێکی پێچەوانە، واتە بە لۆژیکی "یان" و "یان"، بە واتای "یان هەموو شتێک"، "یان هیچ شتێک". بەڵام لۆژیکی ڕیزبەندیی و پلەکان (بۆ نموونە لە خاوەنداریێتیی موڵکایەتیدا)، ئەم فیکرە تاکڕەهەندەی تێدا نییە. وێڕای باوەڕە ڕەهاکەی ئەوەی ململانێ لەنێوان چینەکاندا، کە لەلایەن جوولەی کۆمەڵگەیەکەوە دیاریدەکرێت، وای لێدەکات هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نەبینێت، وای لێدەکات ململانێی چینەکان بەوجۆرە نەبینێت، کە پلەپلە و بەهێزێکی موڵکایەتی" لە مۆدێلە ڕاوڵزییەکەدا هەیە.

## ( 3 )

## ڕەخنەی پۆستمۆدێرنیستی لە تیۆری ڕاوڵز

خوێنـدنەوە ڕەخنەییەکەمـان بـۆ تیـۆرەکەی ڕاوڵـز، مامەڵەکەیشـمان بەشـێوەیەکی گشـتی لەگەڵ تیـۆری عەدالەتدا، بەشێوازە پۆستمۆدێرنەکەی، کە یەک ماتریکسە لە ئاڕاسـتە فیکـرییە ڕەخنەییەکـان و مـامەڵە هەڵوەشـاندنەوەگەرییەکان، هەوڵ دەدەن بـۆ دەرخسـتنی چوارچێـوە فیکرییەکـان و گریمانەکـان و بنچیـنە ئایـدیۆلۆژییەکانی مـۆدێرنە (بەو جـۆرەی، کە لە ڕۆژئـاوا پەرەیسـەندووە) و تەحەداکردنیـان. جـا لەبەرئەوەی پۆسـتمۆدێرنە لەسـەر بوونیـادیی کـۆمەڵایەتی حەقـیقەت دامەزراوە، دەشـێت ڕیشـە قووڵەکـانی ببیـنەوە سـەر بەرهەمە پێشەنگەکانی سۆرین کیرکەگۆر، کارل مارکس، تەنانەت فریدریک نیچەیش[108]، لەو ڕووەوە، کە تەرکیزیان خستۆتە سەر گومـان، بەتـایبەتیش پەیوەست بە واقیعی ئـوبێکتی و ئەخلاقـی کـۆمەڵایەتی و پێـوەرە کۆمەڵایەتییەکـان، هەروەهـا دەتـوانین بیبەسـتینەوە بە پۆسـت بوونیـادگەراییەوە، وەکـو بەرهەمەکـانی میشـێل فۆکۆ، جاک دێریدا، ژیل دۆلۆز، هەروەها پییەر بۆردیۆی سۆسیۆلۆژیسـت[109]. پۆسـتمۆدێرنیتی، کە لەگەڵ

---

[108]Stuart Sim, "Introduction", in: The Routledge Companion of Postmodernism, Routledge Companion (London; New York, 1998), p. Viii.

109 هەمان سەرچاوە.

بڵاوبوونەوەی کتێبی "دۆخی پۆستمۆدێرنیتی، ڕاپۆرتێک دەربارەی زانین" (1979)ـی، "جان فرانسوا لیوتار"دا لە پانتاییەکی بەرفراواندا بڵاوبوویەوە[110]، لە بنەڕەتدا لەو ئایدیاڵە ئێستاتیکییەوە هەڵقوڵاوە، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمریکی-عەرەبی، "ئیهاب حەسەن"، لە کتێبی "ترازانی جومگەکانی ئۆرفیۆس: بەرەو ئەدەبی پۆستمۆدێرنیتی"ـدا دایهێناوە. ئەم کتێبە ساڵی (1971) بڵاو کراوەتەوە، تێیدا شوێنپێی پەرەسەندنی ئەو شتە هەڵدەگرێتەوە کە ناوی دەنێت "ئەدەبی بێدەنگی"، لە ڕێگەی مارکیز دو ساد، فرانز کافکا، ئێرنیست هەنگوای و ساموێل بێکێتەوە.. و هیتر[111]. لەبەرئەوە ناونانی "پۆست-مۆدێرنیتی" لە سەرەتاکانیدا، بەشێوەیەکی سەرەکی بە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و بیناسازی و خەیاڵ وتراوە، دواتر بڵاوبۆتەوە بۆ چەندین بواری دیکە، گرنگترینیان:

- تەوژمی "تـوێژینەوە زانستی، تەکنیکی، کۆمەڵایەتییەکان": برۆنۆ لاتۆر و میشێل کالۆن و ئیزابێل ستنگرس.

- تەوژمی "لە گەشەکەوتن" (Degrowth): ئیڤان ئیلیچ، نادی ڕۆما و نیکۆلاس گۆرگیسکۆ ڕۆکین و سیرەج لاتوش.

---

[110]Stuart Sim, "Postmodernism and philosophy", in: Sim, ed., The Routledge Companion, p. 3.

[111]Ihab Habib Hassan, The Dismemberment of Orhheus; Toward a Postmodern Literature, (New York; Oxford University Press, 1971).

- تەوژمـــی "تـــوێژینەوە جێنـــدەرییەکان": ڤێرژینیـــا وۆڵف و سیمۆن دی بۆڤوارو پێتی فریدان.

پۆســـتمۆدێرنیتی ڕوانـــگەیەکە، بـــۆ ســـتایلێکی نـــوێی ڕێکخســـتنی پـــراکتیکە کۆمەڵایەتییەکـــان و دووبـــارە بەرهەمهێنـانەوەی ئەو پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتیـانەی، کە لە لێکدژییەکانی مۆدێرنەی تەکنۆلۆژی و ئابووری و سیاسی و دامەزراوەیـــیە ســـەریان هەڵـــداوە. بـــۆیە، میتـــۆدی پۆســـتمۆدێرنیتی کاردەکـــات بـــۆ لابردنـــی پلەپـــلەی بۆچوونەکـانی تاکاکەکـان دەربـارەی سیسـتەمی تەبـایی (بـازاڕ، تەکنۆلۆژیـا، ئامڕازەکـانی ڕاگەیانـدن)، کە لەنێـو سیسـتەمی مۆدێرنەدا مانایان پێدراوە، هەروەهـا لابردنـی ئەو پراکتیکـانەی کە لەم مۆدێرنە کەوتـوونەتەوە، تـاوەکو بـــوار لەبەردەم سیســـتەمی ڕێژەیـــی و خـــاوەن خـــۆ-مەرجەعیدا بکەنەوە. بۆیە یەکێک لە ئایدیا سەرەکییەکانی میتـــۆدی پۆســـتمۆدێنیتی، گومـــانکردنە لە "ئەفســـانەی پێشـــکەوتن"، بە واتـــای ئەو ئایـــدیایەی، کە پڕۆسێســـی مێژوویـی مرۆیـی مەحکـوومە بەوەی هەنگـاو بە هەنگـاو بەرەو پیشـەوە بڕوات، بەرەو سـەرەوە هەڵکشـێت، ئیلهـام بە خەڵکی بدات، کە بەسـەر تاریکییەکـانی جەهلـدا بەرەو نـــوری عەقـــڵ ســـەردەکەون، بە واتـــایەکیتر، بە حەتمـــی زانسـت و تەکنۆلۆژیـا دەبـنە مـایەی ژیـانێکی باشـتر. ئەم "ئەفسـانەی پێشکەوتن"ـە، کە لە مـاوەی شـۆڕشـی زانسـتی میکانیکی سـەدەی حەڤدەدات سـەری هەڵدا، دەشـێت وەک جـوولەی "سـەربەرەوژووری زەروری"ـی کـۆمەڵگە وێنـا بکرێـت، بە کـاوخۆ دەبێـتە تـاکە فەلسـەفەی مێژوویـی

مـۆدێرنه، هەروەک "ڤـۆن ڕایـت"ی فەیلەسـوف ئامـاژەی پێـداوە: "فـۆڕمی بەرهەمهێنـانی پیشەسـازیی پشـت بە تەکنۆلۆژیـا دەبەسـتێت، کە ئەمـیش لای خـۆیەوە لەسـەر زانینی زانستی دەربارەی سروشت دادەمەزرێت. پاشـان، لە دواجـاردا، بەرهەمـی توانسـتە عەقڵانییەکـانی مـرۆڤە. ئەگەر باوەڕمان وا بێت، کە عەقڵ توانایەکی خودیی هەیە بۆ ڕەچـاوکردنی ڕەوشـە بایۆلۆژییەکـانی بـوونی مـرۆڤ لەسەر زەوی، ئەوکاتە دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەش بین، کە زانینی قووڵی ئەم ڕەوشانە، کاریگەرییەکی ڕێکوپێکیان لەسـەر ئەم هێـزانە هەبێـت، کە دواجـار، بەرهەمهێنـانی پیشەسـازیی ئاڕاسـتە دەکەن". هەر ئەم فەیلەسـوفە فینلەندییە ڕوونـی دەکـاتەوە، کە: "ئەو شـتەی کە دەشـێت کـۆنترۆڵ بەسـەر سروشـتدا دروسـتی بکـات، بـریتییە لە زیاتربوونی خۆشبژێویی ماتریالی بۆ خەڵک. گەشـەکردنی پیشەسـازی و تەکنیکـی بەڵـگەی سەرسـوڕهێنەر بـۆ ئەمە دەدات بە دەسـتەوە. مەسـەلەکە پەیوەسـت نـیـیە بەهـیچ شـتێکەوە، جـگە لەوەی کە خۆشـگوزەرانیی زیـاتری ماتریاڵی، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، لە زۆرحاڵەتدا - ڕەنگە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا- پێشکەوتن بنوێنێتەوە، بە واتـای ڕاسـتەقینەی وشـەکە، وەک چـاککردنێکی ڕاستەقینەی ڕەوشی بژێوویش شایەنی پێزانین بێت. بەڵام کاتێک گەشەکردن ئاستێکی دیاریکراو تێدەپەڕێنێت، یان کاتێک پێویسـتە پێشـهاتەکانی لەسـەر ژیـنگە و نەزمـی کۆمەڵایەتی هەڵبسەنگێنرێت، ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی، کە

ئەم پێــزانینە دروســـت بمێنێـــتەوە[112]. لەبـــری ئەوەی مــۆدێرنەی دامەزراو لەســەر عەقــڵ، بەرەو پێشــکەوتن و نەشــوونوما بــڕوات، "نیــازە باشــەکان" بــووە مــایەی نزمبــوونەوەی ئــابووریی و کــۆمەڵایەتی و ژیــنگەی، کە هەڕەشـەیە بۆ سـەر هەمـوو مرۆڤـایەتی[113]. گرنگە لێرەدا ئەوە ڕوون بکەیــنەوە، کە بەپــێچەوانەی بۆچوونەکــانی زۆرێــک لە لایەنگرانــی پێشــکەوتنەوە، ئایــدیای ســەرەکی پۆسـتمۆدێرنیتی، لە دژایەتیکردنـی ئەفسـانەی پێشـکەوتندا، کە بە تەواوەتی گونجاوە لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە پێی وایە پێویسـتە بە پەلە ژیـانی ملیۆنـان مـرۆڤ بەجیـددی چـاک بکرێت، کە ئێستا لە ژیانێکی ناهەمواردا دەژین. مەسـەلەکە ڕەتکــردنەوەی پێشــکەوتن لە خۆیــدا نیــیە، بەڵکــو زیــاتر پەیوەســتە بە جــۆرێکی دیــکەی پێشــکەوتنەوە، کە هەم گونجاوتر، هەمیش درێژخایەنتر بێت.

پۆســــتمۆدێرنیتی لە ڕەتکــــردنەوەی ڕوانــــگە ئۆنتۆلۆژییەکەی گەردووندا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئایدیای سـوبێکتی بیـرکەرەوە و سـەربەخۆش پـووچەڵ دەکـاتەوە. بەلای پۆســــتمۆدێرنەکانەوە، مــــۆدێرنیتی ئەو کــــاتە

---

[112]George Henrik von Wright, "The Meth of Progress", in: G. H. von Wright, The Tree of Knowledge and Other Essays, Philosophy of History and Culture; v. 11 (Leiden: New York: E. J. Brill, 1993), p. 220.

113 وەک شـاعیری ئەڵمـانی هۆڵـدەرلین دەڵێت: "چ شـتێک دەوڵەت دەکـاتە دۆزەخ لەســەر زەوی ئەوە نەبێـت، کە مـرۆڤ دەیەوێـت بەهەشـتی خـۆی لەسەر دروست بکات". بڕوانە:

Friedrich Hölderlin, Quoted by: Hayek, The Constitution of Liberty, p. 209.

دەستیپێکرد، کە خودی مرۆڤ "داهێنرا"، کاتێک کە چیدی مرۆڤ خۆی وەک ئاوەژووبوونەوەی خودا یان سروشت نەدەبینـــی. لە ڕووی مێـــژووییەوە، ئەم بۆچـــوونە بـــۆ ســـوبێکت لە فەلســـەفەی ڕۆشـــنگەریدا بـــۆ ڕزگـــاری و سەرفرازی، لە سەدەی هەژدەدا لەدایک بوو، کاتێک عەقڵ سیمای سەرەکی مرۆڤی دەنواندەوە. ئەم عەقڵە "کانت"ییە، سوبێکتی لە دەستی هەموو دەسەڵاتێکی دەرەکی ئازاد کـرد، توانـای ئەوەی پێـدا، کە بیـر لە خـۆی بکـاتەوە، بە جۆرێـک دەیتـوانی مومارەسـەی بیرکـردنەوەی ڕەخنەیـی بکات، خۆی ئەو ڕەوایەتییە سـەرکۆنە بکات، کە پێشتر لە ڕابـــردوو و لە نەریتەکانـــدا، بەدوایـــدا دەگەڕا. کەواتە، مۆدێرنە لە دژایەتیکردنی ڕاستەوخۆی نەریتدا بنیات نرا، بەپێچەوانەی وێنە کۆزمۆلۆژی یان وێنە تیۆلۆژییەکەی جیهانێـــک، کە بـــۆ ئەو دامەزرابـــوو. گەردوونـــگەرای دیمـــوکراتی مـــۆدێرن، بەوجـــۆرەی کە لە چوارچێـــوەی تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا هـاتووە، (ڕۆسۆ، لۆک)، یان لە تیۆرە ترانسێندنتاڵییەکاندا هـاتووە، (کانت، ڕاوڵز)، بەشـێکە لەوە پێکـدەهێنێت، کە بە نـاوی "دیموکراسـیەتی جێبەجێکـاری" نـاو دەبرێـت، کە بە "ڕێوشـوێنەکان" یـان "ڕێساکان"ـی گەمەی دادپەروەرانەی دیمـوکراتی پێناسـە دەکرێـــت، نەک بەوشـــتەی کە ئایـــدیالیزمی جەوهەری دیموکراسییەتەکەی، واتە ئایدیاڵی عەدالەت، پێک دەهێنێت. پاشـــان، ئەم تێـــزە چـــڕ دەبێـــتەوە لەســـەر فـــۆڕم نەک نـاوەڕۆک. لەم ڕوانـگەیەوە، بە ئەنـدازەی دابینبـوونی ئەم هەلومەرجـــــانە، هەر ناوەڕۆکێـــــک، (ڕیزبەنـــــدییە

دامودەزگاییەکـــان، فۆڕمەکـــانی ژیـــان و بـــژاردە تاکەکەســـییەکان و فۆڕمەکـانی کـردە...) ڕەوایە. لەپێنـاو ئەمەدا، شێوازی مامەڵەی پۆستمۆدێرنیتی "کۆمەڵگەرایی" (کۆمیونیتاری)ـــە، ئەمەیـــش جیـــاوازە لە شـــێوازەکەی "دیموکراسیەتی جێبەجێکاری" (Procedural Democracy)، بەمەیـش جەخـت لەسـەر بـێ ئەنجـامی ئەو پـڕۆژەیە دەکـاتەوە، کە لە دیـاریکردنی ڕێسـاکانی عەدالەتـدا خـۆی دەنوێنێت، بە چاوپۆشـی لە کولتـوور و نەریت و شێوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەی، کە پێویستە ئەم بنەمایانە تێیانـدا پراکتیـزە بکـرێن. لە بەرامـبەر ڕوانـگەی کانتـدا، بـۆ "دیموکراسـیەتی جێبەجێکـاری"، ڕوانـگەی هیگڵـی بـۆ "دیموکراســـیەتی جەوهەری"، شـــێوازی مـــامەڵەی کۆمیونیتـاری، "فۆڕمێـک لە فـۆڕمە ئەخلاقییەکـان" یـان "فـۆڕمێکی کۆمیونیتـاریی دیموکراسـی" دەردەخـات، کە خـراوەتەوە نێـو ئەخلاقیەتـی کـۆمەڵایەتی مەلمـوس، نێـو ئەخلاقیەتی هاوبەشەوە، کە لەسەر پلەبەندیی ئەو بەهایانە دامەزراوە وا تـایبەتن بە فـۆڕمی کۆمەڵبـوونی مێژوویـی، واتە بە سروشتە جوزئییەکەیەوە نەک گەردوونییەکەی.

لە خوێنـدنەوە پۆسـتمۆدێرنیتییەکەماندا بـۆ تیـۆری ڕاوڵز، بە پلەی یەکەم، تەرکیز دەخەینە سەر باکگراونـدە ئیپستمۆلۆژییەکەی ئەم فیکرە، کە لەسـەر بوونیـادگەرایی کانتی دامەزراوە، جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە پێویسـتە بەگـوێرەی ڕوانگەیەکـی کـۆمەڵایەتی لە ئـوبێکتیڤیزمی ئەخلاقیـی تێـبگەین، کە بەشـێوەیەکی عەقڵانـی وەهـا بوونیـاتنراوە هەمـوان قبـوڵی بـکەن، هـیچ حەقیقەتێکـی

ئەخلاقیی لە دەرەوەی جێبەجێکاریی ئیدراکی بنەماکانی عەدالەتەوە، بوونی نییە. ئەم جۆرە بۆچوونەی کە بەندە بە ئایدیای عەدالەتی جێبەجێکاریی پەتییەوە، گریمانەی ئیمکانیەتی دامەزراندنی عەقڵانییەت بۆ عەدالەت دەکات لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگە، لە ڕێگەی دارشتنی ڕێووشوێنێکی عادلیشەوە، بەبێلایەنی وەگەڕخراودا وەک دەستەبەریی ئینساف دەناسرێتەوە. لێرەدا بەدرێژی باس لە بنچینەیەکانی ئەم بێلایەنییە گریمانەییە دەکەین، کە ڕاولز لە هەموو ئاستەکانی "بنیات"ی عەدالەتدا وەک ئینساف، جەختی لێدەکاتەوە.

- **لەسەر ئاستی "دۆخی ئەسڵی":** دۆخی ئەسڵی وەک دۆخێکی گریمانەی پەتی، هاوشێوەی دۆخی سروشتییە لە تیۆری تەقلیدیی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا[114]، لەبەرئەوەی خاسیەتەکانی بەجۆرێک دیاریکراوە، کە دەستەبەریی بێلایەنی عەقڵانی تاکەکان بکات، کاتێک لەبارەی بنەماکانی عەدالەتەوە بیروڕا دەگۆڕنەوە، دەستەبەری ئەوە بکات، کە بەهۆی کاریگەرییەکانی لێکەوتەی جیاوازیی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی لێ نەکرێت، لە کۆمەڵگەدا کەس بەپێگەی خۆی یان بە دۆخی کۆمەڵایەتییەکەی خۆی نازانێت، هیچ کەس نازانێت بەشی لە دابەشکردنی سروشتیی توانا و بەهرەکاندا چەندەیە، هەڵبژاردنی بنەماکانی عەدالەت لە پشت "پەردەی جەهل"ەوە، ڕوودەدات[115].

[114] Rawls, A theory of Justice, p. 12.

115 هەمان سەرچاوە، ل18-19.

لەڕێگەی ئەم بوونیادە وردەوە، کە ڕاوڵز وەک چارەسەرێکی "دنیایی"[116] پارادۆکسی یاسادانەر لای جان جاک ڕۆسۆ، پشتی پێدەبەستێت[117]، ئەم نووسەرە ئەمریکیە بە جۆرێک هەوڵ بۆ هاوکووفیی نێوان تاکەکان دەدات، کە شتێکی لەبابەت ئەوەی کەسانێک هەبن، لە دۆخی لەبار و کەسانێک هەبن لە دۆخی نالەباردا بۆ هەڵبژاردنی بنەماکان، لەسەر بنەمای دەستکەوتی بەختی سروشتی یان نیشانە کۆمەڵایەتیەکان، بوونی نییە. جا لەبەرئەوەی هەموان لە یەک دۆخدان، ڕێگە بەهیچ کەسێک نادرێت، ئەو بنەمایانەی عەدالەت بخاتە خزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیەوە، بۆیە ئەو بنەمایانەی عەدالەت، کە لەم گرێبەست یان پەیمانە مونسیفانەیەوە سەرچاوەی گرتووە، لای خۆیانەوە مونسیفانە دەبن. لێرەدا پێویستە ئینسافی جێبەجێکردن بگوازرێتەوە، بۆ ئەو بنەما و دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی، کە بەرهەمی پراکتیزەکردنی ئەم ئینسافەن. پاشانیش، دابەشکردنی دادوەرانەی مافەکان، ئەرکەکان و ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدرێت[118].

---

[116]Paul Ricoeur, Le Juste, Philosophie (Paris, 1995), p. 76.

117 لێرەدا "پارادۆکستی یاسادانەر" ئاماژە بەوە دەدات، یاسادانەر ناتوانیت هێز یان ئەنجامگیری عەقڵی بەکار بهێنێت، بۆ دەستەمۆکردنی ویستەکان، بە بڕوای ڕۆسۆ، ئەمەیش وا دەکات پەنابردن بۆ ئایین زەروری بێت، ئیدی یاسادانەر دەخرێتە نێو دۆخێکی پارادۆکسالەوەن لەنێوان ئەوەی مرۆییە و ئەوەی خوداییە. بڕوانە:

Jean-Jacques Rousseau, Du Contral Social, ou Principes du dtoit politique (1762) vol. 2 chap. 11.

[118]Amartya Sen, The Idea of Justice (Cambredige, Mass: Blenknap Press of Harvard University Press, 2009), p. 56.

کەواتە مەسەلەکە پەیوەستە، بە گریمانەیەکی پێوانەیی زۆر بەهێزەوە، بەو واتایەی زۆر دوورە لە واقیعەوە، بۆ نموونە مایکل والْزەر، نکوڵی لێ دەکات، پێی وایە پرۆسەیەکی فیکریی خەیاڵییە، کە پەیوەستە بە پەردەی جەهلەوە، یان بە "دۆخی ئایدیاڵی قسە"وە، یان وتوێژ لە کەشتییەکی ئاسمانیدا"[119]، لەبارەی مەسەلەی جێبەجێکردنەوە، لەکاتێکدا مەسەلەکە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کێشە بەرجەستە و بەرهەستەکانی دابەشکردنی ئەسڵە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونانەدایە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە دەینوێننەوە، لە مۆدێلە ڕاوڵزییەکەدا مەحاڵە تاکەکان ئارەزووی ئەو شتە بکەن کە لە ڕوانگەی عەقڵانییەوە "زۆر ئارەزووکراو نییە"، یان مەحاڵە شعووری نەرێنی بدەینە پاڵ ئەوانیتر، چونکە پەردەی جەهل خاسییەتە کەسییەکان دەشارێتەوە، واتە هەموو ئەو خاسییەتانەی، کە وا لە تاکەکەسانێک دەکەن لەنێو هەموو ئەوانیتردا دیار بن[120]. جا لەبەرئەوەی تیۆرەکەی ڕاوڵز لە بنەمادا گرنگی بەوە دەدات، کە دەبێت هەبێت[121]،

---

[119] Michael Walzer, On Tolerance, Castle Lectures in Ethics, Politics, and Econmics, (New Haven, Yale University Press, 1997), p. 1.

120 ئەمە ئەو شتەیە کە لەگەڵ دامەزراندنی لیبراڵییانەی سیستەماتیزەکردنی سەنترالْدا، کە دامەزراوە لەسەر مەحالیتی سیستەماتیزەکردنی بێ سنووری ئەم جۆرە خاسییەتە تاکەکەسییە خودییانە بەشێوەیەکی سەنتراڵ، دووردەخرێتەوە. بۆ نموونە لای ئادەم سیمس و فریدریک هایک.

121 بەکارهێنانی چەمکیی فەلسەفیی "خاڵی ئەرخەمیدس" لەلایەن ڕاوڵزەوە لە کۆتا لاپەڕەی کتێبەکەیدا، بۆ ئەوە بووە وەسفی ڕوانگەی "دۆخی ئەسڵی" بکات کە دەشێت لە ڕێگەیەوە بونیادی نەزمی کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێرنرێت.

واتە ئەو شتەی کە لە ڕووی فەلسەفیەوە زەرووری، خۆ-بەس(کافی)ــیە، بــۆیە لێکــدژییە نــاوەکییەکەی بەرامــبەر ئەوەی، کە هەیە نەفـــی نـــاکرێتەوە، ئەمە ســـەرەڕای ئەو ئەنجامـــانەی لەمە دەکەونەوە، لەوانە: غیـــابی ڕەهەنـــدی ســەنترالّی فێربــوون بە مومارەســە، لە ڕێگەی لاوازکـردن یـــان ســـەرکوتکردنی ئەو توانـــا زۆر و زەبەنـــدانەی لە "ناوچەی نزمی گەشەپێداندا"، لەنێوان ئەوەی هەیە، ئەوەی دەبێـت هەبێتـدا هەیە[122]. بـا دواجـار لەگەڵ پۆل ڕیکـۆردا بپرســـــین، ئایـــــا ئەم نزمکـــــــردنەوەیەی عەدالەت لە "جێبەجێکردن"ـدا، کە ڕاوڵـز دەیکـات، واتـای گەڕانەوە نییە بۆ ئامانجگەرایی، کە لای خۆیەوە لێکدژ دەبێت، لەگەڵ ئەو بێلایەنییەدا کە ئەم جێبەجێکردنە بانگەشەی بۆ دەکات؟[123]

- لەســـەر ئاســتی عەقلانییەتــی تاکەکەســانی نێــو پەیمـــــانەکە: ڕاوڵـــــز گریمـــــانەی ئەوە دەکـــــات، کە ئەو

122 لە کۆتــایی بیســتەکان و ســەرەتای ســییەکانی ســەدەی ڕابــردوودا، دەروونناســی ســۆڤیەتی "لیـڤ ڤیجۆتسکی" بنچینـە سـەرەتاییەکانی تیـۆری مومارەســەی دانــا، کە دەریــدەخات مەعــریفە یەکەمجــار لە پراکسیســەوە سەرهەڵدەدات، دواتر وەردەگیرێت: ئێمە شتەکان دەکەین بەرلەوەی فێربین چــۆن بیــانکەین. پارادۆکســی نێــوان ئەوەی تاکەکــان دەیــزانن و ئەوەی تاکەکان دەیکەن هەمیشە دەگۆڕێت بۆ "مەودایەک" لەنێوان دۆخی تاکەکان وەک ئەوەی هەن و وەک ئەوەی دەیانەویت ببن، ڤیجۆتسکی ئەمە ناودەنێت "ناوچەی گەشـەپێدانی نزیکـایەتی" کە باشـترین هەلـی فێربوونی تێدایە. ئەم ڕەهەنـدەی فێربـوونی ســەنترالّی، بە تــایبەتیش فێربــوون بە پراکســێس کە پییەر بۆردیـۆییش سـەرنجی لێداوە، بە تەواوەتـی لە تـاوتوێی پرۆسێســی جێبەجێکاریــدا کە دەمــانگەیەنیتە بنەماکــانی عەدالەت وەک ئینســاف، هــیچ ئامادەییەکی لە فیکری ڕاوڵزدا نییە.

123Paul Ricoeur, Soi-méme comme un outer, I'order philosophique (Paris, Seuil, 1990), p. 265.

تاکەکەسـانەی پەیمـان دەبەسـتن، هەموویـان ڕەگەزیـی عەقڵانیی پەتین، سەرکەوتوو دەبن لەوەی ئەو بنەمایانەی عەدالەت بـخەنە ڕوو، کە لە داهـاتوودا حـوکمی کۆمەڵەکەیان دەکات، کاریش دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە، لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ڕاوڵز، پێـی وایە ئەگەر تاکەکـان چاوپۆشـی لە مەیـل و هەسـتەکانیان بـکەن، ئەوا بەشـێوەیەکی بێلایەنـانە یاسـا گشتی و هاوبەشەکان، تەنیا لەسەر بنەمای حوکمی عەقڵی پراکتیکـی ترانسـێندنتاڵی، دادەنـێن. ئەم جێبەجێکـردنە، کە حـوکمە ئەخلاقیـیە بێلایەنەکـان دادەنێت، حـوکمێکی تەواو ئیدراکییە و بەرەنجامی حسابە مەزەندەییەکانی تاکەکەسە پەیمان بەستەکانە (پێدەچێت دوانەی عەقڵانیەتـی دیکـارتی بێت). هاوبەشەکان لە دۆخی ئەسڵیدا، تاڕادەیەک لە وێنـای تاکەکەسـی عەقڵانـی دەچـن، لە تیـۆری نیوکلاسـیکی هۆمۆئیکۆنۆمیکسـدا، لەبەرئەوەی هەردوو شـێوازەکە گریمـانەی جێبەجێکردنـی "ئیدراکی"ـی پەتـی دەکـات، کە لە هەمـوو ئـاڵۆزییە دەروونییەکـانی تاکەکـان و هەمـوو ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکان دابڕابێت، تـاوەکو دەرەنجـامێکی ئایـدیاڵی بەدەسـتەوە بـدات. نیـازی ڕاولـز ئەوەیە، کە یەکێتیی عەقڵی پراکتیکی لای هەموو تاکەکان، دەستەبەری بێلایەنی جێبەجێکردنی ئاڵوگۆڕ، لە بارەی ڕێسا پراکتیکییە گشـتییەکانی عەدالەت بکـات، وەهـا دادەنێـت کە هـاوڕایی تاکەکـان لەنێـو چوارچێـوەی کـۆمەڵایەتی کـارلێکگەریی دیـاریکراودا، هـیچ ڕۆڵێکی لە دۆزینـەوە یـان کەشـفکردنی حوکمی عەقڵدا نییە.

کێشەکە لەم بنیاتە ڕاوڵزییەدا، ئەوەیە کە عەقڵانییەتی تاکەکەسە پەیمان بەستەکان "سنووردار"ە نەک "ڕەها"[124]. لەوەیش زیاتر تاکەکەسە پەیمانبەستەکان کەوتوونەتە نێو ژینگەیەکەوە، کە پڕیەتی لە نادڵنیایی[125]، لایەنگیرییە ئیدراکییەکان[126]، ناهاوشێوەیی زانیارییەکان و هەڵبژاردنی پێچەوانە[127]، کێشەی "وەکالەت"[128]، ئەمەیش وا دەکات کارلێکی نێوان تاکەکەسە پەیمانبەستەکان لەنێو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا دەستەبەر کرابێت. پەیوەندییە

---

124 تیۆری عەقڵانیەتی سنووردار، گریمانەی عەقڵانیەتی ڕەها، لە تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا (لەلایەن ئابووریی نیو-کلاسیکی یان فەلسەفەی بنیاتنەریی ڕاوڵزییەوە) پووچەڵ دەکاتەوە، ئەوە دەردەخات، کە عەقڵانییەتی تاکەکەس سنووردارە، نەک تەنیا بەهۆی سنوورداریی زانیارییە بەردەستەکان یان زەمەنی ڕەخساو بۆ ئاڵوگۆڕیی ئیدراکییەوە، بەڵکو پێش هەمو شتێک بەهۆی سنوورداریی تواتا ئیدراکییەکانی تاکەکەسەوە. پاشان، هەڵبژاردنی عەقلانییانەی تاکەکەس پێویستی بەوەیە لە یەکەم هەڵبژارنی ڕازیکەردا بوەستێت نەک هەر بەشوێن باشترین هەڵبژاردنی ئایدیاڵی بکەوێت. بڕوانە:

Simon, Models of Bounded Rationality.

125 Frank H. Knight, /risk, Uncertainty and Profit, Hart, Schaffiner and Marx Prize essays;31 (Boston New York: Hougton Mifflin Company, 1921), and John Maynard Keynes, The General Theory of Employment, Interest, and Money (Houndmills, Hamshire, New York, NY: Palgrave Macmillan, 2007).

126 Amos Tversky and Daniel Kahneman, "Judgment under Uncertainty: Heuristics and Biases", Science (27 September 1974), pp. 1124-1131.

127 George A. Akerlof, "The Market for Lemons: Quality Uncertainty and Market Mechanism", Quarterly Journal of Economics, vol. 84, no. 3 (August 1970), pp. 488-500.

128 Bengt Holmstrum, "Moral Hazard and Bbservability", Bell Journal of Economic, vol. 10, no. 1 (Spring 1979), pp. 74-91.

کۆمەڵایەتییەکـــانی وەکـــو متمـــانەش دەکـــاتە ڕەگەزێکـــی سەنتراڵ لە پڕۆسەی گۆڕینەوە و دەستاودەستدا. لێرەوە تیۆری عەدالەت وەک ئینساف، لە خۆیدا "مونسیف" نییە، چونکە هاوبەشەکان لە دۆخی ئەسڵیدا لە "مافی زانیاری" بێــبەش دەکــرێن: مـــافی زانیـــاری لەبـــارەی خۆیـــان و ئەوانیترەوە، مافی زانیاری لەبارەی بۆچوونە خودیەکانیان سەبارەت بە چاکە.

ســـــەڕەرای ئەوەش، ڕاوڵـــــز، لە کتێبـــــی دووەمیـــــدا، "لیبرالیزمی سیاسی" (1993) لەوێوە دەست پێدەکات، کە دەڵێــت ئەو تاکەکەســـانەی، کە خـــاوەنی عەقڵانییەتێکـــی پەتین، ئامانجی تایبەتیان هەیە، دەیانەوێت بەدیهیان بهێنن، بەڵام بۆ ئەمە پێویستیان بە "هەستی عەدالەت"ـە، تاوەکو ئیلهامیـــان پێببەخشـــێت بـــۆ وەدیهێنـــانی هاوکـــارییەکی مونســـــیفانە، هەروەک ئەوەی ئەو تاکەکەســـــانەی عەقـــڵ پەسەندی پەتین، ئامانجی تایبەتیان هەیە، کە دەیانەوێت لە ڕێــگەی هاوکــارییەکی مونســیفانەوە وەدییــان بهێــنن[129]، تـاوەکو گریمـانەی تەواوکـاریی عەقڵانـی (rational)، عەقڵ پەسەندی (reasonable)[130] بکەن، بەشێوەیەکی هیرارشی، بەو واتایەی عەقڵانی ملکەچ دەبێت بۆ عەقڵ نەپەسەندی، کە گوزارشت لە هەستی هاوبەشی نێو کۆمەڵگە دەکات، یاســـای عەقڵانـــیش، کە پەیمانبەســـتەکان دای دەنـــێن، دەخرێتە ژێر باریی ئەو دیسپلینانەی عەقڵپەسەندییەوە، کە

[129] John Rawls, Political Liberalism, p. 50.

130 هەمان سەرچاوە، ل 104.

جێبەجێکـــردن دەیـــانگرێتەوە[131]. لێـــرەوە، ئەم مـــامەڵە جێبەجێکـــارییە، کە لە مـــۆدێلی هەڵبژاردنـــی عەقڵانـــی پەتی[132]، دوورکەوتۆتەوە- پتر گریمانەی بوونی "هەستی عەدالەت" دەکـات، کە دابـڕاوە لە بەرژەوەنـدیی کەسـیی تاکەکەسە پەیمانبەستەکان- نەک ئەنجامگیری بوونی ئەم هەسـتە.[133] بەهەمـان شـێوە گریمـانەی بەردەوامبـوونی پەیوەنـدیی نێـوان عەقڵپەســەندی و عەقڵانــی و نێـوان ترانسیندنتاڵ و تاکەکەسی دەکات، بەبێ ئەوەی لە ڕووی ئیسـپتمۆلۆژییەوە ئەوە ڕوون بکـاتەوە، کە چـۆن دەشـێت ئەو تەڵەزگەیە تێپەڕێنرێت، کە تاکگەرایی میتۆدی دەرهەق لەم بەردەوامێتیـیە دروسـتی دەکـات. کەواتە گریمـانەی عەقڵانیەتـــی ڕەهـــای تاکەکـــان لەلایەن ڕاوڵـــزەوە، زۆر سـنووردار دیـارە و ڕازیـکەر نیـیە، هەمـان شـێوازی مامەڵەکردنیشـــی هەیە، بـــۆ ڕێکخســـتنی نـــاواخنکردنی عەقڵانی لەنێو عەقڵپەسەندیدا.

- لەســەر ئاســتی "متمــانەی عەقڵپەســەندی": ئەو مەنـــزومە ئیپســـتمۆلۆژییەی، کە مـــامەڵە سیاســـییەکەی ڕاوڵـــــزی لەســـــەر دامەزراوە، چەمکـــــی "متمـــــانەی عەقڵپەسەندی" وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ چەمکی "حەقیقەت"

---

131 هەمان سەرچاوە، ل 339-340.

[132]Catherine Audard, "Proncipes de Justice et Principes de liberalism: La "Neutralité" de la théorie de Rawls" dans: C. Audard, Idividu st Justic Social: Autour de John Rawls, (paris: Seuil, 1988), p. 172.

[133]Paul Ricoeur, "John rawls: De De l'autonomie Moral à la fiction du contral social", dans: P. R, Lectures 1: Autour du politique, la cou;eur des Idées (Paris: Ed. Du Seuil, 19991), p. 208.

بەکاردەهێنێت، کە ئەمەی دووەمیان لەگەڵ بنەمای فرەییدا ناگونجێت، پێوەرێکی گونجاو نییە بۆ حوکمدان لەسەر هەڵوێستە ئەخلاقی و سیاسییەکان[134]. بەڵام ئەم چوارچێوە بوونیادییە هێشتا ناتوانێت شرۆڤەی سروشتە هەڵقولاوییەکەی و بڵاوبوونەوەی هەستەکانی متمانە لەنێوان تاکەکەسان و دامەزراوەکاندا بکات. لەلایەکەوە، کاتێک ڕاوڵز، ئاماژە بە "متمانەی عەقڵپەسەند" دەدات، لەوێوە دەڕوانێت، کە متمانە ڕەگەزێکی سەنتراڵی "پێشوەکی" (مسبق)ـە، لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا، وەک دەرهاویشتەیەکی سەرەکیی میراتی ڕۆشنگەری و پێکهێنەری سەرەکیی ئەو شتەی، کە میشێل فۆکۆ ناوی دەنێت "ئیپستیمەی ڕۆژئاوایی"[135]، لە کاتێکدا چەندین

---

[134]Rawls, A Theory of Justice, p. 200.

135 بۆ نموونە کاتێک لە مامەڵەی دیڤید هیومەوە، لەگەڵ عەدالەتی سروشتی لە ڕێگەی سێ یاساکەی موڵکایەتییەوە (جێگیریی موڵکایەت، گواستنەوەی بەشێوەی ڕەزامەندانە، وەفاداریی بۆ بەڵێن)، وەک بنەمای یاسای تایبەتی لە سیستەمە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوا دەڕوانین (ئازادیی گرێبەست، پێشێلنەکردنی حەرەمی موڵکایەتی تایبەت، مافی قەرەبووکردنەوەی ئەوبتر کاتێک هەڵەیەک بەرامبەر مافەکەی بکرێت)، دەبینین سەرکەوتنی ئەم ڕێسایانە لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا، دوای سەردەمی ڕێنسانس، لە بوارێکی بەفراواندا متمانەی بەدەستهێنا. بۆیە چەسپینی ئەم بنەمایانە لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا بە ڕێککەوت نەبوو، بگرە بەرەنجامی بنیاتنانێکی عەقلانی ئیدراکییش نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتەکەی و متمانەکەی لە مومارەسە و لە مێژووەوە بەدەستهێنا، واتە بەوهۆیەوە، کە توانی دەرەنجامە خوازراوەکانی بەدیبهێنێت و ئەو شتە دەربخات، کە وەک عەدالەت دەبینرا، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا ئەمبنەمایانە ڕەگیان داکوتا. بۆ نموونە بڕوانە:
Fracis Fukuyama, Trust: The Social Virtues and the Creation of Prosperity, (New York: Free Press, 1995).

ئیپســـــتیمەی نارۆژئـــــاوای هەیە، کە وەک پــــــایەیەکی کۆمەڵایەتیی چەسپاو، متمـانە لەدەسـت دەدەن، ئەمەیـش بەشـــێوەیەکی جەوهەریـــی پرســـیار دەخـــاتە ســـەر گەردوونێتیــی بوونیــادە ڕاوڵــزییەکە. کــاریگەریی کانــت لەســـەر ڕاوڵـــز، بەرەو هەڵوێســـتی "خۆپەرســـتی" یـــان "خودگەرایی حەتمی" (Solipsism)[136] ئاراستەی دەکات، کە دەبێتە مایەی ئەوەی تەنیا تەرکیز بخرێتە سەر کۆمەڵگەی ئەوروپی-ئەمریکی، وەرگرتنی ڕوانگەیەکی سنووردار لە هەمــبەر واقیعــی مرۆیــی وەک گشــتێک، ئەمەیـش تەنیـا هەوڵـــی چارەســـەرکردنی ئەو ئاســـتەنگانە دەکـــات، کە کـۆمەڵگەی لیبرالیسـتیی ڕۆژئـاوایی دوچاریـان هـاتووە، بەبـێ لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی، کە ئەم کـۆمەڵگەیە تەنیـا بەشێکە لە سیستەمی جیهانی فرە کولتوور.

لەلایەکـــی دیکەیشـــەوە، کێشـــە ســـەرەکییەکە وا لەو بەکارهێنانە شیکارگەراییەدا، کە ڕاوڵز دەرهەق بە چەمکی متمـــانە و قەتیســـکردنی لە ڕەهەنـــدە ئیدراکییەکەیـــدا، بەگـوێرەی مەرجەعیـیەتە ئیپسـتمۆلۆژییە بوونیـادییەکەی، پەیڕەویـــی لێـــدەکات. خـــۆ ئەگەر متمـــانە هەمیشـــە درێژبوونەوە بێت نەک دەستپێکردن، بەو واتایەی هەرگیز ناشێت لە هیچەوە بێتە بوون، ئەوا پێویستە پشت بە "پایە" پێشـوەکییەکان ببەسـتێت، کە هەمیشـە ئیـدراکییانە نـین، هەرگیـــز نـــاتوانین لە نیشـــانەی ســـادەی ئەگەرە

136 هەڵوێســتێکی ئیپســتمۆلۆژیی بنیـاتنەرانەیە، کە مەسـەلەی سـوبێکتی زانەر وەک حەقیقەتـی سـەرەتایی دەخـاتە ئاسـتی ئۆنتۆلـۆژییەوە، پاشـان گومانی ڕادیکاڵی لەهەر حوکمێک لەسەر واقیعی ئۆبێکتیڤ، دەکات.

حیسـابییەکاندا کـورتی بکەیـنەوە، بەڵکـو سروشـتێکی پەیوەنـدیکاریی کـۆمەڵایەتی هەیە. پاشـان، پێویسـتە هەر مـامەڵەیەکی گشـتگیر و ڕازیـکەری متمـانە، ئەو دوو ڕەهەنـدە بە هەنـد وەربگرێـت، کە دەشـێت بەگوزارشـتی "متمـانەی ئیـدراکی" (cognitive trust)، "متمـانەی عـاتیفی" (emotional trust) گوزارشـتیان لـێ بکەیـن[137]. ئەو متمانەیەی لە هەردوو ڕەهەندی (عەقڵانی و ویژدانی)یەوە بەرهەم دێـت، ڕێککەوتنێکـی نـاوەکی پێـک دەهێنێـت، کە بەهـۆیەوە تـاکەکەس، لەبـری ڕەفتـارێکی هەلپەرسـتانەی میتـۆدی (کە لە هەمـوو سـاتێکدا هەوڵ دەدات، بـۆ قۆسـتنەوەی باشـترین دەرفەت)، ڕوانگەیەکـی زەمەنـی درێژخایەنتر دەبارەی مامەڵەکان وەردەگرێت[138].

دەرهەق بەومتمـانەیەی، کە پەیوەسـتە بە بنەماکـانی عەدالەتەوە لە کـۆمەڵگەدا، بە تەواوی ئاشـکرایە، کە لە ڕۆحـی هـاوولاتیبوون و ڕۆحـی برایەتـی کـۆمەڵایەتییەوە سـەرچاوەی گرتـووە، بەو واتـایەی، کە پەیوەسـتە بە ڕەهەندە ویژدانییەکەی تاکەکەسە پەیمانبەستەکانەوە، نەک بە ڕەهەندە عەقڵانییەکەوە، هەروەهـا زیـاتریش سروشـتی هەڵقـولانی هەیە نەک سروشـتی تەلارئاسـا، ئەمەش وای لێـدەکات، کە خۆبەخـۆ لە توانـای عەقڵانیـیەوە بـۆ

[137] Elena Roceo, "Out of Sight, Short of Trust", Paper Presented at: "European Management Research: Trends and Challenges", University of Navara, IESE Business School, Barcelona, 19-12 April 2001), .p.12

[138] Bart Nooteboom, Trust: Forms, Foundations, Failures, and Figures (Cheltenham, UK; Northampton, <A: E, Elgar pub, 2002).

پەیمانبەستن و پابەندبوون بە پەیمانە بەستراوەکانەوە بەرهەم نەیەت، ئەمەیش پێچەوانەی گریمانەکەی ڕاوڵزە.

- لەسەر ئاستی ڕێبازی پەیمانی کۆمەڵایەتی: بەپێچەوانەی پەیمانی پێرفێکتەوە، کە میتۆدی بنیاتنەریی گریمانەی دەکات، هەموو پەیمانەکان هەر لە بنەڕەتدا کامڵ نین. "ناکاملێتی سروشتییانەی پەیمانەکان"، لە چەند توێژینەوەیەکی نوێی بوارە هەمەجۆرەکانی وەکو ئابووریی پیشەسازی یان موڵکایەتی فیکری یان بازرگانی نێودەوڵەتی یان مێژووی، ئابووری، بەتایبەتیش لە تیۆرەکانی ڕێکخستندا، ئاشکرا کراوە[139]. ئەم توێژینەوانە لەسەر بنەمای سێ ئایدیای سەرەکی ئەنجام دراون:

- أ) گریمانەی لە سەلماندنبەدەریێتی (Unverifiability)، کە حاڵەتی ناهاوشێوەی زانیارییەکانی نێوان لایەنە پەیمانبەستووەکان، دادگاکان دەنوێنێتەوە.

- ب) تێچوونی مامەڵەکان (transaction costs): گرێبەستەکان کامڵ نین، چونکە لەخۆگرتنی هەندێک لە گۆڕاوە ئاڵۆزەکان پێویستی بەوەیە تەواو بە ڕوونی وەسف بکرێن، تاوەکو بتوانرێت هەر دادگایەک داوای

[139]Oliver E Willamson, Markets and Hierarchies, A study in the Economic =s of Internal Organization (New York: Free Pres, [1975]), Standford L. Grossman and Oliver D. Hart, The Costs and Benefits of Ownership: A Theory of Vertical and Letral Integration", Jornal of political Economy, vol. 94, no. 4 (August 1986), pp. 691-719. And Oliver D. Hart, Firms, Contracts, and Financial Structure (Oxford: Clarendon Press; New York, Ocford University Press, 1995).

جێبەجێکردنـــی گرێبەســـتەکە بکـــات، ئەوەش تێچـــوونی ئێجگار زۆری دەبێت.

- ج) دۆخـی ناکـاوی چـاوەڕواننەکراو، کە مەحـاڵە پێشـبنیی بکرێـت، هەر لە سـەرەتاوە لە گرێبەسـتەکەدا بنووسـرێت، ئەم حـاڵەتە سروشـتییانە بە ئاشـکرا تێبینیـی نـاکرێن، تەنیـا دواتـر دەبینـرێن. لەبەرئەوە، مەحـاڵە گرێبەسـتەکە هەر لەسـەرەتاوە هەمـوو پێشـهات و پێشـبینییەکانی پرۆسـەی گـۆڕینەوەکە، کە دەبێـتە مـایەی بنەماکـانی عەدالەت وەک ئینسـاف، بگـرێتە خـۆی، بۆیە لە ئاسـتی مـامەڵەی دامەزراوەیـی پەتیـدا کـورت دەبێـتەوە. لەمەشـەوە دەگەیـنەوە ئەو بـڕوایەی، کە میتـۆدی گرێبەسـتکاری (بەگشـتی میتـۆدی بنیـاتنەریی)، ناتوانێـت هەموو ڕەهەندەکانی تیۆری عەدالەت لە خۆ بگرێت.

- لەسـەر ئاسـتی تەبـایی "پێشوەکی"ـی مەجـازیی کـۆمەڵگە: لە ڕوانـگەی ئـێمەوە گەورەتـرین کێشـە، لە تیۆرەکەی ڕاوڵزدا، ئەوەیە کە گریمـانەی "دۆخـی ئەسڵی"، ئەو دڕدۆنگیـیە دەسـڕێتەوە، کە لە هەمـوو فۆڕمەکـانی کۆبـوونەوەی مرۆییـدا هەیە. ئەم مـامەڵەیە، کە وا دەردەکەوێـت لە بۆشـاییەکی تەواوەوە دەسـت پێـدەکات، هیچ ئیمکانێکی گۆڕینی نەزمی دابەشکردنی نادادپەروەرانە (کە پێشـتر هەیە) بـۆ نەزمـی دادپەروەر[140]، دەرناخـات، هەمـوو ئەو هەسـتە سـەرەتاییانە سـەرکوت دەکـات، کە

[140]John J. Flynn and Piero Ruffinengo, "Distributive Justice: Some Institutional Implication of Rawls's A Theory of Justice", Utah Law Review vol. 123 (1975), p.136.

دەشێت لە بەراوردکردن بەوانیتر، دەربکەوێت، کە ڕەنگە بە تەواویــش ڕەوا بیــت، چــونکە پشــت بە ســتەمێکی ڕاستەقینە دەبەستێت لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتیش تەفسیری ئەوە ناکات "چۆن" دەکرێت بنەمای ماکسیمەم بەشداربێت لە زاڵبوون بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. پێویستە لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە عەدالەت، تەنانەت کاتێک ئاماژە بە ئاستی سوبێکتیڤی تاکەکەس دەکات، (عەدالەتی تاکەکەس بە چەمکە ئەخلاقییەکەی)، هێشتاش لەنێو چوارچێوەی ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەمێنێتەوە، بە واتای ئەوەی، کە عەدالەتێکی سەد لە سەد "کۆمەڵایەتییە". بۆ نموونە "حەی بن یەقزان"، کاتێک بە تەنیا لە دوورگەی واقواق بوو، واتە بەرلەوەی ئەسال ببینێت و سەردانی دوورگەکەی بکات، هەرگیز دەربارەی ئایدیای عەدالەت، پرسیاری لەخۆی نەکردووە[141].

کەواتە عەدالەت بە توندی پەیوەستە بە هاوسەنگیی هێزەکانەوە لە کۆمەڵگەدا، پەیوەستە بە هاوسەنگڕاگرتنی پەیوەندیی بەویترەوە، واتە بە سروشتی پەیوەندیکاریی کۆمەڵایەتییەوە. چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ براکەی، چەوساندنەوەی دەوڵەتێک لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە، سەرمایەداریی بەجیهانیکراو، وەحشیی وەک ئەوەی لەمڕۆدا تێیدا دەژین، هەر هەموویان خراپەگەلێکن، کە تیۆری عەدالەتی ڕاوڵز لێیان بێدەنگە و نەیهێناونەتە بەرباس، بەهەمان شێوە تەنیا ڕووبەڕێکی کەمی بۆ ئەو

141 ابوبكر محمد بن عبد الملك بن طفيل، حي بن يقظان، قدم لە و حققە فاروق سعيد، ط 2، (بيروت، دار الآفاق الجديدة، 1978).

سـێ پێکهـاتە کـۆمەڵایەتییە دانـاوە، کە بەردەوام لە مشـتوومڕەکاندا سـەبارەت بە عەدالەتـی کـۆمەڵایەتی، باسکراون، ئەوانیش: "نەژادەکان، چینەکان، جێندەر".

ئەگەر بەکارهێنانێکی شیکارییانەی ئایدیای هەژموونی سیاسی نەبێت، ئەوا نەبوونی هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ کەلێنێکـی بنچینـەی، لە تیـۆرەکەی ڕاوڵـزدا جێـدەهێڵێت، چـونکە "کاتێـک بـازنەی عەدالەت بـۆ ڕەهەنـدەکانی دینـامیزمی دابەشـکردن بەفـراوان دەکەیـن، ئەوا تـۆوە سەرەتاییەکانیش لەخۆ دەگرێت، کە تۆوی ڕکابەرین"[142].

لەم ڕوانەیەوە ڕیمـۆن بـۆدۆن، جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە، کە "وا دەردەکەوێـت ڕاوڵـز کۆمەڵێـک ئـاڵۆزی سیاسـیی، ئەو پراگمـاتیزمەی کە پێویسـتییەتی، فەرامـۆش دەکـات. کەواتە (...) دەپرسـین ئایـا فەلسـەفەی سیاسـی بەشـێک لە جەوهەری سیاسـەت تێـکناشـکێنێت. ئەگەر پەیـڕەوی لە ڕاوڵـز بکەیـن، ئەوا بەکردەیـی نـازانین ڕکابەرییەکـان، حـزبە سیاسـییە جۆراوجۆرەکـان، بگـرە ژیانی سیاسییش بۆچی هەیە"[143].

لە ڕاسـتیدا، دۆخـی ئەسـڵی هاوبەشـە ڕێککەوتووکـان کۆناکـاتەوە، بەڵکـو تاکەکەسـە خۆپەرسـتەکان، ئەگەر نەشڵێین دووژمنکارەکان، کۆ دەکاتەوە. جا لەبری پێکەوە کـارکردن، لەپێنـاو ئـاوێزانبوونێکی هاوسـۆزانە، بە پـلەی

[142]Paul Ricoeur, La Critique et la Conviction: Entretien avec François azouvi et Marc de Lounay (Paris: 1995), p. 183.

[143]Raymond Boudon, "A Propos des Sentiments de Justice: Nouvelles remarques sur la théorie de Rawls", L'Année Sociologique, vol. 45, no. 2 (1995), pp. 273-295.

یەکەم هەوڵ  بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە کەسییەکانیان دەدەن، چ لەسەر حسابی ئەوانیتر بێت یان نا: "هەژموون و جیامەندیی ئیمتیاز، چەوساندنەوە فاکتی کۆمەڵبوونی کۆمەڵایەتین، نکوڵی لێکردنیان دەبێتە مایەی دووهێندەبوونەوەیان"[144]. بۆ ئەوەی ڕاولز، پۆلێن بکەین، ناتوانین تەنانەت بۆ چرکەیەکیش گومان لەوە بکەین، کە ئەو بڕوای بە ئیمکانیەتی بوونی کۆمەڵگایەک هەبووە، بەبێ هەر جۆرە خراپە یان تاوان یان کینە و تووڕەیی یان ئیرەیی یان سادیزم یان توندوتیژییەک. هەوڵ دەدات ئەوە دەربخات، کە سەرەڕای هەموو شتێکیش، سەرەڕای هەست و سۆز و ناکۆکی و ململانێکانیشمان، دەتوانین لەسەر بنەماکانی عەدالەت کۆک بین، بنەماکانی لانیکەمی هاوکاری لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی فرەیی بێ پێکداهەڵپژاندا. گرەوی ئەو لەسەر بنیاتنانی ئەو دامەزراوانەیە، کە دادپەروەرترن و کەمتر توندوتیژن، کە تێیدا دەکرێت هەستە وێرانکەرەکانی پەیوەستی کۆمەڵایەتی – بە دەربڕینی دیڤید هیوم- لەخۆ بگیرێن. بۆیە هەڵەی سەرەکیی ئەو، لە ڕوانگەی ئێمەوە، باوەڕبوون نییە بەوەی، کە کۆمەڵەی دادپەروەر کۆمەڵگەیەکە کۆتایی بە کینە و توندوتیژی هێناوە، بەڵکو دۆخێکی ئەسڵییە، کە ئەو ئیمکانە لەنێو دەبات، دەکرێتە

---

144 علـي حـرب، أصـنام النظريـة و أطيـاف الحريـة: (نقـد بورديـو و تشومسكي)، سياسة الفكر، 2 (بيروت: المركز الثقافي العربي، 2001)، ص 23.

بنەمـــای تیـــۆرەکەی، لە کاتێکـــدا "دەکرێـــت ئـــارەزووی عەدالەت لەخۆیدا ببێتە بزوێنەری توندوتیژی"[145].

بە بـڕوای ڕاولـز دەتـوانین وەهـا پێناسـەی عەقڵانـیەت بکەیـن، هاوبەنـدی و توانـای ڕێکخسـتنی ئەولەویاتەکـانە لەپێنـاو سـەرکەوتنی نەخشـەکاندا، بە سـەربەخۆیی لە حەسوودی: "ئەو گریمـانە تـایبەتییەی دایـدەنێم ئەوەیە، کە تاکی عەقڵانی گیرۆدەی حەسوودیی نییە. ئامادە نییە نەک تەنیـا دۆڕانـی خـۆی، بەڵکـو دۆڕانـی ئەوانیتـریش قبـوڵ بکـات"[146]. کەواتە ئەرگـومێنتی ڕاولـز، بـۆ کەمکـردنەوەی مەیلـــی کـــۆمەڵگە مۆدێرنەکـــان بەرەو دەرپەڕانـــدنی زنجیرەیەک هەڵچوون و کاردانەوەی لە کۆنترۆڵ بەدەر، لەسـەر یەکێتیـی عەقڵـی پراکتیکـی ترانسـێندنتاڵی لەنێـو کۆمەڵگەدا، ئەرگومێنتێکی بێ بنەمایە.

لەم کۆنتێکسـتەدا "جـان پیـیەر دووبـریێ" ڕوونـی دەکـاتەوە، کە مـامەڵەی دەروونناسـی لە مەنـزومە عەقڵانییەکەی ڕاولـزدا، زۆر ئایدیاڵیسـتییانەیە: لەبەرامبەر دەروونناسانی قووڵایی دەرووندا (ڕۆسـۆ، دیستۆیڤسـکی، فرۆیـد)، "فەیلەسـوفی عەقڵانـی هـیچ چـارەیەکی دیـکەی نییە، جگە لە بۆچوونێک کە بە کاڵی، وێنەی گەشبینانە و کەمێـک سـاکاری سروشـتی مرۆیـی، دەکێشـێت"[147]. بـۆ نموونە فرۆید هەستی عەدالەت دەکاتە کاردانەوەیەک بە ڕووی ڕەفتاری دوژمنکارانە، حەسوودی بەرامبەر منداڵی

[145] Jean-Pierre Dupuy, Libréralisme et Justice Social: Le Sacrifce et I'envie, Plurel (Paris: 2009), p. 226.
[146] Rawls, A Theory of Justice, p. 143.
[147] Dupuy, Libéralisme et Justice Sociale, p. 178.

بچووکتر، ڕەفتارێک کە بەبێ زیانێکی هاوشێوە بەردەوام بێت، بۆیە پێویستە بگۆڕێت بۆ ویستی عەدالەت (یەکسانی لە مامەڵە لەگەڵ هەمواندا): "لێرەوە هەستی کۆمەڵایەتی، بەپێچەوانەی هەستی دوژمنکاریی یەکەمجار، لەسەر پەیوەستییەک دادەمەزرێت، کە مۆرکێکی ئەرێنیی هەیە، وەکو بەدیهێنانی شوناس (...). عەدالەتی کۆمەڵایەتی واتە واز لەچەندین شتی خۆمان بهێنین، لەپێناو ئەوەی ئەوانیتریش هەست بکەن، ناچارن وازیان لی بهێنن، یان نەتوانن داوایان بکەن –ئەم دووانەش هەر یەک شتن– (...). ئێمە چەندە نەتوانین باشترین بین، لایەنیکەم کەسیتریش، لە هەموو ئەوانیتر ناتوانن باشترین بن"[148].

پاشان، هەموو بوونیادە تیۆرییە ڕاوڵزییەکە دەڕمێت ئەگەر بێت و بتوانین ڕوونی بکەینەوە، کە "نایەکسانیی قبوڵکراو" لە چەمکی ئەم بیرمەندە ئەمریکییەدا، ناکرێت بە حەتمی ببێتە مایەی "حەسوودی"ی ئەوانەی لە دۆخێکی نالەباردان، بەرامبەر ئەوانەی لە دۆخێکی باشتردان. خۆ ئەگەر ئەم حەسوودییە شتێکی تێگەیشتراو و قبوڵکراو بێت، یان بە قەولی ڕاوڵز "بەخشراو" بێت[149]، ئایا کاتێک شۆڕش دژ بە ستەم دەست پێدەکات، کۆمەڵە ڕیسکی ئەوە ناکات، کە بینێت گەشە دەکات و گەورە دەبێت، تا ڕادەی دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری، بە واتای هەڕەشەی درێژەدان بە مەرجەکانی عەدالەت؟

[148]Sigmund Freud, "Psychologie des foules et analyse du moi", dans: S. Freud, Essais de psychonalayse, traduit par pirre colet (petite biblothéque payot, 1981), pp. 186-187.
[149]Rawls, A Theory of Justice, p.534.

ئەگەر کـــۆمەڵگە نەریتییەکـــان، لە ڕێـــگەی بۆچـــوونە کولتـووریییە دەرەکییەکـانەوە، کە تێیـدا تـوێژە بێـبەش و چەوســـاوەکان، لاوازیـــی خۆیـــان دەدەنە پـــاڵ کۆمەڵێـــک هۆکـاری دەرەکـی سـەرکوتکەر، کە (نـاتوانن بیگـۆڕن)، سـەرکەوتووبووبن، لە قبـوڵکردنی لـۆژیکی هەژمـوون و تونـدوتیژی و هێشـتنەوەی هیرارشـییەتی کـۆمەڵایەتی، ئەگەر کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە مۆدێرنەکان، لە ڕێگەی کەناڵە ناوخۆییەکـــانی گرێبەســـتی "ڕێککەوتنـــی فۆردی"ـــی، گشـــتاندنی کـــۆمەڵگەی بەکـــاربەرەوە، بەهەمـــان شـــێوە ســــــەرکەوتووبووبن، ئەوا هەســـــتکردن بە بەزیــــــن، لەدەســـتدانی متمـــانە لە هەمـــوو کۆمەڵگەکانـــدا هەیە، هەرکـاتێکیش بـارگرژی سـەرهەڵبدات پێویسـتە بـرەو بە هەسـتی ڕق و کیـنەی کـۆمەڵایەتی لە کـۆمەڵگەدا بـدات، لەگەڵ هەمـــوو ئەم دەرەنجامـــانەی، کە لەمە دەکەونەوە، لەوانە پەشێوی لە ڕێککەوتن لەسەر بنەماکانی عەدالەت.

جـا لەلایەکەوە، بە حـوکمی سروشـتی قـووڵی مـرۆڤ، لەلایەکی دیکەیش، جیامەندیی خـودیی هەر تاکەکەسێک لە کۆمەڵگەدا، هەر کـارلێکێکی کۆمەڵایەتی، جـودا نـابێتەوە لە بەرهەمهێنانی لەپێشتریێتی و جیامەندی، لێرەوە تاکەکانیش لە کۆمەڵگەدا لە کێبەرکێیەکی بەردەوامـدا دەبن، ئینسـافی جێبەجێکـردنیش کە بەشـێوەیەکی "بنیـاتنەرانە"ی پێشـوەکی بـــۆ بنەمـــا کۆمەڵایەتییەکـــان دامەزراێنـــراوە، بە ســـەرە قەڵەمێـک ئەم کێبەرکێـیە هەڵناوەشـێنێتەوە، بەڵکـو تەنیـا سنوورێکی بۆ دادەنێت. وردتـر بڵێین، ئەوەی ئاسـتە هەرە وێرانکەرەکانی پەیوەستی کۆمەڵایەتی سنووردار دەکات،

"هەسـتكردن بە ئینساف"ـەـ، كە دواتـر لە كـارلێكی كـۆمەڵایەتی دەكەوێـتەوە. بەو واتـایەی ئەوەی، كە حەقیقەتێكـی زۆرەملێـی لە كـۆمەڵگەدا دەردەخـات، زیـاتر گشـتاندنی "شعوركردن"ـی، پاشـینەی گشـتییە بە عەدالەت لە كـۆمەڵگەدا، نەك بێلایەنـی ئـاڵوگۆڕ و جیێبەجێكردنـی پێشـوەكی، كە دەڕوات بەرەو بنەماكـانی عەدالەت وەك ئینساف. جا هەركاتێك لە دواتر ئەم شعوورە هەژێنرا و ڕووبەڕووی كێشـە كـرایەوە، ئەوا ئیـدی ئەوەی، كە جیێبەجێكردنـی پێشـوەكیی سـەرەتا مونسـیفانە بێـت یـان نەبێت، هیچ سوودێكی نییە. پەیوەسـتی شـیكاریی لەنێوان پێشـوەكیی سـەرەتایی و پاشـینەی دواتـردا، لەم كـارەی ئـێمەدا، كە تـاوتوێكردنی تیـۆری عەدالەتە، مەسـەلەیەكی سەنتراڵە.

**سەرچاوە**

مـراد دیـاني: حریـة، مسـاواة، إنـدماج إجتمـاعي –نظریـة العدالـة فـي النمـوذج الليبرالـي المسـتدام، المركـز العربـي اللأبحـاث و دراسـة السیاسـیات، الطبعـة الأولـی، بیـروت- 2014.

# (حەوت)

# لیبڕالیزم و لە-شوێن دەرپەڕاندن
# (gentrification)

فەرهاد مورادی

چەمکی (لە-شوێن دەرپەڕاندن) یەکەم جار ساڵی 1964 لەلایەن (روس گـێلەس)ی کۆمەڵناسـی مارکسیسـتەوە بەکارهێنرا. ئەو ئەم چەمکەی بەکارهێنا بۆ وەسفکردنی ئەوەی پەیوەدیدار بوو بە گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سەرچاوەگرتوو لە بازاڕی شوێنی نیشتەجێبوونی لەندەن. (گێلەس) لە گرنگترین کتێبیدا بە ناوی (لەندەن: لایەنەکانی گـۆڕان) پرۆسـەی لە-شـوێن دەرپەڕانـدنی بەم شـێوەیە ڕوونکـردووەتەوە: "دۆخـی کـۆمەڵایەتیی زۆرێـک لەو گەڕەکانەی نیشتەجێبوون بەهۆی هاتنی چینی ناوەندەوە بـۆ ئەو گەڕەکـانە لە گەشـەکردندایە. ئەوان دێـن بـۆ گەڕەکەکانی تایبەت بە چینی کرێکاران، لەوێ نیشتەجێ دەبـن و کـاردەکەن و بـۆ گەشـەپێدانی ژێرخـانی ئەو گەڕەکـانە لـۆبی دەکەن". لەم ڕوانـگەیەوە لە-شـوێن دەرپەڕانـدن واتـا داگیرکردنـی گەڕەکـی هەژاران لەلایەن چینی ناوەندەوە و لە ڕێگەی ئەم داگیرکردنەوە شێوازی ژیانی گەڕەکەکە دەگۆڕێت، تێچوونی ژیان بەرزدەبێتەوە و دانیشـتوانە دێـرین و هەژارەکـان بە ناچـاری گەڕەکەکە چۆڵ دەکەن. پرۆسەی لە-شوێن دەرپەڕاندن کە ئێستا بۆ سیاسـەتێکی جیهـانی گۆڕاوە لەم گۆشـەنیگایەوە جـێگەی ڕەخنەی چەپەکانە. لەگەڵ ئەوەشـدا وەک لێرەدا ئاماژەی پێـدەکرێت، لیبڕالەکـان خوێنـدنەوەیەکی تریـان بـۆ ئەم سیاسەتە شارییە هەیە. ئەوان لە-شوێن دەرپەڕاندن وەک (نوێکردنەوە)ی گەڕەکە کۆن و زیانلێکەوتووەکان دەبینن و پێیـانوایە هـاتنە نـاوەوەی فەرهەنگـۆکە لیبڕالەکـان دەتوانێـت سـەلمێنەری نـوێکردنەوەی پێکهـاتەی سـاوی

گەڕەکەکان بێت، هەروەها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی و زیانەکان. لەڕاستیدا پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: لە-شوێن دەرپەڕاندن چۆی دەبێتە هۆی نەمانی متمانە بە پێکەوەژیانی لیبڕالیستی و تاکگەرایی و هەڵبژاردنەکانی تاک؟

کاتێک دەمەوێت سنوری ئایدۆلۆژیای لیبڕالیزم تاقیبکەمەوە لە ململانیٚ چینایەتییەکان دەکۆڵمەوە. کاتێک دەمەوێت سامپڵی ململانێی چینایەتی بدۆزمەوە ئەوەندە تەواوە کە لە دەرگای ماڵەکەم بمێنە دەرەوە. بۆ تێگەیشتن لەم بانگەشەیە پێویست ناکات وەک من دانیشتوی واشنتن دی سی بیت، بەڵام ژیان لەم شارەدا دەتوانێت یارمەتی تێگەیشتنی باشتر لە بابەتەکە بدات. واشنتن دی سی وەک زۆرێک لە شارەکانی تر دوو ڕوخساری هەیە. لەلایەکەوە ئێمە واشنتنێکمان هەیە، کە شارێکی بەناوبانگە. شارێکە بە تەلارە مێژووییە دروستکراوەکان لە مەڕمەڕی سپی و کۆمەڵێک لە شارەزاکان کە بۆ خستنەجوڵەی چەرخی حکومەت لە شارەکانی ترەوە هاتبوون بۆ ئێرە. لە لایەکی ترەوە بەڵام (دی سی)مان هەیە. شارێک کە تەلارە فیدراڵییەکان جیایە و دانیشتوانەکەی زیاتر هەژار و ڕەشپێستەکانن. هەروەها لەنێوان ئەم دوو شارەدا شەڕێکی نادادپەروەرانە بەردەوامە. لەلایەکی ئەم مەیدانی شەڕەدا ئەریستۆکراتە تازە هاتووەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ناوچەکە وەستاون و لەلایەکەی تریش دانیشتوانە هەژارەکە. ئەمەیە لە-شوێن دەرپەڕاندن، پرۆسەیەک کە ئەگەر سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم دێڕانەن

و دانیشتوی شارێکن دەتوانرێت بوترێت ئێوەش گیرۆدەی ئەو پرۆسەیەن. لەڕاستیدا لە-شوێن دەرپەڕاندن دوولایەنەیە، سەرەتا لایەنە توندوتیژەکەی ئەم پرۆسەیە وەک ئایدیای "پەنجەرەی شکاو"ی (ڕۆدی گیۆلیانی)ی سەرۆک شارەوانی پێشووی نیویۆرک هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانە بچووکەکان. لایەنەکەی تر نەرمیی ئەم پرۆسەیەیە، پرۆژەیەکی لیبراڵی بە مەبەستی حوکمڕانی شارەکان، کە (جین جیکۆبز)ی نوسەری کتێبی (مەرگ و ژیانی شارەکانی ئەمەریکا)، (قەدیس) بە پارێزەری ئەو هەژماردەکرێت.

(جیکۆبز) لە بەرامبەر جەختکردنەوە لەسەر بەرفراوانکردنی دەوروبەری شار و زیاتربوونی نوێکردنەوەی شارەکان لە ڕێگەی ڕووخاندنی تەلارە دێرینەکانەوە، جەختی لەسەر سەرنجڕاکێشیی ژیانی شار دەکردەوە. جیکۆبز ڕەخنەگری سەرەکیی شوێنە گشتییەکانی مانەوە بوو، واتا ئەو شوێنانەی دەوڵەت بۆ چینە هەژارەکان دروستیکردوون، ئەویش بە پاساوی ئەوەی سەرنجڕاکێشیی مێژوویی ئەو گەڕەکانەی دانیشتوانیان کەمە لەناودەبات. هەرچۆنێک بێت، ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانی جیکۆبز هەمان ئەو ئایدیایانەیە کە لەسەر بنەمای عەقڵی تەواوی شارسازی لیبرالی ئەمڕۆیە: ترافیکی پیادەکان لە جیاتی ترافیک بەهۆی زۆریی ئۆتۆمبێل، گەشەپێدان لەسەر بنەمای پێکهاتەی فەزای شار لە جیاتی گەشە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی فەزای شاری، پێکهاتەی جیاوازیی شێوازەکانی تەلارسازی، کار و هاوولاتیان.

**دڵم بەو خانوانە دەسوتێت**

هەروەک (شـــارۆن زوکـــین) کۆمەڵناســـی شـــار و مامۆستای کۆلێژی برۆکلین چەندین جار ئاماژەی پێداوە، دیـدی جوانناسـی جیکـۆبز ناتوانێـت جـێگەی چـۆڵیی واقیعییەتە چینایەتییەکان لە شیکاری ئەودا پڕبکاتەوە. ئەو ڕەخـنە لە داڕشـتنی بەرنامەکـانی شـار دەگرێـت، بەڵام چاوەکانی لە ئاست دەسەڵاتی خاوەن بازاڕەکانی موڵک و مـاڵ دادەخـات. شـیکاری ئەو لەگەڵ نـاوچە گرانبەهـاکەی خۆی (گوندی گرینویچ لە نیویۆرک) ناگونجێت، جێگەیەک کە لە دەیەی 1980وە چـــاوی پرۆســـەی لە-شـــوێن دەرپەڕانـــدنی لەســـەرە. بە وتەی زوکـــین "تەلارە بچووکەکـان، شـەقامە بە بەرد داپۆشـراوەکان، پێکهـاتەی فەزای شـار، تایبەتمەنـدییە ڕەسـەنەکان و هەمـوو ئەو شتانەی بۆ جیکۆبز بە نرخن، بۆ ئایدیای کارگوزارانی لە-شـوێن دەرپەڕانـدن گـۆڕاون. ئەم شـارانە بـۆ ململانێـی چینایەتی کرێکاران و کەمایەتییە نەتەوەییەکان نین، بەڵکو هێمـان بـۆ شـاری چینـی ناوەنـد". لە نەبـوونی بەربـڵاوی ڕاسـتیی خاوەنـدارێتی و جۆراوجـۆریی سـەرچاوەکانی داهـات دەتوانرێـت بە ئاسـانی تارمـایی ڕاسـتی لە جـێگەی خودی ڕاستی دابنرێت. بۆ نموونە خاوەندارێتیی یانەکـان و ڕێســتۆرانتەکانی ئەو نــاوچەیەی لێیــدەژین، تەنیـا لە دەسـتی کەسـێکدایە. لە ڕوانـگەی زوکینـەوە سـەرنجدانی جیکـۆبز لە تەلارەکـان دەبێـتە هـۆی ئەوەی سـەرنج لەو کەســانە نەدات کە لەو گەڕەک و نــاوچەیە دەژیــن. لە بەشــێکی فیلمێکــی بەڵگەنــامەیی لەبــارەی لە-شــوێن

دەرپەڕاندن بە ناوی (شەڕی ئالاکان)، کە لە زێدەکەم واتا شاری (کۆلۆمبۆس) لە ویلایەتی ئۆهایۆ وێنەی گیراوە ئەم خاڵە بە ڕوونی وێنەی گیاوە. "دڵم بۆ ئەو خانوانە دەسوتێت". ئەمە وتەی کەسێکی ڕەسەنی ناوچەکەیە، کە چاوی بڕیوەتە ئەو تەلارە ڕوخاوانەی هاوسێکانی تێیاندا دەژین. ئەم هاوەدەردییە لەگەڵ تەلارەکان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو و دانیشتوانە نوێیەکەی ناوچە نوێکراوەکە بەهۆی زیادەڕەوییەکانی هاوسێ هەژارەکانیانەوە سەردانی شارەوانی بکەن.

تا ماوەیەک بەر لە ئێستا پشتیوانی لە پرۆژەی لە-شوێن دەرپەڕاندن لە ڕوانگەی بنەماکانی لیبڕالیزمەوە بە هەڵوێستێکی جێی شەرم و پێچەوانەی بنەماکان هەژماردەکرا. هەرچۆنێک بێت هەموو شتێک لە گۆڕاندایە. لەوانە شێوازەکانی ژیان لە (D.C.)، ئەوەی کە دەتوانرێت لەناوچوونی خێرای ڕووخۆشی لیبڕالیزم ببینرێت: ئێستا ئیتر وشەی لە-شوێن دەرپەڕاندن باوی ڕقلێبوونەوەی لەدەستداوە.

### بەکرێگیراوانی بەرگریکاری شێوازی جیکۆبز

ئەم جۆرە ڕەفتارە بێشەرمانەیە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناو شارە گەورەکان و بەرژەوەندییە گرێدراوەکان بە نایەکسانییەوە. واشنتن نموونەیەکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشەی ناهاوسەنگ، کە لە سەرجەم شارەکانی وڵاتەکە هەیە. نایەکسانی لەم شارەدا بەردەوام زۆر بووە. تەلارەکانی ئەم شارە بە یارمەتیی

هێـزی کـاری کۆیلەکـان دروسـتکراوە. هەروەهـا بەپێـی ئامارەکـان بەرزتـرین ئاسـتی پەیوەندیـدار بە کەلێنـی چینایەتی نێوان ئەریستۆکرات و هەژارەکان لە سەرجەم ئەمەریکـادا لە واشـنتنە. داهـاتی سـاڵانەی 15%ی ئەو خێزانـانەی لە واشـنتن دەژیـن دووسـەد هەزار دۆلار یـان زیاتر لەو ژمارەیەیە، ئەمەش لە کاتێکدا کە 15%ی خێزانە نیشتەجێبووەکانی ئەم شارە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. یەکێـک لە بەرزتـرین ئاسـتەکانی دەرچـووانی زانکـۆ لە سـەرجەم وڵاتەکـدا (46%)ی لە واشـنتنە، هەروەهـا بەرزتـرین ئاسـتی نەخوێنـدەواری (33%)ش هەر لەم شارەیە. بابەتی هەژاری لەم شارە پەیوەندیی بە نەژادەوە هەیە: داهـاتی سـاڵانەی خێزانێکـی سـپی پێـست بە سـەد هەزار دۆلار دەخەمڵێنرێت، بەڵام بۆ خێزانێکی ڕەشپێست لە خـوار چـل هەزار دۆلارە. ژمـارەی ئـالودەبووان بە نەخۆشـیی ئایـدز لە نـاوچە هەژارەکـانی واشـنتن دوو ئەوەنـدەی ناوچەکـانی تـرە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیـش نایەکسانییەکان لەهەڵکشاندان.

تاڵانیی سەرچاوەگرتوو لە لە-شوێن دەرپەڕاندنەوە لە واشـنتن ڕێـگە بەوە دەدات کە هەمـوو چاودێرێـک بـێ لەبەرچـاوگرتنی بەرنـامە لیبڕالیسـتییەکان لەڕووی (داهێنـانەوە) بە ڕوونـی ببینێـت بەرپرسـیاری ئەو دۆخە کێیە. لە-شوێن دەرپەڕاندن بەردەوام پرۆسـەیەک بووە لە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە. لە-شـوێن دەرپەڕانـدن لەلایەن وەگەڕخەرانـی سـەرمایە و دەسـەڵاتدارانی بـازاڕی موڵـک (ئەوانەی کە سـەرەداوی داڕێژەرانـی سیاسـەتەکانی

شاریان لەدەستدایە) ڕێکخرا. هیپستەرەکان (Hipsters) بە کڕینــی خانووەکــان تەنیــا بەپرســیارێتییان شــاردنەوەی شوێنپێکانی ئەوانە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی پرۆژەی لە-شوێن دەرپەڕاندن لە واشنتنی پــاش ئەو شۆڕشــانە بــوو کە ســەرچاوەیان لە تیــرۆری مــارتن لـوتەر کیـنگەوە گرتبـوو. لەو ڕۆژگــارەدا بەشـێکی زۆری ئەو گەڕەکــانەی ڕەشپێســتەکان لێیــان نیشــتەجێ ببوون، لەوانە ناوەندی شاری واشنتن، لە ئاگردا سـووتان. تـرس لە شۆڕشــەکان ببـووە هـۆی ئەوەی بـازاڕی موڵـک دابەزێـت. لەو بـارودۆخەدا ڕێـگە بـۆ ڕاوێژکــارانی موڵـک کـرایەوە بـۆ ئەوەی مـوڵکە هەرزانەکـان بکـڕن. دوای ئەوە دەلاڵەکــان ســەرکەوتوو بــوون کە بانــک و دەســەڵاتی نـاوچەکە ڕازی بـکەن و بەڵێنـی هاوکـاری نەخۆشـخانە و ناوەنـدەکانی لەخـۆگرتنی بـێ مـاڵ و حاڵەکانیـان دا. پـارە خستنە سەر حسابی بانکیی سەرۆک شارەوانیی واشنتن وەک یــارمەتییەک بـۆ دووبــارە خۆکاندیـدکردنەوە، یــان ڕێکخســـتنی ســـەفەری گەشـــتوگوزار بـــۆ ئەنـــدامانی ئەنجـومەنی شــار گەرەنتیـی جێبەجێکردنـی پـرۆژە پـڕ سـوودەکانی شــارەکەیان دەکـرد. بەهـۆی وەگەڕخسـتنی ســـــەرمایەی زۆرەوە لە دەیەی 1980دا لەوانە ملیۆنـــــان سەرمایەی دەرەکی، تەلارسـازی (.D.C) گۆڕانی بەسـەردا هات. ئەو شوێنە بچووکـانەی وەک نووسینگەی بازرگـانی ســوودیان لێــوەردەگیرا، جێــی خۆیــان دا بە کــۆمەڵێکی سەرســـــوڕهێنەر لە نووســـــینگە بازرگانییەکـــــان لە دەوروبەری کۆشکی سپی. لەئێستادا سـەرمایەی نـاوچەکە

لە دەستی گروپێکدایە کە لەژێر چەتری (ناوەندی گەشەپێدان و کاری .D.C) کۆبوونەوە، گروپێکی بەکرێگیراو بە شارەزاییەوە لە بارەی جوانیی شێوازی (جیکۆب) نرخی موڵک لەو ناوچەیە بەرزدەکەنەوە. خستنەژێر فشاری کارە بچووکەکان لە ڕێگەی سەپاندنی تێچووی زۆرەملێ و بەکرێگرتنی ئەو کرێکارانەی ئەندامی هیچ سەندیکایەک نین و سەرکوتکردنی هەژار و بێ ماڵەکان بە بەشێک لە تاکتیکەکانی ئەو گروپە هەژمار دەکرێن. هەروەها ئەو ناوەندە لە یەکەمین ئەو ڕێکخراوانە بوو کە زەنگی مەترسیی بزووتنەوەی داگیرکردنی .D.C زرنگاندەوە. (ریچارد برادلی) سەرۆکی ئەو ناوەندە و کەسێک کە بە هۆی هەوڵە تێکدەرانەکانی دژی کارمەندەکانی، حەفتا دۆلار پاداشتی خۆی کرد لە هەمان هەفتەی یەکەمی بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ستریتدا چاوەڕوانی دەکرد زووتر خۆپیشاندەرەکان دەربکات، هەروەها لەو کەسانە بوو کە بەرگری لە کارەکانی پۆلیس دژی بزووتنەوەی داگیرکردن لە هەموو وڵاتەکەدا دەکرد.

**لیبڕاڵە بێ پرەنسیپەکان**

لە ئێستادا سەردەمی چیرۆکی پەرییەکان لە بارەی دلێرەکانەوە کە ویستویانە ناوچە دوورەدەستەکانی شار ڕزگار بکەن، هاتووە. لە هەر خاڵێک کە لە-شوێن دەرپەڕاندن ئەنجام دەدرێت، ئەم پرۆسەیە تائێستا جۆرێک داگیرکردنی ناوچە بووە، کە بۆ کاری گەورە بەرنامەیان داڕشتووە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە پرۆژەکانیان

جێبەجێــبکەن و لەلایەکـــی تریشـــەوە باجەکانیـــان کەم ببێتەوە. بـۆ نمـوونە دروسـتکردن و فرۆشـتن لە نـاوچەی کۆڵۆمبیـــا هایتســـی واشـــنتن، ناوەنـــدی ئەم نـــاوچە زیـانلێکەوتووە بەهـۆی تونـدوتیژی و هەژاریـیەوە کـرایە ئامـانجی گەشـەپێدانە ئەریسـتۆکراتییەکان. بەهـا سـەرنج لێدراوەکانی دروستکردن و فرۆشتن لە کاتێکدا بـۆ بەهـای ئەو ناوچەیە دەگۆڕا، کە کار لە وێستگەی میترۆ بەردەوام بـوو. دروسـتکردنی هێڵێکـی (تـرام) لەو نـاوچەیەی تێیـدا دەژیم تەنیا بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێل نەیەتە سـەر شـەقامەکان، بووە هـۆی بەرزبوونەوەی لەناکاوی موڵک لەو نـاوچەیە. ڕاوێژکاری موڵک لە .D.C ئیتر تەنیا بە کارێک دانانرێت، بەڵکو سەرگەرمی مرۆڤەکانە. ئەوان ناچن بۆ یانەکان و لە جیاتی قسـەکردن لەبارەی هەواڵە وەرزشـییەکانەوە باس لە ڕووکـــاری جـــوانی نـــاوچەکە لە داهـــاتوودا دەکەن و مـــامەڵەی گەڕەکە گۆڕاوەکـــان دەکەن و بـــاس لەوەش دەکەن کە کام ناوچانە هێشتا مەترسیدارن.

تێگەیشتن لەوەی خەریکە چی ڕوودەدات گرنگە. چینی ئەریســـتۆکراتی بانکـــدار، دروســـتکەر و فرۆشـــیار و وەگەڕخەری سـەرمایە، خەریکـی لە-شـوێن دەرپەڕانـدنن. ئەم گـــروپە کۆمەڵێـــک قەرزی گەورە کە تەنیـــا خۆیـــان دەتوانن دەستیان پێیبگات وەردەگرن و بـودجەی دەوڵەت بەکـــاردێنن بـــۆ ئەوەی بەهـــای زەوی بەرزبێـــتەوە. ئەم پرۆســـەیە بـــژاردەیەک دەخـــاتە بەردەم چینـــی پســـپۆڕی دانیشتووی .D.C. ئەگەر داهاتی سـاڵانەی ئەوان بە لایەنـی کەمەوە سەد هەزار دۆلار بێت، دەتوانن بۆ کڕینـی خـانوو

لەو ناوچـانەی نوێـدەکرێنەوە قەرز وەرگـرن، خـانوویەک بکڕن و بە یارمەتیی کرێکارە هەرزانەکان نوێیبکەنەوە و سـوود لە بەرزبـوونەوەی نـرخەکەی بە مەبەسـتی دروستکردنی دۆخێکی پارێزراو بۆ چینی ناوەند وەرگرن. بەپـێچەوانەوە تـا ئەو کـاتەی لەو نـاوچەیە کـۆچ دەکەن دەبوو کرێی زۆر بدەن. بژاردەی سێیەم نییە.

ناوەنـدە تێکـڕای نرخـی خـانوو سـاڵی 2000 نـزیکەی 150 هەزار دۆلار بـوو. سـاڵی 2009 گەیشـتە زیـاتر لە 400 هەزار دۆلار و لە سـاڵی 2016شـدا نرخـی خـانوو 10% بەرزبـووەتەوە. واتـا ئەگەر خـانوویەکی 400 هەزار دۆلارییـت هەبـووایە، تەنیـا لەبەرئەوەی لە خـاوەن موڵکەکان بوویت، توانیوتە لە ماوەی ساڵێکدا بڕێکی زیاتر لە داهاتی مامناوەندیی خێزانێکی ڕەشپێست بەدەستبێنیت. گرێدانی چارەنووسی داراییەکان یان ئایندەی چینی ناوەند بە نرخـی موڵکەکـانەوە، دۆخـی مرۆڤەکـان دەگۆڕێـت. بەرژەوەنـدییەکانی دەگۆڕێـت. ئەم کـارە چینـی پسـپۆڕ لەگەڵ سـەرجەم بیروبـاوەڕە لیبـڕاڵ و پێشـکەوتووەکەیان بە پڕۆسـەی گەشـەی شـاری ئەریسـتۆکراتیی دڕنـدەوە دەبەستێتەوە. ئەو هاووڵاتییانەی کە دەچنە ئەو ناوچانەی نـوێکراونەوە، لیبـڕالن و ژیـان لەگەڵیانـدا ئاسـانە، بەڵام شوێنگۆڕکێی ئەوان لە ڕووی مادییەوە وایان لێدەکات کە بەشـداربن لە پڕۆسـەی سـتەمکاری و سـەرکوتکارانەی نـوێکردنەوەی شـارەکە. ئەوان بەرەو دوژمنـایەتی لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسـەنی نـاوچەکە هاندەدات. بە واتـایەکی تـر لە پشـت هەمـوو جیکـۆبزێکەوە، ڕۆدی گیۆلیـانییەکی چەکدار وەستاوە.

ئەم پرۆسـەیە بەرهەمهێنـی ڕاسـیزمە. ڕاسـیزم تەنیـا پەیوەنـدی بە هەسـتەکانی ئـێمەوە نیـیە، بەڵکـو جۆرێـک زۆرەملێیی سـەرچاوەگرتوو لە فشارخستنەسـەر تـاکە بـۆ پاراستنی جێگەی خۆی و تورەیی سەرچاوە گرتووە لەم پرۆسـەیەوە. لەم ڕوانـگەیەوە لە-شـوێن دەرپەڕانـدنیش بەرهەمهێنـی بێـزاری و ترسـە لە هەژاری، ئەویـش تەنیـا بەهـۆی هەژاریـی ئەوانەوە. جۆرێـک نەفـرەت لە ڕەشپێسـتەکان بەرامـبەر بەهـای موڵکەکـانی نـاوچە نـوێکراوەکە، کە ئاینـدەیەکی ناسـەقامگیر بـۆ شـارەزایانی چینی ناوەندی دانیشتووی ئەو گەڕەکانە دروستدەکات.

لە میـوانییەکی بچووکـدا کە لە یەکێـک لە ماڵەکـانی ناوچەیەکی نوێکراوەدا لە (D.C.) ڕێکخرابوو، وەک میوان ڕووداوێکم بینی. ئەو ڕۆژە چەند گەنجێکی ڕەشپێست بە سـواری ماتۆڕسـکیل بە گەڕەکەکەدا تێـپەڕین. پیـاوێکی بەڕێز کە پیشەیەکی گونجاو و خێزانێکی بەڕێزی هەبوو لەگەڵ ئێمە وەستابوو، لە بوونی ئەو گەنجانە تورە بوو. ڕاسـتە کە ماتۆڕسـکیلی ئەو گەنجـانە ژاوەژاوی دروسـتدەکرد، بەڵام ئەوان نە لەگەڵ ئـێمە دەدوان و نە هـیچ کارێکیـان بە ئـێمە بـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو پیاوە بەڕێزە لە بوونی ئەو گەنجە ڕەشپێستانە تورە بوو، بە ڕووخسارێکی تورەوە لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵی بوو.

"بوون"ی ئەو گەنجانە تاکە هۆکاری تورەیی ئەو پیاوە نەبـوو، بەڵکـو سـەرقاڵی ئەوان لەگەڵ گـروپەکەی خۆیـان، بـێ سـەرنجدان لەو نـوێکردنەوەیەی ئەنجامـدراوە، ئەو

پیـاوەی تـورە کردبـوو. ئەم گەنـجە ڕەشپێسـتانە بـۆ پاراسـتنی خۆیـان لە بەردەمـی ئـێمەدا خۆیـان نەدەنوانـد، نەدەترسـان و منـداڵی بێـدەنگ نەبـوون. ئەمەش دەبـووە هـۆی ئەوەی لەگەڵ هەر تێپەڕینێکـی ئەوانـدا بە بەردەم مـاڵی ئەو پیـاوەدا، پیاوەکە زیـاتر تـورە بێت. ئەو بەهـۆی بوونی ئەو منداڵانەی لەو گەڕەکە لەدایکبوون و ئازایەتیی یـاری کردنیـان لە بەرامـبەر ئـێمە هەبـوو، تـورە بـوو، مشتەکانی بە یەک دەکێشا.

ئەم جۆرە تورەییە لە ترسـەوە سـەرچاوە دەگرێت: لە ڕسـتیدا پیـاوە بەڕێـزەکە لە خـۆی تـورە بـوو، چـونکە لەو گەنجانە دەترسا. ئەوەی (فرانز فانون) لەبارەی ئەزمـوونی خـود، وەک ڕەشپێسـتێک لە پاریسـی ژێـر دەسـتی سـپی پێسـتەکان نووسـیویەتی، بـۆ ئەمـڕۆش بەسـوودە: "کـاکە ڕەش ئـوبێکتی ترسـە". لە ڕووی فەرهەنگـی قـاڵبەوە، جەستەی گەنجانی ڕەشپێست بۆ چەندین دەیە، بەڵکو بۆ چەندین سەدە هێمایەک بووە بۆ بێ عەقڵی و سەرکەشـی. تونـدوتیژی دژی سـپی پێسـتەکان بە بەراورد لەگەڵ تەواوی وڵاتەکە لە واشـنتن لە هەمـوو شـوێنێک کەمتـرە. لەگەڵ ئەوەی پێسـتی سپی بە واتـایەکی ورد ڕووپۆشـێکە بەرامبەر زیان پێگەیشتن، بەڵام ئەم ڕووپۆشـە پارێزگاری لە بەهـای مـولکی سـپی پێسـتەکان ناکـات، ئەم پارێزگـاریکردنە پێویسـتی بە چـاودێریی زیـاترە. واقیعیـیەتەکە ئەوەیە کە ئەم (کـوڕە مەترسـیدارانە) ترسـی زیاتریـان لە سـپی پێسـتەکانی دەوروبەریـان هەیە. ئـێمە سپی پێست دەتوانین پۆلیسیان لێ ئاگادار بکەینەوە، واتا ئامڕازی توندوتیژی دەوڵەتـی دژی ئەوانمـان لەدەسـتدایە.

ئەفسەرانی پۆلیس جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بە ئەریستۆکراتی کراون و خەڵکەکەیان لە-شوێن دەرپەڕێندراون، لە کارە گوماناوییەکان ئاگاداریان دەکەنەوە. لە ڕاستیدا پەیامی پۆلیس بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە ئەوەیە کە: هەر کارێکتان پێخۆشە بیکەن، بەڵام لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە تێکنەگیرێن، سەرکوتکردن لەلایەن دەوڵەتەوە چارەسەری سەرجەم کێشەکانە.

گرفتە پەیوەندیدارەکان بە لە-شوێن دەرپەڕاندنەوە لە نەگونجانی هەردوولادا کورت دەکرێتەوە، لەبەرئەوە ڕێگەچارەکان بە ئاڕاستەی بژاردەی ئەخلاقی و ڕافتارەکانی تاکن. لەڕاستیدا هەرچەندێک بوونی دانیشتوانی نوێ کاریگەریی لەسەر دەرکردنی هەژارەکان هەبووە، بەڵام ئەم هاوسێ نوێیانە دەبوو ئەوەندەی دەتوانن نەریتەکان بزانن. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک تازە هاتووە لیبڕالەکان ی ناوچە نوێکراوەکان کەمێک فشاریان دەخرێتە سەر دەڵێن: "چی بژاردەیەکی ترم هەیە؟ ئەمە تەنیا ناوچەیەکە دەتوانم بژێوی خۆمی تێدا دابین بکەم". ئەم وتەیە بێ کوموکوڕی هەموو شتێک لە خۆیدا کورتدەکاتەوە و پەردەی بانگەشە سیاسییە لیبڕالییەکان لە بارەی بژاردەکانی تاکەوە هەڵدەماڵێت: ئێوە بژاردەیەکی ترتان نییە، سەرجەم بڕیارەکان پێشتر دراون.

**سەرچاوە:**

http://www.sarpoosh.com/politics/thought-political/thought-political960505781.html

# (هەشت)

# قۆناغە مێژووییەکانی سەرمایەداری
# لە لیبرالیزمەوە تا نیۆلیبرالیزم

نوسین: کوجین کاراتانی

## قۆناغەکانی مێژووی جیهانی سەرمایەداریی دەوڵەتی

| قۆناغە مێژووییەکان | سەرمایەداریی جیهانی | رابەر (هەژموون) | سیاسەتی ئابووری | سەرمایە | کاڵای جیهانگیری | دەوڵەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1750-1810 | بازرگانی | | ئیمپریالیستی | سەرمایەی بازرگانی | پیشەسازیی خوری | پاشایەتی ڕەها |
| 1810-1870 | لیبرالیزم | بەریتانیا | لیبرالیستی | سەرمایەی پیشەسازی | پیشەسازیی رستن و چنین | میللەت دەوڵەت |
| 1870-1930 | ئیمپریالیزم | | ئیمپریالیستی | سەرمایەی دارایی | پیشەسازی قورس | ئیمپریالیزم |
| 1930-1990 | سەرمایەداریی دوایین | U.S.A | لیبرالیستی | مۆنۆپۆلی دەوڵەتی | کاڵای کوالیتی باش | دەوڵەتی خۆشگوزەران |
| 1990- ئێستا | نیوئیمپریالیزم | | ئیمپریالیستی | فرەنەتەوەیی | زانیاری | هەرێمگەرایی |

مێژووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێویستە بە تێبینیکردنی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بابەتە لەبەرچاو بگیرێت: دەوڵەت و سەرمایە. دووبارەبوونەوەی تایبەتی دەوڵەت و دووبارەبوونەوەی پەیوەندیدار بە سەرمایە پێویستە بەیەکەوە لێک بدرێنەوە. دەوڵەت و سەرمایە پەیوەندیی تەواوکەرانەیان بەیەکەوە هەیە، گریمان لەبەرامبەر یەکتر دەوەستنەوە. هیچ یەکێک لەو دووانە ناتوانرێت ئاڕاستەی ئەوی تر بکرێت. لە سەرمایەدا مارکس دەوڵەت دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە بۆ ئەوەی لە شێوازی نایابی سەرمایەداری تێبگات، بەڵام کاتێک دەمانەوێت پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکانی سەرمایەداری لەبەرچاو بگرین پێویستە سەرلەنوێ دەوڵەت وەک هۆکاری هەنوکەیی بخەینە بەرباس، بەڵام مارکسییەکان لەجیاتی

ئەمکــاره هەوڵیــان داوه وەرچەرخانەکــانی ســەرخانی سیاســی بە تێگەیشــتن لە وەرچەرخــانە مێژووییەکــانی ئــابووری ســەرمایەداری ڕوون بــکەنەوە. بەشــێوەیەکی گشتی قۆنـاغە مێژووییەکانی گۆڕان و گەشـەی ئابووری سەرمایەداری بەمشێوەیەیە (سەرمایەداریی بازرگانی یان قوتابخــانەی ســەوداگەری، ســەرمایەداریی پیشەســازی، ئیمپرالیزم، سەرمایەداریی دوایین (Late Capitalism) و ....

لە دیـدێکی جیـاوازەوە دەتوانرێت ئەم قۆناغـانە بەپێـی وەرچەرخــانە پەیوەندیـدارەکان بە (کــاڵای جیهــانگری) لە یەکتـر جیـا بکـرێنەوە. قۆنـاغی بازرگـانی بە پیشەســازی خــوری جیــا دەکــرێتەوە، ســەرمایەداری پیشەســازی بە پیشەســازی لــۆکە و ڕســتن و چنــین، ئیمپریــالیزم بە پیشەسـازی قـورس و سـەرمایەداری دوایـین بە کاڵاکـانی بەکــاربردنی بەردەوامــی وەک ئۆتۆمبێــل و ئــامێره ئەلیکترۆنییەکان. قۆناغێکی نوێی سەرمایەداریی دوایین لە دەیەی 1980وە دەسـتی پێکـرد و لەو مـاوەیەدا (زانیـاری) بوو بە کاڵای جیهانگیری.

ئەم وەرچەرخانـانە لە بنەڕەتـدا لەگەڵ گەشـەی توانـای بەرهەمهێنــان دژیەکــن و دەتوانرێــت وەرچەرخانەکــانی ســەرخانی سیاسـی لەسـەر ئەم بنەمـایە ڕوون بکـرێنەوە، بەڵام لەم ڕوانــــگەیەوە ناتوانرێــــت پەی بە پێکهــــاتەی دووبارەبووەوەی ئەو، کە ئاماژەم پێدا ببرێت. لەم نێوانەدا دەتوانرێــت بوترێــت ئەوە (ئیمانوێـل والرشــتاین) بــوو ســەرلەنوێ دەوڵەتـی وەک هۆکارێـک کە شـان بە شـانی

سەرمایە ئامادەبوونی هەیە، هێنایەوە بەرباس. بەمشێوەیە ئەو وەرچەرخانەکـــانی پێکهـــاتە کۆمەڵایەتییەکـــانی لە ڕوانـگەی ئەو سیسـتمە جیهـانگیرییەی لەلایەن دەوڵەت و سەرمایەوە گەشەی کردبوو، لێکدایەوە. لەم ڕێگەیەوە بەو ئەنجـامە گەیشـت کە مێـژووی سیسـتمی جیهـانگیریی مـۆدێرن بەپێـی ئەو وەرچەرخانـانە لەبەرچـاو بگرێـت کە تێیـدا فۆڕمێـک لە دەوڵەت، سـەروەری یـان ڕابەرایەتیـی (هەژمـــوون) لە فـــۆڕمێکی تـــر وەردەگرێـــت. بەرلەوە مارکسـییەکان سـەدەی نۆزدەیـان بە قۆناغێـک دەزانـی کە ئەوەی تێیدا بەرجەستە بوو لیبڕالیزم بوو، لە کۆتاییەکانی سەدەی نـۆزدەدا گەڕانەوەیەک بـۆ لای ئیمپریـالیزم ڕووی دا. لە ڕاسـتیدا لیبڕالیـزم (سیاسـەتەکانی بازرگـانیی ئـازاد) هەمـــان ســـتراتیژی سیاســـی بەریتانیـــا بـــوو. ئەگەر تایبەتمەنـدیی سروشـتیی سـەدەی نـۆزدە بتوانرێـت لەگەڵ سـتراتیژی ئـابووریی بەریتانیـا بـاس بکرێـت، لەبەرئەوەیە کە بەریتانیـا ئەو کـاتە بە ڕابەری سـەرمایەداریی جیهـانی هەژمار دەکرا.

لیبڕالـــی ڕێوشـــوێنێکی سیاســـی ئـــابوورییە، کە ڕابەر (هەژمـــوونی) بەکـــاری دێنێـــت. ئەگەر وابێـــت پێویســـتە لیبڕالیزم لە هەموو قۆناغێکدا مومکین بێت. والرشتاین بەو شێوەیە بیر دەکاتەوە. بە بۆچـوونی والرشـتاین تەنیـا سـێ ڕابەر (هەژموون) لە ئابووریی جیهانی مۆدێرندا هەبـوون. بە واتایەکی تر تەنیا سێ وڵات لیبڕالیزمیـان پەسـەند کـرد: هۆڵەندا، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە

نیوەی دووەمی سەدەی شانزە و نیوەی سەدەی حەڤدەدا کاتێک بەریتانیا سیاسەتی بازرگانی یان پشتیوانیی هەبوو، هۆڵەندا وڵاتێکی لیبڕال بوو، لەڕووی سیاسییەوە هۆڵەندا پاشایەتیی ڕەها نەبوو، بەڵکو کۆماری بوو. لە ڕاستیدا (ڕێنێ دیکارت و جۆن لۆک) هەردوویان پەنایان دەبردە بەر ئەمستردام. (سپینۆزا)ش توانیی لەوێ شوێنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

والرشتاین لە سێ ڕووەوە بۆ ڕابەرایەتی (هەژموونی) دەگەڕێت: ژیان (پیشەسازی)، بازرگانی و دواتر لایەنی دارایی. بە بڕوای والرشتاین سەرەتا دەوڵەت ڕابەرایەتیی خۆی لە ژیاندا دەچەسپێنێت و دواتر تیشک دەخاتە سەر لایەنی بازرگانی و دارایی. ڕابەر بە دەوڵەتێک دەگوترێت کە لە سەرجەم بوارەکاندا باڵادەست بێت. بەڵام ئەم ڕابەرایەتییە درێژە ناکێشێت. بەدڵنیاییەوە دەوڵەتیش بە خێرایی نارووخێت، چونکە ئەگەر دەوڵەت ڕابەرایەتییەکەی لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و ژیاندا لەدەست بدات، دووبارە دەتوانێت ڕابەرایەتی لە بوارەکانی بازرگانی و داراییدا بهێڵێتەوە.

بۆ نموونە هۆڵەندییەکان دوای ئەوەی بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازیدا پێشیان کەوت، ڕابەرایەتیان لە بوارەکانی بازرگانی و داراییدا هێشتەوە. لە سەدەی نۆزدەدا (لە قۆناغی ناسراو بە [لیبڕالیزم]) بەریتانیا بە تەواوی دەستی بەسەردا گرتن، بەڵام ئەگەر قۆناغی

ڕابەرایەتی بەریتانیا بە لیبڕالیزم ناو ببەین، ئەوا هەمان ئەو چەمکە دەتوانرێت بۆ سەردەمی ڕابەرایەتیی هۆڵەنداش بەکار بهێنرێت.

لەلایەکی ترەوە (بازرگانی) بە سەردەمی ئامادەنەبوونی ڕابەرێک دەوترێت، واتا ئەو سەردەمەی هۆڵەندا ڕابەرایەتی لەدەستدا و بەریتانیا و فەرەنسا بۆ ڕابەرایەتی کەوتنە کێبەرکێی یەکتری. بۆ نەبوونی ڕابەر دەتوانرێت لە قۆناغی ناسراو بە ئیمپریالیزم دوای دەیەی 1870 بگەڕێینەوە، کەتێک بەریتانیا ڕابەرایەتی پیشەسازی ئاوەدانکردنەوەی لەدەستدا و ئەمەریکا و ئەڵمانیا و ژاپۆن بۆ بەدەستهێنانی ڕابەرایەتیی بەرەنگارەییەکانیان دەست پێکرد. لەم سۆنگەیەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر هەڵەیەک لە نێوان دوو قۆناغی بازرگانی و ئیمپریالیزم بدۆزرێتەوە.

ڕەوەندی (گەشە) لە قۆناغی سەرمایەداریدا ناتوانرێت بە ڕەوەندێکی تەواو تۆمارکراو هەژمار بکرێت. پێویستی ئەم گۆڕانکاریانە تەنیا لە وەرچەرخانی کاڵا جیهانییەکاندا نەبوو، بەڵکو قەیرانی دوایی ئابووری بوو.

بە واتایەکی تر گەشەی سەرمایەداری پێویستی بە دووبارەبوونەوە هەیە، کە زاتی سیستمی سەرمایەدارییە. لەلایەکی ترەوە پێویستی بە بەرەنگاری خوێناوی تا لێواری مردن لە نێوان دەوڵەتان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕابەرایەتی هەیە، لەبەرئەوە دووبارەییەکە لەگەڵ زاتی

دەوڵەتدا ئاوێتەیە. بە هەمان پێوەر قۆناغەکانی گەشەی سەرمایەداریی جیهانی دەتوانرێت هاوشێوەی دووبارەبوونەوەی قۆناغەکانی (ئیمپریالیزم) و (لیبڕالیزم) لەبەرچاو بگیرێت. (لە خشتەکە بڕوانە)

لەم خشتەیەدا بۆ نموونە سیستمی پشتبەستوو بە (بازرگانی) قۆناغی گواستنەوەی لە لیبڕالیزمی هۆڵەندییەوە بۆ لیبڕالیزمی بەریتانی، واتە قۆناغێک کە هۆڵەندا دەسەلاتی لەدەست دەدا، بەلام بەریتانیا و فەڕەنساش ئەوەندە دەسەلاتیان نەبووە جێگەی بگرنەوە و بە ناچاری ڕکابەری یەکتریان دەکرد. هەروەها قۆناغی لیبڕالیزم دوای ساڵی 1870 بوو لەگەڵ لاوازبوونی بەریتانیا و هەوڵی ئەڵمانیا، ئەمەریکا و ژاپۆن بۆ دابەشکردنی سەرلەنوێی ئەو سەرزەوییانەی پێشتر لەژێر دەسەلاتی هێزە ئیمپریالیستەکانی ڕابردوودا بوون.

بەوپێیە قۆناغەکانی گەشەی سەرمایەداریی جیهان نەک تەنیا لەگەڵ ڕەوەندی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، بەڵکو لەگەڵ (لیبڕالیزم) و (ئیمپریالیزم)دا بووە. لە ئەنجامدا مێژووی جیهانی مۆدێرن وەک دیارە هەموو 120 ساڵێک خۆی دووبارە دەکاتەوە. ناتوانرێت بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەم ڕەوەندە بەردەوام دەبێت، بەلام وەک گریمانەیەکی تاقیکاری (دۆزینەوە) بەدەر لە سوود نییە.

**قۆناغی ئێستا**

دەیەی 1990 بە قۆنــاغی (نیــۆلیبڕالیزم) دادەنرێــت، هاوشــێوەی ئیمپراتــۆرییەتی بەریتانیــای دێــرین، ئەوەنــدە زاڵە بەســەر جیهانــدا کە سیاسەتەکانی ڕووکاری تێکڕای (لیبڕالیزم)ـە. ڕاستە بەر لە ساڵی 1990 ئەمەریکا ڕابەری جیهــانی ســەرمایەداری بــووە، بەڵام لە ســاڵانی دەیەی 1970وە لەڕووی ئابوورییەوە ڕووی لە داکشان کردووە، واقیعییەتێــک کە سیســتمی (ئــاڵتوونی) ئــابووریی ســاڵی 1971 شــایەتیی بــۆ دەدات. ئەمەریکــا بە هەمــان ئەو ڕێگەیەدا دەڕوات کە ڕۆژگارێک هۆڵەندا و بەریتانیا پێیدا تێپەڕیــون: لە کاتێکــدا ئەمەریکــا لە بــواری پیشەســازیی بەرهەمهێناندا پاشەکشێ دەکات و ئیتر باڵادەست نابێت، ڕابەرایەتیــی خــۆی لە بوارەکــانی دارایــی و بازرگــانی سەرچاوە سروشتییەکان لەدەست نەداوە، سەرچاوەکانی وەک نەوت و دانەوێڵە یان وزە.

لە ســەردەمی لیبڕالیزمــی بەریتانیــدا شــەڕ هــیچ مەترسییەکی بۆ سەر ئەو وڵاتە نەبوو. لە نێوان ساڵی 1930 و 1990 (بەتــایبەتی لە نێــوان ســاڵانی 1945 تــا 1975) ئەمەریکا هاوشێوەی بەریتانیای سەدەی نۆزدە وڵاتێکـــی لیبـــڕال بـــوو. وڵاتە گەشەســـەندووە سەرمایەدارییەکان سوودیان لە یارمەتییەکانی ئەمەریکا وەردەگرت و بە هۆی دوژمنێکی هاوبەشەوە بە ناوی بلۆکی ڕۆژهەڵات (یەکێتیی سۆڤێتی جاران) هاوکاریی یەکتریان دەکرد و لەناو سنوورەکانی خۆیاندا سیاسەتی

پشـــتیوانی لە کرێکـــاران و دابینکردنـــی خۆشـــگوزەرانیی کۆمەڵایەتییـــان گرتبـــووەبەر. بـــێجگە لە ڕوکـــار، بلـــۆکی یەکێتیـــی ســـۆڤێت لە ئاســـتی نێـــونەتەوەیی و حـــزبە سۆسیالیتییەکان لەناو سنوورەکان زیاتر لەوەی مەترسی بن لەسەر سەرمایەداریی جیهانی یارمەتیی چەسپاندنیان دەدا. لەمـــڕووەوە شـــەڕی ســـارد بـــریتییە لە قۆنـــاغێکی مێژوویی (لیبڕالیزم) کە ئەمەریکا تێیدا باڵادەست بوو. لە دەیەی 1980وە سیاســەتە (رێگنــی) یــان (تاچەری)یەکــان دەگیرانە بەر، وەک کەمکردنەوەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ئازادیی گەڕانی سەرمایە، یان کەمکردنەوەی باجەکان لە وڵاتە گەشەســـەندووە ســـەرمایەدارییەکان. زیـــاتر ئەم سیاســەتانە بە ڕێـڕەوی نیـولیبڕالی نـاو دەبەن، بەڵام ئەم سیاســـەتانە لەگەڵ ئیمپرالیســـتێک کە لە دەیەی 1880دا باڵادەسـت بـوو یەک نـاگرێتەوە. بە ڕاسـتی لە سـەردەمی لیبڕالیزمـدا خۆشـگوزەرانی کـۆمەڵایەتی لە بەریتانیـا و ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێڕەوێکی باو بوو.

لینین جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە قۆناغەکانی ئیمپریـــــالیزم لەڕووی مێـــــژووییەوە دەتوانرێـــــت بە (هەنـاردەکردنی سـەرمایە) وەسـف بکـرێن: سـەرمایە لەوڕووەوە کە بازاڕی ناوخۆ ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت، دەرگـا بە دەرگـا بە دوای بـازاڕی جیهانیـدا دەگەڕێـت. (ئارێنت) ئیمپریـالیزمی دەیەی 1880 وەک ڕزگـار بـوونی دەوڵەتێکی گرێدراو بە سەرمایەوە لە دەستی میللەت باس دەکـــــات. دەوڵەت بە ڕەتکـــــردنەوەی خواســـــتە و

داواکارییەکـانی میللــەت دەسـت لە پشـتیوانی کرێکـارانی نـــاوخۆ هەڵــدەگرێت و ڕووو لە پشـــتیوانی ئـــابووری و سەربازی سەرمایەدارییەک دەکات، کە هەناردەی دەرەوە کــراوە. ئەم ڕەوەنــدە لە قۆنــاغی نیۆلیبڕالیزمیشــدا ڕوو دەدات.

پرۆسەی (جیهانگیری) لە دەیەی 1970وە دەستیپێکرد، ئەو کـــاتەی وڵاتە دواکەوتووەکـــان بـــوونە هـــۆی کەمبوونەوەی بەهای سوود و داکشان بە هۆی تێربوونی بـازاڕ لە کـاڵای کـوالیتی بـاش لەگەڵ ئەوەشـدا گەشـەی بەرچـــاوی ئـــابووریی ژاپـــۆن و ئەڵمانیـــا. لە ئەنجامـــدا سـەرمایەی ئەمەریکـایی پیویسـتە ڕێـگەی خـۆی بـۆ نـاو بازاڕی ئازادی جیهانی بدۆزێتەوە. ئەم کێبەرکێ جیهانییە، بـێ پەنـــابردنە بەر ڕابەری ســەربازی مــومکین نەبــوو. قۆنـاغی ئێسـتای سـەرمایەداری زیـاتر لەوەی (نیـولیبڕالی) بێت، (نیو ئیمپریالیستی)یە.

بە بۆچـــوونی (ئەنتۆنیـــۆ نگـــری) و (مایکـــڵ هـــارت) ئەمەریکـا لە پـلەی دەوڵەتێکـی ئیمپریالیسـتدا هاوشـیوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمی دێرین کار ناکات، بەڵکو لە شـەڕی کەنداودا ساڵی 1991 لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی نەتەوەیەکگرتووەکانـــدا بـــوو، ئەویـــش لەگەڵ ئەوەی ڕابەرایەتیی سەربازی هەبوو. بەڵام من ناتوانم لەگەڵ ئەم بۆچــوونەدا بـم، کە ئەمەریکـا نەک (ئیمریالیســت) بەڵکــو (ئیمپراتۆری)ـــیەتە. هەر میللـــەت یـــان دەوڵەتێـک ئەگەر هەوڵ بدات ببێت بە (ئیمپراتـۆرییەت) چارەیەکی بێجگە لە

کەوتنە داوی ئیمپریالیزمی نییە. 10 ساڵ دوای شەڕی کەنداو، شەڕی عێراق بە کردار ئەو بۆچوونەی هەڵوەشاندەوە کە ئەمەریکا نەک دەوڵەتێکی ئیمپریالیست، بەڵکو (ئیمپراتۆری)یەتێکە: ئەمەریکا زیاتر لەوەی عەودالی وەرگرتنی ڕەزامەندیی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت، سیاسەتی (تاکلایەنە)ی دەگرتەبەر [بەڕوونی (لەچەک-داماڵینی تاکلایەنە)].

بێگومان (نگری و هارت) باوەڕیان بە ئایدیای (ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکا) نییە، بە بۆچوونی ئەم دووانە (ئیمپراتۆرییەت) جێگەیەکە، هیچ شوێنێکی نییە: جێگەیەکی بزر و بێشوێن. ئیمپراتۆرییەت شتێکی بێجگە لە بازاڕی جیهانی نییە. بە وتەی ئەوان (لە باری نموونەیی یان ئارمانیدا ئەم سیستمە لە جێگەیەکی دەرەوەی بازاڕی جیهانیدا بوونی نییە: قەڵەمڕەوەکەی هەموو جیهان دەگرێتەوە. کەواتە لەوانەیە بتوانرێت فۆڕمی بازاڕی جیهانی وەک نموونەیەک وەربگیرێت بۆ تێگەیشتن لە دەسەڵاتداری ئیمپراتۆرییەت. لەم فەزا نەرم و گۆڕاوەی ئیمپراتۆرییەدا، دەسەڵات هیچ شوێنێکی تایبەتی و دیاری نییە. دەسەڵات لە هەموو شوێنێک هەیە و لە هیچ شوێنێکیش نییە. ئیمپراتۆری (یوتۆپیایەکە) یان بە ڕاستییەکەی (هیچ شوێنێک)ە یان (بێ شوێنە). لەم ئیمپراتۆرییەدا وەک بازاڕی جیهانی، دەوڵەتەکان هیچ گرنگییەکیان نییە. بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەمە دەتوانرێت لە بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس لە (مانیفێستی

کۆمۆنیست) (1848) بدۆزرێتەوە. لەولایەنەوە کە (مانیفێست) پێشبینی دەکات جیاوازییەکانی نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکان بە گشتی لە ڕێگەی (مامەڵەی هەمەلایەنە و گرێدراوی بەرامبەر و جیهانی میللەتەکان) کاڵ دەبنەوە. ئەم بۆچوونە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دەوڵەت و میللەتەوە لەبەرچاو ناگرێت. بۆ نموونە شۆڕشەکانی ساڵی 1848 بووە هۆی جێگیربوونی سەرمایەداری دەوڵەتی و ئیمپریالیزم لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا، نەک کاڵبوونەوەی جیاوازییەکانی نێوان میللەت و دەوڵەتەکان.

لە ئەمڕۆدا دەڵێن چوارچێوەی (میللەت دەوڵەت) بێهێز بووە و لەپێ کەوتووە. ڕاستە کەبنەمای نەتەوەیی لە متمانە کەوتووە، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە نییە بۆ لەناوچوون و سڕانەوەی دەوڵەت. تەنیا لەسەر خواست و ئیرادەی دەوڵەت، دەوڵەتێک دەتوانێت لەگەڵ دەوڵەتێکی تر یەک بگرێت یان هاوپەیمانی ببەستێت. هەرگیز دەوڵەتێک نەبووە کاتێک مانەوەی کەوتووەتە مەترسییەوە لە یەکگرتن یان کۆت و بەند خۆی بەدوور گرتبێت. تەنیا میللەتە لە پلەی (کۆبوونەوەی خەیاڵی) خۆی لەم کارە بەدوور دەگرێت. تیۆرسینەکانی (یەکێتیی ئەوروپا) دەڵێن (یەکێتیی ئەوروپایی) لە ئاستی دەوڵەتانی خۆبەڕێوەبەری مۆدێرن تێدەپەڕن، بەڵام وەک (میللەت دەوڵەت) لەژێر فشاری (ئابووری) جیهانیدا وەک هەرێمێکی لێدێت، یەکگرتنی هەرێمی یان ناوچەیی دەوڵەتەکانیش بە هەمان لۆژیک، بوون بەدەست دێنن.

دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا و ژاپۆن، یەکێتی ئەوروپایان پێک هێنا و هێزی سەربازی و ئابووریی خۆیان بە (بان دەوڵەتێک) سپارد. ناتوانرێت ئەمە بە (ڕەتکـردنەوەی) [هیگڵـی] دەوڵەتـی مـۆدێرن لە قەڵەم بدرێت، چونکە لەژێر فشاری سەرمایەداریی جیهانی یان بازاڕی جیهانی، دەوڵەتەکان یەک دەگرن و بەشێک لە (بەرەی کۆمەڵە دەوڵەتێک Bloc state) یان یەکێتییەک پێک دێنن. (یەکێتی ئەوروپا) یەکەم بەرەی کۆمەڵە دەوڵەتێک لە مێـژوودا نیـیە، بەر لەوە (ڕایشـی سـێیەم)ی ئەڵمانیـا و (بلۆکی شانشینە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا)ی ئیمپراتـۆرییەتی ژاپۆنمـان هەیە، کە لە هەردوو دەیەی 1930دا بـــۆ ڕووبەڕووبـــــوونەوەی (بەرە ئابوورییەکـــان)ی بەریتانیـــا، فەڕەنســـا و ئەمەریکـــا دەرکەوتن. بەر لە شەڕ ئەم بەرەی دەوڵەتانە بە نیشانەی ســەرکەوتن بەســەر (سیســتمی جیهـانی مـۆدێرن) واتــا ســەرمایەداری و (میللــەت دەوڵەت) دادەنـران. پـرۆژەی یەکێتییەکی ئەوروپایی بەر لە ناپلیۆنیش بوونی هەبوو؛ نموونەکەیان ئیمپراتۆرییەتەکانی ڕابوردوو بوون، وەک ئەوەی تەنیا لە قاڵبی ئیمپریالیزمی فەڕەنسی یان ئەڵمانیدا چالاک بوون.

ئەوروپاییەکـــان لە پێکهێنـــانی یەکێتـــی ئەوروپـــادا ڕابوردوویـــان لە بیرنەکـــردووە. ڕوونە کە ئەوان هەوڵ دەدەن بەشـێک لە (ئیمپراتـۆری) بـکەن بە هێزێـک کە ئیمپریالیستی نەبێت، بەڵام (یەکێتیی ئەروپا) شتێک نییە

بـــێجگە لە (بەرەی کـــۆمەڵە دەوڵەتێـــک) لە چوارچێـــوەی ئـــابووورییەکی جیهانیـــدا. دۆخەکە لە ناوچەکـــانی تـــریش بەهەمـــان شـــێوەیە: ئیمپراتۆرییەتەکـــانی جیهـــانی دێـــرین (چـــین، هیندســـتان، عوســـمانی، ڕوســـیا کە لە سیســـتمی جیهـــانی مۆدێرنـــدا خـــراونە پەراوێـــزەوە) ســـەرلەنوێ هاتوونەوە سەرشانۆ.

لە هەر ناوچەیەک لەولایەنەوە کە میللەت ـ دەوڵەتەکان بە جیـاکردنەوەی خۆیـان لە ئیمپراتـۆرییە جیهانگیرەکـان دروست بوون، لەلایەکەوە (شارستانێتییەک) هەیە هەموان تێیدا پشکدارن، لەلایەکی تریشەوە ڕابوردوویەک هەیە پڕە لە جیـاوازی و بەرەنگارییەکـان. دەوڵەتەکـان یـادەوەرییە (نەتەوەییەکانی) خۆیان دەخەنە نێوان دوو کەوانەوە و بە کەمکـردنەوەی دامێنـی دەسـەڵاتداری و خۆبەڕێـوەبەریی خۆیـــان کـــۆمەڵگەیەک (بە واتـــای نزیـــک لە [ئـــوممەت] community) پێـک دێـنن. ئەم دیـاردەیە بە وردی بە هـۆی فشـاری سـەرمایەداریی جیهـانگیری ڕوو دەدات، کە ئێسـتا باڵی بەسەر تێکڕای دەوڵەتەکاندا کێشاوە.

(ئێرنێست ڕینان) جارێک ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ پێکهێنـــانی میللـــەتێک، فەرامۆشـــکردنی مێـــژوو پێویســـتە. وتەی ئەو لەبـارەی پێکهـاتنی بەرەی کۆمەڵە دەوڵەتێکەوە ڕاســـتە: بەرەی کـــۆمەڵەدەوڵەتێکی وەک بلـــۆک ڕاســـت هاوشـــێوەی میللـــەت، کـــۆمەڵگەیەکی (خەیـــاڵی) یـــان دەســـتکردە. بە پاشەکشـــێی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی

ئەمەریکا، گەڕانەوەی ئیمپراتۆرییەتەکان زیاتر لە پێشوو خۆی دەنوێنێت. ئێمە پێمان خستووەتە قۆناغێکی (ئیمپریالیستی)یەوە کە تێیدا هیچ ڕابەرێک نییە و ئیمپراتۆرییەتەکان بۆ ڕابەرایەتی لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ دەکەن. 120 ساڵ بەر لە ئێستا ئەم دۆخە بە شەڕی جیهانیی یەکەم کۆتایی هات، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی کرد بە ڕابەر و پێشەوای نوێی جیهانی نوێ. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم ڕووداوە دووبارە دەبێتەوە؟ وەڵامی من ئەوەیە: بەڵێ و نەخێر. دەڵێم (بەڵێ) چونکە ڕەهایە و ناکۆکیی نێوان ئیمپراتۆرییەتەکان بۆ دەسبەسەرداگرتنی ڕابەرایەتیی دووبارە دەست پێدەکاتەوە. دەڵێم (نەخێر) چونکە دوورە ڕابەری دواتر لە ناخی ئەم کێبەرکێیانەوە سەر دەربێنێت.

بۆ نموونە (جیۆڤانی ئەریگی) پێشبینی دەکات، چین ڕابەری داهاتوو بێت و ڕابەرایەتی لە چنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەربێنێت، بەڵام من لەگەڵ ئەو هاوڕا نیم. بێگومان چین و هیندستان زلهێزی ئابووری دەبن و کێبەرکێکە لە ئیمپراتۆرییەکانی تر دەبەنەوە، بەڵام ئەوەی کە ئایا چین ڕابەرایەتی وەردەگرێت یان هیندستان، چیرۆکێکی ترە. لەسەرەتادا میللەتێک کە دەیەوێت ڕابەرایەتی بگرێتەدەست پێویستی بە شتێکی زیاتر لە باڵادەستی ئابووری هەیە، بەڵام هۆکاری بەهێزتر

ئەوەیە کە هەمـان گەشـەی توانـای چـین و هیندسـتان، سـەرمایەداریی جیهـان لەبەرامـبەر کۆتـایی کـاری خـۆی دادەنێـت. ئەوەی لەبـارەیەوە باسـم کـرد تـاییبەتە بە کەڵەکەکـردن لە سیسـتمی سـەرمایەداریدا. کاتێـک ئەم کەڵەکەکـردنە بگـاتە کۆتـایی، فـایلی بـازنەی دووبارەبوونەوەش دادەخرێت.

مـارکس پرۆسـەی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەی بە فۆرمـۆڵی (M-C-M) نیشـان داوە: واتـا سـەرمایە کاتێـک پێـدەوترێت سـەرمایە کە توانـای زیـادبوونی هەبێـت، بەپێچەوانەوە سەرمایە نییە. سێ پێشەکی لۆژیکی هەن کە خۆزیـادکردنی سـەرمایەی پیشەسـازی بە مـومکین نیشـاندەدات. پێشـەکی یەکەم ئەوەیە کە سـەرچاوە سروشتییەکان، لە دەرەوەی سیستمی پیشەسازی هێشتا بێکۆتـان. پێشـەکی دووەم ئەوەیە کە (سـەرچاوە مرۆییەکـان) بەدەر لە ئـابووریی بـازاڕی سـەرمایەداری، بەردەوامن. ئەم خاڵە بەهێزە بێکۆتا گەرەنتیی هێزی کاری هەرزان و بەکـاربەری نـوێ دەکـات. پێشـەکیی سـێیەم ئەوەیە کە داهێنـانە تەکنەلۆژییەکـان سـنووریکیان نیـیە و ئەم بـابەتە بـۆ بەهـای زیـادەی ڕێژەیـی، سـەرمایەی پیشەسازی دەرەخسێنێت.

بەڵام ئەم سێ پێشـەکییە بەخێرایی خەریکە متمـانەی خۆیـان لەدەسـتدەدەن. لەبـارەی پێشـەکی یەکەمەوە پێویستە بوترێت پووچەڵییەکەی ئەو کاتە ئاشکرا دەبێت

که قەیرانەکـــانی وەک کەمـــی ســـەرچاوەکان و وزە، هەروەها قەیرانەکانی ژینگە وەک گۆڕانی دۆخی ئیقلیمی و بە بیابان بوون و ئەو زەوییانەی بۆ کوشتوکاڵ ناشێن ڕوودەدات. بێگومان ئەم قەیرانانە توندتر دەبن. لەبارەی پێشەکی دووەمەوە کاتێک ئەو میللەتانەی بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵن و لەو وڵاتانەن کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، واتـــا چـــین و هیندســـتان، بـــۆ کـــۆمەڵگەی پیشەســـازی دەگۆڕێن، ئەمەش بەرزبوونەوەی بەهای کار و داکشانی زۆری بەکاربردن بە دوای خۆیدا دێنێت. سەرمایەداری جیهانی لە دەیەی 1970دا توشی داکشان و قەیران بووە. بەڵگەش ئەوەیە کە بەهای سوودی درێژماوە لە ئاستێکی نزمـدا مـــاوەتەوە. ســـەرمایەداری جیهـــانی هەوڵـــی دا لە سایەی ڕەوەندی (جیهانگیری)دا درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بەتایبەتی بە سەرقاڵکردنی چین و هیندستان لە تۆڕی بازاڕی جیهانیدا، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا هیچ بوارێک بۆ گەشەی ئابووریی زیاتر نامێنێت. لەمڕووەوە سەرمایەداری جیهانی وەک گشتێک وردە وردە لە کۆتایی ڕێگەکەی نزیک دەبێتەوە.

به دڵنیـــاییەوە ســـنووردارییەکانی لەوجـــۆرە خۆیـــان ئـــابووری ســـــەرمایەداری بە کۆتـــا نـــاگەیەنن. ئەو واقیعیـیەتەی کە سـەرمایەداریی پیشەسـازی سـنوورێکی دیـــاریکراوی هەیە، بـــابەتێکە و ئەو واقیعیـــیەتەی کە ســەرمایەداری بە کۆتــایی خــۆی دەگــات بــابەتێکی تــرە.

کاتێـک کـۆمەڵگە و ئـابووری هەنـوکە لەبەرچـاو بگـرین، پێویسـتە دەوڵەت بە هۆکـارێکی چـالاک هەژمـار بکەیـن. کاتێـک سـەرمایەداری ڕووبەڕووی قەیـران دەبێـتەوە، دەوڵەت بە هەمـوو هێـز و توانـایەوە هەوڵـدەدات ڕێـگە لە ڕووخـانی بگرێـت. لەمبـارەدا بە ئەگەری زۆر ڕوودانـی شـەڕی جیهـانییە. کەواتە گرنگتـرین و خێراتـرین ئەرکـی ئـێمە ئافرانـدنی سیسـتمێکی گونجـاو لەگەڵ قۆنـاغی گواسـتنەوەیە، بـۆ ئەوەی ڕێـگە لە شـەڕێک بگـرین کە بە هۆی قەیرانی سەرمایەدارییەوە ڕوودەدات.

**سەرچاوە:** ڕۆژنامەی (شرق)

# (نۆ)

# چۆن جیهانی سێهەم دەستەمۆ دەکرێت؟

## پێشەکیی کتێبی "لیبڕالیزمی ستەمکار"

ڕەمزی زەکی

دەزانـم، کە خـوێنەر ئەم ناونیشـانە دەبینێـت سـەری دەسـوورِمێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ئەم ناونیشـانە چەنـد سەیرە، چونکە لێکدژییەکی زۆر زەقی تێدایە. ئاخر وەک هەمـوان دەزانـین، لیبرِالیـزم واتە ئـازادی یـان ئـازادبوون، واتە نەبـوونی زۆرەملـێ، هەبـوونی ئیـرادە، ئـازادیی هەڵبژاردن، لەکاتێکدا "ستەمکار"ی دژ بە لیبرِالیزمە، چونکە واتـای سـەرکوت و لێسـەندنەوەی ئیـرادە، بەرتەسـککردنەوەی ئـازادییە، ئەی کەواتە چـۆن لیبرِالیـزم ستەمکارە؟

هەر زوو وەڵام دەدەمەوە و دەڵێم، ئەمە پارادۆکسێکی زەق و ڕەقە، کە تـایبەتە بە دەوڵەتە دواکەوتووەکـان. چـونکە لیبرِالیزمـی ئـابووری، کە ئێسـتا ئەم دەوڵەتـانە پەیـڕەوی دەکەن، بە زۆری پەیوەنـدی کـۆنترۆڵ و هەژمـوونی تێـدایە، سـتەمکاری و کۆتووبەنـدکردنی ئازادییەکانی لە ناوخۆ تێدایە.

ئەم حـاڵەتە، لەلایەکەوە، بەرهەمـی پەرەسـەندنێکی لـۆژیکی هێزە کۆمەڵایەتییەکـان نییە، لە نـاوخۆیی دەوڵەتە دواکەوتووەکانـدا، وەکـو ئەوەی لە ئەزمـوونی دەرکەوتنـی لیبرِالیزمـی ئـابووری، لە سـەدەی هەژدە لە دەوڵەتـانی کیشوەری ئەورووپادا ڕوویدا، چونکە لیبرِالیزم لە کۆمەڵێک دەوڵەتـی دواکەوتـوودا، لە سـالانی هەشـتاکاندا، بەشـێوەیەکی کتـوپڕ دەرکەوت، ئەویـش لە ڕێـگەی ئەو بەرنـامەیەوە، کە بە پڕۆگرامـی گونجانـدن یـان بەرنـامەی هەمـوواری پەیکەربەنـدی، ناسـراو بـوو، بەرنـامەیەک کە

قەرزدەرەکـان و سـندووقی نەختـی نێـودەوڵەتی، بـانکی نێـودەوڵەتی بەسـەر ئەم دەوڵەتـانەی دیـکەدا سـەپاندیان. لەلایەکـی دیکەیشـەوە، لە ڕووی فـۆڕمەوە هاوشـێوەی لیبڕالیزمـی هـاوچەرخی دەوڵەتـانی پیشەسـازیی ڕۆژئـاوا نەبوو، لەویّ لیبڕالیزم، لەژێر ڕۆشنایی ئەو شتەدا، کە بە "دیموکراسیەتی ڕۆژئـاوا" ناسـراوە، زامنـی بڕێکـی زۆر لە مافەکان و ئازادییەکان و دەستەبەرییەکانی کردووە. بگرە غیـابی دیموکراسـییەت و مافەکـانی مـرۆڤ بە جیهـانی سـێهەمدا، چوارچێـوە زەروریـیەکەی پراکتیزەکردنـی ڕەگەزەکانی لیبڕالیزمی ئابوورییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کـاریگەری و شـوێنەوارە گەورانەی، کە پراکتیزەکردنـی لیبڕالیزم، لەسەر هەژاران و کەم دەرامەتان، کە (زۆرینەی دانیشـتوانن) جێیـدەهێڵێت، لە کاتێکـدا پڕوپاگەنـدەی دیموکراسـییەت، بە واتـا ڕاسـتەقینەکەی، گەرەنتـۆرە بـۆ بەربەسـتکردن یـان سـنووردکردنی پراکتیـزەی زۆربەی ڕەگەزەکانی بەرنامەی لیبڕالیزمـی ئابووری بەوشـێوەیەی، کە ئێستا پراکتیزە دەکرێت.

ئاشـکرایە لیبڕالیـزم، کە هەنـووکە هەر لە ئەمریکـاوە، تـــاوەکو دەوڵەتـــانی ڕۆژئـــاوای ئەورووپـــا، دەوڵەتە گەشەکردووەکان و تا دەگات بەو دەوڵەتـانەی، کە پێشتر سۆشیالیستی بوون پانتایی گۆڕەپانی جیهانی داپۆشیووە، هەڵگەڕانەوەیەکی ڕوون و ڕۆشن لە سیاسەتە ئابووری و کۆمەلایەتییەکـانی ولاتە سـەرمایەدارییەکاندا دەنـوێنێتەوە. هەوڵـدەدات بـۆ زینـدووکردنەوەی لیبڕالیزمـی سـەدەی

نۆزدە، لە ڕەوشـی تەواو جیاوازدا. لە ئێسـتادا لە هەمـوو کات نزیکترە لەوەی ببێتە ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگیر (یان هەوڵدەدات ببێتە ئایدیۆلۆژیایەکی لەمجۆرە). لە ئێستادا لیبرالیـزم پەیڕەوێکـی زۆر بیرمەنـدی هەیە، (گرنگترینیـان فریـدریک ڤـۆن هایـک، ڕیمـۆن ئـارۆن، میڵتـۆن فریـدمان)، ژمـــارەیەکی زۆر لە شـــوێنکەوتووان و دەهۆڵکوتـــانی پڕوپاگەنـــدە، لە سیاســـەتمەداران و میـــدیاکاران و ئابووریناســـان. هەڵکشـــانی ئەم ڕێبـازە، لەســەر ئاســتی سیاسی، پەیوەستبوو، بە مارگرێت تاتچەر، لە ئینگلتەرای کۆتـایی حەفتاکـان و ڕۆناڵـد ڕەیگـانەوە، لە ئەمریکـای هەشـــتاکاندا. ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکـــان، لەپـــێش هەمووشـــیانەوە ســـندوقی دراوی نێـودەوڵەتی و بـانکی نێـــودەوڵەتی، حەماســـەتێکی زۆریـــان بـــۆ ئەم جـــۆرە لیبرالیــزمە هەبــوو، بگــرە بەهێزتــرین ئـامرازبوون بـۆ بــرەودان بەم ڕێبــازە، فشاریشــیان لەســـەر دەوڵەتـــان دروستکرد بۆ ئەوەی قبوڵی بکەن.

تێــزی لیبرالــی، لە گەڕانەوە نوێیەکەیــدا، خەســڵەتی هێرشـــبەرانەی ئایـــدیۆلۆژیی هەیە، دژ بە هەمـــوو ئەو فۆرمـانەی، کە ئـازادی تـاکەکەس سـنووردار دەکەن. ئەو مەســـەلە بنەڕەتیـــیەی، کە لیبرالیزمـــی نـــوێ وەک ئایـدیۆلۆژییەکی گشـتگیری هەمـوو ئاسـتەکان (ئـابووری، کـۆمەڵایەتی، سیاســی، بەهــای و هیتــر)، دەیخــاتە ڕوو، ئازادی تاکەکەسە بە مانا ڕەهاکەی. ئایدیاکانی لیبرالیزمـی هـاوچەرخ لەم بـارەیەوە، مـۆرکێکی ڕاسـتڕەوی پەڕگیـری

هەیە، ئەو مۆركەی كە لە قۆناغەكانی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا –تاڕادەیەك- جڵەوكرابوو، بەتایبەتیش لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، كاتێك هزرەكانی لۆرد جۆن ماینرەدكینز، دەركەوتن كە پاساویان دەهێنایەوە، بۆ دەستوەردانی دەوڵەت لە چالاكی ئابووری، لە بەرژەوەندی سیستەمەكە، هەروەها كاتێك ئایدیاكان و مومارەسەكانی "دەوڵەتی خۆشگوزەران" بڵاوبوونەوە، كە تێیدا حكوومەتان ڕۆڵێكی سەرەكییان لە پاراستن، دەستەبەرییە كۆمەڵایەتییەكاندا هەبوو، بەمەبەستی كەمكردنەوەی خراپییەكانی سەرمایەداری لە هەردوو لایەنی دابەشكاری و كۆمەڵایەتییەوە.

كەواتە بۆچی برەو دەدرێتەوە بە لیبڕالیزمی پەڕگیر؟ ئایا ئەمە گەڕانەوەیە بۆ بنەڕەتە پاكژەكانی سەرمایەداری، لە ڕێگەی ژیاندنەوەی كۆمەڵێك بەها، سیاسەت و مومارەسەوە، كە لە قۆناغی منداڵی و گەنجی سەرمایەداریدا هەبوون؟ یان تەنیا مۆدەیەكی ڕاگوزەرە، زۆر ناخایەنێت بە تێپەڕبوونی ساڵان نامێنێت؟

واقیعی كردەیی دەڵێت: دەركەوتنی دووبارەی لیبڕالیزم [نیۆلیبڕالیزم] لەو كاتەدا دەركەوت، كە سەرمایەداری، لەسەر ئاستی لۆكاڵی و جیهانی، بە قەیرانێكی قووڵدا دەڕۆیشت، ئەمەش لە سەرەتای حەفتاكاندا بوو (تاوەكو ئێستایش)، لەو سەروەختەدا لێكدژییەكانی دەستوەردانی حكوومی لە چالاكی ئابوورییەوە، بە دەوڵەتە سەرمایەدارییە پیشەسازییەكاندا تەقییەوە (هەڵئاوسان،

بێکاری، داتەپین، زۆربوونی قەرزی لۆکاڵی، پاشەکشەی گەشەی ئابووریی و..هتد)، ڕێبازی کینزی نەیتوانی چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. کەواتە دەرکەوتنی ئەم لیبرالیزمە بەرەنجامی ئەو قەیرانە بوو، هاوکات هەوڵ بوو بۆ دەرچوون لە قەیرانەکە. ئەم لیبرالیزمە، دواجار، ئەو هزرانەی خستەڕوو، کە هەر لە چوارچێوەی ڕوانگەی ڕۆژئاوادا بوون، بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی سەرمایەداری. پاشەکشەی قووڵی هێزە چەپەکانیش یارمەتیدەر بوو، بۆ خێرا بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازە، ئەم پاشەکشەیە لە دارمانی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا گەیشت بە ترۆپکی خۆی.

هەروەها واقیعی حاڵ دەڵێت: ئەگەرچی بیست ساڵ بەسەر کات و پراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتەدا تێپەڕیووە، کەچی ئەو سیاسەتە نیۆلیبرالیستییانەی، دەوڵەتانی سەرمایەداری پیشەسازی پراکتیزەیان کردوون، نەیتوانیووە ڕووبەڕووی قەیرانی سەرمایەداری هاوچەرخ ببنەوە. گەشەکردنی ئابووری هێشتاش لە دەوڵەتە گەورەکاندا بەردەوامە، ڕێژەی بێکاری لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە، هێشتاش هەڵئاوسان هەڕەشە لەم دەوڵەتانە دەکات، (ئەگەرچی لە هەشتاکاندا بۆ ماوەیەکی کاتی سەرکەوتوو بوو لە کەمکردنەوەی تێکڕاکەی). لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، هەژاری، ژمارەی پەراوێزخراوان، لە دەوڵەتە پیشەسازییە "دەوڵەمەندەکان"ـدا زیاتر بوو. کەلێنی نێوان چینەکانیش لە دابەشکردنی دەرامەت و

سامانی نیشتمانیدا بەرینتر بوو. لەسەر ئاستی سیاسی، نیۆلیبڕالیزم بووە مایەی هەڵکشانی بەرچاوی ڕەوتە ڕاستڕەو، کۆنزەرڤەتیڤەکان، ئاڕاستە ڕاسیستی، فاشیستی و نازیستییە توندڕەوەکان، کە بڕوایان بە توندوتیژییەکی ویرانکەر هەیە. لەسەر ئاستی جیهانیش، مومارەسە لیبڕالیستییەکان بوونە مایەی دابەشبوونی ڕوون و ئاشکرای مەنزومەی سەرمایەداریی پیشەسازی، بۆ سێ کوتلەی ناکۆک (کوتلەی یەکێتیی ئەوروپا، کوتلەی باشووری ئاسیا، کوتلەی هەردوو ئەمریکا). کە دۆخی کێبەرکێ و ناهاوتاش لەنێوان ئەمانەدا زیاتر بوو، ئەمەش پاڵی پێوەنان بەڕوونی پەیڕەوی لە مەیلە دوورە پەرێزی و هەرێمی و خۆپارێزییەکان بکەن. لەسەر ئاستی پەیوەندی نیوەگۆی باکووریش، بە نیوەگۆی باشووری زەوییەوە، سیاسەتەکانی نیۆلیبڕالیزم، لە ڕەهەندە جیهانییەکەیدا، بووە مایەی ئەوپەڕی هەژاری و کلۆڵی جیهانی سێیەم، جیهانێک کە ئێستا لەژێر باری چیایەکی گەورەی قەرزادا دەناڵێنێت، سامانەکانی و ئابوورییەکە خەزنکراوەکەی، لەسەر حسابی نەوەکانی ئەمڕۆ و نەوەکانی سبەینێ، بەلێشاو دەبرێت.

لەمڕۆدا، کاتێک قەرزدەران و لەگەڵیشیاندا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دێن، وڵاتانی جیهانی سێیەم ناچار دەکەن ڕێساکانی نیۆلیبڕالیزمی ڕۆژئاوایی لەژێر درووشمەکانی "گونجاندن"، "ڕاستکردنەوە" و "کرانەوە"، "کرانەوە بەسەر دەرەوە" دا، پەیڕەو بکەن، دەنا چاوپۆشی

لەبڕێکی قەرزە دەرەکییەکانیان ناکەن، هیچ "هاوکاریەک" هیچ "قەرزێکی بیانی" وەرناگرن، ئەوا ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێش ئەمەیە، ئایا ڕێبازی نیۆلیبڕالیزم دەتوانێت ڕەوشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەم وڵاتانە چارەسەر بکات، لە کاتێکدا ئەم ڕێبازە لەنێو خودی ئەو وڵاتانەشدا شکستی هێناوە، کە دایانهێناوە، واتە لە وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوادا؟ ئایا ئەم ڕێبازە، لە ژێر ڕۆشنای ئەو ئەزموونە مێژووییە درێژەدا، کە باشوور لەسایەی میکانیزمەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە ئاستە جیهانییەکەیدا وەریگرتووە، دەتوانێت لە جەوهەردا، لە دروستکردنی پەیوەندییەکاندا، جیاوازی هەبێت لەو ڕێبازەی کە لە باکووری دەوڵەمەند و باشووری هەژار هەبوو؟

هەروەها یەکێکی دیکە لە لێکدژییە زەقەکان، ئەوەیە کە لە ژێر ڕۆشنایی ئاڕاستە نیۆلیبڕالییەکاندا، کە لە ئێستادا زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، لە سایەی پرۆگرامی چەسپاندن و گونجاندنی سەرەکیدا پەیڕەوی دەکەن، چەمکەکانی "گەشەپێدان"، "ڕزگاریی ئابووری"، "پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی"، "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" خەریکە لەبەردەم کشانی بەهێزی چەمکی "گونجاندن"دا ون دەبن. ئێستا خەریکە قسەیەکی ئەوتۆ لەسەر "ڕزگاریی ئابووری" ناکرێت، کە ئەم پرۆگرامە بانگەشەی بۆ دەکرد، بۆ نموونە ئازادکردنی نرخەکان و بازرگانی دەرەکی،

ئـازادكردنی بـازاڕی دراوی بیـانی و نرخەكـانی سـوود، ئازادكردنی كەرتی گشتی، بە مانای لەناوبردنی ئەم كەرتە یان بە داخستن یان بە فرۆشتن. لەبەرامبەردا ویستێكی سـەیر گەشـە دەكـات، كە لە ڕەتكـردنەوەی فەوزای ڕۆڵـی دەوڵەت لە گەشەپێدان و پێشكەوتندا، خۆی دەنوێنێت، تا ئەو ڕادەیەی، كە "ئەدەبیـــاتی گونجانـــدن و بەرنـــامەی چـاككردن" خەریكە وەهـا وێنـای "دەوڵەت"، دەسـتوەردانی دەوڵەت لە چـــالاكی ئـــابووریيەوە دەكـــات، كە "دوژمنـــی گەورەی گەشەكردن و پێشكەوتنە". بێگومان ئەم بۆچوونە فەوزەوی و عەدەمیـیە، لە ڕووی تیـۆری و مێژووییشـەوە هیچ بنچینەیەكی نییە.

ئەم تـوێژینەوانەی لەم كتێبەدا دەیـانخەمە ڕوو، هەوڵـن بـۆ لێكـۆڵینەوە لە لیبرالیزمـی گونجانـدن، ئەوەی كە ئێسـتا بەسـەر وڵاتانی قەرزداری جیهانی سێیەمدا سـەپێنراوە، بۆ ئەمەش پشـتم بە ڕوانگەیەكـی تـایبەت بەسـتووە، ئەویـش ڕوانیـــنە لە كـــاریگەری و شـــوێنەوارە كـــۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی ئەم بەرنامەیە، لێرەدا كەمتـازۆر بـاز بەسـەر شوێنەوارە ئابوورییەكانیدا دەدەم، چونكە ئەم كارەمـان لە جێگەی تـردا كـردووە. ئەم كتێبە دەبێت بە دوو بەشـەوە، یەكەمیـان، ئـاوڕ لە ئەزمـوونی ئەم وڵاتـانە دەداتەوە، لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئابووریی سـەرمایەداریی جیهانیدا، لە كـاتی سـەرهەڵدانییەوە تـاوەكو سـەرهەڵدانی ئەم قەیـرانە جیهـــانییەی ئێســـتا، لەم گوزەرەیشـــدا لە وێســـتەكانی

هەڵوێستەی خێرا دەکەین، بەسەریدا دەڕۆین، تاوەکو بزانین ئەدگار و میکانیزمەکانی ئاوێزانبوونی ئەم وڵاتانە بە سەرمایەداریی جیهانی چۆن بووە، لە قۆناغەکانی پەرەسەندنیدا چۆن خۆی گونجاندووە؟

بەشی دووەم، کە بەشی سەرەکی کتێبەکەیە- بە وردی لە شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستا و شوێنەوارە پێشبینیکراوەکانی لیبڕالیزمی خۆگونجان دەکاتەوە، لیبڕالیزمێک کە ئەم وڵاتانەی جیهانی سێیەم ناچارکراون پراکتیزەی بکەن و پەیڕەوی لێ بکەن، لە ڕێگەی تەسلیمبوونی سیستەمە حوکمڕانەکانیانەوە بەهێزە سەرمایەدارییە جیهانییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیان.

دەبێت جەخت لەسەر ئەوەیش بکەمەوە، کە من ئەگەرچی لەم توێژینەوەیەدا ڕەخنەم لەو فۆڕمەی لیبڕالیزمی ئابووریی گرتووە، کە ئێستا لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان پەیڕەوی لێدەکرێت، یان بە فشاری دەستوەردانەکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی ناوەندی پێیانپەیڕەو دەکرێت، بەڵام هێشتا لەوانەم- کە بڕوام وایە دیموکراسییەت هەر ڕزگاربوون و ڕێگاچارەی دەرچوونە لەم تەڵەزگەیەی ئەم وڵاتانەی تێکەوتووە. بەڵام ڕوانگە و پێناسەی ئێمە بۆ دیموکراسیەت جیاوازە لەو دیموکراسییەتە لیبڕالییەی، کە بانگەشەکارانی خۆگونجاندن برەوی پێدەدەن، واتە ملکەچبوونی بێ

قەیدوشەرت بۆ هێزەکانی بازاڕ و تێکەڵبوون بە ئابووریی جیهانی، دوای لاوازبوونی هێزی دەوڵەت و فرۆشتنی کەرتە گشتییەکانی و پەراوێزخستنی خەڵکی و فشار دروستکردن لەسەر بژێوییەکەیان، خولقاندنی سوپایەکی زۆری بێکار و داننان بە ڕەوایەتی نایەکسانی و پاشەکشەکردن بە پێویستییەکانی عەدالەتی کۆمەلآیەتی... ئەم مەسەلانە، کە لە ئێستادا سیمای لیبڕالیزمی خۆگونجاندنن ڕێک ئەو مەسەلانەن، کە دەبنە هۆی نەبوونی دیموکراسییەت. ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە بەرەوپێشچوون لە پراکتیزەکردنی ئەم لیبڕالیزمەدا، پێویستە بەر بەرژەوەندی ئەو قاعیدە بەفراوانەی جەماوەر بکەوێت، کە زیانمەندی ئەو لیبڕالیزمەیە. لێرەدا، پەیوەندی ئەم جۆرە لە لیبڕالیزم و دووژمنایەتیکردنی ئازادی جەماوەر، مافە ڕەواکەی بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی. بەلآم ئەو دیموکراسییەتەی لێرەدا مەبەستمانە، وەک بیرمەندی میسری "سەمیر ئەمین" دەڵێت، ئەو دیموکراسیەتەیە، کە دەخرێتە خزمەتی ڕزگاریی نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتییەوە. ئەم جۆرە دیموکراسییەتە تەنیا لە فرەیی سیاسی و مافی دەربڕین و دەستبەرکردنی ئازادییە کەسییەکان و بەشداریی میللیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ پێداگری لەسەر وەدیهاتنی پێشکەوتنی ئابووری و

سەربەخۆیی نیشتمانی، پاراستنی سەروەریی نیشتمان، ڕەتکردنەوەی شوێنکەوتەی و جەمسەرگیری، دیموکراسیەتێکە چاکسازییە کۆمەڵایەتی تێدا بەدیدێت، دەستەبەریی مافی هاووڵاتی دەکات بۆ کاری شەرەفمەندانە و دەستەبەرییە کۆمەلایەتییەکان و بژێوویی گونجاوی مرۆیی.

**سەرچاوە**

د. ڕمزي زكي: اللبرالية المستبدة، سينا للنشر، الطبعة الأولى، 1993، ص 13-21.

# (ده)

# لیبرالیزم و مارکس

## گفتوگۆ لەگەڵ دۆمینیکۆ لۆسۆردۆ

"لیبڕالیـــــزم دژی مێـــژووە" شـــــیکاری دۆمینیکـــــۆ لۆسـۆردۆیە بۆ وەڵامـی پرسـیاری (لیبڕالیزم چییە؟). لەم لێکـدانەوە مێـژووییەدا ئەم فەیلەسـوفە ئیتـاڵییە پێیـوایە لیبڕالیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک و هەڵوێستێکی سیاسـی لە سـەرەتاوە بە ڕێـڕەوی نـالیبڕالەوە گرێـی خـواردووە: کـۆیلایەتی، کۆلۆنیـالیزم، کۆمەڵکـوژی، نەژادپەرسـتی و بـــالآیی. لۆســـۆردۆ نیشـــانی دەدات کە تێـــڕوانینە فەلســەفییەکانی لیبـــڕالە دێرینەکـــان، گەلێـــک دوورە لە زۆربەی تێـڕوانینە سیاسـییەکانی ئەوانەوە. شـتێک کە لە ئەوان گشتێک دروستدەکات، زیاتر لە هەموویان مەیلیان بۆ جێبەجێکردنی فۆڕمە جیاجیاکانی سەرکوتکردن هەیە. لە کۆتـایی کتێـبەکەدا ڕوونـدەبێتەوە تیـۆری لیبڕالیـزم و دامەزرێنەرانـــی کە تـــا ئێســـتا وامـــان بیردەکـــردەوە فەلســەفەیەکی تـــایبەتی بەرەو پـــێش دەبەن، کەمتـــرین پەیوەنـــدییان بە بنەڕەتـــی (ئـــازادی مـــرۆڤەوە) هەیە. لۆسـۆردۆ بە گێـڕانەوەی مێژوویەکـی فکـری لە سـەدەی هەژدەوە تا بیست، هزری نووسەرانی ناوداری لیبڕالیزمی لێکـداوەتەوە و دژیەکیـی نـاوەوەی هەڵوێسـتێکی فکـری تـایبەت ئاشـکرا دەکـات، کە کـاریگەریی زۆری لەسـەر سیاســەتی ئەمــڕۆ هەبــووە. لۆســۆردۆ لەنــاو هێــزە باڵادەستەکانی لیبڕالیزمدا ئەو جوڵانەوە دژیەکانە ئاشکرا دەکـــات کە هەڵوێســـتێکی ڕادیکاڵتریـــان هەبـــووە و بە دامەزرانی سیستمی جیهانی مۆدێرن گرنگی ئەوان کەمتر بووەتەوە.

ئەوەی دەیخـوێننەوە وەرگێڕانـی گفتوگـۆیەکە لەگەڵ لۆسـۆردۆ لەبـارەی ئەم کتێـبەوە، لەگەڵ پێشـەکییەکی کورتی دەروونناسی ئەو لە بارەی گرنگیدانی کتێبەکە بە لیبڕالیزم.

*** دژیەکیی نێوان ڕەهـایی و ڕەتکـردنەوەی ڕەهـایی (de-emancipation) لە ئایـدۆلۆژیای لیبڕالیسـتیدا چـۆن وەسف دەکەیت؟ دواجار ئەم لۆژیکە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

- بە بڕوای من کلیلی تێگەیشتن لە مێژووی لیبڕالیزم ئەم دیـالەکتیکی ڕەهـایی و ڕەتکـردنەوەی ڕەهـاییەیە. ململانێـی چینـایەتی کە مـارکس باسـی دەکـات جۆرێـک ڕووبەڕووبـوونەوەی نێـوان ئەم دوو هێـزەیە. جەختکـردنەوەی مـن لەسـەر ئەوەیە کە لە هەنـدێک بـاردا ڕەهایی و ڕەتکردنەوەی ڕەهـایی بە تەواوی تێکئالاون. بە دڵنیـاییەوە لە مێـژووی لیبڕالیزمـدا دەتوانرێـت لایەنـی ڕەهـایی ببینرێـت. بـۆ نمـوونە (جـۆن لـۆک) بە بەڵگەهێنانەوەی جێمشتومڕ دەسەڵاتی ڕەهـای شـا دەخاتە ژێـر پرسـیارەوە. بە بۆچـوونی لـۆک بەرگـری لە ئـازادیی هاوڵاتیـان لە بەرامـبەر دەسـەڵاتی ڕەهـای شـا پێویسـتە، بەڵام لە لایەکـی تـرەوە پـاڵەوانی کـۆیلایەتییە، لەم بـارەدا لۆک هێمای ڕەتکردنەوەی ئازادی لە لیبڕالیزمـدا دەبینێت. مـن لە کتێبەکەمـدا (لـۆک و ژان بـودن)م بەراورد کـردووە. (بـودن) بەرگریکـاری پادشـایەتی، بەڵام لە هەمـان کاتـدا ڕەخنەگـری کـۆیلایەتی و ئیسـتیعمار بـوو. (بـودن) لە

بەرامــبەر (لــۆک) نمــوونەیەکی سەرنجڕاکێشــە. (لــۆک) "دەســەڵاتی پێــدانی مەرگ و ژیــان" دەداتە خــاوەنەکەی. (بــودن) لە بەرگریــدا لە بنەمــای مرۆڤبــوونی کــۆیلە لە بەرامبەر ئەم هێزەدا پەنا دەباتە بەر کڵێسا و شا، چینی یەکەم و دووەم.

بەڵێ ئێمە لە (لۆک)دا پێچەوانەی ئەو بابەتە دەبینین. لـۆک لە پـلەی ڕەخنەگـری پاشـایەتیدا نـوێنەری لایەنـی ئـازادییە، بەڵام کاتێک دەستخۆشـی لە کـۆیلایەتی دەکات یان ڕووکارێکی یاسایی پێدەدات، نوێنەری ڕەتکردنەوەی ئـــازادییە لە لیبڕالیزمـــدا. لـــۆک لە بەرەنگاریـــدا لەگەڵ ڕێکارەکـــانی چـــاودێری پاشـــایەتی پێیـــوایە پێویســـتە خاوەنەکـان دەسـەڵاتی تەواویـان بەسـەر دارایییەکانیـان و لەناویاندا کۆیلەکانیان هەبێت. ئێمە لە (لۆک)دا دەتانین بە باشــی ئــازادیخوازی و ڕەتکــردنەوەی ئــازادی ببینــین. خاوەنەکان ئازادتر بوون، بەڵام ئازادیی زیاتری ئەوان بە واتای خراپتربوونی دۆخی کۆیلەکان بوو.

*** لە ڕووکاردا تۆ بۆچوونێکی تەواوت نییە دەربارەی وەرچەرخـان لە کـاری زۆرەملێـی بـێ حەقدەسـتەوە بـۆ کارێک کە حەقدەستەکەی بەپێی گرێبەست بێت. کاتێک دوو باسی کار بە حەقدەست و بێ حەقدەست لە کرداردا تێکەڵاوی یەکتر دەکەیت، ئایا ترسی ئەوەی نییە گرنگیی مێژوویی تێپەڕین بۆ پەیوەندیی حەقدەست وەک پێوەری ڕێکخســـتنی بەرهەمهێنـــانی کـــۆمەڵایەتی لە جیهانـــدا نەبینرێت؟ ئایا ئەم گۆڕانە کە سـەرەتای سـەرمایەداری**

**بوو، بە بۆچوونی تۆ ڕووداوێکی بێ وێنە و سەردەمساز نەبوو؟ ئایا سەرمایەداری ئەو توانا ڕزگارکەرانەیەی ڕەخساندووە، کە پێشتر پێشبینی یان لەبەردەستدا نەبوون؟ ئەگەر بەڵێیە، کام توانایانە؟**

– مارکس خۆی (شۆڕشی گەورە)ی (1688–1689)ی بە کودەتا ناوبرد. بەڵێ خانەدانە خاوەن زەوییەکان لە دەسەڵاتی شا ڕزگاریان بوو، بەڵام بە جۆرێک کە خاوەن زەوییەکان توانییان جوتیاران لە خاوەنداریێتی بێبەشبکەن و تراژیدیایەکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن. لێرەشدا دەتوانرێت دیالەکتیکی نێوان ئازادی و ڕەتکردنەوەی ئازادی ببینرێت. دوای شۆڕشی گەورە سزای لەسێدارەدان گشتگیر بوو. هەموو تاوانێک دژی دارایی و بچوکترین سەرپێچی سزاکەی لەسێدارەدان بوو. دوای شۆڕشی گەورە کە لیبڕالی بوو، حوکمڕانیی چینی دەسەڵاتدار لەسەر بنەمای تۆقاندنی جۆراوجۆر بەرەوپێشبرا.

*** رزگارنەبوونی کۆیلەکان بووە هۆی بەرفراوانبوونی پرۆلیتاریای شار. ئەو جوتیارانەی لەسەر زەوییەکانیان دەرکرابوون زۆربەیان بە ناچاری ڕوویان لە شارەکان کرد و چونە ناو چینی کرێکاری تازە دەرکەوتووەوە. تا چی ڕێژەیەک ئەم بابەتی توانا شۆڕشگێڕییەکان بەڕووی ئێمەدا دەکاتەوە کە پێشتر نەبوون، یان ئەمەش فۆڕمێکی نوێی بەندکردن و لەنابردن بووە؟**

ئەگەر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە فۆرمۆڵەبوونی پرۆلیتاریای شار هەلومەرجی پێویستی بۆ گۆڕینی فۆڕمی تێکڕای کۆمەڵگە ڕەخساندووە، بەدڵنیاییەوە لەسەر حەقیت، بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەمەوە کە ڕەخساندنی توانای ئەم ئازادییە بەرنامەی لیبڕالەکان نەبوو. بەرەنگاریی ئەم چینە کرێکارە نوێیە بۆ دەرکەوتنی ئەنجامەکانی پیویستی بە کاتی زیاتر بوو. بە بۆچوونی من پیاوانی کرێکار لە شارە گەورە سەرمایەدارییەکاندا نەک تەنیا هەژار و دەستکورت، بەڵکو لە ئازادییە ڕووکارە لیبڕالیستییەکانیش بێبەشبوون. (بێرنارد مەندویل) فەیلەسوف و ئابووریناسی هۆڵەندی بە ڕەچەڵەک ئینگلیزی سەدەی حەڤدە بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە بۆ ئەوەی کە ڕێکخستن و سەقامگیری لەناو کرێکاراندا بپارێزین پێویستە یاساکان زۆر توند بن و پێویستە سزای لەسێدارەدان بەبێ هیچ بەڵگەیەکیش ئەنجام بدرێت. لێرەشدا دەتوانین باس لە یاسا تۆقێنەرەکان بکەین. هەروەها پێویستە هەلومەرجی ماڵی بێنەواکان بە ئۆردوگا زۆرەملێکانی کارکردن بچوێنین. لە ماڵی بێنەواکان هیچ ئازادییەک نەبوو. نەک تەنیا پارە یان ئازادی، بەڵکو ئازادیی ڕووکەشیش بوونی نەبوو.

*** تۆ بە دڵنیاییەوە پارچەی ناجۆر لە لۆک و مەندویل و سمیز دەخەیتە پاڵ یەکتر، کە تێیاندا ئەمانە کرێکاران بە چوارپێکان دەچوێنن. هەروەها ئاماژە بە بەشێک لە یاداشتە تایبەتییەکانی (ئابێ سییێز) دەکەیت، کە تێیدا**

**کرێکاران بە (ئامێرەکانی کار) دادەنێت. هۆبز جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی جۆرێک تێگەیشتنی هەستی (هاوبەشی نێوان مرۆڤ و گیانەوەر) هەیە و وتەی بەناوبانگی (لایمتری)ی فەیلەسوف و پزیشکی فەڕەنسایی سەدەی هەژدە (ئامێر – مرۆڤ) بوو. ئایا ئەم زمانە بە ڕاستی ئاماژەیە بۆ داماڵینی بەهای مرۆیی، ڕەنگدانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بیرمەندانە لەگەڵ ماتریالیزمی بەریتانیی و فەڕەنسی نییە؟**

– من پێموانییە داماڵینی بەهای مرۆیی لە چینی کرێکار لە نەریتی لیبڕالیزمدا پەیوەندیی بە وێنای ماتریالیستیی جیهانەوە هەبێت. ئەم تیۆرسینە لیبڕالیستانە لە لایەکەوە بەهای مرۆیی کرێکارانیان داماڵی، لە لایەکی تریشەوە بە گەورەیی مرۆڤە چینە باڵاکانیاندا هەڵدەدا. لە کتێبەکەمدا وتەیەکی (سییێز)م هێناوەتەوە، لیبڕالێکی فەڕەنسی کە ڕۆڵێکی باشی لە شۆڕشی فەڕەنسا گێڕاوە. لەو دەقەدا (سییێز) خەونی ئەگەری پەیوەندیی سێکسیی نێوان ڕەشپێست و مەیمونەکان لە مێشکیدا پەروەردە دەکات بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێ لە کۆیلەکان دروستبکات. ئەمە بۆچوونێکی ماتریالیستی نییە، بەپێچەوانەوە وێنایەکە بۆ ئایندەیەکی نموونەیی لەسەر بنەمای ڕیفۆرمی نەژادی بۆئەوەی نەژادێک لە کرێکاران بخوڵقێنێت تا بەرهەمهێنان زیاتر بکەن، بەڵام تا هەتایە کۆیلەی ئەڵقە لە گوێی ئاغاکانیان بن.

***ئایا لە سەدەی حەڤدەیەمدا بە لایەنی کەمەوە لە بەریتانیا، خاوەنداریێتیی تایبەت بنەمایەک نەبوو بۆ خواستە کەسییەکان، کە خوازیاری ئازادی بوو لە بەرامبەر فەرمانی شادا؟ ئایا تەنیا پێویستییەکی مێژوویی بوو کە خواستەکانی ئازادیگەری تەنیا لە ڕێگەی ئەم فۆڕمە تایبەتییەی خاوەنداریێتیی تایبەتی دەبوون؟ یان ئەو خاڵەی کە لە سەدەی حەڤدەدا وەک ڕەخنەیەک هەڵوێستێکی کۆنەپەرستانە بوو؟**

- من دوبارە جەخت دەکەمەوە لەسەر تێکەڵاوبوونی ئازادی و ڕەتکردنەوە ئازادی. ئەم بابەتە کە پیاوان مافی ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕینی بیروبۆچوونیان هەیە دەرەنجامی پرۆسەیەکی ڕزگاربوونە، بەڵام پێویستە ئەو خاڵەش زیاد بکەین کە چینی خاوەندارەکان لەگەڵ ئازادبوونیان لە چاودێریی دەوڵەت توانییان ڕژێمێکی نوێ لە چاودێری بەسەر خزمەتکار و کۆیلەکاندا بسەپێنن. لە قۆناغی یەکەمدا شۆڕشی لیبڕاڵ-بۆرژوازیی خزمەتکارەکان، ئازادیی لیبڕالیشیان نەبوو. بۆ نموونە وتەیەکم هێناوەتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە دانیشتوانی ماڵی بێنەواکان لە هەموو فۆڕمێکی ئازادی بێبەش بوون. ئەو خزمەتکارە بەکرێگیراوانەی نێردرابوون بۆ ئەمەریکا لە ئەوانی تر زیاتر وەک کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا. ئەوان بە واتا مۆدێرنەکە کرێکار نەبون. بۆ نموونە (مەندویل) نوسیوویەتی، پێویستە کرێکار لە بۆنە ئایینییەکاندا بەشداری بکات. واتا لە هیچ ڕوویەکەوە ئازاد نەبوون. لە بارەی ماڵی بێنەواکانەوە من بە دوور و

دریـژی بۆچـوونی (بنتـام)م باسـکردووە، کە بانگەشـەی ڕیفۆرمی دەکرد، بەڵام تا سەر ئێسقان بەرگری لەو مـاڵی بێنەوایـانە دەکـرد. ئەو خەونـی دروسـتبوونی جۆرێـک (چینی ڕەسەن)ی کرێکاران لە مێشکیدا پەروەردە دەکرد، کە لەو ماڵی بێنەوایانە لەدایکدەبوون و بەم شێوەیە زیاتر گـــوێڕایەڵی ئاغاکانیـــان دەبـــوون. ئەم وتەیە هـــیچ پەیوەندییەکی بە کرێکارەوە -بە واتا مۆدێرنەکەی- نەبوو.

***ئەم باسـە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو پرسـیارەی کە ئایـا سەرمایەداری لە هەمان کـاتی سـەپاندنی جۆرێکی نـوێی نائازادییدا، فۆڕمی نوێی ئازادی دەخاتەڕوو یان نەخێر. لە لایەکەوە ئـێمە لە نائـازادترین سـاتدا بەسـەردەبەین. دەتوانرێـت ئامـاژە بە دۆخـی ژیـانی کرێکـاران لە بەشـە ناوخۆییەکـانی مانچسـتەر بکرێـت، کە لە مێـژوودا بـێ وێـنەیە، یـان ئەو بـابەتەی کە خـاوەن کـار تەنیـا بیـر لە سوودی خـۆی دەکـاتەوە، نەک گەرەنتـی ئـازادی بـۆ ئەو. بەڵام ئایا فۆرمولەبوونی چینێکی کرێکار لە هەمـان کاتـدا جۆرێک گۆڕین و گۆڕانی مێژوویی تێگەیشتن لە سوبێکت لە کۆمەڵگەدا نییە و ئاماژە نییە بـۆ زیـاتر لە دەرکەوتنـی ئەو لە ئێسـتادا؟ هـیچ نەبێت، کرێکـار شـتێکە و چـالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی شتێکی ترە. ئەو لە پلەی یەک (سـوبێکتی بۆرژوا) خاوەنی (مـافی) کـارکردنە. ئایـا مـافی بـۆرژوایی زیاتر لە خۆی تێدەپەڕێت، بەم شێوەیە کەمتر نابێتەوە بۆ دەرکەوتنە هەنوکەییەکەی؟**

بەڵێ هاوڕاتم، کە کۆمەڵێک تیۆرسینی چینی دەسەڵاتدار لە ئەنجامدا ڕوویان لە چینەکانی تر کرد، کە لە سەرەتادا مافی لیبڕالیان نەبوو. بۆ نموونە (توسان لۆڤێرتور) ڕابەری شۆڕشی کۆیلەکان لە (سەن دامینگۆ) کە دواتر بوو بە (هایتی). چۆن دەتوانین ئەم شۆڕشە گەورەیە ڕوونبکەینەوە؟ ئێمە لە فەڕەنسا (جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ)مان هەیە. لە یەکەم کۆپیی ئەم بەڵگەنامەیەدا، مافی مرۆڤ هاووڵاتیانی کۆلۆنیاڵەکان یان ڕەشپێستەکان ناگرێتەوە، بەڵام دەبینین کە (توسان لۆڤێرتور) ئەم ڕاگەیەندراوە دەخوێنێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم مافە ڕەشپێستەکانیش دەگرێتەوە. لە ئەنجامدا بینەری ئەو شۆڕشە گەورەیەین. بەڵام ئەم لێکەوتە سروشتییە لیبڕالیزم نییە. بەپێچەوانەوە (توسان لۆڤێرتور) ناچار بوو دژی لیبڕاله فەڕەنساییەکانی ئەو سەردەمە بوەستێتەوە، ئەو لیبڕالانەی کە باسیان لە دۆخی بەدەستهاتووی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکرد و هەوڵیاندا درێژە بە سەرکوتکردنی کۆیلە ڕەشپێستەکان بدەن. کۆیلەکانی (سەن دامینگۆ) سەرەتا بە تەواوی کەوتنە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسا و پێیانوابوو ئەم شۆڕشە بە واتای ڕزگاربوون لە چاودێریی شایە، بە شێوەیەک کە ئیتر دەتوانن ئازادانە کۆیلەداری بکەن و سودی داراییان لێببینن. (توسان لۆڤێرتور) بە دەرەنجامێکی پێچەوانەی ئەمە گەیشت و بەم شێوەیە یەکێک لە گەورەترین شۆڕشەکانی مێژووی تۆمار کرد.

***خاڵی سەرنجڕاکێش لەبارەی وەرگرتنی ئیلهامی ڕادیکاڵی (توسان لۆڤێرتور) لە شۆڕشی فەڕەنسا ئەوەیە کە شۆڕشی هایتی بووە هۆی دابەشبوونێک لەناو فەڕەنسا خۆی. بابەتەکە تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی (توسان لۆڤێرتور) لەگەڵ لیبڕالەکانی فەڕەنسا نەبوو؛ شۆڕشی هایتی لە ڕاستیدا کەلێنێکی خستە نێوان لیبڕالەکانی فەڕەنسا و دابەشیکردن. گرفتێکی تریش دروستبوو: ئەگەری بەردەوامبوونی بەرگریی سەربازی فەڕەنسا لە خۆی بەرامبەر هێزە دژە شۆڕشەکانی ئەوروپا، لەم ساتە تایبەتەدا گرێدرابوو بە ئیستیعماری زیاترەوە. لەبەرئەوە پێدەچێت شۆڕشی هایتی ڕاستەوخۆ گرفتی ڕادیکاڵ بوون بێنێتەپێش، کە وەڵامی جیاجیایان داوەتەوە. ئایا دەتوانرێت بەو هۆیەوە (توسان لۆڤێرتور) بە لیبڕال ناوببرێت، کە باوەڕی بە بەڵێنە لیبڕالیستییەکان هەبوو؟**

-نەخێر، (توسان لۆڤێرتور) ژاکوبنێک بوو. لەنێوان ژاکوبنەکان و لیبڕالەکاندا ناکۆکی هەبوو. ئەگەر بەرهەمی ئەو نوسەرانە بخوێنینەوە کە زیاتر بە لیبراڵ ناودەبران، بۆ نموونە (بنیامین کنستان، دی تۆکفیل) و هاوشێوەکانیان، بە توندی دژی ژاکوبنەکان دەدوێن. لە دیدی ئەم نووسەرە لیبڕاڵانەوە، ژاکوبنگەرایی شتێکی مەترسیدارە. لەبەرئەوە دژی بۆچوونەکەی تۆم، کە (کەلێنێک) لەناو حزبەکانی فەڕەنسا دروست بووبێت. بە بۆچوونی من ژاکوبنگرایی فۆڕمێکی ڕادیکالیزمە، چونکە ژاکوبنەکان نەک تەنیا داوای ئازادیی کۆیلەکانیان لە

(سـەرەوە) کـرد، بەڵکـو لەگەڵ کۆیلەکـان بـۆ ڕوخانـدنی سیســـتمی کـــۆیلایەتی هەواڵیانـــدا. دوای ڕووخـــانی ژاکوبنەکان لە فەڕەنسا دەوڵەتی نوێ خێرا دەستیکرد بە گێـــڕانەوەی کـــۆیلایەتی. کـــۆیلەدارانی فەڕەنســـا دەستخۆشییان لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی فەڕەنسا کرد، چـــونکە پێیـــانوابوو دوای ئەوە دەتـــوانن بە ئـــازادی کۆیلەکانیـان هەڵبژێرن. دوای دەرکەوتنی ژاکوبنگەرایی و ڕادیکاڵیزەکردنی شۆڕش، لیبڕالەکان چوون بۆ ئەمەریکا و لەوێوە دەستخۆشییان کرد.

***دەتوانیت جیاوازیی مێژوویی و تێگەیشتنی نێوان لیبڕالیزم و ڕادیکالیزم زیاتر ڕوونبکەیتەوە؟**

وەهای دابنێ ڕادیکالیزم تەواوکەری لیبڕالیزمە، نابێت بیرمـان بچێتەوە سیستمی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتیش بـــۆ نمـــوونە لە ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمەریکـــا، دەرەنجـــامی ڕووبەڕووبـــوونەوەیەکی تـــۆقێنەر بـــوو، شـــــەڕێکی نـــــاوخۆ. هەڵوەشـــــاندنەوەی کـــــۆیلایەتی بەردەوامبـوونی ڕاسـتەوخۆی لیبڕالیـزم نەبـوو، چـونکە ئـــازادیی کۆیلەکـــان لە ڕێـــگەی شـــەڕێکی نـــاوخۆیی دووردرێـژەوە بـوو. (لینکـۆڵن)یـش نـوێنەری ڕادیکـالیزم نەبـوو، چـونکە هـیچ کاتێـک داوای لە کۆیلەکـان نەکـرد خۆیـان، خۆیـان ئـازاد بـکەن. لینکـۆڵن تەنیـا لە قۆنـاغی کۆتـایی شـەڕی نـاوخۆدا ڕەزامەنـدی لەسـەر شـەڕکردنی چەکـــدارە ڕەشپێســـتەکان دەربـــڕی، ئەویـــش لەپێنـــاو

زیـــادکردنی ژمـــارەی ســـەربازەکان لە بەرامـــبەر ویلایەتەکانی باشوور.

خـــاڵێکی تـــر لە مێـــژووی لیبڕالیزمـــدا ئەوەیە کە (ڕۆبســـپێر) نەک بە لیبـــڕال نـــازانن، بەڵکـــو بە دوژمنـــی لیبڕالیـــزم لە قەڵەمـــی دەدەن. ئەوە ڕۆبســـپێر بـــوو کە لە شۆڕشی فەڕەنسادا کۆیلایەتی هەڵوەشاندەوە، بەڵام تەنیا دوای شۆڕشی گەورەی هایتی. ئیتر ئەو کاتە بە ناچاری تێگەیشـــت، کە ســـەردەمی کـــۆیلایەتی کۆتـــایی هـــاتووە. نووسەرێک کە بەرجەستەترین کاریگەریی لەسەر بابەتی کـــۆیلایەتی هەبـــوو، (ئـــادام ســـمیز)ـــە. ســـمیز لایەنگـــری حکـــومەتێکی ســـتەمکار بـــوو، کە بە زۆر کـــۆیلایەتی هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام سمیز هەرگیز کۆیلەکانی بە بەشێک لە ئـــازادی خۆیـــان نەدەزانـــی. کەواتە لە لایەکەوە ئـــادام سمیز ڕەخنەگری توندی کۆیلایەتییە و مەحکومی دەکات، بەڵام ئەگەر لێیبپرســـین بۆچـــوونی لەبـــارەی ئـــازادترین وڵاتـی سـەردەمی خۆی چییە، لە کۆتاییدا دادوەرییەکەی ئەوە دەبێت کە بەریتانیا ئازادترین وڵاتە.

ئەگەر لە مێـــژووی کیشـــوەری ئەمەریکـــا بـــڕوانین و بپرسین: کام وڵاتە زیاتر لە هەمووان زیاتر لیبڕال بووە؟ بە بڕوای من ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر بپرسین: لە کام وڵات ئازادیی کۆیلەکان لە وڵاتـانی تـر قورسـتر بـوو؟ دووبـارە وەڵامەکە ویـلایەتە یەکگرتووەکانە.

ئەگەر لە بەرەنگارییەکـــان بـــۆ ئـــازادی لە کیشـــوەری ئەمەریکـا بـڕوانین، ســـەرەتا هـــاییتییە و دواتـــر وڵاتـــانی

ئەمەریکای لاتین (ڤەنزوێلا، مەکسیک، هاوشێوەکانیان) و دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دێت. ئەگەر مێژووی گۆڕانکارییەکانی جیهان لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و مەکسیک لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دوای بەشکستدانی مەکسیک و دەستبەسەرداگرتنی تەکساس جارێکی تر کۆیلایەتی بۆ ئەو ناوچانە گێڕایەوە، ئەو ناوچانەی پێشتر کۆیلایەتی تێیاندا هەڵوەشابووەوە. بە بۆچوونی من ئەم واقیعییەتانە نیشانی دەدەن، کە ناتوانرێت هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بە دەرەنجامی لیبڕالیزم دابنرێت.

***چی ڕوونکردنەوەیەکت لە بارەی دەستخۆشی مارکس لە کەسانی وەک (ئەبراهام لیکۆڵن) هەیە، هەمان ئەو کەسەی هەلومەرجی ئازادی کۆیلەکانی (لە ڕێگەی شەڕەوە) ڕەخساند؟**

بەدڵنیاییەوە دەستخۆشی مارکس لە لینکۆڵن ڕاستبوو. لینکۆڵن کەسایەتییەکی بەرجەستە بوو، مارکس درکی بەو خاڵە کردبوو کە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی پێشکەوتنێکی گرنگە. بۆچی ئەم قسەیە دەکەم؟ چونکە لە سۆسیالیزمدا بیرکردنەوەیەک هەبوو، کەسانێک بەو شێوەیە بەڵگەیان دەهێنایەوە: "باشە سەرمایەداریی کۆیلایەتییە. کۆیلایەتیی ڕەشپێستەکان تەنیا فۆڕمێکی کۆیلایەتییە. بۆچی دەبێت لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ویلایەتە هاوپەیمانەکان یەکێکیان

هەڵبژێرین؟ لە باکوور و باشووری ئەمەریکا تەنیا دوو فۆڕمی جیاواز لە کۆیلایەتی بوونی هەیە". بۆ نموونە (لاسال) لەو گروپە بوو. مارکس زۆر بەباشی تێگەیشت کە ئەم دوو فۆڕمە جیاوازە لە کۆیلایەتی (کۆیلایەتیی موچە، کۆیلایەتیی ڕەشپێستەکان) هاوتا نین. ویلایەتەکانی باشوور دەیانویست پەرە بە کۆیلایەتی بدەن.

***بابەتی مارکس لە شەڕی ناوخۆدا دەستکەوتە مێژووییەکانی شۆڕشی بۆرژوای بوو، کە هەموو شۆڕشە پرۆلیتارییەکان پێویستە پشتی پێببەستن. لیبڕالیزم دوای ساڵی 1848 مادام دەستی بە لاوازکردنی بەڵێنەکانی شۆڕشە بۆرژواییەکان کرد، ئیتر شۆڕشێک نەبوو. ئایا بیر لەوە ناکەنەوە پەیوەندیی مارکس بە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکاوە لەسەر بنەمای ئەوەیە تا کۆیلایەتی هەڵنەوەشێتەوە توانای بەهێزی ڕادیکاڵیزەکردنی مافی بۆرژوازی بوونی نییە؟**

من ڕەخنەم لە کۆمەڵێک بۆچوونی مارکس هەیە، بەڵام نەک ڕەخنەگر لە ڕێزی مارکس بۆ بەرەنگاری لینکۆڵن یان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکوور. لەم بارەدا کاری مارکس ڕاست بوو. بەڵام مارکس بە جۆرێک باسی لە شۆڕشە بۆرژواییەکان دەکرد، گوایە زەمینەی ئازادیی سیاسیین. لەوانەیە سەرنجی نەدابێتە ڕەتکردنەوەی ئازادی و ئازادی لە لیبڕالیزمدا. دەتوانین ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نیوەی سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ مەکسیک بەراوردبکەین. لە مەکسیک هیچ شۆڕشێکی بۆرژوایی

ڕووینەدا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە بڵێین شۆڕشی ئەمەریکا جۆرێک شۆڕشی بۆرژوای بوو. لە مەکسیک کۆیلایەتی هەڵوەشایەوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆیلایەتی وەک خۆی مایەوە. بۆچی دەبێت بڵێین ئازادیی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە مەکسیک بوو؟ نازانم بۆچی.

***تۆ لە شیکاری (بابەتە یاساییە) جیاجیاکاندا کە یاساکانی بۆرژوایی بە مافی تایبەتی گروپەکان یان کەسانی تایبەت دەزانێت و ئەوانەی دەمێننەوە لە بازنەی ئەو یاسایانە هەڵاوێرد دەکات بۆ دوو جۆری (پیرۆز) و (ناپیرۆز). بەپێی ئەم نموونەیە دەتوانرێت بوترێت ئەوانەی کە لە هەر قۆناغێکی سەپێنراودا چانسی ئەوەیان هەیە لەناو سنورەکانی ئەم (فەزا پیرۆزە)دا ژیان بەسەربەرن، دانیشتوانی (کۆمەڵگەی تاکە ئازادەکان)ن، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوە دەمێننەوە بۆ (فەزای دنیایی) نائازاد پلەیان دادەبەزێت. بۆچی ئازادی بە پیرۆز و نائازادی بە پانتایی کاروبارە ناپیرۆزەکان گرێ دەدەیت؟**

لەم پێوەرە پیرۆزەدا (فەزای پیرۆز) بە دڵنیاییەوە ئەو فەزایەیە کە لە هەر فەزایەکی تر بەنرخترە. لە ئایدۆلۆژیای لیبراڵدا ئێمە جۆرێک ڕەفتاری مەزهەبی دەبینین. بەڵام ئەمە گرنگترین خاڵ نییە، چونکە لە زمانی ئاساییدا (پیرۆز) واتایەکی ئەرێنیتری هەیە. مرۆڤەکان بە تێپەڕین لەوەی مەزهەبی بن یان نەخێر، کاتێک باس لە شتێکی (پیرۆز) دەکەن، مەبەستیان ئەوەیە کە ئەو شتە گرنگی تایبەتی هەیە.

***دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم چۆن شیدەکەیتەوە، ئەو ڕۆڵە چییە کە لە دروستکردنی (فەزای پیرۆزی جڤاتی [community] تاکە ئازادەکان)دا دەیگێڕێت؟ لە شیکاری تۆدا ئاماژەیەک بە ناسیۆنالیزم ناکرێت. بەم شێوەیە ئەوەی لەدەست دەچێت، کەمینەی نیشتیمان پەرست، کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی گشتگیری ڕۆشنگەریدا دەرکەوت. تۆ لە بەرهەمەکەتدا لەبارەی هایدیگەرەوە ئاماژە بە جیاوازی دانانی (فێردیناند تونیس) کۆمەڵناسی ئەڵمانی دەکەیت، جیاوازیی نێوان (کۆمەڵگە) [گزل شافت] و (جڤات) [گماین شافت]، بۆ ئەوەی ئاماژە تایبەتییەکانی ئایدۆلۆژیای جڤاتی نەتەوەیی یان خەڵکی ڕوونبکەیتەوە (ئایدۆلۆژیای نازییەکان لەبارەی فۆلکزگماین شافت) تا جێگەیەک کە ئەم ئایدۆلۆژیای کۆکردنەوەی سەرمایەی وزە دەروونییەکان کە بەشێوەیەکی نەریتی لە بواری مەزهەبدا ڕوویدەدا دەگوازێتەوە بۆ بواری میللەت، ئایا ناتوانرێت ئەوە بە ڕەگوڕیشەی (فەزای پیرۆز) دابنرێت، کە تۆ دەیبەستیتەوە بە (جڤات)ی [نەتەوەیی] (تاکە ئازادەکان)ـەوە؟**

لە باسی (فەزای پیرۆز) و (فەزای ناپیرۆز)دا من لەو ڕووەوە پێوەرێکی مەزهەبی بەکاردێنم، کە ڕێڕەوی مەزهەب بەو جۆرەیە. وشەی دنیایی یان ناپیرۆز (profane) لە ڕەگی وشەی لاتینی (Fanum) وەرگیراوە، بە واتای پەرستگە یان کڵێسا (Profanum) واتا ئەوەی لە دەرەوەی کڵێسایە. ئەمە جیاوازییەکە ئێمە وەک ڕەخنەیەک لە قۆناغی یەکەمی ئاگایی مەزهەبیدا دەیبینین.

ڕێـــڕەوی لیبڕالیـــزمیش ئەمەیە، ئـــێمە (Fanum) یـــان پەرســتگەمان هەیە کە فەزای ئـازادیی تـاکە ئازادەکـانە، (Profanum) بـۆ تاکەکـانی تـرە، ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو فەزایە دەمێـنەوە. چـونکە مـن سـوود لە ڕێکخسـتنی جڤاتیی تـاکە ئازادەکان وەردەگرم؟ چونکە مـن پێمـوانییە کاتیگۆریی (تاکگەرایی) بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگەی لیبڕالـی تەواو بێــت. (لیبڕالیــزم) و (تــاکگەرایی) کــاتیگۆرییەکن شـانازی بە خۆیـانەوە دەکەن. بـۆچی؟ بـۆ نمـوونە ئەگەر تـاکگەرایی بە تیۆرێـک بـزانین کە بەپێـی ئەو تـاکە تـاکەی ژنــان و پیــاوان مــافی ئــازادی و ڕەهــایی و دەربڕینــی بوونیـان هەیە، ئەمە ئەو شـتە نییە کە ئێمە لە کـۆمەڵگەی لیبڕالـدا دەیبینـین. تـا ئێـرە باسـمان لە فـۆڕمە جیاجیاکـانی دەرکردن و وەدەرنانی تاکە ستەملێکراوەکان، کرێکاران و ژنان کرد. لەبەرئەوە تاکگەرایی کاتیگۆرییەکی ڕاست نییە.

***بەڵام ئایـا کـۆمەڵگەی لیبــڕاڵ ئـازادە یــان جڤــاتی نیشتیمانی؟ لە کتێبەکەتدا لەبارەی هایدیگەرەوە جیاوازی دادەنێیـت لەنێـوان کـاتیگۆریی گشـتگیرتری (کـۆمەڵگە) (سوسـیوس)ی لاتینـی یـان (گـزەل شـافت)ی ئەڵمـانی و کاتیگۆرییەکی بچوکتر (جڤات) (کامیومیتاس)ی لاتینی یان (گمـاین شـافت)ی ئەڵمـانی، ئایـا ئەم جیـاوازییە لێـرەدا بەکارنایەت؟**

ئەگەر لە مێـــژووی لیبڕالیـــزم بـــڕوانین لە لایەکەوە (جڤـاتی تـاکە ئازادەکـان) دەبینــین کە لایەنگـری بـان- نیشـتیمانییان هەیە، بەڵام لە لایەکـی تریشـەوە بەر لە هەر

شتێک لەم کۆمەڵگە لیبڕاڵەدا کانگای نەتەوەپەرستین. بۆ نموونە (ئێدمۆن بێرک) ئینگلیزەکان وەک خەڵکانێک ناودەبات کە لە (خوێنیاندا) ئازادییان خۆشدەوێت. ئەمەش جۆرێک لە وەسفکردنی خەڵکی ئینگلیزە. ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی وەک ڕەخنەیەک لە لیبڕالیزمدا هەیە. ئینگلیز (بەڵام نەک تەنیا ئینگلیز) بانگەشەی ئەوە دەکات کە نەتەوەیەکی تایبەتە، نەتەوەیەک کە لە پرۆژەی ئازادیدا هاوبەشە. هەڵبەتە لە سەدەی بیستەمدا پێگەیەکی نوێمان هەیە، کە لەسەر ئەو بنەمایە هایدگەر بە نەتەوەی ئەڵماندا هەڵدەدات.

***ئایا گۆڕانی فۆڕمی چەمکەکانی وەک نەتەوەپەرستی نیشانەی نەخۆشی و قەیرانێکی قوڵ لە ناو خودی لیبڕالیزمدا نییە؟ ئایا ئەو وەرچەرخانە مێژووییەی ساڵی 1848 ڕوویدا ئاماژە بۆ گۆڕانی فۆڕمی موحافیزکاری (لە ئەنجامدا کۆنەپارێزی) نەریتی لیبڕالی نەبوو، چونکە بە تازەیی ئەو کاتە لە ڕووی مێژووییەوە بەرەنگاری نهێنیی ناو کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەرکەوت؟ تۆ ڕەخنەت لە تێگەیشتنی مارکس لە شۆڕشە بۆرژواییەکان گرتووە، دەمەوێت لەبارەی پەیوەندیی لیبڕالیزم لەگەڵ مارکسیزم بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بدوێیت. بە بۆچوونی تۆ سەرکەوتنی تێگەیشتنی ڕادیکاڵ یان مارکسیزم لە شۆڕش تا چی ڕادەیەک دەرەنجامی ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی لیبڕالە و تا چی ڕادەیەکیش بۆ هاتنەدیی تەواوی کۆمەڵگەی لیبڕال دەگەڕێتەوە؟**

دەتوانرێت پێناسـەیەکی نـوێ بـۆ لیبڕالیـزم پێشـکەش بکرێت و بگوترێت شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 شۆڕشێکی لیبـڕال بـوو، بـۆچی نـا؟ بەڵام شۆڕشـی ئۆکتـۆبەر بە شێوەیەکی گشتی بە شۆڕشی لیبڕال ناونابرێت. سـەرجەم میللـەتە لیبڕالەکانی جیهان دژی شۆڕشی بەلشەفیکین.

مـارکس بە وردی باسـی لە لیبڕالیـزم نەکـردووە. مـارکس باسـی سـەرمایەداری و کـۆمەڵگە بۆرژواییەکـان دەکات، کە بانگەشـەی لیبڕالبوون دەکەن. ڕەخنەی من لە مـارکس ئەوەیە کە مـارکس تـاکلایەنە لە شۆڕشـە بۆرژوازییەکـان دەڕوانێـت و ئەوان بە بەرجەسـتەبوونی ئـازادیی سیاسـی ناودەبـات. مـارکس جیـاوازی دادەنێـت لەنێـوان ئـازادیی سیاسـی و ئـازادیی کۆمەڵایەتییـدا. لای مـارکس ئـازادیی کـۆمەڵایەتی یـان مرۆیـی دەرەنجـامی شۆڕشـی پرۆلیتاریـایە. لە لایەکەوە دەڵێت ئـازای سیاسـی لە ئەنجامی شۆڕشی بۆرژوایی دەرخەری پێشکەوتنە.

من ئەم پێناسە تاکلایەنەیە بۆ ئازادی سیاسی پەسـەند نـاکەم، چـونکە لە پەراوێـزدا بەردەوامـی و خراپتربـوونی کـۆیلایەتی پشتڕاسـت دەکـاتەوە. لە کتێبەکەمـدا چەنـد بـابەتێکی مێژوونووسـە هاوچەرخەکـانی ویـلایەتە یەکگرتووەکـانم باسـکردووە، کە پێیـانوایە ئەمەریکـا لە ڕاسـتیدا (دژە شۆڕشـێک) بـوو. بـۆچی نمـوونە لەو مێژوونووسانە دێنمەوە؟ بەپێی نووسینی ئەوان ئەگەر لە شـۆڕش لە ڕوانـگەی هـاوڵاتییە ڕەسـەنەکان و ڕەشپێسـتەکان بـڕوانین دۆخـی ئەوان دوای شۆڕشـەکە خراپتر بوو. دیارە کە دۆخی کۆمەڵایەتیی سپیپێستەکان

باشـــتر بـــوو. بەڵام دووبـــارەی دەکەمەوە: زۆرێـــک لە مێژوونووسە ئەمەریکاییەکان هەن کە شۆڕشی ئەمەریکا بە بزاڤێکی دژە شۆڕش ناودەبەن. بۆچوونی مارکس لەم بارەیەوە تاکلایەنەیە. لەوانەیە لەبارەی دۆخی ئەمەریکاوە لە ماوەی شۆڕشدا زۆر زانیاری نەبووبێت. بەدڵنیاییەوە بە باشـی ئاگـاداری شـەڕی نـاوخۆ بـووە، بەڵام لەوانەیە مارکسی لاو ئاشنایەتیی لەگەڵ مێژووی دێرینی ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبووبێت.

نمـوونەیەکی تـر لەبـارەی تـاکلایەنی مارکسـی لاو، دەتوانرێـت لە نـامەی (لە بـابی بابسـتی جـولەکە)ەوە ببینرێت. مارکس لەم دەقەدا باسی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکـات، کە تێیـدا (ئـازادیی سیاسـی گەیشـتووەتە قۆنـاغی دەرکەوتن) لە بەرامبەر فەڕەنسا. بە بۆچوونی مارکس لە فەڕەنسا لە دابەشکردنی سەرمایە و هەل، جۆرە پاکتاوێک بەرچاو دەکەوێت. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو پاکتاوە لەنـاوچووە و بە نزیکەیـی بـوونی دەرەکی نییە. بەڵام لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەو کـاتەدا کـۆیلایەتی هەبـوو. بـۆچی دەبێت بڵێین ویـلایەتە یەکگرتووەکـان لە قۆنـاغی کۆیلایەتیـدا (ئـازادی سیاســی گەنیانــدووەتە قۆنــاغی دەرکەوتن)؟

***لەسـەر بنەمـای پێناسـەکەی تۆ (ڕادیکـالیزم) هەمـان لیبڕالیزمە، بێ دوورخستنەوە و کردنە دەرەوەی کەسێک. ئەگەر بڕیاربووایە لە ڕێکخستنی (فەزای پیرۆز) و (فەزای نـاپیرۆز) ڕزگارمـان بـووایە لە کۆتاییـدا بە لیبڕالیـزم**

**دەگەیشتین. تا ئەو شوێنەی ڕادیکالیزم بانگەشەی نەهێشتنی سەرجەم جیاوازییەکان دەکات لەنێوان ئەوانەی لە ناوەوە و دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئازادین، بەم شێوەیە ڕاکێشانی هەمووان بۆ ناو (فەزای پیرۆز)ی ئازادی، ئایا ناتوانرێت تا ڕێژەیەک ئەوە بە لیبڕالیزمی گەردوونیی (universal) ناوببرێت؟**

–ناتوانرێت بە گەردوونی ناوببرێت. بۆ نموونە شەڕەکانی داگیرکاری بۆ ئەوە بوو کە دۆخی خاوەنە سپیپێستەکانی کۆیلەکان گەردوونیی بێت. بانگەشەی کۆلۆنیالیزم ئەم گەردوونییە بوو. گشتاندنی بازنەی گەردوونیی مافە نێودەوڵەتییەکان بۆ گروپە لەناوچوو و دەرکراوەکان، نەک دەرەنجامی لیبڕالیزم، بەڵکو لە ئەنجامی هێزەکانی دەرەوەی لیبڕالیزم بوو. بەڵام ئەم هێزانە لە هەندێک بابەتدا ئیلهامیان لە ژمارەیەک ڕاگەیەنراو وەردەگرت، بۆ نموونە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ.

لە باسی میراتی بەجێماوی لیبڕالیزم من هەرگیز نەموتووە لیبڕالیزم هیچ شتێکی نییە، کە پەندی لێوەرگرین. دوو چەمکی سەرەتای میراتی لیبڕالیزم بریتین لە: یەکەم و و لەوانەیە گرنگترین خاڵ جیاکاریی لیبڕالیزم بێت لە نێوان (فەزای پیرۆز) و (فەزای ناپیرۆز) کە پێشتر باسم کردن. بەڵام لیبڕالیزم ئەو چاکە مێژوویی و تیۆرییەی هەیە کە بیری لە سنوردارکردنی دەسەڵاتی ناو جڤاتێکی دیاریکراو کردووەتەوە. ڕاستە کە دیاریکردنی دەسەڵات تەنیا لەبارەی جڤاتی تاکە

ئازادەکـــانەوە جێبەجێکـــدەکرێت، بەڵام هێشـــتا گرنگیـــی مێژوویـــی زۆری هەیە. لەو لایەنەوە مـــن لیبڕالیـــزم لە بەرامبەر مارکسزیم دادەنێم و لە بەرژەوەندیی لیبڕالیزم حکوم دەدەم. تـا ئێسـتا بە تونـدی ڕەخـنەم لە لیبڕالیـزم گرتـــووە، بەڵام لێـــرەدا جەختـــی زیـــاتر لەســـەر لایەنە باشـــەکانی لیبڕالیـــزم بە بەراورد لەگەڵ مارکســـیزم دەکەمەوە.

مارکســیزم زیــاتر جەختــی لە نەهێشــتنی دەســەڵات کردووەتەوە، نەک سنوردارکردنی، بۆ نموونە باسەکانی وەک نەهێشـــــــتنی دەوڵەت و هاوشـــــــێوەکانی. ئەمە بۆچـــوونێکی مەســـیحییە، کە ڕۆڵێکـــی زۆر نەرێنیـــی لە مێژووی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدا گێڕاوە. ئەگەر گومان بکەیـن کە دەســەڵات تەنیـا لەناودەچێـت، پێویسـتمان بە سـنوردارکردنی نابێـت. ئەم بۆچـوونە لە وڵاتـانی وەک یەکێتیـــی ســـۆڤێتی جـــاران دەرەنجـــامی مەترســـیداری لێکەوتووەتەوە.

***کەواتە تۆ پێتوایە تیۆرسینی مێژووی مارکسیزم بۆ باسـەکانی (هەڵوەشـاندنەوەی) دەوڵەت یـان (نەهێشـتنی) دامودەزگاکـانی دەوڵەت، وەک لینـین لەژێـر کـاریگەریی ئەنگلسدا باسی کردووە، هەڵەیە؟**

-بەڵێ بە تەواوی هەڵە بوو.

***کەواتە ئایـا گومـان دەکەیـت هەرگیـز ناتوانێت بـێ پەنـابردنە بەر جۆرێـک بـوونی دەرەکیـی شـتێکی وەک دەوڵەت، بە شێوەیەکی سەربەخۆ خۆی بەڕێوەببات؟ ئایا پێویستە هەمیشە دەوڵەت هەبێت؟**

ئەوە پەسەند ناکەم کە کۆمەڵگە بێ یاسا و ڕێنمایی بتوانێت بوونی هەبێت و بەردەوام بێت. پێویستە شتێک گەرەنتیی پابەندبوون بە یاساوە بکات و لەم بارەدا (نەهێشتنی) دەوڵەت بە واتای نەمانی یاسا و دەسەڵاتی یاسا دێت. گرامشی دەیوت، کۆمەڵگەی مەدەنیش دەتوانێت فۆڕمێک لە بەکارهێنانی دەسەڵات و هێز بێت. ئەگەر لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕوانین، ستەمکارانە ترین فۆڕمەکانی دەسەڵات لە قاڵبی دەسەڵاتی دەوڵەتدا نەبووە، بەڵکو لە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هاتوون. ئەو کۆچبەرانەی بۆ ڕۆژئاوای ئەمەریکا کۆچیان کردووە و نیشتەجێبوون، بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و سەربەخۆ لە دەوڵەت دەستیان بە پاکتاو و دوورخستنەوە و دەرکردن و لەناوبردنی دانیشتوان دەکرد. هەندێکجار دەوڵەتی فیدراڵ هەوڵیدەدا ئەگەر بە شێوەیەکی کەم و لاوەکیش بێت سنورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت. ئەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرچاوەی دەرکەوتنی ئازادی بزانین، وتەیەکی پووچە و هیچ پەیوەندییەکی بە مارکسیزمەوە نییە.

خودی مارکس باس لە ستەمکاریی ناو کارگەی سەرمایەداری کردووە، کە نەک دەوڵەت، بەڵکو کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوە دەسەپێنێت. مارکس پێشنیاری کردووە دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ستەمکارییە دەست لە بواری تایبەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی وەربدات. ئەو بەرگریکاری دەستوەردانی دەوڵەت بوو لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ئەوەی ئەم فۆڕمە لە دەسەڵات سنوردار یان هەڵبوەشێنێتەوە بۆ ئەوەی بە یارمەتی یاسا کاتژمێرەکانی کار و دۆخی کارکردن لە کارگەکان سنوردار بکات.

***دێڕێکـــی بەناوبـــانگی مـــارکس هەیە، کە تێیـــدا سـەرمایەداری پیشەسـازی بەم جـۆرە پێناسـە دەکـات: "ئانارشـی لە بەرهەمهێنانـدا، سـتەمکار لە کـارگەدا". بە واتـایەکی تـر "بەرهەمهێنـانی نـاڕێکخراو لەبەر بەرهەم، لەپـاڵ ئەم جـۆرە لە ڕێکخسـتنی سـەربازیی کـاری پیشەسـازی." بەڵام کاتێک مـارکس دەوڵەتـی مۆدێرن بە هەڵقوڵاوی دەسەڵاتی چینایەتی دادەنێت، واتـا دەسـەڵاتی چینـی دەسـەڵاتدار بەسـەر کـۆمەڵگە، بە بۆچـوونی تـۆ دەکرێت کۆمەڵگە بێ چین بکرێت؟ چونکە ئەگەر دەوڵەت تەنیـا لەو ڕووەوە بـوونی هەیە کە دەسـەڵاتی چینـایەتی بسەپێنێت، دیار نییە بۆچی کۆمەڵگەی بێ چین پێویستە دەوڵەتی هەبێت؟**

مـارکس لەلایەکەوە ئەوە دەڵێت کە تـۆ ئامـاژەت پێیـدا. مـارکس و ئەنگلـس هەردووکیـان لە چەنـد بەرهەمێکـدا دەڵـێن دەوڵەت هەڵقـوڵاوی دەسـەڵاتی چینـێکە بەسـەر چینەکانی ترەوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە باس لە کارایییەکی تری دەوڵەت دەکەن و دەنوسن، کـاری دەوڵەت گەرەنتیی دڵنیایی لەنێوان تاکەکانی چینی دەسەڵاتدارە، لەنێوان تـاکە بۆرژواکانـدا. مـن تێنـاگەم بـۆچی ئەم کـارەی دووەمـی دەوڵەت نەمـاوە. ئەگەر مرۆڤـایەتی یەکگرتـووە، لێرەشـدا پێویستە یەکسانی لە نێوان تاکەکانی مرۆڤایەتی یەکگرتوو بێت.

ئەو کـاتە ئـێمە نابێـت تێزەکـانی مـارکس و ئەنگلـس بە شێوەیەکی سادە بخوێنینەوە. ئەوان هەندێک جـار بـاس لە (نەهێشتنی) دەوڵەت دەکەن و هەندێک جاری تریش باسی

(هەڵوەشاندنەوەی) دەوڵەتی ئێستا بەو فۆڕمە سیاسییەی هەیە، دەکەن. ڕێکخستنی یەکەم زۆر جیاوازە لە ڕێکخستنی دووەم. بەڵام لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، تەنیا پێناسەی یەکەم دەبینین، سادەترین پێناسە: (هەڵوەشاندنەوەی) دەوڵەت. لە کاتێکدا کە ڕێکخستنی دووەم زۆر وردتترە: (هەڵوەشاندنەوەی) دەوڵەت لە قاڵبی فۆڕمە سیاسییەکەی ئێستایدا.

## - میراتی دووەمی لیبڕالیزم چییە؟

میراتی گەورەی لیبڕالیزم تێگەیشتنیەتی لە باشییەکی کێبڕکێ. لێرەدا مەبەستم بازاڕە کە لە کتێبەکەمدا وەک لایەنێکی ئەرێنی باسم کردووە. تا ماوەیەکی درێژ بازاڕ ئاماژەیەک بوو بۆ کۆیلایەتی. کۆیلەکان لە بازاردا کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد. بازاڕ فۆڕمی زۆر جیاواز لەخۆدەگرێت. بابەتەکە ئەوە نییە کە بازاڕ واقیعییەتێکی حاشاهەڵنەگر نییە. ناتوانرێت کۆمەڵگەی پۆست سەرمایەداری بێ جۆرێک لە کێبڕکێ وێنا بکرێت، بەلایەنی کەمەوە تا ئایندەیەکی دوور. ئەمە میراتێکی گرنگی ترە، کە پێویستە لە لیبراڵیزمەوە وانەی لێفێربین.

# (یانزە)

# حەسوودی لە سەردەمی نیۆلیبڕالیزمدا

## گەڕانەوە بۆ چەمکەکانی ڤێبلن

ماری ڕین

ئەزموونی هەستکردن بە حەسوودی[150] مەسەلەیەکی گەردوونیی زەمەنبڕ و کولتووربڕە. حەسوودی لە کۆمەڵگە پێش سەرمایەدارییەکاندا خزمەتی بە کۆمەڵێک نیاز و مەبەستی پەرەسەندخوازانە کردووە. هەستەکانی حەسوودی وەک سیستەمی هۆشیاریدانی ناوەکیی بۆ بەئاگاهێنانەوەی تاکەکەس لە مەسەلە سەختەکانی پەیوەست بە مانەوەی خۆی، خزمەتی کردووە. لەو کۆمەڵگایانەدا، حەسوودی وەک ئاگادارکردنەوەیەک کاری کردووە کە تاکەکەسی لەوە ئاگادارکردۆتەوە هەڵسوکەوت و کارڕاپەڕاندنەکەی، بەراورد بە کێبەرکێکارەکانی، گونجاو نەبووە. ئەم مەبەستە سەرەتاییانەی حەسوودی چڕبۆتەوە لە دەورەی بەدەستهێنانی پێویستییە ماتریاڵییەکانی ژیان، دابینکردنی هاوبەش بۆ هاوسەرگیری، لەبارەی تەندروستییەوە و بەتایبەتیش پێویستی نەسل و وەچەخستنەوە (Foster 1972). هەڵبژاردنی سروشتی بە ئاراستەی گونجاندنی حەسوودی کاری کردووە، چونکە هانی هەوڵی زیاتر دەدات بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە پێویستییەکانی مانەوە و زۆربوون. جا کاتێک ئامرازەکانی مانەوە دابین

[150] کاتیگۆریی زۆرهەن لەبارەی کێشانی سنووری نێوالن هەستکردن بە حەسوودی و هەستکردن بە ئیرەیی (غیرە). جا لەبری ئەوەی بچینە نێو ئەو جیاوازییانەوە کە بێگومان ئەم دوو هەستە لە یەکتری جودا دەکەنەوە، تەرکیز دەخەمە سەر حەسوودی کاتێک ئەزموونی عاتیفیی حەسوود نەبوونی ئەو شتەیە کە دەیەوێت، ئیرەییش کاتێک دەبێتە ئەزموونێکی عاتیفی ئەوا هەستی ترسانە لە لەدەستدانی شتێک کە هەر لە پێشترەوە کەسەکە هەیەتی.

دەبن، بۆ نموونە، کەمکردنەوەی مردنی منداڵان، ئەوا پاڵنەرێتی حەسوودی پەرەدەستێنێت و مەبەستی نوێ بۆ ئوبێکتەکەی دێتە کایەوە (Hill and Buss 2008).

**کورتەیەك دەربارەی پەرەسەندنی حەسوودی**

لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەکاندا بۆ کشتوکاڵ و جێگیربوون، دواتر زێدەیەکی ئابووریی گەشەی سەند، ئیدی کۆمەڵگە دەیتوانی پاڵپشتیی دامەزراندنی تایبەتکردنی ئەو کارانە بکات کە پەیوەست نەبوون بە بەرهەمهێنانی خۆراکەوە. ستانلی دایمۆند (Stanley Diamond 1974) مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئامادەیی جیناتی (بۆماوەیی) بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی ڕزق و بەرهەمهێنانی ڕزقوڕۆزی لە شێوەی خۆراکدا، بووە مایەی هەستکردن بە نەمانی ئاساییشی دەروونی لای ئەوانەی کە تایبەتمەندبوون لە کاری بەرهەمهێنانی نا-خۆراکیدا، چونکە چیتر ئەوان بەشدار نەبوون لە بەرهەمهێنانی ئەو پێداویستییە سەرەکییانەدا. ئەم هەستکردن بە نا-ئارامییە و، ئەم قۆناغە لە پەرەسەندنی حەسوودی، بووە ئەنگێزەی ئەم تایبەتمەند و شارەزایانەی کارەکانی تر، تاوەکو هەوڵ بدەن زێدەی بەرهەمهێنان لە دەستی خۆیاندا ڕابگرن. ئەمە ئەو بنچینەیەی دانا کە تۆرستاین ڤێبلن (Thorstein Veblen) (2007, 19) ناوی لێناوە "کولتووری ڕاوکەر".

کاری ئەنترۆپۆلۆژیستەکان، ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەکانیان تەرکیز دەخەنە سەر ئابوورییە پێش-

ســـــەرمایەدارییەکان[151]، ئەوە دەردەخەن لە هەمـــوو ئەو شـوێنانەی وا پێکهێنـانی دامەزراوەییـانە زیـاتر جەختـی لەسەر پێداویستییە بە کۆمەڵەکان وەک گشتێک کردبێتەوە نەک لەســەر پێداویســتییە تاکەکەســییە تایبەتییەکـان، ئەوا پـــاڵنەری حەســـوودی کەمتـــر بـــۆتەوە، هەڵـــبەت لەپـــاڵ ئەمەیشـــــەوە میکـــانیزە کولتوورییەکـــان و ســـــزاکان و بەرپەرچی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم پاڵنەرە هەبوون (Stanfield 1982). کۆمەڵگە پێش سـەرمایەدارییەکان، هاوبەشبوون لە پشـتیوانیکردنی تێچوونە ڕیتواڵییەکـان لەپێنـاو ڕازیکردنـی جووتیارەکان و سـەرکوتکردنی حەسوودیدا، بە خـاتری هێشتنەوەی دۆخی باو (Foster 1972). لەگەڵ پەرەسـەندنی حەسـوودیدا، دامەزراوە کولتوورییەکـان، وەک لە بەرهەمە هـونەری و ئەدەبییەکانـدا ڕوون دەبێـتەوە، پەرەیـان سـەند تـــاوەکو پـــاڵنەری حەســـوودی کەم بـــکەنەوە، ئەویـــش لە ڕێــگەی بەرپەرچـــی کـــۆمەڵایەتییەوە بە ڕووی ڕەفتـــاری حەســـــوودانەدا، تـــــاوەکو مـــــرۆڤەکەی خـــــۆی لە چـــاوی حەســــــوودەکان بەدوور بگرێـــــت. کولتـــــوورە پـــــێش مەســـــیحییەکان دیاردەکـــانی حەســـــوودییان بەرجەســـــتە کردۆتەوە، بۆ نموونە ئینڤیدا (Invidia)ی خـواژنی ڕۆمـانی و نەمیســـیس (Nemesis)ـــی خـــودای تۆڵەســـــەندنەوە لای گریک (Kaster 2005). پەیمانی کۆنیش پڕیەتی لە حیکـایەتە ئاگادارکەرەوەکـــان لە خـــراپەی حەســـوودی. لە ســـیفری

---

[151] بە تایبەتی بڕوانە لە:
Marshall Sahlins (1972), Elizabeth M. Thomas (1959), H. Ian. Hogbin (1951),Raymond Firth (1963).

یەکەمی تەوراتدا دوو حیکایەت هەن: چیرۆکی هابیل و قابیل، چیرۆکی یوسف و براکانی. هەردوو چیرۆکەکە ئاگادارکردنەوەن لە سەرەنجامەکانی کێبەرکێی نێوان براکان کە حەسوودی بۆتە پاڵنەری کارەکەیان (Schimmel 2008). هێشتایش چاوەزارەکانی پێش سەردەمی مەسیحییەت، وەکو مورووی و لەپی دەست کە بڕوا وابووە پارێزەرن لە چاوی حەسوود، هەتا ئەمڕۆیش بەکاردەهێنرێن (Levy and Zuhwalt). لەبەرئەوە ڕیشەی مێژوویی حەسوودی زۆر کۆنە و کولتووربڕە.

ڕواڵەتەکانی حەسوودی، کە لای بەرهەمهێنەرانی بوارە نا-خۆراکییەکان لە نەمانی ئارامیدا بەرجەستەبۆتەوە، لە ئابوورییە پیشەسازییە سەرمایەدارییەکاندا چڕتر بۆتەوە؛ چونکە دابەشکردنی کار چیتر دەستەبەری هیچ خۆ-بەسییەکی بۆ بەشداربووانی ئابوورییەکە نەدەکرد. کەڵەکەکردنی سەرمایە بووە هێزی بزوێنەر، لەبەرئەوەی کەڵەکەکردنی سامان و سەرچاوەکان ئەو دوو بنچینەیە بوون کە دەستەبەری ئیمکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئاستی بژێویی تاکەکەسیان دەکرد. بەلام لە هەموو دۆخێکدا، ئەم پاڵنەرەی کەڵەکەکردن سروشتی نەبوو، یان غەریزەیەکی نەگۆڕی مرۆیی نەبوو، هەڵبەت لە DNAی مرۆییشدا نەبوو. بۆ ئەوەی بزانین کە پاڵنەری کەڵەکەکردن بەرهەمی ڕۆنانێکی کولتوورییە و لەلایەن هێزە سەرمایەدارییەکانەوە تەوژمی پیدەدرێت، ئەوەندە بەسە مرۆڤ لە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە ڕاوکەرییە بەراییەکان وردبێتەوە. ئەم کۆمەڵگایانە لە نوقسانی و

دەستکورتیدا بوون، لە دۆخی گەرمیان و کوێسان و کۆچەرێتیدا بوون، لەبەرئەوە هاندەری کەڵەکەکردن نەبوون چونکە ئەمە دەبووە کۆسپ لە بەردەم هاتنوچوونیاندا. لەبەرئەوە، تاڵانی ئابوورییە سەرمایەدارییەکان بەهۆی گەورەبوون و ئاوسانی کەڵکەڵە خۆرسکە مرۆییەکانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی هاندانی چالاکانەی کولتووریی هەندێ شێوازی دیاریکراوی ڕەفتارەوەیە (Stanfield 1982).

پەیوەستەگیی نێوان حەسوودی و پاڵنەرێتی کەڵەکەکردن لە میانەی "تیۆری چینی خۆشگوزەران" (Theory of the Leisure Class)ـەوە ڕوون کراوەتەوە، لەوێدا ڤیبلن (2007) ڕۆشنایی دەخاتە سەر سروشت و گەشەسەندنی "لاسایی کێبەرکێکاری" و "جیاکاریی ئەنگێزەی حەسوودی"، هەم وەک بەرهەمهێنەرێکی لاوەکی و هەم وەک هێزێکی پاڵنەر، بۆ خراپە بەکاربەرییەکەی لە ئابوورییە سەرمایەدارییەکاندا. کاڵای ماتریاڵی لە ئابوورییە پیشەسازییەکاندا (و پۆست-پیشەسازییەکاندا)، بووە ئامراز و نواندنەوەی ڕەمزییانەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی (Foster 1972). ئەم ڕۆچوونە لە کەڵەکەکردنی ماتریاڵیدا، کە جەوهەری کاری سەرمایەدارییە، وای لە ڤێبلن کرد لە سایەی سەرمایەدارییدا شیکاریی پاڵنەرێتی حەسوودی بکات، چ بۆ حەسوودی بەرامبەر ئەوانیتر وەکو لە "لاساییکردنەوەی کێبەرکێکاری"دا هەبوو، چ بۆ ئەو کەسەی کە حەسوودیی لێدەکرا، وەکو ئەوەی لە

"جیاکـاریی پـاڵنەری حەسوودی"ــدا وەسـف کـراوە. بە هەرحـاڵ، شـیکاریی ڤێبلن، تەنیـا گوزارشـتی نیازپاکـانەی حەسـوودیی کەشـف دەکـات، وەکـو لە خـوارەوە ڕوون کـراوەتەوە، بەڵام ئەوە حەسـوودیی بەدنیـازانە سروشـتی ئەم قۆنـاغەی دوایینـی سـەرمایەداری، واتە نیـۆلیبڕالیزم، دەردەخات.

## سروشتی حەسوودی

کەلەپـوورێکی درێژ و دێرینـی لێکجیـاکردنەوەی نێـوان دوو جـــۆرە حەســـوودی لە کایەکـــانی دەروونناســـی کـــۆمەڵایەتی و فەلســـەفەدا هەیە، واتە حەســـوودیی نیازپاکانە و حەسـوویی بەدنیـازانە. جیاکـاریی کولتـووریی ئەم دوو ئەزموونە و گوزارشت لێکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمە کۆنەکـان؛ پەرەسـەندنی هەنـدێ لە زمانەکـان بەڵــگەیە لەســـەر ئەمە، کە دوو گوزارشـــتی جیاوازیـــان هەبووە دەربارەی حەسوودیی نیـان و حەسـوودی پۆخڵ. بـۆ نمـوونە گوزارشـتکردن لە حەسـوودیی نیازپاکـانە و حەسوودیی بەدنیازانە لە زمانەکانی هۆڵەندی و پۆڵەندی و تایلەندیـــــدا لەم جـــــۆرەن "nenijden" و "afgunst" لە هۆڵەندیــــدا، "Zazdrosc" و "Zawisc" لە پۆڵەندیــــدا و، "it-chaea" و "rit-yaa" لە تایلەندیدا. (van de Ven, Zeelenberg and Pieters, 2009, 420).

حەسـوودیی نیازپاکـانە لە فۆڕمەکـانی حەسـوودیدا، فـۆڕمێکی کەمێـک لاوازتـرە؛ گوزارشـتێکی نەرێنیـیە لە عـــاتیفەی سەرســـوڕمان. خـــاڵییە لە دوژمنـــایەتی و

سروشـــتێکی دابـــڕاوی لە بەدنیـــازیی هەیە. دەتـــوانین حەسـوودی نیازپاکـانە وەک سـتاییش و ئـافەرینکردن لە حەسـوودیپێبراو، یـان وەک نرخانـدنی سـەرکەوتنەکەی، لە چێوە بگـرین ( Miceli and Castelfranci 2007; Smith and Kim 2007). لەم نوسـخە "خـاوێنکراوە"ی حەسـوودیدا، دەتـوانین حەسـوودی وەک هێـزی هانـدەر دابنێـین، کە ئەنگێـزەی لاسـایی کێبەرکێکـاری لەسـەر ئاسـتی تـاک و گەشەسـەندنی ئـابووریی لەسـەر ئاسـتی گشـتگیری کۆمەڵگەدا دەجوڵێنێت ( Smith and Kim 2007, 47; van de Ven 2014). ئەمە واتـای ئەوە نییە حەسوودیی نیازپاکـانە شتێکی ئازاردەرە، بەڵکو شوێنەواری ئازاردەری هەوڵدان بـۆ "پـێ بە پـێ ڕۆیشـتنی ئەوانـی دیـکە" نابێـت فەرامـۆش بکرێت. تیۆرەکەی ڤێبلن دەبارەی چینـی خۆشـگوزەران، بە دوورودرێـــژی لێکـــۆڵینەوە لە لایەنە زیـــانبەخش و موسریفەکانی حەسوودیی نیازپاکانە دەکات.

لایەنـی هەرە تـاریکی حەسـوودی وا لە حەسـوودیی بەدنیـازانەدا، چـونکە کەسـی حەسـوود تەنیـا چـاوی لەوە نەبڕیـووە بگـاتە هەمـان ئاسـتی حەسـوودیپێبراو، بەڵکـو دەیەوێت بێ ڕۆزی و بێ بەهرەمەندی بکات و دایبەزێنێتە ئاستی خۆیەوە (یان بگرە بۆ ئاستێکی کەمتر لە خۆی). حەسـوودیی بەدنیـازانە زیـاتر پەیوەسـتە بە عاتیفەکـانی خراپکـارییەوە و، ڕەگەزێکـی دوژمنکـارانەی بەرامـبەر حەسـوودیپێبراو تێـدایە، تەنـانەت کاتێـک حەسـوودیپێبراو هـیچ ڕەفتـارێکی بەرامـبەر حەسـوود نەکـردووە. لە حەسوودی بەدنیازانەدا، حەسوود خۆی بەرز ناکاتەوە بۆ

ئاستی حەسوودیپێبراو، ئەمەیش لای خۆیەوە هەست و شعوری خۆ-بەکەمزانین و بێتوانایی لە سەرکەوتن بەسەر ئەو تێڕاوانە خۆبەمەکزانەدا دەجوولێنێت. بۆیە هەستی دوژمنکارانە بەرامبەرر حەسوودیپێبراو دەگۆڕێت بە نیاز و کردەوەی خراپ، تەنانەت ئەگەر هیچ کاردانەوەیەک بە ڕووی حەسوودیشدا نەنوێنرێت. لەبەرئەوە، حەسوودیی بەدنیازانە هەستێکی ستراتیژی یان ئاراستەکراو بەرەو ئامانجێک نییە، بەڵکو تاکە مەبەست لەم حەسوودییە بریتییە لە خاڵیکردنەوەی هەستە خۆبەکەمزانەکان لای حەسوود ( Miceli and Castelfranci 2007).

دیاریکردنی جۆری ئەزموونی حەسوودی کە داخۆ حەسوودییەکی نیازپاکانە یان بەدنیازانەیە، بەندە بە چەند فاکتەرەیکی ڕۆژانەوە کە کاریگەریی لەسەر دۆخی دەروونی حەسوود دادەنێن؛ وەکو میزاجی گشتی، یان حەسوود ئەوە کەشف بکات کە چۆن حەسوودیپێبراو لە خاوەنداریێتی و ئەنجامدانی مەبەست یان ئوبێکتی حەسوودییەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. بەهەمان شێوە، ئەزموونی هەنووکەیی حەسوود شێوازی چارەسەرکردنی ئەو کەشفە پێکدەهێنێت. ئەو کەسانەی کە بەم دواییانە بەدەست شکست یان بەزین و ڕووخانەوە دەناڵێنن، زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە هەڵسوکەوتی نەرێنی بکەن، خۆ ئەگەر بارودۆخیان وانەبووە دەشیا بە جۆرێکی تر هەڵسوکەوتیان بکردایە. بیرکەوتنەوەی شکست و

کەموکوڕییەکانی دیکە دەکرێت ئەو میزانە نەرێنییە گەورەتر بکات کە هەر پێشتر هەیە (Alicke and Zell).

جا لەبەرئەوەی حەسوودی بە پێچەوانەی ئاراستەکانی عورفی کۆمەڵایەتییەوە دەڕوات، لەبەرئەوەی داننان بە حەسوودیدا زۆرجار واتای داننانە بە ئاستنزمی یان بە نوقسانییەکدا، ئەوا عادەتەن کەسەکە نکوڵی لە هەستە حەسوودییەکان دەکات. حەسوودی بەرامبەر کەسێک، هەر لەبەرئەوەی بە سادەیی شتێکی هەیە کە حەسوود نییەتی و لەبری ئەوەی شتێکی خراپی بەرامبەر بکات، واتای ئەوەیە حەسوود هەستە نەرێتییەکانی خۆی بەرامبەر کەسێک دەشارێتەوە کە هیچ کردارێکی بەرامبەر نەکردووە، تەنانەت ڕەگە بەرامبەر کەسێک کە هیچ پەیوەندییەک پێیەوە نابەستێتەوە. ئەم چەپاندنەی نیازە خراپەکان زیانی زیاتر بە خۆ هەڵسەنگاندن لای حەسوود دەگەیەنێت کە هەر لە بنچینەدا خودێکی هەژاو و شپرزەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕیشە و ئەسڵە لاوازەکانی (Smith 2013).

ئەو کەسانەی وا ناتوانن مامەڵە لەگەڵ نەنگیی شکست یان نسکۆدا بکەن، دەشێت لە پاساودانەوەدا بەدوای پەناگەیەکدا بۆ خۆیان بگەڕێن. بە تایبەتیش لە میانەی وزەپێدان بە بۆچوونەکانیان دەربارەی ئیمتیازاتەکان وەک شتێک کە کۆنترۆڵەکەی لە دەرەوەیە؛ حەسوود دەتوانێت بە جۆرێکی وەها تەفسیری نوقسانیی خۆی و دەستکەوتەکانی حەسوودپێبراو بکات کە لۆژیکییانە لەگەڵ چوارچێوە مەرجەعییەکەی خۆیدا بگونجێت. ئەم

پاساودانەوە لۆژیکییە تووڕەیی و دوژمنکاری بەرامبەر تایبەتمەندییە وێناکراوەکەی حەسوویپێبراو و ستەمەکەی نێوی دەوروژێنێت. دەشێت پاساودانەوەی لۆژیکی لە چەند تەفسیرێک پێکهاتبێت، یان لە ئاویتەیەکی تەفسیرەکانەوە سەبارەت بە هۆکاری سەرکەوتنی حەسوودیپێبراو، وەکو ئەوەی: ئەمە بدرێتە پاڵ ئەو تایبەتمەندییانەی لە پێش سەرکەوتنەوە هەبوون، یان سەرکەوتنی حەسوودیپێبراو لە ڕێگەی کاسپی و ئامرازە نا-شەرعییەکانەوە، یان لە ڕێگەی تەڵەکەبازیەوە، یان بەهۆی ئیمتیازاتە بەدەستنەخراوەکانەوە [بەڵکو بەهۆی ئەو ئیمتیازاتانەوە کە بە ناقابیل پێیدراوە] بۆ نموونە بە حوکمی لەدایکبوون یان فۆڕمی جەستەیی. هەوڵەکانی لەنێوبردن یان شێواندنی سەنگ و سومعەی حەسوودیپێبراو، وزە بە هەستکردن بە ستەمی نوقسانیی ڕێژەیی لای حەسوود دەدات. لەگەڵ کەڵەکەبوونی پاساوەکان و، ئیعازی بەرپرسیارێتی لەبەر هۆکاری دەرەکی و، بەکەسیکردنی هێرشکردنەکان، هەستکردن بە ستەم بەهێز و فراوان دەکەن و، بە بەردەوامی بازنەیەکی خودی لە حەسوودی بەدنیازانە دەخوڵقێنن. ئەو کاتە دەشێت حەسوودی بەدنیازانە بگۆڕێت و ببێتە دوژمنایەتییەکەی ڕوون و ڕاشکاو و، بە وزەیەکی تەواویشەوە بگۆڕێت بۆ ئەزێتدان (Miceli and Castelfranci 2007: Sundie et al. 2009).

ئەزێتدان (Schadenfreude) [یان خۆتیمارکردن] وشەیەکی ئەڵمانییە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بە حەرفیی

واته: (Schaden) "ئـازاردان" و (Freude) "خۆشـحاڵی" [یـان شـادومانی]؛ ئەمە ئەو دڵخۆشـییە وەسـف دەکـات کە کەسێک هەستی پێدەکات کاتێک موسیبەت و بەڵای سـەر ئەوانیتر دەبینێت. ئەزێتدان لقێکە لە لقەکانی حەسوودیی بەدنیـازانە، ئەگەرچـی حەسـوودی پێویسـتە بـۆ ئەزێتـدان بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە ( Smith 2013; van Dijk et al, 2005). فـاکتەری پێش ئەزێتدان حەسـوودیی بەدنیـازانەیە، ئەمەش بەهۆی هەستکردن بەو ستەمەوە بەهێزتـر دەبێت کە بەرەنجامی وێناکردنی ئیمتیـازاتە نـا-دادپەروەرانەکـانی حەسوودیپێبراوە و، کینەی سـەرەتایی و پەستیی زیاتریش وزەی پێدەدەن (Sundie et la. 2009).

ڕواڵەتێکـی چـالاکتر لە دیاردەکـانی حەسـوودیی بەدنیـازانە بـریتییە لە خـاپوورکردن؛ کـردە خاپوورگەرییەکـان، کە حەسـوودیی بەدنیـازانە پـاڵنەریەتی بەرەو ئەو شـوێنە دەڕۆن کە بە شـاراوەیی تێیـدا دەردەکەون، وەکو ویستێک بۆ گۆڕینەوەی ئەو هەوڵانەی کە هاوکـار ئەنجامیـان دەدات، یـان بڵاوکـردنەوەی پڕوپاگەنـدە دەربـارەی کێبەرکێکـاری کۆمەڵایەتی ( Chen 2003). ئەم "ڕەفتـاری ئـاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی"ـیە ئامـانجی کەمکـردنەوەی سـەنگ و سـومعەی حەسـوویپێبراو و شـێواندنی پەیوەنـدییەکانییەتی، ئەمەیـش دەبێـتە مـایەی بەرەولێژبـوونەوەی توانـاکەی لە ڕووی کـۆمەڵایەتییەوە، یان لە کاردا یـان هەردووکیـان پێکەوە ( Duffy, Shaw and Dchaubroeck 2008, 177).

**نیۆلیبڕالیزم و حەسوودی**

نیۆلیبڕالیزم بەرجەستەکردنەوەی گۆڕانی ئایدیۆلۆژییە لە سروشتی دەوڵەتدا لەو دەوڵەتەوە کە بەرپرسیارێتییەکەی خستنەگەڕ و پاراستنی تەواوی هاوونیشتمانەکانییەتی لە پێداویستییەکانی بازار، بۆ ئەو دەوڵەتەی کە بەپرسیارێتییەکەی جەختکردنەوەیە لەسەر بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و پاراستنی خودی بازاڕ (Harvey 2005). گێڕانەوەی نیولیبڕالیستی پێکدێت لە بنیاتێکی ئایدیۆلۆژیی سەنترالّ، تاکایەتی زێدەڕۆیانە، شوێنی کۆنترۆڵ و باڵادەستییش لە ممارەسەی چالاکانەی تاکەکەسدایە لە میانەی پرۆسەکانی بازاڕەوە. ئەم بینا ئایدیۆلۆژییە سادەیە تەنیا گۆڕان لە تەرکیزخستنە سەر کۆمەڵگەوە بۆ تەرکیزخستنەسەر تاکەکەس ناانوێنێتەوە، بەڵکو نکوڵی لە سروشتی جەوهەریی کۆمەڵایەتی مرۆڤاکانیش دەکات. تاکگەرایی زێدەڕۆیانە کە تەنیا دان بە کردەی تاکەکەسی و بەرپرسیارێتی تاکەکەسیدا دەنێت، پاساوی جەوهەریی نیۆلیبڕالیزمە.

میتافۆڕی بەرپرسیارێتی تاکگەرایانە فێری ئەوەمان دەکات کە ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان بێبەشکراو و چەوسێنراون، یان ئەوانەی لە سایەی سیستەمی بازاڕدا شکستیان هێناوە، هەر ئەوەیان قابیلە بە سەریان هاتووە. بە وشەی دیکە، هەژاری کێشەی هەژارەکان خۆیانە، کێشەی هەژارەکان خۆیشیانە کە هەر بەو جۆرە بمێننەوە. لە بەرامبەردا، دەوڵەمەندەکان، ئەوەیان قابیلە کە هەیانە،

بە چاوپۆشـیی لەوەی چـۆن سـامانەکانیان کـۆکردۆتەوە (Jost et al. 2003). لە سـایەی ئەفسـانەی یەکسـانی لە دەرفەتدا، هەموو تاکەکان، لە چاوپۆشی لە سـەرەتاکان و باکگراونـد و پێشـزەمیینەکان، بەرپرسـن لە سـەرکەوتن و شکسـتی خۆیـان. لە سـایەی ئەم کـۆمەڵگەیەدا کە هەمـوو تاکەکەسێک لە خۆیدا و سەربەخۆ بوونی هەیە، ئاستنزمی و هەستکردن بە خۆ-بەکەمزانین لە ڕێگەی دۆشدامان بۆ هەوڵ و نەبـوونی ئـارەزووی کـارەوە دروسـت دەبێـت. مـــاقوولە لێـــرەدا ئەوە بخەیـــنە ڕوو کە خراپکـــاری و حەسـوودیی بەدنیـازانەی زیـاتر لە سـایەی نیۆلیبڕالیزمـدا پەیـدا دەبێـت، چـونکە بەرپرسـیارێتییە تاکەکەسـییەکان پێکهێـنەری سـەرەکیین و، ڕۆشـناییش دەخـرێتە سـەر ئاسـتنزمی تـاکەکەس لەبـری ڕۆشـنایی خسـتنە سـەر شکسـتی سیسـتەمە یـان ئەو سـتەمەی کە لەم سیسـتەمە کەوتۆتەوە.

پـێگەی تـاکەکەس لە هیرارشـییەتی ماتریاڵێـدا، بە گوێرەی گێڕانەوە نیۆلیبڕالیستییەکان، ئامادەری سـەرەکییە لەسەر سەرکەوتن (Wrenn 2014). ئەمەیش واتە ئارامی و ئاساییشـی ئۆنتۆلـۆژیی تاکەکەسییانە لە ڕادە و چۆنیەتی بەشـداریی تـاکەکەس لە بـازاڕدا و ئینجـا لە ڕێـگەی سـەرکەوتنی ئەو تاکەکەسـە لە ژیانیـدا، دیـاریی دەکرێت. بەڵام بە گـوێرەی بنەمـای نیـۆلیبڕالیزم ئەو سـەرکەوتنەی کە بە ئـامراز و کەرەستە نادارایییەکـان پێـوانە دەکرێت – وەکـو ئەو کـارەی کە تێربـوون و ڕەزامەنـدیی خـودیی وەدیدێنێت و لە خۆیدا پاداشتە، یان ئەو کارەی کە پشت

به پێـوەرە نابەرجەسـتەکان دەبەسـتێت- پەیوەنـدییەکی ئەوتـۆی[بە نیـۆلیبڕالیزمەوە] نیـیە. لە نیۆلیبڕالیزمـدا، ئەو سـەرکەوتنەی کە دەسـتکەوتێکی مـادیی نەبێت، بەهـاکەی نـزم دەبێـتەوە. لێکـۆڵەران ئەوەیـان دەرخسـتووە کە حەسـوودی بە تـایبەتی لەو کۆمەڵگایـانەدا بەربـڵاوە کە نایەکسانیی تێیاندا زەق و دیارە، بە تایبەتیش کاتێک ئەم نایەکسـانییە لە هێـز و مـوڵکی "دەوڵەمەندەکان"ـدا دەردەکەوێـتەوە (Foster 1972). وا دەردەکەوێـت ئەمە ئامـاژە بەوە دەدات کەلێنـی زیـاتری نایەکسـانی، کە خاسـیەتی ئـابوورییە نیولیبڕالیسـتییەکانە –نەک تەنیـا بەرفراوانبـوون، بەڵکـو لێکـدوورکەوتنەوەی تاکەکـان لە ڕووی ئەو سیفەتانەوە کە دەچێت سەرنجیان لێ بدرێت- دەشێت تەنانەت بگاتە بێ ئومێدییەکانی زیاتر و گۆڕینی لاسـایی کێبەرکێکـاری و حەسـوودی نیازپاکـانە بـۆ حەسوودیی بەدنیازانە.

وێـڕای ئەمەیـش، ئەنترۆپۆلۆژیسـتەکان ئەوەیـان دۆزیوەتەوە کە بۆچوونەکان لەبارەی جووڵەی ئابووریی و کۆمەلایەتیشـەوە دەبێـتە مـایەی وروژانـدنی هەسـتی حەسـوودی. ئەوان گەیشـتوونەتە ئەو ئەنجـامەی کە ئەو تاکەکەسانەی لە سـایەی سیسـتەمی چینـایەتی "کاست"ـدا دەژیـن، کەمتـر ئەزمـوونی حەسـوودی ددەکەن، چـونکە سنوورەکانی نێوان چینەکان زۆر دیار و ئاشکرایە، بۆیە چەقبەستنی ئابووریی-کۆمەلایەتی جێگیری و نەزم دابین دەکـات و تەفسـیرێکی قبـوڵکراو بـۆ پـێگەی تـاکەکەس لە کۆمەڵگەدا دەدات بەدەستەوە (Foster 1972). لەگەڵ ئەوەی

"یەکە کۆمەڵایەتییە ڕووپۆشکراوەکان" لە سەرمایەداریدا بە قەد مادەپەرستیی ڕوون و ئاشکرا ئەدگارەکانی دیارە، بۆ نموونە گیتۆ شارنشینییەکان، یانە تایبەتییەکان، کۆمەڵگا نیشتەجێ بە دیوار دەورەدراو و دەروازەدارەکان (Foster 1972, 185)، ئەوا ئەو سنوورانەی کە دەشێت ببەزێنرێن و تێپەڕێنرێن هێشتایش هەر بە بەردەوامی وێنا دەکرێن. ئەو تاکەکەسانەی کە دەتوانن لە هەژاری دەربچن، ئامانجی دەستنیشانکراوی حەسوودی ئەو کەسانەن کە سووکایەتی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەم میتافۆڕەی باوەی نیۆلیبڕالیزم بۆ جووڵەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی، وێڕای چیرۆکە ناوبەناوەکانی سەرکەوتنی هەندێک لە تاکەکان، بە زۆوری دەبێتە هاندەری بەزین و ڕووخان. دەشێت حەسوودیی نیازپاکانە هەتا جارێک ببێتە سەرچاوەی ئیلهام [بۆ خۆپێگەیاندن و جووڵەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی] سەدانجار ببێتە خراپکاری و حەسوودیی بەدنیازانە.

لە کاتی پێناسەکردنی مەبەست لە ئابووروویی وەک خۆ-بەخاوەنکردن و تایبەتکردنی سەرچاوە دەگمەنەکان لەنێوان کێبەرکێکارەکاندا، ئاراستەی باو لە ئابووریدا هاندەری ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت کێشەی سەنتراڵی لە هەموو ئابوورییەکاندا بریتییە لە کێشەی کەمیی و دەگمەنیی سەرچاوەکان. بە قاڵبکردنی مەسەلەی بەخاوەنبوون و تایبەتێتی وەک هەوڵی هەموان، بەشێوەیەکی تاکەکەسی کراوە بە ئامانجی

دەستەبەرکردنی هەموو ئەو شتە پێویستییانەی کە هەرکەسە و دەیەوێت بۆ خۆی دابینیان بکات، لەبری ئەوەی پرۆسەی بڕیارێکی بەکۆمەڵ بێت بە ئامانجی گەشەسەندنی کۆمەڵگا وەک گشتێک؛ ئەمە بەشێوەیەکی زۆر وزە بە ئەنگێزی کێبەرکێکارانەی نیۆلیبڕالیزم دەدات. وێڕای ئەمەیش، ئەم دەگمەنییەی وا دروست کراوە، دەبێتە مایەی وروژاندنی حەسوودیی زیاتر. جا لەبەرئەوەی حەسوودی لە باوەڕە کێبەرکێکارییەکانەوە پەیدا دەبێت (Miceli and Castelfranci)، ئەوا لۆژیکییە لە کاتی بەهێزبوونی نیولیراڵیزم و گەشەکردنی پاڵنەری کێبەرکێدا، کە خاسیەتی نیۆلیبڕالیزم خۆیەتی، هەستەکانی حەسوودیبردن و ئیرەییش زیاتر ببن.

ڕەنگە پیشەسازیی بانگەشە ئابوورییەکان نموونەیەکی هەرە ڕوونی دروستکردنی ئەنقەستی حەسوودی بن لە سەرمایەداریدا. بۆ ئەوەی لەمە دڵنیابین، دەبێت ببینین کە سروشتی بانگەشە ئابوورییەکان و شێوازەکانی ڕیکلامکردن لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەگەر بانگەشەکان ناوەڕۆکی زیانیارییانەیان بەکارهێنابێت یان ناوەڕۆکی تایبەت بە گرووپێکی دیاریکراو، ئەوا هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت و پەیامە ئاراستە کراوەکە هەر هەمان شتە [ئەویش ئەمەیە]: بەکار شتێکی نوقسانە کە ئەوانیتر هەیانە. بانگەشە ئابوورییەکان بە بێ ماندووبوون و یەک بەدوای یەک کار لەسەر ژێی هەستەکانی حەسوودی دەکەن. بۆ

خۆشـــــبەختی، بەلای بەکـــــاربەرەوە، بانگەشـــــەکان چارەســـەرێکیش دەخەنە ڕوو، بە کڕینـــی بەرهەم یـــان خزمەتگـــوزارییەکە دەشـــێت کەســـەکە ئەم نوقســـانییە چارەسەر بکات. بەم جۆرە، بانگەشـەی بازرگـانی کێشـەی ڕێژەیـــی بێبەشـــکردن یـــان نوقســـانی دەنـــوێننەوە و، چارەسەری خاوەندارێتی لە ڕێگەی بەکاربردنەوە دەخەنە بەردەســـت، هەموویشـــی لە ڕێـــگەی میکـــانیزمی کـــاری حەسوودییەوە ( Foster 1972; van de Ven, Zeelenberg and pieters 2009).

**تێبییەکانی کۆتایی**

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کەڵکەڵە گشتییەکاننی کۆمەڵگە بەرەو بەرژەوەنـــدییە تاکەکەســـییەکان یـــان دوور لە بەرژەوەنـــدییە تاکەکەســـییەکان، بەرەو بەرژەوەنـــدییە دەســـــتەجەمعییەکان یـــــان دوور لە بەرژەوەنـــــدییە دەستەجەمعییەکان، دەبات. دەگمەنـی و کەمـی [سـەرچاوە و دەرامەتەکان] بزوێنەری گەردوونیی ڕەفتاری ئابووریی نـــین، بەڵکـــو ئەو پێکهـــاتە دامەزراوەیـــیە بـــزوێنەرە کە هەریەکە لە مەسـەلەی دەگمەنـی و کـاردانەوەی ئەنـدامانی کـــۆمەڵگە بە ڕووی ئەم دەگمەنیـــیەدا دیـــاریی دەکـــات؛ ئەمەیـــش ئەو شـــتەیە کە لە کۆتاییـــدا پەیوەنـــدییە ئابوورییەکـان و نەزمـی کـۆمەڵایەتی گشـتیتر جەختیـان لەسەر دەکاتەوە. ئەمەیش واتـای ئەوە نییە دامەزراوەکان تـاکە بـزوێنەری ڕەفتـارن؛ کـارلێکێکی ڕاسـتەقینە لەنێوان

تاکەکـــــان و دامەزراوەکانـــــدا هەیە و هەریەکێکیـــــان کـاریگەریی لەســەر ئەویتریــان دادەنێــت، بەشــێوەیەکی سـەربەخۆیش وەک بەرەنجامی پەرەسـەندنە ناوەکییەکان پەرەدەســتێنن. ئامــاژەدان بە کــاریگەریی دامەزراوەکــان تەنیا ئامرازێکە بۆ دڵنیابوونەوە و جەختکردنەوە لەسـەر ئەو گریمـانە سـەنتراڵەی کە دەڵێت ڕەفتـاری ئـابووریی لە دووبـارەکردنەوەی قاڵبەکـانی کـارلێکی نێـو کۆنتێکسـتی دامودەزگایی دەوروبەرەوە پەیدا دەبن (Stanfiel 1982).

لێکـۆڵەران ئامـاژە بەوە دەدەن کە حەسـوودی زیـاتر بەراوردێکـی سـەربەرەوژوورانەیە نەک بەراوردی نێـوان ئەو تاکەکەسـانەی کە لە ڕووی ئـوبێکتیڤەوە هاوشـێوە و هاوئاســـتن. جـــا لە کاتێکـــدا دەشـــێت ئەم بەراوردە ســـەربەرەوژوورە خـــزمەت بە ئامـــانج و مەبەســـتە پۆزەتیڤەکــان بکــات، وەک هانــدان بە ئاراســتەی خـۆ- پەرەپێدان، دانەدان، تەرکیزخستنە سەر کار بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکـان و هیتـر، ئینجـا ئەگەر ئەم جیاوازییـانە لە گۆشـــە و پێچـــی ڕێڕەوەکـــانی بژاردەکـــانی پێشـــوودا لەخـۆگیرابن کە حەسـوودیپێبراو خاوەنیـانە، ئەوا ئەوکـاتە بەراوردە سـەربەرەوژوورەکە دەبێـتە مـایەی نائومێـدی و ڕووخان [ی دەروونی]. (Miceli and Castelfranci 2007).

بە پـــێچەوانەی شـــیکارییەکەی ڤێبلـــنەوە کە پێیـــوایە حەسوودی نیازپاکانە لە سەرمایەداریی سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەبوو، دەتوانین بڵێین حەسوودیی بەدنیـازانە لە سـایەی نیۆلیبڕالیزمـدا گەشـەی کـردووە، وا دەردەکەوێت

ئەمە زۆریــش لــۆژیکییە؛ لە ســایەی نیۆلیبڕالیزمــدا، کە بەرپرسیارێتی تاکەکەس و کێبەرکێکارانە دەوروژێنێت و، ڕێژەیەکی بەرزی نایەکسانیی لە داهات و نایەکسانی لە جوولەی کۆمەڵایەتی و، تالانی و بەفیڕۆدانێکی بەرزی لە نماییشــی بەرکــاربەرانە تێــدایە، ئەوا حەســوودی و بەتایبەتیش حەسوودی بەدنیازانە، زیاتر پێیەوە پەیوەست دەبێــتەوە. بەلەبەرچــاوگرتنی ئەوەی کە حەســوودی پــاڵنەرێکی مــرۆییە و دەکرێــت بەهــۆی ناوەنــدە دامەزراوەییەکــانی دەوروبەرەوە، بەهێزبکرێــت و گەورە بکرێــت و، بە دیــوەکەی تریشــدا، خــامۆش بکرێــت، ئەوا لەسەر کۆمەڵناسەکان پێویستە، بەرپرسیارێتی توێژینە و پێشــنیاری گــۆڕینی ئەو سیاســەتانە بگــرنە ئەســتۆ کە دەتوانن ڕووبەڕووی دیاردەی لەم جۆرە ببنەوە و هەوڵ بدەن دووبارە ئەو ڕێگایانە ئاراستە بکەنەوە کە تاکەکان لە ئەزموونی سەرجەم عاتیفە جیاوازەکاندا و، بە تایبەت حەسوودی، پێیاندا دەڕۆن. حەسوودی بەدنیازانە شتێکی تەندروست نییە، خۆ ئەگەر نیۆلیبڕالیزم وەک سیستەمێکی ئـابووریی، بە پێـی لـۆژیکی خـۆی، دنەی تاکەکـان دەدات بەرەو حەســوودیی بەدنیــازانە، ئەوا دەبێــت وەک ڕێکخســتنێکی دامەزراوەیــی ژەهراوییــانە لە نیــۆلیبڕالیزم بڕوانین و هەوڵی گۆڕنکارییە دامەزراوەییەکان بدەین، ئەو دامەزراوانەی کە بەهۆیــانەوە نیــۆلیبڕالیزم ڕووبەڕوومــان دەبێتەوە.

## ژێدەرەکانی نووسەر:


- Alicke, Mark D. and Ethan Zell. “Social Comparison and Envy.” In *Envy: Theory and Research*, edited by Richard H. Smith, pp. 73-93. Oxford, UK: Oxford University Press, 2008.
- Chen, Kong-Pin. “Sabotage in Promotion Tournaments.” *Journal of Law, Economics, and Organization* 19, 1 (2003): 119-140.
- Diamond, Stanley. *In Search of the Primitive*. New Brunswick, NJ: Transaction Press, 1974.
- Duffy, Michelle K., Jason D. Shaw and John M. Schaubroeck. “Envy in Organizational Life.” In *Envy: Theory and Research*, edited by Richard H. Smith, pp. 167-189. Oxford, UK: Oxford University Press, 2008.
- Firth, Raymond. *Elements of Social Organization*. London: Watts and Co., 1963.
- Foster, George M. “The Anatomy of Envy: A Study in Symbolic Behavior.” *Current Anthropology* 13, 2 (1972): 165-202.
- Harvey, David. *A Brief History of Neoliberalism*. Oxford, UK: Oxford University Press, 2005.
- Hill, Sarah E. and David M. Buss. “The Evolutionary Psychology of Envy.” In *Envy: Theory and Research*, edited by Richard H. Smith, pp. 60-70. Oxford, UK: Oxford University Press, 2008.
- Hogbin, H. Ian. *Transformation Scene: The Changing Culture of a New Guinea Village*. London: Routledge and Kegan Paul, 1951.
- Jost, John, Sally Blount, Jeffrey Pfeffer and Gyorgy Hunyadi. “Fair Market Ideology: Its Cognitive- Motivational Underpinnings.” *Research in Organizational Behavior* 25, 3 (2003): 53-91.
- Kaster, Robert A. *Emotion, Restraint, and Community in Ancient Rome*. Oxford, UK: Oxford University Press, 2005.
- Levy, Isaac Jack and Rosemary Levy Zumwalt. *Ritual Medial Lore of Sephardic Women: Sweetening the Spirits, Healing the Sick*. Urbana, IL: University of Illinois Press, 2002.
- Miceli, Maria and Cristiano Castelfranchi. “The Envious Mind.” *Cognition and Emotion* 21, 3 (2007): 449- 479.
- Sahlins, Marshall. *Stone Age Economics*. Chicago, IL: Aldine Publishing, 1972.

- Schimmel, Solomon. “Envy in Jewish Thought and Literature.” In *Envy: Theory and Research*, edited by Richard H. Smith, pp. 17-38. Oxford, UK: Oxford University Press, 2008.
- Smith, Richard H. *The Joy of Pain: Schadenfreude and the Dark Side of Human Nature*. Oxford, UK: Oxford University Press, 2013.
- Smith, Richard H. and Sung Hee Kim. “Comprehending Envy.” *Psychological Bulletin* 133, 1 (2007): 46-64.
- Stanfield, J. R. “Learning From Primitive Economies.” *Journal of Economic Issues* 16, 2 (1982):471-479.
- Sundie, Jill M, James C. Ward, Daniel J. Beal, Wynne W. Chinn and Stephanie Geiger-Oneto. “*Schadenfreude* as a Consumption-Related Emotion: Feeling Happiness About the Downfall of Another’s Product.” *Journal of Consumer Psychology* 19 (2009): 356-373.
- Thomas, Elizabeth M. *The Harmless People*. New York, NY: Knopf, 1959.
- Van de Ven, Niels. “Malicious Envy and *Schadenfreude*.” In *Schadenfreude: Understanding Pleasure at the*
- *Misfortune of Others*, edited by Wilco W. van Dijk and Japp W. Ouwerkerk, pp. 110-117. Cambridge, UK: Cambridge University Press, 2014.
- Van de Ven, Niels, Marcel Zeelenberg and Rik Pieters. “Leveling Up and Down: The Experiences of Benign and Malicious Envy.” *Emotion* 9, 3 (2009): 419-429.
- Van Dijk, Wilco, Jaap Ouwerkerk, Sjoerd Goslinga and Myrke Nieweg. “Deservingness and *Schadenfreude*.” *Cognition and Emotion* 19, 6 (2005): 933-939.
- Veblen, Thorstein. *The Theory of the Leisure Class*. Oxford, UK: Oxford University Press, 2007.
- Wrenn, Mary V. “Identity, Identity Politics, and Neoliberalism.” *Panoeconomicus* 4 (2014): 503-515.

**سەرچاوە:**

الحسد في زمن النيوليبرالية: عودة إلى مفاهيم فيبلن – ماري ڕين / ترجمة: فؤاد ڕيان، الموقع: حكمة –من أجل إجتهاد ثقافي و فلسفي، 2017/12/14. http://hekmah.org

(دوانزه)

# دژایەتیی لیبڕالیزم

## لە چەپی شۆڕشگێڕییەوە بۆ ئاشتیخوازیی تیۆلۆژی

دانیال بنسەعید

دژایەتیکردنی لیبڕالیزم ناونیشانێکی بەرفراوانە. بەرفراوان و فرە ناوەڕۆکە، هەر وەک لیبڕالیزمەکان خۆیان. ئەم ناونیشانە هەر لە پەروانەی بەرەنگارییەکانی چاکسازیی دژە لیبڕالزمەوە کە لە شۆڕشی زاباتیستی 1994ـەوە دروست بوو، هەتا پشێوییەکانی زستانی 1995 و خۆپیشاندانە دژە جیهانگیرییەکانی ساڵی 1999 لە سیاتلی ئەمریکا دەگرێتەوە. ئەمە گوزارشتە لە ڕەتکردنەوەیەکی گەورەی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی کە (هێشتا) نەگەیشتووە بەو ئاستەی ستراتیژییەتی سیاسیی ڕاستەقینەی ئەڵتەرناتیڤی تایبەت بەخۆی هەبێت.

دژایەتیکردنی لیبڕالیبزم، کە بەرەنجامی پێکگەیشتنە کۆمەلایەتییەکان بوو لەسەر ئاستی جیهانی، ئەو کتێبە دنەدەرانە شەعبیەتیان بۆ پەیداکرد کە واژووی ڤیڤیان فۆستەر و نوامی کلاینیان بەسەرەوە بوو، بێگومان ئەمە ساتێکی پێویستی ڕەتکردنەوە بوو: "جیهان کالا نییە، جیهان بۆ فرۆشتن نییە...". پێویستە جیهانێکی دیکە بێتە بوون، بەڵام چ جیهانێک؟ بە تایبەتی، چۆن ئەم جیهانەی دیکە مومکین دەبێت؟ ئەم "ساتی دژایەتیکردنی لیبڕالیزم"ـە، کە مۆرکی گەڕانەوەی پرسی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێکانی هەڵگرتبوو، دەرفەتی ڕەخساند بۆ داماڵینی سیفەتی ڕەوایەتی و شەرعییەت لەو گوتارە لیبڕالیزییەی وا لە کۆتایی نەوەدەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو.

بەڵام دەرهەق بەو چارەسەرانەی کە دەشێت لیبراڵیزمی نوێ بیدات بە "شۆڕشی نەرێنی"، چوارچێوەکەی ئێجگار فراوانە. قسەکردن بە شێوازی تاک لەسەر بزووتنەوەی دژایەتیکردنی جیهانگیری، وەک ئەوەی دۆزێکی گەورەیە کە دەتوانێت جێگای پرۆلیتاریای ڕوو لە نەمان بگرێتەوە، تەنیا پڕ مەترسیی نییە، بەڵکو هەڵەیشە. لەسەر "هەسارەی ئەڵتەرناتیڤ" بە کردەیی – ئەمە شتێکی زۆر باشە بە مەرجێک جیاوازییە ڕاستەقینەکان لە سازانی سیاسیدا نغرۆ نەبن- ئۆپۆزسیۆنە ڕادیکاڵەکان هەن کەوا بەرهەڵستی دامەزراوەکانی وەکو بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی دەکەن؛ لەولایشەوە ئەوانە هەن کە پاڵپشتی لە دامەزراندنیان دەکەن؛ پاڵپشتیکەرانی "بەلی" و "نەخێر" لە ڕاپرسیی لەسەر پەیماننامەی دەستووری ئەورووپی؛ ئەوانەی کە دەیانەوێت سیفەتێکی مرۆییانە بدەن بە پرۆسەی گۆڕینی جیهان بۆ کاڵا و ئەوانەی دەیانەوێت گەمارۆی ئایدیاڵە باڵاکەی بدەن؛ ئەوانەی خوازیاری بەتایبەتکردن و چاکسازیی چاودێریی کۆمەڵایەتین و ئەوانەی دژایەتیی ئەم پرۆسەیە دەکەن...

داخۆ هەموو ئەمانە دژە لیبراڵیستن؟ بەشێوەیەکی دیاریکراو و تاڕادەیەک وەهان. بە پلەی جودا و بە شێوازی جیاواز. هەندێک تەنیا بەوەندە واز دەهێنن کە زێدەڕەوییەکانی لیبراڵیزمی وەحشیی لە پەراوێزدا ڕاست بکرێنەوە، بە بێ دووبارە ڕوانینەوە و چاوگێڕانەوە بە

بنەڕەتە سەرمایەدارییەکەیدا. لەولایشەوە ئەوانیتر دەیانەوێت بەشێوەیەکی ڕیشەیی سیستەمە باو و پەیڕەولێکراوەکە بگۆڕن. هێڵەکانی جوداکردنەوە یان پەیوەست نییە بە پرسی وشەسازییە فەرهەنگییەکانەوە، یان بەشێوەیەکی لاوەکی پێیەوە پەیوەستە (دژایەتیکردنی لیبڕالیزم یان دژایەتیکردنی سەرمایەداری)، بەڵام مەسەلەکە بە کردەیی پەیوەستە بە سیاسەتە کۆنکریتەکانەوە. لۆلا و حزبی کرێکارانی بەرازیل و حزبی ڕیفۆنداسۆن (دامەزراندنەوە)ی کۆمۆنیستیی ئیتالی، هەر لە دەستپێکی پێکگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی 2001ـەوە، دوو کۆڵەکەی بزووتنەوەی دژە لیبڕالیزمیان لە ئەمریکای لاتین و لە ئەوروپا پێکهێنا.

لەمڕۆدا، یەکەمیان بۆتە شاکردێکی پڕ کۆشش لای سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و، دووەمیشیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەشداریی لە سیاسەتی دژایەتیکردنی ئەو ڕێکخراوە کرێکارییانەدا دەکات کە ڕۆمانۆ برودی بەرهەمی هێناون. لە ئەمریکای لاتین، بە ڕوونی دیارە "دژایەتیکردنی لیبڕالیزم" کە شاڤێز یان مۆرالیس مومارەسەی دەکەن، هەمان ئەو مانایەی نییە و هەمان ئەو دینامیکییەتەی نییە کە لۆلا و کیرشنێر بەرهەمی دەهێنن.

کەواتە، لە باشترین حاڵەتدا، دژایەتیکردنی لیبڕالیزم، دالێکی ناڕوون و لاوازە بۆ ئاماژەدان بە بەرەی ڕەتکردنەوە؛ بەرەیەک کە هەر لە چەپی شۆڕشگێڕییەوە

دریــژ دەبێــتەوە بــۆ وەهمەکــانی کینزیەتــی نــوێ، لە ئاشتیخوازیی تیۆلۆژییەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دژایەتیکردنی خەبــاتگێڕانەی ئیمپریــالیزم. دەشــێت بەرزکەرەوەیەکــی چــالاکییش بێـت بـۆ یەکخســتنی کارەکـان و بـزووتنەوە دیاریکراوەکــان دژ بە ئــایین یــان دژ بە جەنــگ، دژ بە ئاراستەی پۆلکنشتاین یان دژ بە پەیماننامەی دەستووری ئەوروپــی (ئەگەرچــی ئەم بەرەیە لەبــارەی ئەم خــاڵەی کۆتاییانەوە بەسـەر چەند ئاراستەیەکدا دابەشبووە). ئەمە لە خۆیـدا پرۆژەیەکـی سیاسـی نیـیە. بەڵـگەی سـەلماندنی ئەمە دابەشـبوونی چەپـی ڕادیکـاڵە لە فەرەنسـا لە مـاوەی هەڵبـژادنە پەرلەمـانی و سـەرۆکایەتییەکاندا: "سـەرکەوتنی بەرگریکەرانە" کە "نەخێر" لە ڕاپرسیی لەسەر پەیماننامەی دەســـتوور نــوێنەرایەتیی دەکــرد، بــۆ ئەوە نەدەشـــیا ئۆتۆمــاتیکی بگۆڕێـت بە دینـامیکییەتی هێـرش بـۆ سـەر بەرنامە و ستراتیژییەتی هاوپەیمانییەکان...

زۆربەی پرســـیارە پێشـــنیارکراوەکان لە گۆڤـــاری "پۆلیتس"ـدا، لەسـەر شـێوەکانی دیاریکردنەکـان داڕێـژران. داخۆ دەبێت چەپی ڕەسـەن و ئەسڵیی وەها دیـاریی ببێت کە دژ بە ســـەرمایەدارییە یـــان دژ بە لیبڕالیـــزم؟ ئەی لەبـــارەی ئـــابووریی بـــازاڕەوە چـــۆن دیـــاریی ببێـــت؟ هەواوهەوەســی دیــاریکردن ســیفەتی تــایبەتی مەیلــی فەرەنســییە بــۆ بیرکــردنەوەی پۆلێنبەنــدانە و هەوەســی ڕیزکـردن و ڕێکخسـتنی چەمکەکـانە. دیـاریکردن جێگیـر دەبێت و چەق دەبەستێ، بەڵام دیاریکردنی دیالەکتیکی بە

پـێچەوانەوە، جەخـت لەسـەر پەرەسـەندن و دینـامیکییەت دەکـاتەوە. دژایەتیکردنـی لیبڕالیـزم یـان دژایەتیکردنـی سـەرمایەداری؟ ئەم بابەتە پرسی دیاریکردنی پۆلێنکردن نیـیە، بەڵکـو مەسـەلەی ئاراسـتەگیرییە؛ پرسـی خشـتەی پێوەرەکان و داخوازییەکان لە ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکاندا نییە، بەڵکو مەسەلەی ڕێوشوێنێکە دەرفەتی هەڵسەنگاندنی هاوپەیمانێتییەکان و هاوئاستییەکان دەڕەخسێنێت، لەنێوان ئەوانەی زەمینەی نزیکبوونەوەی لە ئامانجە خوازراوەکە خۆش دەکەن و ئەوانەی لێی دوور دەکەونەوە، ئەمەیش لە ژێر دووربین و وردبینی واقیعدا.

سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەستیی لەگەڵ ستەمی ونشوناسیی بازاڕەکاندا، لەمڕۆدا پێویستی بەوەیە بە هەر نرخێک بێت لۆژیکی چاکەی گشتی، خزمەتی گشتی، هاوپشتی و هاوبەندی، بەسەر لۆژیکی قازانجکردن و حیسابی خۆپەرستانە و کێبەرکێی هەمووان دژ بە هەمووواندا زاڵ بێت. لەبەرئەمە پێویستە بوێریی هەبێت بۆ بەزاندنێکی سەرسەختانەی حەرەمی موڵکایەتی تایبەتی (بە موڵکایەتی سامانە نەگوزراوەکان و موڵکایەتی زەویوزاریشەوە کە لە مەسەلە ژینگەییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە، هەروەها بە مەسەلەکانی پەیوەست بە شارسازی و نیشتەجێبوونەوە). ئەمە بەرهەڵستی و ئۆپۆزسیۆنێک دەخوازێت کە نەرمی نەنوێنێت بەرامبەر جەنگە داگیرییەکانی ئیمپریالیزمی نوێ و ئابووریی چەک و هاوپەیمانییە سەربازییە ئیمپریالیستییەکان. هەر ئەم

ئۆپۆزسیۆنە بەنێو پچرانی پەیوەستبوونەکان بەو کۆتوبەندانەدا تێدەپەڕێت، وا پێوەرە ئەوروپییەکانی تایبەت بە لێکنزیکبوونەوەکان و پەیماننامەکانی سەقامگیری لە شەوی 4ی ئابی چەسپاندنی باجدا، دەیسەپێنن.

خەباتی پێداگرانە لەبارەی ئەم ئامانجانەوە، دەکەوێتە لێکدژییەکی گەورەوە لەگەڵ هاوپەیمانییە پەرلەمانی و حکومییەکاندا، کە دوێنێ لەگەڵ بلێر و شرۆدەرەدا بەستران و، لەمڕۆدا لەگەڵ برۆدی و ڕۆیالدا بەردەوامن؛ هەموو ئەمەیش بەشێوازێک کە هێلی جیاکەرەوەی چەپ و ڕاستی ئەوەندە بەرز کردۆتەوە کە هەردوو لایەنەکە دەتوانن (لە دوو ئاراستەدا) تێیپەڕێنن، بە بێ ئەوەی هەرگیز هەست بەوە بکەن دەستبەرداری بۆچوونەکانیان دەبن. مەسەلەی هاوپەیمانێتییەکان نە دەزگای گۆڕینی تەکنیکیی بەرنامەیەکە بە ئامانجی گۆڕینی جیهان و، نە تەنیا درێژبوونەوەی ئەم دەزگایەشە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لێی.

ئایا دەشێت ئەرکەکانی خزمەتگوزاریی گشتی بدرێن بە کەرتی تایبەت؟ لە ساڵی 1977دا، "میشێل ڕۆکار" کۆمەڵێک لە خاوەنکاران و بیسنزمانەکانی تووشی سەپرایز (سەپرایزێکی خۆش) کرد، چونکە ڕایگەیاند شێواز و ڕێبازەکانی ڕێکخستنی گشتی گشتین و هیچ پێچ و سەختییەک لەگەڵ بازاڕدا ناکرێت. ئەمە قسەیەکی دروست و ڕاشکاوانە بوو. ئەوەندە دروست کە کاتێک

چەپ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، لۆران فابیۆسی یەکەم سەرۆک وەزیران، بەشێوەیەکی قووڵ ئازادکردنی جووڵەی سەرمایەکانی جێبەجێکرد، "پییەر بێریگۆفۆی"ـش "یەکەم کەس بوو کە بووە هۆی هەڵگرتن یان لابردنی نێوەندگیرییە بانکییەکان"[152].

مەسەلەکە پرسی لابردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیوەندییە بازرگانییەکان نەبوو، بەڵکو پرسی ئەوە بوو بزانرێت ئەوە کییە جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە، داخۆ دەسەڵاتی دیموکراسییە (کە لە دەسەڵاتی گەل پێکهاتووە) یان میکانیزمی بەخوداکراوی بازاڕەکانە.

مەسەلەکەیش لە بەشی بەتایبەتکراوی سوبێکتیڤی کۆمەڵایەتیی کارگێڕی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیگیرییەکان و ئاڵوگۆڕەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو سیاسەتی باجەکان و هەڵسوڕاندنی سیاسی بە ئامرازە نەختییەکان و دووبارە دیاریکردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئاراستەکردنێکی نوێی بازرگانیی دەرەکییش دەگرێتەوە. لە چوارچێوەیەکی لەم شێوەیەدا، توانستی سپاردنی ئەرکەکانی خزمەتگوزاریی گشتی بە کرێکارەکانی کەرتی تایبەتی مەسەلەی بنەما و پرەنسیپ نییە، ئەگەر بێتوو یاساکانی باج و یاسا کۆمەڵایەتییە کۆتوبەندکەرەکان، گەمارۆی بدەن.

---

[152] بڕوانە ئەو شایەتییەی کە ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە و بە قەڵەمی جان بێریلفاد نووسراوە، بە ناونیشانی "سەرمایەداریی گشتگیر" le Capitalisme total, Seuil, 2005.

سەرەڕای ئەوەیش، دەکرێت بەتایبەتکردنی کۆمەڵایەتی فـــۆڕمی زۆر جیـــاواز وەربگرێـــت، هەر لە دامەزراوەی گشـــتییەوە تـــاوەکو دەگـــات بە هەرەوەزیـــی ســـوبێکتیڤی کارگێڕی. بەڵام لێرەیشدا، مەسـەلەی سـەرەکیی بـریتییە لە هاوسەنگیی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و دەسـەڵاتی ڕاستەقینەی بڕیاردان.

ئەگەر چوونە نێو ڕیشـەی مەسـەلەکەوە گەرەک بێت، ئەوا حەتـمەن دەبێـت دژایەتیکردنـی ڕیشـــەیی لیبڕالیـزم هێرش بەرێـتە سـەر نـاوجەرگەی سـەرمایەداری و، مـافی بـوون (لە نشـینگە و تەندروسـتی و فێربـوون و کـاردا) بخـاتە بەرامـبەر مـافی موڵکـایەتییەوە [یـان بیکـاتەوە بە گژیدا].

پێویســـتە بە سیاســـەتێک بەرەنگـــاریی بەتـــایبەتکردنی جیهـــان و گـــۆڕینی بـــۆ کـــاڵا بکرێـــت کە هاوبەنـــدیی کۆمەلایەتی تێدا بێت و کاڵاپەرستیی لێ دابماڵرێت و بێ بەرامبەر بێت. ئەو کاتە جیاکاریی فۆڕمـاڵ و ڕووکەشـی نێـوان دژایەتیـی لیبڕالیـزم و دژایەتیـی سـەرمایەداری دەڕەوێتەوە: لە ڕێگەی ئەو بەرەنگارییەوە کە بەرەنگاریی ناکرێت، مرۆڤ دەبێتە شۆڕشـگێڕ، بە بێ ئەوەی هەمیشـە خۆی دەرک بەمە بکات.

**سەرچاوە:**

دانیال بنسعید: مناهضة الليبرالية: من اليسار الثوري إلى السلمية اللاهوتية، الموقع: الحوار المتمدن- العدد 2086، 2007/11/1.

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=113926

## (سیانزە)

# نیۆلیبڕالیزم و
# سوبێکتی ژنانە

یوهانا ئۆکسالا

بەشدارییە هەرە ڕەسەنەکانی میشێل فۆکۆ لە تیۆری فێمێنیزمدا و، فەلسەفەی جەستە بە گشتی، وا لەو بانگەشە گرنگەیدا کە دەڵێت پێویستە هەر شیکارییەکی بەجەستەبوون، ڕووی لە کەشفکردنی ئەمانە بێت: کەشفکردنی ئەو ڕێگایەی کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەهۆیانەوە ئەو سوبێکتانەی وا لەنێویاندا بەرجەستە بوون، دروست دەکەن. بۆ نموونە، توێژینەوەکانی ئەو لەبارەی تەکنیکەکانی دیسپلینەوە ئەوە دەردەخەن کە چۆن تاکەکان وەک سوبێکتی سەر بە جۆرێکی دیاریکراو دروست دەبن، ئەویش لە ڕێگەی عادەت و شێوازە ڕۆژانەییە سادەکانیانەوە. بەکارهێنانە فێمێنیستییەکانی فیکری فۆکۆش، بە هەمان شێوە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چۆن سوبێکتی ژنانە بەهۆی مومارەسە باوکسالارییە دیسپلینخوازەکانەوە، دەخوڵقێنرێن. بۆ ڕووکردنەوەی ئەم پرۆسەیە، لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا ئاوڕ لە شرۆڤە بەهادارەکەی "ساندرا پارتکی" دەدەمەوە، ئەو شرۆڤەیەی کە دەپەرژێتە سەر وردبوونەوە لە شێوازی دروستکردنی جەستەیەکی نەرمونیانی ژنانە، لە ڕێگەی مومارەسە دیسپلینخوازییە بەردەوامەکانی بابەتی جوانییەوە.

بەشی یەکەم دەبێتە باکگراوندی زەمینەساز بۆ تێزی سەرەکیی وتارەکە کە ئەمەیە: لەم دەیانەی دواییدا میکانیزم و پاساوە نوێیەکان، کە لە ڕووی جەوهەرییەوە لە دەسەڵات جیاوازن، دەستیان کردووە بە دروستکردنی جەستەمان و تەکنیکەکانی جێندەر. چەمکی هونەرەکانی

حــــوکمکردن [یـــان حکومەتمەنـــدی] لای فۆکـــۆ[153]، بە تـــایبەتیش هونەرەکـــانی حـــوکمکردنی نیـــولیبڕالی، وەک چوارچێـــوەیەکی ئەڵتەرنـــاتیڤ بـــۆ دیســـپلینخوازی بەکاردەهێنم تاوەکو لەم ڕێگایەوە توێژینەوەی لە چەمکی جەستەی ژنانە بکەن، لێرەدا گریمانەی ئەوە دەکەن کە شـــیکاریی هونەرەکـــانی حـــوکمکردنی نیـــولیبڕالی، کە هەژمـــوونی لەســـەر کۆمەڵگەکانمـــان کـــردووە، چوارچێوەیەکی چەمکییانەی گشتگیرمان بۆ تەفسیرکردنی جەستەی ژنانە لەم فۆڕمەی ئێستا هەیەتی، بۆ دەخاتە بەردەست.

**( 1 )**

وتارەکەی ساندرا پارتکی ( Foucault, Femininity and the Modernization of Patriarchal Power) کە ساڵی 1988 بڵاوبۆتەوە، وتارێکی زۆر کاریگەر بوو، لەنێو هەڵبژاردەی بەرهەمەکانیشدا زۆرجار بڵاوکراوەتەوە؛ ئەمە بە یەکێک لە ســـەرەتاییترن ئەو وتـــارانە دەژمێردرێـــت کە بە گونجـانێکی زۆرەوە لەگەڵ چەمکـی فۆکـۆدا دەربـارەی دەسەڵاتی دیسپلینخواز، تاوتوێی پرسە فێمێنیستییەکانی کـردووە[154]. تێیـدا پیشـانداندێکی تێروتەسـەلی کـردووە

---

[154] Bartky, Sandra Lee ‘Foucault, Femininity and the Modernization of Patriarchal Power’ in I. Diamond and L. Quinby (eds.), Feminism and Foucault: Paths of Resistance (Boston: Northeastern University Press), 61-85, p. 75.

لەبارەی چۆنیەتی ڕۆنانی جەستە نەرمونیانەکان لە ڕێگەی دیسپلینی جەستەی مێینەوە. پارتکی بانگەشە سەرەکییەکەی خۆی لە فۆکۆوە هەڵدەگۆزێت، کە پێیوایە گەیشتن بە تێگەیشتنێکی گونجاو لە سروشتی چەوساندنەوەی سەر ژنان، پێویستی بە ڕەچاوکردنی ئەو مەودایە هەیە کە تێیدا کۆی ڕەفتارە دیسپلینکارییەکان نەک تەنیا ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان دادەمەزرێنن، بەڵکو تەنانەت جەستەیشیان دروست دەکەن.

فۆکۆ لە کتێبی "دیسپلین و سزا"دا باس لەوە دەکات دیسپلین گوزارشتە لە تەکنیکی دەسەڵاتێک کە کۆنتێکستێکی مێژوویی دیاریکراوی هەیە، لە سەدەی حەڤدەوە دەرکەوتوو لە ڕێگەی جەستەوە کاری خۆی کرد. بە جۆرێکی وا کە لە ڕێگەی مومارەسە دیسپلینخوازییەکانەوە نەریت و شێوازەکانی ڕەفتار هەڵدەوەشێنرێنەوە و لە فۆڕمی نوێ و بەرهەمدارتردا، بە شێوازێک ڕۆ دەنرێنەوە کە گونجاوبن لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازیی نوێدا. دیسپلین تەکنیکە هەمەجۆرەکان لەخۆ دەگرێت، لە بابەتی ئەوانەی دەیانەوێت جەستە بکەنە جەستەیەکی نەرمونۆڵ و

---

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بەکارهێنانە فێمینیستییەکانی چەمکی دەسەڵاتی دیسپلینکار لای فۆکۆ، بۆ نموونە بڕوانە لە:

Susan Bordo, ‘The Body and the Reproduction of Femininity: A Feminist Appropriation of Foucault’ in Allison Jaggar and Susan Bordo (eds.),Gender/Body/Knowledge (New Brunswick: Rutgers, 1989), pp. 13-33 and ‘Feminism, Foucault and the Politics of the Body’ in C. Ramazanoglu (ed.), Up against Foucault (London: Routledge, 1993), pp. 179-203.

سوودبەخش، لەمەیشەوە جەستەی مرۆیی دەگۆڕێت بۆ ئامێرێـــک کە دەشـــێت تـــا ئەوپەڕەکەی توانـــاکەی بەرز بکـــرێتەوە بـــۆ ڕاپەڕانـــدنی کـــار، ئینجـــا خەملاّنـــدن و پێوانەکردنی و چاککردنی لە ڕێگەی هەڵهێنجانی شێوازە ڕەفتارییە دیاریکراوەکانەوە[155].

پارتکی دان بە ناوچەی بەهێزی شیکارییەکەی فۆکۆدا دەنێت، بەڵام پێیوایە فۆکۆ ئەو دیسپلینانەی لەبیر کردووە کە بە تایبەتی تەرزی ملکەچکردنی مێینە بەرهەم دەهێنن. ئەویش شیکارییە ڕەفتارییەکانی وەکو پەیڕەویکردن لە سیستەمی خۆراک یان مومارەسەی مەشقە وەرزشییەکان وەک مومارسـەی دیسـپلینی سـەپێنراو بەسـەر ژنانـدا بە مەبەسـتی بەرهەمهێنـانی جەسـتەیەکی مێینەیـی ئایـدیاڵی. ئەم مومارەسـە دیسـپلینیانە لەسـەر مێینەیـی ئامانجیـان وەدیهێنـانی ڕێکخسـتنێکی گشـتگیر و بەردەوامـی قەبـارەی جەسـتە، شـێوە و ئەدگارەکـانی، خواسـتەکانی، دۆخەکـانی، گوزارشـــتەکانی، ڕەفتارەکـــانی، ڕواڵەتـــی هەر ئەنـــدامێکی دیـــاریی ئەنـــدامەکانییەتی. جـــگە لەمەیـــش، گوتـــارە تایبەتییەکـــان لەبـــارەی شـــێوازی ڕۆیشـــتن، قســـەکردن، تەسـریحەکردنی قژ و گرنگیدان بە پێست و ماکیاژکردن

---

[155] Michel Foucault, *Discipline and Punish: The Birth of the Prison,* trans. A. Sheridan (London: Penguin, 1991).

فۆکۆ دەڵێت، بۆ نموونە، سەرباز لە سەدەی حەڤدەدا، زۆربەی وەزیفەکەی خۆی لەوەێوە فێر دەبوو کە بچێتە نێو جەنگی پراکتیکییەوە و تێیدا هێزی بەرزی توانـای و ئـازایەتی خـۆی پیشـان بـدایە. بەڵام لە سـەدەی هەژدەدا، سەرباز بووە ئامێری جەنگ، شتێک کە دەکرا لە ڕێگەی مەشقی بێوەی و سەلیمەوە دروست بکرێت.

کۆمەڵێـک عـادەت و خـوو بەرهەم دەهێـنن کە دەبـنە یارمەتیـدەر بـۆ ئامادەسـازیی پێویسـتییەکانی مێینەیەکـی ملکەچ: ئەویش ڕاهێنانی جووڵەی و ڕوخساری مێینەیە بۆ گوزارشـتکردن لە ملکەچـی. پـارتکی پێیـوایە پاسـاوی ئەم ئامادەسـازییە دیسـپلینییە پاسـاوێکی ڕوون و ئاشـکرایە: دەیەوێـت ژنـان بگۆڕێـت بە "هەڤـاڵی نەرمونیـانی شـوێنکەوتەی پیـاوان، بە هەمـان ئەو شـێوازەی کە سـوپا دەیەوێت ئەوانەی تازە هاتوونەتە ڕیزەکانییەوە بگۆڕێت بە سەرباز"[156].

پێمـوایە پێویسـتە ئەم شـیکارییە تـۆکمەیەی وا پـارتکی پێشکەشی کردووە تازە بکەینەوە، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکـاریە ڕیشـەییانەدا کە بەسـەر شـێوازەکانی دروستکردنی سوبێکتی مێینەدا هاتوون و، بگرە لە هەمان ئەو کـاتەی کە وتـارەکەی ئەوی تێدا بڵاوبـوویەوە، سـاڵی 1988، خەریکبـوو ڕوویـان دەدا. ئەو سـاڵانە مـاوەیەکی یەکلاکەرەوە بوون کە لە میانەیدا هەژموونی نیۆلیبڕالیزم لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان و ئەوروپـا بەهێزتـر دەبـوو و دەچەسـپی. هەروەهـا پێمـوایە ئەگەر بـڕوا بە ئایـدیا سەرەکییەکەی فۆکۆ بهێنن کە دەڵێت فۆڕمەکانی دەسەڵات پەیوەنـدییەکی فەرامۆشـهەڵنەگریان بە فۆرمەکـانی سـوبێکتەوە هەیە، ئەوا دەبینـین کە گـۆڕانی تەکنیکەکـانی حـوکمکردن لەگەڵ خۆیـدا گـۆڕان لە فـۆڕمی ئەو سوبێکتەیشدا دروست دەکات کە هاوکوفیەتی.

---

[156] See Bartky, *op. cit.*, p. 75.

**( 2 )**

وانەوتارەکـــانی فۆکـــۆ دەربـــارەی "لەدایکبـــوونی بایۆپۆلەتیـک" کە لە سـاڵی 1979 لە کـۆلێژی دوفـرانس پێشکەشـی کـردوون، تەرکیـز دەخەنە سـەر سـەرهەڵدان و پەیـدابوونی هونەرەکـانی حـوکمی لیبڕاڵـی و نیـولیبڕاڵی، ئەوانیش دوو جۆرە تەفسـیری سیاسـیین کە گرنگییـان بە حکـــومکردنی دەوڵەتـــی مـــۆدێرن داوە[157]. ئەوەی لەم وانەوتـــارانەدا لە شـــێوازی مـــامەڵەکەی فۆکـــۆ لەگەڵ مەســـەلەکەدا تـــایبەت و جیـــاکەرەوەیە، ئەوەیە کە ئەو بەشـێوەیەکی سـەرەکی وەک تیـۆرێکی ئـابووریی مـامەڵە لەگەڵ نیۆلیبڕالیزمـدا ناکـات، بەڵکـو وەک مومارەسـەیەکی حـــوکمکردن تـــاوتوێی دەکـــات کە دامەزرێـــنەر و دروســـتکەری فـۆڕمێکی تـایبەتی ئەو سوبێکتەیشـــە وا لەنێویـدا هەڵیگرتـووە و ئەم مومارەسـەیە گەرەکییەتـی دروستی بکات: نیۆلیبڕالیزم سوبێکتێکی ئابووریی بەرهەم دەهێنێت کە لەسەر ڕستێک مەیل و پەسـەندی و پـاڵنەری جیاواز لەوانەی لە کۆمەڵگەی دیسپلینخواز یان سەروەری (سۆڤەرین)ـدا هەبوون و هـاووڵاتی سیاسـی یـان یاسـایی پـــێ دروســـت دەکـــرا، دامەزراوە. ســـوبێکتی لیبڕاڵـــی گوزارشـتە لە تاکەکەسـێکی ئەتـۆمی کە دەبێت چـاودێری بکرێـت و سـوودگەراییەکەی بەهێـز بکرێـت و مەیلێکـی

---

[157] Michel Foucault, *The Birth of Biopolitics. Lectures at the College de France 1978-1979*(Basingstoke: Palgrave, 2008).

غەریزییانەیشـــی بــۆ کێبڕکـــێ هەیە تـــاوەکو قـــازانجی ئابووریی بەدەست بهێنێت[158].

فۆکـــۆ ئەوە ڕوون دەکـــاتەوە کە گـــۆڕانی تەکنیکـــی هەژمـوونی دەسـەڵات لە سـەدەی هەژدەدا لە دیسـپلینەوە بـۆ هونەرەکـانی حـوکمکردن بەو شـێوەیە نەبـووە ئەمەی دووەمیـــان جێگـــای ئەوەی یەکەمیـــان بگـــرێتەوە، بەڵکـــو درێژبـوونەوە ئەوەی یەکەمیـان بـووە. بـۆیە ئەم گـۆڕانە نەبۆتە مـایەی پوچەڵکردنەوەی تەواوەتـی ئەو تەکنیکـانەی کە ویسـتوویانە کـاریگەریی لەسـەر ڕەفتـاری تـاکەکەس دابنێن، وەکو میکانیزمەکانی دیسـپلین و چاودێری، بەڵکو ئەمەی دووەمیـــان گرنگـــی بە ئیمکـــانیەتی پێناســـەکردنی یەکێـــک لە ئاســـتەکانی ڕەفتـــار داوە وەک ڕەفتـــارێکی ئابووریی و ئینجا حـوکمکردن بەم ڕەفتـارەوە بە گوێرەی دەسـەڵاتەکەی خۆی. چەمکی سـوبیکت تەنیا لەوەدا کـورت نابێتەوە کە تاکەکەس وەڵام و بەدەمەوەچوونی بۆ سـزا و پاداشـــتە کۆمەڵایەتییەکـــان هەبێـــت، بەڵکـــو پـــێش هەمـــوو شتێک بەدەمەوەچوونی کاروکاسپی و دەستکەوت و زیانە ئابوورییەکایش بـووە. لەبەرئەمە، چیتـر ئەو نەریتـانەی کە بوونە بەشێک لە سـوبێکت، ئامـانجیی سـەرەکییان گـۆڕینی تاکەکەســەکە نەبــووە بــۆ ئــامێرێکی نەرمونیــانی چــالاک، بەڵکو ویستوویانە بیشـیگۆڕن بە سـوبێکتێکی بەکـاربەر و پێشـەنگی کار.

---

158 بۆ نموونە بڕوانە:

Jason Read, ‘A Genealogy of Homo-Economicus: Neoliberalism and the Production of Subjectivity’ in *Foucault Studies*, no. 6, pp. 25-36.

ئەمەیش واتای ئەوەیە سوبێکتی ئابووری، گوزارشتە لە تاکەکەسێک کە دەشێت حوکم بکرێت، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک میکانیزمەوە کە جیاوازن لەو میکانیزمانەی وا سوبێکتی نەرمونیانیان لە کۆمەڵگەی دیسپلیندا بەرهەم دەهێنا: سوبێکتی ئەم میکانیزمانە، کەسێک بوو هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو بوو، هەروەها ڕێک بەهۆی ئەم بەرژەوەندییەشەوە تاڕادەیەکی زۆر گوێڕایەڵ و بەرفەرمان بوو. بە شێوەیەکی میتۆدی و ڕێکوپێک و پێشبینیکراو وەڵامی گۆڕانکارییە ستراتیژییەکانی دەدایەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژینگەدا و بەشیوەیەکی نا-سروشتی دروست دەکران و لە شێوەی فاکتەرە ئابوورییەکاندا دەنوێنرانەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەژموون و بەربڵاویی هونەرە لیبراڵییەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا و لەم چەند دەیەی کۆتاییدا، لە بەشی دواتری ئەم نووسینەدا پرسیار لەبارەی کاریگەری و شوێنەوارەکانی ئەم هونەرانەوە لەسەر دروستبوونی سوبێکتی مێینە، دەوروژێنم. ئایا مۆدێلی مومارەسەی ئەم دەسەڵاتە دەشێت بەشداربێت لە تێگەیشتن لە سوبێکتی مێینەیی؟ ئەگەر جەستەی نەرمونیانی مێینەیی پەیوەست بێت بە پراکتیزە دیسپلینکارییەکانەوە، ئەی کەواتە چ جەستەیەکی ژنانە هاوبەرامبەری مومارەسەکانی حوکمی نیولیبراڵییە؟

( 3 )

بێگومـان پراکتیـزە پێوانەییەکـانی جـوانیی مێینەیـی کە پـارتکی وەسـفی کـردوون، لە سـاڵی 1988ـەوە تـاوەکو ئێســــــتا، هەم لە ڕووی قەبــــــارە و هەم لە ڕووی هەمەجۆرییەوە، بەشیوەیەکی ترسناک زیادیان کردووە، پیشەســـــازیی کەرەســـــتە جوانکارییەکـــــان لە ڕووی جیهـــانییەوە بەرزبــــووونەوەی سەرســـــوڕهێنەریان لە قازانجدا تۆمار کردووە، زۆر لە کۆمپانیا فرەرەگەزەکانی کەرەستە جوانکارییەکان بۆ ناوچەگەلی نوێی وەکو چین پەلیان هاتویشتووە، داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکان لە بواری نەشـــــتەرگەریی جوانکـــــاری و کەرەســــــتەکانی ڕووبەڕووبــوونەوەی چــوونە تەمەنەوە، وەکــو کوتــانی بۆتــۆکس، لە بــازنەیەکی بەفراوانــی دنیــادا ئێســتا لە بەردەستدان و لای بەشێکی زۆری ژنان بوونەتە بەشێک لە ڕۆتیناتی بەردەوامی جوانکاری. هەروەها قەیرەکان و گەورەســــــاڵان لەنێـــــو ئەو تـــــوێژەدان کە لەلایەن دروســـتکەرانی کەرەســـتەکانی جوانکـــاریی و تەکنـــیکە پێوانەییەکـانی دیـکەی تـایبەت بە جەسـتەی مێینـەوە، بە ئامــانج گیــراون، وەکــو پەیڕەویکــردن لە سیســتەمێکی خــۆراک و مومارەســەی وەرزش و لابردنــی مووەکــانی جەستە. وا پێناچێت هیچ نیشانەیەک هەبێت ئاماژە بێ بۆ کشـــانەوەی ئەو تەکنیکـــانەی دیســـپلین کە بـــارتکی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو هەژماری کردوون و وەسفی کـردوون، یـان تەنـانەت ئامـاژەبێ بـۆ ڕەخـنەی زیـاتری کۆمەڵگەی هاوچەرخ لەم تەکنیکانە.

دەمەوێت ئاماژە بە ڕوودانی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بکەم لەو پاساوەدا کە ئەم تەکنیکانە پشتی پێدەبەستن، کە دەرکەوتنی هاوڕێ بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی سوبێکتی ئابووریی نیولیبڕالیدا. لە سایەی هونەرەکانی حوکمکردنی نیولیبڕالی و تەرکیزە زێدەڕەوانەکەیدا لەسەر لایەنی ئابووریی، ژنان بوونەتە سوبێکتی لیبڕالی پڕ بە واتای وشەکە: ئەوان تەنیا سوبێکتی تاکەکەسی نین کە مافی سیاسییان هەیە، بەڵکو سوبێکتی لەخۆباییشن کە بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەوان تەنیا ئەو مافانەیان نییە کە لیبڕالیزمی سیاسی بۆیان دابین دەکات، بەڵکو بوونەتە ئەو سوبێکتانەی کە لیبڕالیزمی ئابووریش گریمانەیان و پێشبینییان دەکات. کەسانێک کە تێدەکۆشن بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، پێش هەموو شتێک وەڵامی قازانج و زیانی ئابووری دەدەنەوە. شتێکی ئاساییە بەرژوەندی هاوسەرە ژنەکە لەگەڵ بەرژەوەندی هاوسەرەکەی یان لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵەکانیدا نەگونجێت: هەروەها هەتا بێ زیاتر ژنان وەک سوبێکتی ئەتۆمیی سەربەخۆ و سوودگەرا وێنا دەکرێن، کە بە ئازادییەوە کێبەرکێ دەکەن تاوەکو هەلە ئابوورییە ڕەخساوەکان بقۆزنەوە.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئێستا ژنان بەهۆی میکانیزمە نوێیەکانەوە، واتە لە ڕێگەی حوکمکردن بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیانەوە، بوونەتە سوبێکتی حکومکراو و ملکەچ. جێی خۆیەتی سەرنج لەوە بدەین کە مێینەیی پێوانەیی بەشێوەیەکی نوی بە توونـدی بە

قازانجی ئابوورییەوە بەستراوەتەوە. چونکە ژنان هەتابێ زیاتر پاساو بۆ مومارەسەی خووەکانی مێینەیی پێوانەیی لە ڕوانــگەی ئــابوورییەوە، کە پەیونــدییەکی ئەوتــۆی بە بایەخدانەکانی پیاوەوە نییە، دەهیننەوە: بۆ نموونە چیتر ژنان، بۆ ئەوە نینۆکی پەنجەکانیان درێژ ناکەن و کورت نــاکەنەوە لەبەرئەوەی هاوبەشــە پیاوەکانیــان بە شــتێکی ســەرنجڕاکێش و جــوانی دەزانــن، بەڵکــو لەبەرئەوە وای لێدەکەن کە بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی پیشەیی و دارایی، واتە نیشانەیەکە پتر یارمەتیدەرە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی وەزیفــی. بە هەمــان شــێوە، دەبینــین یەکێــک لەو هۆکــارە سەرەکییانەی وای لە هەندێ ژن کردووە نەشتەرگەریی جوانکــاری بــکەن و خۆیشــیان لە چاوپێکەوتنەکانیانــدا ئەمەیــان وتــووە، ئەوەیە کە بڕوایــان وایە نەشــتەرگەرییە جوانکارییەکان یارمەتییان دەدات لە بەرزبوونەوەی ئاستە وەزیفییەکەیــان[159]. ڕوخســاری مێینەیــی بــۆتە ئــامرازێکی گرنگ بەهــۆیەوە ژنــان ســەرمایە مرۆییەکەیــانی پــێ بەرز دەکەنەوە. ســوبێکتی نیــولیبڕالی هەتــابێ زیــاتر ڕواڵەت و جەســـتەی ژن بـــۆ بەدەســـتهێنانی ئەو دەســـتکەوتانەی خوازیاریـــانە، بەکاردەهێنێــت. ئەمەیــش واتـــای ئەوەیە مومارەســە پێــوانەییە مێینەییەکــان چیتــر تەنیــا پشــت بەو میکانیزمە وردانەی دیسپلین نابەستن کە پارتکی وەسفی کــردوون –وەک بەگەڕخستنی سیستەمی سزا و پاداشتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو بێ ئابڕوویی یان سەرنجڕاکێشیی

[159] A. Elliott, *Making the Cut: How Cosmetic Surgery is Transforming our Lives* (London: Reaktion Books, 2008).

سێکسی–، بەڵکو پشت بە تەفسیرێکیش دەبەستێت کە بەندە بە لۆژیکی دۆڕان و بەدەستهێنانی قازانجی داراییەوە.

جا کاتێک پارتکی سەرنج لەوە دەدات زامنکردنی جەستەیەکی جوان یان وروژێنەر، بە گرنگی و سەرسوڕمانەوە بۆ ژنان دەگەڕێتەوە، بەڵام هێزی کۆمەڵایەتی بەرچاویان بۆ دابین ناکات، ئەوا دەبینین دۆخەکە لە ڕواڵەتەکەیدا ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئیدی پەیوەستیی نێوان مێینەیی ئایدیاڵی و سەرکەوتنی ئابووریی، بۆتە پەیوەستەییەکی توندوتۆڵ و بەربڵاو. چیتر بەدەستهێنانی ڕواڵەتێکی تایبەتی مێینەیی ڕەمزی ملکەچی نییە –وەکو ساقییەکان و پێشوازیکەرانی هێڵەکانی ئاسمان و سکرتێرەکان–، چونکە لەمڕۆدا ژنانێکیش دوای ئەم ڕواڵەتە کەوتوون کە لە پێگەی دەسەڵات و داراییدان: وەکو بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار و ژنە سیاسییەکان. ئێستا لە جیهانێکدا دەژین کە بایەخی ڕوالەت لە هەموو کاتێک زیاتر باڵی بەسەردا کێشاوە، ژنی بەکاربەری نوێیش زۆر بە باشی ئاگای لەم واقیعەیە.

## ( 4 )

لە هەرموو دۆخێکدا، نابێت ئەم قسانە تووشی وەهمی ئەوەمان بکات کە واتای کولتوورییانەی مێینە و پەیوەندییە قووڵەکەی بە ملکەچی و وروژاندن و پشت بەستن بەوانیتر، بە تەواوەتی ونبووە و نەماوە. هەروەها واتای نەمان و ڕەوینەوەی پشتبەستنی بونیادیانە نییە

بەوانیتر وەک ئەوەی لە لیبڕالیزمدا هەبوو –لە خانەی وروژاندن و پشتبەستن بە خێزاندا بوو، کە سەربەخۆیی و خۆپەرستیی ئەوانیتری دەکردە شتێکی مومکین-. جا لەبەرئەوەی ژیانمانن لە دەوری خێزان و دابەشکاریی جێندەریی هەستوسۆز و چالاکییەکانی سوبێکت دەسووڕێتەوە، ئەوا ئەو سوبێکتە سوودگەرا پەتییەی مێینە کە نیۆلیبڕالیزم لەگەڵ خۆیدا هێنای، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ دارمانی نەزمی کۆمەڵایەتیمان، کە بە هیچ جۆرێک دیار نییە. لەو کاتەدا کە دەنگی بەرگریکاران لە بەها خێزانییەکان بەرز دەبێتەوە و دارمانێکی وەها ڕادەگەیەنن، ئەوا دەبێت ئەوەیش ڕابگەیەنین کە مێینەیی پێوانەیی ملکەچ هێشتایش تاڕادەیەکی زۆر بەردەوامە لەو پاڵپشتیی زەرورییەی کە سیستەمی سیاسی و ئابووریی نیولیبڕالی پێویستی پێیەتی. چیتر دووالیزمە دژ بەیەکەکان کە لیبڕالیزمی سیاسی لەسەریان دامەزرابوو – تاک/خێزان، سەربەخۆیی/پاشکۆیەتی، بەرژەوەندی تایبەت/وروژاندن- بەڕوونی لەنێوان هەردوو جێندەرەکەدا بەو دابەشکراوی نەماونەتەوە، بەڵکو ئێستا، هەتابێ زیاتر، بۆتە جیاکاریی ژیانی دەروونیی ژنانی کارکەر، ئەوانەی کە داوکارییە لێکدژەکانی مێنەیی چەند لەتی کردوون و، سیمای خۆیشی لەسەر دابەشبوونەکانی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکانی ژنان بەجێدەهێڵێت. ئێستا دەکرێت سوودی کەسییانەی هەندێک ژن بە ملکەچپێکردن و چەوساندنەوەی ژنانی تر بکرێت: شەو ژنەی کە

دەستیڕاگەیشتووە بە وەزیفەیەکی سەرکەوتوو، دەتوانێت چاودێری و هاوکاری لە کاروباری ماڵدا لە ژنانی تر بکرێت[160].

بەڵام ئەوە گرنگە ئاگامان لەوە بێت کە هونەرەکانی حوکمی نیولیبڕالی، سەبارەت بە ملکەچییەک وا لە سەر بنچینەی جێندەر ڕاوەستاوە، بە گویرەی لۆژیکێکی جیاواز کار دەکات. لەبری کۆنترۆڵکردنی سوبێکتی مێینە لە ڕێگەی خووە پێوانەییە بەردەوامەکانی سووکایەتی و سزا کۆمەڵایەتییەکان و پاداشتە سێکسییەکانەوە، ئەم هونەرانە ئەو ڕەفتارانە جێگیر دەکەن کە، هەتابێ زیاتر، مێینەیی پێواینە بەهۆی پاساوی ئابوورییەوە هەڵدەسەنگێنن، چونە لەوێدا تەرکیز خراوەتە سەر گۆڕاوە ژینگەییەکان کە ڕەفتاری ژنان لە فۆرمەکەیاندا وەک بەرکاربەر و پێشەنگانی کار، دیاریی و قەتیس دەکەن. دەبێت ئاگامان لەوەیش بێت کە ئازادیی کەسییانە و هەڵبژاردن، کە هونەرەکانی حوکمکردنی نیولیبڕالی دابینیان دەکات، لایەنێکی سەرەکییە لە لایەنەکانی ئەم تەکنیکە دەسەڵاتخوازییە. چونکە چەمکی هەڵبژاردنی کەسییانە، بە سەرکەوتوویی ماسک بە ڕووی ڕەهەندە بە میتۆدکراوەکانی دەسەڵاتدا دەگرێت –وەکو بالادەستی،

---

[160] بۆ نموونە بڕوانە:

Wendy Brown, *States of Injury: Power and Freedom in Late Modernity*(Princeton: Princeton University Press, 1995), p. 164.

هیرارشیەتی کۆمەڵایەتی-، کە ئازادیی هەڵبژاردن لەنێو چەندین بژاردەدا بە سوبێکتەکان دەبەخشێت، لە کاتێکدا لە هەر ئیمکانییەتێکی کردەیی دایاندەماڵێت کە دەرفەتی دیاریکردن و سکێچکردنی ئەم بژاردانەیان پێبدات.

ڕەنگە ئەم تەرکیزکردنە زێدەڕەوانەیە لەسەر هەڵبژاردنی ئازاد، لە دیارترین ئەو سیمایانەی هونەرەکانی حوکمکردنی نیولیبڕالی بێت کە زیانی بۆ سوبێکتی ژنانە هەیە. چونکە ئەو کاتە پێوەری ئازادیی ژن دەبێتە ڕادەی بژاردە تاکەکەسییەکان کە دەتوانێت هەڵیانبژێرێت: واتە ئەوەی کە ئاخۆ کەسێکمان دەتوانێت هەڵبژێرێت لەنێوان ئەوەی ببێتە بەڕێوەری جێبەجێکار یان سۆزانی، هاوسەرگییەکی نەریتیی بکات یان پەنابەرێتە بەر کڕینی کەرەستە پۆرنۆگرافیەکان. تەفسیری دەسەڵات تا ئەو ئاستە بەرزبۆتەوە کە -هەر بە سادەیی- یەکێکە لەو شتانەی ژنان دەتوانن هەڵیبژێرن. لەسەرووی ئەم چوارچێوەیەوە، ڕاستەوخۆ، مانەوەی ژنان لە ماڵدا یان عەودالبوونیان بەدوای وەزیفەیەکی خوازراو و کرێی زۆردا، بە شتێک دادەنرێت گوایە لە هەڵبژاردنی کەسییانەی تەواو ئازادەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەیش وا دەکات ئەو کۆسپانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنیاندا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بە کۆسپی کەسی و دەروونی دابنرێن نەک کۆسپی وەها کە ڕەهەندی سیاسییان هەیە. جا لەبەر ئەوەی سوبێکتی نیولیبڕالیستیی ئەتۆمیستی ئازادی سوودگەرا، بە

تەواوەتـــــی بەرپرســــە لە بەڕێوەچـــوون و کــــارایی چوارچێـوەی کـۆمەڵایەتی بەهـۆی حسـێبی تێچـوون و سوودەوە، ئەوا ئەوەی لە وەدیهێنانی سەرکەوتندا شکست دێنێت هیچی بەدەست نییە جگە لەوەی لۆمەی خۆی بکات نەک کەس یان هیچیتر.

ژنان ئەوەندەی توانایان هەیە عەزیی هاوسـەرگیری بە هەمـوو جۆرەکـانییەوە هەڵبژێـرن ئەوەنـدە نـاتوانن هێـز هەڵبژێـــرن، لێـــرەدا کێشـــە ڕوونەکە وا لە تەرکیـــزی زێدەڕوانە لەسـەر بەهـای هەڵبـژاردن. مەودای هەڵبژاردنـی ڕەخسـاو بۆ ژنـان، لەلایەن تۆڕێک پەیوەندیی نایەکسـانی هێزەوە سنووردار کراوە، ئەمەیش تەنیا بەوەندە ناوەستێ کە ئیمکـان و بژاردەکانیـان دیـاریی بکـات، بەڵکو کـار بـۆ ئەوە دەکـــات سوبێکتەکەیشـــیان دروســـت بکـــات. ئەو بۆچـــوونەی کە پێیـــوایە ســـوبێکتی مێیـــنەی خـــاوەن بەرژەوەنـدیی دیـاریکراو خـاوەن شوناسـی جێگیـر، خـۆی پاشای بژاردەکانیەتی و لەپێش ئەو پەیوەندییانەی هێزەوە بوونی هەیە کە خۆی لەنێویاندایە، ئەوا ئەمە پەردە دەدات بەســـەر لایەنەکـــانی دەســـەڵاتی ڕێکوپێـــک و دامەزراوی نێرینەدا، ئەمەیش بە پارادۆکسـەوە واتـای ئەوەیە بـاوەڕی ئەو بە ئیمکـانە بـێ سـنوورەکانی و ئـازادیی هەڵبـژاردن، وای لێدەکات لە پێشتر زیاتر تووشی لایەنگیریی سێکسـی ببێت.

**سەرچاوە:**


یوهانا أوكسالا: النيوليبرالية والذات الأنثوية، ترجمة: العنود سعد، الموقع: حكمة- من أجل إجتهاد ثقافي و فلسفي، 2016/12/22. http://hekmah.org


**دەقی ئەسڵی وتارەکە**


*Oksala, Johanna. "Neoliberalism and the Feminine Subject". Public Seminar. 19 December 2014. http://www.publicseminar.org/2014/12/neoliberalism-and-the-feminine-subject/#.V9iprfkrK00.*

## (چواردە)

# لە لیبرالیزمەوە بۆ کۆمەڵگەی بەکاربەر
## ڕەخنەی بۆدریار لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ

ئەشرەف مەنسوور

بەرهەمەکانی فەیلەسوفی هاوچەرخی فەرەنسیی «ژان بۆدریار» لە توێژینەوە گرنگ و بەناوبانگەکانی کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری سەردەمی ئێستامان دادەنرێت، ئەو هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە تاوەکو ئێستا، لە پێشەنگانی شانۆی فیکریی فەرەنسا و جیهانە. بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوفە تەرخانن بۆ ڕەخنەکردنی کۆمەڵگەی بەکاربەر. بە پاڵ ئەو کتێبەیەوە کە ناونیشانی «کۆمەڵگەی بەکاربەر The Consumer Society›ـە، کۆمەڵێک توێژینەوەی دیکەی بڵاوکراوەی هەیە کە لە کتێبەکانیدا بڵاوی کردوونەتەوە، تێیاندا تاوتوێی هەمان بابەت دەکات، لەوانە: «ئاوێنەکانی بەرهەمهێنان «The Mirror of Production» و «بەرەو ڕەخنەی ئابووریی سیاسیی نیشانە For A Critique of The Political Economy of The Sign» و «ئاڵوگۆڕی ڕەمزی و مەرگ Symbolic Exchange and Death».

دەتوانین وەها لە ڕەخنەی بۆدریار لە کۆمەڵگەی بەکاربەر بڕوانین کە سەر بە نەریت یان میراتێکی فیکریی گەورەیە کە سەرنجی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی هاوچەرخ چڕکردۆتەوە، لەم نەریتەدا کەسانێکی بەرچار و دیار هەن: جۆرج لۆکاچ، فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، هەندێ لە بونیادگەراکانی وەکو ڕۆلان بارت، پاش بودیاگەرای وەکو میشێل فۆکۆ... ئەمە جگە لە نەریتێکی بە تەمەنی سەدەی نۆزدە، کە کارەکانی مارکس و نیچە و فێبلنی پێکیان دەهێنا. لەڕاستیدا توێژینەوەی بۆدریار لە کۆمەڵگەی بەکاربەر ئەوەمان پیشاندەدات کە کۆمەڵگەی بەکاربەر چۆن گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە

لیبڕالیزمەوە، وەک وێنەیەک کە ڕۆژئاوای سەرمایەداری تێیدا لە خۆی ڕوانیووە، بۆ کۆمەڵگەی بەکاربەر کە واقیعی هەنوکە و دوا قۆناغە ڕۆژئاوا پێیگەیشتووە. لە سەرجەم توێژینەوەکانیدا، بۆدریار بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چۆن بەها و ئایدیاڵە بۆرژوازییەکان و ئایدیۆلۆژیای لیبڕالیزم گۆڕاون بە بەها و پێوەری بەکاربەرئاسا، کە دامەزراوە گەورەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیا هەڵیدەسوڕێنن، یان گۆڕاون بە سیستەمێکی ڕەمز و نیشانەکان کە لۆژیک و ژیانی تایبەت بەخۆی هەیە، لۆژیکێک کە ژیانی واقیعیی مرۆڤەکان دەسڕێتەوە، لەمەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە چۆن میدیا و پەیوەندیگیریی جیهانێکی دەستکرد و زڕە وێنەییان دروستکردووە کە زێدە-واقیعی Hyperreality دەنوێنێتەوە، واتە واقیعیتر لە واقیع خۆی .

هەموو بەها و ئایدیاڵە لیبڕالییەکان، دوایین و تەواوترین گوزارشتی خۆیان و کۆتاییە لۆژیکییەکەی خۆیان لە کۆمەڵگەی بەکاربەردا دەبیننەوە. ئازادی بۆتە ئازادیی کڕین و فرۆشتن، فرەیی بۆتە هەمەجۆریی ئۆبێکتە بەکاربەرییەکان، دادپەروەری بۆتە نرخی گونجاو The Fair Price. ئەم چارەنووسی گوتاری لیبڕالییە کە لە سەرەتاکانییەوە وەکو ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری و وەک پاڵپشتێکی فیکریی بۆ ئابووریی بازاڕ بەکارهێنراوە. لە سەدەی هەژدەیەمەوە لیبڕالیزم وەرگۆڕا بۆ چەمکەکانی ئابووریی سەرمایەداری، بۆیە ئاسایی بوو لەم سەردەمەی ئێمەیشدا جارێکی دیکە وەربگێڕدرێتە سەر بەهاکانی کۆمەڵگەی بەکاربەر کە پەرەسەندنە سروشتی و مێژوویی و ئابوورییەکەی سەرمایەدارییە .

**تاکەکەس**

کۆمەڵگەی بەکاربەر پێناسە نەریتییەکان بۆ هەموو بەها و پێوەرە سەرەکییەکانی لیبڕالیزم لە بەرژەوەندیی خۆی دەگۆڕێت. تاکەکەس دەبێتە بەشداربوویەک لە کۆمەڵگەی خۆیدا، نەک بە کردەی کۆمەڵایەتی یان بە کردەی سیاسی، بەڵکو بە بەکاربردنی کاڵا و شمەکە بەرهەمهێنراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، بەشداریی بۆتە بەشداریی لە جۆری بەکاربردندا، ئینتیمایش بۆتە ئینتیما بۆ توێژێکی بەکاربەری دیاریکراو، کە نیشانەیە لەسەر پێگە یان ئاستی کۆمەڵایەتی .

چیتر بەها ئەخلاقییەکانی ئەویترێتی، کە ڕەفتاری تاکەکەس لەگەڵ ئەوانی تردا بەڕێوەدەبات، ناتوانێت هاوبەندی و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی وەدیبهێنێت، ئەو بەهایانەی کە سەرچاوەکانی لە مەسیحییەت و بزووتنەوەی چاکسازیی ئاینیدایە، لە سەرووی هەموویشیانەوە پیۆریتانی. چیتر هیچ نەماوەتەوە جگە لە بەها تاکەکەسییەکان کە کۆمەڵگەی بەکاربەر سوورە لەسەر بەرهەمهێنانیان بە ڕێژەیەکی زیاتر، چونکە ئەم بەهایانە هەنووکە دەتوانن جۆرێک ئاوێتەبوون وەدیبهێنین کە بەرهەمی بەشداریکردنی لە یەک شتدا، ئەویش هیچ نییە جگە لە بەرکابردن. کۆمەڵگەی بەکاربەر بە تەواوەتی مانای تاکایەتیی گۆڕیوە، چیتر تاکەکەس ناکۆشێت بۆ خۆ-وەدیهێنان، بەڵکو بۆتە کەسێک تێدەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی هاوڕایی ئەوانی تر و بە دەستخستنی ڕەزامەندییان و هاوشوناسیکردن لەگەڵیاندا. چیتر تاکایەتی بەهایەکی ڕەها نییە، بەڵکو تەنیا ڕێکەوتنێکی

وەزیفییە. لەبری تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵە دەستکەوتێک بەهۆیەوە مرۆڤ دۆخ و ڕەوشی خۆی بگۆڕێت، یان لە حاڵی خۆی بچێتە حاڵێکی دیکە، تێدەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خەڵکی و هیچیتر .

بەکاربەر بڕوای وایە کە لە ڕەفتارەکانیدا ئازادە، بەو هۆیەی گوایە لە هەڵبژاردنی هەموو ئەو شتانەدا کە کۆمەڵگەی بەکاربەر دەیخاتە بەردەستی، خاوەنی ئازادییە. پێیوایە تێدەکۆشێت بۆ جیاوازی و جیامەندی لەوانیتر، کەسیش لەسەر ئەوە ناچاریی ناکات کە بەو جۆرە بێت، چونکە لە ناخی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت؛ هەروەها ئەو پەیڕەوی لە ڕێسایەک یان پەیوەستەگییەکی دیاریکراو ناکات کە ناچاری بکەن جیاواز و تایبەت بێت، ئەمەش نیشانەی بنەڕەتیی بە تاکەکەسبوونە. بەڵام ئەم ئازادییە وەهمییە و هەوڵدانیشی بۆ جیاوازبوون هەوڵێکی ساختەیە، چونکە فرەیی ئوبێکتەکانی بەکاربردن و فرەیی هەڵوێست و بۆچوونەکان و تەرزە کولتوورییەکان، کە هەڵیاندەبژێرێت، هیچ نییە جگە لە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە دەوروبەریەتی و تەنیا یەک لۆژیکیش دەردەخات، ئەویش تێهەڵکێشبوونی تاکەکەسە بەو تاکە شێوازەی کە دەتوانێت لە کۆمەڵگەدا لەسەری بژی، ئەمەیش تەنیا لەپێناو بەکاربردندا. فرەیی ساختەیە، چونکە هیچ نییە جگە لە هەمەجۆریی ئوبێکتە بەکاربەرییەکان، جا چی کاڵا بێت یان بۆچوونەکان یان تەرزە کولتوورییەکان .

هەروەها کۆمەڵگەی بەکاربەر مانای پراکتیک و چالاکیی کۆمەڵایەتیی تاکەکەس دەگۆڕێت. پراکتیکی

کۆمەڵایەتی و سیاسی (پراکسیس) دەگۆڕێت بۆ بایەخدام بە کاروبارەکـــانی ژیـــانی ڕۆژانەEverydayness ، واتە بوونێکی ساختە بە گوێرەی فەلسەفەی هایدیگەر. بوارە سیاســی و کولتــووری و کۆمەڵایەتییەکــان، ون دەبــن و جێگای خۆیان بۆ ژیانی تایبەت و هەر شتێکی تایبەت چۆڵ دەکەن: کار، خێزان، کاتی بەتاڵ، سەرگەرمی و ڕابواردن، بازنەی هاوڕێیان و زانینەکان. بەم جۆرە میدیا (یـان ئامرازەکــانی پەیوەنــدیی جەمــاوەری) دەتــوانین دەستوەردان لە ژیانی تایبەتی خەڵکی بکەن، ئەمەیش بەوەی کۆنترۆڵی سەرگەرمی و کاتەکانی بەتاڵی بکەن و دنەی بازرگانییانەی زەوقەکان بدەن .

بەڵام ئاخۆ ئەم دۆخە دەبێتە مایەی جۆرێک ئازاری ویـژدان و هەسـتکردن بە تـاوان، کە بەرهەمـی لێکـدژیی نێـوان نەرێنییەکـی لـێکەوتەی دوورەپەرێـزییە لە بـواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پۆزەتیڤیتییەکی ڕەسەن کە ڕەگی خۆی لە کەلەپووری دیموکراسیی ڕۆژئـاوایی و مێـــژووە سیاســـییەکەیدا داکوتـــاوە؟ بۆدریـــار وەهـــا وەڵامـدەداتەوە کە کـۆمەڵگەی بەکـاربەر هەوڵـدەدات ئەم هەستکردن بە تاوان یان کەموکورتییە لەنێوبەرێت، بەوەی وەها لە خەڵکی بکات لەوێدا هەست بە ئارامی بکەن کە لەو شـــتە دووربـــن پێیـــدەوترێت جەنگەڵـــی ژیـــان و مەترسـییەکانی. هەتـا زیـاتر میـدیا وێنەیەکـی خـراپ و دڕندانە و ترسناک دەربارەی جیهان پەخش بکاتەوە، ئەوا خەڵکـیش زیـاتر هەسـت بە ئـارامی و ئاسـاییش دەکەن بەوەی لەو دڕنـــدەیی و مەترســـییانە دوورن. هەســـتی ســاختەی ئەوان بە ئـارامی دەبێـتە مـایەی نەمـانی هەر

هەستکردنێک بە تەواوان یان بە کەموکورِی، ئەمەیش یەکێکە لە فاکتەرەکانی قبوڵکردنی دۆخی باڵادەست، چونکە وا لە خەڵکی دەکات بێلایەن و پاسیڤ بن لە بەردەم هەموو دۆز و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا. «پەیوندیی بەکاربەر بە جیهانی ڕاستەقینە و بە سیاسەت و مێژوو و کولتوورەوە، پەیوەندیی بایەخپێدان یان بەپرسیاریێتی مولتەزیم نییە... بەڵکو پەیوەندیی فزوڵی و کونجکۆڵییە.‹‹

چیتر تاقانەیی Singularity ئامانجی تاکەکەس نییە، کە لە ڕێگەی جیاوازبوون لەوانی دیکەوە هەوڵی بۆ دەدات؛ ئاخر ئەو ڕەگەزانەی کە کۆمەڵگە دەیداتە تاکەکەس تاوەکو هەستی تاقانەیی لەلا دروست بێت، وایلێدەکات بچێتە نێو داوی ئایدیۆلۆژیای بەکاربردنەوە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە تاکەکەسدا نەرگسیەتێک بڵاودەکاتەوە کە ویلێدەکات تاقانەیی خۆی وەکو ئەوە ببینێت جۆری ئەو پۆشاکەی دەیپۆشێت و ئەو ئۆتۆمبێلەکەی بەکاری دەهێنێت و ئەو عەترەی لە خۆیی دەدات، یان جۆری ئەو شمەکەی کە دەیکڕیت یان چۆنییەتی بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکەی، پێکیدەهێنن. بەوەش تاقانەیی دەگۆڕدرێت بۆ هاوشوناسی لەگەڵ پێوەرە گشتییەکاندا کە کۆمەڵگەی دروستیان دەکات، یان دەگۆڕدرێت بۆ چوونە نێو تەزر و تایپە دیاریکراوەکانی کەسانی بەناوبانگ و ئەستێرە سینەماییەکان و ئایکۆنەکانی میدیا. بۆیە لێرەدا تاقانەیی تاکەکەس هەڵدەگەڕێتەوە و دەکرێت بە تایپی باو Stereotypingو ستاندارکردن (Standardization).

**پێداویستی**

لیبڕالیـــزم گوتـــارێکی زاڵ کـــردووە دەربـــارەی پێداویستییەکان (Needs) و دەربارەی ئەو ئامڕازانەی کە مـــرۆڤ هەوڵـــدەدات لە ڕێگەیـــانەوە ئەم پێداویســـتییانە تێربکـات. ئەم گوتـارە پشـتی بەسـتووە بە تیۆڕوانینێک لە سروشتی مرۆیی و مرۆڤ وەک مرۆڤی ئابووری Homo Oeconomicus.ئەم گوتارە لە زانستی ئابووریی سیاسی و لە هەندێک ڕێبازی فیکر و فەلسەفەکانی وەکو فەلسەفەی ئەزموونگەرایی ئینگلیزیدا دەرکەوتووە و بۆ ماوەیەکی درێـژیش بەسـەر فیکـری سیاسـی خۆرئـاوادا زاڵ بـوو، ئێسـتایش بە یەکێـک لە پـایە سـەرەکییەکانی کـۆمەڵگەی بەکـاربەر دادەنرێـت. بەرهەمەکـانی بۆدریـار ڕەخنەیەکـی توونـد و قووڵە لەم چەمکی پێداویستییە .

ئەو پێداویســـتییانەی کە گوتـــاری پشـــتیوانیکەری کۆمەڵگەی بەکاربەر باسیان لێ دەکات، پێداویستی مرۆیی نین کە لە سروشتی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەڵکـــو پێداویســـتی زۆروزەبەنـــدن کە هەر کـــۆمەڵگە بەکاربەرەکە خۆی دروستی کردوون. ئەوانە پێداویستیی سەرەتایی نین. پێداویستی مرۆڤ بۆ نموونە بە خواردن، بە بڕێکی دیاریکراو خواردن تێر دەبێت، بەڵام خواردن لە کۆمەڵگەی بەکاربەردا چەندین فۆرم و شێوە وەدەگرێت و دەبێـــتە بـــواری ڕەمـــزی. ئەگەرچـــی پێداویســـتییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دیاریکراو و سنووردارن، کەچی ئێمە هەمەجۆرییەی ئێجگار زۆر لەو کاڵایانەدا دەبینین کە

ئەم پێداویســـتییانە پـــڕ دەکەنەوە. ئەم هەمەجـــۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگە بەکاربەرەی کە پێداویستی لاوەکیی دیکە دروست دەکات، هەر تەنیا بەوەی بڕێکی زۆر لەو کاڵایانە بەرهەم بهێنێت کە یەک پێداویستی تێر دەکەن. مرۆڤ ئاستی لایەنی کەمی هەیە کە بەسە بۆی و دەتوانێت بەو بڕە پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆی تێر بکـات، بەڵام کـۆمەڵگەی بەکـاربەر پێداویسـتیی دیـکەی ڕابـــواردن و خۆشـــگوزەرانی و ڕەمزیـــی وەهـــای دروستکردووە کە ناتوانرێت تێر بکرێن، چونکە هەر کە تـــاکەکەس یەکێکیـــانی تێرکـــرد یەکســـەر وای لێـــدەکات دانەیەکی دیکەشیان تێر بکات و ئیدی تا ناکۆتا... هۆکاری ئەمە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ئەوەی کە ئەمـــانە کۆمەڵێـــک پێداویستی نین کە لە ڕێگەی بەهـای بەکارهێنانەوە تێر بکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی بەهای بەکاربردنەوە تێر دەکرێن. تێرکردنـی ئەم پێداویسـتییانە لەوێـوە نـایەت کە مـرۆڤ بەهای بەکارهێنانی شتێکی هەبێت، بەڵکو لەوێوە دێت کە بەهای ڕەمزیی هەبێت. کاڵاکان بۆ ئەوە بەکاردەبرێن کە پـــێگەیەک یـــان دۆخێکـــی کـــۆمەڵیەتی یـــان ســـەنگێک لە کۆمەڵگەدا و وێنەیەکی دیاریکراو لای ئەوانیتر ببەخشێتە کەســـەکە، نەک بـــۆ ئەوە بەکـــارببرێن کە پێداویســـتییە سەرەتاییەکانی تێر بکات .

حەقیقەتـــی پێداویســـتییەکان ئەوە نیـــیە پێداویســـتیی تاکەکان بن، بەڵکو پێداویستیی سیستەمەکەن، پێداویستیی گەشـــەکردنن. گەشـــەکردنی زیـــاتری کـــۆمەڵگە گەلێـــک

پێداویستیی دیاریکراو دەسەپێنێت، کە خۆیان لە پشت پێداویستیی تاکەکانەوە دەشارنەوە. ئەگەر سەردەمی ئێستامان سەردەمی پاش-پیشەسازی Post-Industrial بێت و بەرهەمە سەرەکییەکەی لە خزمەتگوزارییەکان و کالاّ بەکاربەرییەکان و پیشەسازییە نەرمەکان و پیشەسازییەکانی میدیا و زانیارییدا دەربکەوێتەوە، ئەوا ئاساییە کە بەهای بالادەست تێیدا بەهای ئالۆگۆڕ و ڕەمزی بێت نەک بەهای بەکارهێنان؛ هەروەها ئاساییە ئەم کۆمەڵگەیە کار لەسەر خولقاندنی ئەو پێداویستییانە بکات کە بەرهەمەکانی خۆی تێریان دەکات. جا لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی بەکاربەرانە و خزمەتگوزارانە و میدیایین ئەوا ئەو پێداویستییانەیشی کە دروستیان دەکات پێویستە پێداویستیی ڕەمزی و لاوەکی بن .

خولقاندنی پێداویستیی نوێ بە بەردەوامی، لە پێویستییەکانی مانەوەی سیستەمی سەرمایەدارییە، ئەم سیستەمە پێویستییەکی هەمیشەیی بە بازاڕەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی هەیە. بۆیە ئیمپریالیزم بۆ ئەم سیستەمە زەرورییە تاوەکو بازاڕی زیاتر لە هەموو کیشوەرەکانی جیهاندا داگیر بکات، خۆ ئەگەر سەرمایەداری بە بەردەوامی بازاڕ نەدۆزێتەوە ئەوا دەمرێت. سەربەخۆیی کۆلۆنیالەکان هیچ چەندوچونێکیان تێدا نییە، بەلام سەرمایەداریی کالای نوی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی نوێ دروست دەکات. بەوەش بازاڕی نوێ داگیردەکات و قەرەبووی ئەو بازاڕانەی پێدەکاتەوە کە لە

بـــزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانـــدا لەدەســـتیدەدات، بەم بـــۆنەیەوە بـــازاڕە بەکـــاربەری و میـــدیایی و خزمەتگوزارییەکـان سـەریانهەڵدا کە گیـانی نـوێی کـرد بە بەر سیستەمەکەدا .

هەروەهـا کۆمەڵگەی بەکـاربەر سروشـتی سـوڕانەوەی سـەرمایە و دووبـارە بەرهەمهێنـانەوەی سیسـتەمەکەی گۆڕیـوە. لە سـەردەمی سـەرمایەداریی پیشەسـازیدا، پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـان لە سیسـتەمی چینـایەتی و موڵکـایەتی تـایبەت و ئەو یاسـا و ڕێسـایانەی کە ڕێکیدەخست، کاری دەکرد بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیسـتەمی سـەرمایەداری و پاراسـتنی و هێشـتنەوەی هاوبەنـــدییەکەی، بەڵام ئێســـتا و لە ســـەردەمی سەرمایەداریی پاش-پیشەسازیدا، ئەوەی کار بۆ دووبارە بەرهەمهێنـــانەوەی سیســـتەمەکەی و پاراســـتن و هاویەنـدییەکەی دەکـات بەکـاربردن و بەربـادکردن و بەفیرۆدانن. چیتر ئەم سیستەمە پشت بە گۆڕینی زێدبایی بۆ سـەرمایەی نـوێ نابەسـتێت کە بە بەردەوام کەڵەکە و بەرفراوان ببێت، بەڵکو پشت بە بەرهەمهێنانی پیشەسازییە نەرم و شـلۆکەکان دەبەسـتێت کە  پێویسـتە بەفیـڕۆ و بە هەدەربـــدرێن تـــاوەکو بە بەردەوامـــی سیســـتەمەکە بەرهەمبهێننەوە، ئێستا سووڕی سەرمایە بەم جۆرەیە .

پێداویستییەکان چیتر سەربەخۆیی و دۆخی تایبەتییان نییە، چیتر بەوەدا ناناسرێنەوە کە سـەرەتایی و سروشـتی و تـایبەتن بە سـوبێکتی مرۆیـی، بەڵکـو دروسـتکراوی

سیســـتەمەکەن، بـــۆیە ڕەخنەکردنـــی ســـەرمایەداری بەو جـۆرەی مـارکس و لۆکـاچ و قوتابخـانەی فرانکفـۆرت و زۆربەی ڕەوتە چەپەکـــانی دیـــکە کردوویـــانە چیتـــر نـــاگونجێن. پێداویســـــتی بــــۆتە شـــتێک لە ڕووی کـۆمەڵایەتییەوە مەرجـدار بـووە و خـۆی بـۆتە یەکێـک لە بەرهەمەکانی سیستەمەکە، بۆیە ناکرێت لە بەرهەمەکانی سیستەمەکەوە ڕەخنە لە سیستەمەکە بگرین.

لە ڕاســـتیدا، لای هیگـــڵ دیـــاریکردنێکی هاوشـــێوەی چەمکـی پێداویسـتی دەبینیـنەوە، بە تـایبەتیش لە کتێبـی «بنچینەکـانی فەلســەفەی مـاف»ــدا، کە لەوێـدا تیـۆرە کـۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانی خـۆی خسـتۆتە ڕوو. لای هیگڵ هەتا شارستانێتی پێشبکەوێت، پێداویستییەکانیشی دوو قـات دەبنەوە، تاکەکەسیش ناتوانێت هەموویـان تێر بکـــات، بـــۆیە زیـــاتر دەبـــن بە پێداویســـتییەکانی خۆشـــگوزەرانی. بەڵام کاتێـــک هیگـــڵ لە دیـــاریکردنی سیسـتەمی پێداویسـتییەکانەوە دەچێت بەرەو کـاتیگۆریی کـار و ڕەخـنە لە شـیکاریی ئـابووریی سیاسـی دەگرێـت وەک ڕەخـــنەیەک کە لە چەمکـی پێداویســـتی و کـــارەوە دەســـت پێـدەکات، ئـا لەوێـدا بۆدریـار تەنیـا بەوەنـدە وازدەهێنێـــت کە ڕەخـــنە لە کـــۆمەڵگەی بەکـــاربەر و ئایدیۆلۆژیا پاڵپشـتەکەی بگرێت و ئەو هەنگاوە هەڵنانێت کە هیگـــڵ و دواتـــریش مـــارکس هەڵیاننـــا، ئەویـــش ڕەخنەکردنـی ئـابووریی سیاسـی خـۆیەتی کە لەســـەر

چەمکی پێداویستی دامەزراوە، بەڵکو تەنیا ڕەخنە لەم چەمکە دەگرێت .

هۆکاری ئەمە ئەوەیە بۆردیار دەستبەرداری هەوڵدان بۆ ڕەخنەگرتن لە ئابووریی سیاسی بوو، چونکە پێیوابوو ئەوەی جێگای ئابووریی سیاسی گرتۆتەوە سیستەمی ڕەمز و نیشانەکانە، سیستەمێک کە پەیوەندیگیری و میدیا و بەکاربردن بەڕێوەی دەبەن .

**یەکسانی**

یەکسانی ئەفسانەیە، ئایدیۆلۆژیای لیبڕالیستی هەمیشە بۆ پاساودانەوەی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پاراستنی دۆخی بالادەست بەکاریهێناوە. هەموو خراپەکاری و خاشاکەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە ئێستادا گۆڕاون بۆ چەمکی بەختەوەری. بەختەوەری بۆتە نیشانە و پێوەری یەکسانی. بۆئەوەی بەختەوەری هەڵگری ئەفسانەی یەکسانی بێت، پێویستە ملکەچی پێوەر ببێت، واتە شایەنی ئەوە بێت لە فۆڕمی ئوبێکت و نیشانەکاندا پێوانە بکرێت، پێویستە بگۆڕێت بۆ خۆشگوزەرانی. دەوڵەتی خۆشگوزەران لە خۆرئاوا میراتی سیاسیی لیبڕالیستی بە هەموو بەها و پێوەرەکانییەوە بۆ ماوەتەوە، وەها لەخۆی ڕوانیوە بەدیهێنەری ئەم بەها و پێوەرانە و پەرەسەندنە سروشتییەکەیانە، بۆیە لۆژیکییە یەکسانی تەرجەمەی چەمکەکانی کۆمەڵگەی بەکاربەر بکرێن کە ئەویش بەرهەمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانە، بۆیە

بەختەوەری دەبێتە نیشانەی خۆشگوزەرانی و خۆشگوزەرانیش دەبێتە نیشانەی یەکسانی .

بۆ ئەوەی بەختەوەریی ڕەسەن دووربخرێتەوە و لەچاوان بشاردرێتەوە، ئەو بەختەوەرییەی کە هەستی ناوەکییە لای مرۆڤ و سەربەخۆیەوە لە هەر ئوبێکتێکی دەرەکی، کە بەم مانایە ڕەزامەندی و قەناعەتە، ئەو بەختەوەرییەی کە پێویستی لە ڕێنیشاندەری ماتریالّی نییە، بۆ ئەوەی شوێنی خۆی بدات بە بەختەوەریی وەک خۆشگوزەرانی، پێویستە پێوانە بکرێت و بە گوێرەی ڕوانگەی پێوانەیی بەدوایدا بگەڕێین. چیتر بەختەوەری دلّشادیی کۆمەلّ نییە لە چەژن و بۆنەکاندا، چیتر بەختەوەرییەکی مەعنەوی و کۆنکرێت لە ژیانی بەکۆمەلّی هاوبەشدا نییە، بەلّکو بۆتە بەختەوەرییەک کە پێوەری تاکەکەسیانەی هەیە. بۆدریار لەمەش زیاتر دەڕوات و پێیوایە میراتی لیبڕالی هەر لە سەرەتاکانییەوە یەکسانی تەرجەمەی ئەم چەمکە بەرتەسکە دەکات دەربارەی بەختەوەری. ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی دان بەوەدا دەنێت و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات هەموو کەسێک مافی خۆیەتی بەختەوەر بێت، واتە بەختەوەری لە مانا بە کۆمەلّییە گشتییەکەی و لە مانا مەعنەوی و هاوبەشەکەیەوە دەگۆڕێت بۆ مانا تاکەکەسییەکەی کە دەگۆڕێت بۆ خۆشگوزەرانی و چێژبینین لە ئوبێکتەکانی بەکاربردن. ‹›بنەمای دیموکراسی لە یەکسانی ڕاستەقینەی لێهاتوویی و بەرپرسیارێتی و هەلە

یەکسانەکانەوە گۆڕاوە و بووە بە یەکسانی لەبەردەم ئۆبێکتەکانی خاوەنداریێتی و ڕەمزە ماتریاڵییەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەختەوەری... دیارە ئەمە یەکسانییەکی عەینییە، بەڵام یەکسانییەکی فۆڕماڵ و ڕووکەشە کە نەبوونی دیموکراسییەتی ڕاستەقینە و نایەکسانی دەشارێتەوە و دادەپۆشێت.››

خۆ ئەگەر کۆمەڵگەی هاوچەرخ شتێک لە یەکسانی لە مووچە و بژێوی و تێرکردنی پێداویستییەکاندا دێنێتە گۆڕێ، ئەوا ئەمە بە بەرهەمهێنانی زیادەBy-Product ی وەزیفەی ئەسڵیی سیستەمەکە دادەنرێت کەوا خۆ لە زیادەی ئیمتیازاتە ماتریالییەکانی خاوەن ئیمتیازانەکاندا دەنوێنێتەوە، ئەوا لە بەرژەوەندیی ئەوانەدا کە هەر لە بنەڕەتەوە ئیمتیازاتەکانیان هەیە. نایەکسانی ئامانجی گەشەسەندنە و یەکسانییش هیچ نییە جگە لە بەرهەمهێکی زیادە کە بە سووتفە تێیدا ڕوودەدات. جا کاتێک لیبڕالیزم پێیوایە گەشەسەندنی زیاتر دەبێتە مایەی کەمکردنەوە (یان لەنەهێشتنی) دەگمەنی و ئینجا هەژاری و زەحمەت، کە چینەکانی خوارەوە بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئینجا دەبێتە مایەی نەهێشتنی ئەگەرەکانی شۆڕش و پشێوییە کۆمەڵایەتییەکان و کەمکردنەوەی توونددیی لێکدژییە چینایەتییەکان و جیاوازییە گەورەکانی نێوان ئاستەکانی بژێوی، ئەوا لە واقیعدا گەشەسەندن نەبۆتە مایەی هیچ یەکێک لەمانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆتە مایەی زیادبوونی جیاوازییە پلەبەندییەکان.

خۆ ئەگەر بنەماکانی دیموکراسییەت و یەکسانی لە گوتاری لیبرالیزمی تەقلیدیدا، مومارەسەی کۆنترۆڵ یان باڵادەستیی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی ئایدیۆلۆژیی لێکدژییە سیاسی و ئابوورییەکان بکەن، ئەوا لەمرۆژگارەدا چیتر ئەم ڕۆڵە ناگێڕن. کۆمەڵگەی بەکاربەر ئەم بەهایانەی کردووە بە کۆمەڵێک بەهای لاواز کە ناتوانن وەزیفەی یەکسختنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەک ئەنجام بدەن کە واقیعەکەی لەگەڵ ئەم بەهایانەدا لێکدژە، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی پەروەردە و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیشەوە بینوێنێتەوە. ئەوەی ئێستا ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت بریتییە لە میکانیزمێکی نائاگایانە لە ئاوێتەبوون و بەڕێوەبردندا. ئەم میکانیزمە ئەوەیە تاکەکان بباتە نێو سیستەمی جیاوازییەکانەوە، واتە بیانخاتە نێو نەزمی فرەیی و هەمەجۆریی کولتوورییەوە، کە تێیدا تاکەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتە بەکاربەرییەکانەوە جیاواز بن. بەمەیش جیاوازیی شوێنی لێکدژیی دەگرێتەوە. لێکدژی بەوە هەڵناوەشێتەوە یەکسانی و هاوسەنگی بخرێتە شوێنی، بەڵکو بەوە هەڵدەوەشێتەوە جیاوازی و جیامەندی و تایبەتیبوونی کولتووری و بەکاربەری و میدیایی بخرێتە شوێنی .

**وەهمی ئازادی**

کۆمەڵگەی بەکاربەر بە هەمان ئەو شێوازە بەکاردەهێنێت کە کۆمەڵگەی پیشەسازییش بەکاری

دەهێنـــا. هەر لە ســـەرەتای ســـەردەمی پیشەســـازییەوە، لیبڕالیزم بانگەشە بۆ ئازادی دەکات، بەڵام ئەم بانگەشـە و داوایە خۆی ساختە و ئایدیۆلۆژییە و ئامانجی دیکەی لە پشـتە. دەبێت تـاکەکەس لە فیـوداڵ و کەنیسـە و ئـایینزا و هۆز و نەژاد ئازاد ببێت تاوەکو ببێتە کرێکاری کرێگرتە و بچێـتە ژێـر سـایەی سیسـتەمی سـەرمایەداری. بنەمـای ئـازادی، بەو جـۆرەی کـۆمەڵگەی پیشەسـازی بەکـاری دەهێنـا، ئەرکـی ئەوەبـوو پەیوەنـدیی تـاکەکەس بە هەمـوو شتانەوە ببڕیت کە دەیبەستنەوە بە یەکە کۆمەڵایەتییەکانی پێش سەرمایەدارییەوە، تاوەکو سیستەمەکە بتوانێت بیباتە بـــازاڕی کـــارەوە و تێیـــدا ببێـــتە کـــاڵا. هەمـــان ئەم بەکارهێنـانەی بنەمـای ئـازادی، کـۆمەڵگەی بەکـاربەریش بەکاری دەهێنێت تاوەکو لەسەر جەستە پراکتیزەی بکات. ئێستا پێویستە جەستە ڕزگار ببێت، واتە پەیوەستییەکەی بە چەمکـی تـاوان و گوناهــ و کەوتـن و سـەرپێچییەوە بپچڕێنرێـت، واتە لە هەمـوو چەمـکە ئـایینییە مەسـیحی و بیۆریتانییەکـان جـودا دابماڵرێت کە زوهـد و تەقەشـوفیان بەســـەر جەســـتەدا دەســـەپاند، لێرەیشـــەوە دەســـتە دەگۆڕدرێت بە ئوبێکتی بەکـاربردن، واتە نیهـادی مۆدە و نوێبـاویی پۆشـاکەکان و عەتـر و ڕیجێم، دەگۆڕدرێت بۆ پەڕەیەکـــی ســـپیی ئامرازەکـــانی جوانکـــاری و بـــازاڕی وەرزش و ئـــامێرە وەرزشـــییەکان، دواجـــار دەکـــرێتە کاڵایەکی سێکسییش .

هەروەهــا ئــازادیی کــۆمەڵگەی ئێســتا و ئاســانیی گفتوگۆکردن لەنێوان هەموو لایەنەکانیدا و ڕاگۆڕینەوە و هەڵوێستە دەستیاوەکان، بەرەنجامی پێشکەوتنی ئەخلاقی و زیادبوونی ڕزگاری و تێگەیشتنێکی باشتر و قوڵتر لە کێشـە کۆمەڵایەتییەکـان نـین، بەڵکـو ئەم ئـازادییە لەوێـوە کەشف دەبێت کە بۆچوون و ئایدیۆلۆژیاکان و فەزیلەت و ڕەزیلەتەکــان، بــوونەتە مــادەی ئــاڵوگۆڕ و پەیوەنــدی، هەمووشیان لە گەمەی نیشانە و ڕەمزەکاندا، کە سیستەم مومارەســەی دەکــات، بەهــای یەکســانیان هەیە. لەم کۆنتێکســتەدا چیتـر لێبـوودەیی حـاڵەتێکی سـایکۆلۆژیی نـاوەکیی نییە، فەزیـڵەت یـان بەهایـاکی بـاڵا نییە، بەڵکـو مەرجــێکە لە مەرجەکــانی خــودی نەزمەکە، چــونکە ئەم نەزمە وا لە بەرهەمهێنـانی زانیارییەکـان و گەیانـدنی ئەم زانیارییانە و ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان و خوڵقاندنی پێداویسـتییەکاندا کە لەلایەن کـاڵا بەکاربەرییەکـانەوە تێـر دەکرێن، بۆیە ئاسـاییە ئازادی و لێبووردەیی ببنە پایەی بوونی سیستەمەکە و ئەنجامدانی ئەرکەکانی سیستەمەکە .

لیبرالیـزم وەهـا لە ئـازادی گەیشـتووە کە گوزارشـتە پێرفێکـت و تەواوەتیـیەکەی خـۆی لە چەمکـی موڵکـایەتی تـایبەت و چەمـکە لاوەکییەکـانی وەکـو لایەنگـری و مـافی سوودمەندبوون و گرێبەستContract ـدا، وەک دانپێدانانی لایەنە هاوبەشــەکان بە کوڵکــایەتی یەکتریــدا و مــافی بەشــداربووەکان لەم گرێبەســتەدا، دەبینێــتەوە. هەر لە ســەدەی هەژدەوە، چەمکــی موڵکــایەتی تــایبەت بە

سەرچاوەی ڕێکخستنی یاسایی و سیاسیی لیبڕالیستانەی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان دادەنرێت. هەروەها موڵکایەتی تایبەت بنچینەی ماف و ئەرکە مەدەنی و سیاسییەکانە و بەشێکی گەورەیە لە یاسای سزاکان. چیتر موڵکایەتی ایبەت هەمان ئەم گرنگییەی لە کۆمەڵگەی بەکاربەردا نییە. چیتر چەمکی لایەنگیری و خاوەنداریێتی و هاوپشتی مانی نییە، ئەم بەهانە پێگەی خۆیانداوە بە بەهای بەکارهێنان و چێژبینین و بەکاربردن. لایەنگییریی بریتییە لە پاراستنی شتێکی دیاریکراو کە دەمێنێتەوە و درێژە دەکێشێت، سوود لێوەرگرتنیشی ماوەیەک درێژ دەخایەنێت، بەڵام بەکاربردن تێرکردنی ئارەزووە بە مەسرەفکردن و بەفیرۆدانی ئوبێکتی ئارەزووەکەی. هەروەها چەمکی گرێبەست شوێنی خۆی بۆ چەمکی نرخی گونجاو چۆڵ کردووە، هەر تەنیا بەوە کاڵایەک بکریت ئەوا ئەمە مانای وایە تۆ ڕات لەسەر نرخەکەی هەیە، ڕازیبوونیشت بە نرخەکەی واتای ئەوەیە تۆ لەگەڵ سیستەکەدا کۆک و گونجاو دەبیت. هاوپەیمانی و کۆدەنگی و ڕەزامەندی هەندێ ئامانج بوون کە لە ڕێگەی گفتوگۆی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوان هاونیشتمانیاندا دەهاتە کایەوە، گفتوگۆ لەبارەی ژیان و داهاتوویانەوە بە مەبەستی ڕێکخستنی مامەڵەی نێوان، بەڵام لە ئێستادا ئەم مەبەست و ئامانجانە لە ڕێگەی کڕینی کاڵاوە وەدیدێن .

کۆمەڵگەی بەکاربەر دیموکراسییەت دەکاتە شتێک بپێورێت. گەشەسەندن و زێدە-بەرهێنان واتای

فــــرەزۆرییە، فـــــرەزۆریش واتـــــای خوشـــــگوزەرانییە، خۆشـــــگوزەرانییش واتـــــای دیموکراســـــییەتەوە. ئەمە بازنەکەیە. بۆیە پێوانەکردنی گەشەسەندن و بەرهەمهێنان واتـای پێـوانەکردنی پـلە و ئاسـتی دیموکراسـییەتی بـاوە، مافە سروشتییەکانی مرۆڤیش دەبنە مافی خاوەنداریێتی و بەرکاربردنی ئوبێکتەکانی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی. لێرەوە هیچ مانایەکی نییە پرسیار لەبارەی ئەوە بکرێت داخۆ ئەم کۆمەڵگەیە ئازادی و یەکسانی وەدیی دێنێت یان نا، دیموکراسییە یان نا، ئەدگارەکانی نا-یەکسانی لەنێو دەبات یان نا، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە بە کردەیی شوێنی مەســـەلەکانی ئــازادی و یەکســـانی و دیموکراســـییەتی گۆڕیـــــوە و لە بـــواری کـــۆمەڵایەتی و سیاســـــییەوە گواستوونییەوە بۆ بواری ماتریالیی بەکاربەری .

**جەماوەری بێدەنگ**

بۆدیـــار پێیـــوایە لە ســـەدەی هەژدە و بە تـــایبەت لە شۆڕشـی فەرەنسـییەوە بـواری سیاسـی بـۆتە بـواری نوانـــدنەوە Representation ، واتە ئەوەی کـــۆمەڵایەتییە گوزارشـــتی خـــۆی لەوەدا دەبینێـــتەوە کە سیاســـییە، هاووڵاتیـانیش لە بـواری سیاسـیدا گوزاشـت لە خۆیـان دەکەن، ئەو کـــاتە مومارەســـەی سیاســـی بەنـــدبوو لە چەمکەکانی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی و نواندنەوەئاسـا و ڕای گشـتی و ئایـدیای ویسـتی گشـتی. بۆدیـار ئەمـانە وەردەگێڕێـــت بۆســـەر چەمـــکە بونیـــادگەری و پـــاش

بونیادگەرییەکان. ئەو پێیوایە بواری سیاسەت لەو کاتەوە بۆتە بوارێک بۆ دەلالەت و مانا، ئەوەی لە سیاسیەتدا ڕوودەدات دالی مەدلولێکی سەرەکییە، ئەویش ویزستی گشتییە. هێشتایش فیکری سیاسیی لیبڕالی لەسەر نۆستالژیا بۆ ئەو سەردەمە زێڕینە گەمە دەکات، ککە تێیدا بواری کۆمەلایەتی هەم سەربەخۆ بوو هەمیش لە بواری سیاسیدا دەنوێنرایەوە .

بەڵام ئێستا چیتر بواری کۆمەڵایەتی بوارێکی سەربەخۆ نییە و چیتر سەرچاوەی ئەو وزە و هێزانە نییە کە دەلالەت و مانا بە بواری سیاسی دەبەخشێت. لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا Civil Society بۆ کۆمەڵگەی جەماوەریMass Society ، کۆمەڵگە بۆتە کۆمەڵگەیەک کە هەرچییەکی لەلایەن سیاستەوە بەسەردا بسەپێنرێت قبوڵی دەکات و چیتر ئەو ڕۆڵە بکەر و کاریگەرەی نەماوە کە هەیبوو. چیتر ئەو مەدلولە نییە کە دالە سیاسییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و ئامانجیانە. هەر واقیعێکی کۆمەڵایەتیی بنچینەیی ونبووە و بووە بەژێر مانای پراکتیکی سیاسییەوە، بەرەبەرە سیاسیەتیش لە جەماوەر دوورکەوتەوە و بووە پانتاییەکی سەربەخۆ کە خۆی خۆی بەڕێوەدەبات، واتە چیتر ئاماژە بۆ هیچ شتێک ناکات بۆ خۆی نەبێت و تەنیا بۆ بوارەکەی خۆیشی دەلالەتی هەیە. لەگەڵ بەیەکداچوونی زیاتری ئابووری سیاسیەتدا، لەگەڵ زۆربەی گروپەکانی فشاردا کە بەرژەوەندیی جوزئیی تایبەت و هێزی کاریگەریدانیان

هەیە، چیتــر جەمــاوەر لە بــوواری سیاســیدا کــارزریگەر ننییە. چیتر هیچ نەماوەتەوە جگە لە یەک مەدلول یان یەک ئاماژە، ئەویش ئاماژەیە بۆ زۆرینەیەکی بێدەنگ کە بۆتە زۆرینەیەکی ئاماری .

ئەم زۆریــنە بێــدەنگە لە شــتێکی دیــاریکراو یــان وەک ســەروچاوەی مانــای مومارەســەی سیاســیی دیــاریکراو دەرناکەوێت و نانوێنرێتەوە، بەڵکو تەنیا وەک ڕەگەزێکی ئامــاریی دەردەکەوێــت. چیتــر هــیچ کەســێک یــان هــیچ ڕێکخراوێــک ناتوانێــت بەنــاوی جەمــاوەرەوە بــدوێت، جەمــاوەر چیتــر لەوە کەوتــووە ســوبێکت بێــت بە مانــا نەریتییەکەی، چیتریش ناتوانێت بە قۆنـاغی دروسـتکردنی شوناســە سیاســییەکاندا بــڕوات. چیتــریش مانــایەک بــۆ نامۆبوون نەماتەوەتەوە، چونکە نامۆبوون بۆ سوبێکت لە سیاقی پرۆسەی خۆ دروستکردندا ڕوودەدات، سوبێکتێک کە پێداویســتی و ئاگــایی و ئەزمــوونی هەیە. هەروەهــا ئایدیای شۆڕشیش نەفی دەکرێتەوە، شۆڕش وا گریمانە دەکرێـــــت لە لایەن چەوســـــاوانەوە ڕوودەدات، وا لە چەوساوەکان چاوەڕوان دەکرێت شوناس و ئاگاییان بە بەرژەوەنــدییە هاوبەشــەکان و یەک ئامــانج هەیە، بەڵام جەمـاوەر شوناسـیان نییە، ئەوان کـۆمەڵێکی ئامـاریین و هیچیتــر، کــوتلەیەکی گەورەی لێکجیــانەکراو کە بــێ کاریگەری کراوە .

جەماوەر لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەبێتە کوتلەیەکی گەورە کە هەمــوو زانیارییەکــان لەوەوە وەدەگیــرێن بە

ئامانجی ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنی خودی جەماوەر، چیتر پێوانەی ڕای گشتی و پرۆسەکانی ڕاپرسی مانایەکیان نییە، ئەمەیش گریمانەی بوونی بۆچوونێکی ئامادە لای جەماوەر و بوونی هەڵوێستێکی دیاریکراو لای جەماوەر دەکات، کە لەم ڕێگایانەوە کەشف دەکرێت و پیشان دەدرێت، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. پێوانەکردنی ڕای گشتی تەنیا کار لەسەر ئەوەی دەکات وا دەربخاتە ڕای گشتی بوونی هەیە، لەمەیشدا وەزیفەی پێشبینییەکی خۆ-وەدیهێنەر Self- Fulfilling Prophecy ی هەیە، واتە دەنگۆیەک کە گۆڕاوە بۆ حەقیقەت هەر تەنیا بەوەی بڵاوکراوەتەوە. بەڵام میدیا بایەخ بە مانا نادات، مانا ناوەڕۆک یان کرۆکە لە پرۆسەی پەیوەندیگیریدا، لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە بەرامبەر ناوەڕۆک بێلایەنە و تەنیا ئەوەی بۆ گرنگە بیگەیەنێت. ناوەڕۆک پەیام نییە، بەڵکو وەک ماکلۆهان دەڵێت ئەوە میدیا خۆیەتی پەیامە The Media Is The Message. لەمەوە بۆدریار دەگاتە ئەوەی کە پەیوەندیگیریی (میدیا) مانا لەکاردەخات و دەیسڕێتەوە، ئینجا خۆی دەبێتە ئامانج لە خۆیدا، پەیوەندیگیرییە لە پێناو پەیوەندیگیریدا نەک لە پێناو گەیاندن و گواستنەوەی مانادا .

### کامڵبوونی ئایدیۆلۆژیا

ئەگەر ئایدیۆلۆژیا و بە تایبەت لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، لە پرۆسەی بەشتبوون Reification دا

نـوێنرابێتەوە، کە تێیـدا پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان لەنێو خەڵکیـدا وەک پەیوەنـدیی لەنێـوان شـتەکاندا دەردەکەون؛ یـان ئەگەر ئایـدیۆلۆژیا لە پرۆسـەی فیتشـیزمی کاڵاکـان Fetishism of Commoditiesـدا نـوێنرابێتەوە کە تێیـدا پەیوەندییە ئابوورییەکـان دەگـۆڕێن بـۆ کۆمەڵێک یاسـای حەتمیـی هاوشـێوەی یاسـای سروشـتی و لەمەیشـەوە بواری کۆمەڵایەتی دوورەپەرێزبخرێت و ببێتە پەیوەندیی نێوان کاڵاکان، ئەوا شیکارییەکەی بۆدریار بۆ کۆمەڵگەی بەکاربەر ئەوە دەردەخات کە ئایدیۆلۆژیا گەیشتە کۆتاییە لۆژیکییەکەی خۆی .

مـارکس شـێوازی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداریی وەک نەزمـی بەرهەمهێـنەرە کاڵاکـان شـیکار کـردووە. لەم نەزمەدا، هەمـوو ڕێکخسـتنە ئابوورییەکـان و هەمـوو وردەکارییەکـانی پرۆسـەی بەرهەمهێنـان، بەرەو ئەم ئامانجە تێدەکۆشن. ئەگەرچی ئەم کاڵایانە بەرهەمی کاری مـرۆیین، بەڵام تەنیـا بەوەی بچیـنە نێـو پەیوەنـدییەکانی ئاڵوگۆڕی بازاڕەوە، یەکسەر دەبنە خاوەنی ژیانی تـایبەت بەخۆیـان و یاسـای تـایبەت بەخۆیـان کە ناودەنرێـت یاسـاکانی بـازاڕ، بـۆ نمـوونە خسـتنەڕوو و داخـوازی، بەوەیـش لە ڕیشـە مرۆیـی و کۆمەڵایەتییەکەیـان جیـا دەبـنەوە. هەر ئەمەیـش نـا، بەڵکـو دەبێـتە ئەو شـتەی کە پەیوەنـدیی نێـوان تاکەکـان بەیەکتـرییەوە و پەیوەنـدیی تاکەکـان بە کـۆمەڵگەوە ڕێکـدەخات. بەمەیـش مـۆرکێکی فیشتئاسا وەردەگرن، هەروەک چۆن وزەی کاری مرۆیی

بە ئاستی تواناکەی بۆ بەرهەمهێنانی کالا پێوانە دەکرێت و ئەمەیش دەبێتە مایەی بەشتبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان بەرهەمهێنەران، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، وەها دەردەکەوێت پەیوەندییەکانی نێوان بەرهەمەکانی کارەکانیانە و یاسا ئابوورییەکان بەڕێوەی دەبەن.

ئەگەر مارکس وایبۆچووبێت کە کالاکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان، جێگای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان گرتۆتەوە، ئەوا بۆدریار پێیوایە ئێستا نیشانەکان و ڕەمزەکان جێگای خودی واقیعیان گرتۆتەوە، بەمەیش دال لە مەدلول سەربەخۆ بووە و ئایدیۆلۆژیایش گشتێنراوە. کالاکان بەکاردەبرێن، نەک بۆ ئەوەی پێداویستی پڕ بکەنەوە، بەڵکو بەخاتری بەها ڕەمزییەکەیانە، واتە وەک نیشانەکان بەکاردەبرێن. هەروەها میدیا و ئامراکانی ڕاگەیاندنیش تەنیا نیشانە و ڕەمزەکانمان بۆ دەنێرن، بەوەیش واقیعی دووەمی ئەڵتەرناتیڤی واقیعی حەقیقییان دروست کردووە. چیتر دال ئاماژە نییە بۆ مەدلولێکی دیاریکراو، چیتریش نیشانە نیشانەی شتێکی واقیعی نییە، بەڵکو بۆتە نیشانەی نیشانەیەکی دیکە، واقیعیش لەم پەیوەندییە نوێیە کراوەتە دەرەوە. چیتر بەهای ئاڵوگۆڕ ئاماژە بە بەهای بەکارهێنان نادات، واتە ئاماژە بە پێداویستی و ئامانج و مەبەست نادەن، بەڵکو ئاماژە بە بەهایەکی دیکەی ئاڵوگۆڕ و نیشانە

و ڕەمزی دیکە دەدەن. ئەگەر ئایدیۆلۆژیا بریتی بێت لە گۆڕینی واقیع بە نیشانە و وەها لە دال بڕوانرێت کە لە مدلول لەپێشترە، ئەوا شیکارییەکانی بۆدریار ئەوە کەشف دەکەن کە کۆمەڵگەی بەکار تەنیا ئەم کاری جێگۆڕکێپێکردنە ناکات، بەڵکو نیشانەکانیش دەخاتە جێگای یەکتری و ڕەمز دەخاتە جێگای ڕەمز، ئەمەیش لە غیابی واقیع یان شتێکی ڕاستەقینەدا دەکات. ڕاستە بۆدریار وەها لەم پرۆسەیە دەڕوانێت کۆتایی ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام ئەوە کۆتایی جۆرێکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆژیایە، ئەوەیش ئەوەیە کە نیشانە دەخاتە بری واقیع، ئینجا دەرکەوتنی جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی نوێیە کە ئەویش دەرهێنانی خودی واقیعە لە گەمەی نیشانە و ڕەمزەکانەوە .

## پەراوێزەکان:


1) Douglas Kellner : Jean Baudrillard , From Marxism to Postmodernism & Beyond, Polity Press, London, 1991, P. 12 .

2) Jean Baudrillard : The Consumer Society , Sage Publications , London 1998 , p. 69.

3) Ibid. : P. 171 .

4) Ibid. : P. 35 .

5) Ibid. : P. 34 .

6) Douglas Kellner : op.cit. P. 13

7) Baudrillard : op.cit. P. 69

8) Ibid. : P. 65

9) Kellner : op.cit. P. 14-15

10) Karl Marx : « Wage Labour & Capital « in Marx & Engels : Selected Works , Foreign Languages Publishing House, Moscow 1955, Vol.1. P. 90-91.

11) Baudrillard : op.cit. P. 47

12) Mike Gane : Baudrillard, Critical & Fatal Theory , Routledge, London, 1991. P. 112

13) Baudrillard : op.cit. P. 50

14) Ibid. : P. 66

15) Ibid. : P. 94

16) Karl Marx :» The Eighteenth Brumaire Of Louis Bonaparte» in Marx & Engels : Selected Works, Vol. 1 , P. 258-259.

17) George Lukacs: History & Class Consciousness , Merlin Press, London , 1971,P. 170.

18) Baudrillard : op.cit. P. 93 .
19) Ibid. : P. 50-51
20) Ibid. : P. 69
21) Ibid. : P. 65
22) Mike Gane : op.cit. P. 135
23) Ibid. : p. 138
24) Ibid.
25) Kellner : op.cit. P. 85-86
26) David Hawkes : Ideology, Routledge, London, 1996. P. 97-98
27- كارل ماركس : رٍأس المال ، دار اليقظة العربية ، دمشق، 1956، الكتاب الأول (1) ص. 106

**سەرچاوە :**

أشرف حسن منصور، من الليبرالية الى مجتمع الإستهلاك، 2017/1/9. www.m.ahewar.org/s.asp?aid=85418&r=0

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان رەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵلا | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابووون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | رێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | سارااڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تێۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | رەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشيعي فى الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | لیڤی شتراوس | 193 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | مارتین بوبەر | 194 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ماوتسی تۆنگ | 195 |
| 2017 | سیار خورماڵی | مۆنتیسکۆ | 196 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | پیەر بۆردیۆ | 197 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | سپێنوزا | 198 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ویتگنشتاین | 199 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | والتەر بنیامین | 200 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | فرانسیس فۆکۆیاما | 201 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | مارتن لۆسەر | 202 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | سان سیمۆن | 203 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | دێڤد هارڤی | 204 |
| 2017 | شاناز رەمزی هیرانی | جەنگی سارد | 205 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | 206 |
| 2017 | کارناس جوبرائیل | بیرەوەریی هەواڵگری | 207 |
| 2017 | ئاران عەلی | هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 208 |
| 2017 | رەوەند هەورامی | ئایندەی کاری هەواڵگری لە سەدەی بیست و یەکدا | 209 |
| 2017 | ئاسۆ حەسەن | ئەرکی سیخوڕانی نهێنی | 210 |
| 2017 | ئەسعەد جەباری | داعشیزم خەلافەت و تیرۆر | 211 |
| 2017 | موعتەسەم نەجمەدین | شارە زەردەواڵە | 212 |
| 2017 | وەهاب حەسیب | لەبارەی خوو رەفتاری مرۆڤەوە | 213 |
| 2017 | نەوزاد عەلی | کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | 214 |
| 2017 | چنور فەتحی - وریا غەفوری | شارنشینی رۆژهەڵاتی ناوین | 215 |
| 2017 | بیل کلینتۆن | بەخشین رێگایەک بۆ گۆڕینی جیهان | 216 |
| 2017 | ڤاتسلاف هاڤڵ | هێزی بێهێزەکان | 217 |
| 2017 | د. موسڵیح خزر جبوری | رۆڵی سیاسی کەمینەکان | 218 |
| 2017 | پێشەوا فەتاح | ئەدەبیات ئەمەیە | 219 |
| 2017 | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا | جوانییەکانی وەرگر | 220 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سۆسیال دیموکرات | 221 |
| 2017 | ژیل دۆلۆز ، کلەیر پارنێت | ئەلف بێ | 222 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 223 | بزووتنەوەی خوێندکارانی شۆڕشگێڕ | ئێرنست مەندڵ | 2017 |
| 224 | بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ | جۆن جەی میرشەمیر | 2017 |
| 225 | خوێندنەوەیەکی نوێتر بۆ ئیسلامناسی | فوئاد سدیق | 2017 |
| 226 | جەنگ و دژە جەنگ | ئالوین تافلەر و هایدی تافلەر | 2017 |
| 227 | داعش لەنێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا | هاوکار عەبدوڵڵا | 2017 |
| 228 | مارکسیزمی سۆسیۆلۆژییانە | مایکڵ بوراوۆی | 2017 |
| 229 | سنوورەکانی سیاسەت و دیموکراسی لە کوردستان | ئەکرەم میهرداد | 2017 |
| 230 | ئەزموونی عەلمانییەت لە هندستان | مێهرداد سەمەدزادە | 2017 |
| 231 | ئەنارشیزم لە ڕوانگەی ڕەخنەی مارکسیزمەوە | جۆن مالینۆ | 2017 |
| 232 | فەیلەسوفان و عەشق | ماری لیمۆنییە، ئۆد لانسۆلین | 2017 |
| 233 | کوردەکانی سووریا نەتەوەیەکی لەبیرکراو | کەریم یەڵدز | 2017 |
| 234 | مۆدێلی بەرهەمهێنانی ئاسیایی | هیلمۆت ڕایش | 2017 |
| 235 | شوێنەکانی تر | میشێل فۆکۆ | 2017 |
| 236 | سۆسیالیزمی زانستی و سۆسیالیزمی یۆتۆپی | فرەدریک ئەنگڵس | 2017 |
| 237 | تیۆری ئایین | جۆرج باتای | 2017 |
| 238 | خۆشەویستی و دادپەروەریی | پۆل ریکۆر | 2017 |
| 239 | فەلسەفەو میتافیزیکا چییە؟ | مارتین هایدگەر | 2017 |
| 240 | فەلسەفەکار و سیاسەت | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل | 2017 |
| 241 | حەقیقەتو سیاسەتو ئێمەی پەنابەر | هانا ئارێنت | 2017 |
| 242 | کورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجینیدا | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 243 | هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی | پیتەر کیڤیستۆ | 2017 |
| 244 | مێژووی بزاڤی چەپ لە ئێران | ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 245 | کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان<br>لە باشوری کوردستان 1976-1988 | کاوە تەیب جەلال | 2017 |
| 246 | پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ڕێباز عبدالکریم قادر | 2017 |
| 247 | کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی<br>زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران<br>_کۆمەڵە(سازکا) (1969_1988) | شەیما سەعید حمەلاو | 2017 |
| 248 | لە سوقراتەوە تا سارتەر | ت.ز.لاڤین | 2017 |
| 249 | چەپ و ئیسلام و تیرۆر | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 250 | پۆپۆلیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 251 | فێمینیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 252 | دادگا لە تراژیدیاوە بۆ ئینتیما | نەبەز محەمەد | 2018 |
| 253 | ژێستی هەرەڕادیکاڵ | سادی پلانت | 2018 |
| 254 | فاشیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2018 |
| 255 | ناسیۆنالیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2018 |
| 256 | جیهانیبوونەوەی نیولیبڕاڵیی<br>سەرمایە | کۆمەڵێک نووسەر | 2018 |
| 257 | سەربووردەی ژیانی<br>مایلز کوبلاند | مایلز کوبلاند<br>وەرگێڕانی: شاناز ڕەمزی هیرانی | 2018 |
| 258 | بنەما تیۆریەکانی بەبازاڕکردن و<br>ریکلامی سیاسی لە رۆژئاوا | دکتۆر مەحمود محەممەدیان جەعفەری شەمسی<br>وەرگێڕانی: ڕەفعەت سەلیمی | 2018 |
| 259 | حزبوڵڵای کوردیی لە تورکیا | توغبا یەشار ئۆغلۆ<br>وەرگێڕانی: ماجید خەلیل | 2018 |
| 260 | عەلمانییەت و ئسولیەت | عەفیف ئەخزەر<br>وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد | 2018 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 261 | مارتن هایدیگەر | وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد | 2018 |
| 262 | بونبەستی مێژوویی | هاشم ساڵح<br>وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد | 2018 |
| 263 | ئیسلام و رۆشنگەری | هاشم ساڵح<br>وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد | 2018 |
| 264 | شکستی ئیسلامی سیاسی و<br>گۆڕان لەمیتۆدی ئیسلامگەرادا | ئۆلیڤەر روا<br>وەرگێڕانی: سیار خورماڵی | 2018 |
| 265 | ئەزمونی ئۆتۆنۆمیی کورد لەعیراقدا | فەرید ئەسەسەرد | 2018 |

IDEA
FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە